
KURDISTAN


8
MARCH
FEMINISM
کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە فێمێنیزم
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست


١- بەراوردی بنەما تیۆرییەکانی فێمێنیزم .................................................. پەرویز ڕەحیم قادر ..... ٤

٢- ڕۆژی جیهانی ژن و یەکسانی ڕەگەزیی و فێمینیزم و تێڕوانینی ئەنارشیستی ............................ هەژێن ..... ٢٠

٣- بە دوادا چوونێکی مێژوویی لەسەر فێمینیزم ............................................... خەدیجە مەعزووری ..... ٢٨

٤- تێڕوانینی یاسا و شەریعەت بۆ فێمینیزم .................................................. خەدیجە مەعزووری ..... ٣٥

٥- جیاوازی، یان ڕێژە بۆ فێمینیستەکان ............................................................ شەهلا ساڵح ..... ٣٩

٦- چەمکی فیمینیزم لە رۆمانی جەین ئەیری (شارلۆت برۆنتی)دا ................................ شوان کەمال ..... ٤٣

٧- ژنانی کورد و خەونی فێمینیزمبوونیان ......................................................... گوڵان حوسێن ..... ٤٨

٨- فیمینیزم و دیموکراسی ............................ ئەلیزابێت فۆکس جینۆڤس و ستایسی هۆرستمان ..... ٥٠

٩- کورتە مێژووی فێمینیزم ........................................ سەید عبدالمجید زواری ..... و: فەرزانە عەلی ..... ٦٣

١٠- ڕەهەندەکانی فیمینیزم ..................................................................... کنێر عەبدوڵلا ..... ٦٧

١١- فێمینیزمی نەتەوەیی لە نێوان ڕزگاریی نەتەوە و ئازادیی ژناندا ..................... شەهلا ساڵح عەبدوڵلا ..... ٧٦

١٢- مەعریفەی فیمینیستی چییە؟ .................................................................. هاوار کریم ..... ٨١

١٣- بەدەزگا کردنی فێمینیزم لەدەسەڵاتی کوردیدا ............................................... ئاراس فەتاح ..... ٨٥

١٤- فیمینیزم، چۆن بووبە خزمەتکاری سەرمایەداری ............................................... حسن حسێن ..... ٩١

١٥- شەکسپیر فێمێنیست بوو؟ ..................................................................... فازڵ جاف ..... ٩٥

١٦- فێمینیزمی کۆمەڵایەتی چیە؟ ................................... باربارا ئێرێنرایک ....... و: ئەسرین جاوید ..... ٩٨

١٧- فێمینیزە کردنی ناسیۆنالیزم ............................................ رۆئیا تلوعی .... و: سیروان مووساپوور ..... ١٠٧

١٨- بەستەرەکانی فێمینیزم و ناسیونالیزم ........................................................ هەژێن ..... ١١٩

١٩- فیمینیزم گوتارێکی پیاوانەیە! ........................................................ ئەبوبەکر جاف ..... ١٣٠

٢٠- پێویستیی فیمینیزە بوونی هزریی چالاکانی ژن ........................................................ حەلیمە رەسووڵی ..... ١٣٣

٢١- بەهاکانی ژن لە فێمینیزمدا ........................................................ شلێر باپیری ..... ١٣٧

٢٢- فیمینیزم و کێشەکانی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا ........................................................ ماریا ..... ١٤١

٢٣- چۆن لە فێمینیزم بڕوانین ........................................................ تریفە عەلی ..... ١٤٧

٢٤- فوکۆ و فێمینیزم! ........................................................ سەعید شەمس ..... ١٥١

٢٥- فیمینیزم و فیلم ........................................................ سارا تۆرنهام ..... و: جەمشید بەهرامی ..... ١٥٦

٢٦- لقە سەرەکیەکانی چەمکی فێمێنیسم ........................................................ ئامادەکردنی: عەممار گوڵی ..... ١٧٥

٢٧- فێمێنیست، فیمێڵ، فێمێنین ........................................................ تۆریل مۆیی ........... و: سەلاح بایەزیدی ..... ١٨٣

٢٨- بزوتنەوەی ژنان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمەریکا ........ باربارا ئیپشتاین ..... و: مەریەم کاوسی ..... ١٩٢

٢٩- فێمینیزم و پڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوە ........................................................ شەهلا دەباغی ..... ٢٠٥

٣٠- فێمینیزم ڕوانگە یان ئیدئۆلۆژی؟ ........................................................ شەهلا دەباغی ..... ٢٠٩

٣١- فێمینیستی کورد لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیا پیاوسازەکاندا ........................................................ کازیوە ئەنامقی ..... ٢١٤

٣٢- فێمینیزم و پرسی نەتەوە ........................................................ تریفە عەلی ..... ٢١٧

٣٣- پێوەندی نێوان فێمینیسم و ناسیۆنالیسم ........................................................ شەهلا دەباغی ..... ٢٢١

٣٤- فۆبیای فێمینیزم لە کوردستان ........................................................ هۆزان مەحموود ..... ٢٢٦

٣٥- پێوەندی نیوان فێمینیزم و ناسیونالیزم ........................................................ ئەحمەد عەزیزی ..... ٢٣٠

٣٦- پ: پیاو، پرسیار - ژ: ژن، بەڵام وڵام ........................................................ دوکتۆر روئیا تلوعی ..... ٢٣٩

٣٧- فێمینیزم ........................................................ لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە ..... ٢٥٠

# بەراوردی بنەما تیۆرییەکانی فێمێنیزم




پەرویز ڕەحیم قادر

کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەددین

## پێشەکی:

بزووتنەوەی ژنان کە بەگشتی بە "فێمێنیزم" ناسراوە، یەکێک بووە لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە دەتوانین بڵێین چەندین سەدە و بە هەوراز و نشیوی زۆردا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان تێ پەڕیوە. هەرچەندە لە سەرەتادا زیاتر هەوڵی تاکەکەسی بووە و لە لایەن بیرمەندان یاخود هەندێ لە ژنانەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام پاشان پەرە دەستێنێت و بەرەو بزووتنەوەیەکی گشتگیرتر دەڕوات. ڕاستییەکەی بە هۆی پەرشوبڵاوی و جۆراوجۆریی داواکارییەکانی ژنانەوە، ئێمە ناتوانین بەڕوونی باس لە تیۆرییەکی جێگیر و یەکانگیری فێمێنیستی بکەین.

لە هەر سەردەمێکدا و بە هۆی بارودۆخە جۆراوجۆرەکان و ژینگەی تایبەتەوە، کۆمەڵێک داواکاری و تەنانەت میتۆدی جۆراوجۆر بە ناوی فێمێنیزم هاتۆتە ئاراوە. بەشێک لە فێمێنیستەکان هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی تیۆری و ڕوانگە زانستییەکانی ترەوە داواکاری و ڕوانگەکانی خۆیان مانیفێست بکەن؛ بۆ نموونە لیبراڵەکان، کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان و هتد. بۆیە تێگەیشتن لەو ڕەوتە مێژووییە و داواکارییەکانیان کە هەندێ جار دژبەیەکیی تێدایە، بۆ

تێگەیشتن لەو چوارچێوە بەرفراوانە، کە بە فێمێنیزم دەناسرێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاشنابوونی زیاتر و هەڵسەنگاندنی ئەم بزاڤە کۆمەڵایەتییە.

فێمێنیزم وەک بزووتنەوەیەک، بە هۆی کاریگەریدانان و کاریگەرییوەرگرتن لە تیۆری و ڕوانگەکانی تری لیبراڵی و مارکسیستی و...، لە ڕوانگەی زانستییەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە؛ بەم پێیەیش لێکۆڵینەوە لە جۆراوجۆری و جیاوازییەکانیان دەبێتە هۆی ڕوونتربوونەوەی ویست و ستراتیژی و ئامانجی ئەم ڕەوتانە، کە بە فێمێنیزم دەناسرێت. بۆیە گرنگە ئەوە بزانین کە ئێمە تیۆرییەکی فێمێنیستیمان نییە، بەڵکوو دەتوانین باس لە فێمێنیزمەکان بکەین.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نیشان بدات فێمێنیزم تیۆرییەکی گشتگیری تۆکمە و پتەوی سەربەخۆ و یەکدەست نییە، بەڵکوو ئێمە دەتوانین چەندین جۆر و شێوازی تیۆریی فێمێنیستی دەستنیشان بکەین. بۆیە هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسە، کە پرسی سەرەکیی توێژینەوەکەیە، بدەینەوە:

فێمێنیزم چییە و جۆرەکانی ئەم تیۆرییە و جیاوازییەکانیان چین؟
بنەماکانی تیۆرییەکانی فێمێنیزم یاخود خاڵی هاوبەش و دژبەیەکیان چییە؟
ئایا ئێمە یەک تیۆریی فێمێنیزممان هەیە یاخود چەندین تیۆریی فێمێنیستی؟

بەگشتی ئێمە ناتوانین باس لە یەک تیۆری یاخود یەک جۆر و میتۆدی فێمێنیستی بکەین، بەڵکوو چەندین تیۆری و ڕوانگەی فێمێنیستیمان هەیە. بەم پێیەیش پرسی ژنان خاڵی هاوبەشیانە، بەڵام شێوازی لێکدانەوە و خوێندنەوەیان بۆ ئەم پرسە لەژێر کاریگەریی تیۆرییەکانی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت زانستیدایە.

بۆیە ئێمە دەکرێت بڵێین و دروستتر ئەوەیە کە باس لە فێمێنیزمەکان یاخود تیۆرییەکانی فێمێنیزم بکەین، نەک یەک تیۆریی تایبەت و تاقانەی فێمێنیزم.

ئەم توێژینەوەیە، بێجگە لە پێشەکی و دەرەنجام، لە چوار بەشی سەرەکی و چەندین باس پێک هاتووە. بەشی یەکەم تایبەتە بە پێناسە و ناساندنی چەمکی فێمێنیزم. بەشی دووەم، چەمکەکانی بواری مەعریفەناسی خراونەتە ڕوو. لە بەشی سێیەمدا باس لە شەپۆلەکانی فێمێنیزم کراوە. لە بەشی چوارەم و کۆتاییدا ڕوانگە و تیۆرییە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی فێمێنیستی خراوەتە بەر باس و شیکردنەوە.

## ١- پێناسە و ناساندنی  فێمێنیزم

هەرچەندە لە نووسراوە فێمێنیستییەکاندا جۆرێک لە پابەندی بە پرس و بابەتەکانی ژنان بوونی هەیە، بەڵام پێناسەکردنی بەپێی زەمینە و بەستێنی تیۆریی هەر ڕوانگەیەک جیاوازیی هەیە؛ بۆ نموونە بەشێکیان لەژێر کاریگەریی مارکسیزم، سۆسیالیزم، لیبراڵیزم، دەروونناسی، دیکانستراکشن و... تێڕوانینیان جیاوازە. بۆیە لە "مافی دەنگدانی ژنان" تاوەکوو "ئازادیی ژنان" یاخود "ڕزگاریی ژنان" و "بزووتنەوەی ژنان" ناوی لێ نراوە؛ هەروەها هەندێکیان بە (feminism) واتە بە (f)ی بچووک و هەندێکی تریان بە (Feminism) واتە بە (F)ی گەورە، کە بریتییە لە سەرووتربوونی ڕەگەزی مێیینە، یاخود باڵاتربوونی ژن لەسەر نێرینە یان "پیاو". (قرەباغی، ١٣٨٣: ٣٩).

**فێمێنیزم لە فەرهەنگەکاندا بە دوو مانا هاتووە:**

* بڕوابوون بەوەی کە ژنان پێویستە، لەگەڵ پیاواندا لە دەرفەت و پێگەیەکی شایستە و شیاو و یەکساندا بن.
* ئەو بزووتنەوانەی کە بەرگری لەو بڕوایە دەکەن و بەدوای جێبەجێکردنی کردەییی ئەو بیروباوەڕانەدان (لرنر، ١٣٧٤).

فێمێنیزم وشەیەکی فەڕەنسییە؛ ئەم بزووتنەوەیە کە لە سەدەی نۆزدەیەمە فۆرم وەردەگرێت. لە ساڵی ١٨٣٧ ئەو وشەیە دێتە ناو دەستەواژە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی فەڕەنسییەوە. هەرچەندە مێژوو فەرمییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٣٠ و لە ساڵی ١٧٨٠ەوە وەکوو کۆششێکی بەکۆمەڵ دێتە ئاراوە. بۆیە هەندێ لایەن بڕوایان وایە کە فێمێنیزم ڕەوتێکە کە لایەنگری بەرفراوانبوونی ماف و ڕۆڵی ژنانە و، هەندێکی تریش لەو بڕوایەدان کە ئەوە کاردانەوەیەکە لە هەمبەر جیاکاری دژی ژنان. بەم پێیە، فێمێنیست کەسێکە کە بڕوای وایە ژنان بە هۆی ڕەگەزەکەیانەوە تووشی جیاکاری بوونە و، بەم شێوەیە، پێویستە گۆڕانی بنەڕەتی لە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بکرێت (خسروپناە، ١٣٨٨ :١٠٢).

چەمکی Feminine بە مانای مێیینە و ژنانە  دێت و، Female بە مانای ڕەگەزی مێینە و ژن دێت. هەروەها بۆ وشە و چەمکی  فێمێنیزم دەتوانین ئاماژە بە "ژنگەرایی" و "ژنانەدیتن" و "ژنسالاری" و "ژن - تەوەری" و "ژنایەتی" و" بزووتنەوەی ژنان" و "لایەنگری لە مافی ژنان" و بڕابوون بە یەکسانیی ژن و پیاو و...، بکەین (نجفی، ١٣٨٨: ١٠١).

جۆرج ڕیتزر دەڵێت: "تیۆریی فێمێنیستی، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژنان کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یاخود فەرمی، سیستەمێکی هزریی بەرفراوان و گشتی دەربارەی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی مرۆیی لە

ڕوانگەی ژنێکەوە دەخاتە ڕوو و، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، خوێندنەوە بۆ پێگە و ئەزموونی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەکرێت جیهانێکی باشتر بۆ ژنان دروست بکرێت" (ڕیتزر، ١٣٧٧: ٦٤٠).

ڕێبێکا وێست (Rebecca West) کە بە یەکێک لە فێمێنیستەکان دادەنرێت دەڵێت: "من خۆم هیچ کاتێک نەمتوانیوە لەوە تێ بگەم کە فێمێنیزم مانای چییە و تەنیا ئەوە دەزانم کە کاتێک هەستەکانم دەردەبڕم، کە من لە لەشفرۆشێک جیا دەکاتەوە، بە من دەڵێن فێمێنیست." خاتوو "ژێل استیفن سن" بڕوای وایە: "فێمێنیزم کۆمەڵێک لە هزری گۆڕانکاریخوازیی بەربڵاو، بەڵام پرشوبڵاوە، کە ناکرێت بڵێین ئایدیۆلۆژییە. بۆیە ڕاستییەکەی هەستکردن بە نادادپەروەرییە لە لایەن ژنانەوە، بەو هۆیەی کە دژی پێدانی بەشێک لەو مافانەن کە دراوەتە پیاوان، تەنیا بە هۆی ئەوەی کە پیاون و، نەدراوەتە ژنان، تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ژنن."

هەروەها زۆرن ئەو کەسانەی کە فێمێنیزم بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەڵام فێمێنیزم هەم ئایدیۆلۆژییە و هەم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی. بەم مانایەی کە جەخت لەسەر بەهای یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان دەکاتەوە و ئایدیۆلۆژییەکانی دژەژن ڕەت دەکاتەوە و، لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەوڵێکی ڕێکخراوە بە مەبەستی گۆڕانکاری لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەر ژێردەستبوونی ژنان جەخت دەکەنەوە (نجفی، ١٣٨٨: ١٠٣).

یەکێک لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی کە پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو لە فێمێنیزم بوونی نییە، ئەوەیە کە فێمێنیزم بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و تاقانە نییە. هەموو فێمێنیستەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ژنان ژێردەستەن و پێویستە بۆ ڕزگاری و ئازادییان ستراتیژییەک بگیرێتە بەر. بەڵام دەربارەی هۆکارەکانی ئەو ستەم و زۆڵم و چەوسانەوەیە و، هەروەها ستراتیژییەکانی گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری، لە نێوانیاندا ناکۆکی و جیاوازیی قووڵ و بنەڕەتی هەیە (منصورنژاد، ١٣٨١: ٢٤٨).

فێمێنیستە سەرەتاییەکان باسیان لە ماف و یەکسانیی ژن دەکرد، بەڵام لە دەیەی ١٩٦٠ەوە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە لەگەڵ قوتابخانە سیاسی و هزرییەکانی دیکە تێکەڵ بوو و بۆ لیبراڵ فێمێنیزم، فێمێنیزمی مارکسیستی، ڕادیکاڵ فێمێنیزم و سۆسیال فێمێنیزم دابەش بوو.

## ٢- چەمکەکانی بواری مەعریفەناسیی فیمێنیزم

**لێرەدا پێویستە لە بواری مەعریفەناسیی فیمێنیستیدا جیاوازی لە نێوان چەند چەمکێکدا بکەین، بۆ نموونە:**

### ٢ - ١ - Feminity:

بەشێک لە بیرمەندانی ئەم بوارە، لەو بڕوایەدان کە کۆمەڵە تایبەتمەندییەک کە لە کۆمەڵگەیەکدا، بەتایبەت لە ڕوانگەی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە، دەدرێتە پاڵ ژن، تایبەتمەندییەکە کە لەژێر کاریگەریی فاکتەرە ژینگەییەکاندایە. بەڵام بەشێکی تر لە بیرمەندان لەو بڕوایەدان کە تایبەتمەندییەکانی ژن و پیاو لەژێر کاریگەریی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندایە. بەم پێیەش بە بڕوای ئەوان، پەسیڤبوون و هەست و سۆز و ناسکی و پاک و خاوێنی و... کە دەدرێتە پاڵ ژنان، جیهانی نین. لە بەشێک لە کۆمەڵگەکان ژنان توندوتیژ و شەڕکەرن، لە کاتێکدا ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە کۆمەڵگەکانی تر دراوەتە پاڵ ژنان، لێرەدا دەدرێتە پاڵ پیاوان (ساروخانی، ١٣٧٠: ٢٦٥).

### ٢ - ٢ - Feminization:

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی کە کاتێک داخوازی و داواکاریی زۆربەی ژنان دەربارەی کارکردن و دامەزراندن لە پیشە و بوارە جۆراوجۆرەکاندا دێتە دی، دەگوترێت کە ئەم پیشانە "بەژنانە" کراون. بۆیە پەرەسەندنی کارکردن و دامەزرانی ژنان لە پیشە دیاریکراوەکان، بە مانای بەپرۆڵتارییبوونی ئەو پیشانە دەزانن؛ بەو هۆیەی کە کاتێک پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی لە کار کەمتر بوویەوە، ئەو کاتە دامەزراندنی ژنان بۆ خاوەنکارەکان تێچووی کەمتر بوو (ابرکرامبی، ١٣٦٧: ١٥٥).

### ٢ - ٣ - Postfeminism:

ئەم چەمکە لە ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا بەکار دێت، تاوەکوو نیشان بدەن کە چیتر پێویستی بە بزووتنەوەی فیمێنیستی نەماوە؛ بە هۆی ئەوەی کە ژنان گەیشتوونەتە یەکسانی و بەرامبەریی یاسایی. ئەم چەمکە، نابێت لەگەڵ فیمێنیزمی پۆست - مۆدێرن تێکەڵ بکرێت. هەندێک جاریش چەمکی پاش- فیمێنیزم لە بەستێنی ڕێژەییگەراییی پۆست - مۆدێرنەکان بەکار دێت، ئەمەشە بۆ ئەوەیە کە دژی جەوهەرگەرایی و ڕوانگەی تاکانە بۆ ژن ڕاوەستن. بەم پێیە جیاوازییەکانی ژنان ئەوەندە

بەرفراوان و بەربڵاو دێنە بەرچاو، کە بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژنان دروست نەبێت. بۆیە دەتوانین چەمکی پاش- فێمێنیزم بە مانای لاوازکردن و ڕەخنەگرتن لە فێمێنیزم پێناسە بکەین؛ بەم پێیە پاش - فێمێنیزم، دەمانباتەوە بۆ جیهانی پێش فێمێنیزم (هام و گمبل، ١٣٨٢: ٣٤٣).

به شێوەیەکی گشتی دەتوانین فێمێنیزم بە لەدایکبووی سروشتیی هزریی مرۆڤگەرایی یاخود "هیومانیزم" بزانین. لێرەوە دوو شێواز لە خوێندنەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی ژنان، بزووتنەوە فێمێنیستییەکانی خێراتر کردەوە:

* ڕوانگەی تیۆری: بەگشتی ژن لەو ڕوانگەیەوە بە مرۆڤێکی پلە دوو دادەندرا. ئەم جۆرە لە تێڕوانین بۆ ژن، لە بەرهەمەکانی بیرمەندانی ڕۆژاواییدا دەبینرێت و، هەروەها لە بیروبڕواکانی ئایینی مەسیحی.
* ڕوانگەی کردەیی (عەمەلی): زۆربەی مافەکانی تاک و مافە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو مافی خاوەندارێتی و مافی دەنگدان و ... ژنانی لێ بێبەش کرابوو؛ بە شێوەیەک کە تاوەکوو دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا و بریتانیا ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو (بیات، ١٣٨١: ٤٢٥).

## ٣- شەپۆڵەکانی فێمێنیزم

### ٣ - ١ - شەپۆلی یەکەم

هەرچەندە ناتوانین کاتێکی دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەی فێمێنیزم دەستنیشان بکەین، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەم چەمکە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە نەهاتبووە ئاراوە؛ هەرچەندە لە سەدەی ١٤ بەدواوە هەندێ نووسراو لەبارەی مافەکانی ژنان دەبینرێت و نووسراوە. لە کەسانی بەناوبانگ لە شەپۆلی یەکەم، دەتوانین ئاماژە بە "مێری ئاستیل ١٦٦٦ - ١٧٣١" بکەین. ئەم نووسەرە بریتانییە، ئامۆژگاری ژنانی دەکرد کە خۆیان لە هاوسەرگیری بپارێزن و زەینیان گەشە پێ بدەن و لە ژیانێکی بەبێ پیاوان چێژ وەربگرن. لە شەپۆلی یەکەمدا خەباتی فێمێنیستەکان سەرەتا لەسەر چاکسازی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژنان چڕکرابوویەوە و، زیاتر لەسەر دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان بە ژنان و خوێندن و کارکردن و پێدانی مافی بەخێوکردنی مناڵان دەسووڕایەوە.

پاش شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩، گەلاڵەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی فەرەنسا پەسند کرا، کە تیایدا مافی ژنان بەفەرمی نەناسرابوو. پاشان "ئۆلیمپ دیگۆنگ" لە سیاسەتمەدارانی فەرەنسا، پرۆژەیەکی بردە پەرلەمان کە تیایدا باس لە

مافی کاری ژنان و مافی یاسایی لە بنەماڵە و خێزان و مافی ئازادیی ڕادەربڕین و پەرلەمانێکی سەربەخۆ، کرابوو. ئەمە کاریگەریی لەسەر بزووتنەوە فێمێنیستییەکان هەبوو.

پاشان "ماری ڤۆلستۆن کرافت" لە کتێبی "دەستەبەرکردنی مافی ژنان"، لە ساڵی ۱۷۹۲، جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان ژنانی ڕەت کردەوە و، ئەم جیاوازییانەی بە بەرهەمی کۆمەڵایەتی زانی. ئەم بیرۆکەیە پاشان لە لایەن "جۆن ستوارت میل" لە کتێبی "بەکەنیزەکردنی ژنان" لە ساڵی ۱۸۶۹ خرایە ڕوو. جەختی میل لەسەر ئەوە بوو کە ژنان لێهاتوویی و شایستەبوونی زۆریان تێدایە، کە لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە دەتوانن پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بدۆزنەوە. بەم پێیە گرنگیپێنەدان بە مافی ژنان لە یاساکان و و ڕوانگەیەکی پڕ لە سووکایەتی بە ژنان، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی شەپۆلی ژنان بوو. ئەم شەپۆلە تا ساڵی ۱۹۲۰، توانیی لە ڕۆژاوا مافی دەنگدان بۆ ژنان دەستەبەر بکات (ركنی لموکی، ۱۳۸۵: ٦٢).

ئەوەی کە جێگەی ئاماژەیە، هەر لەم شەپۆلەدا بوو کە فێمینیزمی لیبراڵی سەرەتایی و فێمێنیزمی مارکسیستی و فێمێنیزمی سۆسیالیستی دروست بوو. جیاوازیی فێمێنیزمی لیبراڵی سەرەتایی (کە کرافت نوێنەری سەرەکیی بوو) لەگەڵ ئەو دوو جۆرەی تری فێمێنیزم، لەوەدا بوو کە کرافت ڕوانگەیەکی چاکسازیخوازانەی هەبوو و بڕوای بە شۆڕش نەبوو؛ بەم واتایە کە بڕوای بە جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو هەبوو، بەڵام لە نایەکسانییەکانی ژنان و پیاوان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا ناڕازی بوو.

کرافت، گرنگیی بە بونیادی فیزیۆلۆژیی ژنان و پیاوان نەدەدا، بەڵام دژی مێینەبوون بوو؛ بەو واتایەی کە لەژێر سایەی پەروەردەی تایبەتی ژنانەوە دروست بکرێت. بەم پێیەش ئاراستەی وتەکان و ئامۆژگارییەکانی کرافت، خودی ژنان بوون، کە پێویستە پەرە بە توانا ئەقڵییەکانیان بدەن، بۆ ئەوەی دایک و هاوسەرێکی باشتر بن. بۆیە کرافت هیچ کاتێک باسی لە مافی دەنگدانی ژنان نەکرد. بەڵام فێمێنیستە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان، زیاتر بیریان لە شۆڕش دەکردەوە (خسروپناه، ۱۳۸۸: ۱۰٦).

### ٣ - ٢ - شەپۆلی دووەم

چەمکی شەپۆلی دووەم لە لایەن "مارشا لییەر" (Marsha Lear) داهێنرا، کە ئاماژەیەکە بە دروستبوونی گرووپەکانی ژنان لە ئەمریکا و ئەورووپا لە کۆتاییی دەیەی ۱۹٦٠. چەمکی شەپۆلی دووەم، دەربڕی کۆتاییهاتنی شەپۆلی یەکەم لە

سەرچاوە
Serchawe

دەیەی ١٩٢٠ و دروستبوونی بزووتنەوەیەکی دیکەیە. بزووتنەوەی ئازادیی ژنان لە شەپۆلی دووەم، زۆر جیاوازترە لە شەپۆلی یەکەم؛ بە هۆی ئەوەی کە بوارەکانی ئازادیی ژنانی لە سیاسەت و ئابووری، بۆ هەستە سێکسییەکان و جەستە و هەستەکان و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە پێشتر تایبەت و خێزانی بوو، گواستەوە. ئەم کارەیش لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراو و حزبی سیاسیی ژنان، خێراتر بوویەوە.

ئەم شەپۆلە نزیکەی سێ دەیەی خایاند؛ واتە تاوەکوو کۆتاییی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم کە تیایدا فێمێنیستەکان خوازیاری شۆڕشێکی بنەڕەتی بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی پیشە و داهاتی گونجاو شیاو و خوێندن و سیاسەت و... کاریان کرد. لە ڕوانگەیەکی ترەوە فێمێنیستەکانی شەپۆلی یەکەم، خوازیاری چاکسازی لە بارودۆخی ژنان بوون، بەڵام فێمێنیستەکانی شەپۆلی دووەم، خوازیاری شۆڕشێکی بنچینەیی لە دۆخی ژنان بوون.

دەتوانین ڕێبەرایەتیی شەپۆلی دووەم بخەینە پاڵ "سیمۆن دۆبۆڤار "(Simone de Beauroir)، فەیلەسووفی ژنی فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٤٩، کە لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"دا دەڵێت: "هیچ کەس وەکوو ژن لەدایک نابێت، بەڵکوو دەبێتە ژن" (هام و گمبل، ١٣٨٢: ٥٢). کتێبەکەی دۆبۆڤار لەسەر بنەمای بیروبڕوای مارکسیستی بوو. لەم کتێبەدا وەڵامی پرسیاری "ژن چییە؟" دراییەوە و، هەر لەم کتێبەدا دۆخی هەنووکەیی ژنان وەکوو بوونەوەرێکی بێ ناسنامە و تەواوە لە ئەوانی تر، وەکوو پیاوان و منداڵان پێناسە کرا یاخود ناسێنرا. بیر و بۆچوونەکان و هزری دۆبۆڤار، پاشان بوو بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی کاریگەر لەسەر فێمێنیزمە ڕادیکاڵەکان.

لە بەرامبەری دۆبۆڤاردا بیر و بۆچوونەکانی "بتی فریدن" هەن، کە سەرەڕای دژایەتی لەگەڵ ژنی ماڵەوە، دامەزراوەی خێزان، بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و بنەڕەتی دەزانێت. "فریدن" بڕوای وابوو کە بنەماڵە و خێزان، پێویستە خاوەن پێگەیەک بن کە تاکی ئەقڵانی و یەکسان تیایدا بوونی هەبێت (خسروپناه، ١٣٨٥: ١٠٧).

دروشمی ژنان بەبێ پیاوان و ڕەفتارکردنی پیاوانە لە لایەن ژنانەوە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شەپۆلەیە. دروشمی سەرەکیی ئەم شەپۆلە، جەختکردنەوەیە لەسەر "سەڵتبوون" و "بەخراپزانینی هاوسەرگیری و ڕۆڵی دایکایەتی و هاوسەربوون" و "هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە چالاکییە ئابوورییەکان" و هتد.

دروستبوونی دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، توندوتیژییەکانی ئەم شەپۆلەی بەهێز کرد. چونکە لە لایەک

سەرچاوە
Serchawe

کوشتار و توندوتیژی، بووە هۆی ئەوەی کە حەز و ویست بۆ نەرمونیانی و تایبەتمەندییەکانی ژنانە زیاتر ببێت و، لە لایەکی تریشەوە پێویستی بە هێزی کار بۆ بنیاتنانەوەی وێرانییەکانی جەنگ، بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەتمەدارانی ڕۆژاوایی ڕۆڵێکی زیاتر بدەنە ژنان.

هەروەها پەسەندکردنی چەندین ڕێککەوتننامە و جاڕنامەی جیهانی لە قازانجی ژنان، وەکوو "جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ" لە ساڵی ١٩٤٨ و ڕێککەوتننامەی "مافە سیاسییەکانی ژنان" لە ساڵی ١٩٥٢ و ڕێککەوتننامەی "ڕەزامەندی بۆ هاوسەرگیری" لە ساڵی ١٩٦٢ و ڕێککەوتننامەی "سڕینەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە دژی ژنان" لە ساڵی ١٩٧٩، بەشێکن لەو بەڵگەنامە یاساییانە. ئەم ڕەوتە تا ئەو ئاستە پێشەوە چوو، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵەکانی ١٩٧٦ تاوەکوو ١٩٨٥ی زایینیی بە "دەیەی ژنان" ناو لێنا.

دەتوانین شەپۆلی دووەم، بە ڕادیکاڵترین شەپۆلی بزووتنەوەی فێمێنیستی بزانین (رکنی لموکی، ١٣٨٥: ٦٤)؛ چونکە ڕوانگەی ئەم شەپۆلە بەرەو ژنان و تایبەتمەندییەکانیان بوو. ئەم شەپۆلە بڕوایان وا بوو کە ڕەگەزی سەرووتر (نەک یەکسان و بەرامبەر لەگەڵ پیاوان) بریتییە لە ڕەگەزی ژن و، تایبەتمەندییەکانی ژنانە باڵاترین تایبەتمەندین بۆ درێژەپێدانی ژیانی مرۆیی. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، هەست و سۆز بەرزترین تایبەتمەندین و، ئەوەیش دەبێتە هۆی دروستکردنی جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و دادپەروەری. بەم پێیەیش لەگەڵ فێمێنیستە لیبراڵەکان دژایەتییان دەکرد، کە کەسایەتییەکی ئەقڵانییان بۆ ژنان لەگەڵ مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان داوا دەکرد. (خسروپناه، ١٣٨٥: ١٠٨).

### ٣ - ٣ - شەپۆلی سێیەم

شەپۆلی سێیەم، چەمکێکە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و ژیاندنەوەی خەباتی فێمێنیستی، کە خوازیاری جیاکردنەوەی خۆیانن لەگەڵ چەمک و ڕوانگەی پاش - فێمێنیستی. شەپۆلی سێیەم، هەر بەو ڕاددەیەی گرنگی بە پرسی ژنان دەدات، بە هەمان ئاست و ڕاددەیش گرنگی بە سڕینەوەی جیاکاریی ئێتنیکی و ڕەگەزی و نەهێشتنی نایەکسانیی ئابووری دەدات. ئەم شەپۆلە زیاتر لە ساڵی ١٩٩٢ چالاک بوو.

بەڵام لە ڕاستیدا بە هۆی کار و کردەوەی ڕادیکاڵی شەپۆلی دووەم، چەندین گرفت و کێشە بۆ خودی ژنان دروست بوو. دروستبوونی توندوتیژی لە خێزان و شوێنی کار و نەبوونی ئاسایشی ڕەگەزی و سەقامگیری و دروستبوونی نائارامیی زەینی بۆ ژنان، لە ئاسەوارە نەرێنییەکانی شەپۆلی دووەم بوون. ئەمەیش وای کرد کە فێمێنیستەکان شەپۆلی سێیەم بنیات بنێن.

بەم شێوەیە، جیهانی ڕۆژاوا لە دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردوو، دووبارە پێداچوونەوەی بە ڕۆڵی نەریتیی خێزان کرد. لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئەم شەپۆلە، دەتوانین ئاماژە بە "جمین گریز"، نووسەری ئۆسترالی و، "جین بێتکە ئەلشتاین"، فەیلەسووفی ئەمریکی بکەین، کە پرسی ژیاندنەوەی دایکایەتییان دووبارە خستە ڕوو.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی لاوازبوونی شەپۆلی دووەم و دروستبوونی شەپۆلی سێیەم، ڕەخنەی ژنانی کەمینەکان بوو کە گرنگییان پێ نەدرابوو. بۆ نموونە فێمینیستە ڕەشپێستەکان، کە خوازیاری پاراستنی ناسنامەکەیان بوون. هەروەها دروستبوونی ڕوانگەی پۆستمۆدێرنیزم، یەکێکی تر لەو هۆکارانە بوو کە شەپۆلی سێیەمی بەهێزتر کرد. بۆ نموونە فێمێنیستە پۆستمۆدێرنەکان لەو بڕوایەدان کە ڕەهایی لە بیرکردنەوە بە مەبەستی بەرگریکردن لە ژنان ڕێگەچارەیەکی گونجاو نییە، چونکە ڕێبازی ژنان بۆ درک و تێگەیشتن لە خۆیان فرەڕەهەند و جۆراوجۆرە. هۆکارگەلێک وەکوو تەمەن، ئێتنیک، چین، نەژاد، کەلتوور، ڕەگەز، ئەزموون و... دەبنە هۆی ئەوەی کە نەتواندرێت ئایدیۆلۆژییەکی یەکانگیر و گشتی بۆ فێمێنیزم دروست ببێت.

بەم پێیە ئەم بیرۆکەیە لە شەپۆلی سێیەمدا سەری هەڵدا، کە پێویستە ژنان لە ڕێگەی دروستکردنی زمان و شێوازی جۆراوجۆر، هزر و تێگەیشتنێکی جیاواز لە ناسنامەی خۆیان پێک بهێنن؛ تاوەکوو ناسنامەی خۆیان لە مانا و واتا داپلۆسێنەرەکانی پیاوان، کە بەسەریاندا سەپاندوون، ڕزگار بکەن. ئەم شەپۆلە بڕوای وایە کە ئەو نادادپەروەرییەی کە بەسەریاندا سەپاوە، بە هۆی بوونی کەلتووری پیاوسالارییە. بەم پێیە بۆ ڕزگاربوون لەو کەلتوورە، پێویستە جیهان لە گۆشەنیگایەکی ژنانەوە ببینرێت و، جیهانی لێکدانەوەیی و ڕاڤەیی (تەفسیری)ی ژنان بخرێتە ڕوو. لەم شەپۆلە چەندین لقی فێمێنیزم وەکوو: مەعریفەناسیی فێمێنیستی، فەلسەفەی سیاسیی فێمێنیستی، ئیلاهییاتی فێمینیستی و... دروست بوو (ڕکنی لموکی، ١٣٨٥: ٦٥).

## ٤- بەراوردی ڕوانگە و تیۆرییە فێمێنیستییەکان

### ٤ - ١ - فێمێنیزمی لیبراڵ

ئەم ڕوانگەیە زۆر زووتر لە ڕوانگەکانی دیکە، واتە نزیکەی سێ سەدە پێش، لە ئەورووپا سەری هەڵدا. هزر و ڕوانگەی لیبراڵیزم، لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری گەشەی سەند. ئەم ڕوانگەیە بەدوای دروستکردنی یەکسانیی جەوهەریی لەنێوان مرۆڤەکانەوەیە، بەم پێیەش خوازیاری دیموکراسی و ئازادییە سیاسییەکان بوون. لە ڕوانگەی ئەم فێمێنیستانەوە،

سەربەخۆیی دارایی و خوێندن و ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی یەکسان، گرنگیی تایبەتی هەیە (نجفی، ١٣٨٢: ١١٥).

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە، بڕوایان وایە کە لە ڕێی هەموارکردنەوە و چاکسازی لە یاسا و بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، دەتواندرێت ئامانجە یەکسانیخوازەکان بپێکرێن. ئەم کەسانە کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانی فەلسەفەی لیبراڵیزم، تیۆریی خۆیان بینا کردووە، بڕوایان بە بنەمای ئازادیی ڕەفتار و کردەوە و چێژوەرگرتن و ڕەزامەندیی خود - تەوەرانە هەیە.

لەم ڕوانگەیەدا، دەتوانین ئاماژە بە چەند بیرمەندێکی وەکوو: "مێری ئاستیل١٦٦٧ - ١٧٣١" و "ماری ڤۆڵستۆن کرافت ١٧٥٩ - ١٧٩٧" و " جۆن ستوارت میل ١٨٠٦ - ١٨٧٣" و " بتی فریدان" لە سەدەی بیستەم، بکەین. فێمێنیستە لیبراڵەکان، بەبێ ئەوەی خوازیاری شۆڕشێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بن، تەنیا خوازیاری بەفەرمیناسینی یەکسانیی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوانن. ئەم کەسانە بڕوایان وایە کە جیاوازیی نێوان دوو ڕەگەز، زاتی نییە، بەڵکوو دەرهاوێشتەی کۆمەڵایەتیبوون و پێدانی ڕۆڵە ڕەگەزییەکانە؛ بەو واتایەی کە ئەم بیروباوەڕە تەنیا دروستکراوی یاساکانی دەستی مرۆڤە، کە جیاوازی دەخاتە نێوان ژن و پیاو. بەم پێیەش ئەمانە لە ڕێگەی گۆڕینی یاساکانەوە دەگۆڕدرێت.

لەم ڕوانگەیەدا ڕەگەزی مرۆڤ، دەستنیشانگەری مافەکانی نییە و، تەنیا مرۆڤ بوونی هەیە نەک ڕەگەز. بۆیە،

پێویستە یاسای مەدەنی بە شێوەیەکی بەرابەر و یەکسان دابڕێژرێت و دەرفەتەکانی خوێندن و فێرکردن و کارکردن بە شێوەیەکی یەکسان دەستنیشان بکرێن (منصورنژاد، ١٣٨١: ٢٥٧).

## ٤ - ٢ - فێمێنیزمی مارکسیستی

تیۆریی فێمێنیزمی مارکسیستی (مارکسیزم-فمێنیزم) لە سەدەی نۆزدەدا و لەسەر بنەماکانی بیر و ڕای "کارڵ مارکس ١٨١٨ - ١٨٨٣" دەربارەی ژن و، هەروەها ڕوانگەی "فرێدریک ئێنگڵس ١٨٢٠ - ١٩٩٥" لە کتێبی "بنەچە و ڕەچەڵەکی خاوەندارێتیی تایبەت، بنەماڵە و دەوڵەت" بینا کراوە. "ئێنگڵس" بە گرنگیدان بە پێگەی ژنان لە سیستەمی سەرمایەداریدا، دژی دابەشکردنی ڕەگەزیی کار بوو و، بەم پێیە ژنان بە چەوساوە دەزانێت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە یەکەمین مەرجی ڕزگاریی ژنان، گەڕانەوەیانە لە ماڵەوە بۆ بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

بۆیە لەم ڕوانگەیەدا سیستەمی خێزان پێگەیەکی ئەوتۆی نییە و، بنەماڵە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ گەشەی سەرمایەداری و پەروەردەی منداڵان بۆ قبووڵکردنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و بەربەستێک لە بەردەم کاری بەرهەمهێنەر لە لایەن ژنانەوە (نجفی، ١٣٨٢: ١١٧). بۆیە ئەم فێمێنیستانە داوایان لە ژنان دەکرد کە تاوەکوو لەناوچوونی سیستەمی سەرمایەداری، لە خستنەڕووی پرسی ژنان خۆیان ببوێرن. "مادام کۆلۆنتای" لە بیرمەندانی بەناوبانگی ئەم ڕوانگەیەیە لە سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا. هەروەها "هوسیانگ نینگ ١٨٧٩ - ١٩٢٧" ڕێبەری فێمێنیستەکانی شۆڕشگێڕی چین بوو.

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە بڕوایان وایە کە دروستبوونی خاوەندارێتیی تایبەت، ڕۆڵی سەرەکیی لە پێشێلکردنی مافەکانی ژناندا هەبووە. بەم شێوەیەش، پێویستە نەزمی بورژوازی، خاوەندارێتی و بنەماڵەی بورژوازی لەناو بچێت. لەسەر ئەم بنەمایە، سیستەمی بنەماڵە و خێزان گەورەترین دوژمنی ئازادیی ژنانە. ژن لە بنەماڵەدا بریتییە لە خزمەتکار و ئەسیر. بۆیە ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، پێویستە سەرەتا لە چوارچێوەی بنەماڵە بێنە دەرەوە و لە کۆمەڵگەدا خەریکی چالاکییە گشتییەگان بن. مارکسیستە فێمێنیستەکان بڕوایان وایە کە خەباتی فێمێنیستی، پاشکۆی خەباتی چینایەتییە. بەم پێیە، فێمێنیستە مارکسیستەکان پێش ئەوەی فێمێنیست بن، ئەوا مارکسیستن. فێمێنیستە مارکسیستەکان دەیانەوێ شیکردنەوەی مارکسیستی لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا، لەگەڵ شیکردنەوەیەک بۆ ژێردەستەییی ژنان تێکەڵاو بکەن (ڕکنی لموکی، ١٣٨٥: ٦٦).

## ٤ - ٣ - فێمێنیزمی ڕادیکاڵ

ئەم ڕوانگەیە لە ساڵی ١٩٦٠ لە ئەمریکا سەری هەڵدا. گرووپێک لە ژنان "بزووتنەوەی ڕزگاریدەری ژنان"یان دامەزراند کە پیاوی تێدا نەبوو؛ بە هۆی ئەوەی کە بڕوا و متمانەیان بە هاوکاریی پیاوان نەبوو. لە ساڵی ١٩٦٩، ڕاگەیاندراوێکی توندیان لە دژی پیاوان بڵاو کردەوە: "ژنان چینی چەوساوەن... ئێمە پیاوان بە هۆکاری ئەو ستەمە دەزانین کە لە دژی ئێمە بەڕێوە دەچێت. سەرووتربوونی ڕەگەزی نێرینە، بنەڕەتیترین جۆری سوڵتەیە... هەموو پیاوان زوڵمیان لە دژی ژنان ئەنجام داوە... ئێمە نە شۆڕشمان دەوێت و نە خوازیاری چاکسازین، تەنیا خوازیاری ئەو شتەین کە بە قازانجی ژنان بێت."

ئەمە بەشێک لە مانیفێستی گرووپێک بە ناوی"گۆرەوی سوورەکان" لە نیویۆرک بوو. یەکێک لە تیۆریسیەنە بەناوبانگەکانی ئەم ڕوانگەیە بە ناوی "شولامیت فایرستۆن" لە ساڵی ١٩٧١ "دیالێکتیکی ڕەگەزایەتی"ی نووسی. بە بڕوای ناوبراو، بۆ ئازادیی ژنان شۆڕشی بایۆلۆژی پێویستە، نەک شۆڕشی ئابووری؛ بەم واتایە کە پێویستە ژنان ئامرازی وەچەخستنەوە و

زاوزێ کۆنترۆڵ بکەن. هەروەها دەتوانین ئاماژە بە بیر و ڕاکانی " کیت میلت" بکەین کە لە ساڵی ١٩٧٠دا کتێبی "سیاسەتە ڕەگەزییەکان"ی نووسی (نجفی، ١٣٨٢: ١١٩).

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە، خوازیاری گۆڕانکاریی بنچینەیی و بنەڕەتین لە تێڕوانینی کۆمەڵگە لە هەمبەر ژناندا. ئەم کەسانە بڕوایان وایە کە خراپترین جۆری ستەم لە جیهاندا، چەوساندنەوەی ژنان و دروستکردنی جیاکارییە لە نێوان ژنان و پیاوان. ڕیشەی ئەم زوڵم و چەوساندنەوەیەیش نە لە بڕیار و یاساکان، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆییی ژناندایە. "شارلۆت پرکنیز گیلمەن" و "ئێما گۆڵدمان" و "مارگارێت سینگر"، وەکوو فێمێنیستی ڕادیکاڵ بڕوایان وابوو کە پێویستە ژنان کۆنترۆڵی هەموو ژیان و جەستەی خۆیان بەدەستەوە بگرن. تیۆرییە سەرەکییەکانی فێمینیزمی ڕادیکاڵ، بە هەوڵی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە شاری نیویۆرک لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کانی سەدەی ڕابردوو، شکڵی گرت. ئەم گرووپانە ئامانجی خۆیان لەم ڕوانگەیە، بۆ ڕووخاندنی سیستەمی پۆلێنکردنی ژن و پیاو لەسەر بنەمای ڕەگەزەکەیان دەستنیشان کرد.

بەم پێیە ئەم ڕوانگەیە، خوازیاری بەناوەندیکردنی ڕەگەزی ژن لە کۆمەڵگەی داهاتووی مرۆڤایەتی و پەراوێزخستنی ڕەگەزی پیاو یاخود نێرینەن. تا ئەو جێگەیەی کە بڕوایان وایە کە ئارمانج (ئایدیاڵ)ی مرۆڤایەتی بریتییە لە ئارمانجی ژنانە. بەم پێیەیش تەنیا تایبەتمەندیی ژنانەیە کە بەها و گرنگیی هەیە و، پێویستە بەسەر جیهاندا زاڵ بێت. بۆیە پێویستە ژنان لە کۆتوبەندی هاوسەرگیری و دایکایەتی ڕزگاریان بێت (هام و گمبل، ١٣٨٢: ٣٦٣).

بۆیە فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بڕوایان وایە کە دەبێت ئەڵتەرناتیڤێکی ژنانە و فێمێنیستی لە بوارەکانی ئەدەبیات، مێژوو، مووزیک، مەعنەوییات، خزمەتگوزارییە تەندروستی و پزیشکییەکان، ڕەگەزایەتی، کار و تەکنەلۆژی بخرێتە ڕوو. ڕوانگەکانی "سیمۆن دۆبۆڤار" زۆر لە لایەن ڕادیکاڵە فێمێنیستەکانەوە کەڵکی لێ وەگیراوە.

## ٤ - ٤ - سۆسیال فێمێنیزم

ڕوانگەی سۆسیال فێمێنیزم لە دەیەی ١٩٧٠ لە ئاوێتەکردن یاخود تێکەڵاوکردنی دوو ڕوانگەی مارکسیزم- فێمێنیزم و ڕادیکاڵ- فێمێنیزم هاتۆتە ئاراوە. ئەم ڕوانگەیە بڕوای وایە کە سیستەمی سەرمایەداریی پیاوسالارانە، کە کرێکاران و ژنان دەچەوسێنێتەوە، ژنان وەکوو هاووڵاتیی پلە دوو هەژمار دەکات.

بەم پێیەیش، بەناچاری، پێویستە هەم خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هەمیش ئەزموونی کۆمەڵایەتی بگۆڕدرێت؛

بە هۆی ئەوەی کە ڕیشەکانی سەرکوتکردنی ژنان لە کۆی سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریدا خۆی حەشار داوە. سۆسیال فێمێنیزم بەپێچەوانەی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، بڕوای بەوە نییە کە سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ئابووری لە پلەی دووەمدایە و، بەپێچەوانەی فێمێنیستە مارکسیستەکانیش، بڕوای بەوە نییە کە سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ژنان بە هۆی ڕەگەزەکەیانەوە گرنگیی لاوەکیی هەیە و، خەباتی چینایەتی ئەولەوییەتی سەرەکیی هەیە. بەم پێیەش دروشمی سەرەکیی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە، هەم پێویستە لەگەڵ سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریدا بەربەرەکانێ بکرێت و، هەمیش لەگەڵ چەوساندنەوەی ژنان.

بۆیە لە ڕوانگەی ئەم فێمێنیستانەوە پێویستە لە سەرەتادا پێناسە باو و زاڵە ئابوورییەکان بگۆڕدرێت (وەکوو ئەم چالاکییانەی کە پێشووتر بە پارە نەبووە، وەک ئەرکەکانی منداڵبوون و بەخێوکردنی منداڵ)؛ بۆیە پێویستە چالاکییەکانی ژنان لە چوارچێوەی چەمکە ئابوورییەکاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێت تاوەکوو ژنان ببنە خاوەن داهاتی خۆیان؛ بەم ڕێگەیەیشەوە دەسەڵاتی پیاوان لەناو دەچێت. هەروەها ئەوان بڕوایان وایە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، پێویستە چۆنیەتیی تێڕوانین بۆ سیستەمی کار و خوێندن و فێرکردن و سەرپەرشتی لە منداڵان و هەموو بوارەکانی تایبەت بە ژنان، بگۆڕدرێت. لەم ڕوانگەیەدا دەتوانین ئاماژە بە بیرمەندانی وەکوو "هایدی هارتمەن" و "لیدیا سارجێنت" و "لیندا گۆردۆن" و "ڕۆزا لین پچسکی" بکەین (رکنی لموکی، ١٣٨٥: ٦٩).

"جولیت میشل"، لە بیرمەندانی ئەم ڕوانگەیە، بڕوای وابوو کە ناکرێت جۆری ستەم لە دژی ژنان، تەنیا لە ڕەهەندی ماددییەوە لێک بدرێتەوە، بەڵکوو پێویستە لە ڕوانگەی دەروونناسانە و کەلتووریشەوە لێی تێ بگەین. بەم مانایە کە ژنان لە سێ ڕەهەندەوە لەژێر ستەم و چەوساندنەوەدان: زاوزێ، جۆری پەروەردەکردنی منداڵان بۆ ژیانی کۆمەڵگە و بەرجەستەکردن و دەرخستنی ڕەگەزی ژنانەی خۆیان. لە لایەکی ترەوە، "هایدی هارتمەن" بڕوای وابوو کە ناکرێت تەنیا جەخت و تەرکیز لەسەر پەیڕەوی ژنان لە بواری ئابووریدا بکەینەوە، بەڵکوو دەبێت لە جەبهەی ماڵەوەیش ئەم خەباتە بەردەوام بێت؛ چونکە ئەگەر وا نەکەین، ئەوە پاش تێپەڕاندنی سیستەمی ئیمپریالیزم بۆ سۆسیالیزم، باوکسالاری هەر بەردەوام دەبێت (نجفی، ١٣٨٢: ١٢٢).

## ٤ - ٥ - فێمێنیزمی پۆستمۆدێرن

ڕوانگەی هزریی پۆستمۆدێرنیزم (Post-modernism) بەرهەمی هزر و تیۆرییەکانی کۆمەڵێک لە فەیلەسووفەکانی ئەم سەدەی دواییە. بیرمەدانێک وەکوو "کانت" و "هیۆم" و "نیچە" و ...، بە شک و گومانەوە ڕوانیویانەتە هێزی ئەقڵ (ئاوەز) لە تێگەیشتن لە هەقیقەت و، ڕوانگەی هزریی مۆدێرنیتەیان، کە لە چەند سەدەی دواییدا زاڵ بووە، بردۆتە ژێر

پرسیارەوە. پۆستمۆدێرنیستەکان بانگەشەی لایەنگرانی هەر ڕوانگەیەکی هزری، کە بڕوای بە تێگەیشتن و زانینی تەواوی حەقیقەت بێت، ڕەت دەکەنەوە و، پێیان وایە ئەمە فریوکارییە، چونکە واقع زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە میتۆدێکی ڕاست و دروستمان بۆ بینینی جیهان لەبەردەست بێت.ئەم ڕوانگەیەیش گواسترایەوە بۆ فێمێنیستەکان، کە بەدوای دروستکردنی قوتابخانە و تیۆرییەکی تایبەت بوون بۆ بەرگری لە ژنان و خوێندنەوە و تێگەیشتن لە پرس و کاروبارەکاریان (نجفی، ١٣٨٢: ١٢٦).

لە پاش دەیەی حەفتای سەدەی بیستەم، گرووپێک بە ناوی فێمێنیستە نوێیەکان کە لەژێر کاریگەری ڕوانگە پۆستمۆدێرنیستییەکاندا بوون، دەرکەوتن، کە بە پاڵپشتیی دەروونناسیی ڕەفتارگەرایانە لەسەر پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ژنایەتی جەختیان دەکردەوە. دەکرێت فێمێنیزمی پۆستمۆدێرن بە شێواز و جۆرێک ڕەخنەگرتن لە ڕوانگە ڕادیکاڵەکانی فێمێنیستەکان دابنێین.

فێمێنیستە پۆستمۆدێرنەکان جەخت لەسەر جیاوازییەکانی نێوان خودی ژنان دەکەنەوە، بۆ نموونە دەڵێن هەر شتێک کە لەوانەیە بۆ بەشیک لە ژنان بگونجێت، لەوانەیە بۆ بەشێکی تر لە ژنان گونجاو و لەبەردەست نەبێت. هەروەها ئەوان بیر و بڕواکانی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بە ناواقعی و خەیاڵی دەزانن و، تەنانەت بە شێوازێکی نوێ لە چەوساندنەوەی ژنان دەزانن. هۆکاری ئەمەیش گرنگیپێنەدانی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بوو بە جیاوازبوونی هەلومەرجی ژنان و لە بەرچاونەگرتنی بارودۆخی کۆمەڵگە جیاوازەکان و جیاوازیی نێوان کەلتوورەکان.

فێمێنیستە پۆستمۆدێرنەکان بڕوایان وایە کە هاوسەر و منداڵ و بنەماڵە، پێویستییەکی ژنانە، کە ناتواندرێت پشتگوێ بخرێت. بۆیە ئەوەی کە دەبێتە هۆی کۆیلایەتیی ژن، ئەوانە نین، بەڵکوو چەندین جۆری تایبەت لە پەیوەندییەکانە کە بەسەر ژناندا سەپاوە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، تیۆریی سەرەکیی فێمێنیستە پۆستمۆدێرنەکان، ڕەتکردنەوەی بەرەهایی وێناکردنی بوارەکانی ترە، کە فێمێنیستەکان بنیایان کردووە؛ بۆیە بە بڕوای ئەوان، پێویستە ڕەچاوی ڕێژەگەرایی لە خوێندنەوەی هەلومەرجی ژنان لە کۆمەڵگە جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا بکرێت. بۆیە پێویستە ئەم تیۆرییە فێمێنیستییانە، هەڵگری ڕەگەزەکانی فرەیی و چەندڕەهەندێتی بن. پێشنیازی دیاریکراویشیان بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جیاکاری لە دژی ژنان، بریتی نییە لە پەراوێزخستن و سڕینەوەی بوارەکانی هاوسەرگیری و بنەماڵە و ڕۆڵی دایکایەتی و...، بەڵکوو سڕینەوەی ڕوانگە و ڕەفتارە جیاکارانەکانی نێوان کوڕان و کچانە، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە تاوەکوو گەورەبوون لە بنەماڵە و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا (رکنی لموکی، ١٣٨٥: ٧٠).

بۆیە بە بڕوای فێمێنیستە پۆستمۆدێرنەکان، ناسنامەی ژنان لە چەندین ڕەگەز و فاکتەری جۆراوجۆر و جیاواز پێک هاتووە

وەکوو: تەمەن، ئێتنیک، چین، نەژاد، کەلتوور، ئایدیۆلۆژی و هتد. ئەمەیش کاریگەری لەسەر ویست و داواکاری و پێداویستییەکانیان دادەنێت. هەرچەندە ئێمە دەتوانین ئاماژە بە چەندین ڕوانگە و جۆری تری تیۆریی فێمێنیستی بکەین وەکوو: فێمێنیزمی بنەماڵەگەرا، فێمێنیزمی ژنگەرا، ئێکۆفێمێنیزم، فێمێنیزمی ڕەشەکان و هتد.

## دەرەنجام:

فێمێنیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مافخوازانەی ژنان، بە چەندین قۆناغدا تێ پەڕیوە. ئەوەی کە گرنگە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بە شێوەی فەرمی لە چەند سەدە لەمەوبەرەوە، بەپێی گۆڕانکارییەکان ئەم بزووتنەوە و ڕوانگەیەیش تووشی گۆڕانکاری بووە. بەو مانایەی کە بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی ژنان، جۆر و شێوازی داواکاری و خوێندنەوە بۆ پرسەکانی ژنان، بەرز و نزمیی تێدا بووە.

ئەوەی کە گرنگە ڕاوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە، ئەم بزووتنەوە و هزرە، لەژێر کاریگەریی هزر و ڕوانگەکانی سەردەمی خۆی بووە و کاریگەریی لێ وەرگرتوون و، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەمتر، تەنانەت کاریگەرییشی لەسەر داناون. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بەگشتی باس لە فێمێنیزم دەکەین، بەڵام ڕاستییەکەی، ئێمە ناتوانین تیۆرییەکی فێمێنیستیی گشتگیر و تاقانە دەستنیشان و بەرجەستە بکەین.

بۆیە باشتر وایە باس لە تیۆرییە فێمێنیستییەکان یاخود فێمێنیزمەکان بکەین. ئەمەیش دەگەڕێتەوە سەر کاریگەریوەرگرتنی ئەم تیۆرییە تایبەتە، لە ڕوانگە و تیۆری و واقعی کۆمەڵایەتی و هزری و زانستی و ...، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا. لە کۆتاییشدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە سەرەڕای جیاوازییەکانیان، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ستەم و نادادپەروەری و بەگشتی لە هەر کۆمەڵگە و سیستەمێکی ئابووری و سیاسی و کەلتووریدا کێشە و گرفتێک لە بواری ژنانەوە هەیە، بەڵام چۆنیەتیی تێگەیشتن و ئامراز و میکانیزمەکانی سڕینەوەی ئەم نادادپەروەرییە، جیاوازن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٧

# ڕۆژی جیهانی ژن و یەکسانی ڕەگەزیی و فیمێنیزم و تێڕوانینی ئەنارشیستی*




## هەژێن

**بەرایی:**

بۆچوون و تێڕوانینی گشتیی تاکەکانی کۆمەڵ، بەدیاریکراوی ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نایەکسانی ڕەگەزیی ڕەخنەدەگرن، زۆر بەداخەوە لەژێر هەژموونی ئایدیۆلۆجیا و ڕەوتە ڕامیارییەکان، زۆر کورتبینانە مێژوو دەبینێت و دەخوێنێتەوە. ئاوا دیتن و خوێنەوەیەک بۆ دیاردە مێژووییەکان وەک شێرپەنجە ئاوەز و هۆشی کەسەکان گەوجدەکات و کەسەکان تووشی کورتبیینی و نەزانیی لەبۆماوەی مێژوویی دەکات.

ئەگەر لە هەر یەک لەو کەسانە بپرسدرێت یان بەو جۆرەی کاناڵە میدیاییەکان و مدیای ڕەوتە ڕامیارییەکان و بڵندگۆ ئایدیۆلۆجییەکان وێنایدەکەن؛ سەرچاوە و سەرەتای بیرۆکەی ڕزگاری ژنان و یەکسانی ڕەگەزیی بۆ کەی و کێ دەگەڕێتەوە، یەکسەرە و ڕۆبۆت - ئاسا کۆمەڵێک ناوی کەسیی و پارتیی و ئایدۆلۆجیی ڕیزدەکەن و بە سنگدەرپەڕاندن و شانازیی و لەخۆڕازیبوونەوە، لەسەر پاگەندەکانی خۆیان پێداگرییدەکەن و ناوی شیکاریی "زانستی" و "واقیعیی" و "درووست" بەباڵادەبڕن.

بەبۆچوونی من، ئەوە یەکێک و سەرەکیترین پایەی دیاردەی گەوجبوونی ئاوەزیی و هۆشیی کەسەکانە، نەهامەتی سەردەمی مێگەلبوون و تووتیبوون. سەردەمێک کە دەزگەی گەوجێنەر (تێلەفزیۆن و ڕادیۆ) لەجیاتی هەمووان بیردەکەنەوە و دەدوێن و بڕیاردەدەن و ئاوەز و هۆشی کەسەکان کەرووی ئایدیۆلۆجیی هەڵدەهێنێت و دەنگە ئاراستەکەرە شادراوە ئایدیۆلۆجیی و

ڕامیارەکان لەپشت کاناڵە نیئۆلیبراڵ و چەپ و ئاینییەکان تاکەکانی کۆمەڵ ئاراستەدەکەن و توانای بیرکردنەوە و ڕامان لە ئاوەز و هۆشی گشتیی کۆمەڵ و تاکەکانی دەستێنن و لەنێودەبەن.

ئەگەر نا، هەموو کەسێکی بە ئاوەز و هۆش زیندوو ئەوە دەزانێت، ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی ڕەگەزیی وەک بەشێک لە ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی چینایەتی بۆ بەرەبەیانی سەرهەڵدانی یەکەمین پێکهاتە و ڕێکخستی قووچکەیی (ئایینی - خێڵەکی) دەگەڕێتەوە و گرێدراو و مانەوەی، وابەستەی مانەوەی ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی چینایەتییە و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و بەرەنگاری و بزووتنەوە دژە - ستەم و - هەڵاواردن و -نایەکسانی ڕەگەزییەکان بۆ بەرەبەیانی سەرهەڵدانی خودی ئەو ستەمە دەگەڕێتەوە و خواستی یەکسانی ڕەگەزیی (یان مرۆیی) بۆ هیچ کەللەسەرێکی چاکەکار و بەبەزەیی ناگەڕێتەوە و ئافەریدەی هۆشی یەزدانیانەی هیچ فیلۆسۆف و تیئۆریککار و ئیدئۆلۆگێک نییە و هیچ کەس ڕابەر و پێشنیارکەر و داهێنەری ناڕەزایەتی و بەرەنگاریی و بزووتنەوەی دژە - هەڵاواردنی ڕەگەزیی نییە و لەو بەرەبەیانەوە تاکو ئێستا، خودی ژنان بەرەنگاریکەر و دەنگی ناڕەزایەتی و بزوێنەری ئەو ڕەوتەن؛ ژنانێکی گومناو، ژنانێک کە هەردەم وەک ئازار و ستەم و هەڵاواردنەکە پەردەپۆش و فەرامۆش و نادیدەگیردراون، هەر ئاوا کە دەنگی پرۆلیتێرە یاخییەکانی پێش و پاشی لەدایکبوونی تیئۆریککارانی سۆشیالیست پەردەپۆش و فەرامۆش و نادیدە گیراوە و دەکرێت، نەک فلانە خاتوونی تویژی نێوەنجی یان فلانە خاتوونی خانزاد و دەسەڵاتدار و سەرمایەدار و پارتیباز و ئایدیۆلۆجیگەرا.

پێش ئەوەی ژنانی کرێکار مانبگرن و خوازیاری کرێی یەکسان بن بۆ کاری یەکسان، پێش ئەوەی ژنانی مانگرتوو لەلایەن خاوەن کارخانە بسووتێندرێن و پێش ئەوەی ژنانی پارتیباز ئەو هەلە بۆ ناوبانگی خۆیان بقۆزنەوە، پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی جیهانیی بناسرێت، هەزاران ساڵ ژنان لەنێو لادێکان و لەسەر کێڵگەکان و لەنێو خێزانەکان دژی سوورانەی سەرۆکخێڵەکان و دژی فەرمان و یاساکانی پەرستگەکان و دژی ماهوریی پیاوانی نێو خێزان چرکە بە چرکەی ژیانی خۆیان جەنگیون و وەک تێکۆشەری گومناو ئەشکەنجەدراون و سووتێندراون و مێخکێشکراون و گوند - و شار - بەدەرکراون و زینداییکراون و ئەتککراون و ...تد. بەڵام لەبەرئەوەی کە خودی تێکۆشەرانی ئەو ڕۆژگارانە لە ئاستی دەرککردنی تۆماری ڕوداوەکانی ئەو مێژووە و هەم سیستەمە فەرمانداریی و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکە بواری ئەوەی نەداوە، مێژووو و بەرەنگاریی ئەوان بە فەرامۆشیی سپێردراوە و بووە بە خوانی ئامادەی بەردەم ئیدئۆلۆگەکان و کراوەتە بارەتەقای پەرجووگەرانی ئایدیۆلۆجی.

هەڵبەتە نابێت ئەوەش لەبیربکرێت، ئەو کاتیش وەک ئێستا ژنانێک هەبوون و کەم نەبوون، کە وەک هەر کۆیلەیەکی دیکە، خەریکی ڕمبازێن بوون بۆ پاراستنی سەوەریی نێرسالاریی و سەروەریی چینایەتی؛ وەک ئێستا ژنانێک هەبوون، کە بۆ

ڕاکێشانی دڵی سەروەران هەوڵیانداوە و لە باشترین بار خەریکی ڕیفۆرمکردنی سەروەریی ڕەگەزیی و چینایەتی بوون؛ هەر وەک ئێستا و بەدڵنیاییشەوە هەر وەک ئێستا ژنانێک هەبوون، کە وزە و هێز و توانای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوازانەی ژنانی چەوساوەیان بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و مشەخۆریی و دەسەڵاتداریی خۆیان بەکاربردووە؛ هەموو بوونەکانی ئێستا (نارەزایەتی و بەرەنگاری ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزیی و خوازیاریی یەکسانی ڕەگەزیی، ناوبانگخوازیی و مشەخۆریخوازیی و دەسەڵاتخوازیی هەلپەرستان و ..تد) درێژە و گەشە و گشتگیربوونی دیاردە و بوونەکانی ڕابوردوون، بەڵام بە ڕەهەند و وزە و فراوانییەکی دیکەوە.

لەبەرئەوە و لەسەر ئەو بنەمایە خواستی یەکسانی ڕەگەزیی یان دژایەتی سەروەریی ڕەگەزیی دیاردە و سەرهەڵدانێکی تازە و دەسکردی هیچ کەس و ڕەوت و ئایدیۆلۆجیایەک نییە، بە پێچەوانەوە، هەردەم، چ ڕابوردوو و چ ئێستا کەسانی هەلپەرست بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و مشە و دەسەڵاتی خۆیان، بزووتنەوە و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەکەنە سەرمایە و پەیژەی سەرکەوتن و گەییشتن بە مەرامە سەروەرییخوازەکانی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستەش ئیدئۆلۆگەکانی سیستەمی سەرمایەداری زۆر وردەکارانە و بە شیکاریی دەروونیی خودی کۆیلان (چ ژنان وەک کۆیلەی ڕەگەزیی و چ گشت ژنان و پیاوانی چەوساوە وەک کۆیلەی چینایەتی)، ئامانج و خەونی دژە -ستەمی ڕەگەزیی دەخەنە خزمەت مانەوە و بەردەوامی سیستەمە چینایەتییەکە و ئاراستەی دژە - سەروەریی تێکۆشانی یەکسانیخوازانەی ڕەگەزیی وەک بەشێکی سەرەکی لە تێکۆشانی دژە - چینایەتی، دەگۆڕن بە ململانێ و کینەدۆزیی ڕەگەزیی نێوان ژنان و پیاوان و کردنی نێر یان نێربوون بە هۆکاری سەرەکی هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزیی و پلە چەندیی پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی ژنان.

ئاوا ڕودان و زەمینەسازییەک بەرەنجامی زیرەکی و ئەزموونگیریی ئیدئۆلۆگەکانی سەروەریی و ناهوشیاریی و پاشڕەویی خودی چەوساوانە بۆ پلان و ئایدیۆلۆجییەکانی ئەوان. هەر ئاوا کە خودی ستەمی ڕەگەزیی یەکێکە لە ئامرازەکانی بەردەوامی ستەمی چینایەتی و بۆ ئەو مەبەستە ئیدئۆلۆگەکان و نووسەرانی پارێزەری سەروەریی ڕەگەزیی و چینایەتی، بۆ دەرخستن و بەرجەستەکردنی ژنانی دەسەڵاتخواز زەمینەسازییدەکەن و خەونە سەروەرییخوازەکانی ژنانی بەرتەریخواز و مشەخواز و دەسەڵاتخواز (بەدیاریکراوی دەستەبژێری ژنانی ڕامیار و ئەکادێمیست) گەورە و بەرجەستە و تیئۆریزەدەکەن؛ فێمینیزمی ئایینی، فێمینی ناسیونالیستی، فێمینیستی دژە-نێرینە، فێمینیستی پارلەمانخواز،فێمینیستی پارتییگەرا و ..تد، کە لە بنەڕەتدا خودی ئەو ڕەوتانە بە درێژایی مێژوو هۆکاری مانەوە و بەردەوامی ستەمی ڕەگەزیی بوون؛ پایەی پەرەستگەکان بە ملکەچکردنی ژنان ڕۆنراون، سەروەریی خێڵ|"نەتەوە" لەسەر پابەندکردن و کەرەستەکردن و نامووسکردنی ژنان ڕۆنراوە و چێکراوە، پارلەمانگەرایی لەسەر جەستەی مێینە ڕۆنراوە و پارتییایەتی وەک دەزگەی پاراستنی نێرسالاریی دەرکەوتووە و ئێستاش وەک ڕابوردوو هەموویان (بەنادیدەگرتنی لایەنە نەرێنییەکانی دیکە) هێشتا یانەی (کلاپی) نێرینە

و سەرچاوەی شانازیی یەزدانیی و خێڵایەتی و ناسیونالیستی و ڕامیاریی بە نێرسالارین و هەر ژنێکیش ئاگا یان نائاگا ببێتە بەشێک لەو دەزگانە، خۆبەخۆ دەبێتە پارێزەری هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ژن و پیاو و هەر سات و لە هەموو شوێن دەتوانین لەنێو ئاخاوتن و بڕیار و ڕەفتاری بەشدارانی ئەو دەزگایانە ڕەگەزسالاریی ببینین، بەدیاریکراویی ژنانی فریودراوی نێو ئەو دەزگایانە، کە خراپتر لە نێرینە ناوبانگخواز و دەسەڵاتخواز و مشەخواز و گەندەڵ و ڕامیارەکان، بە هەست و سۆز و خۆزگە و خەونی یەکسانیخوازانەی ڕەگەزیی ژنان کایەدەکەن و خۆشباوەڕیی ئەوان دەکەنە پەیژەی سەرکەوتنی خۆیان.

فێمینیزم (گەڕانەوە بۆ بنەمابوونی ڕەگەزی مێیینە یان ڕادەی کەم هاوبەهایی ڕەگەزی مێینە بە ڕەگەزی نێرینە) زیاتر لە هەموو چەمک و ئاراستە و ڕەوتێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی لە خشتەبراوە و بە دژە-پیاوکردنی گۆڕدراوە بۆ ئامرازێکی سیستەماتیکی سەروەریی چینایەتی و تەنانەت ڕادیکاڵترین ڕەوتی نێو بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ڕەگەزیی (کە ژنانی ئەنارشیستن) بەجۆرێک سیستەمی چینایەتی بەسەر هۆش و ئاوەزی ئەوانیش سێبەریکردووە و خەریکە لەنێو ئەوان دەنگانێک پەیدادەبن، کە بزووتنەوەی دژی-ستەمی ڕەگەزیی یان بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ڕەگەزیی لە کۆی بزووتنەوەی دژە-چینایەتی جیا و جیاوازدەبینن و نێرینە بە هۆکاری هەموو بەدبەختییەک دەبینن، کە بە بۆچوونی من، ئەوە نائاگابوونە لە مێژووی ستەمی ڕەگەزیی و هەڵگر و درێژەپێدەرانی و تەنانەت ڕۆڵی خۆشباوەڕانە یان هەڵپەرستانەی خودی ژنان لە درێژبوونەوەی و هەر ئاوا هەژاریی ئاوەزیی و هۆشییە، کە چالاکانی ئەم ڕۆژگارە تووش و گیرۆدەی ئەو بۆچوونە ڕەگەزگەراییە بوون.

تێڕوانینی ئەنارکیستان بەگشتی، بە دیاریکراویی ئەوانەی کە لە سەرەتا و نیوەڕاستی سەدەی نۆزدە تاکو ئێستا خۆیان بە تێکۆشەر و بانگەدەری ڕزگاری مرۆڤایەتی لە کۆیلەتی چینایەتی ناوبردووە و ناودەبەن، بەجۆرێک ڕادیکاڵترین دەنگەکانی مێژوو بوون و هەن و لەنێو ڕەوتە سۆشیالیستییەکان ڕادیکالترین ڕەخنە و بزووتنەوەی دژی ستەمی ڕەگەزی بوون و هەن. بۆ سەلماندنی ئەوەش بەڵگەنامە و نووسین و بڵاوکراوە** و بزووتنەکانی سەدە و نیوی ڕابوردوو ئەوە نیشاندەدات، کە ئەنارکیستەکان مۆتۆری ڕادیکاڵبوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژە چینایەتییەکان بوون و لەنێو ئەوانیش زۆر بە دیاریکراویی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان؛ بزووتنەوەی دژی نێرسالاریی، بزووتنەوەی دژی هەڵاواردن....تد .

بەڵام دیسان بەداخەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەمی ڕابوردووەوە و بەدیاریکراوی لە دەهەی کۆتایی سەدەی ڕابوردوو تاکو ئێستا، گەردەلوولی نەزمی نوێی بازار و هەژموونی میدیا و زاڵبوونی ئیدئۆلۆگی نیئۆلیبرالیزم، خەریکە بە جۆرێک تێڕوانینی ئەنارشیستی بۆ ڕزگاری ژنان بەرەو ئایدیۆلۆجیابوون و جیابوونەوە لە گشتێتی ڕەوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە

دژە - سەرووەرییەکان دەبات. ئاوا هەوڵێک لەنێو ئەو کۆمەڵانەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تاکو ڕادەی نەبوون و هەڵوەشانەوە ڕۆییشتوون و هەر ئاوا ئەو کۆمەڵانەی کە پۆست - دیکتاتۆری و تاکپارتیین و تازە خەریکە پارلەمانگەریی دەبێتە دیاردەی باو و جێکەوتە، زیاتر بەدیدەکرێت، چونکە زەمینە بازاڕی و میدیایی و مێگەلگەراییەکان زۆرتر لەبارترن و لەوێدا هەموو شت و بوارێک، سەرەنوێلکی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کێبڕکێی ناوبانگ و مشەخۆری و دەسەڵاتداری و کینەدۆزییە و دەستە شاردراوە و پەرجووگەرەکە زۆر بە ئاسانی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵ ئاراساتەدەکات و دەتوانێت هەمووانی ناهوشیار یان ئایدیۆلۆجیگەر بکاتە سەربازی "في سبيل الله"ی سیستەمی سەرووەری چینایەتی.

بەڵام سەرباری ئەوەش، سەرباری هەموو پەراوێزخران و سەرکوتکران و دابڕاندن و لەنێوبردنێک، هێشتا ئەنارکیستەکان پەیامەدەر و بانگەدەر و چالاک و تێکۆشەری گومناوی ڕادیکالکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییە دژە - چینایەتییەکانن و هێشتا بنەماکانی تێڕوانینی هزر و تیئۆری ئەنارکیستی، ئەستێرەی گەشاوەی ئاسمانی تێکۆشانی دژە هەڵاواردنی ڕەگەزیی و چینایەتی و پارێزەری ژینگە و گێڕانەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و بەخۆبوونەوەی تاک و گەشەدان بە کولتووریی مرۆڤایەتین.

ئەو پاگەندەیەی سەرەوە، زادەی حەزی من و پێداهەڵدانی ئایدیۆلۆجیانەی خود و بیرکردنەوەی من و ڕەوتی ئەنارکیستی نییە، بەڵکو زادەی کەتوارێکی مێژووییە، کە هزر و تێڕوانینی ئەنارکیستی و تێکۆشانی ڕەوتە ئەنارکیستەکان لە گشت هزر و تێڕوانین و ئاراستە و ڕەوتە کۆمەڵایەتیی و کولتووریی ئابووریی و ڕامیارییەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەو جیاکردنەوە و گوڵبژێرییەش بۆ بنەماکان و ئامانجەکانی هزری ئەنارکیستی و پەیگیریی ڕەوت و بزووتنەوە ئەنارکیستییەکان بە درێژایی دوو سەدەی ڕابوردوو و پێشتریش دەگەڕێتەوە، کە هەردەم لە ڕیشەوە بۆ چارەسەری گرفت و کێشە و ستەم و نایەکسانی و سەرکوتگەرییەکان گەڕاون و تێکۆشانی خۆیان ئاراستەی پێکهاتەی ڕێکخستنێک کردووە، کە دروستکەر و پارێزەر و بەردەوامکەری ستەم و هەڵاواردن و ماهوریی ڕەگەزی و چینایەتییە؛ پێکهاتەی قووچکەیی ڕێکخستنی کۆمەڵ (پێکهاتەی خێزان، فێرگە، کارگە تاکو دەوڵەت) بۆ جێگیرکردن و پاراستنی سەردەست و ژێردەست، فەرماندەر و فەرمانبەر، پێشڕەو و پاشڕەو، بڕیاردەر و ملکەچ، دارا و نەدار، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات....تد

بنەما هزرییەکانی ئەنارکیزم و تێڕوانین و ڕێگەچارەی ئەنارکیستان بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزیی واوەتر لە هەر هزر و بیرۆکەیەکی دیکەی ئازادیخواز و سۆشیالیستی دەڕوات و ڕەگوڕیشە و سەراپای بوونی ستەم و سەرووەری نیشانەدەگرێت. ئەنارکیستەکان هەبوونی نایەکسانی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی مرۆڤەکان بۆ نایەکسانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی مرۆڤەکان دەگێڕنەوە و نایەکسانی دەسەڵاتی مرۆڤەکانیش بۆ نایەکسانی پێگەی ئابووریی ئەندامانی کۆمەڵ

دەگێڕنەوە و پێکهاتەی قووچکەیی ڕێکخستنی کۆمەڵیش (خێزان تاکو فێرگە و کارگە و بەڕێوەبردن) بە ڕاگر و پارێزەر و درێژەپێدەری ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییە ئابووری و دەسەڵاتیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان دەبینن و تاکو ڕێکخستنی کۆمەڵ و بەشەکانی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لەسەر بناخەی پێکهاتەی قووچکەیی ڕێکخستن بێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان سەروەریی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ (ڕەگەزیی،ئایینیی، خێڵەکیی، نەژادی، کولتووریی، ئابووریی، دەوڵەتیی) دەمێنێت و زەمینەی دەبێت و بۆ ئەوەی سەروەریی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ نەمێنێت، پێویستە بنەماکانی سەروەریی لەنێوببردرێن و هەڵبوەشێندرێنەوە، کە نایەکسانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و دەسەڵاتیی مرۆڤن و ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی ڕەگەزییش لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە ڕۆنراوە و خۆی پاراستووە و درێژەی هەیە، کە سەروەریی مرۆڤ لەسەر مرۆڤی لەسەر ڕاگیراوە و ئەو هۆکارەش ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی ڕەگەزیی دەکاتە بەشێک لە ستەمی چینایەتی و بۆ هەبوونی سەروەریی چینایەتی دەگێڕێتەوە.

بەڵام ئەو بەشبوونە بەو واتایە نییە و نا، کە تاکو بەیەکجاریی ستەم و سەروەریی چینایەتی هەڵنەوەشێتەوە، ئەگەری لاوازکردن و لەنێوچوون و هەڵوەشاندنەوەی ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی ڕەگەزیی نییە. بێجگە لەوەش، تێڕوانینی ئەنارکیستی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی چینایەتی و لەنێوبردنی پایە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولوتوورییەکانی سەروەریی چینایەتی، تەواو پێچەوانەی تێڕوانینە ئایدیۆلۆجییەکانی پێش و پاشی خۆیەتی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەم و سەروەریی چینایەتی بە پرسێکی یەک شەو و ڕۆژە و بەرەنجامی کودەتایەک یان گۆڕینی دەسەڵاتدار و سیستەمێکی ڕامیاریی بە یەکێکی دیکە و ئاراستەکردنی ئایدیۆلۆجیانەی کۆمەڵ و لەقاڵبدانی ژیان نابینێت و گۆڕانی سیستەمی کولتووریی-کۆمەڵایەتیی – ئابووریی و ڕامیاریی چینایەتی بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ناچینایەتی بە پرۆسێسێکی بەردەوامی تێکۆشان و بەرەنگاری و هوشیاربوونەوە و هەڵکشانی ڕۆشنبیریی و گۆڕانی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و سەراپای ژیان و بیرکردنەوە و جیهانبینی مرۆڤی چەوساوە دەبینێت و بۆ بەدیهێنانی تێدەکۆسێت.

هەر لەسەر ئەو بنەمایە، بەرەنگاریکردن و هەڵوەشاندنەوە و لەنێوبردنی بنەما کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووووریی و ڕێکخستنییەکانی نایەکسانی ژن و پیاو، وەک بەرەنگاریکردن و هەڵوەشاندنەوە و لەنێوبردنی بنەما کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووووریی و ڕێکخستنییەکانی سەروەریی چینایەتی (سەروەریی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ بەگشتی) بە هەڵگێڕانەوە و گۆڕینی خشت بە خشتی بیرکردنەوە و ڕێکخستنی ڕەگەزیی و چینایەتی دەبینێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژن بەشێکی یان نیوەی بوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، ئامرازەکان و سەنگەرەکان و شێوازەکانی تێکۆشانی دژ بە هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزیش هەمەلایەنە و سەراپاگیری کۆمەڵ دەبن و پایەکانیشی تێکۆشانی ڕۆشنگەریی و کولوتووری و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی دەبن و پێویستە و ئەوەش ئەرکی تێکۆشەرانەی ژنان دوو لایەنە دەکات، لایەک ئامانج و

داخوازییەکان بەسەر پیاوانی هاوچین و لایەک بەسەر بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵ و وەستانەوە دژی دەسەڵاتی ئایین و کولتوور و نێرسالاریی وەک یەکەکانی سەروەریی چینایەتی، کە لەنێو دەوڵەتی هاوچەرخ بەرجەستە بووە و دەبێت. چونکە دەوڵەت (لە دەنگدەر و پۆلیس و سوپا تاکو دەگاتە پارلەمان و فەرمانداریی) بە هەموو جۆرەکانی و لە باڵاترین و هاوچەرخیترین ئاستی گەشەکردوویی خۆی، ئامرازی پیادەکردن و پاراستنی سەروەریی چینایەتییە و لەنێو ئەویش هەڵاواردن و نایەکسانی ڕەگەزیی و نەژادی و کولتووریی و ئایینی و ئەگەر لە شوێنێکیش بە پاشەکشێ و گۆڕینی ئاست و شێوەی هەڵاواردن و سەروەریی بووبێت، ئەوا هەر بەرەنجامی تێکۆشانی دژە سەروەریی و دژە چینایەتیی و ناڕەگەزییانەی چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵ بووە و دەبێت. کەواتە بەرەنگاریکردنی هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزیی هاوکات بەرەنگاریکردن و لەنێوبردنی هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی چینایەتییە و هەر ئاواش بەرەنگاریکردن و لەنێوبردنی هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی چینایەتیی، هاوکات بەرەنگاریکردنی هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزییە و دەبێت، چونکە هەر دوو ستەمەکە زادەی یەک سیستەم و ڕێکخستنی ڕامیاریی و ئابووریین و تەواوکەری یەکدین و وزەبەخش و ڕاگر و پارێزەری یەکدین و ئەگەر ڕۆژگارێک سەروەریی چینایەتی بۆ مانەوەی خۆی ناچاربکرێت، زۆر ئاساییە هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزیی پێچەوانە بکاتەوە و چەند هەزار ساڵێکیش بە ژنسالاریی بە بوونی خۆی درێژەبدات.

وەک دەزانین و دەبینین، ژن منداڵە، خوێندکارە، دایکە، جوتیارە، کرێکارە، مامۆستایە، فەرمانبەرە، نەدارە، بێدەسەڵاتە... (پرۆلیتێرە) و هاوکاتیش لەنێو هەموو ئەوا بوارانە بێجگە لە چەوسانەوە چینایەتییەکە، وەک ڕەگەز دەچەوسێتەوە و برا و باوک و هاوسەر و هاوکار و هاودەردە نێرینەکەی دەکرێتە مەقاشی ئەو چەوسانەوەیە، کەواتە ژن بۆ ڕزگاربوون ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و بەڕێوەبەرییانە بۆ ڕزگاربوونی خۆی بگەڕێت و لەسەر گۆی زەمین بستێک شوێن لە دەرەوەی سەروەریی ڕەگەزیی و چینایەتی و ماهوریی دەوڵەت نەماوەتەوە، تاکو ژنان لە باری خۆدابڕاندنی ڕەگەزیی، کە خۆکوژیی ڕەگەزیی و مرۆییە، کۆمونە هاوڕەگەزییەکانی خۆیان درووستبکەن و لە ئاوا شوێن و سەردەمێک ژنیش وەک پیاوی چەوساوە و مرۆڤایەتی نەدار - و بێدەسەڵات - کراو (پرۆلیتێر) بە هەڵبژاردنی لایەک لە دووریانی: (خۆڕزگارکردن لە سەروەریی) یان (کۆیلەمانەوە بۆ سەروەریی) سزاوارە و ڕزگاربوون بەبێ لێدان لە بنەما کولتووریی و ئایدیۆلۆجیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و پێکهاتەیی و دەزگەییەکان، خەونی خواردنی کولیچە دەبێت لەنێو ئەفسانەی بەهەشتی ئاسمانەکان.

دیسانەوە، ئەوە بە واتایە نییە، کە ژنان نابێت ڕێکخراو و گرووپی تایبەت بە خۆیان لەنێو پێکهاتەی چین و توێژە نەدارکراو و بێدەسەڵاتکراوەکان هەبێت، نا، بە پێچەوانەوە هەبوونی ڕێکخراوە و گرووپە پاگەندەیی و هوشیاربەخشەکان لە شوێنەکانی کار و ژیان و خوێندن و ..تد، پێداویستیی بێچەندوچوونن و تەنانەت بۆ هوشیارکردنەوە و داچڵەکاندنی

پیاوانی چەوساوە و هاودەم و هاوچین پێویستن. بەڵام ئەگەر ئەو ڕێکخراوە و گرووپانە کەمتر لە ئامرازی هوشیارکردنەوە و پاگەندەی دژە سەروەریی ڕەگەزیی بڕۆن و واوەتر لە گرووپ و ڕێکخستنی هوشیاربەخش بن، دیسان دەبنەوە بەشێک لە هەوڵە ئیدئۆلۆگییە بۆرجوازییەکان و دەبنەوە بە کوتەک و جەلاد و ئاراستەکەری خودی ژنان و دەبنەوە بە بەرهەمهێنەرەوەی سەروەریی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ و لە باشترین باردا دەبنە سەروەری مێینە لەسەر ژنان و جێگەی سەروەرانی نێرینە دەگرنەوە، هەر بەو جۆرەی کە ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین، کە فێمینیستانی ئایینگەرا و ناسیونالیست و لیبراڵ بۆ ئاراستەکردنی ئاوەزی ژنانی ڕزگاریخواز هەوڵدەدەن و (بەڕێوەبەربوون) و (پارلەمانتاربوون) و (سەرمایەداربوون) و سەروەربوونی ژنانێک بە ڕێگەچارەی ڕزگاری ژنان و نەمانی هەڵاواردن و ستەم و نایەکسانی ڕەگەزیی ژنان وێنادەکەن.

ئاوا بۆچوون و تێڕوانینێک مرۆڤی خۆهوشیار و بەئاوەز ڕووبەڕووی پرسیارێک دەکاتەوە؛ ئایا جیاوازی هەیە و چییە، کە (هاوڕەگەزێک، هاونەژادێک، هاوزمانێک، هاوئایینێک، هاوکولتوورێک) یان (ناهاوڕەگەزێک، ناهاونەژادییەک، ناهاوزمانێک، ناهاوئایینێک و ناهاوکولتوورێک) مشەخۆری ڕەنج و سەرکوتگەر و سەروەری مرۆڤ بێت؛ ئایا سەروەریی هەر سەروەریی نییە و دیوەکەی دیکەی ملکەچی و کۆیلەتی ئەوانی دیکە نییە؛ ئایا ڕەگەز و زمان و ئایین و نەژادی جەلادێک هیچ لە ئازار و ئەشکەنجە و ستەم و کوشتنی مرۆڤی چەوساوە دەگۆڕێت؟

---

* یان بەڕادەی کەم، ئەوە تێڕوانینی من دەبێت.

** سیمبۆلی ئەنارشۆ - فێمیستەکان ؛ بڵاوکراوەی یەکەمین گرووپی ئەنارشۆ - فێمینیست لە ئاستی جیهان : دەنگی ژن، ساڵی ١٨٩٦-١٨٩٧ لە بۆینس ئایرس (ئەرجەنتین) و دواتر ١٨٩٩ لە (ڕۆساریۆ) بڵاودەکرایەوە. هەر ئاوا ڕۆژنامەی (نە یەزدان، نە خاوەن کار، نا هاوسەر) لەو ساڵانە بڵاودەبووەوە:

https://en.wikipedia.org/wiki/La_Voz_de_la_Mujer

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٨

# بە دوادا چوونێکی مێژوویی لەسەر فێمینیزم



خەدیجە مەعزووری

فێمینیزم لە درێژایی سەدەی بیستەمدا پڕهەڵاترین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا بووە. زۆربەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، سیاسی و حقووقییەکان کە لە وەزعی ژنان لە کۆمەڵگەدا پێک هاتووە، دەتوانین لەهەنگاوی یەکەمدا لە چالاکیی بزووتنەوەی ژنان بزانین.(١) بوونی ژنان لە مەیدانە گشتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر وەک: بەشداریکردن لە شوێنە ئابوورییەکان، کار و چالاکی نواندن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، مافی دەنگدان و خۆهەڵبژێران و بوون بە ئەندام لە پاڕلمانەکان و کاری قەزاوەت کردن، وەدەستهێنانی مافی مەدەنی و هی دیکە لەو ئاڵوگۆڕانەن.

سەرەڕای ئەوەی فێمینیزم چۆتە نێو زۆر لە چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان و زۆر بواری دیکەشەوە، بەڵام بە داخەوە زۆرشتی نێگاتیڤیشی لێ کەوتۆتەوە. شک و دوودڵی پێکهێنان لە نێوخێزاندا، بێمەیلی بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، زۆر بوونی تەڵاق، سەرهەڵدانی هەڵسووکەوتی دوژمنانە لە نێوان ژنان و پیاواندا و بردنە ژێرپرسیاری هێندێک لە سوننەتەکانی کۆمەڵگە، بە هۆکاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی فێمینیزم دادەنرێ(٢).

لە درێژەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا «فێمینیزم» زۆر ڕەخنەی لە سەر بووە و لە لایەکی دیکەوە بۆتە جێی باسی مەحافلی ڕووناکبیری و گشتیی کۆمەڵگەی ئێمە. فێمینیزم لەگەڵ دوو دژکردەوە بەرەوڕوویە:

هێندێک بێ ئەوەی لێکی دەنەوە و هەڵی سەنگێنن، زۆر تامەزرۆیانە بە ڕێگاچارەسەری پرسی ژنانی دادەنێن، هێندێکی دیکەش یەکسەر و بێ هەوڵدان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ، هیچ کام لە بۆچوونەکانی فێمینیزم قبووڵ ناکەن و ڕەدی دەکەنەوە.

پرسیارێک لە سەرەتادا دێتە گۆڕێ، کە ئەوەیە کە فێمینیزم چیە؟ و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا هەیە کە لەسەرەتادا باسمان کردن؟

فێمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکرییە و بەربڵاوترین مانای ئەو بزووتنەوە، لەهەوڵی بردنە سەرێی جێگە و پێگەی ژنان وەک گرووپێک لە کۆمەڵ دایە، یان بزوتنەوەیەکە کە هەوڵ دەدا ژنان لە بەرامبەر قانوون و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکسان بن.

لێرەدا لە فێمینیزم وەک هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری چاوەڕوان دەکرێ بارودۆخ و وەزعی خراپی ژنان دیاری بکا، هۆکارەکانی ئەو وەزعە دەستنیشان بکا و وێنەیەکی دڵخواز بۆ دیتنەوەی جێگا و بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا بکێشێ و بۆ گەیشتنی ژنان بەو ئامانج و هەدەفانە پرۆژەیەک لە دەستووری کاری خۆیدا دابنێ تا ژنان لەدەوری کۆ ببنەوە.

مەسەلەیەکی گرینگ لێرەدا ئەوەیە تا لە فێمنینیزم ورد دەبینەوە و لە پێناسەی گشتیی فێمینیزم دوور دەکەوینەوە و بۆ لای پێناسەیەکی وردتر حەرەکەت دەکەین، دەبینین کە ئێمە لەگەڵ یەک جۆر فێمینیزم بەرەوڕوو نین. بەسەرهاتی بزووتنەوەی ژنان لەوکاتەوە کە زاراوەی فێمینیزم هاتۆتە گۆڕێ، زیاتر لە سەدەیەکی لێ ڕا دەبرێ. لەو ماوەیەدا بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز لە بارەی بێدەسەڵاتی و ژێردەستەبوونی ژنانەوە هاتۆتە ئاراوە و لقی جۆراوجۆر لە فێمینیزم جیا بوونەوە.

لە بۆچوونە فیمینیستییەکاندا زۆرجار ڕیشەی بێدەسەڵاتیی ژنان لە جیاوازیی فیزیۆلۆژیک و سوڵتە و ویستی پیاواندا دەدۆزنەوە(٣) (ڕادیکاڵ). زۆر جار فێمینیزم وەک خەبات بۆ مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاواندا هاتۆتە گۆڕێ (فێمینیزمی ڕادیکال). یا ژنان و پیاوان دەبێ ئەرکی جیاوازیان پێ بسپێردرێ، پێیان وایە ژن بە پێی سروشتی خۆی ناتوانێ کاری پیاوان بکا (محافظە کارەکان). ئەو فێمینیزمەی کە بە شێوەیەکی مودێرن لە ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینییەوە لە وڵاتانی ئورووپایی سەری هەڵ داوە، بە ڕەدکردنەوەی تیئۆرییە مارکسیستییەکان، تێ دەکۆشێ ڕێگا چارەیەکی دیکە بۆ ئازادیی ژنان بدۆزێتەوە، هەوڵ دەدا هاوکات، بۆ لە نێو بردنی ستەمی چینایەتی و جینسی خەبات بکەن(٤) (سۆسیال فێمینیستەکان).

ژنان لەگەڵ کەموکووڕیی زۆر بەرەوڕوون، بەڵام ئەم کەموکووڕییانە بە قانوونی سروشت نازانن، بەڵکوو لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەم تایبەتمەندییانە وەرگیراون و ئاکامی هەلومەرجی ژیانی ئەوانە. ئەگەر هەلومەرج ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، کەموکووڕییەکانیش ڕیشەکێش دەکرێن، کەواتە، پێویستە ژنان توانایی زەینیی خۆیان فراوانتر بکەن، ئەویش تەنیا لە ڕێگای ڕوونکردنەوە بە هۆی عیلم و زانستە(٥).

سەرەتاییترین بۆچوونی فێمینیستی لە بەرهەمەکانی ژنانی ئورووپایی بە تایبەتی فەڕانسە و ئینگلستان لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ی زایینیدا دەبیندرێ کە دەورانی «ڕێنێسانس»ە. لەو دەورەیەدا ژنان بە هۆی بەشدارنەبوونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە هونەر و ئەدەبیات دەدوان و دەرد و ئازار و بۆچوونەکانیان لە وێنەکێشان و نووسینەکانیاندا ڕەنگی دەداوە. دیارە ئەوەش هەموو ژنێکی ئاسایی نەیدەتوانی بەم شێوەیە ئازارەکانی دەربڕێ، بەڵکوو ئەوە زیاتر لە نێو ژنانی ئەشراف و چینی خاوەن دەسەڵاتدا باو بوو.

ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییەکانی کۆتایی ساڵی ١٧٠٠ی زایینی بوو بە هۆی ئەوەی ژنان جووڵەیەک بە خۆیان بدەن. شۆڕشی سەنعەتی تاڕادەیەک دەستپێکێک بوو بۆ تێکڕووخاندنی بەستراوەیی ئابووریی بنەماڵەیی و چوونی ژنان بۆ بازاڕی کار.

دیارە هەر لە سەرەتاوە بورژوازی وەک چینی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە سەر بناخەی فیکریی «ئیرادەی ئیلاهی» پێک هات و چوارچێوەی بنەماڵەی بە شوێنێکی «موقەددەس» دانا کە بە هیچ جۆر نابێ شوێنەواری خراپی لە سەر دابنرێ. «بالزاک» نووسەری ناسراوی فەڕانسەوی دەڵێ: «لە چارەنووسی ژندا تاقە شانازییەک کە ژن هەیەتی، وەلێدان خستنی دڵی پیاوە. ژن ملکێکە کە مرۆڤ بە پێی ڕێکەوتن وەدەستی دێنێ و جۆرە داراییەکی ڕەوایە. سەرەنجام باشترە بڵێین ژن بەستراوە بە پیاو(٦).

ژنی خاوەن مێرد دیلێکە کە پێویستە بزانرێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. پێویستە لە هەر هەلومەرجێکدا پیاو خۆی لەسەر ڕێگەی ژن بکێشێتەوە و جێگای خۆی بدا بەو. لە جیاتی ئەوەی وەک کۆمۆنە سەرەتاییەکان کاری قورس بە ژنان بسپێرین، پێویستە کاری سووکیان پێ بدەین. ئەو بۆچوونەی بالزاک تا ماوەیەکی زۆر جێی خۆی کردەوە، کۆمەڵی تازە پێکهاتووی سەنعەتی، ئازادیی ژنانی لەوەدا دەبینێ کە لەو چوارچێوەیەی کە ژن بۆی دیاری دەکری، نەچێتە دەر.

بەپەرەگرتنی عیلم و زانست، بۆچوونی بۆرژوازیش کە تێکەڵاوێک لە مەزهەب و فەلسەفە بوو، جێگای خۆی دا بە

پەرەگرتنی بۆچوونە زانستییەکان کە بە هۆی «داروین»ەوە هاتنە ئاراوە. داروین دەڵێ: زانستی کۆمەڵایەتی و زیندەوەرزانی ئیدی باوەڕی بەو بۆچوونە کۆنانەی ڕابردوو نیە کە پێی وایە ژن شتێکی تایبەتییە و لەگەڵ پیاو جیاوازیی هەیە. ئەم زانستە تایبەتمەندییەکانی وەک دژکردەوەیەک لە بەرامبەر وەزعێکدا چاو لێ دەکا، کەوابوو ژنیش شتێکە کە قەت بوونی نەبووە.

لە دەورانی شۆڕشی سەنعەتیدا هێزی کاری ژنان زیندوو بووە، بەجۆرێک کە لە کۆتاییەکانی ساڵەکانی ١٧٠٠ی زایینیدا کرێکارانی ژن زیاتر لە ژمارەی کرێکارانی پیاو لە کارگە و کارخانەکانی ڕستن و چنین بووە. بەڵام حەقدەستی ژنان نیوەی حەق دەستی پیاوان بووە یان زۆر لەوەش کەمتر یا هەر بژیوێکی کەم بووە بۆ ژنان.

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ژنان و منداڵان لە کارگە سەنعەتییەکان و کارخانەکاندا ڕەنج و کوێرەوەریی لە ڕادەبەدەر بچێژن و لە ژێر ستەم و چەوساوەییدا بن.

لێرەدا کار و چالاکیی زۆری ژنان، بۆ بەرامبەر بوون لەگەڵ پیاوان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئەو کارەی کە دەیانکرد، حەقدەستی وەک پیاوانیان وەرنەدەگرت، ئەوەش بۆخۆی بواری ڕەخساند کە ژنان بکەونە بیری خۆڕێکخستن و لە دژی ئەو ناعەداڵەتییانە بەربەرەکانێ بکەن.

بە گەشەکردنی سەنعەت لە کارخانەکاندا و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ، گیروگرفت و کێشەی تازە هاتنە ئاراوە، تێکنۆلۆژیی تازە بایەخی کارکردن لە ماڵەوەی کەم کردەوە و مەسئوولییەت و پێویستیی پاراستن و ڕاهێنانی منداڵان و هەروەها ئاگاداری کردن لە نەخۆش و پیر و پەک کەوتەکانیان بە عۆدەی کۆمەڵگە سپارد.(٧)

هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی کار لە ماڵەوە کەمتر دەبۆوە. »لێرەدا ژنانی سەڵتە لەکۆمەڵدا بەهێندێک لە ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی گەیشتن، بەڵام ژنانی خێزاندار لەو ئیمتیازاتە بێبەش بوون. بەم جۆرە پەرەگرتنی زانست و سەنعەت بوون بە هۆی ئەوە کە لە زۆربەی وڵاتە ئورووپاییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە درێژایی ساڵانی ١٧٠٠ و ١٨٠٠ی زایینی، گەلێک نووسەر بیر و باوەڕی خۆیان لە بارەی مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان دەرببڕن.

لە ساڵەکانی ١٨٣٠ تا ١٨٨٤ داخوازەکانی ژنان لە دەستووری کاردا دانران و بۆ یەکەمجار ژنان لە ڕێکخراوێکی ئۆرگانیزەکراودا لە یەکێک لە ئەیالەتەکانی ئەمریکادا دەبنە خاوەن ئۆرگان(٨). ژنان لە ئەمریکا مافی دەنگدان وەدەست

دێنن. لە درێژەی ئەو جموجۆڵانەدا ڕۆژی ٨ی مارسی ١٩٠٨ی زایینی ژنانی کرێکاری کارخانەی چنین و ڕستنی «نیۆیۆرک» بۆ مافی بەرامبەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان دەست دەکەن بە بەربەرەکانێ و لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنان، پێشنیار دەکرێ ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی ژن دیاری بکرێ. بەمجۆرە ئەم جموجۆڵە دەبێتە ئولگوویەک بۆ خەبات و بەربەرەکانێی ژنان لە ئورووپاش و ڕێکخراوی ڕێکوپێک و سازماندراو لە وڵاتانی ئینگلیس، ئاڵمان و فەڕانسە پێک دێن. لەو وڵاتانەدا ژنان داوا دەکەن کە دەبێ ژن پێ بنێتە زانستگەکان و بۆ خوێندنی باڵا ڕێگای پێ بدرێ. یەکەم ژن لە وڵاتی «نوڕوێژ» دەچێتە زانکۆ.

بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، ژنان لە کارگە سەنعەتی و پیشەییەکاندا دەردەکرێن و تەنیا پیاوان خەریکی کار بوون. بەڵام بە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی، کارگە و کارخانەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە بە ڕووی ژناندا دەکرێنەوە و ئەو دروشمە بێ نێوەرۆکانەی کە باو بوون گوایە ژن توانای کارکردنی نیە و ژن لە عۆدەی کارەکان نایە، وەلا نران. پاش تەواو بوونی شەڕ و ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و گەڕانەوەی پیاوان لە بەرەکانی شەڕ، دیسان ژنان لەسەر کارەکانیان وەلانرانەوە و بە زۆری ڕوویان کردە کارە نزم و کەم بایەخەکان کە جێگای پەسندیان نەبوون. لەو کات و سەردەمانەدا گەلێک زانا و نووسەر لە سەر ژنان و ئەو ستەمانەی پێیان ڕەوا دەبینران، شتیان نووسی. یەکێک لەو زانایانە، «سەن سیمۆن» بوو کە ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە توێژی ژن دەربڕی. ناوبراو دەڵێ: «نابێ لە جیهاندا دیلی و یەخسیری بمێنێ. دیل کرێکار بێ، ڕەش بێ، سوور بێ یا دیل ژن بێ و... فەرق ناکا(٩). «سەن سیمۆن» پێی وابوو ژنیش وەک پیاو بەشیک لەو گیانلەبەرانەیە کە پێی دەڵێن «مرۆڤ».

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر، بە هۆی هەڵبژێرانی ژنێک لە وڵاتێکی گەورەی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو بە وەزیری کاروباری ژنان بە ناوی «الکساندرا کولنتای»، بزووتنەوەی فێمینیستی لە ئورووپا تەکانێکی گەورەی بۆ خۆی دا و لە مەیدانێکی بەرینتردا خۆی نواند. بە سەرهەڵدانی مەکتەبی «مارکسیزم» و بە تایبەت دامەزرانی سوسیالیزم لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا، کێشەی ژنان لە ئورووپا دەکەوێتە چوارچێوەیەکی نوێترەوە.(١٠) «مارکس» و» ئینگێڵس» لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، دەریان بڕیوە کە چارەنووسی ژن بەستراوەتەوە بە مێژووی مالکییەتی خسووسی. ئینگێلس دەنووسێ: «ژن ناتوانێ ڕزگار بێ، مەگەر ئەوە کە لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ و بەشیکی کەم لە کاتی خۆی بۆ کاری نێوماڵ تەرخان بکا.»

دیارە ئەوەش نەدەکرا، مەگەر ڕەوتی سەنعەتی و یان پیشەیی بوون پەرە بگرێ و سەنعەت و پیشەی گەورە دابمەزرێن. دیارە مەکتەبی «مارکسیزم» لەگەڵ ئەوەی تیئۆری بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و بەشدارییان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و

ئابووریدا دادەتاشێ، بەڵام باوەڕی بە فێمینیزم بەو مانایە کە ژنان بۆ خۆیان و لە ڕێگەی خۆیانەوە بۆ مافە تایبەتییەکانیان هەوڵ بدەن، نیە.

مارکسیستەکان پێیان وابوو کە »ئازادیی ژن لەگەڵ ئازادیی کرێکار پێوەندییەکی نەپساوەی هەیە و هەر بۆیەش ژنان و پیاوانی کرێکار پێویستە بۆ یەک مەبەست تێ بکۆشن.»

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی سەنعەت، خاوەن کارخانەکان بەو هۆیە کە مووچەیەکی کەمتریان دەدا بە ژنان، زیاتر لە هێزی ئەوان کەڵکیان وەردەگرت. ئەوەش لە نێو پیاوانی کرێکاردا نارەزایەتیی پێک هێنابوو و بووە هۆی ئەوە کە تەنانەت کرێکارانی ژن و پیاویش نەتوانن هاودەنگ بن. لەم دەورەیەدا ژن بە شێوەیەکی بەرین و وەحشەتناک لە بواری کاردا بچەوسێتەوە و ناچار بێ ڕۆژانە ٢٠ کاتژمێر کار بکا و هێشتا نەیدەتوانی دیفاع لە خۆی بکا و تەنانەت دەزگا قانوونییە نێودەوڵەتییەکانیش دیفاعیان لێ نەدەکرد. (١١)

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە هۆی خەباتی بەرینی ژنان لە وڵاتانی ئورووپاییدا، ئەوان بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتن. دیارە لەو ساڵانەدا سەرەڕای ئەو خەباتەی ژنان و وێڕای ئەوەی هێندێک مەیدان بۆ ئەوان ئاوەڵا دەبێ، بەو حاڵەش هێشتا خۆ لە کاری سیاسی نادەن و پیاوان هەروا دەسەڵاتداری بێ هاوتان، لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هی دیکەدا. لە ڕاستیدا ژنان لەو دەورەدا زیاتر چاوەڕوانن پیاوان بۆ خۆیان مافەکانیان بۆ بە دیاری بێنن، بێ ئەوە کە بە خەباتێکی هەمە لایەنە وەدەستی بێنن. «سیمۆن دوبوار» لەو بارەوە دەڵێ: «ژنان لە درێژایی مێژوودا قەت هیچیان وەدەست نەهێناوە. ئەوان هەمیشە بە شتێک گەیشتوون کە پیاوان پێیان خۆش بووە لەدەستی بدەن(١٢).

## پەراوێزەکان:


١) کتێبی «از جنبش تا نظریه اجتماعی: تاریخ دو قرن فمنیسم حمیرا مشیرزاده (مقدمه)
٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو
٣) نظریات فمینیست ڕادیکال - شولامیت فایرستون
٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو
٥) کتێبی فیلسووفەکانی فەڕانسەوی، وەرگێڕ: اسماعیل کمانی
٦) کتێبی «فیزیولوژی ازدواج - بالزاک

٧) گۆڤاری «آوای زن» ژماره ٣

٨) گۆڤاری «نیمه دیگر»، ژماره ١٠

٩) گۆڤاری «تیشک» ژماره ٣

١٠) کتێبی «فمنیسم» ، نووسەر: «مریلن فرێنچ»، وەرگێڕانی بۆ فارسی «سارا محمودی»

١١) قانوونی کار نووسینی « مهرانگیز کار»

١٢) کتێبی «جنس دوم» نووسینی «سیمۆن دۆبوار»، وەرگێڕانی بۆ فارسی: «نیره وحیدزاده»

له ژمارەی ٧٢٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٨

# تێڕوانینی یاسا و شەریعەت بۆ فێمینیزم



خەدیجە مەعزووری

ئەو وڵاتانەی کە داخراون و بە پەرەگرتوویی فەرهەنگی نەگەیشتوون، زۆر لە مانا کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایان نەناسراون و ئێستاش وەک جنێو و ناو و ناتۆرە بەکار دەبرێن. لە بارەی فێمینیزمیشەوە هەر ئەو تێگەیشتنە هەیە و زۆر لە پیاوان تەنانەت ئەو پیاوانەی کە لە رۆژئاوا ژیاون، لەگەڵ فێمینیزم ئاشنا نین، لە ڕاستیدا هەڵسووکەوتی نەرێنییان لەگەڵیدا هەیە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە نازانن فێمینیزم چیە و هەموو لق و پۆپەکانی فێمینیزم تێکەڵ دەکەن و لێکیان جیا ناکەنەوە. ئەو وڵاتانەش کە دێموکراسییان تێدا حاکمە، لەو وڵاتانەدا فێمینیزم چۆتە نێو سیاسەت و ئابووری و کولتوور و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە شێوەیەکی گشتی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە، لەگەڵ میساقەکانی مافی مرۆڤدا جیاوازییان زۆرکەمە و هەموو هاووڵاتیان بە ژن و پیاو بەهەر ڕەنگ و ڕەگەزە و ئایینێکەوە بەرامبەر بە قانوون وەک یەک و یەکسانن. قانوون لەو وڵاتانەدا وا لەبەرچاودەگیرێ و وا دادەڕێژرێ کە هاونیشتمانانی ژن و پیاو یەکسانی و بەرامبەری لەنێوان خۆیاندا بە تەواوی هەست پێبکەن. فێمینیزم بە مانای بەرامبەریی مافی ژن و پیاو و دیتنەوەی جێگای واقیعیی ژن لە کۆمەڵگەدایە، ستەم بە ژن ڕەوادیتن وەک پێشێلکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ چاوی لێ دەکرێ.

قانوونی ئێران و زۆر لە وڵاتانی دەوروبەرمان زیاتر لە سەر ئەساسی شەریعەتی ئیسلامی دانراوە، بەڵام ئایا ئەو مافانەی کە بۆ مرۆڤ لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون، لە شەریعەتی ئیسلامیشدا بێ زیاد و کەم وەبەرچاوگیراوە؟

دیاره شەریعەتی ئیسلام بە گشتی باس لە مساوات لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکا و باس لە تەبایی و تەفاهوم و تەوافوق دەکا، بەڵام ژنان لە سەر هێندێک مەسەلە ڕەخنە لە شەریعەتی ئیسلام دەگرن، کە دیاره ئەم ڕەخنانە لە لایەن زانا دینییەکانەوە پاساو دەدرێنەوە و دەبینین زۆر لە مافەکانی ژنان لەگەڵ شەریعەتدا دەکەونە ناتەبایی.

چەند نموونەیەک ئاماژە پێدەکەین کە سەدان ساڵە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕەچاو دەکرێ، وەک: بەشە میراتی نێرینە دوو ئەوەندەی بەشە میراتی مێینەیە، تەڵاق کە لابردنی کۆتی هاوسەرییە بە لەقاندنی (خستنی) لە لایەن مێردەوە، خوێنبایی ژن نیوەی خوێنبایی پیاوە، دوو ژن بە شاهیدێک حیساب دەکرێن، فرەژنی بۆ پیاو ڕەوایە و... کە ئەوانە لەگەڵ فێمینیزم لە ناتەبایی دان. بۆیە زاراوەی فێمینیزمی ئیسلامی کە لە نێو ئەدەبیاتی فێمینیستیدا هاتۆتە ئاراوە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر مەبەست لە فێمینیزمی ئیسلامی ئەوەیە کە چونکە ژنانی ئێمە موسوڵمانن، دەبێ جۆرێکی تایبەتی لە فێمینیزم و بەرامبەری و یەکسانی بۆ خۆیان وەبەرچاوبگرن، ئەوە بابەتێکی بێ سەمەرە. لەبەر ئەوە ژنانی یەهوودی و بوودایی و مەسیحیش دەڵێن ئێمە یەهوودی یان بوودایی و مەسیحین و دەبێ فێمینیزممان بە شێوەی خۆمان هەبێ و دەمانهەوێ بە جۆرێکی دیکە بژین.

ئارمانەکانی فێمینیزم (فێمینیزمی ڕادیکاڵ) لەگەڵ مەزهەب و ئیسلام لە ناتەبایی دایە، بەڵام «نەوال سەعداوی» فێمینیستی ناسراوی میسری لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئاڵوگۆڕە چاکسازییەکان لە مەراجیعی ئیسلامیدا دەتوانێ لە خزمەت سوود گەیاندن بە ژنان کەڵکی لێ وەربگیرێ. ستەمی سێ قات لە سەر ژنانی عەرەب هەیە (میللی، چینایەتی و جینسی) هۆی سەرەکیی بوونی ئەم ستەمانە، ئیسلام نیە، بەڵکوو پیاوسالارییە کە لە ڕادەی جیهانی و نەتەوەییدا هەیە و ئەوانە هۆی سەرەکین. لە مێژوودا تەفسیری جۆراوجۆر لە مەراجیعی جۆراوجۆری ئیسلامی لەسەر ژن هاتووە. لە حاڵێکدا نابێ تەفسیری جۆراوجۆر لە ژن بکرێ، لە یاسادا ژن دەبێ وەک مرۆڤ سەیری بکرێ و جێگای شیاوی خۆی بۆ دابنرێ و مادده قانوونییەکان دەبێ داکۆکی لە ژن بکەن، ئەوەش کاتێک دەکرێ کە مادده قانوونییەکانی «یاسای بنەڕەتی» لەگەڵ ماددەکانی مافەکانی مرۆڤدا ناتەبا نەبن.

## فێمینیزم لە یاسادا

بە گشتی ژنانی چالاک لە بواری کێشەی ژندا، هەمیشە هەوڵیان داوە کە بە حقووق و ئیمتیازاتێک بگەن کە پیاوانیش لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە لێی سوودمەند دەبن، هەروەها ژن دەبێ جیاواز نەبی لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە کۆمەڵگەدا؛ بەڵام بە داخەوە قانوون و شەریعەت لە زۆر بواری وەک میرات و تەڵاق و شایەتیداندا

پشتیوانی لە پیاو دەکا.

ژنانی فێمینیست لە وڵاتانی دواکەوتوو بە تایبەتی لە کوردستاندا، ژنانی ڕۆژهەڵات دوای شۆرشی ١٣٥٧ هەموو هەوڵیان ئەوە بوو قانوون حیمایەتیان بکا و ئیزن نەدرێ کەسایەتیی حقووقیی ژن ژێرپێ بخرێ و بە تایبەت دوای شووکردن نەفی بکرێ و بچنە سەر کەسایەتیی پیاوەکانیان. ڕاستە ژن بە ژیانی هاوبەش پێکهێنان تێکەڵ بە پیاو دەبێ و یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام ژن نابێ لە بازاڕی کاردا سەربەستیی خۆی لەدەست بدا و دەبێ لێرەدا قانوون جێگای شیاوی خۆی بداتێ و تەحقیری نەکا و ژن بتوانێ سەربەست بێ بۆ کارکردن و بڕیاردان لەماڵەوە و لە کۆمەڵگەدا.

قانوون دیاردەیەکە کە قابیلی ئاڵوگۆڕە و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە قانووندا ئاسانترە تا گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. ژنان خوازیاری چاکسازی لە زۆر لە بوارەکانی یاسا دان. ئەوان داوا دەکەن یاسا پشتیوانییان لێبکا لە مافی تەڵاق وەرگرتن، قانوون حەقی «حضانت» بدا بە ژن، نابەرامبەری لە کاردا نەبێ لە نێوان ژن و پیاودا ژن وەک جینسی دووهەم و زەعیف و دەستەوەستان چاوی لێنەکرێ، مافی خۆهەڵبژێران و هەڵبژاردنی هەبێ.

ئەگەر قانوون پشتی ژن بگرێ و وەک ئینسانێک و لە کۆمەڵدا و لە هەموو بوارەکاندا بیسەپێنێ و وەبەرچاونەگرانی سزابدا، وردەوردە ئەم قانوونانە دەبنە عادەت و خەڵک بە ئەرکی دەزانن وەبەرچاویان دەگرن، دیارە ئەوە دەمودەست ناکرێ و زەمانی دەوێ، بەڵام قانوون دەتوانێ کاریگەری تەواوی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ، چونکە مرۆڤ لە سەریەتی قانوون بەڕێوە ببا و وەبەرچاوی بگرێ.

## دەرئەنجام:

فێمینیزم وەک دیفاع لە مافەکانی ژن ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرتووی دونیای ئەمڕۆیە، کە نە دەتوانین لە چوارچێوەی جوغرافیایی، فەرهەنگی و سیاسیی تایبەتیدا بەرتەسکی بکەینەوە و نە دەشتوانین وەبەرچاوی نەگرین و باسی لێ نەکەین.

بزووتنەوەی فێمینیزم لە سەرانسەری جیهاندا، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەی نوێ هاتۆتە گۆڕێ. ئێستا زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتان و ڕێکخراوە چەپەکان بە تایبەت هێندێک لە حیزبە سەرەکییەکان بوونی فێمینیزمیان قبووڵ کردوە و ئەم بزووتنەوەیان وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ کە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژن هەوڵ دەدا، بەڕەسمی ناسیوە و دانیان پێداناوە.

بزووتنەوەی فێمینیزم کەس نیە نەیناسێ و قسەی خۆی لە سەر نەبێ. بزووتنەوەیەکی گەورەیە و بە ئاشکرا و ڕاشکاوی مەسەلەکانی ژنان دێنێتە گۆڕێ و هەموو قارەکانی جیهانی گرتۆتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە لە نێو چەپدا لە دایک بووە و لە وڵاتانی سەنعەتی و پێشکەوتووی ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە و ئێستا بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەمیشی گرتۆتەوە. بەڵام لە کوردستاندا ئەگەر پێشتر نەناسراو بوو، ئێستا بەو جۆرەی کە هەیە، ناسراوە، بەڵام مخابن لێرە  و لەوێ بە پێچەوانە لێک دراوەتەوە و تەنانەت بێ ئەوەی بزانین فێمینیزم چیە، مانا و واتاکەی بە هەڵە کوتراوە و زیاتر بە واتای ژنسالاری لێک دراوەتەوە تا بەم شێوەیە  پیاوان هان بدەن پێشی پێ بگرن و لە بەرامبەریدا ڕاوەستن و دژکردەوە نیشان بدەن و تەنانەت ناو و ناتۆرەی غەڵەتی بەسەردا ببڕن. هەڵبەت لەم باسەدا ئیشارە بەوە کراوە کە هەر گرووپێک لە فێمینیستەکان دیفاع لە کێشەیەک دەکەن کە مرۆڤ دەگرێتەوە، جا دیارە بەشێک لەو فێمینیستانە زۆر توندڕەوی دەکەن یا ئەو کێشەیەی کە بەشێکیان دیفاعی لێ دەکەن، ڕەنگە لای ئەوان ڕەوا بێ، بەڵام بۆ منی شەرقی و بەتایبەتی کورد، سەیر بێ. ڕادیکاڵ فیمینیستەکان دەڵێن بۆیە پیاو دەسەڵاتی بەسەر ژندا هەیە چونکە ژن منداڵی دەبێ، ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە لەوەدا دەدۆزنەوە کە دەوڵەتەکان دەبێ لە فکری لوولەی ئازمایشگا بکەونەوە و منداڵ لەو لولانەدا  پێ بگەیەنن، هەر بۆیە من دیفاع لە فێمینیزمێک دەکەمەوە کە دروویەک لە قالبی ژنی چەوساوەی کورد دەربێنێ، نە ئەوەی بۆخۆی ببێتە کۆسپ لە بەردەم کێشەکاندا. پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک لە ڕووناکبیرانی ژن و پیاو، چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی کوردستان، زۆر هەنگاوی بەکەڵکیان هەڵ هێناوەتەوە بۆ ئەوەی فێمینیزم هەڵسەنگێنن و بەوجۆرەی کە هەیە و کار و چالاکی دەنوێنێ، پێناسەی بکەن. بەڵام لەوجۆرە کەسانەش هەبوون بێئەوەی بچنە قووڵایی فێمینیزمەوە، لە دژی ڕاوەستاون و بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەریان نووسیوە و ڕوومایەکی دزێو و نائینسانییان داوەتە  پاڵ ئەم دیاردەیە.

فێمینیزم لە وڵاتانی دواکەتوودا بەوجۆرەی ویستوویانە، لێکیان داوەتەوە و مانایان کردۆتەوە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆڕی حاکمە و یان مەزهەب قسەی یەکەم دەکا. بە بڕوای من فێمینیزم دیاردەیەکی ترسناک نییە کە خەڵکی پێ بترسێنن، یا دیاردەیەکی سەیر و دزێویش نیە کە کۆمەڵ نەتوانێ تەحەمولی بکا. ئێمە ئەو لایەنانە وەبەرچاو دەگرین و پەرەی پێدەدەین کە خزمەت بە ژن و بە کێشەی ژن بکا یا لە خزمەت سەرجەم مرۆڤدا بێ و بۆ ئاسایش و تەبایی و مساوات لە کۆمەڵگە و بنەماڵەدا هەوڵ بدا.

لە ژمارەی ٧٣٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨

# جیاوازی، یان ڕێژە بۆ فێمینیستەکان



**شەهلا ساڵح**

ماستەر لە زانستە سیاسییەکان دەربارەی فێمینیزم

فێمینیستەکان بە شێوەیەکی گشتی، کۆکن لەسەر ئەوەی جیاوازیی ڕەگەزی بریتییە لە جیاوازییە بایەلۆژییەکان، بەڵام ئەگەر وردتر لە بابەتەکە بڕوانین، دەبینین ڕەوتەکانی فێمینیزم هەر یەکەیان مانایەکی تریش دەدەنە پاڵ ئەم ناساندنە، کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکانی ئەوان دێتەوە، لەوانە جیاوازی تەنیا سروشتی نییە بەڵکوو کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فەرهەنگییشە و، جیاوازیی ڕەگەزی بە مانای جیاوازیی ڕەهای ژن و پیاو نایەت بەڵکوو جیاوازیی هەر دوو ڕەگەزە لەسەر بنەمای یەکساننەبوونیان لە هەندێ بابەتدا.

کارکردنی فێمینیستەکان لەسەر ئەم بابەتە، لەگەڵ دوو بابەتی تردا ڕووبەڕوومان دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لەوەی ئایا فێمینیستەکان لە کار و چالاکی و هزرەکانیاندا، کار بە کام لەم پێوەرانە دەکەن؟

* زیادکردنی ڕێژەی ژنان لەو ناوەندانەی کە پێیان وایە ئامادەییان تێدا نییە و ژمارەیەکی کەمی ژنی لێیە، بەبێ گوێدانە خواست و ویستی گشتیی ژنان سەبارەت بەوەی کە حەزی بەشدارییان لەو بوارانەدا هەبێت.

* کارکردن بە ئامانجی سوودوەرگرتن لە بەها و جیهانبینیی ژنانە و، خوێندنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان لە ڕوانگەیەکی

ژنانەوە. ئەمانە هێندەی گرینگی بەوە دەدەن لێهاتوویی و ئەزموون و ڕەفتاری ژنانە بخەنە گەڕ، هێندە گرینگی بە زیادکردنی ڕێژەی ژنان نادەن.

کەواتە لێرەدا ڕێژە بە واتای زەقکردنەوەی جیاوازییەکانە و ڕەهاکردنی ڕەگەزیەتی و، پێوەریش بۆ ئەمە ئەندازەی ئامادەیی ڕەگەزی ژنانە لە گشت بوارەکان؛ بە پێچەوانەی جیاوازی، کە پێوەریان بریتییە لە ژنانەییبوونی جیهان بەگشت بوونێکییەوە و پشتبەستن بە ژنییەتی لەسەر بنەمای گونجاوی و سروشتیانەوە. کارکردنی فێمینیستەکان بۆ ڕێژە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە چالاکوانان و فێمینیستەکان و هزرمەندان باوەڕیان وا بووە، ژن و پیاو دوو ڕەگەزی جیانەکراوەن و سەر بە هەمان گرووپی مرۆڤایەتین؛ کۆمەڵگە و ئایین و داب و نەریت و سیستەمی پیاوسالاری و سیستەمی سیاسی و چەندان هۆکاری تر دەستیان لە دروستکردنی ئەم جیاوازییانەدا هەیە. بۆیە ئەمانە پێیان وایە ژن و پیاو یەکسانن و، دەبێت ئەم یەکسانییەیش لە گشت بوارەکانی ماددی و مەعنەوی بەرجەستە بکرێت. ئەمە خواستی ڕێژەیە، نەک جیاوازی.

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی دەوروبەری سالانی (١٥٠٠)ی زایینیی لە فەڕەنسا، بە گەڕانەوە بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی Querelle Des Femme بە واتای پرسی ژن (The Woman Question) کە لە شێوەی زنجیرە گفتوگۆیەکی کراوە بوو، سەبارەت بە باسکردنی سروشت و دۆخی ژن و نیشاندانی وێنای ژن، بەتایبەت لە ئەدەبدا و، لە دەوری باسکردنی پەروەردە و هەڵسوکەوتی ڕەوشتی ژن دەسووڕایەوە؛ زۆربەی گفتوگۆکانیش لەسەر بنەمای شیکردنەوەکانی ئینجیلەوە بوو. لەوانە جێین ئەنگەر (Jane Anger)، لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی ئایینییانەوە، ژنانی بە سەرووتر لە پیاوان بینیوە؛ بە حوکمی ئەوەی خوا "ئادەم"ی لە قوڕ و، "حەوا"یشی لە گۆشت یان ئادەمەوە دروست کردووە. لێرەدا لە شەپۆلی یەکەم، پێداگیری لەسەر جیاوازی کراوە و، فێمینیستەکان لە ڕێگەی نیشاندانی جیاوازیی هەر دوو ڕەگەز، ویستوویانە بێنەوە بۆ مەیدان و، گرینگی و ڕۆڵی خۆیان بەدەست بهێننەوە. بە واتای ئەوەی فێمینیستەکانی شەپۆلی یەکەم، بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجیان تەنیا ئەوە نەبووە لە گشت بوارێکدا وەکیەکیی ژن و پیاو لە ڕووی ئامادەییبیانەوە هەمان ڕێژە بوونی هەبێت، بەڵکوو سەرەتا دەیانویست بەهای ژنان و گرینگییان نیشان بدەن و، خواستی بەشداری لە پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوورییەکان و مافی ژنان داواکاریی سەرەکییان بوو.

لە کاتێکدا لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بە هۆی دروستبوونی ڕەوتە ڕادیکاڵییەکان، فێمینیستەکان پێداگیرییان لەسەر ڕێژە کرد. بەو مانایەی کە دەبێت ڕێژەی بەشداریی ژن و پیاوان وەک یەک بێت و، پشکی ئەوان لە گشت بوارەکان وەک یەکی لێ بکرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێوەری شیاوی و گونجاوی بۆ دۆخ و سروشتی ژن. هەروەک لە زۆربەی وڵاتەکاندا

لە بواری سەربازی بە شێوەیەکی یەکسان دەرفەت بە ژن و پیاو دراوە، بەڵام بە هۆی بوونی ماڵ و منداڵ و سروشتی لاشەیان، زۆرینەی ژنان نەیانتوانیوە بە پۆست و پلە باڵاکانی سەربازی بگەن. لێرەدا ئەم دۆخە پشتی بە ڕێژە بەستووە، نەوەک جیاوازی.

لە سەردەمی پۆستمۆدێرندا بە هۆی میانڕەوتربوونی ڕەوتە فێمینیستییەکان و دروستبوونی فێمینیزمی ئیسلامی، فێمینیزمی پۆستمۆدێرن و...، جۆرێک لە گەڕانەوە بەرەو جیاوازی دەستی پێ کرد؛ بە واتای ئەوەی تیۆروانین و بیرکردنەوەکان چیتر بەو شێوەیە ڕەها نین کە پێیان وایە بە هیچ شێوەیەک جیاوازیی سروشتی کاریگەریی لەسەر جیاکاریی ڕەگەزی نییە، تا بە هۆیەوە داوای یەکسانیی تەواوەتی بۆ هەر دوو ڕەگەز بکەن، بەڵکوو لە ڕێگەی سروشتی ئافراندن و هەڵکەوتەی جوگرافی و کەلتووری و ئایینییەوە ئەم یەکسانییە دابڕێژرێت و، تا ڕاددەیەک ڕێژەی وجوود و ئامادەییی ژنان لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییانەوە بێت. بەو مانایەی ئەرک و مافەکانی ژن و پیاو لەسەر بنەمای گونجاوییان بێت. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین لەناو شەپۆلی سێیەمدا ژنێک دەتوانێت هەم فێمینیست بێت و هەمیش کاری ماڵەوە و ئاژەڵداری بکات و منداڵ بەخێو بکات، لە هەمان کاتیشدا ژنێکی گوێڕایەڵ و هاوکار بێت بۆ مێردەکەی و، مومارەسەی ئەو مافانەیش بکات کە ئەو دەکات بە تاکێکی سەربەخۆ و ئازاد لە زۆر بوارەوە، وەک: کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ، سەربەستبوون لە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەر، بواری خوێندن، بەشداریی سیاسی، دەربڕینی بیروباوەڕی کەسی و شێوازی پۆشینی جلوبەرگ.
نموونەیەکی ترمان هەیە کە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەیە، ئەویش ژنان لەگەڵ ئەوەی لەچک (ڕەفتە)یان لەسەرە و خۆیان دادەپۆشن، بەڵام فێمینیستیشن، وەک: مالالا یوسفزای پاکستانی.

لە هەرێمی کوردستان لە دوای نەوەدەکانەوە لەگەڵ گەشەسەندنی بابەتی فێمینیزم، جۆرێک لە سەرلێشێواوی بەم قۆناغەوە دیارە؛ ئەمەیش بە هۆی بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی بابەتەکەیە بە شێوەیەکی ناتیۆری و نازانستییەوە. وتار و گوفتارەکان تا ڕاددەیەک سەلمێندراو نین کە ئایا لە خزمەتی ژن و دواتر مرۆڤدایە، یان تەنیا خواست و تێگەیشتنی تاکەکانە؟ ئەوەندەی فێمینیزمی کوردی بەرەو ڕادیکاڵییەت دەبردرێت، ئەوەندە بەرەو میانڕەوکردنی نابردرێت بە ئاراستەی لێکجیاکردنەوەی هەر دوو ڕەگەز و تایبەتمەندکردنی؛ بە ڕاددەیەک کە خواستی خودپەرستی و تاکژیانی لەناو تاکەکان بڵاو دەکاتەوە.

لێرەدا زیاتر خواست لەسەر ڕێژەیە نەوەک جیاوازی. بە نموونە بەزۆر دەمانەوێت لە هەندێ بواردا بەشداری بە ژنان بکەین، کە لە بنەڕەتدا خۆی حەزی لێ نییە. لە ماڵەوە بە ناوی سەربەخۆییی ماددی و کارکردن، ژن دەهێندرێتەوە دەرەوە،

کەچی هیچ ئاسانکاری و هەڵبژاردەیەکی باشتری بۆ دابین نەکراوە کە دووبارە لە ماڵەوەیش خەریکی کارکردن نەبێت. ئەو ژنانەی یەک شیفت، یان دەم لە ڕۆژێکدا کار دەکەن پشووی زیاتریان هەیە و، تەندروستترن لەوانەی لە ڕۆژێکدا هەم ئیشی فەرمانگەکەیان و هەم ئیشی ماڵەکەیان دەکەن.

تەنانەت لەو کاتانەیش کە دەمانەوێت ڕێژەی ژن و پیاو وەک یەکی لێ بێت، بەبێ ئامادەنەکردن و کارئاسانینەکردن بۆیان، بۆ وێنە لە بواری سیاسی، چ لە پەرلەمان یان لە ئەنجومەن و لیژنەکان یاخود پۆست و پلەی بڕیاردەر و سلکی حکوومەت بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی خاوەنی بڕیار نەبن و ئامادەییەکی ڕاستەقینە و کاریگەریان نەبێت؛ ڕوخساری ئەوان ناشیرینتر دەبێت و نوێنەراتیکردنی ژنان بە ڕەنگ و دەنگێکی ژنانەوە نیشان نادات، کە دەبێت کار بکەن بۆ بەگەڕخستنی سروشتی ژنانە و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ژنانە نواندن بە ئامانجی سوودی زیاتر و تاقیکردنەوەی ڕێگەچارەیەکی جیاوازتر بۆ هەمووان.

کەواتە وا باشترە، فێمینیستە کوردەکان کار بۆ زیادکردنی ژمارەی ژنان لە هەر بوار و ناوەندێکدا نەکەن، ئەگەر هات و پێوەری جیاوازی لەبەرچاو نەگرن، چونکە هەم ڕێژە و هەم جیاوازی، دوو شتن تەواوکەری کامڵبوونی ئامادەیی و لێهاتوویی ژنانە لە گشت بوارەکاندا؛ وا دەکات خواست و کارکردن و تێڕوانینەکانی ژنان بۆ دیاردەکان بەگوێرەی سروشتی ئەوان بێت و هەوڵقووڵاوی ناخێکی ژنانە و داواکاریی ڕاستەقینە و چێژبەخش بێت بۆ ئەوان، نەوەک لاساییەکی کوێرانە کە بە ناوی ماف و ئازادییەوە دەرخواردی تاک دەدرێت و ئامانجی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ژنانیش وەک ئەولەوییەتی سەرەکی، وەلاوە بنرێت. لە هەمان کاتیشدا، دەبێت ئامادەیی ژنان لە گشت بوارەکان جەوهەری بێت نەوەک ڕوخسارەکی. چەندان ژنمان هەیە، ئەو شێوە ئامادەکراوەی ژنانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی لە ڕووی ڕوخسار و دەرکەوتنەوە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە کە لێهاتوویی و کارزانی و بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفییە وەربگرێت و، خودی خۆی وەک کەسایەتییەکی ئاستبەرز پێ بگەیەنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٨

# چەمکی فیمینیزم لە رۆمانی جەین ئەیری (شارلۆت برۆنتی)دا



شوان کەمال

**هەڵبژاردنی نوسینێک لەسەر رۆمانێک تایبەت بە یەکسانی رەگەزی لە ئێستادا کاریگەریەکی زیهنی باشی دەبێت لەسەر هۆشیاری ژنان**

ئەمرۆپرسی ژنان ومافەکانی ژنان بۆتە هەرەگرنگترین پرسەکانی کۆمەڵگاکانی جیهان بەگشتی و وکۆمەڵگای کوردیش بە تایبەتی.بۆیە پێویستە لەروی ئەدەب، ویژەوانانیشەوەهەوڵبدرێت بۆ بنەبرکردنی کێشەو نارەحەتی ژنان، ئێستانزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەوبزوتنەوە فێمێنستییەی کەرۆژئاواخۆی بەسەرتەلی دەزانێت تێدەپەرێت کەچی سەرمایەداریش کە هەنوکە لینکێکی لە وولاتی خۆماندا دروست کردوە بەشێکە لە و پێشێلکاریەی کە بەرامبەرژنان دەکرێت.

ئەم رۆمانە دەقەکانی پەیوەند دارە بە ژنان وئەدەبیاتی فێمێنستی، ستەم وتوندوتیژی ونادادی پەروەریەی لە کۆندالە کۆمەڵگەکانی رۆژئاواو کلێسەکان بەرام بەربە ژنان کراوە پێ ئاشنادەکات. فێمێنیزم بابەتێکی وروژێنەرو دیارو شایەنی مشتومڕبوە لە ئێستا ولەرابردوە وە لە ناو رۆمانەکاندا بەنمونەی وەک وەک رۆمانی رقوکینە ی جەین ئەوستن و تەنانەت ماکبێسی ویلیام شەکسپیر هتد.

رۆمانی «جەین ئەیر»ی شارلۆت برۆنتی،رۆمانێکی ئاڵۆزە تەنانەت رۆمانێکی سایکۆلۆجی دادەنرێت، رۆمانێکی رەخنەئامێزی

پەروەردەیە بەڵام ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمانەکە دیدگاو دنیابینی فێمێنیسمەو پرسی سەرەکی ژنان لە کۆمەڵگای ڤیکتۆریاندا. جەین ئەیر کارەکتەرێکی سەرەکیە،کە دۆزەرەوەی قوڵی هەست وخۆشەویستی و کێشەکانی ژنانە. کاتێک لە ناو کۆمەڵگادا دەیەوێت ئاکتێک بنوێنێت هەنگاوەکانی خۆش بەختی و ناسنامە ئازادی بدۆزێتەوە لە بری بژاردەی شوکردن..تا ڕادەیەکیش بیرۆکە فێمێنستیە کەی بەرمەبنای سەبجێکتێکە لەسەر بونی سنورو جیاکاری چینایەتی ئابوری ورەگەزی.

«جەین ئەیرە» کەدەگەڕێت بۆدیدێکی قوڵ.کاتێک ژنێک ڕۆڵ وئاکت دەنوێنێت لە ناو گۆمەڵگادا بۆ دۆزینەوەی خۆی لە ناو سنورو چوارچێوەکانی(Victorian England) واتەزەمەنی فیکتۆری کە ماوەی فەرمان ڕەوای شاژنی ئینگلتەرا دەگرێتەوە. هەروەها بەدرێژای لەگەڵ بیرۆکەی فێمینیزم و کێشەکانی ژنانداگوزەردەکات.ئەمە نمونەیەکی گەورەیە بۆبەڵگەی ئەوەی کە پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکات کە ئاوازی جەین ئەیرلەڕاستیدائاوازپەسەندێکی زۆرفیمێنستیانەیە.

دواجاربو بەبیرۆکەیەکی باش کە فێمێنست چیە؟لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩دا بەهۆی پێشکەوتنە فیکری و ئابوریەکان بەتایبەت لیبرالیزم وشۆڕشی پیشەسازیەوە، هەلی کارلە ناوماڵەوەگواستەوە بۆ دەرەوەی ماڵەکان، دەرفەتێکی بچوک بۆ خانمان دروست بووبۆدۆزینەوەی کاری سەربەخۆو ئازاد بوون لەچوارچێوەی ماڵدا. بەڵام زۆرینەیان هەستێکی ناخۆشیان هەبووکاتێک هەوڵیاندابەژدارین لەهەمووچالاکی وکارەکانی بوارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا.بەهۆکاری نەبونی دەرفەتی پەروەردەی پێشکەوتوو بۆخانمان کە بتوانرێت خۆیان پەروەردەبکەن. بوەبەهۆی نامۆبونیان لەزۆربەی بوارەکانی ئیشکردن ئەمە وای دەکردکەبژاردەوچانسی کەمیان هەبێت لە ژیاندا بۆدەستکەوتنی کارلەوکاتەدا.

یان دەبوایە ببن بەکابانی ماڵ یان دەبوایە ببن بە دایەن وجل شۆر.لەگەڵ ئەوەشدا لە وکاتەدامامۆستای تایەبەت بۆمنداڵان باوی بووبەڵام ئەمە ش بۆچینە بەرزەکان بوو وەک کاری ڕۆشنبیری.لە چەرخی ڤیکتۆریان دایەنەکان بە چاوێکی کەمتر سەیردەکران لە چاوخزمەت کارەکان.هەرچەندە بۆجەین هاتنەدەرەوەیە لە ماڵ گرنگبووپاشان بون بەدایەن وادەردەکەویت کە تەنها ڕێڕەوێکی پەسەند بێت بۆجەین.

لە ڕێی کارەکتەری جەینەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە خانمانی چاخی ڤیکتۆریان دەتوانین وارەچاویان بکرێت وەک یەکەم گروپی پێشەنگ بۆشەڕکردن لە پێناویەکسانی وجیاوازی جێندەری، پێشڕەوایەتی خانمانیان دەکرد وە داوایان لە خانمان دەکردکە دوایان بکەون، هەرچەندە ئەم پێشکەوتنە لەوانە نیەشتێکی ڕون وئاشکرابێت بۆژنانی ئەو سەدەیە بەتەواوی کێشەکانیان چارەسەربکات بەڵام کاردانەوەیان هەیە لەسەریان.

فێمێنیزم لەم ڕۆمانەدا قسەیەکی دەست بەجێ وڕاست وئاشکرای ئەوکاتەنیە،جگەلەڕێ ڕەوێک لە ئەدەب هەروەک گەلێک ڕۆمان ی تر.چیرۆکەکان ورۆمانەکان سەرەتای مانایەکەلە پەیوەندی وگەیاندنی زانیاری وئایدیاکان لە و زەمەنەدا. بەبێ سیستمی پەیوەندی گشتی کتێبەکان هەڵگری زانیاری وئامۆژگاریەکی کەمن بۆتێپەڕاندنی سنورەکان وەهەڵگری خاکێک ی سروشتیە لەهەرکاتێکدا خەڵک گەشتی بۆ بکات بەڵام دواجار ئەم ڕۆمانە لەو زەمەنەدا کاردانەوەی باشی هەبوو بۆ وەڵامی داخوازیەکانی ژنان.

ئەگەر چی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوڕان کە جەین ئەیر ڕۆمانێکی فێمێنستیە،وهەندێکی دیش مشتومڕی ئەوەیان کردوە کە نوسەری ڕۆمانەکە «شارلۆت برۆنتی» تەنها مەبەست وئامانجی مشتومرکردن بوە لەسەرکۆمەڵگاوستراکچەری کۆمەڵگا لەو کاتەدا. خواستی فێمێنیست لەم ڕۆمانەدا وا دەبینن لەگەڕانەوە بۆخاڵی ئاماژەکانی جەین لە وەڵامدانەوەی پرۆپۆزەڵەکەی جەین بۆ کارەکتەری ڕۆجێستەرلە چاپتەری ٢٣ دا وەک یەکێک لە تێپەڕینی کۆسپەکانی پێشو ،وە بەرەو پێشچون بەرەوفێمێنیزم.

**جەین دەڵێت:**

**«ئایاتۆ وابیردەکەیتەوە من دەتوانم بمێنمەوە نەبم بەهیچ بۆتۆ؟ئایا تۆوا بیردەکەیتەوە کە من کەسێکی ئۆتۆماتیکیم؟ مەکینەیەکم بێ هەست؟ ئایا تۆ ورچیت و منیش پارویەکی چەوری تۆم داتماڵیو م لە لێوەکانمەوە کەدلۆپێکی تەڕوپڕلە کاسەی ئاوی ژیانمەوە؟وا بیردەکەیتەوە لەبەرئەوەی کە من هەژارم؟.»**

**بیرکردنەوەت هەڵەیە! من ئەوەندە ڕۆحم هەیە وەک تۆ؛وە پڕم لەدڵ ...**

**. لەبەشێکی تری ڕۆمانەکە وتەکانی جەین ئەیربۆرۆجێستەرلەبیریکی بەرزی ووشیاریەوە دەکرێن:**

**..من لە ئێستادا قسە لەگەڵ تۆ ناکەم لە ناوەندێکی دابونەریتی کۆنەپەرستی ڕزیودا. نا بۆ گۆشتێکی مردو - ئەوە ڕۆحمە کە ناونیشان ی ڕۆحتە ؛ تەنها گوایە هەردووکمان تێدەپەڕین ودەڕۆین لەڕێی گۆڕەوە،وە ڕادەوەستین لەبەردەم پێیەکانی خودا تاهاوشان دەبین! »**

ئەم کۆتەیشنە بەڕاشکاوی وڕوونی ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەمە قسەو وێنە ودید وهەوڵی برۆنتیە بۆ بەرزکردنەوەی پرسی یەکسانی ڕەگەزی.لەم کۆتەدا لە ڕێی کارەکتەری جەینەوە ژنان فێردەکات لەگەڵ تاکایەتی خودی خۆیانەوە فێری

ڕەتکردنەوەیان دەکات کە خۆیان کەم نەکەنەوە بۆ «مەکینە»یەکی ڕوت و بێ ڕۆح کەتەنها وەک پارچەجەستەیەک لەگۆشت بیان بینن.

جەین نایەویت کردەیەک بکات لە وە هاباروەۆخێک کە «دابونەریت»یان «کۆنەپەرستی» «کاریگی بۆدابین بکات یان ڕێگاوشوێنی نیشاندات.بەڵام دەیەوێت لەڕێی ئیرادەو ئازادی خواستی خودی ناوەکی خۆیەوەبێت.بە ئاشکرا ئەمە هەوڵی مێینەیەکە بۆ شکاندن وئازاد بون لەو قاڵبە ی کە کۆمەڵگا دەیخواست بۆ ئەو.

لێرەوە دەبینین کە جەین ئەوەی بە ڕۆجێستەرگوت کە»ئەوەندەی ڕۆح هەیە وەک ئەو «پڕە لە دڵ» .خۆی وانیشان دەدا کە ژنێکە هیچ جیاوازنیە لە گەڵ ئەو. کەوابو دەبێت مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ نەکات .بە ئاشکرا هەوڵی داوە بۆ یەک جۆر کاردانەوە .لە کۆتای ئەم کۆتەیشنەدا بەڕونی دەدویت کە کاتێک هەردوکیان دەمرن و لەبەردەم «خودا ڕادەوەستن»، هاوشان - وە ک یەک.

جەین لە ژیانێکی سەختدا دەژیا، پڕاوپڕ لە ڤین لێبونەوە وتوڕەی ئەواندی لەو.هەرچەندە جەین توانای هەیە کە زاڵ بیت بەسەرهەموشتێکدا بەهۆی نیشاندانی بەهێزیە کەیەوە،سەلماندی هاوتای خۆی لەگەڵ ئەوانیدی. توانا وهێز،کە ژنان ی وەک بلانچێ ئنگرام یان ئەو ژنە ڕوکەشانەی کە نەیان توانی ئە وتوانایەیان هەبیت . توانایەک کە هەندێک خەڵک هەمو کاتێک دەخوازن دەستیان کەویت.

جەین توانای هەیە بۆ شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم ئازادبونی.ئەگەرچی بەجێهێشتنی ڕۆجیستەرزۆرڕاڤەی بۆ دەکریت لە زۆر ڕێگاوە. وەک پیشاندانی هێزێک کە وەک ژن کۆیکردۆتەوە و بەدەستی هێناوە، وە توانای خۆی بۆ بەرگریکردن لە بەرام بەر هێزی ئەوانی دی(هەندێک شت کە ژنەکانی دی ناتوانن بیکەن).

چونکە هەمیشە هێزی ژنان وادیاری دەکرا کە تەنها بەهۆی سۆزەوە یە.هەرچەندە وەرگرتنی بەجێهێشتنی ڕۆجێستەر قورسە،کردەی ئەو بەجێهێشتنە زۆر ئاسان نەبوکە جەین نواندی.ئێمە دەتوانین بەڕونی ئەوە ببینین کە لە ڕاستیدا جەین هەست بە سامناکی دەکات.ئەو وابیری دەکردەوە کە هەمو ئاواتەکانی مردن،لەگەل چارەنوسیکی تەواو فەوتاو.ساردکردنەوە،زۆرتورە،لاشە ی مردو،ئەوشتانەن کە هەرگیز ناتوانن زیندوبنەوە. جەین تەماشای خستە سەر خۆشەویستیەکەی؛ «ئەو هەستە ی کە سەردارم بوو ،ئەو ئافراندی دەلەرزی لە ناو دلمدا، وەک ئازار کێشانی منداڵێک لەناو لانکە ساردەکەیدا. »

لەوانەیە ئەمە بەکار بهێنرێت بۆ دەربڕینی کە دەبیت دو ڕەگەز بەیە کسانی مامەڵەی بکەن.لایەنی سۆزداری مێینە بە شێوەیەکی تەواو دەرکەوت.جەین وادەرکەوت کە بەتەواوی هەستە کانی وەلانابێت،کەچی ڕۆجیستەر زۆر وەها نەبو. ئەگەر چی ئەمە بەجێ هێلرا بۆ خوێنەر بۆ بڕیاردان وەک هەمو لایەنەکانی تری ئەم ڕۆمانە.هەندێک جاریش وادیارە برۆنتی هەوڵیداوە بۆ دەربڕینی لایەنی مێینەی جەین.ئەمە یەکیکە لەو کاتە کەمانەی ناو ڕۆمانەکە کە دەستمان دەکەویت نزیک بونەوە لە بینینی لایەنی مێینەی جەین.

لەکۆتایدا بەگشتی جەین هەرکاتێک بیزانیایە کۆمەڵگا یان پیاو ئاراستەی دەکات و مامەڵەی نادادی لەگەڵ دەکەن قسەی خۆی هەبوو لەسەر پێی خۆی دەوەستا .زۆر بەسانای ئەزمونی هەمورۆژیکی دایەنێکە کە کەوتۆتە خۆشەویستیەوە لەگەڵ پیاویک ئەویش ئامادەی هاوسەرگیری بوە.بەڵام خوێندنەوەی زۆر نزیک تەنها وروژاندنی چەمکی جێندەری وفێمێنستیە لە لای شارلۆت برۆنتی ،کە توانویەتی لەڕیگای ڕۆمانێکەوە ولە ڕێی کارەکتەری جەین ئەیرەوبەخوێنەر بڵێت ژنان یەکسانن و دەبێت ئازادبن و خۆیان خاوەنی بڕیاری خۆیان بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

---

# ژنانی کورد و خەونی فێمینیزمبوونیان



گوڵان حوسێن

* فێمینیزم واتا یەکسانخوازی ڕەگەزی، لە ڕووی مێژووییەوە سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەکانی (فیمینیزم) بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکرێت سەرەتا لە سەدەی بیستدا دەست پێ دەکات تا سالانی ١٩٦٠، قۆناخی دووەم لە سالی (١٩٦٠ - ١٩٧٠)، قۆناخی سێیەم لە دوای سالی سالی (١٩٩٠) دەست پێ دەکات کە تا ئێستاش بەردەوامیان هەیە کە ئامانجی سەرەکیان بەدیهێنانی یەکسانی و مافی ژنانە، لە سەرەتاکانی ئەم بزوتنەوەیە دا هەوڵ درا مافی دەنگدان ویەکسانی گرێبەست و موڵک مال بدرێتە ژنان، دواتر لە قۆناخی دووەمدا جەخت کرایەوە سەر سامانی ژنان لە ڕووی یاسای و کۆمەلایەتیەوە، لە قۆناخی سێیەمیشدا پێداچونەوەیە بە بنەماو بیرو باوەڕەکانی قۆناغی دووەم ، لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە ئایا ژنانی کورد چۆن هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە یەکسانیخوازی ڕەگەزی هێنانەدی خەونەکانیا، (فێمینیست) بەو ژنانە دەگوترێت کە لە چوار چێوەی بزوتنەوەی ژناندا کار دەکەن لە پێناو بە دەستهێنانی مافی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان، لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕەگەزی وژیاری و ئابووریەوە هەروەها کارکردن بۆ نە هێشتنی جیاوازی ڕەگەزی، مێژوو شاهێدی ئەوەیە کە هەر لە کۆنەوە ژنان چەوساونراونەتەوە و سەرکۆنە کراون، بۆ هەمیشەیی ڕەگەزی بەرامبەر واتا پیاوان خاوە دەسەلات و سەروەری بوونە واتا چینی زال بوونە لە کۆمەلگادا، هەموو هەول و تێگۆشانی ژنانیان پشتگوێ خستووە، وە دژی هەر جولانەوەیەکی ژنان بوون بۆ ئازادی، بەلام دواتر لە گەل گەشەکردنی کۆمەلگاکان دا بلاوبوونەوەی پرنسیپەکانی دیموکراسی زیاتر بوونی ڕێکخراوا نێودەولەتیەکان وە دەرکەووتنی کۆمەلێک ژنی چالاک و تێگۆشەر لە کۆمەڵگادا کە بەردەوام لە هەولدان دان بۆ بە دەست هێنانی یەکسانی ژنان هەروەها کارکردن بۆ ژنان لە

هەموو کایەکانی کۆمەلگادا، ژنانی کوردیش بەردەوام لە هەولدان دان بۆ گەیشتن بە یەکسانخوازی ڕەگەزی ریز گرتن لە هەموو بیروباوەڕێکی ژنان و گەیشتن بە مافەکانیان بە شێوەیەکی یاسایانە، زۆر پێویستە ڕەگەزی بەرامبەر واتا پیاوان دان بە مافەکانی ژنان بنێن و وە ڕێگری نەکردنیان لە کارکردندا بۆ ژنان، وە سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێ دەکات ژنان دەتوانن خۆیان لە ڕێگەی پەروەردەکرنی منالەکانیان کە بە شێوەیەک پەروەردەیان بکەن کە هەست بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکەن، وە دواتر ڕۆلی قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکانی تریش ڕۆلیان هەبێت بۆ بلاوکردنەوەی مافی ژنان و یەکسانی کردنی نێوان ژن و پیاو، ئێمە لە کوردستان دا تا ڕادەیەک لە چاو پێشتر پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە بەڵام هێشتا نە گەیشتۆتە بە قۆناخێکی تەواو بۆیە ژنان بەردەوامن لە هەولەکانیان بۆ گەیشتن بە فێمینیزم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٨

## فیمینیزم و دیموکراسی




(بەشی یەکەم)

### ئەلیزابێت فۆکس جینۆڤس و ستایسی هۆرستمان

فیمینیزم ئەو بزاڤەیە کە هاوکات لەگەڵ دیموکراسی نوێ یان دیموکراسی نوێنەرایەتیدا پەیدا بووەو بەشێوەیەکی گشتی بۆ هێنانەدی هەمان ئەو مافە سیاسیو یاساییانە بۆ ژنان خەبات دەکات، واتە ئەو مافانەی کە دیموکراسی بە پیاوانی ڕەوابینیووە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زاراوەی (فیمینیزمی مافی یەکسان) بەهەمان مانا بەکاردێت. لەدوای ئەوەی کە ژنان بەهرەمەندبوون لەمافی یەکسان (بێگومان لەوڵاتانی ڕۆژئاوا)، زۆرێک لەفیمینیستەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەو مافانەش یەکسانی کۆمەڵایەتیو ئابووری تەواویان بۆ دابین ناکات. بەم شێوەیە فیمینیزمیش وەکو دیموکراسی، خاوەن پێناسەیەکی گشتی و یەکگرتوو نابێت، هەروەکو پۆست مۆدێرنەکان دەڵێن، ئەم زاراوەیە لەلای کەسانو تاکە جیاوازەکان مانای جیاواز دەبەخشێت.

زاراوەی (فیمینیزم) لەلایەن (ئۆپەرتین ئۆکەر) بونیادگوزاری یەکەمین ئەنجومەنی مافی دەنگدان بۆ ژنان لەوڵاتی فەرەنساو لەدەیەی ١٨٨٠ داهێنراوە. ئەم زاراوەیە کە یەکەمین ساڵانی بیست بەرەو ڕێگای بەریتانیاو ئەمریکا کەوت، بەڵام زۆرێک لەو ژنانەی کە پاشان بەفیمینیست ناویان دەرکردبوو لەو سەردەمەدا پاکانەیان لەو ناوە دەکرد، بەشێک لەو کەسانەشکە لەم ڕۆژگارەشدا وەکو فیمینیست ناویان دەرکردوە، ئەم ناوە لەخۆیان نانێن. لەسەدەی بیستدا بەتایبەتی لەدوای دەیەی ١٩٦٠و سەرهەڵدانی شەپۆلی دووەمی فیمینیزم، سودوەرگرتن لەزاراوەی فیمینیزم بۆ ناوهێنانی ئەو کەسانەی

که پارێزگـاری دەکەن لەباشـتربوونی هەلـومەرجی ژنـان، زیـاتر فـراوانو بـڵاوە. لەگـەڵ ئەمانەشـدا زۆرۆێـک لەو ژنـانەیو (پیاوانیش) کە پەیگیرانە پشتیوانی لە (پرسەکانی ژنان) بەهەمان پەیگیرییەوە بانگەوازی ئەوە دەکەن کە فیمینیست نین.

ئاڵۆزی باسەکەمان ئەوکاتە زیاتر دەبێت کە بزانین تەنانەت ئەو کەسانەش کە خۆیان بەفیمینیست دەناسن، زۆربەی جار سەبارەت بەسەرەتاو رێکارەکانو تاکتیکەکان جیاوازی زۆریان لەنێودایە، ئەم کارەش بووەتە هۆی زۆریـو فرەیی جۆرەکانی فیمینیزم. هەنـدێک لەوان دڵنیـاو سوورن لەسەر ئەوەی کە زاراوەی (فیمینیست) لەتەنها پێناسەیەکدا ناگونجێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین پێناسەیەکی گشتی (نەک تایبەتی) بۆ فیمینیزم پێشنیاز بکەین کە بریتییە لەهاندانو پشتیوانیو داکۆکی پەیگرانە لەمافەکانی ژنان، بەتایبەتی مافی دەنگو بیروڕا، ئەمانەش لەگەڵ مافی یەکسان بۆ ژنانو پیاوان لەهەموو پرسەکانی ژیاندا.

## سەرچاوەکانی فیمینیزم:

فیمینیزم بەمانای بزاڤی داکۆکی لەمافەکانی ژن وەکو تـاک – تیۆرەکانی سەلماندنی ئەو مافانە- لەچوارچێوەی نەریتە سیاسییە دیموکراتەکانی ئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکای باکوردا پەیدا بووە. ئەم بزاڤە لەناو هەمان ئەو نەریتانەدا هەم دەستمایەی فراوانی پەیدا کردووە هەم بەتوانای خۆشی بووەتە مایەی گەشەو زیادبوون، بەتایبەتی ئەو بزاڤانەی پەیوەندارن بەریفۆرمو باشترکردنی هەلومەرجو ژیانی ژنان. فیمینیستەکانی جیهانی خۆرهەڵات، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، فیمینیزمی خۆرئاوایی زیاتر وەکو شێوەیەکی دیکە لەئیمپریالیزم دەناسن، لەبەرئەوە ئەوان دڵنیایی لەوە دەکەن کە مافی خۆیانە خواستو نیازی ژنانی کۆمەڵگەی خۆیان پێناسە بکەن.وێڕای رێزو پێزانین بۆ ئەم شێوانەی فیمینیزم، بەڵام ناوەرۆکو ناوکی رەسەنی بیرکردنەوەی فیمینیستی هەمیشە پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ چەمکە خۆرئاواییەکانی تاک گەرایی، ئازادی تاک، و دیموکراسی.

لەم روانگەیەوە ئەم وتارە تەنها گرنگی دەدات بەفیمینیزمی خۆرئاوایی ئەگەرچی بڕواشمان وایە کە لەئایندەیەکی نزیکدا بەدووری نازانین کە فیمینیزمی خۆرئاوایش ببێت بەپرسێکی گرنگ. پەیوەندی تیۆری فیمینیستی لەگەڵ دیموکراسی لەپابەند بوونی رەسەنی فیمینیزم بەمافە سیاسییە تەواوەکانی ژناندا مانا پەیدا دەکات: مافی هاوڵاتی بوون، بەهەرمانایەک لەهەرکاتێکو بەو شێوەیەی دەبێت یەکسان بێت لەگەڵ مافەکانی پیاوان. هەرکاتێک چەندو چۆنی مافی هاوڵاتی بۆ پیاوان ئاڵوگۆڕ بکات، فێمینیستەکانیش پرسو باسەکانی تایبەت بەژنان بەرەو ئەم مەیدانە دەبەن. ئەم مەیلو رێبازانە لەشۆڕشە دیموکراتیەکانی سەدەی هەژدە تا گەشانەوەی تا بیروباوەڕەکانی پۆست مۆدێرن لەم ساڵانەی

دوایدا هێشتا بەردەوامە. هەرکات مانای هاوڵاتی ببێتە بابەتی باس و خواستو گفتوگۆ یان شیکردنەوەی نوێ، فیمینیستەکانیش هەمان ئەو باسانە لەپرسو رەوشەکانی ژناندا دەخەنەڕوو.

فەلسەفەی تاک باوەڕی (تاک گەرایی) سەردەمی رۆشنگەری لەفەیلەسوفی ئینگلیزی جان لۆکو فەیلەسوفی فەرەنسی جاک رۆسۆ، داکۆکیکاری بوون، کۆڵەکە فیکریەکانی ئەم حکومەتە بوون کە لەشۆڕشەکانی سەدەی هەژدەدا پەیدا بوون، بەڵگەو باوەڕەکانی ئەم فەلسەفە نوێیە بونیادنانە ئەوە بوو کە دەسەڵاتی رەوا تەنها لەڕێگای پەسەندیو رەزامەندی دانیشتوانەوە بەدەست دێن. دانیشتوانی کۆچەرنشینی ئینگلیزی لەئەمریکای باکورو خەڵکی فەرەنسا لەسەردەمی سەڵتەنەتی لویسی شازدەهەم ئەو حکومەتانەیان سەرنگون کرد کە ئەم مەرجانەیان تیانەبوو، شۆڕگێڕان خوازیاری هێنانە سەرکاری ئەو حکومەتانە بوون کە خاوەنی ئەم مەرجانە بوون. شۆڕشگێڕانی ئەمریکا (راگەیاندنی سەربەخۆیی) یان لەساڵی ١٧٧٦ و شۆڕشگێڕانی فەڕەنسا (راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤو هاوڵاتی)یان لەساڵی ١٧٨٩ کردە یەکەمین بونیادە فەلسەفیەکانی حکومەتە تازەکانیان. لەم بەڵگەو راگەیاندنانەدا رابەرانی ئایندەی ئەمریکاو فەرەنسا پێناسەیەکی تازەیان بۆ دیموکراسی داهێنا کە بریتیی بوو لەحکومەتێک کە بەڕەزامەندی هاوڵاتیان پێکدێت.

بەڵام پێناسەی ئەوان تەنها بۆ پیاوانی سپی پێستو خاوەن دارایی بوو، ئەوان هێشتا باوەڕیان وانەبوو کە ئەم مافانە (بەتایبەتی تاک باوەڕی) بۆ ژنانیش دەبێت! لەئەوروپاو لەئەمریکاش، ژمارەی ئەو ژنانەی کە پەییان بەناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی باسە سیاسییەکانی ئەوکاتە بردبوو کەمبوون. داکۆکیکارانی ژنان سەردەمێک پێش لەوەی کە زاراوەی فیمینیزم بەکاربێت، بڕوای خۆیان دەربارەی مافی هاوڵاتی بوون بۆ ژنان لەدیموکراسی نوێدا خستەڕوو. لەهەمان ئەو رۆژانەی کۆچەریانی ئەمریکا سەرگەرمی نووسینی (راگەیاندنی سەربەخۆیی) لە ١٧٧٦ بوون، (ئابیگیل ئادامز) بەهاوسەرەکەی خۆی وت کە (جۆن ئادامز) بوو کە (نەبادا خانمان) لەو کۆمەڵە یاسا تازانەدا... فەرامۆش بکرێن. شۆڕشگێڕی فەرەنسی (ئالەمپ دوگۆژ) راگەیاندنی مافەکانی ژنو هاوڵاتی ژنی لەساڵی ١٧٩٠ نووسی، کە بەڵگەیەک بوو بۆ ئەو ناوەرۆکەی کە مافە بەخشراوەکان بۆ کۆمەڵانی پیاو، دەبێت ژنانیش بگرێتەوە. (ماری ولستنکرافت) کە یەکێک بوو لەنووسەرانی توندڕەوی ئینگلیزی، سەلماندنی مافەکانی ژنانی لەساڵی ١٧٩٢ وەکو وەڵامێک بۆ نووسینەکانی رۆسۆو رووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسا نووسی.

هەموو ئەم ژنانە سوربوون لەسەر مافو بەرپرسیارێتیەکانی ژنان وەکو تاک، بەڵام خواستەکانی ئەوان لەلایەن پیاوانەوە نەبیستران. لەساڵی ١٨٤٨، بەپێی بانگەوازی لایەنگرانی نەهێشتنی کۆیلەداری لەئەمریکا ئەلیزابیت سنتۆنو لۆکریشیا مات- لەگەڵ کۆمەڵێک لەریفۆرمخوازان لەسینکافالزو نیویۆرک کۆبونەوە بۆئەوەی دەربارەی هەلومەرجو مافەکانی ژنان باسو

خواست بکەن. لەم کۆبونەوانە (راگەیاندنی مافەکانی سۆزداریو بریارنامەکانی سینکالز) کە ستنتون پرۆژەکەی بۆ نوسیبوو، ئیمزاکرا ئەم راگەیاندنە کە نمونەیەکی ژنانە بوو لە (راگەیاندنی سەربەخۆی ئەمریکا) خوازیاری ئەوە بوو کە ژنانیش دەبێت وەکو هاوڵاتیو هاوشانی پیاوان بن، ئەو ژنانە بەسوود وەرگرتن لەراگەیاندنی سەربەخۆی وڵات وەکو بەڵگەو سەرمەشقی گشتی ئەو بڕوایەی خۆیان لەکرداردا پیشاندا کە ژنیش تاکێکە لەناو وڵاتو نابێت ئەو مافانەی کە بۆ پیاوان سەلمێنراون ئەوانیش نەگرێتەوە. خواستەکانیان تەنها لەسنووری دەنگداندا نەمایەوەو بەڵکو مافی پەروەردەو فێرکردنو مافی خاوەنداریێتیشی تیابوو، کە بەبڕوای ئەوان بەشێک بوون لەنیازو پێویستیەکانی هاوڵاتی.

لەدوای جەنگی ناوخۆی ئەمریکا ١٨٦١ - ١٨٦٥لەدەستکاری چواردەیەم ١٨٦٨ و پانزەهەمیشدا ١٨٧٠ دەستووری ئەمریکا مافی هاوڵاتیو دەنگدان تەنها بۆ کۆیلەی پیاوە ئازادبووەکان دابین کرا، بەڵام دیسان ژنانیشی نەگرتەوە. هەندێک لەئەندامانی بزوتنەوەی مافەکانی ژنان بەپشتیوانی لەریفرۆمی دەستوور لەلایەن کۆنگرەوە، بەراگەیاندنی ئەو بڕوایەی کە (سەردەمی رەشەکان) بەسەرچووە کاردانەوەی یارمەتیدەریان پیشاندا، بەڵام ئەم هەوڵەش لەڕێگای مافەکانی ژناندا پیشان نەدرا. زۆربەی ژنان بڕوایان وابوو کە خیانەتیان لێکراوەو بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە لەمەودوا نابێت هیچ پیاوێک بەهاوڵاتی ئەژمار بکرێت، مەگەر تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە ژنانی سپی پێستیش لەم مافە بەهرەمەند بن.

دیسان ژنان بەرامبەر ئەم ریفۆرمەی دەستوور دەستیان بەخەبات کرد، بزاڤی ژنان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا سەرەتای سەدەی بیستەم دووچاری ناکۆکیو چەند دەستەی بوونەوە. سەرچاوەکانی بیروباوەڕی فیمینیستی لە دیموکراسییەکانی ئەوروپای سەدەی نوزدەیەم نەک تەنها لەئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران، بەڵکو لەدوای سەرهەڵدانی بزاڤە کرێکارەکان کە هەردوولایان خوازیاری فراوانکردنی مافی هاوڵاتی بوون، بێداربوونەوە. هەم ژنانی بۆرژواو هەم ژنانی چینی کرێکارانی بەریتانیاو فەرەنسا پاشان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە دەبێت مافەکانی هاوڵاتی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەوانیش بدرێت. ژنانی چینی بۆرژوا بەهرەمەند بوون لەخاوەنداریێتی سامانی میراتیو بەرپرسیاریی زەحمەتو کارکردن لەسەرشانی ئەوانو پیاوانی بنەماڵەکانیان نەبوو. ئەوان دەیانزانیو بڕوایان بەوە هێنابوو کە مافەکانی هاوڵاتی تەواو لەوڵاتانیان تەنها پەیوەست بوو بەهەبوونی موڵکو ماڵەوە. لەئەنجامدا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بەداکۆکیکردن لەمافەکانی خاوەنداریێتی بۆ ژنانو چاککردنی هەلەکانی خوێندنو کارکردن، هاوڵاتیان بەرەو رووی ژنانی چینی خۆیان کردەوە.

لەساڵی ١٨٥١ (هارییت تایلەر میل) هاوسەری فەیلەسوفو ئابووری ناسی ئینگلیزی جۆن ستیوارت میل، دەربارەی مافی دەنگدانی ژنانی نووسیو لەم کتێبەدا پێشنیازی ئەوەی کرد کە پەروەردەوو فێرکردن دەبنە هۆی ریفۆرم یان باشترکردنی ئەو

زەمینە حقوقیو سیاسیانەی کە تائێستا بوونەتە هۆکارو نەریتیەکانو بێ مافیو ژێردەستەبوونی ژنان. (کۆیلەبوونی ژنان)ی لە ١٨٦٩ نووسی کە لەسەر بنەمای هەمان ئەو بیروباوەڕانە بوو. لەم کتێبەدا ژنانی لەگەڵ کۆیلەکان بەراورد کردبوو و پێشنیازی ئەوەشی کرد هەمان ئەو مافانەی هاوڵاتی کە پیاوان لێی بەهرەمەندبوون بەژنانیش بدرێت. بەپێچەوانەی ماری ولستنکرافت، جون ستیوات میلو هاوسەرەکەی توانیان گوێگرانو لایەندارانی خۆیان پەیدا بکەن. لەدەیەی ١٨٦٠ گرووپێک لەژنانی چینی ناوەڕاست بە ڕابەری ریفۆریستو ئامۆژگاریی ئینگلیزی، باربرالی سمیت بۆدیشون، (کۆمیتەی خاوەندارێتی ژنانی خێزاندار)یان پێکهێناو کۆمەڵێکی دیکەش لەژنانی بۆرژوا (کۆمەڵگەی نیشتیمانی مافی دەنگدانی ژنانی لەندەن)یان دروستکرد.

ژنانی چینی کرێکار لەهێنانەدی سەرهەڵدانی چارتیستی ئینگلستاندا بەشداربوون، ئەو بزاڤەی کە خوازیاری هێنانەدی مافە سیاسییەکانی پیاوانی چینی کرێکار بوون، هەروەها ئەوانیش هەوادارانی سۆسیالیزم بوون کە بانگەوازی شۆڕشی کۆمەڵایەتیان دەکرد. سەرئەنجام ژنانی چینی کرێکار بەکاریگەری ئەم بزاڤە بەرەو ئەو ئاراستەیە رۆشتن کە ژنانیش دەبێت هاوتاو هاوکاری پیاوان بن لەبەشداری ئەم بزوتنەوەیەو هێنانەدی ئامانجەکانی. هاوکات لەگەڵ داواکاری مافەسیاسیو ئابوورییەکانی پیاواندا هەندێک لەژنان باوەڕیان بەوە هێنا کە دەتوانن لەو مافانەیان لەمافە هاوبەشەکان لەگەڵ پیاواندا بەهرەمەند بن. بزاڤەکانی کرێکاریش لەفەرەنسا ئیلهام بەخشی بیروباوەڕەکانی چینی کرێکار بوون.

لەدوو دەیەی ١٨٣٠ و ١٨٤٠ ژنانی هەڵسوڕاو فیمینیستی چینی کرێکار (جان درۆیینو فلورا تریستان) باسیان لەوە دەکرد کە کۆمەڵەو بزافەکانی پیاوان ناتوانن بەپێی پێویست نوێنەرایەتی هەموو خەڵکو بەتایبەتی هی ژنان بن، لەدوای گەشەو فراوانبوونی بزاڤەکانی سۆسیالیستی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا هەندێک لەژنانی سۆسیالیستو لەناویاندا (ئۆبەرتین ئۆوکەر) پەیامی سۆسیالیزمیان بەهەموو لایەک گەیاند، ئەو پەیامەی کە داواکاری یەکسانی حقوقی هەردوو رەگەزی تیابوو. ئەم ژنانە سەرکەوتنی سنورداریان بەدەستهێنا بۆ کاریگەریان لەسەر رابەرانی سیاسی وڵاتەکانیان بۆ بڕواهێنان بەم پەیامانە. بەڵام ئەمان لەگەڵ نەیاری توندی پیاوانی رێکخراوەکانیانو ژنانی بۆرژوا روو بەروو بوون، کە نە هەلومەرجی ئەوانیان دەناسیو نە داکۆکیان لەریفۆرمی ئابووری دەکرد، کە بەبڕوای ژنانی سۆسیالیست بۆ چاککردنی چارەنووسی هەموو ژنان کارو پرسێکی پێویست بوو.

## خەبات لەڕێگای مافی هاووڵاتیبوونی تەواو:

لەوڵاتانی دیموکراتیکی کۆتایی سەدەی نۆزەو سەرەتای سەدەی بیست لەئەنجامی گۆڕانکاری ئابووری کەسانێکی گوێگرو

لایەنگر لەناو چینی ناوەڕاستو چینی کرێکاردا پەیدابوون، کە بیروباوەڕەکانی فیمینیستیان پەسەند کرد. سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی پیشەسازی، هەروەها رژێمی سیاسی دیموکراسیش لەسەر بنەمای تاک گەرایی دامەزرابوون. نەخشی ژنان لەم سیستەمەدا (سەرمایەداریو دیموکراسی) ئەوانی پابەند لە پیاوانی چینی خۆیانو لەژنانی تەوای چینەکانی دیکەش جیاکردەوە، واتە ئەوانی خستە رەوشو هەلومەرجی تاکەوە.بەم شێوەیە سیستمی پیشەسازی زانستو زانیاریو ئەزموونی وەهای خستە بەردەستی ژنانی چینە جیاوازەکان کە بەسوود وەرگرتن لەو ئەزموونو بیروڕایانە کە دەیانتوانی فیمینیزم بەرەو بزوتنەوەیەک بەرێبخەن.وەرچەرخانی کۆمەڵگەکان بەرەو ئابووری پیشەسازی دەبێتە هۆی پەیدابوونی چینی ناوەڕاستی نوێو موچەخۆر کە پێکهاتبوون لەو کەسە پیشەزانو کارمەندە ئیداریانەی کە سامانی میراتیان نەبوو، لەهەمانکاتیشدا بەشێک نەبوون لەژینگەی گشتیدا.

پیاوان کە دەچوون بۆ کار ئاسایشی خێزانەکانیان دابین دەکردو لەگەڵ بەشداری سیاسیدا بەرژەوەندی خێزانەکانیان لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا دەپاراست. ژنانیش بەفەراهەمکردنی ماڵێکی ئاسایشو ئاسوودە بۆ خێزانو پاراستنی بەهای ئەخلاقیو ئاینییەکان، پارێزەری ژینگەی تایبەتی یان خێزانی بوون. بەرپرسیاری رەسەنی ژنان ئامادەو پەروەردەکردنی منالآن بوو بۆ ئایندەو بۆ کارو بەشداری لە پرس یان مەیدانو ژینگە گشتیەکاندا. پەیوەندی ژنان لەگەڵ ژینگەی مەیدانیو تایبەتیدا زادەی ئەو دیدگایە بوو کە ژنی لە پیاو بەئەخلاقی تر دەزانی، ئەمەش هەمان ئەو بیروباوەڕە بوو کە کاریگەری توندی بەسەر هەندێک روانگەی فیمینیستیدا تاسەردەمی ئەمڕۆ دانابوو. زۆربەی ژنانی چینی ناوەڕاست نەخشی خۆیان وەکو پارێزەری پرسە ئەخلاقییەکانیان لەکۆمەڵگەدا لا پەسەند بوو. بەڵام لەدوای پێشکەوتنی پیشەسازیو شارنشیندا، کە پێویستی بەئاوەڕۆو زێرابو گلۆپەکانی شەقامەکان، پارێزگاری سەلامەتی خۆراکو کڕینەکان هەبوو، ئەمانەش وێڕای خەبات لەدژی ئەو لادانە کۆمەڵایەتیانەی کە وەکو مەی خواردنو لەشفرۆشی بوون، ژنانیش بەناچاری بەرەو ئەوە چوون کە لەمەودوا ناتوانن تەنها لەژینگەی تایبەتی ماڵو کڵێسا پارێزەری سەلامەتیو رەسەنایەتی ئەخلاقی خێزانەکان بن، بڕیارو پەیگری ئەوان بۆ پاکسازی کۆمەڵگە، رێگەی ژینگەی گشتی بۆ کردنەوە.

هەندێک لەژنان هەروەکو جاران بڕوایان وابوو کە دەتوانن ئەم مەبەستە بەهاندانی ئەخلاقیو بەشداری نەکردن لەقەڵەمڕەوی سیاسەتی رەسمیدا، ئەم بڕیارە بەکردار جێبەجێ بکەن. هەندێکی دیکەیان سوربوون لەسەر ئەوەی کە ژنان بۆ پاراستنو چاکردنی خێزانو گەڕەکەکانیان دەبێت بەهرەمەندبن لەمافی تەواوی هاوڵاتی بوون بەبڕوای ئەوان لەبەرئەوەی ژنو پیاو جیاوازیان هەیە، هەربۆیە ئەرکی جیاوازیشیان لەکۆمەڵگە دەکەوێتە سەرشان، سەرئەنجام پیاوان هەرگیز بەتەواوی نیازەکانی ژنانیان نەسەلماندوە، بۆیە نەتوانرا ئەو چاوەڕوانیەیان هەبێت کە ئەم نیازانە لەجیهانی سیاسەتدا بەدیبێت. لەئەنجامدا، هەمان ئەو جیاوازییە بوو کە یەکسانبوونی ژنانی وەکو هاوڵاتی کردە پرسێکی پێویست. زیادبوونی

پابەندی ژنان بۆ مافە سیاسییە یەکسانەکان یەکێک بوو لەتایبەتمەندییە رەسەنەکانی بزوتنەوەکانی ژنانی چینی ناوەڕاستو بۆرژوازی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست لەتەواوی ئەو دیموکراسیانەی، کە لەڕەوشی پیشەسازی بووندا بوون، ئەگەرچی بزاڤەکانی ژنان لەفەرەنساو ئەڵمانیا وەکو بزاڤەکانی ژنانی بەریتانیاو ئەمریکا توندو بەهێز نەبوون، چونکە بزاڤەکانی ژنانی بەریتانیاو ئەمریکا زیاتر سوربوون لەسەر مافی دەنگدان، بەڵام هەندێک جاریش خواستی سەرەکی ئەوان بریتی بوون لەمافی یەکسانی خاوەندارێتیو مافەکانی سەرپەرشتی خێزانو منداڵان.

لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوو رێکخراوی سەرەکی لایەنگری مافی دەنگدان بۆ ژنان لەساڵی ١٨٩٠ یەکیانگرتو (ئەنجومەنی نیشتیمانی مافی دەگدانی ژنانی ئەمریکا)یان دروستکرد، ئەم ئەنجومەنە بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژنان هەم لەئاستی ولایەتەکان هەم لەئاستی وڵاتدا بۆ ماوەی سی ساڵ خەباتی کرد، ئەم ئەنجومەنە کە سەرەتا بزوتنەوەیەکی لاوەکیو ناوچەیی بوو، پاشان بووە سەرهەڵدانی گشتی بۆ پارێزگاری لەژنانی چینی ناوەڕاست لەسەرانسەری وڵاتدا لەبەریتانیاش، بزاڤەکانی مافی ژنان بەهەمان شێوە لەساڵی ١٨٩٧ یەکیانگرتو (یەکێتی نیشتیمانی کۆمەڵەکانی مافی دەنگدانی ژنان)یان دروستکرد، سەرهەڵدانی مافی دەنگدانی ژنان هەم لەبەریتانیاو هەم لە ئەمریکا بەهرەمەند بوون، لەو جێگرییە سیاسییەی ئەم دوو وڵاتەو بوونە خاوەن ئایدۆلۆژی تایبەتو هێنانەدی ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ ژنان، پارێزەرانی مافی دەنگدانی ژنان بڕوایان وابوو کە ژنان ئامانجی هاوبەشیان هەیە کە زۆربەیان لەنیازو پێداویستی ئابوریدا لەگەڵ پیاوان جیاوازن.

لەکاتێکدا بزاڤەکانی فیمینستی بۆرژوایی لەئەمریکاو ئەوروپا خوازیاری گونجاندنی ژنان بوون لە پێکهاتەی سیاسیو ئابووری ئەوکاتەدا، بەڵام ژنانی چینی کرێکار بەتایبەتی لەئەوروپا دەیانویست لەگەڵ پیاوانی چینی کرێکاردا یەکبگرن کە خواستی ئەوان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بوو لەسیستەمە ئابووریو سیستەمەکانی وڵاتەکانیان. بەڵگەو بڕواکانی ئەم بەشە لەبزاڤەکانی ژنان ئەوە بوو کە نیازو پێداویستییەکانی باشتربوونی ژیانی ژنان شتێکی زیاتر نەبوو لەهێنانەدی مافی یەکسان لەگەڵ پیاواندا، ئەوان دەیانزانی پێویستە نیازە ئابوورییەکانی ژیان هەم بۆ خۆیانو هەم بۆ پیاوانی چینی کرێکار دەبێت چاکتر بکرێت، فێمینیستە سۆسیالیستەکان بڕوایان وابوو کە پێگەی ژنان بەرامبەر پێگەی پیاوان دەبێت بۆ هەموو چینەکان باشترو یەکسانتر بکرێت. ئەوان پشتیوانیان لەهەموو داواکارییە فێمینیستە باوەکان دەکرد، بەتایبەتی مافی دەنگدانو دەستڕاگەیشتن بەهەلو پێویستیەکانی پەروەردەو فێرکردن، بەهرەمەندبوون لەهەموو کارو ژیانەکان مافی جیابونەوەو تەلاق، مافی هەموو ژنان لەهەبوونی موڵکو ماڵدا. بەڵام فێمینیستە سۆسیالیستەکان ناچاربوون کە نەک هەر بەرامبەر نەیاریی پیاوانی سۆسیالیست لەدژی فیمینیزم، بەڵکو لەدژی ناتوانایی ژنانی بۆرژواش خەبات بکەن کە تێگەیشتنی خراپیان بەرامبەر ژنانی چینی کرێکار هەبوو.

سەرەڕای جیاوازییە زۆرەکانی نێوان فیمینیستی بۆرژواو فیمینیستی سۆسیالیستی، بەڵام هەردوو لایان لەیەک خاڵدا یەکێتی بیروڕایان هەبوو کە بەرژەوەندی باڵای ژنانو هەندێک جاریش بەرژەوەندی باڵای هەموو کۆمەڵگە حکومی ئەوە دەکات کە ژنان لەهەموو مافو بەهرەکانی هاوڵاتیبوون بەهرەمەند بن. لەدوای دابەشبوونی وڵاتانی ئەوروپا لەئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیو جەنگی دووەم پاش ئەوەش لەپارتە سۆسیالیستەکان لەیەکتر جیابوونەوە، زۆربەی ژنان لەگەڵ وڵاتانی خۆیان وەفادار مانەوە، بەخشینی مافی تەواوی هاوڵاتیبوون ئەو پاداشتە بوو کە لەبەرامبەر نیشتیمان پەرستی خۆیان وەریانگرت. ئەمەریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم مافی دەنگدانیان بەژنان بەخشی، بەڵام ژنانی فەرەنسا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ئەو مافەیان بەدەستهێنا. لەم سەردەمەدا زۆربەی ژنانی خۆرئاوا بەهرەمەندبوون لەپێگەی هاوڵاتی سیاسییەکسان کە ساڵەها بوو خوازیاری بوون، فیمینیزم وەک بزاڤێکی سیاسی بەهێز دەرکەوت، بەڵام ناچالاک بوو لەخەباتی رۆژانە، بەڵام هەندێک لەژنان ئامانجەکایان پاراست بۆئەوەی مافی دەنگدانی بەدەست هاتوو بپارێزنو گەشەی پێبدەن.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

(بەشی دووەم و کۆتای)

## پێشنیازی ریفۆرمی مافە یەکسانەکان

ئەگەرچی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان تەوەری سەرەکی بزوتنەوەی فیمینیستی سەدەی نۆزدە بوو، بەڵام هەندێک لەژنان بڕوایان بەوە بوو کە مافی دەنگدان بەتەنها کافی نییە. بەڵگەی ئەوان ئەوە بوو کە ژنان نابن بەهاوڵاتی یەکسانو تەواو مەگەر تەنها لەوکاتانەدا نەبێت بەڕەسمی بەهرەمەند بن لەهەموو مافەکان. لە ئەمەریکا (ئالیس پۆل) کە لەڕابەرانی پێشووی بزاڤی مافی دەنگدان بوو، لەگەڵ هەموو داکۆکیکارانی توندڕەوی مافی دەنگدانی ژنان (حیزبی نیشتیمانی ژنان) دروستکرد بۆئەوەی ریفۆرمێک یان هەموارکردنێک بخەنە ناو دەستووری ئەمریکا، لەم هەموارکردنەدا ئەبێت بەڕۆشنی رابگەیەنرێت (کە ولایەتە یەکگرتووەکان یان هیچ ولایەتێک نابێت یەکسانی مافەکانی بەپێی یاسا لەسەر بنەمای رەگەزێتی نەفی یان سنووردار بکات). بەبڕوای ئەم خەباتکارە ژنانە، دەبێت یاسا ژنان لەدەستدرێژیو لەکەدارکردن بپارێزێت، ئەگەر ئەم کارە نەکرێت ژنان هەمیشە لەڕوانگەی یاساییدا بێبەش دەبنو مافی دەنگدانیان بێ مانا دەبێت. ئەم هەموارکردنە یان ریفۆرمە بۆ یاسای بنەڕەتی لەساڵی ١٩٢٣دا پێشکەش بەکۆنگرە کرا.

بەڵام ئەلیس پۆلو هاوڕێکانی نەیانتوانی کەسانی دیکە بڕوادار بکەن کە یەکسانی لەمافەکاندا بەقازانجی ژنان دەبێت،

(سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی مەسرەف کەران) فلۆرانس کیلی، کە ریفۆریستێکی خوازیاری پاراستنی ژنانی کارکەرو منداڵان بوو، بەرێکەوتن لەگەڵ هەموو ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە دەنگی نەیاری بەم هەموارکردنە دا، چونکە بڕوای وابوو کە ژنانی کارکەر دەبێت لەپشتیوانی تایبەتی بەهرەمەندبن، نەک گشتی. تەواوی رێکخراوی ریفۆرمخوازو سەندیکا کرێکارەکان لەبەر هەمان بڕوا لەگەڵ ئەو هەمواركردنەدا نەیار بوون، ئەم نەیاریانە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو جیاوازیانە بوو لەنێوان لایەنگرانی یەکسانی رەهای پیاوانو ژنان، هەوادارانی پشتیوانی کردن لەبەشێک لەو مافو نیازە تایبەتیانەی ژنان ئەو نیازانەی کە بەرهەمی جیاوازیەکانیان بوون لەگەڵ پیاوان، بەتایبەتی مافو توانای هێنانە دنیای منداڵان. ناکۆکی نێوان یەکسان بوونو جیاوازی نێوان ژنانو پیاوان هەتا ئێستا لەبڕوای فیمینستیدا هەیە، بەڵام پاش ئەوەی کە ژنان بوونە خاوەنی مافی دەنگدان، بەشێنەی ئەم پرسە یان ئەم ناکۆکیە بەرادەیەک هەستیارو گرنگ دەرکەوت کە لەسەرانسەری سەدەی بیستەمدا بەهێزی خۆیەوە مایەوە. پۆڵو هاوکارانی، بەپێچەوانەی کیلی زیاتر نوێنەری ژنانی خۆشگوزەران بوون کە خوازیاری ململانێی یەکسان بوون لەگەڵ پیاوان، بەتایبەتی لەمەیدانی حکومەتو سیاسەتو کارەکانی دیکەدا.

## ئاڵوگۆڕەکانی دوای جەنگ

(قەیرانی مەزن) کە لەساڵی ١٩٢٩ دەستی پێکرد، لەگەڵ کێشەکانی دیکەی ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، پێویستی بەهەڵوەستەیەک بوو لەهەولاو خەباتی فیمینیستەکان. یەکسەر دوای جەنگی جیهانی دووەم، گرنگیدانی ژنان-و پیاوان- لەئەمریکاو ئەوروپا زیاتر گەڕانەوە بوو بۆ ژیانێک کە تێیدا پیاوان بتوانن هاوسەرانی بێ کارو منداڵانیان پارێزگاریو سەرپەرشتی بکەن، خواستێک کە بەڕوانگەی زۆرێک لەخەڵک وەکو هەمان هەلومەرجی ئاسایی سەیر دەکرا. لەم رەوشو هەلومەرجانەدا بڵاوبونەوەی (کتێبی رەگەزی دووەم) لەساڵی ١٩٤٩ کە بەرهەمی نووسەرو فەیلەسوفی فەرەنسی (سیمون دوبۆفار) بوو، لەو کتێبەدا نووسەر باس لەوە دەکات کە پێگەی لاوازو نزمتری ژنان نەک تەنها لەسیاسەتدا، بەڵکو لەناو نەریتە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیەکانیشدا بەقوڵی رەگی داکوتاوە، سەرەڕای گرنگیو مەزنی ئەم کتێبە، بەڵام کاریگەری بەهێزی نەبوو. سەرەڕای تەنگوچەڵەمەکانی سەردەمی دوای جەنگی دووەم زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا کەوتنە پایەرێژیو دامەزراندنی شێوەی تایبەت لەدەوڵەتی خۆشگوزەران، کە بەشێوەی گشتی بەهرەو ماف پاراستنو بیمەکانی کارو کۆمەڵایەتی بۆ ژنان وەکو دایک فەراهەم کرد.

لەزۆرێک لەوڵاتان بەتایبەتی لەوڵاتی کاسۆلیک وەکو فەرەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ژنان دیسان بێبەش بوون لەمافی تەڵاق یان رێگەگری لەسکپڕبوون، لەوانیش زیاتر لەباربردنی منداڵ. لەهیچ وڵاتێکی ئەوروپادا ژنان بەئاسانی دەستیان

نەدەگەیشت بەپۆستو پلەو پایەی گرنگ لەکارو باری پیشەسازی، بازرگانی، کارە گرنگەکان، یان بەسیاسەت، بەڵام بەشێوەی گشتی، ژنانی ئاسایی توانییان بەهرەمەند بن لەپارێزگاری فراوان لەزەمینەی بەشدارییان لەهێزی کارو ژیانی خێزانیدا. لەهەمان سەردەمدا وڵاتانی سۆسیالیستی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش، بەپەیڕەوی بەسەر مەشقی یەکێتی سۆڤیەت، شێوەو جۆرەکانی مافی هاوڵاتیو سیاسەتە گشتیەکانی پاراستنی دایکان خرایە بەردەستی ژنان، ئەگەرچی لەوڵاتانی سۆسیالیستی بەرپرسیاری سەرەی خێزانداری، کڕینو پارێزگاری منداڵان واتە هەموو پرسەکانی خێزان (یان بەشێوەی دەربڕینی کۆمەڵناسی ئەمریکایی ئارلی هاچشیلد) جێگاگۆڕکێی دووەم-لەسەر شانی ژنان بوو. بەڵام بۆ زۆرینەی ژنانی ئەم وڵاتە بەشداری تەواو لەبازاڕی کاردا ئاسان بوو.  دەست راگەیشتن بەتەڵاقو ڕێگرتن لەدوگیانی لەباربردنی منداڵ کەم تا زۆر بۆیان فەراهەم کرابوو.

لەڕاستیدا یەکسانی رەسمی ژنان لەگەڵ پیاوان لەوڵاتانی سۆسیالیستی زیاتر بوو تا لەوڵاتانی رۆژئاوا. تا ئەم سەردەمە هێشتا یەکسانی فەرمی یان تەنانەت سیاسەتە رۆشنەکان لەهیچ وڵاتێکدا یەکسانی بنەڕەتی ژنانی لەگەڵ پیاوان زەمانەت نەکردوە. ژنان زۆر بەدەگمەن لەکارو پۆستە گرنگو بەسودەکاندا لەئاستی باڵای سەرکردایەتی بەشداربوون. بەڵام وڵاتانی سۆسیالیستی لاو تارادەیەک دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکانی رۆژئاوا، لانیکەم لەزەمینەی هاندانو پاراستنی دایکاندا کاری گرنگیان ئەنجامدا. بەتایبەتی لەو هەلومەرجانەدا کە پێویستی بەژمارەی زیاتری ژنان هەبوو بۆ هێزی کار. بەسەرنجدان لەم سیاسەتانەی پاراستنی دایکانو ساوایان دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی فیمینزم لایەنگری مەزنی لەساڵانی دوای جەنگی دووەم بەدەستهێنا، چونکە حکومەتەکان بەشێک یان زۆرێک لەمافی ژنانو دایکانیان بەدەستهێنا لەئەمریکا، کە دایکانی کارکەر لەم پلانو سیاسەتانە بەهرەمەند نەبوون، گەشەو رەونەقی دوای جەنگ رێگری بەهێز بوون لەسەرهەڵدانو گەشەی فیمینیزم.

## ژیانەوەی فیمینیزم

 بەڵام لەدەیەی ١٩٦٠هەموو شت دەستی بەگۆڕان کرد، لەساڵی ١٩٦٣ ژنێکی رۆژنامەوانو خێزانداری چینی ناوەڕاستی ئەمریکا، بەناوی (بێتی فریدان) کتێبی (ئەفسانەی ژنان)ی بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە وەک بانگەوازێک بوو بۆ ژنانی چینی ناوەڕاستی ئەمریکا، ئەو ژنانەی دایکانیان لەجیهانی خەونو خەیاڵی ماڵەکانیان لەدوو دەیەی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ ژیان بەسەر بردبوو. ئەم ژنانە خوێندنو زانستی باڵایان هەبوو، بەڵام هیچ هەلێکیان بۆ دەرخستنی تواناکانیان بەدەست نەهێنا، فریدان بێ ئارامیو بێ قەراری ئەوانی بەناوی (پرسی بێ ناو) راگەیاندو بەتوندی داکۆکی دەکرد لەمافی ژنان بۆ پەروەردەو فێرکردنی تواناکانیان لەپرسو کاری بەسوودو بەنرخدا، پەیدابوونی بزاڤی خێرای فیمینیستی بەتوندی قەرزای

فریدان بوو، بەلاّم لەهەمان کۆمەلاّو بەشێوەی سەرهەڵدانی مەزنی بزاڤەکانی مافی مەدەنی خوێندکارانو زانکۆیانو بزوتنەوەی دژی خەڵک بەرجەستە بوو.

ئەگەرچی لەو رۆژگارەدا دیار نەبوو، بەلاّم تاکۆتایی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ ئەمەریکیەکان لەکێشەی شۆڕشی ئابووریو رەگەزیدا ژیانیان بەسەر دەبرد کە رەوشی ئاڵوگۆڕی پەیوەندی نێوان ژنانو کۆمەڵگەو ئەو چاوەڕوانیانەی کە هەیان بوو، حکومەت دەستی کرد بەکۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ بۆئەوەی بەشێنەیی مافو تواناکانی هەموو ژنان فراوان بکات. گرنگترین ئەم کارانەش بەندی حەوتەمی (بەڵگەی مافە مەدەنیەکان) بوو کە لە ١٩٦٤ ئامادە کراو بەهەموو شێوەیەک هەلاّواردنی کاری لەسەر بنەمای رەگەزی، نەژاد، رەنگ، ئایین، یان ناسنامەی نەتەوەیی قەدەغە کرد.

لە ١٩٦٦ گروپێک لەژنان لەناویشیاندا فریدان (رێکخراوی نیشتیمانی ژنان)یان دامەزراند، ئەم رێکخراوە لەساڵی ١٩٧٠ خەباتی نوێی بۆ راگەیاندنو جێبەجێکردنی (ریفۆرمی مافی یەکسان)ی دەستپێکرد لەنێوان ١٩٧٢ و ١٩٨٢ خەبات بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەم ریفۆرمە هەموارکراوە گەشەی کردو باسە گشتییەکانو فراوانەکان دەربارەی فیمینیزم لەژیانی گشتی ولاّتدا ئامادەی رەسمیی پەیدا کرد. لەهەمانکاتدا تەنانەت کەسانێک کە لەگەڵ زۆربەی هەڵوێستی فیمینیستدا ناکۆک بوون، بەشێنەیی پرسەکانی ژنانیان پەسەند کردو بەپێگری بۆی تێکۆشان. تا سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ ژنانی خێزاندار (هەڵبەت هەندێک جار بەدژواری) توانییان شایستەی بۆ خۆیانو نازناویان بگێڕنەوە. لێرەوە ژنان بەئاسانی توانییان لەبەلاّی شوکردنی ناسەرکەوتوو خۆیان بپارێزنو ئازاد بن. هەلاّواردن لەکارو پەروەردەو فێرکردن بەتەواوی بەنایاسایی دانرا، هەنگاوی گرنگو رێگای باشیان بەدەستهێنا لەمافی کاری پەیداکردنو بەرزکردنەوەی هەلەکانی فێرکردنو کارداری ژنان.

## شەپۆلی دووەم

بەلاّم بەبڕوای زۆربەی فیمینیستەکان، شاکاری ئەم قۆناغە تازەیەی چالاکی فیمینیستی کە بەشەپۆلی دووەمیان ناو دەبرد بۆئەوەی لەخەباتی ژنان بۆ مافی دەنگدان جیا بکەنەوە، بڕیاری (دیوانی بالاّی) ولاّت بوو لەساڵی ١٩٧٣، ئەو بڕیارەش یاساییکردنی لەباربردنی منداڵ بوو لەلای ژنان، ئەم بڕیارە یان یاسایە یەکەمین نیشانەکانی رێسای کاری نوێی فیمینیستی بوو لەسەرانسەری ئەو بیست ساڵەدا: ئەم یاسایە تەوەری خەباتی فیمینیستی لەسیاسەتو کارەوە بەرەو زەمینەی رەگەزی برد. هەڵبەت فیمینیستەکان ئەم هەوالاّنەیان پەسەند نەکردو لەواقیعدا زۆربەی ئەوان بەدڵنیایی دەیانووت کە ئازادیو سەربەخۆی رەگەزی پێشمەرجەکانی بەشداری یەکسانە بۆ ژنان لەهەموو کارو پرسەکانی تردا، بەشێنەییو لەماوەی

بیست ساڵی دواتردا.

کە ناوەرۆکی یاسای دیوانی باڵا کەوتە بەر نارەزایی‌و گرفتو سنووردارییەوە، فیمینیستەکانیش مافی ژنان بۆ لەباربردنیان وەک یەکێک لەمافە بنەڕەتییەکانیان دەست پێوەگرت کە هاوشێوەی هەمان ئەو مافانە بوو کە بەپێی بەیاننامەی مافەکانی هاوڵاتی دەبێت هەموان لێی بەهرەمەند بن، بەڵام بەهەمانشێوەی هەندێک لەفیمینیستەکان بڕوایان وابوو خەباتی بەردەوام لەپێناوی مافی لەباربردنی منداڵ وایکرد کە لەپرسو مافەکانی دیکە غافڵ بنو کەلێنی نێوان فیمینیزم بەگرنگیدانی بەهەموو پرسەکانی ژنان فراوانتر کرد. شەپۆلی دووەمی فیمینیزم، ئەگەرچی لەئەمریکا زیاتر لەهەر وڵاتێکی دیکە ئامادەیی سیاسی‌و کاریگەری گشتی هەبوو، بەڵام هەرگیز بزوتنەوەیەکی تایبەتی ئەمریکایە نەبوو. وڵاتانی ئەوروپاش شەپۆلی دووەمی فیمینیستی تایبەت بەخۆیان بەدیهێنا، کە لەڕوانگەی ئەندازەو گرنگیداوە جیاوازبوون لەهی ئەمریکا، شەپۆلی دووەمی فیمینیزم  لەفەرەنسا زۆر جێگای سەرنج بوو، چونکە بەرجەستەترین ریشەی ئەم بزوتنەوەیە شێوەی گشتی پراتیکی‌و ئەدەبی هەبوو، دڵنیایی سەرەکی ئەوان لەسەر پێگەی ژنان بوو لەفەرهەنگو دەروونناسیدا.

فیمینزمی فەرەنسی رووخساری فراوانی لەناوەندەکانی روناکبیری ئەمریکاو بەریتانیا بەدەستهێنا، بەڵام کاریگەری راستەوخۆی جێگای باس نەبوو لەسەر گۆڕانی پێگەی سیاسی‌و ئابووری ژنان.  گرنگترین کاریگەری شەپۆلی دووەمی لەئامادەیی فراوانیدا بوو لەسەرانسەری  جیهان (رێکخراوی نەتەوەکان) ساڵانی ١٩٧٥ هەتا ١٩٨٥ی (بە دەیەی ژنان) بڕیاردا، کۆمەڵێک دیدارو کۆبوونەوەی پراکتیکی دەربارەی پایەو شایستەی ژنانو نیازەکانیان لەسەرانسەری جیهاندا هێنایە دی. ئاراستەو گرنگیدان بەپرسەکانی ژنان لەنێوان فەرهەنگەکانی جیهان  چیدی جێگای گومانو پرس نەمایەوە، بەڵام هێشتا فیمینیزم دیاردەیەکی تایبەت بوو بەئەوروپای رۆژئاوا، لەوانەشە پێش ئەمریکا بووبێت، بەشێوەی گشتی ژنانی وڵاتانی رۆژهەڵاتو جێگای دیکە  فشارو بێبەشی قورسو بێ کۆتاییان تەحەمول دەکرد، هەتا ژنانی وڵاتانی خۆرئاوا. لەزۆرێک لەپرسەکانیشدا هێشتا رۆژئاوا زیاتر پابەندن بەچاکترکردنی هەلومەرجی ژنان، بەڵام لەوەش بەئاگان کە فیمینیزمی خۆرئاوا چۆن لەدڵی فەرهەنگیدا گەشەی کردوە کە بەشێک نییە لەو بیروباوەڕە، زۆربەی ئەوان لەنێوان هیواو ئارەزووی چاکتربوونی هەلومەرجی ژیانو بوونی ژنانو لەنێوان وەفاداری بۆ فەرهەنگی خۆیان لەناکۆکی توندا بەسەر دەبەن، بەشێک لەژنان هیوایان وایە لەپێناوی باشکردنی ژیانی خۆیان بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆیان چالاکی بکەنو سەرەتاکانی کارو بەرنامەیان دیاری بکەن. ئەوان زۆربەی جار پەیوەندی نێوان فیمینیزمی رۆژئاواو ئیمپریالیزمی ئابووری‌و فەرهەنگی دەبینن، ئەم کاردانەوانە ئەوە نیشان دەدەن کە فیمینیزمی خۆرئاوا چ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ گەشەی سیاسی‌و ئابووری تایبەت بەخۆرئاوا هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ دیموکراسی‌و سەرمایەداری پیشەسازیدا.

## ئایندەی جیهانی

شۆڕشی ئابووری‌و ڕەگەزی لەدەیەی ١٩٦٠ ژنانی بەرەو سەربەخۆی‌و تاکباوەڕی برد لەخۆرئاوا، لەسەر هەلومەرجی تەواوی ژنانی جیهانیش کاریگەر هەبوو، فیمینیزم جێگەیەکی گرنگی لەباس‌و میدیا گشتیەکاندا پەیدا کرد، هۆکاری ئەمەش ئەو هەولانە بوو کە بۆ باشترکردنی ژیانی ژنان خرایە کارەوە، بەتایبەتی هەڵوێستی نەیاری ئەوان سەبارەت بەپیاوان، فیمینیستەکانی ئەمریکا کە سەرەنجام لەبەدەستهێنانی یەکسانی ڕەسمیدا سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتی لەهەل‌و ژیانەکانی هاولاتی بۆ ژنان بەو دیدگایە گەیشتن کە یەکسانی هەروەکو جاران جگە لەفریوێک شتێکی دیکە نییە، لەبەر هەمان هۆکارو بەڵگە زیاتر خۆیان تەرخان کرد بۆ پرسەکانی ڕەگەزیی‌و فەرهەنگی. فیمینیزمی ئەم ڕۆژگارە لەوانەیە زیاتر خەمی خۆیان بەپرسەکانی ئەتکو توندوتیژی بەدرەفتاری بەرامبەر ژنان، هێرشی سێکسی، هەڵاواردنی ڕەگەزیی‌و پرسەکانی لەوجۆرە تەرخان بکەن.

لەهەمانکاتدا هەندێک گروپی دیاریکراوی فیمینیستی هەریەکەیان بەجۆرێک لەم پرسانە دەکۆڵنەوە: ئایین، ژینگە، جیابوونەوە لەپیاوان، ژیانی سێکسی نێوان ژنان. ئەم فرەییە لەنێوان شێوەکانی فیمینیزمدا ئەوە دەردەخەن کە سەرەڕای گرنگی‌و کاریگەری پرسەکانی ژنان لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە، بەڵام هاوڕای زۆر لەم بارەیەوە کە بۆ هێنانەدی ئەو پرسانە چی پێویستە هێشتا بەدی نەهاتووە. ئەوە زۆر ڕۆشنە کە لەسەرانسەری جیهانیدا ئاڵوگۆڕی ئابووری پەیوەندییە نەریتییەکانی ژنانی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لەبیخ‌وبنەوە گۆڕیوە، فیمینیزمی سەرەتایی لەوەڵامدانەوە بەیەکەمین ڕوخسارەکانی ئەم ئاڵوگۆڕەدا، بەتایبەتی شۆڕشە مەزنەکانی سەدەی هەژدە، سەریهەڵدا. ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی ئێمە ئەوە دەرئەخەن کە تەمەنی ئەو ڕۆژگارانە بەزوویی بەسەرچووە، یان لانیکەم ئەو سەردەمە بەدەستی ئابووری دوای پیشەسازی بەتەواوی گۆڕاو، ئەگەر فیمینیزم لەپلەی یەکەمدا ڕوخساری ئامانجەکانی ژن بێت بۆ گەیشتن بەجێگاو ڕێگای تەواو لەپەیڕەوی تاکباوەڕییەوە لەنێو بچێت، فیمینیزمیش لەوانەیە بەئاسانی بەسەلامەتی دەرنەچێت، لەبەر ئەمانە ئەگەرچی پرسەکانی ژنان زیاتر لەجاران لەتەواوی جیهاندا بایەخی پەیداکردووە، بەڵام تواناو هێزی بەردەوامی فیمینیزم لەناو پانتایی ئەم پرسانەو دەرخستن‌و هێنانەدیان بەهەمان پەیگیرییەوە نییە.

سەرچاوە: دایره المعارف دموکراسی، جلد دوم، بە سرپرستی سیمور مارتین لیپست، ترجمەی کتابخانەی وزارت امور خارجەی ایران، چاپ اول ١٣٨٣ تهران،ل ل ١٠١٦ – ١٠٢١.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دابران - ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# کورتە مێژووی فێمینیزم



توێژەر: سەید عبدالمجید زواری

و: فەرزانە عەلی

لە مێژووی فیمینیزمدا بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت خاڵی دەستپێکی فیمینیزم لە کۆتایی(سەدەی هەژدەیەم)ەوە ئاماژەی پێبکرێت بە تایبەتی دوای شۆرشە گەورەکەی فەرەنسا، بەڵام لە دابەشکردنە گرێبەستییەکانی تر دا، مێژووی فیمینیسم بە سێ شەپۆل دابەش دەکرێت.

## شەپۆلی یەکەم:

شەپۆلی یەکەم لە ساڵی (١٨٣٠) دەستپێیکرد. "مێری ڤێڵتۆن کرافت" بە نوسینی کتێبی "لەسەر حەق بوونی مافەکانی ژنان"، لە (١٧٩٢) کاریگەری سەرەکی لە سەر ئەم شەپۆلە دانا. دوای ئەویش "جان ستوارت میل" بە هاوکاری هاوسەری یەکەمی "هێری تیلۆر"، کتێبی "بەند بوونی ژنان"ی لە (١٨٦٩) نووسی، کە دوای کتێبی یەکەم، کاریگەری گەورەی لە سەر ئەو ڕەوتە دانا.

ئەو کتێبە لە حاڵەتێکدا نوسرا کە ژنانی سەردەمی ڤیکتۆریا، لە ژێر توندترین سەرکوتدا بوون. دەکرێت بڵێن ئەندێشەی

مافە لیبراڵکلاسیکەکان، زەمینەی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم شەپۆلە لە قەڵەم دەدرێت، روانگەیەک کە هەڵقوڵاوی ئەندێشەکانی "جان لۆک" بو. فراوانبونی مافە مەدەنی و سیاسیەکان، بەتایبەت دانی مافی دەنگدان بەژنان، داواکاری و ئامانجی سەرەکی ئەم شەپۆلە بوو. هەڵبەت لە پاڵ ئەم داواکارییەدا هەندێک ئامانجی دیکەش کاری لەسەر دەکرا کە دەکرێت باس لە چەند خاڵێک بکەین:

١- بەشداری کردنی ژنان لە کاری پەروەردەیی دا.

٢- چاککردنو پێداچوونەوەی ژنانی خێزاندار لە یاساکاندا.

٣- مافی یەکسان لە گەڵ پیاو بۆ جیابوونەوەی یاسایی و هەندێک پرسی دیکە سەبارەت بە بابەتە سێکسیەکان.

## شەپۆلی دووەم:

شەپۆلی دووەمی فیمینیزم لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەوە دەستی پێکرد. شەپۆلی دوەم توانی تارادەیەک هەندێک گۆڕانکاری باش لە بارودۆخی ژناندا بهێنێتە کایەوە. فراوانبوونی پەروەردە و فێرکردن، کارکردنی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا، بە یاسایی کردنی لە باربردنی کۆرپە، دانی مووچەی یەکسان بە ژنان، بەهرەمەندبوون لە مافی مەدەنی یەکسان و فراوانبوونی خواستی منداڵنەبوون، لە دەرئەنجامە گرنگەکانی شەپۆلی یەکەم بوون هەر ئەم کارانە بوونە هۆی ئەوەی هەندێک لە فیمینیستەکان بە دوای هەڵگرتنی هەنگاوی دیکەوە بن.

ئامانجی سەرەکی و گرنگی فیمینیستەکان لە شەپۆلی دووەم "رزگارکردنی ژن" بوو. فیمینیستەکانی شەپۆلی دووەم لەو بڕوایەدابوون کە رزگارکردنی ژنان لە نایەکسانییەکان بەس نیە و دەبێت لە دەست پیاوان رزگار بکرێت. رەخنەگرتن لە پێکهاتە ئایدۆلۆژیکیە رەگداکوتاوەکانی وەک "پیاوسالاری" و "گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکان" لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، جەختکردنەوە لە سەر لێهاتوویی و توانای ئابووری، لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی فیمینیستەکانی سەدەی بیستەم لە قەڵەم دەدرێت. ئەم کەسانە لەو بڕوایە دابوون کە بۆ رزگارکردنی ژن، دەبێت رۆحیاتی ژنانەبوون لە ناو ببرێت و هێندە زێدەرۆییان کرد کە جەختیان لە سەر رواڵەتی پیاوانە وەک "قژی کورت"، "پێڵاوی تەخت" - فلات - و قاتو بۆینبا [خوخۆجوانکردن] دەکردەوە.

## شەپۆلی سێهەم:

شەپۆلی سێهەم لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەستیپێکردو بە هۆی کاریگەرییە خراپەکانی فیمینیستەکانی شەپۆلی دووەم، لەم

سەردەمەدا هەوڵدرا روانگە فیمینیستیەکان تا رادەیەک نەرمتربکرێن. لە ژێر کاریگەری ئەم هەلومەرجە دابوو کە دەوڵەتەکانی "تاچێرو رەیگان"، هاوکات لە گەڵ روبەرووبوونەوەی ڕوانگە توندرەوەکان، خوازیاری گەڕانەوەی "بەها خێزانیەکان "بوون و بەگشتی لە نەوەدەکاندا فیمینیسم بە پرۆسەی نەرمبون دا تێپەڕی. بە پێچەوەانەی شەپۆلی دووەم، فیمینیستەکان جەختیان لە سەر رواڵەتی ژنانە و هەڵسوکەوتی ناسک دەکردەوە، ئەوان لەو بڕوایەدان کە دەبێت رۆڵی دایکایەتی زیندو بکرێتەوەو هەروەها بەرگرییان لە خێزانی منداڵ تەوەر وژیانی تایبەتی دەکرد.

## خواستی پۆست مودێرن

ئەم خواستەش جەخت لە سەر لە ناوبردنی پیاوسالاری دەکاتەوە بە جیاوازییەک کە ئەوان لە وبڕوایەدان بۆ گەڕانەوەی مافەکانی ژنان و "لەناوبردنی پیاوسالاری" دەکاتەوە بە جیاوازییەک کە ئەوان لەو بروایەدان بۆ گێرانەوەی مافەکانی ژنان و لە ناوبردنی پیاوسالاری دەبێت تابۆکان تێکبشکێنرێن. بە بڕوای ئەم گروپە تێکرای ئەوپێکدانانەی نێوان کوڕ و کچ کە جیاوازی دروست دەکات لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانە سەرچاوە دەگرن کە بۆتە هۆی کوێلەبوونی ژنان بە درێژایی مێژوو ودەبێت ئەوانە تێکبشکێنرێن. لە ژێرکاریگەری ئەم بۆچوونانە لە دەیەی نەوەت، ئراستەی فیکری فیمینیستەکان لە پابەندە سیاسی و ئابوورییەکانەوە گۆرا بۆ بابەتە کولتوری، دەروونناسی و زمانناسیەکان.

بە سەرنجدان بە ئەوەی لە سەرەوە باسی کرا دەکرێت رێبازە فیمینیستیەکان بە شێوەی خوارەوە ریز بەندی بکرێت. فیمینیسمی لیبراڵ، فیمینیسمی رادیکاڵ، فیمینیسمی پۆست مودێرن، فیمینیسی ئانارشیست، رێبازی ئێکوفیمینیزم و هەروەها فیمینیسمی مودێرنیش یەکێکی دیکەیە لە لقەکانی فیمینیسم کە لە سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە.

### شەپۆلی یەکەم:

سەدەی (١٧ - ١٨) فیمینیستە سەلمێنەرخوازەکان هەوڵیاندەدا کە بوونی ژن وەک بونەوەرێکی سەربەخۆ بسەلمێنن، دەبێت وەک مرۆڤ سەیر بکرێت نا وەک پیاو.

### شەپۆلی دووەم:

هەوڵیاندەدا هەموو جۆرە جیاوازی و ناکۆکی سەرچاوە گرتوو لە رەگەز لەناوبەرن و ژنانیش وەک پیاو خاوەن مافی یەکسان بن و لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداری بکەن.

## شەپۆلی سێهەم:

مودێرن (دەسەڵاتخواز) لەو بڕوایەدان ژن ژێر دەستە نییە، بەڵکو سەردەستە, تەنانەت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ژنانیش دەتوانن و مافی ئەوەیان هەیە، کە دەسەڵاتی ژنان شوێنی دەسەڵاتی پیاوان بگرێتەوە.پۆست مودێرنەکان (روانگەی نوێ) بڕوایەک بە جۆرە هاوسەنگیەکە، پاراستنی سیستمی خێزان لە گەڵ هاوسەنگی چالاکی ژنان لە دەرەوەی ماڵ.

## دەرئەنجام:

بزوتنەوەی فیمینیسم، لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەوڵیداوە ژنان لە دەوری ئایدولۆژیایەک کۆ بکاتەوە. فیمینیستەکان دەیانویست چەمکی خۆشکی جیهانی جێگربکەن، بەڵام بەدرێژایی مێژوو تووشی گرفتو دوبەرەکێ بوون هەرچەند بەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە بزوتنەوەی فیمینیزمدا خاڵکی گرنگ بوو، بەڵام لە دەیەی(١٩٢٠)ەوە هەندێک هەڵسوکەوتی جیاواز هاتە ئاراوە بە جۆرێک بیرکردنەوەی جیاواز وناکۆک و گەلێک لە پسپۆرانی فیمینیسم بە ئەم جیاوازییە بە لاوازی وپێنەگەیشتنی ئایدیولۆژیای فیمینیسم دەزانن و بە رێبازێکی زیندووی لە قەلەم دەدن لەم کێشمەکێشەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

# ڕەهەندەکانی فیمینیزم



**کنێر عەبدوڵڵا**

بیروڕاکانی تایبەت بە فیمینیزم جۆراوجۆرن و دید و تێڕوانینی جیاجیای لەخۆ گرتووە؛ بە شێوەیەک دەتوانرێت بگوترێت قوتابخانەی جیاجیای فیمینیزمی هەن کە ئەگەرچی جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی هاوبەشیان هەیە کە بە درێژاییی مێژووی سەرهەڵدانی ئەو قوتابخانە جیاوازانە، کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو خاڵانە بەردەوامی و درێژەی هەیە.

یەکێک لەو خاڵە جەوهەرییە هاوبەشانەی نێوان قوتابخانە جیاجیاکانی فیمینیزم، بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی هەر یەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناهەمواری و ناجێگیری و کۆی ئەو جیاکاری و جیاوازییانەی بەگشتی لەسەر ئاستی جیهاندا دەرهەق بە ژنان دەکرێن. بێ گومان ئەوەیش بە هۆی ڕەگەزبوونیانەوەیە وەک ئەوەی ژنن و دەچەوسێنرێنەوە، توندوتیژیی جۆراوجۆریان لەئاستدا دەکرێت، لە نێوەندە جۆربەجۆرەکاندا بە ڕەگەزی پلە دووی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێن و دەرفەتی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا وەکیەک نابێت؛ بە هۆی ئەوەی ژنن ئەرک و مافەکانیان لە زۆربەی بوارەکاندا وەکیەک نییە و لە بەهای مرۆڤبوونیان کەم دەکرێتەوە.

بوونی ئەو جیاکارییانە لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهاندا بە شێوەی جیاجیا درێژەی هەیە. بۆیە خەباتی ژنان لە پێناو نەهێشتنی ئەو جیاکارییانە و ڕەخساندنی دەرفەتی وەکیەکی لە نێوان مرۆڤەکاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی

ژنان، تا ئەمڕۆ شێواز و هەنگاوی جیا و خەباتی فرەبواری بۆ دەکرێت. ئیدی لە سۆنگەی ئەو واقعانەوە وشەی فیمینیزم سەری هەڵدا و، ژنان بە شێوازی جیا دەستیان کرد بە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیان لە بەرامبەر پەراوێزبوون و ژێردەستەییبیان و خوازیاریی باشتربوونی گوزەرانیان لە ڕووی سەرجەم بوارەکانەوە، هاتە ئاراوە.

## فیمینیزم چییە؟

فیمینیزم لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە(feminism) و، لاتینییەکە(famine) ە و بە مانای ژن (woman) وەرگیراوە. بزووتنەوەیەکە هەوڵ بۆ سەلماندن، یان بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی ژنان لەگەڵ پیاواندا دەدات. ئەوە تەنیا چەمکێک نییە، بەڵکوو چەمکێکی فرەڕەهەندە و کۆمەڵێک بیروبۆچوونی لەخۆ گرتووە. بۆیە بۆ ئەوەی پێناسەیەکی بنەڕەتی بۆ بنەمای هاوبەشی کۆی فیمینیستەکان بکەین، دەتوانین هەوڵی دۆزینەوەی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەموو جۆرەکانی فیمینیزم بدەین.

لەو ڕوانگەیەوە بەگشتی دەتوانین وشەی فیمینیزم کە بە ئینگلیزی بە (Feminism) ناسراوە، بەو بزووتنەوە و بڕوایانە بگوترێت کە مەبەستیان دامەزراندن و پاراستنی مافی وەکیەکییە بۆ ژنان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

## سەرهەڵدانی فیمینیزم:

وشەی فیمینیزم بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧١. لە فەرهەنگی پزیشکیدا فیمینیزم بە مانای "لێکۆڵینەوە دێت سەبارەت ئەو ژنانەی کە بە شێوەیەکی ڕواڵەتکارانە هەڵسوکەوتیان پیاوانە بووە، واتە "نێرەمووک" بوون، بەڵام لە بواری سیاسیدا ئەم وشەیە یەکەم جار بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی "بەپیاوانەبوونی تایبەتمەندییەکانی ژنان سوودی لێ وەرگیراوە، کە بێ گومان لەو کاتەدا و لە سەدەی نۆزدەدا ئەم پەشێوییە مایەی ترس بووە.

لە دەیەی ساڵی ١٨٤٠دا بزووتنەوەی بەرگریکردن لە مافی ژنان لە ئەمریکا دەستی پێ کرد و، دەستکەوتەکانی لەو کاتەدا بریتی بوون لە "جاڕنامەی هەستەکان" کە ئامانجی ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی بوو سەبارەت بە ژنان کە لە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکادا کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو. پاشان ئەلیزابێس و کەدی ستانتۆن و سۆزان. ب. ئانتۆنی "ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژنانیان" دامەزراند.

لە دەیەی ساڵی ١٨٤٠ بەدواوە بزووتنەوەکانی مافی ژنان لە بریتانیایش دروست بوو کە بێ گومان بەر لە دروستبوون و کارکردنیان لە چوارچێوەی ڕێکخراودا، ژنان دەستیان بە نووسین کردبوو دەربارەی ئەو نایەکسانی و ناعەداڵەتییانەی بەرامبەر ژنان بوونیان هەیە. بۆیە لە ساڵی ١٧٩٢دا ماری ڤۆلستۆن گرافت کتێبێکی نووسی بە ناوی "وەرگرتنی مافەکانی ژنان" و، هاوکات هەندێ لە ژنانی دیکە بە مەبەستی گەشەپێدانی ئەو مافانەی کە لە شۆڕشی فەرەنسادا بەڵێن بە ژنان درابوو خەباتیان دەکرد.

## قوتابخانەکانی فیمینیزم:

تێڕوانینەکان لە بەرامبەر فیمینیزم لە قوتابخانەی جیاجیادا خۆی دەبینێتەوە و، بەگشتی لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا هیچ چالاکییەکی فیمینیستی لە ئارادا نەبوو؛ بەڵام پێش سەرهەڵدانی وشەی فیمینیزم، هەمیشە بابەتێک هەبوو بۆ وتووێژ و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی پێگەی ژن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و بوونی ئەو نایەکسانییانەی لای ژنان درکیان پێ دەکرا. بۆیە ئەو گفتوگۆیانە، بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو شەپۆلی فیمینیزمی بۆ کارکردن لەو بارەیەوە.

فیمینیستەکان لە دوو جۆر شەپۆلی فیمینیزمیدا خۆیان دەبینییەوە،: شەپۆلی یەکەم ئاماژە بە بزووتنەوە فیمینیستەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست هاتۆتە ئاراوە کە هەوڵیان داوە لە ڕووی سیاسییەوە مافی یەکسانی، بەتایبەت مافی دەنگدان بۆ ژنان فەراهەم بکەن. یەکەمین شەپۆلی فیمینیزم بە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان کۆتایی پێ هات؛ بۆ یەکەمین جار نیوزلەند، ساڵی ١٨٩٣، بریتانیا ساڵی ١٩١٨، ئەمریکا ساڵی ١٩٢٠ و سوید ساڵی ١٩٢١ مافی دەنگدانیان بە ژنان دا.

ئەم شەپۆلە ئاماژە بە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی چالاکییە فیمینیستەکان دەکات لە کۆتاییەکانی دەیەی شەست و سەرتاسەری دەیەی حەفتاکاندا، کە هەموو نارەزایەتییەکانیان تایبەت بوون بە نەبوونی یەکسانیی ژنان، نەک تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو بوارەکانی خێزانی و سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە سێکسەوەی دەگرتەوە.

## شەپۆلی دووەم ساڵی ١٩٦٣ هاتە ئاراوە

تێکۆشەرانی ئەم شەپۆلە تەرکیزیان لەسەر ئەوە کردبوو کە بەدەستهێنانی مافی یەکسانی سیاسی و یاسایی (مافی

دەنگدان)، پرسی ژنی چارەسەر نەکردووە . ئامانجی شەپۆلی دووەم تەنیا بەدەستهێنانی مافی سیاسی نەبووە بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ ئازادیی ژنان بوو. بەپێی بڕوای شەپۆلی دووەم ئەم ئامانجانە لە ڕێگەی ڕیفۆرمی سیاسی و یاساییەوە بەدەست نایەت، بەڵکوو دەبێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە پرۆسەیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە دەست پێ بکا. بەگشتی هەندێ لە لایەنە تیۆرییەکان جۆرەکانی فیمینیزم، دەکەن بە چوار جۆر، یان گرووپەوە:

## ١- فیمینیستە لیبراڵەکان:

ئەم جۆرە، پێیان وایە یەکسانیی ژن و پیاو لە ڕێگەی ڕیفۆرمی سیاسی و یاساییەوە بەدەست دەهێنرێت؛ واتە لیبراڵەکان لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دەڕەخسێنن و لێهاتوویی و توانای ئەو کەسە، دەتوانێ سوود لەو دەرفەتە وەربگرێ. ئەم جۆرە باوەڕیان وایە کە ژن هەموو توانا و لێهاتووییەکی وەک پیاو هەیە. بۆیە ژن دەتوانێ پاش ڕەخساندنی دەرفەت، بەپێی یاسا مافەکانی خۆی بەدەست بێنێ و یەکسانی لە کۆمەڵگە دەستەبەر بکات؛ بێ ئەوەی پێویست بە گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵگە بکات یان هەڵوەشێتەوە.

نموونەی ئەو شتانەی لیبراڵەکان بۆی تێ دەکۆشن بریتین لە: ژنانیش وەک پیاوان مافی دەنگدانیان هەبێ، لە بەرامبەر کاری وەکیەک، مووچەی وەکیەک وەربگرن، توندوتیژیی فیزیکیی نێو بنەماڵە لە ڕێگەی یاساییەوە چارەسەر بکرێ؛ پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە هەموو بوارێکی وەک ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ خوێندن، کارکردن و هاوسەرگیری و هتد.

## ٢- فیمینیستە ڕادیکاڵەکان:

ئەم جۆرە، پێیان وایە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەداری؛

کە بە شێوەیەک کاری کردووە پیاو زاڵ و دەسەڵاتدار بێ و، کومەڵگەیش بەوە تووشی بەهای خراپ بووە؛ زاڵبوونی بەها خراپەکان بۆتە هۆی ئەوەی ڕیفۆرم توانای چارەسەرکردنی نەبێ و، تەنیا ڕێگە چارە هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە بێت.

سەرمایەداری، کارێکی کردووە کە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو دروست ببێ و، پێیان وایە کە دەبێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بۆ لەناوبردنی یەکسانی ئەنجام بدرێت. بۆیە ڕایان وایە کە کێشەکانی نایەکسانی بە ڕێفورم

چارەسەر ناکرێت و، دەبێ کۆمەڵگە لە بنەڕەتدا بگۆڕدرێ. لیبراڵەکان لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دادەنێن و لەو باوەڕەدان ئەوە تاکە دەتوانێ لەو دەرفەتە سوود وەربگرێ.

### ٣- فیمینیستە سۆسیالیستەکان:

ئەم لایەنە، لە کۆمەڵگەدا هەوڵی نەهێشتنی پیاوسالاری دەدەن. کێشەی نایەکسانیی ژن و پیاو بە کێشەی نێوان چینی کرێکار و بۆرژواوە گرێ دەدەن و، باوەڕیان وایە کە دەبێت بۆ بەشداریی ژنان لە دەسەڵاتدا ڕێژە دیاری بکرێ. پێویستە لە تەنیشت خەباتی چینی کرێکار، خەباتی ژنانیش هەبێ و، بۆ ئەوەی یەکسانی دابین ببێت، دەبێ لایەنی کەم لەو بوارەوە یەکسانی هەبێت. بۆیە باوەڕیان وایە کە کێشەکانی نایەکسانی، لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە چارەسەر دەکرێت. سۆسیالیستەکان لە پاڵ ئەوەدا کە لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دادەنێن، ئیمکاناتیشیان بۆ دابین دەکەن.

### ٤- فیمینیستە بایەلۆژیستەکان:

تەنیا قوتابخانەیە کە بۆ یەکسانی هەوڵ نادات و، لەسەر بنەمایەکی بایەلۆژی دامەزراوە .ئەم دەستەیە پێیان وایە لە بنەڕەتدا جیاوازیی جەستەیی و بایەلۆژی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە و، لە ڕووی فیزیکییەوە ژنان لە پیاو کەمترن و، پێیان وایە حەز و خۆزگەکانی ژن و پیاو هەر لە بنەڕەتدا جیاوازن، بۆ نموونە: ژن زیاتر حەز بە جوانی و خۆڕازاندنەوە و منداڵ بەخێوکردن و ماڵداری و... دەکات؛ پیاو زیاتر حەزی لە سەرمایە و چەک و کاری دەرەوەی ماڵ و... هەیە. لە کاتێکدا سێ قوتابخانە فیمینیستەکەی پێشتر باس کران، پێیان وایە حەز و ئارەزووەکانی ژنان و پیاوان لە ئەنجامی جیاوازیی لە ڕووی پەروەردەکردنەوە سەری هەڵداوە، لە ڕێی بەکارهێنانی پێنج ڕێگە و تەکنیکەوە کە زیاتر بەرامبەر بە ژنان بەکار دەهێنرێن. پرۆفیسۆر berates کە خەڵکی "نەرویج"ە، لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام داوە و دەڵێت: "پشتگوێخستنی تاک، گاڵتەکردن بە تاک و هەوڵدان بۆ شکاندنی کەسێک لەنێو کۆمەڵدا، شاردنەوەی زانیاری، سزادانی دوولایەنەی ژن و لۆمەکردنی کەسێک و خەتاخستنەسەری، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێک دەهێنن."

بەو شێوەیە لە زۆربەی مێژووی وڵاتانی جیهان و تەنانەت لە کۆمەڵی کوردیدا تا ئێستا هەمیشە پرسیارێک درێژەی هەیە کە بریتییە لە: بۆچی فیمینیزم؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە خەبات و کۆششی ژنان، یان هێنانەدیی ئامانجی ڕاستەقینەی ژنان بۆ گشتە، نەک تەنیا بۆ تاک، بۆ پیاویشە، نەک تەنیا بۆ ژن، بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆست و شارستانیی گەشەکردووە، نەک بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆپیکراوی تر کە تەنیا ژن تیایدا باڵادەست بێت و هەوڵی زاڵێتیی خۆی

و ژێردەستەییی پیاو بدات. بۆ بەرجەستەبوونی ژینگەیەکە کە مرۆڤ سەنتەر و چەقی بڕیاردان بێت، نەک بەهۆی جیاوازی ڕەگەزییەوە جیاکاری و فەرامۆش و وەلانان و پەراوێزخستنی ڕەگەزێک بکرێت لەسەر حسابی ڕەگەزەکەی دیکە. واقعێک کە ژن و پیاو کەرامەتیان پارێزراو بێت و هەر یەکەیان وەک مرۆڤ و دواتر وەک ڕەگەزیش شانازی و پشت بە توانا و لێهاتوویی و کارامەییی خۆیانەوە ببەستن، نەک بە هۆی ناسین و خزمخزمێنە و دەسەڵاتدار و کەلتووری باوی زاڵیتیی ڕەگەزێکەوە ڕاستی و جوانی و تواناکانی لایەنەکەی تر نەخوێنرێتەوە و بەهەند وەرنەگیرێت. بە واتایەکی دیکە، فیمینیزم ئامانجی کارکردنە بۆ بەدیهێنانی جیهانێک کە بۆ هەمووان بێت؛ جیهانێکی باشتر و گونجاوتر و باشتر؛ دونیایەک نەک تەنیا بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ پیاوانیش شوێن و جیهانێکی ئارامتر بێت.

## قۆناغەکانی فیمینیزم:

**لە ڕوانگەی مێژووی سەرهەڵدان و دید و بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی فیمینیزمەوە، فیمینیزم، دەکرێت بە چەند قۆناغێکی جیاوازەوە لەوانە:**

**قۆناغی یەکەم**: بریتییە لە ساڵەکانی (١٨٥٠ تا ١٩٦٠)ی زایینی، کە ناسراوە بە مێژووی سەرهەڵدانی لیبراڵیزم، کۆمۆنیزم و سۆسیال فیمینیستەکان.

**قۆناغی دووەم**: ساڵەکانی (١٩٦٠ - ١٩٩٠)ی زایینی دەگرێتەوە، کە لەوێدا بیرۆکەی ڕادیکاڵ فیمینیستەکان سەری هەڵدا.

**قۆناغی سێیەم**: ساڵەکانی (١٩٩٠)ی زایینی دەگرێتەوە کە تا ئێستایشی لە گەڵدایە و، بریتییە لە قۆناغی سەرهەڵدانی پۆست - مۆدێرنیزمی فیمینیستی و، هەروەها ئەنجامدانی تــوێژینەوە لەسەر دۆزینەوەی وەڵام بۆ ڕەگەز و هۆکارە زانستییەکانی دروستبوونی نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا بە درێژاییی مێژوو.

**ماری ویلستۆنکرافت:** خاتوو ماری ویلستۆنکرافت، ساڵی ١٧٩٢، بووە یەکەم نووسەری ژنی فیمینیست. ئامانجی ویلستۆنکرافت بریتی بوو لەوەی جیاوازیی ژیانکردن بەتەواوی لە بزووتنەوەی خۆماندا بسڕینەوە؛ لەو کاتانەدایە کە خۆشەویستی ڕۆڵ دەگێڕێت. لای ویلستۆنکرافت ئامرازی گەیشتن بە بزووتنەوەی یەکسانیی ژیان، بریتییە لە ڕاهێنان و پەروەردەکردن و فێرکاریی وەکیەکی کوڕ و کچ.

**میل:** لەسەدەی نۆزدەیەمدا نووسەری فیمینیستی ژن و پیاو لەهەموو ڕێبازە سیاسییەکاندا هەبووە؛ لە لیبراڵیزمەوە بگرە هەتا چەپ. لەنێو لیبراڵەکاندا، دەبێت ئاماژەی تایبەت بە "میل"(John Stuart) (Mill) بکرێت.

سەرچاوە
Serchawe

بەرهەمەکەی میل، The Subjection of Women -1869، تا ئێستایش، بە بەرهەمە ناوازەکان دادەنرێت. میل، باس لە دۆخی ئەو سەردەمە دەکات و دەڵێت "لە بزووتنەوەی نارۆشندا ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئایین، یان لە وڵاتی ژێردەستەدا، سەربە نەتەوەبوون چی دەگەیەنێت؟ ژنبوون هەمان شت دەگەیەنێت بۆ هەموو ژنان. میل، دەیویست بەڵگەی مافە سیاسییەکانی ژنان لەوەدا پیشان بدات کە سوودی بۆ بزووتنەوەکە هەیە.

**سوفراگێت:** خەبات لە پێناوی مافی دەنگدانی ژنان لە ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمریکادا بە خەسڵەتی لیبراڵەکانەوە پیادە کرا. هەڵبەتە سوفراگێتەکان، ناچار بوون پەنا بەرنە بەر مێتۆدی پەرلەمان بۆ سەرخستنی کەمپێنەکانی خۆیان. "ستانتۆن"(Cady Stanton) (Elizabeth) تیۆریستی هەرە گرنگی بزاڤی سوفراگێت بوو. دەیگوت "هۆکاری بەڵای ئەم دونیایە لەوەدایە هەتا ئێستا لە بواری سیاسەت و جڤاتدا، پیاو باڵادەستە." دەیگوت: "ڕیشاڵی پیاوانە هێزێکی ڕووخێنەرە، توندە، خۆپەرست و پەلهاوێژە، شەڕخوازە، دڕ و داگیرکەرە. هەم لە دونیای ماددی و هەم لە دونیای ئاکارەکیدا ناتەبایی، نارێکی، نەخۆشی و مەرگی لێ دەبێتەوە. ئەوەی لەم دونیایەدا پێویستە، بریتی نییە لە ناوچە، زێرکان (کانیی زێڕ)، ئاسنەڕێ و زرەی پارە، بەڵکوو بەرزەپەیامی نوێی ژنانەیە کە پاکی، ئاکار و ئایینی دروست بەرز دەنرخێنێ و، پیاو ڕووەو دونیای بەرزی بیر و کردەوە" بڵند دەکاتەوە."

**ئوتۆپیا:** لە سەرەتای سەدەی بیستەمداElizabeth Cady Stanton ی سوفراگێت دەیگوت "هەم دونیا و هەم پیاویش، تەواو چاکتر دەبن گەر پێوەرە ئاکارییەکان لە سیاسەتی ژناندا ڕەنگ بداتەوە. بییەتریس هالاس ( Beatrice Halas)ی تیۆریسیەنی نەرویجی دەنووسێ: "ئوتۆپیای فیمینیستانە، دەبێ تەرازووی نرخاندنی ژنانە بکاتە بناغەی خۆی." ئوتۆپیا دەڵێت: "پەروەردەکردنی منداڵ، خۆ ئامادەکردن لە ئاست ژیان و مەرگدا، بونیادنانی ژیان لە دەوروبەری پرۆسەی کۆنکرێتیی ژیان، بناغەی ئەم تەرازووی نرخاندنەن. نرخاندنێک لە جیاوازیی نێوان ژن و پیاودا هەیە کە بۆتە بناغەی ئەم تەرازووە، لە جیاتی تەرازووی نرخاندنێک کە گرێدراوی ستراتیژیی سیاسەتی هاوسەنگاندنە. فیمینیزم باس لەوە دەکات بایەخ بە تەرازووی نرخاندنی ژنانە بدرێ و بە ڕووی پیاواندا ئاواڵە بێت."

## دیدی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان:

لەبارەی سۆسیالیست و کۆمۆنیست Friedrich Engels و August Bebel سەرۆک حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا هەتا جەنگی جیهانیی یەکەم و، Alexandra Kollontai ی شۆڕشگێڕی ڕووس، بە نووسەری هەرە لەپێش دادەنرێن.

خاڵی هاوبەش لایان لەوەدایە دەڵێن: "پێگەی پەراوێزی و پشتگوێخستنی ژنان، زادەی سەرمایەدارییە؛ شۆڕشی سۆسیالیستانە دەرفەت بۆ ژنان دەڕەخسێنێ بەشداریی بەرهەمهێنان بکەن و، بەوەیش بنەمای ئابوورییان دەبێ، بۆ هاوشانی و یەکسانیی تەواو." ئینگلس پەرە بە بیرۆکەی هەڵوەشانی خێزانی و نەریتەکەی دەدات و دەڵێت: "کاتێک بزووتنەوە، بەرپرسیارێتیی پەروەردە و خوێندنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ، ئیدی خێزان هەڵدەوەشێتەوە؛ بەڵام نەک بە مانای ئەوەی مارەبڕین نامێنێ، بەڵکوو ئەو کاتە دەبێتە یەکگرتنێکی خۆخواستانەی وەها کە بنەماکەی تەنیا خۆشەویستی بێت."

## بزووتنەوەی فیمینیستی لە باشووری کوردستان:

بێ گومان لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێری و خەباتکردن بۆ سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە ژێردەستەیی و چەپۆکی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستان، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون درک بە جیاکاری، جیاوازی و نایەکسانیی لە نێوان ژنان و پیاواندا کراوە لە ڕووی ئەرک و مافەکانەوە. فەلسەفەی کارکردنەکان لە ڕووی خەباتی سیاسی و چەکدارییەوە ناوەندێک نەبووە بۆ خەبات و کارکردنی ژنان، ئەو فەلسەفە حوکمڕانییە لە عەقڵییەتی پیاوانی سیاسییدا درێژەی هەبووە. وێڕای کارکردن و بوونی ژنانێک لەو سەردەمەدا لە نێوەندی کارکردنی سیاسیدا کە بە هەر هۆیەک بووبێت ڕۆڵیان هەبووە و قوربانیی زۆریان داوە و خەباتی زۆریان کردووە، بەڵام دەتوانرێت بگوترێ وەک سەربازێکی ون لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هاوکار و یارمەتیدەر بوون.

بوونی ئەو عەقڵییەتە، تا ئێستا بەردەوامیی هەیە و، ڕۆ چووەتە نێو فەلسەفەی پەروەردە و خوێندن و سەرجەم ناوەند و بوارەکانی تری ژیان کە فەلسەفەیەکە جیاکاری و جیاوازیی ڕەگەزی بۆتە بنەمای کارکردنەکان؛ وێڕای کارکردنی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و دەرکەوتنی سەدان کەس لە ژنانی بەتوانا و فیمینیست. لە باشووری کوردستاندا تا ئێستا شەپۆلی کارکردنەکان بەگشتی بە دوو ئاڕاستەدا بەڕێوە دەچێت: ژنانێک هەن عەقڵییەت و شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان بە شێوەیەکە کە زاڵێتیی پێوە دیارە و، دەیانەوێت دەسەڵاتی پیاوان کەمتر بێت و خۆیان زاڵ بن و ببنە خاوەن بڕیار، بە ئەندازەی ئەوەی پێیان وایە ژیان بێ بوونی پیاوان، دەکرێت بەڕێوە بچێت و مانایەکی تر بەدەستەوە بدات. لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، پیاوان کاردانەوەی خراپیان هەیە و هەمیشە ڕێگریی زیاتری ژنان دەکەن لە کارکردنیان لە ڕێکخراوەکانی ژنان؛ لەو ڕوانگەیەی پێیان وایە ڕێکخراوەکان شوێنێکن بۆ بەرەڵایی و تێکدانی خێزان و شێواندنی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو.

شەپۆلێکی تری کارکردنی ژنان بە ئاڕاستەی جیاواز و پێچەوانەییدا دەڕوات، بەوەی مەبەست و ئامانجی ژنان فەرامۆشکردن

و وەلانانی پیاوان نییە و، پێیان وایە خەباتی ژنان ئەگەرچی دەستپێشخەری وهۆشیاریی ژنانی پێویستە، بەڵام بێ هاوکاری و پشتیوانی و یەکڕیزیی پیاوان نایەتە دی و، دەتوانن پێکەوە خەبات بکەن بۆ هێنانەدیی بزووتنەوەی ڕاستەقینە و بەرجەستەبوونی مافەکانی ژنان.

خەباتی ژنان لە کوردستاندا، بە مەبەستی بەرجەستەبوونی مافەکانیان بووە لە ڕووی دەرفەتی وەکیەکی لە ڕووی کار، خوێندن، ڕێژەی ژنان لە دەسەڵات، هێنانەدیی دەستوورێکی مەدەنی، بیمەی کۆمەڵایەتی، خەتەنەکردنی ژن، سڕینەوەی یاسای زۆرەملێ و توندوتیژی و زۆر لایەنی تر، کە هەمیشە ژنان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ، بوونەتە قوربانیی کەلتووری عەقڵییەتی پیاوسالاری و لایەنە توندڕەوە محافزکار و ئیسلامییە سیاسییەکان.

بەڵام ئەوەی تا ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەدەست هاتووە، وێڕای ناجێگیریی سیستەمی حوکمڕانی و سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی دادوەری، لەوانە: چەسپاندنی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕێژەی ٣٠٪ کەمتر نەبێت و لە ئەنجومەنی پارێزگەکان لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت. هەموارکردن و دەرکردنی چەندین یاسای تایبەت بە ژنان لەوانە: باری کەسێتی، توندوتیژیی خێزانی و خەتەنەکردن و هتد. بوونی چەندین دامەزراوەی حکوومی و ناحکوومی بە مەبەستی داڵدەدانی ژنانێک کە هەڕەشەی کوشتن و توندوتیژییان لەسەرە و چەندینی تر، کە بێ گومان هیچ کام لەم دەستکەوتانە بێ ڕێگری و باجدان نەبووە؛ ئەوانە جگە لەوەی گرنگ و کەمبایەخ نین، بەڵام زۆری تریش ماوە.

بۆیە خەباتی ژنان لە کوردستاندا درێژەی هەیە بۆ هێنانەدیی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ مرۆڤەکان و کۆمەڵگەیەک کە کەرامەتی مرۆڤەکان وەکیەک تیایدا پارێزراو بێت، بێ هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی، مەزهەبی، ئایینی و ...، هێنانەدیی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی ژنان کە یەکگرتووانە تەنیا بەرژەوەندییەکانی ژنان بخەنە پێش هەموو شتێکەوە.

سەرچاوەکان:


١- ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا، ڕەسول سوڵتانی

٢- سایتی ویکیپیدیا، هاوسەر


سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٧

# فێمینیزمی نەتەوەیی لە نێوان ڕزگاریی نەتەوە و ئازادیی ژناندا



شەهلا سالح عەبدوڵلا

ماستەر لە فێمینیزم و زانستە سیاسییەکان

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین باس لە بزووتنەوەی فێمینیزم لە هەرێمی کوردستاندا بکەین لە نێوان خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی خاکی کوردستان و بەشداربوون لە چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان لەگەڵ کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و گەڕاندنەی مافە زەوتکراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەت لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢). ئەم نووسینە، پشت بە ڕەخنەیەکی شیکارانە دەبەستێت سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەر دوو بابەتی فێمینیزم و نەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژن و ڕوانین بۆ بابەتەکانیان، بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە هاوسێیەکانی، ئاستێکی مامناوەندیی هەیە؛ ئەوەتا لە هەندێ شوێنی هەرێمی کوردستاندا پیاوی خێزاندار نازناوی ژنەکەی هەڵدەگرێت و پێی دەناسرێتەوە، پێچەوانەی کەلتووری هەندێک لە ناوچەکانی ئەورووپا و ئەمریکا، کە ژن ناوی مێردەکەی، یان ناونیشانی خێزانی مێردەکەی هەڵدەگرێت. هەروەها لە بواری کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە، ژنان لە هەرێم هاوشانی پیاوان کاریان کردووە و جیاوازییە ڕەگەزییەکان زۆر زەقکراو نین، بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا لە ڕووی دابەشکاریی کارەوە و، لە ئێستایشدا لە دامودەزگەکاندا ڕێژەی فەرمانبەرانی ژن بە بەراورد بە پێشوو، لە

بەرزبوونەوەدایە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم کۆمەڵگەیە بێبەش نییە لە ناهەقی و پێشێلکارییەکان دەرهەق بە ژنان، چونکە ئەم هەڵسوکەوت و تێڕوانینانە سەبارەت بە ژنان، لە هەموو ناوچەیەکی هەرێم وەک یەک نییە. دواتر، ڕۆژانە ئێمە گوێمان لە سووکایەتی و بەکەمزانینی ژنان و خۆکردن بە خاوەنیان لە لایەن پیاوانەوە دەبیستین. لەوانە، بێجگە لە ناڵەباریی دۆخی ژنان لە ڕووی هاوسەرگیری و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، پەراوێزخستنی ژنان لە لایەنی سیاسییەوە دەبینرێت، کە ئامادەبییەکی ڕاستەقینە لە لایەن دامودەزگە سیاسییەکان و سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان- عێراق بە ژنان نەدراوە؛ ئەمە پێویستیی بە کارکردنێکی زۆرە لە لایەن چالاکوانەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ بۆ هێنانەکایەوەی کەشێکی یەکسان و ئاشتییانە بۆ هەر دوو ڕەگەز لە بواری سیاسیدا.

دۆخی سیاسیی گەلی کورد و هەرێمی کوردستان ناسەقامگیرە و، کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتن و، بەردەوام مللەتی کورد ئازاری نەبوونی دەوڵەتی چەشتووە و، کەوتۆتە ناو زوڵم و زۆردارییەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و کردەوە تیرۆریستییەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و جیهان. ژنان لێرەدا کەتوونەتە بەردەم دوو ئامانجەوە: ئامانجی باشترکردنی دۆخی ژنان و گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان و، لە هەمان کاتدا کارکردن بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیریی سیاسی و چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی کە لە ئێستادا ڕووی لە هەرێم کردووە؛ لە سەرووی هەموویشیانەوە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خاکی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان کە مافێکی ڕەوای ئەم خاک و نەتەوەیە. لێرەدا فێمینیزم زیاتر بەرەو ئاراستەی نەتەوەییەوە دەڕوات، زیاتر لەوەی بەرەو ئاراستەکانی تری فێمینیزم بڕوات.

فێمینیزمی کوردی لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، گەشەی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە. هەرچەندە لە ڕووی تیۆریی فێمینیستییەوە بە شێوەیەکی هێواش گەشە دەکات، بەڵام لە لایەنی کردارییەوە خێراتر دەڕواتە پێشەوە و هەنگاو دەنێت. ناکرێت فێمینیزم و ناسیۆنالیزم وەک دوو بەرەی دژبەیەک ببینرێن. بە حوکمی خەباتی نەتەوەیی کوردستانی باشوور بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان، لە لای زۆربەی فێمینیستەکانی هەرێمی کوردستانی- عێراق ئەم ئامانجە تێکەڵ بە خواستەکانیان بووە؛ بۆیە فێمینیزم لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا گەشەی کردووە. هەرچەندە دەکرێت فێمینیستەکان بابەتی نەتەوەیی (ناسیۆنالیستی)، بە بابەتێکی داڕێژراوی دەستی پیاوان بزانن، بەڵام خەباتکردنی فێمینیستەکان لە پاڵ ئازادی و مافەکانی ژنانەوە بۆ پرسی نەتەوە، کارێکی نەهیلێکراو نییە؛ هەرچەندە ڕەخنەیشیان سەبارەت بەم بابەتە هەبێت.

سەرچاوە
Serchawe



ئاراستەی فێمینیزمی ناسیۆنال، پێی وایە پرسی ژن بەشێکە لە پرۆژەی نەتەوایەتی؛ ژنان ناتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن و ئازاد بن تاوەکوو هەرێمی کوردستان، نەبێت بە دەوڵەت. هەروەک نووسەر و فێمینیستی سیریلانکیی بەناوبانگی کوماری جایاواردینا ((Kumari Jayawardena لە کتێبی فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا (Feminism and Nationalism in the Third World) لە ساڵی (١٩٨٦)، باس لەوە دەکات کە خەبات بۆ ئازادیی گەل، لە ئازادیی ژنان گرینگترە، چونکە بە ڕای جایاواردینا خەبات بۆ ئازادیی ژنان، بەشێکی هەرە گرینگ و جیانەکراوەیە لە خەباتی گەلان بۆ ئازادی لە دژی کۆلۆنیالیزم. بۆیە، جیاکردنەوەی فێمینیزم لە ناسیۆنالیزم لە کوردستان شتێکی ئەستەمە، چونکە ناسیونالیزمی گەلی کورد تێکەڵ بە ئامانجەکانی تاکەکان بووە، کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەروەریی مرۆڤدۆستانەی گشتگیرە بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و کارگێڕی و کەلتوورییە ڕەواکانی، نەک نەتەوەپەرستییەکی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤینیستانەی لە جۆری ناسۆنالیزمی نەتەوە-دابەشکەر و چەوسێنەر، کە لە پێناوی باڵادەستبوونی گەلێکی دیاریکراوی زۆرینەی وڵاتێک و بەزۆرتاواندنەوەی گەلانی دیکە و زەوتکردنی ماف و ئیرادەیان. بێجگە لە ڕوانگە ناسیۆنالیستەکانی تاکەکان سەبارەت بە بابەتی ژنان، ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حزبە سیاسییەکان، بەتایبەت حزبەکانی دەسەڵاتدار، بە شێوەیەکی سەرەکی، خۆیان لەم ئاراستەیەدا دەبیننەوە.

فێمینیستە کوردەکان، زۆر جار لەبەر خاتری سەرکەوتنی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان، ئامادەی هاوکاری و پاشەکشەن لە کاری فێمینیستییان و، بگرە لە داوا ڕەواکانی ژنان بەگشتی. هەتاوەکوو پرسی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی هەبێت، کە بە شێوەیەکی بەرچاو بە حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە گرێدراوە، ئەوا پرسی ژنان پرسێکی سەرەکی نییە، بەڵکوو ژن، دیسان دەکرێت بە ئامرازێک لە خزمەت دەسەڵات و حزبدا. ئەوەندەی کار لەسەر زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی حزب و دووبارەکردنەوە و بەرزکردنەوەی دروشمی حزبی و نەتەوەیی دەکرێت، ئەوەندە باس لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی ژن و کارکردن بۆ هێنانەناوەوەی ژنان بۆ ناوەندە سیاسی و حکوومییە گرینگەکان و پێگەیاندنی ژنان ناکرێت. بە هۆی بابەتی نەتەوەییەوە، ژنان ئەوەندەی بەتەنگ بەرەنگاربوونەوەی باری نەتەوەیی بوونەتەوە، کە بە هۆی توندوتیژیی سیاسیی ڕژێمی عێراق و وڵاتانی دابەشکەری دیکەی کوردستان و کورد، واتە وڵاتانی دراوسێ و هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکەوە ڕووبەڕوویان بوونەوە، ئەوەندە بەتەنگ بەدیهێنانی داواکاریی ڕەگەزی، واتە مافی ژنانەوە نەبوون. لێرەدا، ژنان لە خەمی ئەوەدابوون چۆن بتوانن بژێوی ژیانی منداڵەکانیان، یان خوشک و براکانیان پەیدا بکەن و سەلامەتی و ئاسایشی خێزانەکەیان پارێزراو بێت؛ بەبێ بیرکردنەوە لە کارکردن بۆ کۆمەڵگەیەک کە کەوتۆتە ژێر سیستەم و باوەڕێکی پیاوسالارانە و باوکسالارییەوە.

وەک دەبیندرێ، چالاکوانە ژنەکان لە نێوان دوو بابەتدان: ناسیۆنالیستی و مافی ژنان. ئەوان دەیانەوێت شێوەیەک لە

چالاکی و ئامانج دروست بکەن، کە هەر دوو ڕووی کارکردن بۆ نەتەوەپەرستیی ئیجابی و، هەم کارکردن بۆ مافەکانی ژنانی هەبێت. کەواتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، بزووتنەوەی ژنانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و، نەیهێشتووە بکەوێتە چوارچێوەی خواستەکانی خۆی و، هەوڵەکانی لە بەرژێوەندیی ژنان و ئامانجەکانی فێمینیستیدا بەکار بهێنێت. لێرەدا بۆ ژنان هەمیشە، ئازادیی نەتەوە لەپێش ئازادیی ژنانەوە بووە؛ چونکە ئازادیی نەتەوەیییان بە گرینگتر و پێویستتر زانیوە. هەرچەندە ناسیۆنالیزم (لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم-تازەپێگەیشتوو)، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بزووتنەوەی فێمینیستی دەبیندرێت، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرینگ هەیە کە جێگەی ئاماژەپێدانە، هەروەک شەهرەزاد مۆجابیش لە کتێبی (Women Of A Non-State Nation (The Kurds) ئاماژەی پێ دەکات، کە: چوونەپاڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستان، ئاسانکاریی بۆ ژنان کرد تاوەکوو لە پاڵ ئەم کارەدا خۆیان ببیننەوە و، هەنگاوێکی تر بنێن لە هاتنەدەرەوەی ژنان لە ماڵ و ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی تری جیاواز لە ئەرکی دایکایەتی و بەخێوکردنی منداڵ و، بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی ژنان لە خەبات و سیاسەتدا و، نیشاندانی گرنگیی بوونی ئەوان لەناو سیستەمی گشتیی کۆمەڵگەدا.

کەواتە لەگەڵ ئەوەی ژنان، بوونەتە قوربانیی دەستی سیاسەتی پیاوسالاری و نەتەوەپەرستیی نەتەوە سەردەستەکان و نەتەوەپەروەریی گەلانی ژێردەست، بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردیش یەکێکە لە هۆکارەکانی بەردەم ئازادبوونی ژنان و برەودان بە بزووتنەوەی فێمینیستی؛ چونکە ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کوردی، ڕزگارکردنی هەموو دانیشتووانی کوردستانە لە گشت جۆرەکانی چەوساندنەوە. کەواتە فێمینیزم وەک هەموو بزووتنەوەکانی دی، لەپاڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کوردی، سەری هەڵداوە.

"تشاندرا مۆهانتی" لە پێشەکیی کتێبی "ژنانی جیهانی سێیەم و سیاسەتی فێمینیزم:

(Third World Women and The Politics of Feminism)" ئاماژە بەوە دەکات کە مێژووی کار و چالاکی و پەیوەندیی ژنانی جیهانی سێیەم لەگەڵ فێمینیزم کورتە و، ئیستیعمارکردنی جیهانی سێیەمیش هۆکار بووە تاوەکوو ژنان هەست بە نامۆیی و دوورەپەرێزی بکەن لەگەڵ فێمینیزم؛ چونکە ئەوان سەرقاڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بوون، نەوەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕەگەزی ژن. کەواتە فێمینیزمی نەتەوەیی، یان ناسیۆنالیستی، دەبێت خۆی لە مەترسییەکانی نەتەوەپەرستییەکی پیاوسالارانە لا بدات، کە دەیەوێ لەژێر پرسی نەتەوەییەوە پرسی ژنان پشتگوێ بخات و، لە هەمان کاتدا شتێکی ڕەوایە لە پاڵ کارکردن بۆ ژنان، کار بۆ پرسی نەتەوەییش بکرێت لە لایەن فێمینیستەکانەوە.

هەرچەندە فێمینیستە ناسیۆنالیستەکان، خۆیان بەشێکن لە فیکری لیبڕاڵی، چونکە لە بنەڕەتدا خواستی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی، بڕوایەکی لیبڕاڵییە و یەکێکە لە بنەماکانی لیبڕاڵیزم، کە کرۆکەکەی ئازادییە. وا دەردەکەوێت کەوا لایەنگرانی ئاراستەی ناسیۆنالیستی، ئێستا دەیانەوێت لە وابەستەیی بە حزبە سیاسییەکان و پرسی ناسیۆنالیزم (بۆ زانین ناسیۆنالیزم دوو لایەنی هەیە، هەروەک لە سەرەوە ڕوونم کردووەتەوە: لایەنی نێگەتیڤ، واتە نەتەوەپەرستیی گەلانی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی سەربەخۆ و، لایەنی پۆزەتیڤ، واتە نەتەوەپەروەریی گەلانی ژێردەست و نیشتمانداگیرکراو) دەربچن و، بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکەن و، لەم بارەیەوە بەرەو ئاراستەی لیبڕاڵی هەنگاو بنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

## مەعریفەی فیمینیستی چییە؟




**سۆسیۆلۆگ: هاوار کریم**

(تایبەت بە بەشی لێکۆڵینەوەی دوڕیان)

### پێشەکی:

**مێژووی ئاگاهیی و مەعریفەی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە جەور و ستەم و جەنگ و نادادپەروەری، ژنانیش وەک یەکێک لەڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا هەمیشە لەچینی چەوساوە و ستەم لێکراوان بوون. وەک کۆیلە و بارمتە و هۆکارێک بۆمناڵ خستنەوە و خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی پیاوان تەماشاک کراون، لەکۆن و لەهەندێک قەبیلەی دواکەوتی ئێستاشدا زۆرجار ئافرەت کراوە بەقوربانی و سەربڕاوە بۆ خوداوەندەکان نەکو خوداکەیان تووڕەی خۆی پیشان بدات.**

**هەرچەندە هەندێک لەمێژوو نوس و لێکۆڵەرەوان ئاماژەبەوەدەدەن لەدەست پێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا، دەسەلات بەدەست ژنەوە بوە و سیستەم دایک سالاری بوە و لەبری فرە ژنی ، فرە پیاوی بوونی هەبوە، ئەو کاتەی مرۆڤەکان لە ئەشکەوتەکاندا ژیان و ژنان تێیدا ماونەتەوە و پیاوان ڕۆشتون بۆ ڕاوکردن، بەڵام کاتێک ڕەوتی مەعریفەی مرۆیی گەشەی بەخۆیەوە بینی و موڵکایەتی تایبەت درووست بوو و کشتوکاڵ دۆزرایەوە، دەسەڵات لە ژن وەرگیرا و کرا بەباوک سالاری و فرەژنی، فیمینیستەکان باوەڕیان وایە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ژنان دەچەوسێنرێنەوە و مافەکانیان دەخورێت.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆنی شارستانیەتەکانی(یۆنان و ڕۆم و مصر و وڵاتی دووڕووبار و هند و چین و فارس،..) بەڕوونی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا فیمینیستان باوەڕیان وایە جگەلە شارستانیەتە کۆنەکان, بەڵکو لە هەموو ئاینەکان و زۆربەی زۆری بیریاران و فەیلەسوفانی کۆنیش هیچ پێگەیەکی باشیان بۆ ژنان دابین نەکردوە. بەڵام لەگەڵ هاتنی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری و شۆڕشە فکری و پیشەسازیەکانی دونیای ڕۆژئاوا کەداوای (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) و لەناوبردنی کۆیلایەتی و ڕوخانی دەرەبەگایەتی دەکرد و مژدەی ژیانێکی نوێی پێبوو، ژنان هاتنە دەرەوە لەماڵەکانیان و دەستیان کرد بەئیشی سەربەخۆ، یەکەمین هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی ئەو تەوژمی ئازادی و مافە یەکسانیانە ئەوانیش بگرێتەوە، لێرەدابوو یەکەمین و سەرەتایی ترین بزتنەوەکانی ژنان سەریان هەڵدا وەکو چڤاتێک.

بەگشتی بزوتنەوەی فیمینیستی دیدگایەکی نوێ یە و تەمەنی دووسەدە تێپەڕناکات کەبۆیەکەم جاریش لەساڵی ١٨٤٨ لەئەمریکا سەری هەڵدا. مەعریفەی فیمینیستی بەکۆی ئەو ئاگاهی و بیر و ڕەفتار و تێڕوانینانە دەگوترێت کەلەچوارچێوەی بەرژەوەندی ژناندا کۆدەبێتەوە، بەواتا ژنانە بیرکردنەوەیە کەتێیدا ژن وەکو مەعریفەیەکی هاوبەش تەماشادەکرێت و خەم و بەرژەوەندیەکانیان یەکە و یەک دونیابینیان هەیە.

## مەعریفە و سۆسیۆلۆژیای مەعریفە چییە؟ و باس لەچی دەکات؟

وشەی مەعریفە لەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە، چاوگی ئەم وشانەیە: (عرف) و (یعرف) و (عارف)ە، کەبەمانای (أدراک)یش دێت، لەزمانی کوردیدا دەشێت هەڵگری دوومانا بێت، مانای یەکەم (زانین knowledge) دەگەیەنێت، مانای دووەمیش (زانیاری یان زانست Episteme) دەگەیەنێت، هەروەها تیۆری مەعریفە ئیپستمۆلۆژیا (Epistemology) کەلەدیدێکی فەلسەفیەوە لەتیۆرەکانی زانست دەکۆڵێتەوە، ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە (Sociology of knowledge) سۆسیۆلۆژیای مەعریفەیە.

مەعریفە بەهەموو ئەو شتانە دەگوترێت کەئێمە لەواقعی کۆمەڵایەتی نێوکۆمەڵگەکەمان دەیزانین و فێری بووین، ئەوەش لەبونیادی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و داب و نەیتەوە وەریدەگرین، لەژێر کاریگەریی ئەو گروپ و چین و ڕەگەز و پێگە کۆمەڵایەتیەی کەتێیدا دەژین. مەعریفە بریتییە لەکۆی هەموو ئەو شارەزایی و پسپۆڕی و داهێنانەیەی کە نەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا، لەماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگا و لەئەنجامی چالاکیە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانیاندا وەدەستیان هێناوە و کەڵەکە بووە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانیان بەکاری دێنن. بەڵام سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەشێوەیەکی گشتی وەکو لقێک لە کۆمەڵناسی گشتی ناودەبرێت، لەپەیوەندی نێوان ئەندێشە

و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە و ڕاڤەی دەکات، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەدۆخی کۆمەڵایەتی و بوونی مەعریفەی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، کەدەستپێکەکەی بۆ (Fransis bacon) لە (Impressions of nature)دا دەگەڕێتەوە، لە کۆمەڵناسیشدا بۆ پێشەنگەکانی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە لە (Auguste comte) وە پاشان بۆ (دۆرکهایم و کارڵ مارکس)، بەڵام بەشێوەیەکی پسپۆڕی بەتایبەت لەکارەکانی (ماکس شیلەر و کارڵ مەنهایم) بەدیارکەوت.

بۆیەکەمین جار ناوهێنانی وشەی (سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ) دەگەڕێتەوە بۆ (ماکس شیلر) سۆسیۆلۆجیستی ئەڵمانی، ئەو دەڵێت: زانینێکە بابەتەکەی بریتیە لە شرۆڤەی پەیوەندی و کارلێکی نێوان جۆرەکانی شێوازی ژیان و بەشە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە، کەئەوانیش مەعریفەی ئاینی و مەعریفەی خورافی و مەعریفەی نەریتی و مەعریفەی فەلسەی و مەعریفەی فەرهەنگی و کولتوری...ن . هەروەها ئەو بابەتانەی بەزۆری شیلەر لەبارەیانەوە قسەی کردوە و بەسۆسیۆلۆژیای مەعریفەی ئەو دادەنرێت، گرنگترینیان (گەشەی کولتووری و عەقڵانیەتی کولتووری و ڕێژەگەرای کولتووری و قبوڵکردنی کولتووری و دژەکولتوور و دونیابینیەکان و ئەرز و بەهاکانن).

کارڵ مەنهایم لەکتێبی (ئایدۆلۆجیا و یۆتۆپیا)دا، باوەڕی وایە کە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەپەیوەندی نێوان مەعریفە و واقعی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، هەروەها (وارتر اشتارک) دەڵێ: کاری کۆمەڵناسی مەعریفە لێکۆڵینەوەیە لەکاریگەریەکانی بەشداری مرۆیی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر مەعریفە و ئەندێشە و فەرهەنگ.

بەگشتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە یەکێکە لەلقەکانی کۆمەڵناسی کەگرنگی بەلێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری دەدات، لەگەڵ جۆری فیکری باو لەناو کۆمەڵگادا.

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەکەڵکی چی دێ؟ وەکو ئەوەی کە لەسەرەوە باسکرا بابەتی مەعرفە و بەتایبەت قسەکردن لەڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە تەواو فراوان و گشتگیرە و هەموو دیاردە و ڕووداوەکان نێو ڕەفتاری مرۆڤ دەگرێتەوە و لەهەر شوێنێک مرۆڤ هەبێت وە ئەو مرۆڤانە ڕەفتاری بەرامبەر ئەنجامبدەن مەعریفە ئامادەیە.

ئەمەش بۆ سروشتی ڕەگەزی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. وەکو جۆن لوک دەڵێت: مرۆڤ کاتێک لەدایک دەبێت پەڕەیەکی سپییە و ئامادەکراوە بۆ نوسین و نەخشدانان. ئەمانەش لەڕێگەی پرۆسە و دەزگاکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی لەواقعی نێوکۆمەڵگادا پێی دەسپێردرێت، مرۆڤ ڕەفتارەکانی لەڕێی بیرۆکە و ئایدیا و باوەڕەکانیەوە ئەنجام دەدات، کە وشیاری لا درووست دەکات لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ واقع دا، هەرئەمەشە پێی دەگوترێت مەعریفەی مرۆیی، ئێمە

مەعریفەمان لەژیانی ڕۆژانە و ئەزموونەوە بەدەست گەشتوە، بەهۆی جیاوازی لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و سیاسی و چینایەتی و ڕەگەزیەوە مەعریفەکانیشمان جیاوازن، بابەتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەم جیاوازیانە دەکۆڵێتەوە، هۆکار و نیشانەکانی و دەرەنجام و کاریگەریەکانی پیشان دەدات.

سۆسیۆلۆجیای مەعریفە دەیەوێت بزانێت مەعریفە جیاوازەکانی مرۆڤ و گۆڕانە مەعریفیەکان و جیاوازی مەعریفی لەکۆمەڵگەیەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر لەچیەوە سەرچاوەی گرتوە و پەیوەندی واقع و فکر چۆنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دابڕان - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# بەدەزگا کردنی فێمینیزم لەدەسەڵاتی کوردیدا



ئاراس فەتاح

لەعەقڵییەتی پیاوسالارییدا فێمینیست ئەو ژنەیە کە نەک هەر ڕقی لەپیاوە، بەڵکو پیاوبون وەکو خراپەکارییەکی کۆمەڵایەتیی دەبینێت. کەسی فێمینیست بونەوەرێکە ئیرەیی بەعەقڵو دەسەڵاتی نێردا دەبات، بۆیە دژی شوێنگەی پیاوە لەمێژودا. بەدیوە کۆمیدییەکەشی وێناکردنی ژنێکی ناشیرینە کە پیاوی دەستناکەوێت، یان خانمێکە کە پیاو هێندە دڵی شکاندوە، بۆیە بوە بەدژەپیاو.

فێمینیستبون مۆدە نییە، ململانێیەکی دروستکراوی ژن نییە دژ بەپیاو، دۆخی سایکۆلۆژیی هەندێک نوسەرو ئەکتیڤیستی ژنیش نییە کە کێشەی زاتییان لەگەڵ خۆیانو ململانێی شەخسییان لەگەڵ پیاواندا هەبێت، وەکو هەندێک نوسەرو سیاسەتمەداری پیاو بەپەنهانی بانگەشەی بۆدەکەن. بەهەمان ئەندازەش شەڕی هەندێک لەژنانی فێمینیست نییە بۆ خۆڕوتکردنەوەو تێکدانی ئادابی گشتیی، وەکو هەندێک لەمەلاکان بەئاشکرا بانگەشەی بۆدەکەن، بەڵکو فێمینیستبون لەدونیای ئەمڕۆی ئێمەدا پێداویستییەکی کۆمەڵایەتییو فیکرییە، چونکە تاکەڕێگایەکە ژنان لەدوتوێیەوە بتوانن بەرگری لەمافو ئازادییەکانی خۆیان بکەن.

بۆئەوەی نەکەوینە ناو ئیشکالییەتی پێناسە هەمەلایەنو پڕگرفتەکانی چەمکی فێمینیزمەوە، من لێرەدا کە باس لەفێمینیزم دەکەم، مەبەستم لەو زانستەیە کە فێمینیزم وەکو وشیاری بەرهەمیدەهێنێت. ئەو زانستەش بریتییە لەدو پرسیاری

سەرەکیی: یەکەمیان بریتییە لەپرسێکی فەلسەفییو وەڵامی پرسیاری "ژن چییە؟" دەداتەوە. دووەمیشیان پرسێکی سیاسییو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییە کە سەرقاڵی مافو کێشەو داواکارییەکانی ژنانە؟ دیارە ئەم کایەیەش لەزانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆدا بەپرسی "جێندەر" ناسراوە.

"ساڵانێکە شەڕی ژنانی فێمینیستی هەرێمی کوردستان کورتکراوەتەوە بۆ "سیاسەتی ژنان"، واتە پەستاندنی پرسی ژنان لەناو دەزگا بێڕوح و ئیفلیجەکانی حکومەتی هەرێمدا. لەجەوهەردا ئەم سیاسەتە ستراتیژێکە بۆ سنووردارکردنی پرسی ژنان لەناو چوارچێوەی ئیداریو یاساییو هەندێک پرۆژەی کۆمەڵایەتیو ئینسانیی کە لەباشترین حاڵەتدا وەزیفەکەی دەبێت بەوەزیفەی سستەرێک بۆ سارێژکردنی برینە سایکۆلۆژییەکانی ژنان گەر تەماشایەکی فۆتۆگرافییانەی کۆمەڵگای کوردستانی باشور بکەین، کۆمەڵگایەکە ڕەنگی پیاوی گرتووە بۆنی پیاوی لێدێت. ڕو لەهەر شوێنێکی گشتیی دەکەیت، پیاو تیایدا زۆرینەیە، بەچەشنێک هەستناکەیت کە ژن "نیوەی کۆمەڵگا"یە، بەڵکو پتر لەکەمایەتییەکی ئەتنیی یان ئایینی ناو کۆمەڵگاکەمان دەچێت. پیاو بوونەوەرێکی هەمیشە ئامادەیە، لەناو هەموو جوگرافیاکانی جیهانی کۆمەڵایەتییو سیاسییو ئابورییو کولتورییو ئایینییەکاندا پیاو بکەری سەرەکییە. پیاو دەسەڵاتدارە، سیاسەتمەدارە، ڕوداودروستکەرە، ڕاوێژکارە، مەلایە، خاوەن کۆمپانیایە، هتد. ئەو ریکلامەی بۆ داهێنانی نوسەرێکی پیاو یان بۆ سیاسەتمەدارێکی پیاو دەکرێت، بۆ نوسەر یان سیاسەتمەدارێکی ژن ناکرێت. کۆی جومگەو پێگەکانی دەسەڵاتو نێوەندی بڕیاردان لەسەر پیاوان تاپۆکراون. پیاو سەرۆکی حیزبەکانە، مەنێجەرو سەرۆکی میدیا حیزبییو ناحیزبییەکانە، وەزیری ئەوقافە، بەڕێوەبەری سەندیکاو دەزگاکانە، سەرۆکی حکومەتە؛ دیارە هەر پیاویش سەرۆکی هەرێمە، نەک تەنها لەبەرئەوەی بەڕای ئەوان ژن شیاوی ئەو پۆستە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو پۆستە جگە لەو پیاوە، بەهیچ پیاوێکی تر ڕەوانابینرێت. دەشێت هەڵە نەبم گەر بڵێم تاکە شوێنگەیەک کە پیاو شەرمدەکات داگیریبکات، بۆیە داوێتی بەژن، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ویلادەیە.

بازاڕەکان، شەقامەکان، چایخانەکان، میدیاکان، ڕێکخراوە رۆشنبیرییەکان، حکومەتو پەرلەمانو دەزگای سەرۆکایەتی هەرێم، هەرهەموویان بەبێ جیاوازی، بۆنی پیاو و عەقڵییەتی پیاویان لێدێت. پیاو زۆربەی شوێنە گشتییەکانو جومگەکانی دەسەڵاتی لەخۆی مارەکردوە، بۆئەوەی هەیمەنەی خۆی تێدا بەرهەمبهێنێتەوە. هەر ئەم واقیعەشە وادەکات کە وام لێبکات، فێمینیستبون بەقەدەری هەموو ژنێکی وشیاری ناو کۆمەڵگای ئێمە دابنێم. هەر ژنێکی هۆشمەند بەعەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە لەواقیعی سیاسییو کۆمەڵایەتییو کولتوریی کۆمەڵگای ئێمە وردبێتەوە، تووڕەیی بەرهەمدەهێنێت، گەر ئەم تووڕەییەش ببێت بەفیکرو کردار، فێمینیستێک لەدایکدەبێت. ململانێو شەڕی ژنان لەم کۆمەڵگا پیاوسالارەدا لەململانێی کۆمۆنیزم دژ بەئایین قورسترە. ئەم ململانێیەش تەنها ململانێی ژنان نییە، بەڵکو شەڕی پیاوانیشە، چونکە ململانێیە لەپێناو کۆمەڵگایەک کە ڕێز لەبەهاکانی مرۆڤبون بگرێت. یەکێک لەرێگاکانی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پلوراڵو ڕێزدار لەوڵاتی ئێمەدا بریتی نییە

لەوەی کە پیاوەکان دیموکرات بن، بەڵکو جێندەرییانە بیربکەنەوەو هەڵسوکەوتبکەن. گەر دیموکراسییبون مانای تێگەیشتنو ڕێزگرتن بێت لەبەها ئینسانییەکانو قبوڵکردنی جیاوازیی، فێمینیستبونیش مانای بەرگریکردنە لەم بەهایانە لەڕەهەندە جێندەرییەکەیەوە. لەم گۆشەنیگایەوە فێمینیستبون وێنەی ژنێکە کە خاوەنی جەستەو فیکرو بڕیاری خۆیەتی، خودێکی کۆمەڵایەتییە کە ڕوداوی لەسەر دروستناکرێت، بەڵکو خۆی ڕوداو دروستدەکات.

"هەندێک ئەکادیمیستی حیزبیو ناحیزبیی فێمینیستو ئەکتیڤیست، پرسی ژنانیان کردوە بەکایەیەک بۆ ئیمیجو دیسکورسێکی شەخسی، کە هێندەی پێگەی خۆیانو بەرژەوەندی تایبەتییەکانیان لەناو ئەو دەزگایانە بەهێز دەکەن، هێندە پێگەی ژنان لەکۆمەڵگا دەستکاریی ناکەن

لەڕوی مێژوییەوە دەشێت سەرهەڵدانی ڕێکخراوی "یەکێتی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ژنان" WSPU کە لەئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٣دا لەلایەن "ئێمیلین پێنکهۆرست"و پێنج هاوڕێی ترییەوە دامەزرێنراو لەساڵانی دواتریشدا بەبزوتنەوەی "سەفرەجێت" Suffragette ناوبانگی دەکرد، گەورەترین ڕوداو بوبێت لەمێژوی خەباتی ژنانی بریتانیادا. ئەم خانمانە کە سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵی ژنانیان دەکرد، بون بەسیمبوڵی خۆڕاگرییو کۆڵنەدان بۆ مافەکانی ژنان بەگشتییو مافی دەنگدانی ژنان لەهەڵبژاردندا بەتایبەتیی. پێنکهۆرستو هاوڕێکانی توانیان خەباتی سیاسییان گەشەپێبدەن، بیگەیەننە ئاستێک کە نیو ملیۆن کەس بۆ خۆپیشاندان کۆبکەنەوەو بەمشێوەیەش ببن بەفشارێکی گەورە بۆ سەر پیاوانی دەسەڵاتدارو یاساکانیان. ئەم بزوتنەوە سیاسییو کۆمەڵایەتییەش، وەکو هەمو خەباتێکی تر، بێ ڕاونانو گرتنو ئەشکەنجەو قوربانییدان نەبو. ڕۆژی "هەینی ڕەش" لەساڵی ١٩١٣دا یەکێکە لەڕۆژە تاریکەکانی مێژوی سیاسیی ئینگلتەرا، چونکە بۆ یەکەمینجار ژنان تیایدا کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی پۆلیسو دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەوسای ئینگلتەراو چەندین ئەکتیڤیستی ژنان بریندارکرانو دەستبەسەرکران. لەساڵی ١٩١٣شدا یەکێک لەژنە ئەکتیڤیستەکان لەچالاکییەکی ناڕەزاییدا خۆی فڕێدایە بەر پێی ئەسپی پاشای ئینگلتەرا، جۆرجی پێنجەمو پاش چەند ڕۆژێک گیانی لەدەستدا. خەباتی ژنان تاوەکو ساڵی ١٩١٨ درێژەی کێشا کە تیایدا بۆ یەکەمینجار لەمێژوی ئەو وڵاتەدا فۆرمێک لە"مافی دەنگدانی سنوردار"ی بۆ ژنان دەستەبەرکردو لەساڵی ١٩١٩ - ١٩٢٠ ژنانی ئەمریکاش مافی یاسایی دەنگدانیان لەهەڵبژاردندا بەدەستهێنا. گەرچی لەساڵی ١٩٢٨دا، دو هەفتە پێشئەوەی "ئێمیلین پێنکهۆرست" کۆچی دوایی بکات، مافی یەکسانیبونی دەنگدان بۆ کۆی ژنانی بریتانیاش دەستەبەرکراو ئەم خانمە کۆتابەری ڕەنجی خەباتی خۆی نەبینی، بەڵام ژنانی ئینگلتەراو پاشان وڵاتانی تر بەری خەباتی ئەم ژنەو هاوڕێکانیان چنییەوە. ژنە ئەکتیڤیستەکانی ئەو سەردەمە بەوە تاوانبارکران کە دژ بەیاسان، یاسایەک کە تەنها مافی پیاوانی تێدا پارێزراو بو. لەڕاستیدا ئەوان دژ بەیاسا نەبون، بەڵکو یاسایەکیان دەویست کە تەنها ڕێز لەمافی پیاوان نەگرێتو بەرژەوەندییەکانان نەپارێزێت، بەڵکو چەمکی هاوڵاتییبون لەڕەهەندە جێندەرییەکەیەوە

جێگەی بگرێتەوە.

لەم ئەزموونەوە دو رەهەندی گرنگمان دەستدەکەوێت: یەکەمیان گرنگیی نەفەسدرێژیی خەباتی سیاسییو یاساییە. دوهەمیشیان تەرجەمەکردنی ئەم یاسایانە بۆ پراکتیکو کاریگەریی بۆ ناو رووبەری گشتییو کولتوری کۆمەڵایەتیی. بۆنمونە ئەم خانمانە توانییان هەندێک حەرامو تابو تێکبشکێنن کە تەنها مافی پیاوان بو، لەوێنەی جگەرەکێشان لەرووبەری گشتییدا کە تا ئەوکاتە تەنها مافی پیاوان بو. دەشێت ئەم مافانە لەمرۆدا بچنە خانەی ئاساییترین کردەوە، بەڵام هەمو کردەیەکی سیاسییو کۆمەڵایەتیی کە بەر حەرامەکانی کۆمەڵگا دەکەون، لەچرکەساتی مێژویی خۆیدا بەهاو قورسایی باجی گەورەی خۆی هەبوە، تاوەکو کۆمەڵگا توانای هەرسکردنی هەبێت. ئەم خەباتە لەشەستەکانو حەفتاکاندا دەچێتە ناو بواری پەروەردەوەو لەبزوتنەوەی دژە دەسەڵاتگەراییو شۆڕشی سێکسییدا بەرجەستەدەبێت کە هەمو ئەو بوارانەی حەرامو تابو بون، کرد بەبابەتی گفتوگۆو ڕەخنەگرتن.

سەرەڕای گەشەی کۆمەڵگاو کرانەوەی دونیای مۆدێرن بەسەر پرسی ژناندا، شوێنگەی ژنان لەکوردستانی ئەمرۆدا لەخراپترین دۆخی خۆیدایە. لەکایەی پەروەردەدا سەلەفییەتی دینییو ڕوپۆشیی ژنان لەزانکۆکاندا بەڕادەیەک زیادی کردوە، کە مرۆڤ پتر هەستدەکات لەمزگەوتدایە، نەک لەشوێنێک کە زانستی مۆدێرنی تێدا بەرهەم دەهێنرێت. لەکایەی دەسەڵاتدا ژنان کەمترین نوێنەریان لەشوێنی بڕیارداندا هەیە. هەمو دەزگاکانو حیزبەکانو سەندیکاکانو رۆژنامەو گۆڤارو میدیاکان پیاوان بەڕێوەی دەبەنو ستراتیژی کولتورییو پەروەردەییان دیاریدەکەن. کۆمەڵگایەکی لوس بەرهەمهاتوە کە بڵاوکردنەوەی کولتوری سێکسیزمو وێنەی سێکسیی بوەتە میتۆدێک بۆ ڕاوکردنی زیاتری کلیکی سایتەکان. ئەم کولتوری لوسییە ڕۆچوەتە ناو تێکستی ئەدەبییو هونەرییش، فۆرمێکی تایبەتی لەعیشق بەرهەمهێناوە کە هێندەی بانگەشەی پاکیزەییە بۆ ژن، هێندە بانگەشە نییە بۆ یاخییبون. لەباشترین حاڵەتدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ژن دەکەن بەبێژەر کە پتر لەڕێگای "جوانیی"ەکەیەوە دەناسرێنەوە، نەک هێزی گفتوگۆو پرسیار. بواری لێکۆڵینەوەی جێندەری گەر هەشبێت، هێندەی ئیمیجو دیکۆرە، ئەوەندە جێگای بەرهەمهێنانی زانستێکی ڕەخنەیی نییە کە شۆڕببوبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو دەستکاری عەقڵو کردەی ئینسانەکان بکات. ساڵانێکە شەڕی ژنانی فێمینیستی هەرێمی کوردستان کورتکراوەتەوە بۆ "سیاسەتی ژنان"، واتە پەستاندنی پرسی ژنان لەناو دەزگا بێڕوحو ئیفلیجەکانی حکومەتی هەرێمدا. لەجەوهەردا ئەم سیاسەتە ستراتیژێکە بۆ سنوردارکردنی پرسی ژنان لەناو چوارچێوەی ئیدارییو یاساییو هەندێک پرۆژەی کۆمەڵایەتییو ئینسانیی کە لەباشترین حاڵەتدا وەزیفەکەی دەبێت بەووەزیفەی سستەرێک بۆ سارێژکردنی برینە سایکۆلۆژییەکانی ژنان. وەزیفەی دەزگاکانی ژنانی کوردستان لەنەخۆشخانەیەک دەچێت کە تیایدا برینندارەکانی جەنگ چاکدەکرێنەوە، بۆئەوەی جارێکی تر بنێردرێنەوە بۆ بەرەکانی جەنگ. بەدەزگاییکردنی پرسی ژنان لەباشترین حاڵەتدا مانای ڕاوێژکردنی سیاسەتمەدارانی پیاو و چاوەڕوانیکردنی دەرئەنجامی

کاریگەریی ئەو سیاسەتەیە بۆ سەر شوێنگەی ژنان لەکۆمەڵگادا. هەندێک ئەکادیمیستی حیزبییو ناحیزبیی فێمێنیستو ئەکتیڤیست، پرسی ژنانیان کردوە بەکایەیەک بۆ ئیمیجو دیسکورسێکی شەخسی، کە هێندەی پێگەی خۆیانو بەرژەوەندی تایبەتییەکانیان لەناو ئەو دەزگایانە بەهێز دەکەن، هێندە پێگەی ژنان لەکۆمەڵگا دەستکاریی ناکەن.

"خەباتی ژنان کورتناکرێتەوە بۆ دەزگاییکردنی پرسی ژنان لەناو دەزگاگەلێکی حکومیی مردو کە عەقڵییەتی پیاوسالاریی کۆنترۆڵو دیسپلینی دەکات، بەڵکو ململانێیەکی بەردەوامە لەگەڵ کۆی ئەو وێناو گوتارو پراکتیکانەی دەسەڵاتی پیاو کە لەهەمو پنتە کۆمەڵایەتییو سیاسییو رۆشنبیرییەکاندا دژ بەژن بەرهەمیهێناوە

کردنی پرسی ژنان بەپرسێکی ئیدارییو یاسایی بەتەنها ئێکسپێرتو پسپۆڕ بەرهەمناهێنێت کە لەناو کایەی دەسەڵاتدا وەکو ڕاوێژکارو ئایدیابەرهەمهێنەر لەپرسی ژناندا بۆ پیاوان کاردەکەن، بەڵکو سیاسەتێکیش بەرهەمدەهێنێت کە ئازاد نییە لەکردارا. ئەم فێمینیستبونە وەرگرتنی وەزیفەی بکەرێکی ڕاوێژکاری ژنە بۆ بەرهەمهێنانی زانستی ڕێنماییکەر بۆ دەسەڵاتی پیاو کە پێی دەڵێت چی باشەو چی خراپە، بەبێئەوەی خودی پیاوسالارێتی دەزگاکانو پراکتێکەکانی دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیاری جیدییەوە. بۆ بەرچاوڕونی زیاتری ئەم کێشەیەش یەک نمونەمان بەسە، ئەویش ئەوەیە یەک فێمێنیستی پسپۆڕ نادۆزیتەوە کە ئەو هەمو دەزگا بێبەرانەی بۆ دەسەڵات بەرهەمهێنا، شوێنگەی ژنی سەرۆکەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە؟ من گومانم هەیە گەر ڕاپرسییەک لەناو فێمێنیستەکانی دەسەڵاتدا بکەین زۆرینەیان نازانن ناوی ژنی سەرۆکی هەرێم یان سەرۆک وەزیران چییە؟ بڕوانامەکەی چییەو چۆن بیردەکاتەوە؟... هتد، چجای ئەوەی بگاتە ئەوەی لێیان بپرسین ئەرێ کاریگەریی ئەو پێشنیارانەی ئێوە بۆ ژنانی دەکەن، دەگاتە بەردەم ماڵی ئەو خانمانە!

گومانی تێدا نییە تاوەکو ئەمڕۆش خەباتی یاسایی ژنان کۆتایی نەهاتوە. ئەم خەباتە لەکوردستاندا لەسەرەتای سەرەتاکانیدایە، نەک لەبەرئەوەی هێشتا ژمارەی کچانی خەتەنەکراو لەوڵاتی ئێمەدا لەزۆرینەی وڵاتانی دونیا زۆرترە، بەڵکو لەبەرئەوەی شەپۆلێکی گەورەی رەشپۆشییو ڕێکپۆشیی جەستەو عەقڵی ژنان لەلایەن دینو پیاوە کۆنزەرڤاتیڤە سیاسییەکانو حیزبەکانیانەوە بەڕێوەیە.

" تا ئەوکاتەی پیاو لەماڵدا بەشدارنەبێت لەدابەشکردنی کار لەگەڵ ژندا، یەکسانیی لەدەرەوە مەحاڵە. دابەشکردنی کار تەنها دابەشکردنی کاری جەستەییو عەقڵیی نییە، بەڵکو دابەشکردنێکی جێندەریشە یەکسانبونی ژنان لەمافی دەنگداندا، مانای یەکسانییبونی جێندەریی نییە. ئەوەی لەهەمو کاتێک زیاتر پێویستە خەباتێکی فرەلایەنەیە کە ژنان تیایدا نەبن بەئێکسپێرت بۆ دەسەڵاتی پیاو، بەڵکو ببن بەبکەری کۆمەڵایەتی ئەکتیڤو گوتاربەرهەمهێنەر، بۆئەوەی بتوانن ڕوداو

دروستبکەن. چەپەکانی ئەڵمانیا لەهەشتاکاندا بەرگرییان لەپرنسیپێکی زۆر سادە دەکردو دەیانگوت "یەکسانیی لەچێشخانەوە دروستدەبێت". واتە تا ئەوکاتەی پیاو لەماڵدا بەشدارنەبێت لەدابەشکردنی کار لەگەڵ ژندا، یەکسانیی لەدەرەوە مەحاڵە. دابەشکردنی کار تەنها دابەشکردنی کاری جەستەییو عەقڵیی نییە، بەڵکو دابەشکردنێکی جێندەریشە. ئەم بیرۆکەیە چەندە سادە بێت، هێندەش لەپشتییەوە دیدێک کاردەکات کە گرنگیی خۆی بۆ کۆمەڵگای ئێمە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەرگرییکردن لەمافی ژنان لەناو ڕوبەری گشتیدا مانایەکی نییە، گەر ئەم بەرگریکردنە لەناو چوارچێوەی ماڵدا نەبێت بەپرنسیپی پێکەوەژیانێکی یەکسان.

ڕوداو بەوە بەرهەمنایەت کە چاوەڕێی ڕوداو بین، بۆئەوەی لە سێبەری ئەو ڕوداوەدا، ڕوداوێک دروستبکەین. خەباتی ژنان ناکرێت تا ناکۆتا، خەباتی چاوەڕوانیی ڕوداوەکانی پیاو بێت؛ چاوڕێی ئەوەبین ژنێک لەلایەن مێردەکەی یان باوکی یاخود براکەیەوە ئەشکەنجە بدرێت یان بەناوی پاراستنی شەرەفەوە بکوژرێت، بۆئەوەی پرۆتێستۆی ئەو بەدکارییە نائینسانییە لەچالاکییەکدا بەرجەستەبکەین. ڕوداوبەرهەمهێنان لەبەجێبەدەرییکردنی زماندا دەستپێدەکات، لەهەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارە سێکستییەو وێنە بەسێکسییکراوەی ژناندا بەرجەستە دەبێت کە تاوەکو ئەمڕۆ پیاوان قسەی پێدەکەنو نوسەران پێی دەنوسنو سیاسییەکانمان هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکەنو دەستوپەنجەی خۆیانی پێنەرمدەکەنو دانیشتنی شەوانیانی پێگەرم دەکەن. لەجنێو و نوکتەو وتارە سیاسییەکاندا بەرجەستەدەبێت کە ژن تیایدا یان ئۆبیەکتێکی سێکسییە، یاخود بونەوەرێکی لاوازو جێی بەزەییە. ئەم ململانێیە لەبنەبڕکردنی نیگاو ئاوڕی ڕاوکەرانەی پیاواندا خۆی بەرجەستەدەکات کە سکانی جەستەو جلوبەرگی هەمو ژنێک لەبازاڕو شوێنە گشتییەکاندا دەکات.

بەکورتی خەباتی ژنان کورتناکرێتەوە بۆ دەزگاییکردنی پرسی ژنان لەناو دەزگاگەلێکی حکومیی مردو کە عەقڵییەتی پیاوسالاریی کۆنترۆڵو دیسپلینی دەکات، بەڵکو ململانێیەکی بەردەوامە لەگەڵ کۆی ئەو وێناو گوتارو پراکتیکانەی دەسەڵاتی پیاو کە لەهەمو پنتە کۆمەڵایەتییو سیاسییو ڕۆشنبیرییەکاندا دژ بەژن بەرهەمیهێناوە. ئەم گوتارو پراکتیکانە لەناو زمانو سێکسو نوسینو میدیاو کولتوری پیاوسالاریی کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەگییەکی فرەلایەنو هەمیشەییو مەترسییداریان هەیە. بەفێمینستکردنی کۆمەڵگا مانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی سێکسی نییە، بەڵکو مانای گۆڕینی عەقڵییەتی پیاو و بەجێندەریکردنی زمانو بیرکردنەوەو کردەیانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٦

# فیمینیزم، چۆن بووبە خزمەتکاری سەرمایەداری



حسن حسێن

نهێنیی خۆڕاگری و مانەوەی سەرمایەداریی بە تەنها هەر ئەوە نییە کە دە توانێت قەیرانەکانی تێپەڕێنێت و بەردەوام خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، تەنها لەو هەژموونە سیاسی - ئابووری - کەلتوورییەشدا نییە کە لەسەر مرۆڤ دروستی کردووە، بەڵکو تواناییەکەشیێتی لە گرتنەخۆ و دەستەمۆکردنی ئایدیا و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بە ڕەخنەگرەکانیشەوە. بزووتنەوەی فیمینستی نموونەیەکی ئەم گرتنەخۆ و تواندنەوەیەیە لە ناو سیستمی کۆمەڵایەتیدا. وەک نانسی فرەیزەر ئاماژەی پێ دەدات لە کاتێکدا بزووتنەوەی رزگاریی ژنان بەشێک بوو لە روئیایەکی رادیکاڵانەی جیهانیی، ئێستا بە شێوەیەکی مەترسیدار لەگەڵ هەوڵەکانی نیو لیبراڵیزمدایە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی بازاڕی ئازاد.

ژنە فیمینستی ئەمریکایی نانسی فرەیزەر لە کۆتایی مانگی رابردوو، لە رۆژنامەی گاردیاندا وتارێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا رەخنەیەکی بونیادی لە فیمینیزم دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات رەخنەی فیمینیستیی لە (لایەنگریی رەگەزی) بۆتە پاساوێک بۆ سەرهەڵدانی فۆرمی دیکەی نایەکسانی و چەوسانەوە کە دواجار خزمەت بە ئامانجگەلێک دەکەن کە زیاتر پەیوەندییان بە نیولیبراڵیزمەوە هەیە.

لە کاتێکدا پێشتر بزووتنەوەی فیمینستی و دژی هەڵپەکردن بۆ کورسی و وسوڵییەت بوو. ئەمڕۆ زیاتر لایەگریی لە چەمکەکانی تاکگەرایی دەکات و هانی ژنان دەدات بۆ تەماهیکردن لەگەڵ وسوڵییەتدا. گرفتەکەیش بە بڕوای نانسی

فرەیزەر لە لایەکەوە پەیوەندیی بە گۆڕانی تایبەتمەندێتی سەرمایەدارییەوە هەیە و لە لایەکی دیکەیشەوە لە جووڵانەوەی زیکزاییانەی شەپۆلی دووەمی فیمینزمدایە لە نێوان ڕەت کردنەوەی سەرمایەداری و قەبوڵکردنیدا. بەر لە جەنگی دووەمی جیهان سەرمایە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێک دەخرا یا بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر چاودێریی و دەستتێوەردانی دەوڵەتدا بوو، بەڵام دواتر ئەم تایبەتمەندییە گۆڕدرا بۆ سەرمایەدارییەکی نا ڕێکخراو، گلۆباڵ و نیولیبراڵ. شەپۆلی دووەمی فیمینیزمیش کە پێشتر ڕەخنەی لە فۆرمی یەکەم دەگرت دواتر خۆی بووە خزمەتکاری فۆرمی دووەمی سەرمایەداری. بە بڕوای فرەیزەر شەپۆلی دووەم لە بەردەم دوو سیناریۆ یا دووڕێیانێکدا بوو، یەکەمیان ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان شانبەشانی دیموکراسییەتی بەشدارپێکردن (الدیمقراطیة التشارکیة ) و هاوپشتی کۆمەڵایەتی بوو.

ڕێگەی دووەمیش ئەوە بووکە ئەم بزووتنەوەیە فۆرمە تازەکەی لیبراڵیزم بگرێتە ئەستۆی خۆی و لە چەشنی پیاوان، ژنانیش سوودمەند بن لە سەربەخۆیی فەردی، بژاردە جۆراوجۆرەکانی بەردەمیان و شایستەسالاری (الاستحقاقراطي meritocratic). دواجار ئەم بزووتنەوەیە خۆی بە لای سیناریۆی دووەم واتە لیبراڵیزم و تاکگەرایی یەکلا کردەوە.

بەڵام ئایا ژنان قوربانیی دەستی چەواشەکاریی لیبراڵیزم بوون یا بۆ خۆیان ئەم بژاردەیان هەڵبژارد؟

فرەیزەر پێیوایە، فیمینیزم نەک قوربانیی دەستی لیبراڵیزم نییە، بەڵکو بە سێ تێڕوانینی گرنگ بەشداریی لە پێشخستن و چەسپاندنی بەها لیبراڵییەکاندا کردووە.

یەکەمین بەشداریی ژنان لە پێشخستنی لیبراڵیزمی سەرمایەدارییدا ڕەخنەگرتنیان بوو لە فۆرمی "داهاتی خێزان" کە تیایدا پیاو نانهاوەری ماڵە و ژنیش کابانە. ڕەخنەگرتن لەم فۆرمە پاساوێک بوو بۆ شەرعییەتدان بە وەی فریسەر پێی دەڵێت "سەرمایەداریی نەرم". ئەم فۆرمەی سەرمایەداری پشتبەستە بە هێزی کاری هەرزانی ژنان، بە تایبەت لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی و پیشەسازیدا. لێرەدا ژنان بە گشتی، واتە کچە عازەب، ژنانی مێردار، دایکان و ژنانی سەرجەم نەژاد و ڕەگەزەکان دەگرێتەوە. ئەمە لە ژێر ناوی سەربەخۆیی ئابووری ژناندا، چەسپا. سەربەخۆییەک کە بە ڕواڵەت ژنی لە وابەستەیی بە ئابووری پیاوەوە ڕزگار کرد، بەڵام لە جەوهەردا زنجیری کۆیلەیەتی ژنانی توندتر کردەوە و سیمایەکی پێشکەوتنخوازانەیشی بەخشییە سیستمی سەرمایەداری. بە پێی هەندێک ئامار ٩٩% ی ژنانی ئەمریکایی لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا کار دەکەن. لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا چل ملیۆن ژن لە ئەمریکا و لە ئەورووپاش سی ملیۆن ژن چوونەتە نێو ڕیزەکانی هێزی کارەوە. ئەگەرچی ئەمە لە ژێر ناوی یەکسانی و گۆڕینی فۆرمی داهاتی خێزان بۆ فۆرمێکی بە ناو مۆدێرن کە تیایدا ژن و پیاو هەردووکیان کار دەکەن. ئەمەش بووە جێی ڕەزامەندی فیمینیزم، بەڵام زیادبوونی سەعاتی

کار، دابەزینی ئاستی بژێوی، نزمی تێکڕایی کرێی نێوان ژن و پیاو لە بەرامبەر تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ ئیش وکاری ناو ماڵ لە لایەن ژنانەوە، راستییە شارراوەکانی پشت ئەم فۆرمەی خێزانی مۆدێرنن.

بەشداریی دووەمی فیمینیزم لە پێشکەوتنی لیبراڵیزم خۆی لە پشت گوێخستنی رەهەندی ئابووری و خەسڵەتی چینایەتیی لە توندوتیژیی خێزانیی و دەستدرێژیی سێکسیدا دەبینێتەوە. بە رەتکردنەوەی رەهەندی ئابووری و سیاسی لە پرسە شەخسییەکاندا، فیمینیستەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زنجیرەی پلەبەندی (هەرەمییەت)ی کۆمەڵایەتی، کە لەسەر بنەمای کەلتووریی جیاکاریی جێندەری دروست بووە، ئەجندای سیاسییان فراوان کردەوە. ئەگەرچی ئامانج لەمە فراوانکردنەوەی خەباتی کەلتووری و ئابووری بوو بەڵام ئەنجامەکەی زەق کردنەوەی "شوناسی رەگەزی" لەسەر حسابی بێ بایەخکردنی بژێوی بوو. لەم رووەوە فیمینزم بە جۆرێک تەماهیی لەگەڵ لیبراڵیزمدا کرد کە بە رووی هەر جۆرە ناوبردنێکی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا بوەستێتەوە. فیمینیزم لە جیاتی ئەوەی جەخت لەسەر ئابووری - سیاسیی گرفتی ژنان بکاتەوە، پێ لەسەر جێندەریزمی کەلتووری دادەگرێت.

بەشداریی سێیەمی فیمینیزم لە بەهێزکردنی نیولیبراڵیزمدا، رەخنەگرتنێتی لە باوکایەتی دەوڵەتی خۆشگوزەران (دولة الرفاه). نانسی فریسەر دەڵێت: "ئەم رەخنەگرتنە پشتیوانیکردنێکی هەڵمەتی نیولیبراڵیزم بوو لە دژی "دەوڵەتی بەخێوکەر" و ئەو گرتنەخۆ گاڵتەجاڕییانەیەی رێکخراوە ناحکومییەکان. بۆ نموونە پرۆژەی پێدانی "قەرزی بچووک" ی بانکەکان بە ژنانی کەمدەرامەت لە وڵاتە هەژارەکاندا، وەک جێگرەوەیەکی کرداریی بەرامبەر بە بیرۆکراسییەتی تاقەتپڕوکێنی پرۆژە حکوومییەکان، خرایە روو. ئەم قەرزە بچووکانە وەک دژە ژەهرێکی فیمینستی بۆ چارەسەرکردنی هەژاریی و ملکەچیی ژنان سەیردەکران. بەڵام ئەوەیان بیرچوو کە رێکەوتێکی سەرسووڕهێنەر لەمەدا هەبوو، کە ئەم قەرزە بچووکانە لە کاتێکدا گەشەیان سەند کە حکوومەت دەستبەرداری هەوڵە ستراتیژییەکانی بۆ نەهێشتنی هەژاریی، بوو. بێگومان ئەم هەوڵانە هەرگیز لەگەڵ پرۆگرامی بچووکی قەرز پێداندا بەراورد ناکرێن. لەم حاڵەتەشدا نیولیبراڵیزم کۆنترۆڵی هزری فیمینیزمی کرد. لێرەوە ئەو تێڕوانینەی کە، بۆ دەسەڵاتپێدانی هاوڵاتییان، خوازیاری دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو، ئیدی بۆ شەرعییەتدان بە ئابووری بازاڕ و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت بەکارهێنرا."

## چۆن فیمینیزم بهێنرێتەوە سەر رێگەکەی خۆی؟

بە بڕوای فرەیزەر، رێگاچارەی دەستەجەمعی هێشتا وەک ئەگەرێک لەبەردەم فیمینیزمدا ماوە، بە تایبەت لەم قەیرانەدا کە هەلێکە بۆ جڵەوگرتنەوە دەست و بچڕاندنی ئەو رایەڵە ترسناکەیان بە لیبراڵیزمەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ئەو سێ

بەشدارییەی فیمینیزم بگەڕێننەوە یا بە مانایەکیتر لەو بەشدارییەیان دابڕێن:

یەکەم: بڕینی ئەو پەیوەندییە ساختەیەی لە نێوان ڕەخنەگرتن لە داهاتی خێزان و سەرمایەداریی نەرمدا هەیە لە ڕێگەی خەباتکردن بۆ شێوازێکی ژیان کە تیایدا سەرنج نەخرێتە سەر کاری بە کرێ و بەها بدرێت بە چالاکی نا کرێی unwaged activities وەکو سیاسەت، کاری چاودێریی، کاری خۆبەخشیی بە کۆمەڵ، هونەر، فێرکردن و...هتد. پاشان پەکخستنی ڕێڕەوی ڕەخنەگرتن لە ئابووری بازاڕ بۆ سیاسەتی شوناس و یەکخستنی تێکۆشانەکان لە پێناو گۆڕینی سیستمی چینایەتیی نێرسالاری لەگەڵ تێکۆشان بۆ دادپەروەری ئابووری. دواخاڵیش بڕینی پەیوەندیی درۆیینەی نێوان ڕەخنەگرتن لە بیرۆکراسییەت و فەندەمینتاڵیزمی بازاڕی ئازاد، لە پێناو بەدەستهێنانەوەی عەبای دیموکراسییەتی بەشداریپێکردن participatory democracy وەک چەکێکی بەهێز بۆ کۆت کردنی سەرمایە.

نانسی فرەیزەر: مامۆستای فەلسەفە وسیاسەتە لە سکوڵی نوێ بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە نیویۆرک و بیرمەندێکی پرسی ژنانە.

سەرچاوە:


/http://ma-alamal.com/category .

. الماركسية وتحرر النساء، انا مينوز و الان ودز http://www.marxy.com/women/marxism-feminism-emancipation-women110308.htm

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٦

# شەکسپیر فێمێنیست بوو؟



**فازڵ جاف**

لەم ساڵانەی دواییدا، شانۆنامەکانی شەکسپیر کەوتنە بەر تیری رەخنەی چەند نووسەرێکی فێمێنیستەوە، بە بیانووی ئەوەی کە شەکسپیر پۆرترێتی ئافرەتەکانی ناو شانۆنامەکانی خۆی پۆزەتیڤانە نەکێشاوە.

بەرامبەر بەم بۆچوونەیش، چەندین نووسەری دیکەی ئافرەت ئەم بۆچوونەیان رەت کردووەتەوە، چونکە پرسی شەکسپیر و ئافرەت، لە دیدی فێمێنیستەکانەوە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت.

یەکێک لەو نووسەرە رادیکاڵ و یاخی و ئۆپۆزسیۆنانە) رجا النقاش(ی سەرنووسەری گۆڤاری میسری- ئەدەب و رەخنە -بوو، کە کتێبێکی لەژێر ناونیشانی) ئافرەتەکانی شەکسپیر (بۆ ئەم باسە تەرخان کرد، تێیدا باسی لە کەسایەتیی ئافرەت و نموونەکانی لەلای شەکسپیر کردووە .نەک هەر ئەوەندە، االنقاشب باسی لە پێگەی ئافرەت لە ژیانی شەکسپیر و پێوەندیی نووسەر بە هاوسەرەکەی و بە ئافرەتی دیکەوە کردووە.

ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە االنقاشب دەیسەلمێنێت کە رواڵەت و سیمای ئافرەت لەناو شانۆنامەکانی شەکسپیردا پێگەیەکی بەهێزیان هەیە.

نووسەر ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە شەکسپیر چەندین کارەکتەری ئافرەتانەی جیاجیای خوڵقاندووە، لەوانە ئافرەتی

عاشق، ئافرەتی یاخی، ئافرەتی فریشتە و بێ گەرد، هەروەها ئافرەتی شەڕخواز .جولێیت نموونەی ئافرەتی عاشقە، کلیۆپاترا نموونەی ئافرەتی بەهێز و دەسەڵاتدارە، لێدی ماکبێس پۆرتریتی ئافرەتی شەڕخواز و دەڕندەیە، کچۆڵەکانی ناو شانۆنامەی) خەونی نیوەشەویکی هاوین (نموونەی پەری و فریشتەن، رۆسالین نموونەی ئافرەتی یاخییە.

توێژینەوەیەکی گشتگیری شانۆنامەکانی شەکسپیر ئەوە دەردەخەن، کە نووسەر چل و پێنج کەسایەتیی ئافرەتی لەناو شانۆنامەکانیدا دروست کردووە. رەنگە هەندێک لەم کەسایەتییانە رۆڵیان لە دەستەخوشکەکانی دیکەیان کەمتر بێت، بەڵام هیچیان لاوەکی نین. بەگشتی دەگوترێت کە شکسپیر هەرگیز رۆڵی لاوەکی و لاواز و بێ رەنگ و سیما بزری دروست نەکردووە.
ریژیسۆری بەناوبانگ پیتەر برووک دەڵێت :لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا، هەر کەسێک کە دێتە سەر شانۆ، تەنانەت ئەگەر یەک رستەیش بڵێت، شەکسپیر سەرجەلەی ژیانی ئەو کەسەیش بەڕوونی لەسەر شانۆدا وێنا دەکات.

بەڵام سەرەڕای ئەو بۆچوونەیش، هەرگیز قسە لەسەر ئەوە نییە کە چەند کەسایەتییەکی ئافرەتانەی بەهێز لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا هەن، کە ئەوەندە هونەرمەندانە رەنگرێژییان بۆ کراوە، ئەوەندە سایکلۆژییانە ناخیان بەرجەستە کراوە، نەک تەنیا لە مێژووی شانۆ، بگرە لە مێژووی ئەدەبیشدا هاوشێوەیان نییە.

کەسایەتیی جولێیت لە شانۆنامەی (رۆمیۆ و جولێیت)، لێدی ماکبێس لە شانۆنامەی) لێدی ماکبێس .(ئۆڤیلیا و گیرترود لە) هاملێت(دیزدەمۆنە و ئیمیلیا لە) ئۆتیللۆ( کلیۆپاترا لە) کلیۆپاتر( پۆرشیا لە) بازرگانی ڤینیسا(دا.
سەرنجی ئەم رۆڵانە بدە کە شەکسپیر خوڵقاندوونی، ئەمانە ئەو رۆڵە زیندووە نەمرانەن، کە تاکو ئێستا لە شانۆدا بێ وێنەن.

کێ پاش شەکسپیر توانیویەتی کەسایەتیی شۆخێکی ئەڤیندار و عاشقی وەک جولێیت دروست بکات؟

توێژەرانی زانستی شانۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شەکسپیر لە رۆمیۆ و جۆلێیتدا زۆر لای ئافرەتی گرتووە، بەڵگەشیان بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە شەکسپیر بە هەموو شێوەیەک جولێیتی لە رۆمیۆ داناتر و عاقڵتر نیشان داوە. ج بۆ ئەوەی ئەو راستییە باشتر بسەلمێنێت، ئاماژە بەوە دەدات کە جولێیت لە رۆمیۆ منداڵترە، سەرەڕای ئەوەیش لەو داناترە. هەروەها شەکسپیر پێمان دەڵێت: ئافرەت لە پیاو زووتر کامڵ دەبێت، قۆناخی هەرزەکاری لەلای نێرینە درێژترە، هەر بۆیە درەنگ کامڵ دەبێت.

ئەو کەسایەتییانەی کە لێرەدا ئاماژەم پێ کردن، کەسایەتییە ناسراو و بەناوبانگەکانن، ئەوانەن کە ئێمە پێیان ئاشناین. بە داخەوە خەڵکی ئێمە کەمتر ئاشنای چەند کەسایەتییەکی دیکەی مێینەکانی ناو شانۆنامەکانی شەکسپیرن، هەر بۆیە زۆر جار خانمە فێمێنیستەکانمان پەلە دەکەن کە رەخنە لە شەکسپیر دەگرن، بە تایبەتی کە یەکسەر بیریان بۆ کەسایەتیی لێدی ماکبێس دەچێت، ئەم کەسایەتییە نێگەتیڤ و دڕندەیە دەکەن بە بەڵگە، کە گوایە لێدی لەلای شەکسپیر ماسکێکی دزێو و نەگریسی هەموو ئافرەتێک بێت.

بەڵام بلیمەتی و مرۆڤدۆستیی شەکسپیر و لایەنگیریی لە ئافرەت لەوەدایە، کە لە هەمان شانۆنامەدا کەسایەتیی) لێدی ماکادۆڤ(ی بەرامبەر بە کەسایەتیی لێدی ماکبێس راست کردووەتەوە، کە ئەمیان تەواو پێچەوانەی ئەویانە .باشە ئێستا رەنگە بڵێین رۆڵی لێدی ماکدۆڤ بە بەراورد لەگەڵ رۆڵی لێدی ماکبێسدا زۆر کورتە، راستە، بەڵام لێدی ماکدۆڤ کە کوڕەکەی بە دەستی ماکبێس کوژراوە و تەنیا لە دیمەنی دووەمی پەردەی چوارەمی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، کارەکتەرێکی زۆر گرنگە، شەکسپیر زۆر وەستایانە پۆرترێتێکی قووڵ و خەستی بۆ کێشاوە، پۆرترێتێک کە دروست ئەو قسەیەی برووکمان بیر دەخاتەوە.

هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، جگە لە کەسایەتیی جولیێت، دەمەوێت سەرنجتان بۆ کەسایەتیی ژنێکی دیکەی ناو شانۆنامەکانی شەکسپیر رابکێشم) رۆسالیند (لە شانۆنامەی) کردار بە کردار( رۆسالیند کە یەکێکە لە ئافرەتە بەهێزەکانی شانۆی شەکسپیر، هەموو تایبەتمەندییەکی گەشی ئافرەتانەی تێدا کۆ بووەتەوە :جوانی و شۆخ و شەنگی و زیرەکی و دانایی و ئازایەتی و جورئەت.

دیارە ئەدەبیاتی ئێمە، ئەوەندەی من بزانم، زۆر ئاشنای ئەم کەسایەتییە گرنگەی شەکسپیر نییە، کە بە خواست و باوەڕێکی پۆڵایینەوە بەرەنگاری دەسەڵاتی پیاو و سیستەمی پیاوسالاری و پیاوی خاوەن دەسەڵات دەبێتەوە، سەرەڕای هەموو گوشارێک، بە هیچ کلۆجێک خۆی بەدەستەوە نادات، هەر بۆیە بەربەرەکانی رۆسالیند بۆ جیهانی پیاو و دەسەڵاتی پیاو زۆر لە بەربەرەکانی انۆرابی ئیبسن سەختترە. تایبەتمەندییەکی دیکەی رۆسالیند لەوەدایە کە بەربەرەکانی ئارەزووەکانی پیاوی دەسەڵاتدار و حوکمڕان و سیاسەتوانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکات، نەک پیاوی مۆدێرنی ئێستا یان پیاوی ناو خێزانەکەی، هەر بۆیە ئەرکەکەی لە ئەرکی انۆرابی ئیبسن سەختتر و دژوارترە.

لەم روانگەیەوە و لە چەند دیدگایەکی هاوچەشنی ئەم روانگەیەوە، ئایا دەکرێت بڵێین شەکسپیر فێمێنیست بوو؟.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٣ی نیسانی ٢٠١٦

# فێمینیزمی کۆمەڵایەتی چیە؟



**باربارا ئیرێنرایک**

**و: نەسرین جاوید**

باربارا نوسەری سێزدە کتێبە لەوانە کتێبی هەڵمەت و هەڵاتن: شوێنهەڵکردنی نەزۆکی خەونی ئامریکایی و کتێبێکیش کە بەمزووانە دەزگای چاپی مێترۆپۆلیتان بۆک بڵاوی دەکاتەوە بڵاو دەبێتەوە بەناوی، زیوین و بێنرخ: لەمەڕ پێ(نە)گەییشتن لە ئامریکادا (مێترۆپۆلیتان بووک ٢٠٠١).

ئەم وتارە کەوا سەرەتا لە گۆڤاری لە ٣ی جوونی ١٩٧٦دا دەرکەوت دیسانەوە بڵاوی دەکەینەوە - بۆ ئەمە مۆڵەتمان لە خاوەنەکەی وەرگرتووە - وتارێکی کلاسیکییە سەبارەت بە سۆسیال فێمێنیزم. لە روانگەی ئێمەوە پاش چەندین دەیەی مشتومڕی بەردەوام لەسەر ئەم کێشە گرینگییەکەی ئێستاش هەر دانەبەزیوە. (سەرنووسری گۆڤاری مانتلی ریڤیۆ)

لە ئاستێکدا کە رەنگە زۆر بە دیاریکراوی دەستنیشان نەکرێت، سۆسیال فێمێنیزم بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئارادا بووە. تۆ ژنێکی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. تووڕە دەبووی سەبارەت بە کار و بە تێچوونەکانی ئاو و کارەبا و بەدەست هاوسەرەکەتەوە(یان پێشووەکەیان) سەبارە بە خوێندنی منداڵان و ماڵدێری و جوان نەبوون و چاوت لێبکرێت و چاوت لێنەکرێت (بەهەر شێوەیەک گوێت لێنەگیردرێت) و هتد. ئەگەر سەبارەت بە هەموو ئەم شتانە بیربکەیتەوە و بزانی چلۆن

سەرچاوە Serchawe

هەمانە لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوە و چی دەبێ بگۆڕدرێت و سەیری دەوروبەری خۆت بکەیت بزانیت چی گوتارێک دتوانێت هەموو ئەم بیرۆکانە بە کورترین شێواز لەخۆ بگرێت، دەکرێت بگەیتە چەمکی "فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی ."

زۆربەی ئێمە لەم ڕێڕەوەدا هاتین بۆ سۆسیالیزمی کۆمەڵایەتی. ئێمە دەگەڕاین بۆ وشە/چەمک/دەستەواژەیەک تا دەستبکەین بە دەربڕینی دەردەدڵەکانی هەمووەمان و هەموو بنەماکانمان بە ڕێگەیەکدا کە وێدەچوو نە "سۆسیالیست" و نە "فێمێنیست" نەبێت. من دەبێ دانیپێدانێم کەوا زۆربەی ئەو فێمێنیستە کۆمەڵایەتیانە کە دەیانناسم لە چەمکی "فێمێنیزمی سۆسیالیست" رازی نین. لەلایەکەوە بە درێژی دەزانن(چ هیوایەکم بە بزاوتێکی جەماوەری ئاوەڵپاراو هەیە) لەلایەکیتریشەوە دواجار زۆرکورتە بۆ فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی و دژی ڕەگەزپەرستی و دژی جنسی بەرانبەر پەرستن.

گرفتی زیادکردنی هەر جۆرە پاشگر - پێشگرێک، - بە فێمێنیزم ١- ئەوەیە کە دەسبەجێ بەرامەی تاقمگەری -کوتلەگەری لێدروست ئەبێ. "فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی" دەبێتە تەنگەژە و راز و کێشەیەک خۆی لەخۆیدا و بۆخودی خۆی. ئێمە باسکار و کۆنفرانس و وتارگەلی جۆراوجۆرمان هەیە سەبارەت بە "فێمێنیزمی سۆسیالیستی" - گەرچی ئێمە بەباشی دەزانین کە هەم "سۆسیالیزم" و هەم "فێمێنیزم" زۆر زەبەندە و بەرفراوانن بۆ ئەوەی ببنە ئامانجی هەرجۆرە باس و کۆنفرانس و وتارێک و هتد. خەڵک، بە سۆسیال فێمێنیستەکانیشەوە بەدڵەخورپەوە لەخۆ دەپرسن "سۆسیال فیمینیزم" چیە؟ ئەوە چاوەڕوانییەک هەیە کە پێی وایە سۆسیال فێمێنیزم (خەریکە بێتەدی، ڕەنگە لە باسەکان و کۆنفرانس و وتارەکانی داهاتوودا) تێهەڵکێشێکی درەوشاوەیە پارچەگەلی مێژوویی جیهانی، واتە ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانەیە سەرووتر لە مارکس و فروید و ماری وۆڵستۆنکرافت. یان ئەوەیکە ڕەنگە لەئاکامدا هیچ نەبێ جیا لە بەیت و باوی بەسەرچووی کۆمەڵێ فێمێنیست و سۆسیالیستی مێینەی کلۆڵ، واتە پەشێوییەکی کاتی.

دەمەوێ دێڕێک بدەم لەو سیرەی کە سەبارەت بە فیمینیزمی کۆمەڵایەتی باڵای کردوە. ڕێگەیەکی ژیرانە بۆ دەستپێکردن ئەوەیە کە بە جیا تماشای سۆسیالیزم و فێمێنیزم بکەین. سۆسیالیستێک یان روونتر بڵێین مارکسیستێک چلۆن تماشای جیهان دەکات؟ ئەی فێمێنیستێک چلۆن؟ سەرەتا، مارکسیسم و فێمێنیزم شتێکی گرینگی هاوبەشیان هەیە: هەردووکیان بەچاوی ڕەخنەگرانە سەیری جیهان دەکەن. هەردووکیان ئەفسوونی کۆنەپەرستانە و "نەستی گشتی"ی دەسڕنەوە و پاڵمان تێوە دەنێن لە ڕێگەیەکی نوێەوە تماشای ئەزموونەکان بکەین. هەردووکیان هەوڵیان تێگەییشتنە لە جیهان - بەڵام نەک لە روانگەی هاوسەنگی و تەبایی نەگۆڕەوە(وەک چۆن لە زانستی نەریتیی کۆمەڵدا باوە) - بەڵکوو لەروانگەی ناتەباییەکانەوە. هەردووکیان دەگەنە ئاکامگەلێکی سەیر و پەشۆکێنەر کەوا لە هەمانکاتدا رزگایکەرن. بەهیچ شێوەیەک روانگەیەکی مارکسیست یان فێمینیستی نادۆزینەوە کەوا وەک تماشاچی دەمێنێتەوە. تێگەییشتن لە راستیەکان کە ئەم

لێکدانەوانە ئاشکرایان کردووە دەچێتە قۆناغی کردەوە بۆ گۆڕینیشی.

مارکسیسم خۆی وا پێناسە دەکات کەوا گەشندەیی چینەکانی ناو کۆمەڵی سەرمایەداری شی بکاتەوە. هەرچی شارەزای زانستەکۆمەلایەتییەکانە دەزانێت کە کۆمەڵی سەرمایەداری کەم و زۆر بە نایەکسانییەکی سیستەمی و توند دەناسرێتەوە. کەمینەیەکی خەڵک (چینی سەرمایەدار) هەموو کارگە و چاوگەکانی وزە و سەرچاوەکانی و هتد... کردۆتە ملکی خۆی کەوا هەمووان بەسترانەتەوە پێیانەوە تا بتوانن بژین. زۆرینەیەکی زەبەندە(چینی کرێکار) دەبێ ئەو تۆسقاڵە کەرەستەی هەیەتی بخاتەکارەوە - ئەویش لە هەلومەرجێکدا کەوا سەرمایەداران جێیان خستووە - بۆ ئەو حەقدەستەی کە سەرمایەداران ئەیدەنێ. چونکوو قازانجی سەرمایەداران لەوەوە دێت کەوا ئەوان حەقدەستی کەمتر دەدەن لەو بەهای ئەو شتەی کە کرێکاران لە راستیدا بەرهەمی دێنن بۆیە پێوەندی ئەم دوو چینە بەناچار ناتەباییەکی ئاشتیهەڵنەگری لێدەکەوێتەوە. چینی سەرمایەدار بوونی بنەڕەتی خۆی قەرزداری چەوساندنەوەی بەردەوامی چینی کرێکارە. ئەوەی ئەم حوکمڕانی ئەم سیستمە دەهێڵێتەوە دواجار بریتییە لە هێز. چینی سەرمایەدار (راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ) کۆنترۆڵی ئامرازەکانی "توندوتیژی رێکخراو" کە دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکات - پۆلیس و بەندیخانە و هتد. تەنیا بە ئاخێزی شەڕی شۆڕشگێڕانە بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی دەوڵەتییە کە چینی کرێکار دەتوانێت خۆی و دواجار هەموو خەڵک رزگار بکات.

فێمینیزم خۆی بۆ جۆرێکیتری - کە بۆمان ئاشنایە - لە نایەکسانی داناوە. هەموو کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی مۆرکی جیاوازی چینایەتی پێوەیە لەنێوان رەگەزە جیاوازەکاندا. ئەگەر ئێمە چاوێک بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بخشێنین و ئاورێک لە مێژوو و وڵاتەکان بدەینەوە دەبینین کە هەموویان لەم تایبەتمەندییانەدا هاوبەشن: ملکەچیی ژن بۆ دەسەلاتی پیاوان هەم لەناو بنەماڵەدا و هەم لە کۆمەڵگادا بەگشتی؛ بە شمەککردنی ژنان وەک شێوە ملکێ؛ دابەشکردنی رەگەزیی کار کە تیایدا ژنان بەرتەسک کراونەتەوە بە چالاکیگەلێکی وەک منداڵ گەورەکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ نێرینە پێگەیشتووەکان و شێوازگەلی دیاریکراوی(کە زۆرجاران سووک لێیان دەڕوانرێت) کاری بەرهەمهێن.

فێمێنیستەکان کە سەرنجیان بۆلای ئەم دیاردە جیهانیانە راکێشرا دەگەڕان بۆ شیکردنەوەگەلێکی بواری "بۆماوەییە" بیۆلۆژیکییەکان کەوا بەستێنی فەراهەم کردبێ بۆ بوونی کۆمەلایەتی مرۆڤ بۆ گشت مرۆڤ. پیاوان بە شێوەیەکی مامناوەند لە ژنان بەهێزترن بە تایبەت لە بەراورد لەگەڵ ژنانی دووگیان و ژنانێکدا کەوا منالی ساوا بەخێو دەکەن. لەوەش زیاتر، پیاوان دەسەلاتیان هەیە کە پیاوان دووگیان بکەن. بەمجۆرە شێوازگەلی نایەکسانی رەگەزی - جا هەرجۆرێک بێت لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکیتر - لە دوا لێکدانەوەدا و بەڕوونی پاڵ ئەداتەوە بەو سوودە فیزیکییانەی کەوا نێرینە

هەیەتی بەسەر مێیینەدا. واتە، دواجار پاڵدەداتەوە بە توندوتیژی یان هەڕەشەی توندوتیژییەوە.

ڕەگی بیۆلۆژیکی دێرینی باڵادەستی نێرینە - واتە ڕاستی توندوتیژی نێرینە - بەگشتی بەهۆی یاسا و نەریتەکانەوە لێڵ بووە کەوا پێوەندیی دوو ڕەگەزەکە لەهەر کولتوورێکی دیاریکراودا ئاراستە دەکات. بەڵام بە گوێرەی لێکدانەوەی فێمێنیستی ئەمە هەر لە جێی خۆیدایە. ئەگەری هێرشی نێرینە وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆسەر ژنانی "خراپ" (یاغی و تووڕە) ماوەتەوە و ژنانی "باش" ڕادەکێشێت بۆ ئاڵۆزی باڵادەستی نێرینە. خەڵاتی "باش"بوون("جوان" و ملکەچ) پارێزراوبوونە لە توندوتیژی لەگۆترەی نێرینە و هەندێجار مسۆگەرێتی ئابووری.

مارکسیسم ئەفسوونی "دێمۆکراسی" و "فرەچەشنی"یەکەی لادەدات تاوەکوو سیستمی حکومڕانی چینایەتیەک ئاشکرا بکات کەوا پاڵیداوەتەوە بە چەوساندنەوەی زۆرەملێ. فێمینیزم درێ دەدا لەو ئەفسوونانەی سەبارەت بە خۆشەویستی ڕۆمانتیک و "غەریزی" بۆ دەرخستنی حوکمی نێرینە وەکوو حوکمی هێز. هەردوو شیکارییەکە ناچارمان دەکەن بۆ ئەوەی بنەڕەتە نادادوەرانە بکەین. بڕاردەیەک کە بگەین بە ئاسایشی ئەفسوونەکە یان وەک مارکس دڵێ کارکردنە بۆ نیزامێکی کۆمەڵایەتی وا کە پێویستی نیە بە ئەفسوونەکان تاکوو بیهێڵنەوە.

ئەستەمە کە مارکسیسم و فێمێنیزم پێکەوە کۆبکرێنەوە و ناوی "سۆسیال فێمێنیزم"یان لێ بنێین. لە ڕاستیدا،

لەوانەیە زۆربەی سۆسیال فێمێنیستەکان زۆربەی کات هەروا وێنای بکەن - واتە وەکوو جۆرێک دووڕەگە، کە پاڵ لە فێمێنیزمەکەمانەوە دەنێت بۆناو بازنەیەکی سۆسیالیستی و سۆسیالیزمەکەمان بۆناو بازنەی فێمێنیستی. یەکێ لە گرفتەکانی بەرەڵاکردنی شتی لەمجۆرە ئەوەیە کە خەڵک بە دۆشداماوی دەهێڵێتەوە کە "باشە بەڕاستی ژن چیە؟" یان داوامان لێدەکەن "کە بەڕاستی ناتەبایە بنەڕەتیەکە چیە." ئەم جۆرە پرسیارانە وا دەردەکەوێت کە ناچاری و داسەپاوین بەزۆری لە شوێن پێ هەڵکردنەکەمان ڕاماندەگرن: "هەڵبژێرە!" "ئەم یان ئەو ببە!" بەڵام ئێمە دەزانین کە تەبایی سیاسی لەگەڵ سۆسیال فێمێنیزم لە ئارادایە. ئێمە دووڕەگە یان لە بەرخۆری هەردوولا نین.

بۆ گەییشتن بەو تەباییە سیاسییە ئێمە وەکوو فێمێنیستەکان دەبێ خۆمان جیابکەینەوە لەو جۆرەکانیتری فێمێنیزم وەکوو مارکسیستیش لە جۆرەکانیتری مارکسیسم. ئێمە دەبێ فرێیدەین (ببورن بۆ ئەم بەکارهێنانی ئەم زمانە لێرە) سۆسیال فێمێنیستی ئەو جۆرەی فێمێنیسمی و سۆسیال فێمێنیسمی ئەو جۆرەی سۆسیالیزم. تەنیا ئەو کاتەیە کە ئەگەری "کۆکردنەوە"ی ئەم شتانە واوەتر دەچیت لە چنینیان بەشێوەی خشپێژانە.

پێموایە زۆربەی فێمێنیست و سۆسیالیستە رادیکاڵەکان هاوڕان لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە گوشراوەی من لە فێمینیزم تا ئەو جێیەی بڕ دەکات. لە روانگەی سۆسیال فێمێنیزمەوە گرفتی فێمێنیزمی رادیکاڵ ئەوەیە کە لەوە زیاتر بەولاوە ناچێت. دوشداماو دەمێنێت بەرانبەر بەوەی بۆ باڵادەستی نێرینە جیهانیە - واتە ئەو شتەی کە قەت نەگۆڕاوە؛ هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پیاوسالارن؛ ئیمپریالیزم، سەربازیگەرایی و سەرمایەداری هەموو تەنیا دەربڕینگەلێکی جیاوازن لە تخووبی نێرینەی تووڕەیی. بەمجۆرە، لە روانگەی سۆسیال فێمێنیستەکانەوە گرفتی ئەمە ئەوەیە کە نەک هەر پیاوان ناگرێتە بەر (و ئەگەری ئاشتەوایی لەگەڵیان لەسەر بنەمای دادخوازانە و مرۆڤدۆستانە) بەڵکوو تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ژنانیش وەلادەنێت. بۆنموونە، بۆ دابەزاندنی وڵاتێکی سۆسیالیستی وەک چین بۆ ئاستی پیاوسالاری - وەک بیستوومە فێمێنیستە رادیکاڵەکان دەیکەن - دەبێ راستیی کێشمەکێش و دەستکەوتەکانی ملیۆنان ژن پێشت گوێ بخرێت. لەکاتێکدا سۆسیال فێمێنیستەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شتێکی زەمەن پەڕێن و جیهانی سەبارەت بە داپلۆسینی ژن لە ئارادایە پێداگریش دەکەن لەسەر جوارجۆری شێوازەکان لە جێبەجێکردنی جوراجۆردا و ئەوەی کە ئەم جیاوازییانە گرینگیەکی یەکلایکەرەوەی هەیە. جیاوازییەک هەیە لەنێوان کۆمەڵگایەکدا کە تیایدا رەگەزپەرستی لە شێوازی کۆرپەی کچ کوشتندا خۆی دەردەبڕێت و کۆمەڵگایەک کە تیایدا رەگەزپەرستی لە شێوازی نوێنەرایەتی نایەکسان لە کۆمیتەی ناوەندییەکەیدا خۆی دەردەبڕێت. وە ئەم جیاوازییە ئەوە دێنێت کە بۆی بمریت.

یەکێک لە جۆراوجۆرییەکان سەبارەت بە رەگەزپەرستی کە دەبێ هەموو فێمێنیستێک بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییانەیە کەوا هەڵقولاوی پەڕینەوەیە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی. ئەمە پرسێکی ئاکادیمیک نیە. لەڕاستیدا ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کەوا سەرمایەداری جێیگرتەوە سیستمێکی پیاوسالار بوو و من ئێستا ئەو چەمکە بەکاردەبەم لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆیدا بۆئەوەی بیگەیەنم کە مەبەستم سیستمێکە کە تیایدا بەرهەمهێنان لە بنەماڵەدا چڕبووەتەوە و نێرینە کۆنەکە زاڵە بەسەریدا. راستیەکەی ئەوەیە کە سەرمایەداری پیشەسازی وێڕای پیاوسالاری هات و بەرەی ژێر پیاوسالاریشی لێکهەڵوەشان. بەرهەمهێنان ڕۆچووە ناو کارخانەکانەوە و تاکەکان لە بنەماڵە دابڕێندران تاکوو ببنە حەقدەستوەرگرانی "ئازاد". ئەوەیکە سەرمایەداری بڵێین سەرمایەداری شێوەرێخستنی پیاوسالاریی و بنەماڵەی لێکهەڵوەشاند هەڵبەت بەو مانایە نیە کە بڵێین سەرمایەداری کۆتاییهێناوە بەباڵادەستی نێرینە! بەڵکوو بەو مانایە دێت کە بڵێین شێوازێکی دیاریکراوی داپلۆسینی رەگەزی کە ئێمە ئەمڕۆکە ئەزموونی دەکەین تا ڕادەیەکی زۆر تازەی گەشەیان کردوە. دابڕانێکی مێژوویی گەورەیە لەنێوان ئێمە و پیاوسالاری راستەقینەدا. ئەگەر بمانەوێ لە ئەزموونی ئەمڕۆکەی خۆمان وەکوو ژن تێبگەین دەبێ لە سەرمایەداری وەک سیستمێک رابمێنین.

بێگومان رێگەی دیکەش هەبوون کە من بگەیەنن بە هەمان جێگە. وەکوو فێمێنیستێک دەمتوانی بە هاسانی بڵێم ئێمە

زیاترین گرینگی بە ژنانێک دەدین کە تووشی زیاترین داپڵۆسین بوون - ژنانی هەژار و چینی کرێکار، ژنانی جیهانی سێهەم و هتد - و بەم هۆیەوە ئێمە بەوە گەیشتووین کە دەبێ لە سەرمایەداری بگەین و بەرەنگاری ببینەوە. دەمتوانی بە هاسانی بڵێم پێویستە ئێمە خۆمان لە سیستمی چینایەتیدا دەربڕین چونکوو ژنان ئەندامانی چینێک لە چینەکانن. بەڵام من هەوڵمداوە شتێکی دیکە بێنمە ئاراوە سەبارەت بە ئاسۆی خۆمان وەک کەسانێکی فێمێنیست: واتە هیچ ڕێگەیەک نیە لە رەگەزپەرستی تێبگەین ئەو جۆرەی کە کاردەکاتەسەر ژیانمان بەبێ ئەوەی بیخەینە ناو بەستێنی مێژوویی سەرمایەدارییەوە.

پێم وایە زۆربەی سۆسیال فێمێنیستەکان هەروەها کۆکن لەسەر ئەو کۆرتەی کە تیۆری مارکسیستی تا ئەو جێیەی بڕبکات تێکهەڵکێشێ و دیسانەوە گرفتەکە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر هەن (کە من پێیانەدەڵێم "مارکسیستە میکانیکییەکان" یان) کەوا لەوە بەولاوەتر ناچن. بۆ ئەم جۆرە خەڵکە تەنیا شتێکی گرینگ و "واقعی" کە لە کۆمەڵگای سەرمایداریدا لەئارادایە بریتیە لەو شتانەی کەوا پەیوەستە بە رەوتی بەرهەمهێنان و رووبەری نەریتی سیاسەتەوە. لەم روانگەیەوە باقی ئەزموون و بوونە کۆمەڵایەتیەکان - ئەو شتانەی کەو پێوەندیدارن بە پەروەردە و رەگەز و بەرهەمهێنانەوە و بنەماڵە و هونەر و موسیقا و ماڵدێری (وایدانێن) - لە پەراوێزی دینامیزمی ناوەندیی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدایە؛ واتە بەشێکە لە "سەرخان" یان "کولتوور ".

سۆسیال فێمێنیستەکان لە بەرەیەکی زۆر جیاوازدان لەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە من پێیان دەڵێم "مارکسیستە میکانیکیەکان". ئێمە (وێڕای زۆرێک مارکسیستی دیکە کەوا فێمێنیست نین) سەرمایەداری وەک کۆیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەبینین. ئێمە تێدەگەین کەوا سەرمایەدار لە گەڕاندا بۆ بازاڕی نوێ تەشەنە دەکاتە هەموو کون و کەلەبەرێکی بوونی کۆمەڵایەتیەوە. بەتایبەت لە قۆناغی سەرمایەداری پاوانکاردا کەوا گۆڕەپانی بەکاربردن هەر توزقاڵێکی بیگری لەڕوانگەی ئابوورییەوە و هێندەی گۆڕەپانی بەرهەمهێنان گرینگە. کەوابوو ئێمە ناتوانین تێبگەین لە کێشمەکێشمی چینایەتی وەک شتێکە بەرتەسکبووبێتەوە بە گرفتی حەقدەست و کاتژمێرەکان یان تەنانەت بە کێشەکانی شوێنی کار. کێشمەکێشمی چینایەتی لە هەموو گۆڕەپانێکدا کە بەرژەوەندییەکانی چینەکان تووشی ململانێ ببێ دێتە ئاراوە جالە پەروەردەوە بگرە تا تەندرووستی و هونەر و موسیقا و هتد. ئامانجی ئێمە نەک هەر گۆڕانکارییە لە خاوەنداریێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بەڵکوو هەروەها لەکۆی بوونی کۆمەڵایەتیدا.

وەکوو مارکسیستێک، ئێمەی لە شوێنێکی تەواو جیاواز لەوەی مارکسیستە میکانیکیەکانەوە دەگەینە فێمێنیسم. چونکوو ئێمە سەرمایەداری پاوانکار وەکوو کۆیەکی سیاسی - ئابووری - فەرهەنگی دەبینین و لە چوارچێوەی مارکسیسمدا جێگە شک دەبەین بۆ کێشە رەگەزییەکان کە بەڕواڵەت فریان بەسەر "سیاسەت" یان بەرهەمهێنانەوە نیە، کێشەگەلێک کەوا پێوەندییان

بە بنەماڵە و خزمەتگوزاری تەندرووستی و ژینی "تاکەکەسییەوە" هەیە.

لەوەش واوەتر، لە مارکسیسمی بەرەی ئێمەدا شتێک بەناوی "پرسی ژن" لە ئارادا نیە چونکوو ئێمە قەت ژنانمان پارچەپارچە نەکردوە بە "سەرخانە"کان یان لە جێگەیەکیتر لە پێشخاندا. بەڵام مارکسیسمی میکانیکی بەردەوام ژنانی بێجەقدەست(ژنانی ماڵدێریکەر) هەڵدەسەنگێنێ: ئایا بەڕاست وەها ژنانێک بەشێکن لە ژنانی چینی کرێکار؟ واتە، ئایا بەڕاستی وەها ژنانێک زێدەبایی بەرهەم دێنن؟ ئێمە دەڵێین بێگومان ژنانی ماڵدێریکەر بەشێکن لە چینی کرێکار - نەک لەبەر ئەوەیکە ئێمە دەچینەناو وردەکاری بەڵگەوە کەوا ئەوان بەڕاستی زێدەبایی بەرهەم دێنن - بەڵام چونکوو ئێمە چینەکان وا فامدەکەین کە پێکهاتوون لە خەلک و بوونی کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازیان هەیە لە رووبەری بەرهەمهێنانی ژێردەستەی سەرمایەداری. کاتێک ئێمە بەمشێوە بیرلە چینەکان بکەینەوە ئیتر دەبینین لەڕاستیدا ژنان، کە وێدەچوو پەراوێز کەوتبن، واتە ژنانی ماڵدێریکەر لە هەناوی چینی کرێکاردا جێگیر دەبنەوە - واتە منال گەورەدەکەن، بنەماڵە رادەگەرن، تۆڕی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەوروبەری خۆیان رادەگرن.

ئێمە خەریکین لە کلی جۆرە فێمێنیزم و جۆرە مارکسیزمێک بێینەدەر کەوا بەرژەوەندیان بەشێوەیەکی سرووشتی لەگەڵ یەکتر دەئاژوێ. پێموایە ئێمە ئێستا گەییشتووینە ئەو جێگەی کە بزانین بۆچی فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی وا سەری لێتێکچووە: ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە سۆسیال فێمێنیزم دژواری یان رازێکی مەزنە، تا ئەو جێگەی کە مەبەست لە سۆسیالیزم بەڕاستی بریتی بێت لەو شتەی کە من پێیدەڵێم "مارکسیسمی مێکانیکی" و مەبەست لە فێمێنیزم بریتی بێت فێمێنیزمێکی رادیکاڵی نامێژوویی. ئەمانە بەڕاستی تێکهەڵکێش ناکرێن؛ [چونکوو] چ شتێکی هاوبەشیان نیە.

بەڵام ئەگەر جۆرێکیتر سۆسیالیزم و جۆرێکیتر فێمێنیزم - ئەو جۆرەی کە من پێناسەمکردن - تێهەڵکێش بکەین ئینجا هەندێ بەستێنی هاوبەش ئەدۆزینەوە و ئەمە یەکێک لە گرینگترین شتەکانی فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی ئەمرۆکەیە. ئەمە شوێنگەیەکە دەتوانین تیایدا سیاسەتێک پەرەپێ بدەین کەوا کۆی سیاسی - ئابووری - فەرهەنگی کۆمەڵگای سەرمایەداری پاوانکار دەسنیشان دەکات. ئێمە تەنیا تا جێگەیەک دەتوانین لەگەڵ فێمێنیزم و مارکسیزمی نەریتی بڕۆین کە رادەستە و پاشان بیەرێیینەوە بۆ شتێک کەوا زۆر بەرتەسککەرەوە و ناتەواو نیە لە روانگەی خۆیاندا سەبارەت بە جیهان. ئێمە دەبوو ناوێکی تازە بدۆزینەوە واتە "فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی" بۆ ئەوەی جەختبکەینەوە لەسەر بڕیارەکەمان کە بریتییە لە تێگەییشتن لە کۆی ئەزموونەکەمان و بۆ پێشەوەبردنی سیاسەتگەلێک کەوا رەنگدانەوەی کۆی ئەو تێگەییشتنە بێت.

بەڵام من نامەوێ بیرۆکەی فێمینیزمی کۆمەڵایەتی بەجێبێڵم وەکوو"شوێنگە" یان بەستێنێکی هاوبەش. شتەکان لەم

"بەستێنەوە" خەریکی گەشەکردنن. ئێمە ئێستا نزیکین لە تێهەڵکێشێکەوە بۆ تێگەییشتن لە چین و رەگەز، سەرمایەداری و باڵادەستی نێرینە لەبەراورد لەگەڵ چەند ساڵ پێش ئێستا. لە خوارەوە من تەنیا ئاماژە بە رەنگرێژیی چەند بۆچوونێک دەکەم:

١- بۆچوونی مارکسیستی - فێمێنیستی کە دەڵێ باڵادەستی چین و رەگەز دواجار پشتئەستووره بە هێز راستە و ئەمەش وەکوو هەڵوەشێنەرترین رەخنە لە کۆمەڵگای رەگەزپەرستی - سەرمایەداری دەمێنێتەوە. بەڵام زۆرمان ماوە بۆ ئەو "دواجار"ە. لە واتا رۆژانەکەیدا، زۆربەی خەڵک ئاشنان بە باڵادەستی چین - رەگەز بەبێ ئەوەی بەهۆی هەرەشەی توندوتیژییەوە دەسەوەستانبن و بەزۆری تەنانەت بەبێ هەرەشەی بێبەریی بوون لە بژێوی.

٢- ئیتر زۆر گرینگە بزانین کە جێبەجێکردنی راستەوخۆی هێز نیە کە شتەکان بە بەردوامی دەهێڵێتەوە، کەوابوو چیە. لە بوارای چینایەتیدا تا ئێستا زۆر نووسراوە لەسەر ئەوەی کە بۆچی چینی کرێکاری ئامریکا ووشیاری چینایەتی سەربازی نیە. بێگومان کەلێنی نەژادی بەتایبەت کەلێنی رەش - سپی پێست بەشێکی سەرەکین لە وڵامەکە. بەڵام پێمواییە جیا لەم کەلێنە چینی کرێکار لەباری کۆمەلایەتییەوە پرشوبڵاو(ئەتۆمیزە) کراوەتەوە. دراوسێیەتی[نزیکایەتی] چینی کار رووخێنراوە و لێگەڕاون تاوەکوو برزێت؛ ژیان زیاترو زیاتر تایبەتمەند بووەتەوە و رۆچووەتەوە ناوخۆی؛ هەرکە شارەزاییەکان لەلایەن چینی کرێکارەوە ئینجا چینی سەرمایەدار خۆی لێدەکات بەخاوەن؛ و "کولتوری جەماوەری" رکێفکراوی لەلایەن سەرمایدارەوە زۆرێک لە فەرهەنگ و دامەزراوە هەناوییەکانی خۆی وەلادەنێت. لەبری گەلەکۆمەکی و پشتبەخۆبەستن وەکوو چینی کرێکار تەریککەوتنەوەیەکی دوولایەنە و بەستراوەیەکی بەکۆمەڵ بە چینی سەرمایەدار دێتەکایەوە.

٣- ژێردەستەکردنی ژنان کە تایبەتمەندی کۆمەڵگای دوایین سەرمایەدارییە یەکێک لە کلیلەکانی رەوتی ئەتۆمیزکردنەوەی چینی کرێکارە. بەواتایەکیتر، ئەو هێزانەی کەوا ژیانی چینی کرێکاریان پرشوبڵاکردووە و بانگەشەدەکات بۆ وابەستەیی فەرهەنگی و ماددی بە سەرمایەداراندا هەمان ئەو هێزانەن کەوا رێخۆشکەر بووە بۆ ژێردەستەیی ژنان. لەو شتەدا کەوا زیاتر و زیاتر بووەتە دیاردەی بنەماڵەی تایبەتمەندکراو(تەنانەت ئەو کاتەش کەوا لەدەرەوە کاردەکەن)، ژنان تەریککەوتووترینن. لەسەرەکیترین وێنەدا، ئەوە لێوەشاوەیی و لێزانی ژنانە(شارەزایی بواری بەرهەمهێنان و تیمارگەری و دایەنگەری و هتد) کەوا بێنرخ کراوە و لەکارخراوە بۆ رێخۆشکردنی شمەکەکان. لەسەرووی هەموو شتێکەوە ئەوە ژنانن کەوا هاندەدرێن پڕاوپڕ گرێدراو - نارەخنەیی - دەسەوەستان (واتە"مێینە")بن لەبەرابەر تەشەنەسەندنی بەربڵاوی سەرمایەداری لە ژیانی تایبەتیدا. بەشێوەیەکی مێژوویی تەشەنەسەندنی ئەم دوایانەی سەرمایەداری بۆ ژیانی چینی کرێکار ژنانی وەک

ئامانجی سەرەکی دۆشداماوکردن - "مێینەکردن" هەڵبژاردوە چونکوو ژنان هەڵگرانی فەرهەنگی چینەکەیانن.

٤- دەگەینە ئەوە ئاکامە کە پێوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان شەڕی ژنان و ئەو شتەدا هەیە کەوا بەشێوەی نەریتی بە شەڕی چینـایەتی ناسـراوە. هەمـوو شـەڕەکانی ژنـان هەوێنـی دژەسـەرمایەداریان لەهەنـاودا نـیە (بەتـایبەت ئەوانەی کەوا تەنیـا بەدوای پەرەپێدانی دەسەڵات و سەرمایەی تاقمێکی دیاریکراوی ژنانەوەن) بەڵام هەمـوو ئەوانەی کەوا پێکەوەیـی و متمـانەی ئاپۆرەیی لەناو ژانانـدا بنیاتـدەنێن گرینگیەکی یەکلایکەرەوەیـان هەیە بـۆ بنیاتنـانی ووشیـاری چینـایەتی. بەپێچەوانەوە، هەموو شەڕە چینایەتییەکان جۆرێک هەوێنی دژەرەگەزپەرستیان لە هەنـاودایە(بەتـایبەت ئەوانە نـا کەوا نووسـاون بە بەهـا پیاوسالارانەکانی بەرپێشەسـازی)، بەڵام هەمـوو ئەوانەی کەوا لە هەوڵـی بنیاتنـانی سـەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی چینی کرێکاردان بێ ئەملاوئەولا پێوەستن بە شەڕی ئازادیخوازانەی ژنانەوە.

زۆر بەکورتی، ئەمە رێڕەوێکە کە شیکاری سۆسیال فێمێنیزم دەیگرێتەبەر. کەس چاوەڕوانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم



رۆئیا تلوعی

وەرگێران: سیروان مووساپوور

(بەشی یەکەم)

نەتەوەخوازیی کوردی وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکە پێکهاتە و مەیدانێکی پیاوانەیە، بەڵام ژنانی کوردیش بەرهەمهێنەرەوەی بوون و هەن. هەوڵی لایەنە چەپەکانیش بۆ نەهێشتنی ناسیۆنالیزمی کوردی بەکردەوە کارێکی بۆ نەکراوە و هەنووکەش ئەم هەستی نەتەوەخوازییەی کوردی توانای کۆکردنەوەی بیروڕای نزیک بە تەواوی کوردەکانی هەیە. لە شەڕی ئەم دواییانەی کۆبانێ ڕەهەندی نەتەوەخوازیی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی گەورە لە پشتیوانیی کوردەکان بۆ کۆبانێ وەڕێ بخرێ و ئەم شەپۆلە تەنانەت چەپەکانیشی ڕەگەڵ خۆی داوە. چاونوقاندن و بەڕێستی شێوە ڕۆشنبیرانەی چەپ، بۆ نکۆڵی کردن لە ناسیۆنالیزم چ دەسکەوتێکی نابێ و تەنیا حاشاکردن لە واقعییەتی دۆخەکە و خۆفریودانە. بە بڕوای من فێمینیستە کوردەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەبێ هەموو توانای خۆیان بۆ جوان کردن و سڕینەوەی توندوتیژی، دەسەڵات پەرستیی و هەڵاواردنە پیاوسالارییەکان لە ناسیۆنالیزم وەگەڕ بخەن و سیمایەکی نەرم، مرۆیی و لۆژیکی پێ‌ببەخشن. لەڕاستیدا نیشاندانی وێرژنێکی ژنانە لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە جیهانی توندوتیژی ئەمڕۆیی پێویستە. وێرژنێک کە یەکلایەنە، بێدەنگ و خۆپەرستانە نیە و شوێنەوارەکانی گۆڕانکارییە

کۆمەڵایەتیی و جیهانییەکان لەبەرچاو دەگرێ.

### ئاشتیی نێوان فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت: فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم

پێم خۆشە بە وردبینییەکی تەواوەوە زاراوەی «فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم» هەڵبژێرم نەک «ناسیۆنالیزەکردنی فێمینیزم» چونکە ئەم دوانە بە هاوواتای یەک و وەک پەرچەکردارێکی شیمیایی دوولایەنە نابینم کە یەکێکیان توانای بوون بەوەی دیکەی هەیە و بە پێچەوانەوە. وەک فێمینیستێکی کورد پێم وایە ئەگەر هەرکام لەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان لەژێردەست دایە، تەواوی مافەکانی ژن و یەکسانیی ژن و پیاو بەرنە قۆناغی پراکتیکیەوە بەڵام خەڵکی کورد هەروا لەژێر ستەمدا بن و لە مافە سیاسیی و مەدەنییەکانیان بێبەش بن، ژنی کورد ئازاد نەبووە. لەلایەکیترەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بە مافەکانیان بگەن بەڵام یەکسانیی ڕەگەزیی دەستەبەر نەبێ، یاساکانی دژە ژن هەروا لەجێی خۆیان بن و ژنان هەروا لەژێر هەڵاواردن و توندوتیژیدا بن، ژنی کورد ئازاد نیە. هەر لەم ڕوانگەوە پێم خۆشە قسە لەسەر «پێناسەیەکی ژنانە لە ناسیۆنالیزمی کوردی» و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ فێمینیزم بکەم چونکە ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردی هەروەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش هەمیشە ئامادەی گڕگرتنە. ڕاست بەم هۆیەوە فێمینیزمی کوردی ناتوانێ خۆی لە سیاسەت، بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەرباز بکا یان سەبارەت بە کێشە سیاسییەکانی کورد کەمتەرخەم بێ و تەنیا خۆی لە هەوڵدان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی دوور لە قەومییەت و نەتەوایەتی کورت بکاتەوە.

ناسیۆنالیزم جۆرێک وشیاریی بەکۆمەڵە، واتە وشیاربوون بە ئینتیما بۆ نەتەوەیەک کە «وشیاریی نەتەوەیی» پێدەڵێن. وشیاریی نەتەوەیی، زۆربەی کاتەکان بەدیهێنەری هەستی وەفاداری، شەوق و ئۆگری و بەستراوەیی تاکەکان بە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە (ڕەگەز، زمان، نەریت و عادەتەکان، بەها کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکان و بە شێوەیەکی گشتی کولتوور)یە و جاری وایە دەبێتە هۆی ڕێزلێنانی زێدەڕۆیانە لەو فاکتەرانە و بڕوا بە لەسەرتربوونی ئەم هێما نەتەوەییانە بەسەر هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکە. (١)

فێمینیزم کۆمەڵەیەکی بەربڵاو لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان و ڕوانگە فەلسەفییەکانە کە بەگشتی لەلایەن ژنانەوە وروژێنراوە یان ئیلهامی لە ژنانەوە وەرگرتووە بەتایبەت لە بواری بارودۆخە کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابوورییەکانیان. فێمینیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زیاترین تەرکیزی خۆی خستۆتەسەر نابەرامبەرییە ڕەگەزییەکان و بەرەوپێشبردنی مافەکان، حەز و کێشەکانی ژنان. فێمینیزم بەگشتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە

هاتۆتەکایەوە. کاتێک کەخەڵک بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەو ڕاستییەیان قبووڵ کرد کە ژنان لە کۆمەڵگە پیاومیحوەرەکاندا، سەرکووت دەکرێن.(٢)

ئایا فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە دوو بەرەی دژبەیەک دان؟ ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لە کام ڕوانگەی فێمینیستییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. لە ڕوانگەی شەپۆلی سێیەمی فێمینیست و تیۆریی ئینترسکشنالیستی بە هاتنەناوی ڕەگەزایەتی، نەتەوایەتی، نەژاد، چین و ... لە دیاریکردنی شوناسی سیاسییدا، ناسیۆنالیزم نە تەنیا لە بەرامبەر فێمینیزمدا ڕاناوەستێ بەڵکوو بەشێک لە تۆڕێکی پێکەوە تەنراوە کە شوناسی سیاسیی مرۆڤ پێک دێنێ. ئەمین بوزورگیان لە وتاری «فێمینیزم یان ناسیۆنالیزم»دا پێی وایە: «پێویست نیە ڕەگەزایەتی و نەتەوایەتی وەک دوو بابەتی بەرامبەریەک یان دژبەیەک تاوتوێ بکرێن و تەنانەت دەتوانرێ بزووتنەوە فێمینیستییەکان وەک بزاڤێک لە پانایی یان درێژایی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لەبەرچاو بگرێن».(٣)

بەهۆی ئەوەی ناسیۆنالیزم پیاوسالار و دروستکراوی دەستی پیاوە و لە نزیک بە تەواوی بابەتەکاندا پیاوانی ناسیۆنالیست (دیارە نە تەنیا ناسیۆنالیستەکان بەڵکو چەپەکانیش) ژنانیان وەک ئامراز بەکار هێناوە، دواتر دەسەڵاتی سیاسییان خستۆتەژێر دەسەڵات و پاوانی خۆیانەوە، جۆرێک ڕەشبینی، زیزبوون و خراپ لێک تێگەیشتنی قووڵ لەنێوان فێمینیزم و ناسیۆنالیزم بوونی هەیە، ئێستا چۆن دەکرێ ئەم دووانە ئاشت بکرێنەوە؟

پێش هەر شتێک کورتەمێژوویەک پێویستە. «شهرزاد مجاب» لە وتاری «ژنان و ناسیۆنالیزم لە کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦» کە لەلایەن ئەحمەدی ئەسکەندەری کراوەتە فارسی، نووسیویەتی: «هەرچەند کوردەکان وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیا ناسراون، بەڵام خاوەن مێژوویەکی دووردرێژی دەسەڵاتدارێتین. یەکەم مێژووی کوردەکان شەرەفنامە لە ساڵی ١٥٩٧ لەلایەن شەرەفخان حاکمی دەسەڵاتداری میرنشینی بدلیس نووسرا. ناوبراو شیکردنەوەی ڕووداوەکانی لەبەر ئەوە نووسیوە کە مێژوونووسان بەسەرهاتی»ئەمیران و دەسەڵاتدارانی» کوردستان و «بارودۆخ» و «ئاکاری ئەوانیان «لە حیجاب ستر و کتمان» پێچابۆوە.؟؟ (شرفنامە، چاپ تهران. صفحە ٩، ٥٨٦) بەپێی ئەم سەرچاوەیە کە زۆری پێهەڵگوتراوە، دەوڵەت بوونی کوردەکان شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتداریی سەربەخۆیی، لە پاشایەتییەوە بگرە تا میرنشینە نیوەسەربەخۆکانی لەخۆ دەگرت. ئەم سیستەمە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم کاتێک کە حکوومەتەکانی عوسمانی و ئێران هێزی سەربازییان بۆ لەناوبردنی دوایین میرنشین لە شەش میرنشینە گەورەکان بەکار هێنا، درێژەی هەبوو.

خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هەمیشە چەقی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی کوردیان لە سەدەی بیستەمدا پێک هێناوە. گرنگترین ئەزموون لەم بوارەدا کە دەتوانرێ لە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پێش مۆدێرن بناسرێتەوە، کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ ە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا بەشێک لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە، دامەزرا. ئەم حکوومەتە نەتەنیا بەهۆی شێوازی کۆماریی بوونی کە لەلایەن حیزبێکی سیاسی و کابینەوە بەڕێوە دەبرا، لە شێوازەکانی پێش مۆدێرنە بناسرێتەوە، بەڵکو بەهۆی سیستەمی مۆدێرنی پەروەردەیی، ڕاگەیەنە مۆدێرنەکان، سوپای میللی، سیستەمی ماڵیاتی، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، زمانی میللی و ئامادەکردنی ژنان لە بوارەکانی پەروەردەیی، کولتووریی و ژیانی سیاسیی جیا دەکرێتەوە.

لەحاڵێکدا بەشداریی ژنان لە ژیانی پەروەردەیی و سیاسیی کۆماری کوردستان دەسبەجێ لە هەموو شێوازەکانی پێش مۆدێرنیتەی حکومەتە کوردییەکان جیا دەکاتەوە، ئەزموونی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە هەردوو حاڵەتدا تایبەتمەندیی پیاوانەی هەیە. لەڕاستیدا خەباتی نەتەوەیی بۆ حاکمییەت ڕاست وەک یاسای نێونەتەوەیی کە داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان دەکا، سیاسەتێکی بەتەواوەتی پیاوانەیە.

... دەوڵەت لە ماوەی کورتی ژیانیدا لەپێناو بەشداریی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چەند هەنگاوێکی هەڵێنایەوە. ژنان بۆ پشتیوانی لە ئەرکی نەتەوەیی نەک وەک چالاکانی بزووتنەوەی ژنان یان ڕێبەران و کادرە چالاکەکانی حیزبی چوونەناو بیاڤ و بوارەکانی دەرەوەی ماڵ. ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە ڕۆڵێکی «شیاو» و «شەرافەتمەندانە»یان بۆ ئەم ژنانە وەک نموونە دیار و بەرچاوەکانی نەتەوەیەکی مۆدێرن و وەک «دایکانی نیشتمان» لەبەرچاو گرتبوو.

... لە کوردستان ساڵی ١٩٤٦ بزووتنەوەی فێمینیستی لەچاو بزووتنەوەی نەتەوەیی لەدوایە بوو. وشیاریی ناسیۆنالیستی زۆر بەربڵاوتر و زۆر دێرینتر بوو. لەحاڵێکدا ئازادیی ژنان، مافی وەک یەک و بەشداریی لە خەبات لە دەستووری کاری ناسیۆنالیستەکان دابوو، ئاگاداربوون لە خواستی پلاتفۆرمی فێمینیستی لیبراڵ کرچوکاڵ واوەتر نەرۆی.»

«شهرزاد مجاب» لە بەشەکانی کۆتایی نوسراوەکەی، ئاماژەی بە نیو سەدە دواتر و سەردەمی هاوچەرخ کردووە و گلەیی لە گرینگتر زانینی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی فێمینیستی لەلایەن حیزبە کوردییە ناسیۆنالیستەکانەوە کردووە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە حیزبە چەپەکانیشدا ژنان نەگەیشتوونە ئاستە باڵاکانی وەک ڕێبەرایەتی. ئەو پێی وایە « کێشمەکێشی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. (٤)

## ئێستا:

١- سەرەڕای ئەوەی نەتەوەگەرایی کوردی تا ئێستا پانتاییەکی تەواو پیاوانە و پیاوسالاری هەبووە؛

٢- سەرەڕای ئەوەی ئەزموونی جیهانی نیشان دەدا ناسیۆنالیزمی پیاوانە کە بەردەوام بەدوای وەدەسهێنانی دەسەڵات بۆخۆی بووە، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کەڵکی ئامرازیی لە ژن وەرگرتووە و دواتر ناردوویەتەوە ماڵێ؛

٣- سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی ژن و یەکسانیی ڕەگەزیی هەرگیز بەڕاستی گرینگی سەرەکی و هاوتەریب بۆ حیزبە کوردییەکان نەبووە؛

٤- سەرەڕای ئەوەی ژنانی کورد چالاکانە و دڵسۆزانە هەم لە حیزبە ناسیۆنالیستییەکان و هەم حیزبە چەپەکان و هەم بەم دواییانەش حیزبە نیوە ناسیۆنالیست ـ نیوە چەپەکاندا ئەندام بوون، بەڵام هەرگیز لە ئاستێکی دیاریکراو نەچوونەسەر و پۆستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکانیان بەدەستەوە نەبووە؛

٥- سەرەڕای ئەوەی حیزبە نەریتییەکان بە ناسیۆنالیست، چەپ و نیوە ناسیۆنالیست ـ نیوە چەپەکان زیاتر پێیان خۆش بووە بۆ ژێستی ڕۆشنبیرانەی ڕێزدانان بۆ مافەکانی ژنان، کەڵک لە ژمارەیەک ژنی گوێڕایەڵ یان خزمی ئەندامانی ڕێبەری، لە پۆستەکانی وەک کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی نە زیاتر، کەڵک وەربگرن،

٦- سەرەڕای ئەوەی زۆر لە ژنان بەشێوەی کادرە ئاساییەکان تەنیا ڕۆڵی سیالەشکر و دروشم نووسی دنیای مەجازییان هەیە یان ئەوپەڕەکەی لە یەکێتییەکان و لقە لاوەکییەکانی ژنانەدا کۆ کراونەتەوە؛

٧- سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە چ ژن و چ پیاو لەلای هێندێک لەم حیزبانە تا ڕادەی بادیگارد نزم بۆتەوە؛

٨- سەرەڕای ئەوەی هێندێک لە حیزبە کوردییەکان توانای قبووڵکردنی کەمترین ڕەخنەیان نیە و بەتایبەت بە شێوەیەکی زۆر نزم و نالەبار ڕووبەڕووی ژنە ڕەخنەگرەکان دەبنەوە؛

٩- سەرەڕای ئەوەی حیزبگەلێک وەک پ.ک.ک کە باشتر لەگەڵ ژنان جووڵاونەتەوە و لەم بارەوە باشتریان کار کردووە، هەنووکەش سێبەری یەک ڕێبەریی پیاوانە بەسەر ژنانەوە بە ڕەوا دەزانن؛

١٠- سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئێستاکەش بە توندی پیاوسالارە و ئەم ناسیۆنالیزمەی ناو گۆمەڵگە، مێهرەبانتر لە حیزبە کوردییەکان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژنانی کورد نەکردووە؛

## بەڵام:

١- ژمارەی ژنە کوردە خوێندەوار و خوێنەرەکان زۆر بوو؛

٢- ئاگایی ژنان لە بارودۆخی خۆیان ڕۆژ بە ڕۆژ چۆتەسەر؛

٣- ژنی زیاتر دەستیان داوەتە قەڵەم و بیروڕاکانیان دەنووسنەوە؛

٤- فێمینیزمی تازەپێگەیشتووی کوردی لە کۆمەڵگە شارنشینەکاندا سەری هەڵداوە و زۆر چالاکی ئازای لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە؛

٥- فێمینیزمی کوردی ناتوانێ تەنیا هەوڵ بۆ یەکسانیی ڕەگەزی بدا وخۆی دوور بگرێ لە مەسەلەی نەتەوەو نەتەوەگەرایی؛

٦- ژنانی ئەندامی حیزبەکان لەگەڵ ڕاستییەکی تاڵ ڕووبەڕوو بوونەتەوە، ئەویش نەریتخوازیی حیزبەکانە سەرەڕای دروشمە فریودەرەکانیان لە ئاست چوونەسەری ژنان. ئەمە بۆتە هۆکاری هێندێک سەرکێشی و نارەزایەتی لە برێک ژنانی حیزبیدا؛

٧- بەرگریی سەرەتایی نەرێنی لە بەرامبەر زاراوەی فێمینیزم ڕووبەڕووی هێندێک پێداچوونەوە لەنێو خودی ژناندا بۆتەوە هەرچەند ئێستاش هێندێک لە نکۆڵیکاران لەنێو ژنان و پیاواندا هەیە؛

٨- سیمای دەمامکداری هێندێک لە پیاوانی ئیددیعاکاری فێمینیزمیش دەرکەوتووە و نییەتی ڕاستەقینەیان ئاشکرا بووە؛

٩- لە ماوەی ئەم چەند ساڵە دا ژنان لە دروشمە درۆیینە ژن فریودەرەکانی هێندێک کەس و ڕێکخراو و کەڵکی ئامرازی وەگرتن لە ژنان گەیشتوون؛

١٠- لە سەردەمی بەجیهانیبووندا شوناسە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانیش بەناچاری گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ناتوانن بێخەوش و یەکلایەنە و جێگیر بن؛

١١- نەتەوەخوازیی هاوچەرخ وەک پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە تووشی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی بۆتەوە؛

١٢- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە بەگشتی ماهییەتێکی شوناسخوازییان هەیە، زیاتر لە پێشوو پێکەوە بەستراون و تێکەڵاوی یەکتر بوون؛

١٣- زۆربەی شوناسخوازان ئاگاداری گرنگیی ڕەهەندەکانی دیکەی ژێردەستی و هەڵاواردن لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ دان؛

١٤- پرۆژە یەکلایەنە و تەواوخوازییەکان ئیتر شانسێکی ئەوتۆیان نییە؛

١٥- بەشی زۆری ژنە چالاکەکان زانیاریی هەمەلایەنەیان لەسەر ڕەهەندە چەند لایەنەکانی ژێردەستی و زوڵم لێکراوی هەیە و لە پێوەندیی و کردەوە تێک چنراو و ئاڵۆزەکانی دەسەڵات گەیشتوون؛

١٦- دەرکەوتووە کە شوناسخوازییە یەکلایەنەییەکان، ژنان بە کۆمەڵگەیەکی بەدوور لە توندوتیژی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و قەومی ناگەیەنێ؛

١٧- ئەزموونی باشووری کوردستان سەبارەت بە ژنان ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە و زەنگێکی مەترسیداری بۆ ژنانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لێداوە کە بە بەدەسەڵات گەیشتنی ناسیۆنالیزمی نەریتی، ئاوات و خەونەکانی ژنانی

کورد بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی وەدی نایە؛

١٨- هەوڵی هێندێک لە حیزبە کوردییەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی بزووتنەوەی فێمینیستیی تازەپێگرتووی ژنانی کورد (هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیتر) بۆ نیشاندانی پێگەی جەماوەریی درۆیین لەلای ئۆپۆزیسیۆنی پرشوبڵاو و ناکارامەی ئێران لە گەرمەی ساڵەکانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣ بە مەبەستی ئیمتیازە دەسەڵاتخوازییە تاکەکەسی - حیزبییەکان، تووشی شکست بۆتەوە؛

١٩- یەکێک لە حیزبە کوردییەکان (پ.ک.ک) ژنناسی (ژنۆلۆژی) لە بەرنامەی کاری جیددی خۆی داناوە و ژنانی حیزبەکەی بۆ خوێندنەوەی جیددی و ڕەخنەگرتن لە فێمینیزمی لیبراڵ بانگهێشت کردووە. ئەگەر ئەم حیزبە بە نیازی پاوانکردنی بزووتنەوەی ژنان نەبێ، دەکرێ ئەم هەنگاوە بە شتێکی باش و ئەرێنی دابنرێ؛

٢٠- بەرخۆدانی ژنانی کورد لە کۆبانێ لاپەڕەیەکی نوێی بۆ ژنی کورد کردۆتەوە و هەموو سەرنجەکانی بۆلای ژنانی کورد ڕاکێشاوە. پیاوسالاریی کوردی ئەگەرچی تووشی کەوتن نەبووە، بەڵام تووشی شۆکێکی کاتی بووە.

## کەوایە:

١- نابێ ڕێگە بدرێ لەلایەن هیچ لایەنێکی سیاسییەوە کەڵکی ئامرازی لە ژنان، ڕەگەزایەتیی و حەزی جنسی وەربگیرێ؛

٢- ژنان دەبێ بە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بسەلمێنن کە هەڵگری ئازایەتی، توانایی، زانست و تەنانەت جوانین وەک بەشێک لە هەبوون و کەسایەتی خۆیان و متمانەکردن بە خۆیان نەک وە ئامرازگەلێک بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانی پیاوانی چەپڵەلێدەر و پێداهەڵدەر لە شێوازەکانی دایک، پرستاری دڵسۆز، شەڕکەری ئازا یان خۆراکی پروپاگەندە و ڕاگەیاندن؛

٣- فێمینیزمی کوردی بەرپرسایەتی لەسەرشانە کە ژنان بەم دەرک و تێگەیشتنە بگەیەنێ کە ڕزگاری و باشتربوونی دۆخیان «بە پشت بەستن بە توانای خودی خۆیان» دەستەبەر دەبێ نەک شوێنکەوتوویی تەواو بۆ پیاوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سیاسییە پیاوسالارەکانی ئیددیعاکاری وەدەسهێنانی مافەکانی ژنان کە بە کردەوە مەودایەکی زۆریان لەگەڵ دروشمە جوانەکانیان هەیە؛

٤- کاتی ئەوەیە کە فێمینیزمی کوردی وڵامێکی شیاوی بۆ ئەم دژیەکیە هەبێ کە چۆن دەکرێ لەنێو نەتەوەیەکدا، ژن لەلایەک تا ئەم ئاستە ژێردەست و ستەملێکراو بێ کە بە بیانووگەلی نامووسی بکوژرێ بەڵام لەلایەکی دیکە ئەوەندە بەهێز بێ شان بەشانی پیاوان شەڕ بکا؟ ئایا ئەم ژنە بەهێزە شەڕکەرە، توانای بەرگری لە بارودۆخی هاوڕەگەزەکانی خۆی نیە؟

٥- پێویستە ژنان ڕێکخراوی سیاسی تایبەت خۆیان هەبێ کە خۆیان ڕێبەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن و توانای سیاسیی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنن؛

٦- دەبێ ژنان بۆ وەدەسهێنانی لەسەدا پەنجای گۆڕەپانی سیاسی نە تەنانەت نیودەرسەد کەمتر، بەتایبەت ڕێبەرایەتییەکەی

بەبێ ئەوەی شەرم بکەن هەوڵ بدەن و تەنانەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی دوور لە توندوتیژی، پێداگری لەسەر ئەم داواکارییە بکەن؛

٧- ژنانی کورد دەبێ کولتوور و نەریتێکی نوێ لە بواری خۆش نەویستنی دەسەڵات و پیرۆزی سڕینەوە لە دەسەڵات بێننە نێو کۆمەڵگەی سیاسیی تا سەر ئێسکان پیاوسالار؛ ئێمەی ژن دەتوانین بە پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە بەشێوەی شۆرایی بەڕێوە دەچن و بە دەستاوەدەست کردنی دەسەڵات و نەبوونی قۆرخکاری تێیدا، بە پیاوە سیاسییە نەریتییەکان بڵێین کە دەکرێ مەیدانێکی سیاسی دیکە وێنا بکرێ و بێتەئاراوە. دەتوانرێ هەر لە سەرەتاوە ڕێز بۆ ڕۆڵی یاسا دابنرێ و یاسای بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵات پیادە بکرێ و لەگەڵ پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین بە تەواوی چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی یاسا و شێوازی جێبەجێکردنی بەرپرسایەتییەکان لە کاتی دیاریکراودا بکرێ. دەبێ بوارێک بڕەخسێ کە تاکی بەدەسەڵات گەیشتوو بەهۆی ڕیاکاری و زمان لووسیەوە تووشی لەخۆباییبوون و غروری بێجێ نەبێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسەی واز لە دەسەڵاتەکە دێنێ بە چاوی سووک سەیر نەکرێ. ئەم دوو بابەتە هەردووکیان یارمەتی کەمبوونەوەی حەزی زێدەڕۆیی لە پاراستنی دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکان دەدەن.

٨- لەگەڵ باوەڕ و ڕێزدانان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس نە تەنیا بۆ خود بەڵکو بۆ هەمووان، پابەندی شێوازەکانی دوور لە توندوتیژی بین. (دیارە لەگەڵ قبووڵی بابەتی بەرگریی ڕەوا لە خۆ)؛

٩- دەبێ هەموو ژنە چەکدارەکانی کورد، چ گریلا و چ پێشمەرگە، هان بدرێن چ ئێستا و چ دوای شەڕ، هەرگیز بە گەڕانەوە بۆ ماڵ ڕازی نەبن. (دیارە ماڵەوە بە مانای کەشی تایبەتی هێمن تەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پێناسەکراوەکان و نۆرمەکانی ژنانە و بەدوور لە کەشی گشتی) و جارێکی دیکە مەیدانی سیاسی بە پیاوسالاران نەسپێرنەوە؛

١٠- پێویستە بە خۆمان و بە کۆمەڵگەی بقبووڵێنین کە ئەگەر ژنی کورد دەتوانێ ئازایانە دژی تیرۆریزم شەڕ بکا، کەوایە دەتوانێ لە ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی سیاسیی نیشتمانی خۆی و هەر وڵاتێکی تردا بەشدار بێ؛

١١- ئەوە قبووڵ بکەین کە دەکرێ یەکسانی ڕەگەزایەتی نە تەنیا لە بواری نیزامی - شەڕڤانی کە بۆ تەواوی مەیدانە سیاسیی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان گشتگیر بکرێ؛

ئەندێرسن و ماسە هەردووکیان نیشانیان داوە نەتەوەخوازی جۆرێک ئەنجوومەن و پێکەوە بوونی پیاوانە، چەشنێک برایەتی لە پانتایی ئاسۆیی دایە. خوشکان تەنیا بەهۆی خەباتی تایبەت بەخۆیان توانیویانە سنوورەکانی ئەو پێکەوەبوونە برایانە بشکێنن و بەرەبەرە و دوای چەندین ساڵ خەبات و خۆڕاگری و گاڵتەپێکران و هەڕەشە و تەنانەت زیندان لە ئیمتیازەکانی نەتەوەیی و شارۆمەندیی کەڵک وەرگرن.(٥)

٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

### بەشی دووهەم و کۆتایی

بێشک فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم ڕاگەیاندنی شەڕ بەدژی پیاوان نیە و بەدوای وەلانانی بەتەواوەتی پیاوان و دووپاتکردنەوەی دوولایەنەی ئەوەکە پیاوسالاری بەسەر ژنانی هێناوە، نیە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لەگەڵ خۆڕاگریی پیاوە نەریتییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەگەر ژنان خوازیاری نیوەی بیاڤی سیاسی و نیوە پۆستەکانی بڕیاردان بن، نەتەنیا هیچ زوڵمێکیان لە پیاوان نەکردووە، بەڵکو خوازیاری گەڕاندنەوەی مافی لەدەستچووی خۆیانن. بێشک جیهانی پیاوسالار حەزی بە گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراو نیە. هەربۆیە پێم وایە ژنان دەبێ لە قۆناغی تەعاروف و شەرمنی تێپەڕ بن و داواکاریی خۆیان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بخەنەڕوو و لەسەری سوور بن. لەم پێناوەدا تەنانەت ژنانی ئەندامی حیزبەکانی ئێستاش دەتوانن خۆپێشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانە بە پشتیوانی پیاوانی باوەرمەند بە مافی یەکسانی، لە بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبەکانیان وەڕێ بخەن و پێداگریی لەسەر داواکارییەکانیان بکەن. ژنانی نووسەر دەتوانن لەم بارەوە زیاتر بنووسن و زانیاریی بڵاو کەنەوە.

گرنگە سەرەتا فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم بۆخۆمان پێناسە بکەین و ڕوونی بکەینەوە کە بەوردی لە کوێ ڕاوەستاوین؟ ئەگەر ناسیۆنالیزم لەباری توندی و تیژی لە سفرەوە بۆ دە پلەبەندی بکەین، بەشێوەیەک کە دە بە ناسیۆنالیزمێکی تەواو پیاوانە، توندڕەوانە و وەڵام نەدەرەوەی ژنان و کەسانی تر دابنێین و سفر بۆ نەبوونی بەتەواوەتی ناسیۆنالیزم بگەڕێنینەوە، لەوانەیە بتوانرێ فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم لە پلەی پێنجەم دابنرێ. نە زێدەڕۆیی کردن و نە درێخی کردن و کەمکاری. نە چاونەقاندن لەڕاست حەقیقەتێک و نە وەها پێبەوەنووسان کە بەچی شێوەیەک ڕاستییەکانی تر نەبینرێن و قبووڵ نەکرێن.

سوودی فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم لەوەدایە کە توێژێک لە ژنان توانایی سیاسیی خۆیان دێننەنێو مەیدانی سیاسەتی کوردییەوە. ژنانی کورد لە چەند بەشی کوردستان کە بەجۆرێک خاوەن کیانی سیاسیین، دەتوانن بە وەدەسهێنانی نیوەی دەسەڵاتی سیاسی و مەیدانی سیاسی، توانایی گۆڕانکاری ئەرێنی لە تەواوی بوارە یاسایی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینییەکان بە قازانجی یەکسانی ڕەگەزیی و لابردنی توندوتیژی لە تەواوی شێوازەکانیدا بەدەست بێنن. بە بەشداریی پەنجادەرسەدی ژنان، بەکردەوە پێویستیی هەبوونی یەکێتی و ڕێکخراو و سازمانە لاوەکییە سەرگەرمکەرەکانی ژنان لەو حیزبانەدا لەنێو دەچێ بە هەمان شێوە کە یەکێتیەکانی پیاوانمان لەو حیزبانەدا نیە. ئەگەرچی ژنانی ئێستای نێو حیزبەکان بەهیچ جۆرێک لە پیاوان کەم تواناتر نین کەچی زۆرن ئەو ئەندامە پیاوانەی کە پێویستیان بە بەهێزکردن

هەیە. فمینیزە کردنی ناسیۆنالیزم لە تەواوی بەشەکانی کوردستان کە کیانێکی سیاسی دیاریکراویان نیە، چوونی ژنانی بەتوانا بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسی هان دەدن. لەوانەیە برێک لەو ژنە کوردانەی کە ڕوانینی یەکسانیخوازانەیان هەیە بتوانن بچنە نێو پەرلەمانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و هەنگاوگەلێک لە پێناو باشترکردنی دۆخی کوردەکان و ژنان هەڵێننەوە. ئامادەبوونی ژنانی بەتوانا و پشت ئەستوور بە خۆ، نەک ژنانی گوێڕایەڵ و خزم، بۆ نیوەی مەیدانی ڕێبەرایەتیی سیاسی حیزبەکانی ئێستا، پێگە و سیما و بەرنامە و کردەوەی سیاسیی ئەو حیزبانە دەگۆڕێ و بەرەوپێشی دەبا. ژنانی کوردی هاووڵاتیی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاییش بۆ بەشداریی سیاسیی زیاتر لە وڵاتانی شوێنی ژیانیان و هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ خزمەت بە بردنەسەری ڕەوشی کوردەکان لە ئاستی جیهاندا هان دەدرێن.

لە ناسیۆنالیزمێکی ژنانەدا دەبێ بایەخ بەوە بدرێ کە لە دوو شتی جیاواز خۆ بەدوو بگیرێ. نەفرەت و نەخۆشیی خۆ بەکەم زانین - خۆبەزل زانین. ناتوانرێ هیچ نەتەوەیەک بە کەمتر یان باشتر دابنرێ. ڕوانینی خۆبەزلزانانە دەرحەق بە نەتەوەیەک و سووکایەتی پێکردنی بە بەکار هێنانی وشەگەلێک وەک هەژاریی فەرهەنگی، گەشەنەکردن و دواکەوتوویی ئابووری وەک کێبرکێی نادادپەروەرانەی ڕاکردنی مەیدانیی بۆ دوو ڕاکەرە کە یەکێکیان هیچ کۆسپێکی لەبەردەم نیە بەڵام لە بەردەم ئەوەی تردا دیوارێک دابنێ و چاوەڕانیش بکا پێبەپێی ئەو ڕاکات! خۆ بە کەمترزانین لە نەتەوەیەکی دیکەش وەک ئەوە وایە کە ڕاکەری دووەم بە ئاگاداربوون لە نادادپەروەرییەکە، دەست لە هەوڵدان هەڵگرێ و خۆ بەدەستەوە بدا. لەحاڵێکدا هێشتا درەفەتی ئەوە هەیە بە پشت بەستن بە خۆ و بەهرەوەرگرتن لە تواناییەکەی لە لەمپەرەکە ڕەت بێ و بگاتەوە ڕاکەری یەکەم. لە بابەتی دووەم واتە خۆ بەکەمزانین، ئەگەری بلێسەسەندنی نەفرەت زۆر زۆرە. ئێمەی ژنان دەتوانین وەبیر خۆمان بێنینەوە کە بۆ دروستکردنی دنیایەکی دیکەی پڕ لە ڕێز و یەکسانیی کار دەکەین. ئەزموونی زۆرمان لە سیستەمی پیاوسالار هەیە کە بەڕێکەوت لەم ئەزموونانەدا کەموزۆر لەگەڵ ژنانی جیهان بەتایبەت ژنانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەین. ژنانی دیکە ئەگەرچی لە نەتەوە ـ دەوڵەتەکانی دیکەن و ئەگەرچی ئاگایانە یان نائاگایانە لە بەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی پیاوسالارانەی نەتەوە ـ دەوڵەتەکانی خۆیان و لەبەرچاونەگرتن یان لەوانەیە پێشێلکردنی مافەکانماندا ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام لە ژن بوون و ڕەنج کێشان لە هەڵاواردنی ڕەگەزایەتیدا لەگەڵ ئێمە هاوبەشن. ئێمە دەبێ بتوانین ئەوانیش لە گۆڕینی فۆرمی زێدەڕۆیانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی خۆیان هان بدەین. سۆشیال میدیا، وێبلاگەکان و نووسین لە ماڵپەڕ و ڕاگەیەنەکاندا ڕێگەی گونجاوە بۆ هێور کردنەوەی کەشی پڕ لە توندوتیژی و بەدوور لە لێک تێگەیشتن. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆچوونە جیاواز و دژبەیەکەکان ڕێگەچارە توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن نیە. لە بنەڕەتدا ئەگەر ئێمە بە لۆژیک تەیار بین بەوپەڕی ئارامییەوە بۆچوونەکانی خۆمان دەخەینەڕوو ئەگەر ١٨٠ دەرەجەش لەگەڵ بۆچوونەکانی تر جیاواز یان دژیەک بن و پێویستیش نیە حەتمەن یەکتر قانیع و ڕازی بکەین. بەکەمەوە ناسیارییەکمان لە بۆچوونەکانی یەکتر دەبێ کە دەتوانێ بۆ دەسپێکی گفتوگۆ و تێگەیشتنی

دوولایەنە خاڵێکی باش و گونجاو بێ. توند پێکدادن و داخستنی دەرگەی گفتوگۆ لە نەبوونی لۆژیک و هەروەها ناکارامەیی تووندوتیژیی کەلامییە. لەوانەیە داخستنی دەرگەی گفتوگۆ سادەترین ڕێگە بێ بەڵام باشترین ڕێگە نیە!

بۆ نموونە هەڵگرتنی لاپەڕەی «ئازادیيە پەنامەکییەکانی ژنان» (٦) کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازا «مسیح علینژاد» دامەزراوە و نووسینی کامێنتی پڕ لە گاڵتەجاڕی و سوکایەتیی بە ژنە نووسەرە فێمینستەکان لەسەر ئەو بنەمایە کە «بڕۆن لە قاوەخانەکاندا بەدزییەوە سەرپۆشەکانتان لابەرن و بەخۆشییەوە قاوە بخۆنەوە، بەڵام مەنووسن» بە دوور لە عەقڵ و لۆژیک و هەروەها فۆرمێک لە سەرکوتی ئاخاوتەیی دەزانم. ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە لە نەناسین و تێنەگەیشتن لە بارودۆخ سەرچاوە دەگرێ کە هەر خودی ئێمە شکایەتمان لێی هەیە! یەکەم ئەوەکە مەسیحی عەلینژاد نە وەک فیمینیستێک و نە وەک چالاکێکی بزووتنەوەی ژنان، بەڵکو وەک هەواڵنێرێکی دەرخەری ڕاستیە شاراوەکانی نێو جەرگەی کۆمەڵگەی ئێران، وەها لاپەڕەیەکی خاوەن لایەنگری زۆری کردۆتەوە. ئەگەر ڕەخنەیەکتان لە چەمکی ئازادییە پەنامەکیەکان یان کاری مەسیح هەیە، بۆ دەبێ وەک کوتکێک لەسەری ژنە نووسەرە فێمینیستەکان بدرێ کە لەوانەیە هاوڕا، بێلایەن یان تەنانەت دژی ئەو کارەی مەسیح بن؟ لەلایەکی دیکەوە گاڵتەکردن بە ئازایەتییەکی بە بڕوای ئێوە بچووک چ جیاوازییەکی لەگەڵ سووک سەیرکردنی ئازاییەتی پڕ لە ئێستریسی وەک چەکداربوون و شەڕکردنی ژنانی کورد هەیە؟ ئێوەش خەریکن هەر ئەو هەڵەیە دووپات دەکەنەوە! ئەگەر کەمێک لە گەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە شیعە مەزهەبەکانی ئێران بەتایبەت لە شارستانەکان ئاشنا بن، دەبینن کە حیجاب تابۆیەکی قورس و گرانە کە شکاندنی لە زەینی کچان و ژنانێک کە لە نۆ ساڵییەوە بۆ پۆشینی هان دراون یان ناچار کراون، کارێکی ئاسان نیە و ئازایەتی دەوێ. پەرەپێدانی ئەم ئازایەتییە تابۆشێکینەرانە، بەهێزکردنی جۆگەلەی ڕەوانی گۆڕانکارییە قووڵ و لەسەرەخۆکانی کۆمەڵگەیەکە کە خودی ئێوە لە بارودۆخی ئێستاکەی ڕازی نین. کەوایە بۆچی گاڵتە بە هەوڵێک دەکەن کە لە پێناو گۆڕانکارییدا دەدرێ؟ مەگەر لە ئیسفەهاندا بۆ کەمێک شلترکردنەوەی حیجاب، توندڕەوەکان ئەسیدیان بە دەموچاوی کچاندا نەکرد؟ سوتاندنی ژنان بە ئەسید چ جیاوازییەکی لەگەڵ کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان لە بەرەکانی شەڕدا هەیە؟ ئەوانەیکە بە گاڵتەپێکردنەوە، کۆمەڵگەی تارادەیەک ئازادتری کوردستان لەباری حیجابەوە لەگەڵ کۆمەڵگە داخراوترە مەزهەبییەکانی ئێران بەراورد دەکەن، تووشی هەمان هەڵەیەک دەبن کە لەم دواییانەدا لە بەراوردی بارودۆخی ئاشتی و هەلومەرجی نائاسایی شەڕ و پێویستیی بەرگریی لەخۆ، لەلایەن نووسەرە فێمینیستەکانەوە هاتۆتە کایەوە. هەڵسەنگاندن و دادوەری کردن بەبێ ناسین و تێگەیشتن لە بارودۆخی یەکتر! نەبوونی ئاگایی و تێنەگەیشتن ڕاست ئەو شتەیە کە لە فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزمدا دەبێ دووری لێ بکرێ.

بەڵام چ گرەنتیەک هەیە کە ژنان بە وەرگرتنی لەسەدا پەنجای بیاڤی سیاسی و ڕێبەرایەتیەکەی و فێمینیزەکردنی کەشی

ناسیۆنالیستی زاڵ، توندوتیژ نابن؟ بەکردەوەوەها گرنتیەک نیە مەگەر بڕیاری ئاگایانەی ژنان لەسەر پەیمانێکی ئەخلاقی کە وشیارانە لە توندوتیژییان دوور دەخاتەوە. بۆ گرەنتییەک نیە؟ ئەگەرچی ژنان بەگشتی ڕوحییەی لەسەرخۆی و ئاشتیخوازییان هەیە، بەڵام ئێستاش ژنی وا هەن کە زۆر توندوتیژ دەبن. هەبوونی بابەتگەلی وەک هەوڵەکانی ژنانی سیاسی بۆ وەلانانی ژنانی سیاسی نەیار یان سەربەخۆ، چەواشەکردن و زەوتکردنی مێژووی بزووتنەوەی فێمینیستیی ژنانی کورد بە قازانجی کەس یان ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان، یان وەک نموونە لە ئاستی کۆمەڵایەتی، هەبوونی بابەتەکانی ئازاردانی منداڵان بەدەستی ژن - دایک بەڵگەی ئەم ئیددیعایەن. پێم خۆش نیە ئیلاهەیەکی بێکەموکوڕی لە ژن دروست بکەم کە وادەی سازکردی بەهەشتێکی بەرین لەسەر زەوی دەدا. ژنان هەنووکەش بەڕادەی پێویست لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیاردانـدا نەبوون کە بتوانرێ ئامارێکی دروست لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدارییان بخرێتەڕوو. لەلایەکی دیکەوە نەبوونی وەها ئەزموون و ئامارێکیش هۆکارێک بۆ نیگەرانی لە داهاتوو و پێشگرتن لە ژنان بە گومانی ناکارامەیی و توندوتیژی نیە. ئێستا لەو بابەتە کەمانەی کە ژنان دەسەڵاتیان هەبووە، زیاتر ئاشتیخواز بوون بەڵام نموونەی وەک مارگاریت تاچێریش لە مێژووی دەسەڵاتداریی ژنان بەرچاو دەکەون.

**سەرچاوەکان**:


.1 Fa.wikipedia.org/wiki

.2 Fa.wikipedia.org/wikiفمینیسم

-3www.aftabir.com/articles/view/applied_sciences/social_science/c12c12243 20628_feminism_nationalism_p1.phpفمینیسم . یا . ناسیۆنالیسم

.4 www.kurdishfeminists.com/more.php?id= 795

.5 www.zannegaar.net/content/4

.6 www.facebook.com/StealthyFreedom


لە ژمارە ٦٤٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# بەستەرەکانی فێمینیزم و ناسیونالیزم



## هەژێن

ئەگەر چی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی فێمینیزم [ لێرەدا مەبەستم فێمینیزمی دەسەڵاتخوازە] وەک ئایدیۆلۆجیایەکی ڕەگەزیی بەفراوانی ئامادەنەبووە، بەڵام فێمینیزم بەواتای ڕەگەزپەرستی و دوژمنسازی لە ڕەگەزی بەرامبەر لە شێوە سەرەتاییەکاندا چ وەک کاردانەوەی ناهوشیارانەی ژنانی ناڕازی بەڕووی ڕەگەزپەرستی پیاواندا هەر لە کۆنەوە و چ وەک کارکردی ئامانجدارانەی دەستەبژێرێک لە ژنان لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوو و سەرەتای هەزاری سێیەمدا بوونی هەبووە و هەردەم بەپێی تێگەییشتن و ئاستی هوشیاری کۆمەڵگە و خۆهوشیاریی تاک، کۆمەڵێک پێشداوەری و خۆسێنتەری و ستریۆتیپی بەرهەمهێناوە، هەروەها وەک ئایدیۆلۆجیایەکی ڕەگەزپەرستانە چەند ساڵێکە بە دەستپێشخەریی ژنانی دەسەڵاتخواز، ئاو بەئاشی دەسەڵاتدا دەکات و خەریکی سەربازگیریی ژنانە لە لەشکرێکی ڕەگەزیی سەروەرخوازانەدا.

## گەڕانەوە بۆ سەر ڕەگەز

فێمینیزمی ڕەگەزپەرست یا دەسەڵاتخواز، بەگەڕانەوە بۆ سەر ڕەگەز، پاگەندەی هاوبەرژەوەندیی و هاوچارەنووسیی و هاودەردی و هاوڕێبازی و هاوخەمی هەموو ئەندامانی ڕەگەزەکە دەکات، هەروەک ناسیونالیستەکان گشت تاکەکانی

نەتەوەیەک بە هاوخوێن و هاوبەرژەوەند و هاوچارەنووس و هاوخەون و هاودەرد و هاوخواست هەژماردەکەن و هەر کەس لە دەرەوەی ئەو بازنەوە بێت، ئەوا خۆبەخۆ دەخرێتە خانەی دوژمنەکان. ئەمە پەرچووی کارکردنی ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیستییە، کە کار لەسەر ناهوشیاریی و ناڕۆشنیی تاکەکان دەکات و دەیکاتە دەسمایەی خۆی بۆ جێخستن و خێرا تەشەنەپێدانی ئایدیۆلۆجییەکەی. هەر ئەوەشە وا لە ناسیونالیزم دەکات، کە زۆر بە ئاسانی و بە بەرفراوانی پەرەبسێنێت و گشتگیرببێت. فێمینیزمیش وەک ئایدیۆلۆجیایەک پشت بە هەمان بنەما و زەمینە و پێشینە و خەزێنە لە ناهوشیاریی و ناڕۆشنیی تاکەکان دەبەستێت و لەسەر باوەڕە ڕەگەزییەکان کاردەکات و دەیانکاتە دەستمایەی بۆ هەڵخڕاندنی تاکەکان لە دەوری خۆی.

## پشتبەستن بە ئایدیۆلۆجیا

دەستەبژێری دەسەڵاتخواز بۆ وێناکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی وەک بەرژەوەندیی هەمووانی هاوڕەگەز یا هاونەتەوە، ئایدیۆلۆجیایەک لەسەر بنەمای کینەدۆزی و ململانێ و دژایەتی تاکە ناهوشیارەکان، چێدەکات و لە مرۆڤەکان لە سەرووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چینەکانەوە، دۆست و دوژمن دروستدەکات. ئایدیۆلۆجیا وەک کاراترین چەکی ڕامیاریی بەبێ بوونی دۆست و دوژمن، هەرگیز توانای جێکەوتەبوونی نییە. هەر لەبەرئەوە گەورەترین سەرمایەگوزاریی لەسەر دوژمنایەتی دروستکردن لەنێوان تاکە کۆمەڵایەتییەکاندا و دابەشکردنیان بەسەر ڕێکخستن و پێکهاتەی ناکۆمەڵایەتییدا، دەکات و لە دۆست و هاوکار و هاودەرد و هاوگەڕەک و هاوگوند و هاوشار و هاووڵات و هاوکیشوەر و هاوسەرزەمین، دوژمنی ئەوڕۆکەیی دررست و پەروەردەدەکات.

مرۆڤایەتی لە بارەی ئایدیۆلۆجیای ئایینی و ناسیونالیستییەوە، خاوەنی هەزاران خەروار ئەزموون و وانەیە، نزیکەی هەموو جەنگە نێوخۆیی و ناوچەیی و دەوڵەتیی و جیهانییەکان، دەمارگیریی و پاوانخوازیی و کینەدۆزیی ئایینی و ناسیونالیستیی بوونەتە چەخماخەی هەڵگیرساندنیان و هاندەر و درێژەپێدەریان. ئایدیۆلۆجییە تازە و هاوچەرخەکانی دیکە، بە پشتبەستن بە خەرواری ئەزموونی ئەو دوو ئایدیۆلۆجییە کەوتوونەتە پەلوپۆهاویشتن. ڕوودانێکی ئاوا نە ڕێکەوتە و نە لە دەرەوەی پلانەکانی پاراستنی سەروەریی چینایەتییەوەیە، بەڵکو ئامانجدارانە کار لەسەر خۆشباوەڕیی و ناهوشیاریی و زەمینە پێشینەییەکانیان لە خێڵگەراییی و کۆنەپەرستی خەڵکدا دەکەن و بەسوودوەرگرتن لە تواناییە تەکنۆلۆجییەکان و خێرابوونی پەیوەندی یەکلایەنە لە ڕێگەی میدیای زاڵەوە، توانایەکی جادوویی بە تەشەنە و گشتگیربوونی ژاراوگەرییەکەیان دەدەن.

## دروستکردنی دوژمنی هاوبەش

هەموو ئایدیۆلۆجیایەکی دەسەڵاتخواز، پێویستی بە چێکردنی دوژمنی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی ڕەگەز یا نەتەوەدا هەیە، تاوەکو وزە و توانایان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و یەکێتی کۆمەڵایەتییان پێچەوانە بکاتەوە، بۆ ئەوەی داخوازییەکانیان بکاتە کێبڕکێی دوژمنکارانە لەنێوانیاندا و لەو دوژمنایەتییە دەستکردە ڕامیارییەدا، سێبەرێک بۆ تەختی سەروەربوونی خۆی سازبکات.

هەوڵی پەردەپۆشکردنی جیاوازییە چینایەتییەکان لەژێر پەردەی هاودەردیی و هاوچارەنووسیی ڕەگەزییدا. یەکێکە لە هەوڵە ئاشکراکانی هەڵگرانی ئایدیۆلۆجی فێمینیزمی دەسەڵاتخواز، کۆکردنەوەی هەموو ژنانە لە ژێر خێوەتێکی ڕەگەزییدا، کە ژنانی زیندانی لەتەک ژنانی پاسەوان و ئەشکەنجەدەر، ژنانی دەسەڵاتدار و سەرمایەدار، لەتەک ژنانی ژێردەستە و کرێکاردا، ژنانی هەلپەرست و بەرتەریخواز و مشەخۆر لە تەنیشت ژنانی لەخۆبوردوو و ڕەنجخوراودا لەسەر خوانی ئایدۆلۆجیا و ڕامیاریی کۆدەکاتەوە !

سەرەکیترین ئامانج لە دروستکردنی وەها پوچگەرایی و خۆشباوەڕییەک، دابەشکردنی هێزی چینایەتی چین و توێژە ژێردەست و چەوساوەکانە بەسەر دوو ڕەگەزی دژ بەیەک و بەرژەوەندجیاوازدا. وەک گوتم ئەمە ئەزموونگیرییە لە ئایدیۆلۆجییە ئایینی و ناسیونالیستییەکان، کە پێش فێمینیزمی دەسەڵاتخواز گەورەترین جەنگی ناهوشیارانەیان لە نێوان تاکە چەوساوەکاندا بەرپاکردووە. فێمینیزمی بۆرجوازیی بە هەمان ئاراستە و ئامانج و مەبەست، خەریکی هەستەوەرکردنی ژنانە وەک یەکەکەی هاوبەرژەوەند لە دژی پیاوان و پیاوانیش وەک یەکەیەکی هاوبەرژەوەند وێنادەکات. ئەمە ئەو جەنگە ڕەگەزییە مەترسیدارەیە، کە فێمینیستە دەسەڵاتخوازەکان، چەخماخەی لێدەدەن. مەترسیداربوونی وەها جەنگێک لەوەدایە، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی وەها کینەدۆزییەک تا نێوان دوایین ئەندامانی خێزان دەڕوات، چونکە واوەتر لە ئایین و ناسیونالیزم، فێمینیزم جەنگەکەی تاکدەکاتەوە، واتە لە جەنگی گرووپییەوە دەیکاتە جەنگی نێوخۆیی تاکەکان لە هەر سات و لە هەر بازنە و یەکەیەکی ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییدا بەرپایدەکات.

بە بۆچوونی من، هەر ئاوا کە ناسیونالیزم هیچ پەیوەندییەکی بە نەهێشتنی ستەم و داگیرکراوی و هەڵاواردنی کولتوورییەوە نییە و وەک لەم ڕۆژگارەدا لە هەرێمی کوردستان یا هەر جێیەکی دیکەی ئەم جیهانەدا دەیبینین، دەسەڵاتێک کە بە سەرکەوتنی هێزە ناسیونالیستەکان سەرهەڵدەدات، بەخۆی توندتر لە دەسەڵاتی داگیرکەران دەکەوێتە ستەمکاریی لە

سەرچاوە
Serchawe

تاکەکانی "نەتەوە" و قوڵکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان لە ڕێوشوێنی کار و ژیانیاندا. هەر ئاواش ئایدیۆلۆجیای فێمینیستی هیچ پەیوەندییەکی بە نەهێشتنی ستەم و پلە دوویی کولتووریی و سیستماتیکی ژنانەوە، کە لەسەر بنەمای بوون و نەبوونی دارایی و دەسەڵاتەکان سەریهەڵداوە و ڕاگیراوە و پارێزراوە و پەرەی پێدەدرێت. هەر ئاوا، کە پاگەندەی هاوبەرژەوەندی نەتەوەیی گشت تاکەکان و ئازادبوون و یەکسانبوون و بەهرەمەندبوونی هەمووان لە سامانی نیشتمانی و داهاتی کۆمەڵگە، لە درۆیەکی پیرۆز بەو لاوەتر نییە، هەواش پاگەندەی ئەوەی ئەگەر دەسەڵات و سەرەوەریی و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە لە دەست ژناندا بێت، کۆمەڵگە لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی لێوانلێو دەبێت، لە پووچگەرایی ئایدیۆلۆجی و پیرۆزکردنی ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتخوازی بەولاوەتر نییە! چونکە هەر ئەم ڕۆژە بەشێک لە دەسەڵاتداران و سەرمایەداران و پارلەمانتاران و بەڕێوەبەران و پۆلیس و ئەشکەنجەدەران لە ڕەگەزی ژنانن و زیاتر لە پیاوان پێداگریی لەسەر جیاوازی و هەڵاواردنی ئابووریی و سیستەمیی ژنان دادەگرن. لە بەرامبەریشدا لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی پیاوان قسە لە ئازادی و یەکسانی دوو ڕەگەزەکە دەکەن و تا ڕادەی فێمینیستبوون کاردەکەن، خودی ژنان ئەو دەرکەوتن و پێداگیرییەیان نییە. بێجگە لەوەش ژنان لەکۆمەڵگەدا فرەتر لە پیاوان، پارێزەری کۆنەپەرستیی کولتوورین، بۆ نموونە خەتەنەی ژنان، کە خودی ژنان بە کردن و پێداگریی و پاراستنی، دەکەن.

## گێڕانەوە یا بەستنەوەی چارەسەر بە بەدەسەڵاتگەییشتنی دەستەبژێری ڕەگەز و نەتەوە

هەر ئاوا کە پاگەندەکەرانی هاوبەرژەوەندیی دارا و نەدار، دەوڵەتمەندان و هەژارانی هاوزمان لەژێر ناوی نەتەوەدا دەخوازن بەوە ڕازیمان بکەن، کە بەدەسەڵاتگەییشتنی پارت و دەستەبژێرە دەسەڵاتخوازەکان، کۆتایی بە هەموو ستەمێک و هەموو نەهامەتییەکانمان دێت و لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی هاوزمانەکانماندا لە بەهەشتی نیشتماندا گورگ و مەڕ پێکەوە لە کانییەک ئاودەخۆنەوە. هەر لەسەر هەمان بنەما و بە هەمان فریوکاری و هاندەر و میتۆد و لۆجیکەوە، ژنانی دسەڵاتخواز پاگەندەی ئەوە دەکەن، کە ئەگەر لە جیاتی پیاوانی سەروەر، ژنان سەروەر بن، ئەوا کۆمەڵگە و نیشتمانەکەیان دەبێتە پانتاییەک بۆ سەقامگیربوون و باڵادەستبوونی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی و لە بەرامبەردا هەڵاواردن و بەهرەکێشیی و زۆرداریی دەبنە بەشێک لە ڕابوردووییەکی زۆر دووری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەمە زۆر لە درۆ و پاگەندەی فریودەرانەوە نزیکە تا لە ڕاستییەوە!

فێمینیستانی دەسەڵاتخواز بۆ ئەو مەبەستە، کۆمەڵگە و خێڵە سەرەتاییەکان دەکەن بە نموونە و بەڵگە و لەو بارەوە مارکسیستەکان پاڵپشتی ئەو پووچگەراییە دەکەن و پشت بەوە دەبەستن، کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە هەموو ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییەک خاڵیبوون. بۆچوونی من بێجگە لەوەی هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە، کە لە هەموو

کۆمەڵگەکاندا ژنان سەروەر بووبن و هەروەها هیچ بەڵگە و مێژوویەکی تۆمارکراوی ئەو سەردەمە نییە، ئەوە بسەلمێنێت کە لەو کۆمەڵگایانەدا کە دایکسالاری کۆڵەکەی ڕێکخستنیان بووە، ستەم و هەڵاواردن نەبووبێت. بە پێچەوانەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر درێژەی ئەو کۆمەڵگایانە لە سەدەی ١٨ و ١٩ و ٢٠ و ٢١دا ئەوە دەردەخات، کە لە هەندێک لە کۆمەڵگایانەدا سەروەریی ڕەگەزیی بوونی نییە، لە هەندێکیاندا ژنان سەروەرن و لە هەندێکیاندا پیاوان سەروەر بوون، واتە لەم دووانەی دواییدا، کە سەروەریی ڕەگەزیی هەبووبێت، کەواتە ژێردەستەیی ڕەگەزیش هەیە و ئەو سەروەرییە بۆ خۆپاراستنی پێویستی بە ڕێکخستن و بەکاربردنی زۆر هەیە. ئەوی دوور لە دەمارگیریی ڕەگەزیی لەمەڕ ئەو سێ جۆرە پێکهاتانە لێکۆڵینەوەی کردبێت یا بکات، بە ڕۆشنی ئەوە دەبینێت، کە لە نێوان سەروەریی ڕەگەزیی ژن و پیاودا جیاوازیی نییە، گرفتەکە لە بوونی خودی سەروەرییدایە، نەک لە کێبوونی سەرەوەرەکە و کامەبوونی ڕەگەزی سەروەرییەکە. بێجگە لەمە هەر لە سەردەمی جەنگەکانی پێخەمبەرایەتی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای و کوڕی ئەبو موتەلیب'دا کاتێک کە هۆزە بابسالارەکان [لەنێوانیاندا لەشکری ئیسلامیش] پەلاماری هۆزەکانی دیکەیان دەدا، ژنانیان وەک دەستکەوت بەسەر خۆیاندا دابەش دەکرد، لە بەرامبەریشدا کاتێک کە دەستگیرکراوانی خێڵە بابسالارەکان [بۆ نموونە لەشکری ئیسلام] دەکەوتنە دەست خێڵە دایکسالارەکان لە هەمان نیوە دوورگەی عەرەبیدا، ژنان پیاوەکانیان بە گون و ئەندامی زاوزێ هەڵدەواسی و دەیانخەساندن. ئەمانە باشترین نموونەی سەروەریی ڕەگەزیین و ئەگەر لە سەدەی بیست و یەکدا ئیدئۆلۆگەکانی سەرمایەداری بتوانن مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیای ڕەگەزیی دابەشبکەن، ئەوا دەبینەوە بە بینەری دابەشکردنی ژنان و خەساندنی پیاوان، واتە گۆڕاندنی جەنگی چینایەتی ژێردەستان بە جەنگی ڕەگەزیی نێوان ژێردەستان لە دژی خۆیان؛ یەکدی.

وەک گوتم ڕەگەزپەرستیی پیاوان و ژنان داهێنانێکی نوێ و هاوچەرخ نییە، بەڵکو زۆر لەوە کۆنترە، کە دەستی بیرەوەریی و بەڵگە تۆمارکراوەکانی پێڕابگات، چونکە بەرهەمی ناهوشیاریی و بەرەنگاریی نیگەتیڤ و پاسیڤی هەڵاواردنە. هەروەها ئەگەر لەم سەردەمەدا کەسێک بە ڕێکەوت و لە ناهوشیارییەوە پێشنیاری هەر جەنگێک دژی ئەوی بەرامبەر بکات، یەکەم ناهوشیاریی گشتی پەرەپێدەدات و دووەم لەلایەن لێکۆڵەرەوان و ئامارگیران و سەرنجپرسان و ئیئۆلۆگەکانی سەرمایەدارییەوە بە ئامانجی بەکاربردنی بۆ پاراستنی سیستەمی چینایەتی، هوشیارانە سیستەماتێک دەکرێت و میدیای دەسەڵات دەکەوێتە خزمەت بڵاوکردنەوە و تەشەپێدانی.

دروستکردنی خۆشباوەڕیی بە باشی خود و خراپی بەرامبەر دروستکردنی وەها پووچگەرایییەک، کە هەموو ژنێک چەوساوە و هەموو پیاوێک چەوسێنەرە، پشت بە هەمان بنەمای ئایدیۆلۆجی ناسیونالیزم دەبەستێتێت، کە هەموو تاکێکی نەتەوەی خۆ زیرەک، بەهرەدار، بەتوانا، جوان - ڕەوشت، زرەنگ، جوان، بەخشندە، لێزان، شارەزا، کولتوور بەرز، هوشیار، خاوێن،

شایەستە، .. تد، هەموو تاکێکی نەتەوەی بەرامبەر، دەبەنگ، بێبەهرە، بێتوانا، بەدڕەوشت، تەمەڵ، ناشیرین، پیسکە، نەزان، نەشارەزا، کولتوور نزم، ناهوشیار، پۆخڵ، ناشایەستە... تد، هەر بەو جۆرەی کە میدیای ئەورووپی بە ئامانجی سووکایەتی بە کولتوورەکانی دیکە و خراپنیشاندانی کۆچەران و دروستکردنی جەنگی کولتوورەکان و ئایینەکان، هەموو تاکێکی نا ئەورووپی بەتایبەت خۆرهەڵاتیی بە بابسالار و دژە ژن نیشاندەدات، هەر واش پاگەندەی ژنانی فێمینیست و لایەنگرانیان لە دوو دەهەی ڕابوردوودا تەنیا دێو و درنج نیشاندانی پیاوە، تا ڕادەی ئەوەی کە منداڵان ڕکیان لە باوکیان دەبێتەوە، یا پیاوانێک تووشی لەخۆناموو بوون و هەست بە تاوانباریی دەکەن، لە کاتێکدا کە هیچ تاوانێکیان دژی دایک و خوشک و کچ و هاسەر و هاوکار و هاوپۆل و هاوگەڕەک و هاوشاری و هاووڵاتی و هاوجیهانیان ئەنجامنەداوە.

ئەو پووچگەارییە، نەک هەر ڕاستی تێدا نییە، بەڵکو پاگەندەیەکی ئامانجدارانەی ژەهراوییە، کە دەخوازێت لە دووبەرەکی ژنان و پیاواندا بۆشاییەک بۆ کایەی دەسەڵاتخوازیی دەستەبژێرێک لە ژنان بئافرێنێت و هاوکات بە بەئامرازکردنی ستەم و هەڵاواردن و پلەی دووی ژنان لە کۆمەڵگەی چینایەتی و لە نێو پاشماوەکانی خێڵایەتیدا، خزمەت بە مانەوەی سیستەم و سەروەریی چینایەتی بکات، بەڵام ئەو جار لە ژێر دێوجامەی دادپەروەریی فێمینیزمدا !

بۆ دەرکەوتنی پووچەڵی ئەو پاگەندەیە، پێویستمان بە هەستەوەریی [هەستەوەریی بە واتای نیگەتیڤ نا، بەڵکو بە واتای(sensibility) کولتووریی و ڕەگەزیی و چینایەتی هەیە، کە چاویلکە ڕەگەزیی و نەژادی و ڕامیاریی و ئایدیۆلۆجییەکانمان فڕێدەدات و لە جوانتربینین و وردبینینی کەتواریانەی کۆمەڵگە و ڕووداوەکانیدا کۆمەکماندەکات. هەر یەک لە ئێمە لەدایکبووانی کۆمەڵگەی بابسالاریی لەوانەی دیکە باشتر دەزانین و هەستی پێدەکەین، کە پیاو لەو کولتوورەدا ناچار و سزاوارە بەوەی کە نابێت و نەنگییە، ڕازی ژێردەستەیی خۆی، گیرۆدەیی و ئازار و ئەشکەنجەیەک، کە ڕۆژانە لە نێو خێزان و شوێنی کار و خوێندندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بدرکێنێت و لەمەڕ ئازار و ئەشکەنجە دەروونی و جەستەییە ڕۆژانەییەکانی نێو خێزان بدوێت و سکاڵابکات، چونکە ئەوە لاوازییەکانی دەخاتە ڕوو و هەموو شانازییە کولتوورییەکانی پیاوەتی دەخاتە ژێر پرسیار: بەڵام لە بەرامبەردا لاوازنیشاندانی ژنان لەو کولتوورەدا بواری بۆ ژنان ڕەخساندووە، کە سکاڵای خۆیان لەمەڕ دڕندەیی کولتووریی دەرببڕن. بەم جۆرە دەبینین، بابسالاری ئەگەر لە ڕوویەکەوە بۆ پیاوانی ستەمکار و بەدڕەوشت بەرتەرییەک بێت، ئەوا بۆ پیاوانی نەرم و نیان و یەکسانیخواز ناسەنگی و خراپکارایییە. هەروا ئەگەر لاوازیینی کولتوورییانەی ژنان بۆ زۆرینەی ژنان بە ئەشکەنجە و سووکایەتی و نایەکسانی تەواوبوویێت، ئەوا بۆ کەمینەیەکی دەسەڵاتخواز و ستەمکار و سووکایەتیکەر لە ژنان، بە پەردەپۆشیی ستەمکاری ڕۆژانەی نێو خێزان تەواودەبێت و دەیبێتە بازارێک بۆ سەرمایەگوزاری ڕامیاریی و زەمینەسازی بۆ ڕشتنی ژاراوی ئایدیۆلۆجی سەروەرییخوازانەی چینایەتی لەژێر دێوجامەی ڕەگەزییەدا. ئەگەر بە وردی سەرنجبدەین، ژنانی ستەمکار و دەسەڵاتخواز لە نێوەندی خودی

سەرچاوە
Serchawe

ژناندا بە پیاوانی ناسراون.

ئافراندنی باری ناجێگیری دەروونی بۆ تاکەکانی ڕەگەز و نەتەوە، بەوەی کە هەمیشە و لە هەر دەستەواژەیەکدا خۆییەکان بە پەلاماردراو ببینن

فێمینیستانی دەسەڵاتخواز هەروەک ناسیونالیستان و مەزهەبییان هەردەم، خەریکی شێواندنی دەروونیی تاکەکانن بە ئامانجی ئاسان جێگیربوونی ئایدیۆلۆجییەکەیان، کە ئامانجیان گەیبیشتنە بە سەرووەری. کاتێک کە ژنێک، هەرچی پیاو بیلێت و بیکات، بەوەی بزانێت، کە ئامانجی سووکایەتی و ژێردەستکردن و لەنێوبردنی ئەوە، هەروەک چۆن کوردێک یا موسوڵمانێک ئاوا هەستبکات، کە هەرچی ناکورد و ناموسوڵمانەکان دەیکەن، ئامانجی دژایەتی ئەمانە، ئەو کات تووشی بارێکی دەروونیی ناجێگیر و شێوا دەبێت، کە هەم لە خۆی نامۆدەبێت و هەم بڕوای بە دۆستایەتی ئەوانی دیکە نامێنێت و هەموو ساتێک خۆی لە جەنگێکی ناکۆتاییدا دەبینێتەوە، کە تێیدا ئەو لەبەردەم مەترسی پلان و هێرش و دڕندەیی ئەوانی دیکەدا دەبینێت. بار گرژییەکی دەروونی ئاوا، تاکێک کە هەست بە ستەملێکراوی خۆیدەکات، دەکاتە دڕندەیەکی پەلاماردەر، چونکە بەو سەرنجامە دەگات، ئەگەر ئەو پەلامارنەدات، ئەوا دوژمنەکەی پەلاماری دەدات و براوە دەبێت. واتە دروستبوونی هەستی خودچەوساوەیی و خودڕاستیی هەمیشەیی و چەوسێنەربوون و هەردەم دڕندەیی ئەوانی دیکە. ئەمە هەمان هەستە کە لە نێو هەڵگرانی بیری ئایینی و نەتەوەییدا دروستدەبێت، بۆ نموونە جوولەکەکان یا عەرەبە فەلەستینییەکان، جوولەکەکان لەسەر دروستکردنی شوناسی بێتاوانی هەمووانی جوولەکان پاش هۆلۆکۆست، عەرەبە فەلەستینییەکان لەسەر دروستکردنی شوناسی بێتاوانی پاش داگیرکردن و جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی زلهێزەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا بەسەریاندا، باشترین نموونەن و باشترین خزمەتیان بەسەروەریی چینایەتی لەو ناوچەدا کردووە و خەباتی چینایەتییان لە ناوچەکەو لەنێو تاکە جوولەکە و عەرەبەکاندا دەیان دەهە پاشەکشێی پێکردووە. ئەمە لەمەڕ هەموو قەوارە ڕەگەزیی و نەژادی و ئایینیەکان دروستە. بە واتایەکی دیکە سوڕانەوە لە بازنەی داخراوی جەنگی خودپەسەندی و خراپکردنی ئەوانی دیکە ئافراندنی وێنای بێتاوانی و چەوساوەیی هەمە لایەنە بۆ خۆ و گشتگیرکردنی و تاوانبارکردنی بەرامبەر بە چەوسێنەری و گشتگیرکردنی لە درێژەی ئەوەی لە سەرەوە لەمەڕ دوژمنسازی و دەروونشێوانیی هەمیشە لە جەنگدا، خستمەڕوو، سەرەنجام تاکی ڕەگەزپەرست و نەتەوەپرست و ئاییندار، پاساو بۆ هەموو کردارێکی خۆی دەدۆزێتەوە و بڕوای تاکە لاوازەکان بە دڕندایەتی بەهێزتردەکات و ڕەوایەتی بە هەموو تاوانێک دەدات، خۆی ئەنجامیدەدات، بە پێچەوانەوە بەرامبەرەکەی دەکاتە تەنیا هۆکار و هاندەری ڕوودانی تاوانەکە و شانی خۆی لەژێر لێپرسراوەی تاوانەکان و لەتوانادابوونی ئەگەری ڕوونەدانی خاڵیدەکاتەوە.

بێجگە لەوەی کە هۆکاری درێژەکێشانی جەنگە درێژماوە و جیهانییەکان، ئەو شێوازییە دەروونییەی تاکە ناهوشیارەکان بووە بە کۆکردنەوەی هەمووانێک لەژێر خێوەتی خۆبوون و نەفرەتیکردنی ئەوانی دیکە لە ژێر خێوەتی دوژمنبووندا، بۆ نموونە جەنگی ٣٠ ساڵەی ئەوروپا، جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، ئەگەر زۆر بە کورتی و تەنانەت بە ڕواڵەتیش سەرنجێکی خێرای کۆمەڵگەی بارگاوی بە دوژمنسازیی لە ڕەگەز و نەتەوە و ئایینەکان بدەین، ئەوا زۆر بە ڕۆشنی ڕەوتی پەرەسەندنی خێرای جەنگی هەمووان دژی هەمووان دەبینین و هەستی پێدەکەین. ئەگەر جاران جەنگی نێوان مرۆڤەکان تەنیا لە تێکچوونی نێوان دوو دەسەڵاتداردا یا ئەنجامدانی کارێکی نەخوازراو لەلایەن تاکی ژێردەستی لایەکییانەوە، ڕوویدابێت، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا هەموو ساتێک هەمووان لە جەنگدان، باوک دژی دایک، خوشک دژی برا، براژن دژی خوشکی مێرد، خەسوو دژی بووک، ئەم گەڕەک دژی ئەو گەڕەک، فێریار دژی مامۆستا، کرێکاری نیشتەجێ دژی کرێکاری کۆچەر، شار دژی شار، شار دژی لادێ، لادێ دژی لادێ ، ماڵ دژی ماڵ، هەرێم دژی هەرێم، ئاییندار دژی ئاییندار/ بێئایین، قسەکەرانی دیالێکتێک دژی ئەوانی دیکە...تد؛ هەمووان لە جەنگێکی ناکۆتا و جاڵجاڵۆکەییدا دژی هەمووان لەسەر شانۆی بەردەم سەرمایەداران و سەروەراندا یەکدی دەکوژن و ئەشکەنجەدەین و ئەوانی دیکەی سەروەریش بە چێژبردنەوە تەماشای ڕۆڵی تاکە ناهوشیارەکان لەو تراجیدییە خەندەئاوەرەدا، دەکەن.

## پاگەندە ڕواڵەتییەکانی فێمینیزم

ئەگەر لەو پەڕی ڕادیکاڵبووندا سەرنجی ئامانجەکانی ئایدیۆلۆجیای فێمینیستی و باڵە دەسەڵاتخوازەکانی بزووتنەوەی فێمینیستی بدەین، دەبینین، کە یەکسانبوونی زۆرینەی ژنان لە کۆیلەیتییدا و سەروەربوونی کەمینەیەک لە ژنان، تاکە ئامانجییەتی و لەوپەڕی پێداگرییدا دەیەوێت ژنان بگەیێنیتە ئاستی کۆیلەتی پیاوان لە سایەی سەروەریی چینایەتیدا و ڕزگارییەک - یەکسانییەک، دیموکراسییەک کە ئەو/ئەوان دەیخوازن هەمان ڕزگاریی و یەکسانی و دیموکراسییە، کە سەروەران پاگەندەی دەکەن و وەک نوشتە بۆ هەموو گرفتێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیستماتک دەرخواردی تاکە ناهوشیارەکانی دەدەن. ئەوان دەخوازن ژنانیش لە یەکسانییەکی یاساییدا وەک پیاوان ببنە پۆلیس، ئەشکەنجەر، پاسەوانی زیندان، چەکداری ئاساییش، سەرباز، هەواڵگر، هەواڵدەر، دەڵاڵی بازار، ئەندام و سەرۆکی پارت، پارلەمانتار و سەرۆکی پارلەمان، بەڕێوەبەر و سەرۆکی هەمان سیستەمی سەروەریی چینایەتی، واتە گەییشتن بە هەمان ڕێوشوێنی زۆرینەی کۆیلانەی پیاوانی نەدار و بێدەسەڵات یا کەمینەی سەروەران و مشەخۆرانی سامان و داهات و ڕەنجی زۆرینە!

دواجار لەوە دڵنیام کە لە یەکەم کاردانەوەدا دەمارگیرانی ئایدیۆلۆجیای فێمینیزم و پیاوانی خۆ بە فێمینیستزان، وەک ڕەخنەیەک دەپرسن؛ ئەی ئەنارکۆ - فێمینیزم چۆن لێکدەدیتەوە و لە کوێی ئەو لێکدانەوەدا دایدەنێیت یا بۆچی باوەڕەکانی

بۆ سەر کوردی وەردەگێڕیت ؟

ڕاستییەکەی پرسیارێکی بەجێیە بۆ کەسانێک، کە ناهوشیارن و زانیارییەکی ئاوایان لەسەر ڕەوت و تێڕوانینەکان و جیهانبینییەکان نییە، بەڵام نابەجێ و فریودەرانەیە، ئەگەر وەک هانابردنێک بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و جیاوازییەکان ئاراستەبکرێت!

هەر ئاوا کە ئەنارکیزم ئایدیۆلۆجیا نییە، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوە [میتۆدلۆجی]یە و هەردەم لەتەک گەشەی کۆمەڵگە و هوشیاربوونەوەی مرۆڤدا لە گۆڕان و خۆچاکسازییدایە، هەر ئاواش ئەنارکۆ—فێمینیزم ئایدیۆلۆجیا نییە و تێڕوانینی ئەنارکیستەکانە بۆ یەکسانی ڕەگەزەکان، هەروەک چۆن تێڕوانینی تایبەت بەخود و جیاواز لە هی ئەوانی دیکەیان بۆ ستەمی کولتووری و داگیرکاریی نیشتمانی هەیە و هەروا کە تێڕوانێکێکی دیکەیان بۆ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنان هەیە ...تد. لەم بارەشەوە تێڕوانینی ئازادیخوانە [دژە - سەروەرانە]یان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ژن و پیاو هەیە و ناشتوانن تێڕوانینی جیاوازیان نەبێت، چونکە بنەمای بیرکردنەوە و جیهانبینی و چارەسەرەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاوازدەبێت، لەبەرئەوەی کە ئەوان سەروەریی هەموو بوونەوەرێک بەسەر ئەوی دیکەدا ڕەتدەکەنەوە و خودی بوونی سەروەریی بە گرفت و سەرچاوەی سەرهەڵدانی گرفت و ستەم و هەڵاواردنەکانی دیکە دەزانن.

لێرەدا ناچمە سەر نیشاندانی خاڵ بە خاڵی جیاوازییەکان لە ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوە و جیهانبینی و ئامانجەکاندا، تەنیا ئەوە دەڵێم، ئەگەر تێڕوانینی ئەنارکۆ - فێمینیستیش وەک ئایدیۆلۆجییی فێمینیستی و تێروانینی فێمینیزمەکانی دیکە، پێداگریی لەسەر پووچگەراییەکانی باشتربوونی دایکسالاری لە بابسالاریی و یەکسانبوونی ژنان لە پۆلیسبوون و بەڕێوەبربوون و سەرۆکبوون و سەرمەیاداربوون و ..تد بکات، یا کەسێک بەناوی ئەنارکۆ - فێمینیزمەوە وەها پاگەندەگەلێک بکات، بەدڵنیاییەوە ئەم نووسینە ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی ئەویش دەبێت و هەمان هەڵوێستم بەرامبەری دەبێت، هەروەک بەرامبەر بۆرجواز- فێمینیستێک هەمە.

بە کورتی ئەم ئایدیۆلۆجییە نوێیە، کە جێگرەوەی ئایدیۆلۆجییە سەردەم بەسەرچووەکانی پێشووە، وەک ناسیونالیزم لە جێی ئایین. نوێنەرایەتی و دەوڵەتی بۆرجوازی بەناوی نەتەوەوە لەجێی دەسەڵاتی کەنیسە بەناوی خواوە، لەم بارەشدا ئایدیۆلۆجیای فێمینیستی بە دەسەڵاتگەییشتنی ژنانی دەسەڵاتخواز بەناوی ژنانەوە و فریودانیان لە هەڵبژاردنەکاندا دێتە مەیدان و دەخوازێت مرۆڤایەتی لە بازنەی داخراوی سەروەریی چینایەتیدا ڕابگرێت و ئەگەر تەنیا بۆ ماوەیەکی کەمیش بوویێت، تەمەنی نەگریسی سەروەریی درێژبکاتەوە و پەرەیپێبدات، بەڵام ئەم جارە بەناوی ژنانەوە و ستەم لە ژنان و

پلەدوویی کولتووریی و ئابووریی ژنان بکات بە دێوجامەی ئەو ئاراستەکردنە ئایدیۆلۆجییەی سەروەریی!

ئایا بەڕاستی پیاوان، ئاوا کە فێمینیزمی بۆرجوازی وێنایان دەکات، گشت بکوژ و شەقوەشێن و سادیست و دەسەڵاتدار و کۆنەپەرست و کۆنەپارێزن؟

ئەگەر نا، ئەی گشتگیرکردنی سزاواریی کوێرانە بەسەر گشت پیاوان دەچێتە چ خانەیەکەوە و چی هاندەریەتی؟

ئەی پێناسەمان بۆ ئەو پیاوانەی کە لەپێناو ڕزگاری و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاواندا گیانیانبەختکرد، چییە و چی دەبێت؟

ئەی ڕۆڵی ئەو ژنانەی [خەسوو، دش، برازای هاوسەر، خوشکەزای هاوسەر، پورزای هاوسەر، خاڵۆزای هاوسەر، زازازازاکانی دیکەی هاوسەر و ژنانی هاوسێ و ژنانی... تد] کە پیاوان بۆ پیاوبوون و مەردایەتی و بەشەرەفیی و بەناموسیی هاندەدەن، چۆن لێکدەدرێتەوە و دەچێتە چ خانەیەکەوە؟

ئەی ڕۆڵی ئەو ژنانەی، کە بە هەمان شێوەی پیاوانی سەرکەوتگەر، سەرکوتی پیاوەکانیان دەکەن و لەسەر بنەمای پشتیوانی ماڵی بووک لە بووک و ماڵی زاوا لە زاوا (کە دیسانەوە ژنانی هەردوو دەستە زۆرترین ڕۆڵدەبینین) لە بەرامبەرکێیەکی بەردەوامدا هاوسەرەکان لە هەوڵی ملکەچپیکردنی یەکدییدان، دەچێتە چ خانەیەکەوە؟

ئەی ڕۆڵی ئەو ژنانەی کە پۆلیس و سەرباز و بەڕێوەبەر و خاوەنکار و سیخوڕ و هەواڵگر و دەڵاڵ و لەخشتەبەری ژنان چی، ئایا دەتوانن هاوبەرژەوەندی ژنانی ستەمدیدەبن؟

ئایا پەیوەندی ژنانی خاوەنکار و دەڵاڵ و ئەشکەنجەدەر و پۆلیس لەتەک خودی ژنان هیچ جیاوازییەکی لەتەک هەمان پەیوەندی چەوسێنەرانەیان لەتەک پیاوان هەیە؟

ئایا هێشتاکە دەتوانین، کینەدۆزییە ڕەگەزییەکانمان، بەسەر یەکتردا گشتگیربکەینەوە، "ژنان گشت چەوساوەن و پیاوان گشت چەوسێنەر" یا "پیاوان گشت بە ئاوەز و ژیرن و ژنان گشت بێئاوەز و ناژیر"؟

ئەی ڕیزبەستنی ڕەگەزیی بەرامبەر یەکدی لە بەرژەوەندی کێ تەواودەبێت، بۆچی دەسەڵاتداران و نێوەندە جیهانییەکانی پاگەندەی نیئۆلیبرالیستی، بۆچوونی ژنانی دەستەبژێر، زۆر هوشیارانە پەرەپێیدەدەن و گشتگیری دەکەنەوە؟

بە بۆچوونی من، وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە و دەرکردنی هۆکارەکان، دەتوانێت هاندەر و زەمینەسازی سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە هەڵوێستماندا و یەکگرتنەمان بێت لە مەیدانە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییەکانی خەباتی یەکسانیخوازانە لەسەر بنەماکانی ئازادیخوازیی و دژایەتکردنی ڕادیکاڵانەی سەروەریی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە، کە تا دارایی [موڵکیەتی] تایبەت و کاری کرێگرتە لە ئارادابن، سەروەریی بە شێوەیەک لە شێوەکان هەر دەرێژەی دەبێت و لە ئارادا دەبێت.

----------------

* لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە [١٥ی ئەپریلی ٢٠١٣]دا نووسراوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر گرفتاری ڕۆژانە لەبیرمکرووە و ئەم ڕۆ دۆزیمەوە و پاکنووسمکرد. هیوادارم بەڕێزانێک کە لەم بارەوە بۆچوونێکی ناکۆک یا جیاوازییان هەیە، بە ڕەخنەگرتن لە بابەتەکەی من، بیخەنەڕوو، تاوەکو لایەنێکی دیکەی پرسەکەمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٤

## فیمینیزم گوتارێکی پیاوانەیە!.



**ئەبوبەکر جاف**

فیمینیزم چی بەرهەم دێنێت و چی بەرهەم دێنێتەوە ؟ گومانم لەوە نییە بزوتنەوەی ئافرەتان بزوتنەوەیەکە بە تەواو معیار بیدعەو دراوییێکی پاوانەیە؟! کاتێک فیمینیزم کاری دەبێتە تەحقیقکردنی (ئیدیایەکی) [...]

**هاوکارییەکەت تەنها کلیک کردنە سەر ئەو سمبولانەی لای خوارەوەیە**

فیمینیزم چی بەرهەم دێنێت و چی بەرهەم دێنێتەوە؟ گومانم لەوە نییە بزوتنەوەی ئافرەتان بزوتنەوەیەکە بە تەواو معیار بیدعەو دراوییێکی پاوانەیە؟! کاتێک فیمینیزم کاری دەبێتە تەحقیقکردنی (ئیدیایەکی) ژنانە، هەرگیز لەوە سەر ئەوی نەوەستاوە کە ئەم (ئیدیا)ی، ئیدیایەکی پیاوانەیە، پڕ لە زمانی پیاوان، خەونی پیاوان، هەمیمەنەی بەرهەمهێنانەوەی پیاوەتی! کەواتە فیمینیزم بزانێت یا نەزانێت گوتارێکی پیاوانەیە. چونکە ئەگەر بییەوێت باس لە یەکسانی بکات و جەخت لە سەر گوتاری ژنێتی خۆی بکاتەوە تێیدا، ئەوا بەرانبەر ئیدیا و وێنەو کەس و شوێنێکی وێناکراو وەستاوە کە پیاوەو دەیەوێت لە گەڵیدا بەرانبەر بێتەوە، کەواتە ئیدیاکە، ئەو شوێن و دۆخەی دەیەوێت بەرانبەری بێتەوە هەر پیاو پیاو بونە.

ئەگەر مەبەست لە دیسکورسی ژنگەرایی و فیمینیزمی خۆجیاکردنە بێت لە پیاو! ئەوا بە هەمان شێوە لە سەرکارکردن وەستاون لە بەرانبەر پیاواندا، ئەوکاتەیش پیاو هەر حوزوری هەیە، تا زیاتر پێداگیر بن لە سەر دیسکورسی ژنایەتی و

ژنگەرایی هەر پیاو پیاو بون بەرهەمدێننەوە! خودی گوتاری فیمینیزم گوتارێکی پیاوانەیە، ئەمە زۆر لەوە شاراوە ترە کۆمەڵێک ژنی بازرگان و دەروەزەکەر بە ناوی خەباتی ژنان و ئافرەتانەوە پەیپێبەرن! بزوتنەوەی ئافرەتان و ژنان پێش هەرشتێک، نەزان و بێئاگان لەوەی ژنبون چییە؟ ئافرەت بون چییە؟ مێینەیی چییە؟ ئەمانە ناتوانن دەرگیر بن لە گەڵ مێینەییدا وەک پرسێکی وجودی و میتافیزیکی، هەمیشە کاریان لە سەر ئەو وێنەو ئیماجەیە کە پیاو بەرهەمی دێنێت و ویستی بۆی هەیە و دەیخوازێت.

لە نێویشیاندا فیمینیزم گەمەیەکی پیاوانەیە! پڕ پڕ لە هێلی شاراوەو ڕەمز و سیمبۆلەکانی پیاو. ناچارین بۆ یەکجار لە گەڵ لاکاندا (ئەڵبەتە) بە حەزەرەوە هاوڕابین! " ژن " ئافرەت "بونی نییەی!" ئەم غیاب و نا ئامادەگییەی وجودی زمانەوانیەی ئافرەت لە کوێدایە.

ئافرەت "بە جەبرو ناچارییەک" ناتوانێت ئەوی تری پیاو نەبێت! جا ئەم "ئەویترە" ی پیاو هەم دیسکورسی پیاوان بەرهەمی هێناوە، کەواتە پیاو هەمیشە کاری بەرهەمهێنانی "ئافرەتە" وەک ئەویترێکی وجودی تا خودی پیاوبونی لە سەر بونیاد بنێت و بەرهەمی بهێنێتەوەو خۆی درێژ بکاتەوە.

هەرچی دەکەوێتە سەر ژنان و ئافرەتان: هەمیشە کاریان بەرهەمهێنانەوەی (خودی ژنێتی و ئافرەتێتی) خۆیانە وەک (ئەویتر بۆ پیاو!) لە هەردوو حالەتەکەدا پیاو خودی ئافرەت و ژنان "ئەویتری پیاو بەرهەمدێننەوە) ئا لێرەوە هەرگێز ژن و ئافرەت ناتوانێت بێ پیاو بژی و بێ پیاوان هەڵکەن.

ژونکە بە هەر رویەکدا بێت شوناسوەرگرتن و خۆ فۆرمەلەکردن بێ پیاوان بەرهەم نایەت. ژن ناتوانێت بێ پیاو بونی هەبێت، واتە هەمیشە ویستی بە ئەویتر بونی پیاو هەیە. ناتوانێت پیاو بکات بە "ئەویتری) خۆی واتە پیاو هەرگیز ئەویتری ئافرەت نییە، ئەوە ژنان و ئافرەتانن هەمیشە ئەویتری پیاوانن! کاتێک پیاو ئارەزوی بۆ ئەویتر خۆ بەرهەمهێنانەوە بێت، ئەوا ئافرەت ئارازوی هەمیشە بۆ خۆیەتی بۆ پیاو بەرهەمێهنانەوەو چەندێتی و چۆنێتی (فۆرمەلە کردنی خودی ژنێتی و ئافرەتبونی "وەک ئەوەی ئیماج و زمانی پیاو دەیەوێت!

ئەوەی بە درێژایی زیاد لە دوو سوەدە لە بیرکراوە "نێرینەیی و مێینەییە" وەک پرسگەلێکی وجودی و کەینونەیی! "نەک پیاو بون و ژن بون" کە دوو دراوی تەواو مێژویین!

لەم هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژییە دژ بە ژنان و ئافرەتان چی بەرهەمدێت؟ ئەمانە:

هەفتەی بەرهەمهێنانەوەی پیاو بون و هەفتەیەکی تەواو پیاوانەیە، بەڵام ئەم هەفتەیە بڕێکی زۆر ژنان پیاوان بەرهەدێننەوە!

هەفتەیەک دەبێت پڕ و لێوان لێو لە توندوتیژی سمبۆلی، و توندوتیژی زبرو هێمن و لە سەرخۆ و شاراوە

هەفتەیەکی بازرگانییکردنە بە ناوی بەرگری لە ژنان و ئافرەتان، نوکتە خۆشەکەش ئەوەیە، ئەو پارە خەیاڵییەی لەم هەفتەیەدا پەیدا دەبێت خەجدەکرێت دەچەیتەوە گیرفانی پیاوان!

باشە بۆچی مێینەکان ناتوانن وجودیانەو میتافیزیکیانە، بە شێوەیەکی کەینونەیی لە مێینەیی خۆیان بڕوانن؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی وتاری کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

## پێویستیی فیمینیزە بوونی هزریی چالاکانی ژن



حەلیمە رەسووڵی

بەربەرەکانی لە گەڵ هێژموونیی وتاری پیاوانە و هەڵسو کەوتی پیاوانەو دروشمی پیاوانە لە سەر ژنان و بیرو بۆچوونەکانیان، ئەرکی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان بەگشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان بە تایبەتییە کە لە هەوڵی سڕینەوەیان دابن و نەهێڵن چیدیکە لە گەڕدابن. ڕەنگە ئەگەر ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی یان بزووتنەوەکانی دیکە وەک بزووتنەوەی کرێکاری و خوێندکاری و هتد دیالۆگ و گوتاری ژنتەوەرانەیان نەبێ و کار نەکەن بۆ نەهێشتنی دیالۆگی پیاوتەوەرانە زۆر جێگای ڕەخنەو ڕامان نەبن، بەو هۆیە کە تا ڕادەیەک ئەو بزووتنەوانە لە پاوان و ژێر دەسەڵاتی پیاوان دان. بەڵام ژنانە بوون و بیری فیمێنیزم و فێمینیست بوون یەکێکە لە ڕێگا چارەسەریەکانی دۆخی ئێستاکەی ژنان لە کوردستان. بەو هۆیە کە تێڕوانینی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان چ لە رووی ئایینی و یاسایی و کلتوورییەوە تێڕوانین وعەقڵییەتێکی پیاوانەیە، هەر بۆیە زەروورەتی بوونی بزووتنەوەیەکی ژنان بە باوەڕ و جیهانبینیی قووڵی فێمێنیستییەوە بۆ باشتر کردنی وەزعییەتی ژنان هەست پێدەکرێ.

فێمێنیزم باوەڕی بە مافی ژنان و دابینبوونی یەکسانیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوان ژن و پیاو هەیە، کە وابێ پیویستە شۆڕشی ژنانی کورد بۆ وەدەست هینانی بەرابەریی ماف لە کۆمەڵگایەک دا کە پڕاوپڕە لە سەرەڕۆیی وچەوسانەوە و نایەکسانی، لە چوارچێوەی سەمبۆلیک بێتەدەرێ. پێشکەوتنخوازی بەڵام لەجۆری رووکەش و کارتۆنی واتە لەدەرەوە

ئەمڕۆیی و مودێڕن و لەناخەوە ملکەچیی عورف و عاداتی سوننەتی، پێناسەی ژنێکی فێمێنیست و چالاکیکی بزووتنەوەی ژنان نییە. بوونی پاڕادۆکسی هزری لە بەرژەوەندی شۆڕشی ژناندا نییە و بە جۆرێک مەترسی دەخاتە سەر ویستی سەرەکیی ژنان. ژنی کورد خاوەنی هەر جۆرە بۆچوون وجەهەتێکی فکری سیاسی بێت دەتوانێ ژنێکی فیمینیست بێت چونکە فێمێنیزم لەهەموو دنیادا خاوەنی فورمۆلێکی کاریی دیار و روونە و ڕەوتێکی دیموکراتیکە کە جێگەو پێگەی تایبەتی هەیە. بیری فیمینیستی، شێوە ژیان و جیهانبینیی فیمینیستی بێ گومان بەرەو ژیان و گوزەرانێکی ئاسوودەترمان دەبات. ئەگەر چی بێچم و ڕگ و ڕیشەی نیزامی پیاوسالاری و کێشەی چەوسانەوە بە بۆنەی ژێندەرەوە تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان نییە و لە هەمان کاتیشدا بە هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەکی دەست نیشانکراونەبەستراوەتەوە، بەڵکوو ئەمە دیاردەیەکە کە لە جیهاندا و لە مێژووی مرۆڤایەتیداڕیشەی کۆنی هەیە و تائێستاش هەر بەردەوامە و جاری واشە لەو پەڕی درەندەیی دا خۆی دەنوێنێ و مرۆڤایەتی دەباتە ژێر پرسیارەوە. بۆ نموونە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی هێرش کردنە سەر کچێکی ٢٣ساڵەی خوێندکار لە وڵاتی هێندوستان لە پاسێک دا لە لایەن ٦ پیاوەوە و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر ئەو و پاشانیش گیان لێستاندنی لەم دواییانەدا ئەو ڕاستتیە زیاتر دەسەلمێنێ. ئەگەرچی ٤٠٠ ساڵ بەر لە زایینیش ویستوویانە یاساگەلێک دابڕێژن کە ژنیش جێگەی لە کۆمەڵدا هەبێ بەڵام هیچکات بەو جۆرەی کە دەبێ وەدی نەهات و لە بەرامبەردا پیاوان هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستاکە مەیدانێکی بەرفراوانیان لە بەردەست دابووە و گوێشیان لە بەرامبەر زاڵە و نەهامەتییەکانی ژنان دا کپ و کەڕ بووە. بەڵام بە هاتن و سەرهەڵدانی بیری فیمینیستی کە داخوازەکانی بریتین لە ئازادی و داوای مافەکانی ژنان، بەشێکی زۆر لە ژنان بە جۆرێک وەخۆ هاتنەوە. دیارە هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزاڤی فیمینیستیەوە تا ئێستاکەش هێندێک لە ژنان و پیاوان بە هەڵە لەم دەستەواژەیە تێگەیشتوون و پێناسە و لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن و پێیان وایە کە چەمکی فیمینیزم بە واتای ژن سالارییە کە ئەم ڕوانینە لەبەشێک لە ژنانی کوردیشدا تا ئێستاش هەر هەیە! ئەم بۆچوون و ڕوانگەیە زۆر هۆکاری هەیە کە یەک لەوان هەمان بیرو نەریتی ناوچەیی و سوننەتیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەمان دایە کە لادان لەم نەریتانە بە هەڵە و گوناح دەزانن.

فێمێنیزم هیچ کات بە واتای ڕق و بێزاری لە پیاوان یا خود ژن سالاری نەبووە، بەڵکوو ئامانجی ئەو ئاسایی کردن و ڕاگرتنی باڵانسێکە کە ئێستێ بە لای پیاواندا شکاوەتەوە. بۆچوونی کلێشەیی دژەپیاو بوونی فیمینیستەکان زیاتر لە لایەن کەسانێکەوە شۆڕدەبێتەوە نێو بیرو ڕای گشتی کە جێبەجێ بوونی ویستەکانی فیمینیستەکان بە تێکچوون و رووخانی دەسەڵات و پێگەی خۆیان دەزانن هەر بۆیە بەردەوام لە هەوڵی چەواشەکردنی ئەو تیۆرییەدان. ئێمەی ژنانی کورد و بە تایبەتی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان جیا لە وەی کە پێویستە بیروڕای خۆمان فیمێنیزە بکەین لە سەرمانە کە ئەو تێگەیشتنە بدەین کە فیمینیستەکان بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەی ئەو بیروڕایانەدان کە دەڵێ بە هۆی جیاوازیی بیۆلۆژیکییەوە ژنان مرۆڤی پلە دوون و کار و رۆڵیان لە چوارچێوەی بەرتەسکی ماڵ دا دەبینرێتەوە. تێگەیشتنێک دەبێ بخوڵقێ کە چی دیکە برەو بەو

حەساسیەتەی کە لە کۆمەڵگاکەمان دا سەبارەت بەو وشەیە هەیە نەدرێ و ژنی فێمینیست بە بێ دڵەڕاوکی بڵێ من فێمینیستم و داواکاری کۆمەڵگایەکم کە تایبەتە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و بە مافی بەرابەر و یەکسانەوە و من فیمینیستم نەک دژە پیاو! مرۆڤە واقعبیینەکان بەردەوام لە یەک کاتدا هەردوو نیوەی پڕ و بەتاڵی لیوان دەبینن و یەک لایەنە بڕیار نادەن و لێکدانەوە ناکەن. ژنانی خاوەن هزری فێمینیستیش و پیاوان و ژنانی غەیرە فێمینیستیش پێویستە ئەمە ڕەچاو بکەن و بە بڕیاردانی یەکلایەنە،نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە جووڵانەوەی یەکسانیخوازانە و پێشکەوتووخوازانەی ژنی کورد. ژنی کورد و چالاکی ژنان چی دیکە نابێ وەک پیاو بدوێن، وەک پیاو بیر بکەنەوە، وەک پیاو هەڵسوکەوت بکەن، بیری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریمان با ژنانە بێت و ببینە هۆکاری مانا بەخشینی ژنانە بە کۆمەڵگەکەمان.

ژنانی چالاکی بزووتنەوەی ژنان پێویستە هۆشیار بن و هەوڵ بدەن خۆیان لە هێندێک لەو باسانەی کە پێیان دەگوترێ نۆرم و بەها بەڵام زیانبارن، دەرباز بکەن، ئەگەرچی لەوانەیە لەم پێناوەشدا پێویست بێت زۆر باجی قورس و گرانیش بدەن و ناچار بن تانە و لۆمەی دەوروبەریش تەحەممول بکەن، بەڵام بۆ گەیشتن بەهەر ئامانجێک ئیرادەیەکی پۆڵایین پێویستە. کە توانیمان بیرمان فێمینیزە بکەین بە دڵنیاییەوە دەتوانین خۆمان لەو بازنەیەش دەرهاوێین کە لە مێژساڵە مێشکمانی پێ پڕکراوە و تێیدا بە دەوری خۆماندادەسووڕێینەوە و خول دەخۆین. باچی دیکە کاری ئاسایی و مافی حەقیقی و حوقووقیی خۆمانمان پێ عەیب و شەرم و ئابڕووچوون و گوناح و... نەبێ و ئەو کۆت وبەندەی کە بنەماڵەو یاساو دەسەڵات بۆی دەستنیشان کردووین بترازێنین و چی دیکە کۆیلەی دەستی ئەم بیر و باوەڕە کۆنانە نەبین. چالاکی ژنان دەبێ بوێر و پێشەنگ بێت جا دەتوانێ نوێنەرایەتیی ژنانی دیکە، لە پێناوی چارەسەر کردنی گرفتەکان و پیکهێنانی ریفۆرم دا بکات. کە وابوو ئێمە دەبێ لە فێمێنیزم بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە گرفتە سەرەکیییەکانمان کەڵک وەرگرین هەڵبەت بە دوور لە دوگم بوون و دەمارگرژیی زیادی. سیمۆن دۆبۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووهەم دا دەڵێ: سەرکەوتنی ژنان لەم شۆڕشەدا کە دەبێ بیکەن هیچ کات بەواتای زالبوونی ئەوان بەسەر پیاواندا نییە بەڵکوو لە ئاکامدا دەبێ ببێتە هۆی یەکسانیان لە گەڵ پیاوان کە تامی شیرینی ئەو سەرکەوتنە نەک هەر ژنان بەڵکوو ناخی پیاوانیش شیرین دەکات.

جیا لە هەمووی ئەمانە بەربەرەکانی لەگەڵ تەوژمی توندو تیژی و ئازارو ئەشکەنجە و سەرکوت و ئێعدام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا - کە خەباتی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگی لە بەرامبەر سەرکوت و گوشار و زەبرو زەنگەکانی کۆماری ئیسلامیدایە - چالاکان و بزووتنەوەیەکی سازماندراو و هاودەنگ و فیمینیستی ئەوتۆیان دەوێت کە لە ڕێگای تێکۆشان دا بە تیۆرییە فیمینیستیەکان بتوانن بەچڕی خواستەکانی خۆیان بێننە بەرباس و گرینگی بە بارودۆخی ئێستای ژنان بدەن و بتوانن سەرنج و بیروڕای جیهانی بۆ لای خواستەکانی خۆیان ڕابکێشن. پێویستە ژنی کورد

ئاوڕێک لە دەوروبەری بداتەوە و بڕوانێ کە بە هەزاران ژنی غەیرە کوردی چالاکی بواری ژنان بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوەی فیمینیزم کە هەوێنی کارەکانییانە باس لە کێشە و گرفتەکانیان دەکەن.

لە کۆتایدا پێویستە بگوترێ کە پەیدابوونی بزووتنەوەی فێمینیستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرهەمی جموجۆڵێکی بەرفراوانی کلتووری و سیاسی بوو کە تائێستاش بەردەوامە. سەرەڕای زۆر دەستکەوتی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە تا ئێستاکەش ئەم خەباتە بە تەواوی بە ئامانجەکەی نەگەیشتوە و توندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا لە هەموو دنیا شتێکی باوە. بۆیە ئەم کەیسە هەرواکراوەیە و ژنانی فیمینیست نابێ بێڵین ئەم بزووتنەوەیە لاواز بێت و دەبێ تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەکە وەگەڕ بخەن.

لە ژمارە ٦٠١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

# بەهاکانی ژن لە فێمینیزمدا



**شلێر باپیری**

لە راستیدا چەمکی فێمینیزم (Feminism) هەمان بزووتنەوەی ژنانە کە ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی رۆشنبیریی ئەوروپا و لەخەو هەستانی ئەو پارزووینە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام بیرۆکەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا هەلێکی لەبار بوو بۆ یەکەم سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیزمی. لەوکاتەی بیرەکانی مافی مرۆڤ بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی نووسراو زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ مافی پیاوان داڕێژرابوون. لەو جێگەیەی فەرەنسا لە دەیەکانی ٩٠ی سەدەی هەژدەیەمدا بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕش و پاشان دامەزراندنی ئەنجوومەنە تایبەتییەکانی سیاسیی ژنانی بەخۆوە بینی و وردە وردە ریشەکەی بۆ سەرانسەری ئەوروپا فرەوان کرد.

"بزووتنەوەی ئازادیی ژنان" گرینگترین چیرۆکی فێمینیستییە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی رۆژئاوادا، هەڵبەت ئەو ناوونیشانە خۆی، نیشاندەری ئەو بوارە سیاسییەیە کە تێیدا سەری هەڵداوە و دەرگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە هێندێک جیاوازییەکانی نێوان جۆرەکانی پێشتری فێمینیزم. فێمینیستەکانی پێشوو باسیان لە "ماف" و "یەکسانی"ی ژن دەکرد، بەڵام لە دەیەکانی ٦٠ی زایینیدا "زوڵم" و "ئازادی" لە چالاکییەکانی سیاسیی چەپی تازەدا بە وشەی سەرەکی دەژمێردران. بە زیادبوونی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی وەک بزووتنەوەی ئازادیخوازیی سوپا، جیهانی سێیەم و...، فێمینیزمی نوآ بە ناچار ناوی "بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان"یان لەخۆ نا کە ئەم گۆڕینی ناوە، ڕەنگدانەوەی گۆڕانێکی گرینگی لە تێڕوانینی سیاسیی فێمینیزمی هاوچەرخدا دروست کرد.

## پێناسەی فێمینیزم:

فێمینیزم هاوکات کە چەمکێکی هزرییە، زاراوەیەکی فەرەنسییە کە بەو بزووتنەوەیە دەگوترێ لە سەدەی ١٩ لە ئەمەریکا بە ناوی "بزووتنەوەی ژنان" دەناسرا. بزووتنەوەی ژنان کۆمەڵێکی هەمەڕەنگ لەو گرووپانە بوو کە هەریەکەو بە شێوەیەک بۆ پێشبردنی پێگەی ژنان هەوڵیان دەدا.

لە فەرهەنگی زانستی سیاسیدا "فێمینیزم وا پێناسە کراوە" بەرگریکردن و لایەنگریکردن لە مافەکانی ژنان و باوەڕبوون بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بوارەکانی رۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و خەباتکردن بۆ گەیشتن بەم یەکسانییە".

لە روانگەی مێژووییەوە لە دەیەکانی ١٩٨٠دا فێمینزم وەک زاراوەیەک و دواتر چەمکێک، کۆمەڵە مانایەکی جیاوازی بەخۆوە گرت. لەو قۆناخەدا لایەنگرانی رۆڵی کۆمەڵایەتیی ژنان کە پشتیوانیان لە مافی ژنان وەک تاکێکی سەربەخۆ دەکرد، بە "فێمینیست" ناسران، واتە پێڕەوانی فێمێنیزم، بەڵام لە ساڵەکانی رابردوودا بە گۆڕانی رۆڵی کۆمەڵایەتی و تاکی ژنان، گۆڕانکاری بەسەر دەربڕین و پێناسەی فێمینزمیشدا هاتووە، بەشێوەیەک کە نەدەتوانرا چوارچێوەیەکی دیاریکراو لەو پێناسانە دەربخرێت، بۆ نموونە ئەو پێناسانە بەو شێوەیە بوون:

- ئارین ئیچ - نووسەری ئەمەریکایی پێیوایە: فێمینیزم لەلایەکەوە وەک ناوێکی "پووچ و بێ ئەقڵانە" دێتە بەرچاو و لەلایەکی تریشەوە وەک جۆرێک رەفتاری شێوازناسی یان شێوازێکی ئاڵۆزی بیرکردنەوە و ئەنجامدانە لەبارەی هەلومەرجەکانی ژیان.

- کریس وینرون - کۆمەڵناسی بەریتانیایی لە دەربڕینی خۆیدا، فێمینیزم بەزاراوەیەکی سیاسی پێناسە دەکات کە بەرەو گۆڕینی ئەو پێوەندییەی دەسەڵات دەڕوات کە لە نێوان ژن و پیاودا هەیە.

- بێل هوکس، فێمێنیستی ناوداری ئەمەریکایی لەوبڕوایە دایە فێمینیزم بەرهەمی پابەندییەکی سیاسی . ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە هەوڵ دەدات زاڵبوونی رەگەزی، سیاسی و نەژادی لەناو ببات و کۆمەڵگەیەک سەرلەنوێ دروست بکاتەوە کە تێیدا گەشەسەندنی تاک، بەبەرژەوەندیی ئیمپریالیزم، فرەوانخوازیی ئابووری و خواستەکانی مادی بەستراوەی کۆمەڵ بێت.

بە وردبوونەوە لەو پێناسانە ئەو خاڵەمان بۆ دەردەکەوێ کە فێمینیزم تەنیا شێوەیەکی کردەوەیی یان کۆمەڵایەتی نییە، هەر بۆیە ئەمڕۆ فێمینیزم لقی زۆری لێبووەتەوە وەک لیبراڵ، مارکسیست، سۆسیال، رادیکاڵ، دەرونشیکار و ئەوپەڕمۆدیرنیتە.

بەو شتانەی کە باسمان کرد و پاش خوێندنەوەیەکی کورتی روانگە فێمینیزمییەکان، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین کە ئایا لە نێوان فێمینیزم، هزری سیاسیی فێمینیزم و شێوەی سیاسی و سیاسەت پێوەندییەک هەیە یان نا؟

لیبراڵ فێمینیزم: فەلسەفەی لیبراڵ بە گەشەسەندنی سەرمایەداری سەری هەڵدا و بە باوەڕبوون بە یەکسانیی سروشتیی تاکەکان، خوازیاری دیموکراسی و ئازادییە سیاسیەکان بوو. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەلومەرجی ژیانی ژن و پیاوەکانی گۆڕی، بەجۆرێک ژنی بورجواز لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنی پیاوان لە ماڵەکاندا راست بووە بە هەمان شێوە کە پیاوان ئەم پێکهاتە سیاسییەیان رەت کردەوە.

هەر بۆیە لە ساڵی ١٧٠٠ "ماری ئاستێل" گەورە فەیلەسووف و فێمینیستی بەریتانیایی ئەو پرسیارانەی خستنە روو "ئەگەر دەسەڵاتی رەها لە وڵاتێکدا پێویست نەبێ، بۆ لە بنەماڵەدا پێویستە؟ ئەگەر لە ناو خێزاندا پێویستە، بۆ بەهەمان شێوە لە وڵاتدا پێویست نییە؟ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن، بۆ دەبێ ئافرەتان بو کۆیلەیی لەدایک بن و هەموو بوونیان لە هەلومەرجێکی کۆیلەیی تەواودا بێ و پێڕەوی خواستە بێ سنوورەکان و دڵخوازەکانی پیاوان بن؟"

لیبراڵ فێمینیستەکان لە سەدەی هەژدەدا هەوڵێکی زۆریان بۆ سەلماندنی مافی یەکسانیی ژن و پیاو دا. لە سەدەی نۆزدەیەمدا داوای یەکسانیی مافی ژنانیان بەپێی یاسا کرد و و دواتریش لە سەدەی بیستەمدا خوازیاری چاکسازییە جۆرەوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی بوون بۆ گەرەنتی کردن و پێداویستیی یەکسان بۆ ژنان.

هەروەک لە سەرەتادا باس کرا، ئەمجۆرە روانینە، بنەمای فکرییەکەی لەسەر یەکسانیی مرۆڤەکان (ژنان و پیاوان) دامەزراوە. ئەو شێوە بیرکردنەوە هەوڵی دا سێبەری سەرەکیی خۆی بەسەر یاسا و مافەکانیدا بکێشێ تا لە ئەنجامی ئەوە و لەژێر سێبەری یاسادا، حاڵەتەکانی هەڵاواردنی رەگەزیی ژنان کەم بێتەوە و ژنانیش خاوەن مافەکانی هاوشیوەی پیاوان بن. ئەم خاوەنیەتییەی ماف و یاساکان، کەم و زۆر کاریگەرە بەرچاوەکانی خۆی لە کۆمەڵگە پێشان دا کە لە ئەنجامی ئەوەدا ژنان وەک پیاوان بوون بە خاوەنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کارکردن، و دۆزینەوەی پیشە و... وەک پیاوان لە هەلەکان سوودمەند بوون.

لەو بەشەی فێمینیزمدا دەتوانین لیبراڵیزم وەک بناخەی سەرەکی بناسێنین، لەو لایەنەوە کە لیبراڵیزم لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ بەلیبراڵیزمی کلاسیک ناسرابوو، دوو جۆر ئازادیی بۆ هەر تاکێک داناوە: ئازادیی ئەرێنی و شایستە و ئازادیی نەرێنی و ناشایست.

لە ئازادیی ئەرێنیدا، مرۆڤەکان بوون بەخاوەن ئیمتیاز و رۆڵی شایستەیان پێ درا، هەروەها لە ئازادیی نەرێنیدا دا هەر جۆرە دەسەڵاتێک رەت کرایەوە کە هەڵبەت دەبێ بە شێوەیەکی ناشایست بگاتە ئەنجام، واتە یەکەمجار دەبێ لەژێر بەندی دەسەڵات بێتەدەر یان لە کەسێکی پێڕەو و شوێنکەوتوو بگۆڕێ بۆ کەسێکی سەربەخۆ و خاوەن بڕیار، لە قۆناغەکەی تردا دەتوانێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەربگرێ.

بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین فێمینیزمی لیبراڵ لە دایکبووی هەلومەرجێکە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، هەروەک لە قسەکانی خاتوو ماری ئاستێلدا هاتووە. کشانی سێبەری لیبراڵیزم بەسەر کۆمەڵگادا و رەتکردنەوەی دەسەڵاتی سەپێنراو لە مامەڵەکردن لە نێوان خەڵک و دەسەڵات و لە ئاکامدا دەچێتە ناو ژیانی تاک، کەسی و بنەماڵەیی لە کۆتاییدا ئەم هاوارە سەرهەڵدەدات کە:

**یەکەم**: مرۆڤەکان لەگەڵ یەک یەکسانن و هیچ باڵادەستییەک لە نێوانیاندا نییە.

**دووەم**: رەتکردنەوەی دەسەڵات و ئیمتیازێک بەناوی ئازادی، لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم بۆ مرۆڤەکان پەسند دەکات.

**سێیەم**: لە ئەنجامدا ئەو ئیمتیازە بۆ ژنانیش قەبوولڕ دەکرێت.

ئەو ئەنجامە یەکێک لە بناخە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی فێمینزمی لیبراڵە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین: لیبراڵیزم شێوازی روانینی مرۆڤەکان بۆ دیاردەکان و ناسینی ئەو سەبارەت بە جیهانیبوون دەگۆڕێ کە ئەو گۆڕانە بمانەوێ و نەمانەوێ نیوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە کە هەمان ژنانن.

**سەرچاوەکان**:


١- شباهنگ، جنبش فیمینسم، بولتن فیمینسم.

٢- جین فریدمن، فیمینسم، ترجمه فیروزه مهاجر، انتشارات اشیان.


سەرچاوە ماڵپەڕی کچی قەندیل - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٢

# فیمینیزم و کێشەکانی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا



**ماریا**

ئەگەر لە یەک ئاوڕ دانەوەیەکدا سەیر بکەین دەتوانین ببینین کە لە نێوان دڵەڕاوکێ کانی ژنانی کورد و هەڵسوڕاوانی فیمینیزم و سەرە ڕای بەشە هاوبەشە جیدیەکانیان، گەلێک خاڵی جیاوازیان هەیە کە ناتوانین بیشارینەوە.

سەبارەت بە دوو بەشی تیۆری و پراکتیکی فیمینیزم، ئەم دوو بەشە بۆچوونی زۆر لە نێوانیاندا هەیە . هەر چەندفیمینیزم لە کوردستاندا دیاردەیەکی گەنجە و هێدی هێدی ئەیەوێت لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێت بەڵام وادیارە بەشی پراکتیکی فیمینیزم خەریکە خێراتر لە تیۆریەکەی ئەڕواتە پێشەوە . ئەم دوو خاڵە ناوەندی ئەم بابەتەیە کە ئەبێ بە باشی باسی لە سەر بکەین.

فیمینیزم لە کوردستاندا ڕەوتێکی ڕو لە گەشەیە. ژنانێکی زۆر و هەر وەها پیاوانێکی زۆریش لە پاڵ ئەواندان، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوی وڵاتدا، کە لە زەمینەگەلی جۆراوجۆر هەر لە چالاکیەکانی دژی توندوتیژی و جیاوازی بگرە هەتا توێژینەوە و وەرگێران و بەڵاوکردنەوە خەریکی خەبات و تێکۆشانن. هەڵسوڕاوانی فیمینیست لە بەرجەستە کردنی کێشەکانی جیاوازی ڕەگەزی و توندوتیژی دژی ژنان زۆر بە باشی کاریان کردووە ، بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی درێژیان بۆ دیالۆگ سازی ودانانی تیۆرییەکانی فیمینیستی لە بارەی کێشەکانی لە کۆمەڵگە دا هەیە بۆ نمونە لەو دیالۆگانە کە گرێدراو بە پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و خێزانە، هێشتا فیمینیستەکان لەم بارەیەوە جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا

نەکردۆتەوە.

ئامانجمان لەم ووتانە بانگهێشت کردنە بۆ ڕوانگەیەکی ڕیئالیستیانە لە سەر ئەو ئاستەنگانە کە لە بەر گەشەی تیۆری فیمینیزم لە کوردستاندا وەستاوون. مەبەست تەنیا ڕەخنەیە نە عەیب دۆزینەوە بەڵکو هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینە. ئەبێ ڕاستییەکان هەر چۆنێک هەن هەر وەها بیانبینین تاکو بتۆانین بەو شێوەیە کە ئەمانەوێت بیگۆڕین.

## دو بەشی بزوتنەوەی ژنان: خۆڕسک و زانایانەیە

بزوتنەوەی ژنان بە واتای جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە نیوەیەک لە کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی هەنووکەیی خۆیان و بە دەست هێنانی مافە مرۆڤایەتییەکانیان، بۆ بە دەست خستنی پۆستە ئابووری و سیاسییەکان و بەشداری لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات و لەم تێپەڕینەشدا، دەروون و ویژدانی کۆمەڵایەتیش لە ڕێگەی هونەر و ئەدەب و سینەما و تیاترەوە تووشی گۆڕانکاری ئەکات.

گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەستی پێکردووە و بزوتنەوەی ژنانیش وەک جوڵانەوەیەک یان بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. بەڵام ژنان هێشتا ڕوانگەی خۆیانیان نیە. گەیشتن بە کۆمەڵگەی (critical mass) زۆر پیویستە بۆ ئەوەی ژنان بگەن بەو ڕوانگەی ڕەگەزیی خۆیان. بزوتنەوەی زانایانەی ژنان، یان هەڵسوڕاوانی فیمینیست، خۆیان بە ڕوانگەی ڕەگەزی چەکدار کردووە و بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی ژنان خەبات ئەکەن. بەڵام هەوڵەکانیان لە چوارچێوەی سەرەتاییترین مافە مرۆڤایەتییەکانی ژنان وەک لابردنی جیاوازیی ڕەگەزی و توندوتیژی سنوردار بووەتەوە.

### بۆیە دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی ژنان لە دو بەشی:

١- خۆڕسکی بەرفراوانی گشتی

٢- زانایانە و فیمینیستی، پێک هاتووە کە لە پەیوەندیان لە گەڵ یەکدا یەک ڕوخساری پێکهێناوە.

**بەشی یەکەم:** بزوتنەوەی خۆڕسک و بەرفراوانی ژنان لە سەرتاسەری کوردستاندا گەرچی بە بێ هیچ هەئاهەنگی ڕێکخراوەیی و وشیارانە دەستی پێکردووە. بەڵام دەست پێکردنی ئەم بزوتنەوە یە لە هێرشی ژنان بۆ نێو زانکۆکان، بەشداریان لە هەموو گۆڕەپان و ژوورەکانی بازاڕ و کار، هەر لە کاری دەستی هونەری بگرە تا پسپۆڕبوون لە هەموو بەشە

زانستییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداریان لە مەیدانی ئەدەبی و هونەری و پێشکەوتن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، دەتوانین بە بەرفراوانی ببینین. تەنانەت ئاستی بەرزبوونەوەی تەلاق و بەشی بڕیارگرتنی ژنان لە کاروباری خێزان یەکێکی تر لە نیشانەکانی ئەم بزوتنەوەیە.

**بەشی دووهەم**: بزوتنەوەی ژنان لە کوردستاندا بەشێکی تری هەیە کە لە ژنانی ڕۆشنبیر، وشیار و دژبەر پێکهاتوون، کە ئەم گروپە بەشی وشیارانەی بزوتنەوەی ژنان پێک دێنن کە ئەم گروپەش لە دوبەشی ناوخۆی کوردستان و دەرەوی کوردستان خەریکی کار و خەباتی خۆیانن. بەشی وشیاری ئەم بزوتنەوەیە لە حاڵی حازردا بەشوێنی چەسپاندنی سەرەکیترین و سەرەتاییترین داخوازییە مافی مرۆڤییەکانی ژنانن بە شێوەیەکی گشتی و نوینەرایەتی ئەو داخوازیانەش ئەکەن. ئەم بەشە ڕەنگدانەوەی داخوازی مافەکانی ژنانی کوردە کە بەشێوەی چالاکی و خەباتی سیاسی و مەدەنی لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوی کوردستان کار ئەکەن. ئەم ژنە زانایانە لە هەوڵی ئەوە دان لە مافەکانی مرۆڤ بۆ نیوەیەک لە کۆمەڵگەی کورد بە دی بێنن و یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو بە دەنگێکی ڕەسا و بێ ترس داوا بکەن، و بە ڕێگە جۆراوجۆرەکانی وەک وتووێژی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ژنانی تر و دانانی لاپەڕە تایبەتییە کان لە نیو ڕاگەیاندنەکاندا، تا بەم شێوەیە بتوانن مافە پێشێل کراوەکانی ژنان وەک داخوازییە یاساییەکان بەیان بکەن.

**توێژی وشیار و زانای بزوتنەوەی ژنانی کورد لە سێ بەشدا توانیویانە زۆر سەرکەوتووانە کار بکەن،**

١- لیکۆڵینەوە وکۆکردنەوەی مێژوی خەبات و تیکۆشانی ژنان و پێداگری لە سەر ڕوانگەی فیمینیستی،

٢- توێژینەوەی هۆکار و شێوازەکانی جیاوازی دژی ژنان لە یاساکانی خێزاندا،

٣- کارو خەباتی بەفراوان و بەردەوام لە سەر کێشەی توندوتیژی دژی ژنان.

بێ گومان کەس ناتوانێت ئەو کارانە و ئەو پێشکەوتنانەی کە بزوتنەوی ژنانی کورد کردوویانە نکۆڵی لێ بکات و نکۆڵیشی لێ ناکرێت. ئەو دەست کەوتانەی کە ژنانی تێکۆشەر و وشیاری کورد لە هەل و مەرجی کۆمەڵگەی کوردی کە پێکهاتەیەکی بە تەواوەتی ئایینی و فیۆداڵی هەیە و هەتا سەر ئێستا بیرکردنەوەی عەشایەری تێیدا زاڵە، بە دەستیان هێناوە شایەنی دەست خۆشی و پێزانینە. بەڵام بێگومان سەرە ڕای هەموو ئەمەک و زەحمەتەکانیان کەم و کورتی زۆریشی تێدایە کە دەبێت بە شێوەیەکی زانستیانە ئەو کەموکورتیانەش بخرێنە ڕوو.

**یەکەم**: کێشەکانی ژنان و کاردانەوەی فیمینیستەکان هاوپۆشی زۆر کەمیان هەیە. ئەگەر سەیری بنەمای کاری پیکەن بکەین دەبینین بە ئامانجی کار کردن لە سەر هەژاری، پەروەردە، و تەندروستی ژنان دەستی بە کاری خۆی کرد و هەروەها

نەهێشتنی هەژاری و پەروەردەی گشتی لە سەرەتادا وەک سەرەتای پەرەپێدانی هەزارەی سێهەمی نەتەوە یەک گرتووەکانیش باسی لێکراوە. بەڵام ئەبینین نوسین و لێکۆڵینەوە و کاری زۆر کەم لەسەر هەژاری و پەروەردە و تەندروستی ژنانی کورد لە لایەن فیمینیستەکانەوە ئەنجام دراوە.

هەژاری یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی ژنانی سەرانسەری دونیایە و ئاکامی خراپی بۆ ژنان هەیە وەک هەلومەرجی دژواری ژیان، واز هینان لەخوێندن لە لایەن منداڵانەوە، بەرزبوونەوەی ئاستی تاوانە کۆمەڵایەتیەکان، فرۆشتنی کچان بە ناوی زەواج و لەش فرۆشی کردنی ژنان، خۆسوتاندن، مناڵ کوژی و دیپرەیشن، ئەمانە هەموو ئەو ئاکامانەن کە بە هۆی دیاردەی هەژارییەوە تووشی ژنان ئەبن و ژیانیان لێ ئەکەن بە دۆزەخ . تەنانەت هەندێک لەو ژنانەش کە خەریکی کاری خێر خوازین ژنانێکن کە بە شێوەی خۆ بەخش کار بۆ لابردنی هەژاری ئەکەن جیان لە فیمینیستەکان.

لە بواری تەندروستیش سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار لە هەموو پارچەکانی کوردستان تا ئیستا کاری سەرکەوتوانەی بووە لە مەڕ تەندروستی گشتی کۆمەڵگە بەڵام ڕوانگەی ڕەگەزی لە بەرنامەی کارەکانیاندا زۆر کەمە. لە بارەی پێویستی پەروەردەی تەندروستی و مافە ڕەگەزییەکان باسێک لە ئارادا نیە. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بابەتی تەندروستی ژنان شێرپەنجەی مەمکە کە ڕێژەی ژنانی توشبووش لە ئاستێکی زۆردایە بەڵام ئەبینین کە ئەم بابەتە مەترسیدارە نەکەوتۆتە بەر گرنگی پێدان و پلان و پرۆگرام بۆ یارمەتیدان و ڕوبەڕونەوەی فیمینیستەکان لە هەمبەر ئەم کێشەیە.

هەر وەها بابەتی حیجاب و دواهاتەکانی لە سەر تەندروستی لە سەر ژنان لە لایەن فیمینستەکانەوە گرنگی زۆری پێنەدراوە و حیجاب تەنیا وەک بابەتێکی سیاسی یان ئایینی باسی لێوە ئەکرێت.

ئەمە ڕاستییەکی بێ بەرودووا و حاشا هەڵنەگرە کە فیمینیزمی کوردی هێشتا توانای تیۆری و پراکتیکی ئەوەی نییە کە لە سەر زۆربەی کێشەکانی ژنان کە کێشەی سەرەکیشن لە نێو بەشێکی زۆری ژنانی کۆمەڵگەدا کار بکات و تیشکی کاری خۆی بخاتە سەریان.

## جیایی کاردانەوە و تیۆری فیمینیستی

فیمیستە کوردە کان هەتا ئیستا هەوڵیانداوە کە لە ڕێگەی وەرگێرانی بابەتگەل و کتێبە فیمینیستەکان لە ئینگلیزی و زمانەکانی تر بۆچوونە فیمینیستیەکان بناسێنن و لە سەر بنەمای ئەو بیرو بۆچونانە سەبارەت بە کۆمەڵگەی کورد و

بارودۆخی ژنانی کورد بۆچوون بدەن . سروشتیشە کە بابەتە وەرگێڕاوەکان هەموو زەمینەکانی بزوتنەوەی ژنان لە ڕۆژئاواش ناگرێتە بەر، وەرگێڕانی پچڕپچڕ لە ناوەڕۆکی ئەو دیالۆگە بەرفراوانەی فیمینیستی لە ڕۆژئاوا، هەندێک جار وێنەیەکی نادروست لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی فیمینیزم و خەباتی ژنانی ڕۆژ ئاوامان پێشان دەدات.

تەنانەت ئەگەر واش بزانین کە نیوەی بابەتە فیمینیستییەکان لە ڕۆژئاوا وەرگێڕاونەتەوە بەڵام هێشتا توێشوی تیۆری دان لە بارەی بزوتنەوەی ژنانی کورد زۆر ناتەواوە. بێ گومان جیاوازی نێوان مێژوی کورد و تەنانەت مێژوی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە گەڵ مێژوی ڕۆژئاوا جیاوازی زۆریان هەیە، کولتوور و داب و نەریت و شێوازی بیرکردنەوەی تاکی کورد و خەڵکی کورد لە گەڵ کولتوور و داب و نەریت و شێوازی بیرکردنەوەی تاک و خەڵکی ڕۆژئاوا زۆر زۆر جیاوازن. تەنات داخوازییەکانی ژنانی کورد لە گەڵ ژنانی ڕۆژئاوا جیاوازیان هەیە. بۆ نمونە گەورەترین کێشەکانی ژنانی کورد کێشەی فرە ژنی، کێشەی شەرەف و کوشتن لە سەر شەرەف و حیجابی زۆرە ملییە. بەڵام فیمینیزمی ڕۆژئاوا ئەو کێشانەی نەبووە و نییەتی و بۆیە تیۆرییەک و بۆچۆنێکی  لە سەر ئەو کێشانە نیە .بزوتنەوەی ژنانی کورد پێویستی بە وتوویژی بەر فراوان و لێکۆڵینەوەگەلی زانستیانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، پێویستیی بە تیۆریگەلێک هەیە کە هەڵقوڵاوی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردستان بێت. یان بە بۆچوونی تر فیمینیزمی خۆماڵی، دەتوانێت بە توێژینەوە و دیالۆگە تیۆریکییەکان شکڵ بگرێت.

بە گشتی تیۆری فیمینیستی هەنگاوێک لە پاشەوەی کردەوەی فیمینیستییەکانە. یان بە ڕوانگەیەکی خۆشبینانە تر دەتوانین بڵێین کە کردەوەی فیمینیستی هەنگاوێک لە  پێشەوەی تیۆری فیمینیستییە.


بێ گومان گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژنان گرێدراوی ڕاستەوخۆی لە گەڵ گەشەی وشیاری و تواناسازی و دارشتنی پرۆگرام هەیە. بە بێ هەبوونی ڕوانگەی ڕەگەزی ناتوانین چاوەڕوانی بارودۆخێکی باش بۆ ژنان بین. چوونکو بە بێ هەبوونی ڕوانگەی ڕەگەزی، هەر یەک لە  پرۆسەکانی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە بارودۆخی گشتیدا، هەنگاو بەرەو دیموکراسی و پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری ناتەواو و بێ کەڵک ئەمێنن. بۆ نمونە چارەسەری کێشە ئابووریەکان گرێدراوە بە هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە و ڕیال و لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا. واتە لە بەر چاو گرتنی بارودۆخی ڕەگەزی بۆ هێزی کار و دامەزران لە کۆمەڵگەدا و ڕێکخستنی بارودۆخی یاسایی و لایەنی مافەکانی نیوەیەک لە کۆمەڵگە و پێگەی ئەو نیوەیە لە نێو بازڕەکانی کاردا. پێویست بوونی ڕوانگەی ڕەگەزی تەنیا بۆ گەیشتن بە مافەکانی مرۆڤ و ڕزگاری ژنان لە توندوتیژی و جیاوازی نییە، بەڵکو بۆ زوربەی بابەتە نەتەوەییەکان، لە ئابوورییەوە بگرە تا تەندروستی و کێشە نەتەوییەکان و بەڕێوەبەرایەتی سیاسی گرنگە. بەم شێوە ڕوانگەی ڕەگەزی بۆ پێشکەوتن لە هەموو گۆڕەپانە

کۆمەڵایەتیەکاندا خاوەن ڕۆڵێکی ستراتیژیکیە.

جێی ئاماژەیە کە لە بەرامبەر ڕوانگەی فیمینیستیدا، ڕوانگەیەکی دژە فیمینیستیش هەیە کە بە توندی ئەکتیڤە و خەریکی دەرخستنی تیۆرین بۆ ئەو دژبەرایەتییە. ئەم دژبەرایەتییە زۆرتر لە لایەن بزوتنەوە توندڕەوە ئیسلامییەکان و کەسانی نەریتخوازەوەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە سەکۆگەلی جیاواز هەوڵ ئەدەن بە تەواوەتی بە پێچەوانەی تیۆرییە فیمینیستییەکان تیۆری دەرخەن کە ئەم ڕاستییە پێویستیی ڕوانگەی ڕەگەزی زۆرتر ئەکات.

ماڵپەڕی: یەکێتیی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٢

# چۆن لە فێمینیزم بڕوانین




**تریفە عەلی**

بیری فێمێنزم یەکێکە لەو بیرانەی کە لە گەڵ سەرهەڵدانی شەپۆلە جیاوازەکانی فێمینیزم و گۆڕانی داواکاریەکانی ژنان ئەویش گۆڕانی بە سەردا هاتوە، بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی فێمینستە لیزبیانەکان (feminist lesbian)، (واتە ئەو خانمانەی کە پیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان، سێکسیەکانیان و خۆشەویستیەکانیان لە گەڵ هەمان ڕەگەز ڕێک دەخەن.)

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠و کۆتاییەکانی هەشتاکان. ئەو خانمانەی کە هەڵگری ئەو بیرە بون، پێیان وابوو سەر چاوەی ئازارەکانی ژنان پیاوانن یان ڕەگەزی نێر. لێرەوە ئەو گرووپە لە خانمان بە شیوەیەکی جدی ڕەخنەی ئەو پەیوەندییان ئەگرت کە بە پەیوەندی هێترۆسێکشواڵی (Heterosexuality)ناسرابوو، واتە (ژیان لە ناو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا کە پیوەندی سێکسی وخۆشەویستی لە گەل هەمان ڕەگەزدا ڕێک دەخرێت). پرۆسەی هاوسەرگیری ڕەتدەکەنەوە لە گەڵ ڕەگەزی برانبەردا، چوونکە لە دیدی ئەوانەوە لە نێو ئەم پیوەندیەدا جۆرێک لە دەسەڵاتی هیرارکی بوونی هەیە و پیاو تێدا سەنتەرو بڕیاردەرە، وە بە پێچەوانەشەوە ژن پەراوێزەو خاوەنی هیچ بڕیارێک نیە. ئەوان لە پاڵ ڕەخنە توندەکانیان لە بیری ماسکوولانێتی،(Masculinity) (واتە ئەو بیرەی کە سەنترالێەتی پیاو لە کۆمەڵگادا فەراهەم دەکات). وکەپیتالێزم، لە گەڵ ئەوەشدا ئەم گرووپە لە خانمان وەک کۆمەڵێک ژنی تورە ناسرابوون کە ڕقیان لە پیاوانە.

سەرچاوە
Serchawe

بوونی ئەم تێڕوانینە لە ناو شەپۆلەکانی بزووتنەوە فێمینێزمدا بەهانەییەکی گەورەی دایە زۆرینەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگایی خۆرئاوا بە جیاوازی تێڕوانین و ئاستی ڕۆشنبیریان،کە ئەو خانمانەی لە ناو ئەم بزووتنەوەیەدا کار دەکەن، بەوە تۆمەت باربکرێن کە کۆمەڵێک ژنی تووڕەن و بیری دژایەتی کردنی ڕەگەزی نێر لە کۆمەڵگادا دەچێنن.

کورتکردنەوەی بزتنەوەی فێمینیزم و بیرەکانی فێمینیزم لەم تاک ڕەهەندەدا، وای لە خانانمانکرد بەتایبەت لە باری تێۆرییەوە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بزوتنەوەکە و بیرەکانی فێمینیزم بکەن. ئەمە سەرەڕای سەرهەڵدانی کۆمەڵێک شەپۆلی تر کە کەوتنە ڕەخنەکردنی سیستمی پەتریارکی و کەلتووری مەسکولینیتی لە زۆر ڕوووەو. بزتنەوەی فێمینیزم هەر بەوە نەوەستا، بەڵکو بووە بابەتێکی گرنگی نوو سینیی زۆریک لە ژانرە ئەدەبیەکانی وەک ڕۆمان، چیرۆک،فیلم، شانۆو گۆرانی.

لە سەر ئاستی ئەکادیمی لە زۆرێک لە زانکۆکانی دنیای خۆر ئاوا تێزەکانی فێمینیزم ئەخوێنرێت. بیرەکانی فێمینیزم .هەر بەوە نەوەستاوە کە ببێت بە بابەتی ژانرە ئەدەبیەکان و وەک تیۆرە لە ناو دامەزراوە ئەکادیمیەکان بخوێنرێت، بەڵکو بووە بە شێوە ژیان و ئاکاری و دونیابینی زۆرێک لە خانمان. بە مانایەکی تر، ئەمرۆ زۆرێک لە خانمان سەر بە مەدرەسە جیاوازەکانی فێمینیزمن.

یەکێک لەو خانمە بیرمەندانەی کە هەوڵی دا تێگەیشتنێکی نوێ لە بارەی تێزەکانی بیری فێمینیزم بەرهەمبهێنێت( Bell Hooks). ئەم خانمە سەرەتا هەڵدەستێت بەسەر لە نوێ پێناسەکردنەوەی بیری فێمینیزم. ئەوپێیوایە بیری فێمینیزم، بیرێکە کە هەوڵ ئەدات بۆ کۆتایی هێنان بەسێکسیزم(Sexism)،هەروەها بیرێکە هەوڵدەدات بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە(Oppression، بەکاربردنی ڕەگەزی مێ بۆمەرامی سێکسی. ((Sexist exploitation لە دیدی ئەم خانمەوە کارکردن بۆ ڕووبەڕوبونەوە و کۆتاییهێنان بە بیری هەڵاواردنی ڕوگەزی، یەکێکە لە بیرە بنەماییەکانی بیری فێمینیزمی. واتە هەر کلتورێک، ڕۆشنبیرییەک، ئاینێک، شێوە ژیانێک کە کاربکات لەسەر جیاوازیکردن بەشێوەیەکی نێگەتیفانە لە نێوان ڕەگەزی نێرو ڕەگەزی مێ بە بیری ماسکولینیتی ناو دەبرێت. ئەم بیرەش لە هەر پانتاییەکی جوغرافیدا بوونی هەبێت، زۆربەی پانتاییەکانی تریش بۆ خۆی رکێف دەکات، وەک بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی، یاسایی، ئابووری و ڕۆشنبیری...هتد. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگاییەکمان بۆ بەرهەم دێت کە پێی دەوترێت .(Man Domination) واتە کۆمەڵگایەک کە تیدا پیاو سەردارە لە سەر هەمو شتێک.

هەربە ڕایی ئەو خانە، ئەو شێوە ژیانە، واتە بیری مەسکولانێتی کە بووە بە بەشێک لە مۆڕاڵ و هەروەها بەشی هەر گەورەی هەست ونەستی ئێمە داگیر دەکات. هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان پێکدەهێنێت. لێرەوە زۆر گرنگە ڕووناکبیران و

فێمینیستەکان هێواش هێواش پاشەکشە بەو بیرانە بکەن و لە شوێنیاندا دنیابینی و مۆڕاڵی ڕۆژانەمان بە بیرەکانی فێمینیزم بارگاوی بکەین. واتە بیرەکانی فێمینیزم بکەینە شێوە ژیان. هەڵسوکەت و مۆڕاڵ و هەست و نەستمان بە بیرەکانی فێمینیزم پڕبکەینەوە. دنیابینی فێمینزم تەنها مۆدێلێک نیە لە ژیان کە تایبەت بێت بە ژنان وەک زۆریک لە پیاوان ئەڵێن ئەوە کاری ژنانە، بەڵکو ئەوە کاری هەموو مرۆڤێکی ئازادی خوازە. کاتێک دەتوانرێت بە ژیان بووترێت گۆڕان تیدا ڕوداوە وکەمێک مرۆیی تربوە کە بیرەکانی فێمینیزم بوونەتە دنیابینی زۆرینەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا.

زۆرن ئەو پنتانەی کە لە کۆمەڵگایی ئێمەدا بیرەکانی ماسکولینیتی تێدا پیادە دەکرێت. لەوانە خێزان، تاکە فۆڕمێکە کە مرۆڤەکان لە سایەییدا دەتوانن پەیوەندیە کۆمەلایەتی وخۆشەویستی و سێکسیەکان ڕێکبخەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دامەزراوەیە تاکو ئستاش لە کۆمەڵگایی ئێمەدا دامزراوەییەکی تەواو پیاوانەی هیرارکیە کە دەسەلات تێدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە دەستی نێرەکانی خێزاندایە. لەم دامزراوەیەدا کارەکان ناو ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکی سەرەکی ژنە. لێرەوە دەبینین دامەزراوەی خێزان زۆر باش کار لەسەر جیاکردنەوەو هەلاواردنی ئەو دوو ڕەگەزە دەکات و چۆن کارەکان بە پێی ڕەگەزەکان دابەشکراون. بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوەیە کەمێک مرۆیتربێت ئەبێت هەوڵبدرێت بە بیرەکانی فێمینیزم لۆدبکرێن. واتە دامەزراوەی خێزان لە دامەزراوەیەکی ماسکولینیتی بگۆڕێت بۆ دامزراوەیەک کە لە سەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی دامەزرابێت و ژن و پیاو تێدا خاوەنی بریار بن. چۆن ژن لە گەڵ ئەو هەمو گرفتانەی کە ڕوبە ڕوویبوونەوە کاتێک بریاری دا بەژداری ژیانی گشتی بکات، واتە کار بکات و بەژداری بە دەست هێنانی بژێوی و ئابووری خێزان بکات و ئە و بۆچونەی ڕەتبکردەوە کە پێی وابوو ژن ناتوانێت کاری ئینتاجی بکات. زۆر گرنگە ئەمڕۆش پیاوان ئەو هەنگاوە بنێنوو بە شەرمی نەزانن کە لە ماڵەکەی خۆیاندا کاری ماڵ ئەنجامبدەنوو بەژداری بکەن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. وە ئەو بۆچوونە ڕەتبکەنەوە، کە پێی وایە کاری ئنجابی تەنها کاری ژنانە.

جگە لە مانەش، دوورکەوتنەوەی لە توندو تیژی جەستەیی و ڕەمزی، هەروەها بە هەند وەرگرتنی ڕابۆچوونی ژنانو، وا سەیر نەکرێن کە بوونەوەرێکن سرووشت تەنها بۆ کاری سێکسی خووڵقاندوونی، هەوەها پیاو کاتێک لە گەڵ خێزانەکەیدا دەچێتە دەرەوە بە شەرمی بزانێت کە شان بەشانی ژنەکەی بڕوات وپێی وابیت ئە بێت چەند هەنگاوێک لە پێش ژنەکەییەوە بڕوات. ئەمانەو دەیان وردەکاری تری ژیان، واتە لە کوێدا بینیمان ڕەگەزێک زاڵە بە سەرڕەگەزەکەی تردا، زۆر گرنگە کە ئەمە بووەستێنریت و ئەو لاسەنگیە لە کردەکانماندا بە هاوسەنگی و دونیابینی فێمینیزمی پڕبکرێتەوە. ئەمانەی ئێستا ئاماژۆمان پێکردن زیاتر پەیوەستن بە مۆڕاڵ و کردەی مرۆڤەکان لە چوار چێوەی ماڵ وخێزاندا. چۆن گۆڕان لە ژیانی تایبەتیدا گرنگە بە هەمان شێوەش لە ژیانی گشتیدا گرنگە. بۆ نموونە، سێنترالێەتی پیاو، زۆر گرنگە ئەو بۆچوونە باوە بگۆڕیت کە پێی وایە پیاو بوونەوەرێکی بالاو ئەسیلە، بۆیە دەبێت ئەو پێشەوابێت لە زۆرێک لە بوارەکانی ژیاندا، لە وانە


سیاسەت، کاری بەڕێوەبردن، بواری ئابووری و بەرهەم هێنان وبواری ڕۆشنبیری و.. هتد.

سەرەڕایی ئەمانە بیری مەسکولینیتی لە زۆر شێوێن و حاڵەتدا بوونی هەیە لە کۆمەڵگایی ئێمەدا. لە وانە وینەی سەر دیوارەکان، پەیکەری ناو پارکو شوێنە گشتیەکان هەموویان گووزارشت لە وجودی پیاو ئەکەن. پاڵەوامەکان، قارەمانەکان و زانستخوازۆکان لەم وڵاتەی ئێمەدا هەموویان پیاوبوون وژن لەم شتان هیچ پشکێکی بەر نەکەو توە.

ئەم خانمە بۆ جێکەوتەکردنی ئەو بەهایانە و کەلتوور فێمینیزمی کە ئاماژۆمان پێدان لە ژیاندا داوای کارکردنمان لێدەکات بۆ فەراهەمکردنی پرۆسێسیک کە پێی دەوترێت کۆنشیەسنێس رەیزینگ (Consciousness rising). واتە کارکردن بۆ بەرزکردنەوەو گۆڕێنی ئەو ڕۆشنبیرییە ماسکولینتەی کە نەستی کۆگەلی ئێمە پێک دەهێنێت. دیارە ئەم کارە پێویستی بە کەسانی ئازادی خوازو خانمانی فێمینست هەیە، ئەگەر چی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژمارەیەکی زۆر ڕیکخراومان هەیە، بەڵام ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوانە مەرج نیە فێمینیزم بن. مێبوون ژن بوون، تەنانەت ئەو ژنانەی کە لە ڕێکخراوەکان کاردەکەن وهاتوو هاواری ئەوەدەکەن کە بەرگری لە ژن دەکەن مەرج نیە فێمینیست بن. ئەو خانمە پێی وایە کە فێمینیستی سیاسی ڕاستەقینە، هەمیشە لە کەلەپچەوە دەمانباتە ئازادی، لە نەبوونی
خۆشەویستی بۆ خۆشەویستی، لە کاتێکدا بەبێدادپەروەری خۆشەویستی بوونی نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانپۆست - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوولای ٢٠١٢

# فوکۆ و فێمینیزم!



سەعید شەمس

لە سەرجەمی کارەکان و هزری میشێل فۆکۆ، فیلسووف فرانسەیی، بە دەگمەن باسی ژنان و مافی ژنان کراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا، بۆچوون و تئۆری فۆکۆ کارگەرێکی دیاریکراوی لە سەر پەرەسەندنی تئۆری فێمێنیستی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەوڵاوە هەبووە. کەیت سووپر فیلسووفی فێمینیستی بریتانیایی لە سەر ئەو بارەیە کە بەدەر لە تێکەڵاوی زۆر کەمی فۆکۆ لەگەڵ جووڵانەوەی ژنان، لە بەراوەرد لەگەڵ دەریدا و لاکان کە زۆریان لە سەر ژن نووسیەوە، کارەکانی فۆکۆ "زۆر کەمتر هەڵگری بۆچوونی ئۆبژێکتیوی پیاوەمەدارانەیە".

چۆن دەکرێ کارگەری بۆچوون و هزری فۆکۆ لە سەر تئۆری فێمینیستی باس بکرێ؟ یەکەم، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێک لە بیرمەندانی فێمینیستی و مافی ژنان ئانالۆژی فۆکۆ لە کێتیبەکانی 'دیسیلین و سزادان" و بەرگی یەکەمی "مێژوویی سێکسیوالیتە"، وەک سەر چاوەیەکی باش و مێتۆدیکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی تئۆری فێمینیستی نرخاند و کەڵکیان لێ وەرگرت.

کتێبی "دیسیپلین و سەزادان" وەک دەزانین سەرەتا بە گێرانەوەی وردەکارییەکانی سزادانی تواوانبارێک بە شێوازیەکی ئاشکرا و لە بەرەمی کۆمەڵانی خەلک لە ساڵی ١٧٥٧ لە پاریس دەست پێدەکا. فۆکۆ هەوڵدەدا لە رەوایەتی دوبارەی ئەو رووداوە، دەرفەتێک پێکبێنێ بۆ بەراوەردکردن لە نێوان شێوازی سزادانی نەریتی و سیستمی مێتۆدیکی سزادان و زیندانی کردنی سەردەمی مۆدێرن. لە رەوایەتێکی مێژووییدا، فۆکۆ دەڵێت کە شێوازی سزادانی و ئەشکەنجەکردنی ئاشکرایی پێش

مۆدێرن جێگـایی خـۆیی داوە بە سیسـتمی شـاراوەی سـزادان و زینـدانی کـردن سـەردەمی مـۆدێرن کە گۆیـا ئامـانجی نەک تۆڵەکردەنەوە لە تاوانباران بەڵکوو دووبارە پەروەردەکردنی و بە هـاووڵاتیکردنی تاوانبـاارانە. هەر بـۆیەش ئەو تیۆرِوانینە قەنـاعەتێکی لە نێـو رایـی گشـتی سـاز کـردووە کە سیسـتمی تـازە زۆرتـر مرۆڤـوانتر و کەمتـر سـتەمکارانەیە. بەڵام فۆکـۆ پـێچەوانەکەی دەسـەلمێنێ. لە روانـگەی فۆکـۆوە، کۆمەڵگـایی مـۆدێرن و شـێوازی هەلسـووکەوتی دیسـیپلینی کەشـف کـراوی سـەرەمی مـۆدێرنیتە راسـتە زۆرتـر شـاراوەیە، بەڵام کـارگەرێکی بـێ سنووری هەیە لە سـەر مـرۆڤ و ئـازادی شـارومەند. بە بـاوەری فۆکۆ ئەو شێوازە لە کۆنتێرۆڵ کردنی لەش و مێشک تەنیا لە زیندان پەیرەو ناکرێ، بەڵکوو سەرتـاسـەری بەشـەکانی کۆمەڵگایی وەک: سەربازخانە، قوتابخانە، کارخانە و ناوەندەکانیتر کارکردن، تەنیوەتەوە. فۆکۆ لە سەر ئەو بـاوەرەیە کە هەڵسـووکەوتی دیسـیپلینی کۆمەڵگـایی مـۆدێرن لە رەوتێکـی مێژوویـدا زاڵ دەبـێ و بەهاکـانی دەبـن بە نـۆرمی دەروونـی شارومەندان، هەربۆیەش شارومەندان خۆیان وەک پولیس بەردەوام چاوەدێری خۆیان دەکەن.

لە مێژووی سێکسیوالیتە- بەرگی یەکەم، فۆکۆ باس لەوە دەکا کە چۆن لە کۆمەڵگایی پێش مۆدێرن و نەریتی، خزمـایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دیارکەری هاوسەرکردن و سازکردنی بنەماڵە بـوون. بە واتـایەکتر هاوسـەری کردنی لە سەر بنەمای خزمایەتی، پەیوەنی قەومی و عەشیرییەتییە دروست دەبوو. مەبەست و فۆنکسێۆنی هاوسـەریکردن و بنەمـاڵە دروستکردن لە نێو چین و توێژەکانی دەستەڵاتدار زۆرتـر پاراستنی نێوو سەروەت و سـامان بنەمـاڵە، و مـالێکییەت بـوو. بەڵام لە سـەدەی هەژدەدا بەئەولاوە ئـاپاراتێکی تـازە هەنگـاو بە هەنگـاو خـۆی ئـاوێتەی ئەو سیستەمە کۆنە دەکـا. فۆکۆ ئەو ئـاپاراتە وەک "پەرەسەندنی سێکسیوالیتە" ناوزەدە دەکا. فۆکۆ پێی وایە کە هاوسەری تـاکژنی و هیترۆسێکواڵ کە گۆیا دەبێ لە سەر دوو کـۆڵەکەی 'ئەویـن' و 'خۆشەویسـتی' وێنـا بکـردرێ، دەبێـتە سـەرچاوەی شـیوازێکی تـازەتری چـاوەدێریکردنی مرۆڤەکـان. ئەو شێواز لە هاوسەری و سازدانی بنەماڵە کە لە سەدەی ١٨ بەئەولاوە دەبێ بە نۆرمی زاڵ بە گوتەی فۆکۆ خۆیی بەرهەمی زاڵ بوونی گوتاری سێکسیواڵیەیە. ئەو شێوازە لە بنەمـاڵە لە سەرەتا لە نێـو چینـی بۆرژوازی رەچـاو دەکـرێ، بەڵام دواتـر چینی کریکاریش هەنگاو بە هەنگاو پەیرەوی دەکەن.

بە کورتی، فۆکـۆ دەڵێت ئەو گۆرانکـارییە لە سـەدەی ١٨ و ١٩ لە رۆژئـاوا سـەریهەڵدا و بـۆ بە نـۆرمی سـەرەکی، ئەنجـامێکی بنەرەتی و چاوەروانەکراوی بۆ کۆمەڵگایی مرۆڤوایەتی لێکەوتەوە و بەشێک لە ئاکامەکـانی ئەو پەرەسـەندە چاوەروانەنەکراو بوون. بۆ وێنە بنەماڵەی مۆدێرن کە لە سەرەتا هیوای ئەوە هەبوو کە بە پێچەوانەی بنەماڵەی پێش مۆدێرن لە تەنیا سەر بنـاغەی ئەویـن و خۆشەویسـتی دوو مـرۆڤ سـازبکردرێ، بەڵام دەرکەوت کە شـان و بـاهۆی بنەمـاڵەی مـۆدێرن تـاقەتی هەڵگرتنـی ئەو بـار و ئەرکـانە کە لە سـەردەمی مـۆدێرنیتە بـۆ دیـاری کرابـوو، نییە. هەر بـۆیەش، دەرگـای بنەمـاڵەی دەکرێتەوە بۆ چاوەدێری کۆمەڵێک پسپۆری کۆمەڵایەتی وەک دەروونـانس، قەشە، دوکتر خێزانی و هتا. و لە ناکاو کۆمەڵێک

سەرچاوە Serchawe

دیاردەی 'نانۆرماڵی' کۆمەڵایەتی کەشف و پێناسە دەکردرێن و پسپۆرانی کۆمەڵایەتی وەکاردەکەون بۆ یارمەتیدانی مرۆڤە نانۆرماڵەکان تا ئەوان بێنەوە سەر خەتی راست و نۆرماڵ. چەمک و دەستەواژەکانی دوو فاقەیی وەک: نۆرمال - نانۆرماڵ، یاسایی - نایاسایی، ساخ - نەخۆش، ئاقڵ - شێت، نێرینە - مێیەنە، هتا جێگایەکی دیاریکراویان لە گۆتارەکانی سەردەمدا پێدرا.

لە لایەکیترەوە، دەستەیەکتر لە بیرمەندانی فێمینیست، زۆرتر جەخت دەکەن لە سەر چەمکی 'تێکنۆلۆژیەکانی بوون' ی فۆکۆ. فۆکۆ لە سەرەتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا کۆچی دوایی کردنی کەمتر باسی لە فۆرمی زاڵبووی دەستەڵات و تێکنۆلۆژی دەستەڵاتی دەکرد و تا بتوانێ سرنجی خۆی بۆ چەمکی دیفیوزی دەستەڵات تەرخان بەکا. ئەو چەمکە زۆرتر سرنجمان بۆ چۆنایەتی بەرهەم هێنانی دەستەڵاتی لە رەوتی هەڵسووکەوتەکانی کولتوری و کۆمەڵایەتی رادەکێشی. ئەو چەمکەی دەستەڵات ئەوە دەسەلمێنی کە مرۆڤ و یان تاک تا رادەیەک هەڵگری ئۆتۆنۆمییە لە ژیانی رۆژانەدا. خەلک کۆمەڵێک هەلسووکەوتی تایبەت و دیارکراو لە سەرجەمی نەریتە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان ژینگەی خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بۆ قازانج و بەرژەوەندی رۆحی و مادی خۆیان بیانگۆرن، بۆ ئەوەی "ژیانی خۆیان لە چوارچێوەیەکدا بەرێوە بەرن کە کۆمەڵێک بەهای جوانناسانە (ئێستێتیک) رووبەرووی کۆمەڵێک پێوەری ستایلی دیاریکراو دەبن."

لۆیس مەکنای دەڵێت کە بیری تێکنۆلۆژی بوون چەمکێکی یارمەتیدەرە بۆ سیاسەتی جیوازی فێمینیستی بۆ ئەوەی کە رێگر بێ لە سەیرکردن ژنان وەک "قوربانیانی بێ دەستەڵات و بێ گۆناحی سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی باوکسالاری".

بەگشتی دەکرێ بەڵێین کە چۆن مارکسیزم دوەری گێراو کە گواستنەوەی لە شەپۆلی یەکەم بۆ شەپۆلی دووەم لە مێژووی بیری فێمینیستی کاتێ تئۆری فێمینیستی رووبەرووی ئەو گۆگرانکارییە بەبووە کە چیتر خۆی لە چوارچێوەی تئۆری ماف قەتیسماو رانگرێ، بە هەمان پێوەر فۆکۆ کە ڕوانگەیەکی زۆر جێوازی لە مارکسیزم و سایکۆئانالیزم لە پێناسەی مۆدێرنیتە فۆرمولە کرد، دەوری هەبووە و هەیە لە پەرەرسەندنی ئەو دوایییانەی تئۆری فێمینیستی. چونکە تئۆری فێمنیستی تا رادەیەکی بەرچاو لە سەر ئێپیستیمەی ئەو دوو قۆتابخانەیە، مارکسیزم و سایکۆئانالیزم، لە نیوەی ئەوەلی سەدەی بیستەم پەرەی سەندەبوو. هزری فۆکۆ یارمەتیدەری فێمینیزم بۆ لە خۆی لە دێتیرمینیزمی ئابووری و ئەزموونی مندالی رزگار بەکا.

ئەڵبەت، لێرە و لەوێ شێوازێک لە دژبەری لە نێوان روانگەی فۆکۆ و هیندێک لە بیرمەندانی فێمینیست دەبیندرێ، و ناتوانین بەڵێین کە هەموو کارەکانی فۆکۆ لە لایەن فێمینیستەکانوە بە ئەرینی بەراوەرد دەکرێ. بۆ وێنە نانسی فێرەیزەر

ئاماژە بە نارروونی و لێڵی چەند لایەنی لە چەمکی دەسەڵاتی فۆکۆ دەکا و دەڵێت کاتێ فۆکۆ جەخت دەکاتە سەر ئەو راستییە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی هەموو تاروپوودی ژیانی کۆمەڵایەتیان تەنیوەتەوە، ئەو ناراستەوخۆ "زانست، هەڵسەووکەوتی کۆمەڵایەتی و کولتوری ئازاد لە دەستەلات بە نامومکن دەبینێ". و یان کەیت سووپێر، هاوکات لە گەڵ بەرز نرخاندنی دەوری ئەرینی تئۆری فۆکۆ، دەڵێت کە فۆکۆ لە مێژووی سێکسیوالیتە بە تەوایی "تێروانینێکی تاکی و خۆشیفتە لە چەمکی رزگاری وێنا دەکا" کە بە ئاسانی لەگەڵ ناکرێ هاوتەریب بێ لە گەڵ چەمکی رزگاری فێمینیستی، بەلکوو شێوازێکترە لە رەوایەتی "ناسراو و بە تاک ماوەی تئۆری لیبراڵ".

بەڵام بەدەر لەو رەخنانە کە ناکرێ بە گرینگێیان نەزانین، لە باری ئەرینێ وە دەتوانین هاودەنگی فۆکۆ و تئۆری فێمینیستی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئەو چەند تەوەری خوارەوە دەست نیشان بکەین:

١) لە روانگەی تئۆری هەر دوو بۆچوون لەشی مرۆڤ دەکرێ وەک بوارێکی دەستەڵات بەبیندرێ، بوارێک کە تێیدا پەیوەندییەکانی باڵادەستی وێنا و ژێردەستی تێیدا پەیرەو دەکرێ؛

٢) هەر دوو بۆچوون، بە تۆکمەیی ئاماژە بە ئۆپراسیۆنی دەستەڵات لە هەموو بوارەکانی ژیان وەک بنەماڵە، ئابوور، یاسا، ئەدەبیاتو هتا، دەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا، سرنجی سەرەکی خۆیان بۆ پێناسەی دەستەڵات لە سەربنەمایی بەشەکانی ماکرۆیی دەستەڵات وەک دەوڵەت و سەرمایە تەرخان دەکەن؛

٣) هەر دوو ترادیسیۆن باس لە دەوری سەرەکی گوتار لە پرۆسەی وێناکردنی دەستەڵاتی هێژمۆنیک دەکەن و هەروەها بایەخیکی گرینگ دەدەن بە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی لە ریزی تۆیژەکانی کۆمەڵایەتی پەراوێزە و بەشێکی هێزی فکری خۆیان بۆ پێناسەی ئەو هێزە تەرخان دەکەن.

## سەرچاوەکان

1. Soper, Kate (1993) “Productive Contradiction,” in Ramazanglu, 29-50
2. Bartky 1990; Bordo 1988; Deveaux 1994; Sawicki 1988; Heckman 1990; Butler 19990.
3. The invented discipline
4. Monogamous
5. The technologies of Self

6. Foucault, M (1985) The History of Sexuality, vol. 2 The Use of Pleasure, Trans. Robert Hurley, Vintage,. 10-11

7. McNay, Lois (1992) Foucault and Feminism: Power, Gender, and the Self, Cambridge: Polity Press,

8. Fraser, Nancy (1989) Unruly Practices: Power, Discourse, and Gender in Contemporary Social Theory, 29

9. Soper, Kate, هەمان سەر چاوە، ل

سەرچاوە:

سەرچاوە: ماڵپەڕی تریبونی فێمینیستانی کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٢

---

# فیمینیزم و فیلم



نووسینی : سارا تۆرنهام

و: جەمشید بەهرامی

(بەشی یەکەم)

ژن لە فیلمدا دیمەنێکی ئیرۆتیکە و نەک نابێتە هۆی بەرەو پێش چوونی ڕەوتی گێڕاننەوە، بەڵکوو ئەو رەوتەش ئاڵۆز دەکات، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو کێشەیە دەبێت چێژە سینەماییەکان بڕووخێنرێت.

دوو ساڵ دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکانی "سیاسەتی رەگەزی" بەرهەمی کیت میلت، "دیالکتیکی سێکس" بەرهەمی شولامیت فایراستۆن، "نێرەمووکی مێیینە" بەرهەمی جێرمین گریەر، و گوڵچینی ئەدەبی "پێوەندی خوشکایەتی بەهێزە" بەرهەمی رابین مۆرگان؛ لە ساڵی ١٩٧٢دا یەکەمین ژمارەی گۆڤارێکی ئەمریکی لە ژێر ناوی "ژنان و فیلم" بڵاو بوویەوە کە خۆی بە بەشێک لە شەپۆلی دووهەمی فمینیزم دەزانی.

لە یەکەمین وتاری سەرنووسەردا ئاماژە بەمە کرابوو: "لەم گۆڤارەدا، ژنان لە وێنەی بەشێک لە بزووتنەوەی ژنان، لە سەرکوتی سیاسی، دەروونی، کۆمەلایەتی و ئابووری ژن بەئاگان.

خەبات لە هەموو هێڵە پێشەنگەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا دەستی پێکردووە و ئێمەیش لە بواری دیمەنی ژن لە فیلمدا و رۆڵی ژن لە پیشەی فیلمسازیدا چالاکی دەکەین - چۆن دەچەوسێینەوە و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕ هێنان بە سەر روانینی پڕ لە سوکایەتی و دژە ئەخلاقی چینی دەسەڵاتدار لە هەمبەر ژنان و کەسە سەرکوتبووەکانی دیکەدا-".

لە درێژەی وتارەکەدا ئاماژە دەکرێت کە: لە پیشەی فیلمسازیدا ژنان سەرکوت دەکرێن (سکرتێر، خزمەتکار، بەردەست)؛ لە رێگەی بە کار هێنانیان وەک بەستەبەندیگەلی وێنەیی سەرنج راکێش (ئۆبژەگەلی جنسی، قوربانی یان خوێنمژ) هەروەها لە نێو تیۆری فیلمدا لە لایەن رەخنەگرانەوە ژنان سەرکوت دەکرێن؛ کاتێک کە لە دەرهێنەرانێک لە وێنەی هیچکاک و سیرک بە هۆی ئاڵۆزی یان دۆخگەلێکی تێکەڵاو بە تانەوە یان بە هۆی فرەخوازی جگە لە ماکی سەرەتایی فیلمەکانیانەوە رێز دەگرن(کە زۆرجار دیمەنی ژنی خاکەسار یان گریان بەرجەستە دەکەنەوە).

**بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە سێ ئامانجیان هەیە:**

ئاڵ و گۆڕ کردنی رەوتی فیلمسازی، کۆتایی هێنان بە ئایدۆلۆژیا و کلێشەسازی سەرکوتکەر، و ئافراندنی جوانیناسی رەخنەیی فمینیستی.

لە روانگەی ئەوانەوە ئەم سێ ئامانجە لە یەک جوێ ناکرێنەوە، بەم پێیە لە ئاوەها هەل و مەرجێکدایە کە لە وێنەی کردارێکی سیاسی پێویست؛ گرژی و مشت و مڕی فمینیسم لەگەڵ بابەتی فیلمدا، دەست پێدەکات.

ئێمە بە بێ ئەوەی ئامرازێکی لێکدانەوەیی بە دەستمانەوە بێت ناتوانین ئاڵ و گۆڕ کردنی ئوستوورەکان و رەوتەکانی هەبوو دەست پێبکەین؛ لە سەردەمی سیمۆن دۆبوار بە دواوە بوو کە فمینیستەکان سینەمایان لە وێنەی هەڵگری تایبەتی ئوستوورە کەلتووریەکانی سەردەم دەستنیشان کرد.

سیمۆن دۆبوار لە کتێبی "رەگەزی دووهەم "دا دەنووسێت لە رێگای ئەم ئوستوورانەوە لە ئایینەکان، داب و نەریتەکان، زمان، چیرۆکەکان، ئاوازەکان و فیلمەکاندا ئێمە هەبوونی دنیایی خۆمان لە وێنەی ژن و پیاو نەک لێکدەدەینەوە بەڵکوو ئەزموونی دەکەین. سەرەڕای ئەوەی کە پیشاندانەوەی جیهان، هەر وەک خودی جیهان ئەرکی پیاوانە، ژنانیش بە ناچار دەبێت لە رێگای ئەو پیشاندانەوانەدا خۆیان ببیننەوە(پیاوان لەو روانگەی خۆیانەوە جیهان وەسف دەکەن و پێیان وایە ئەمە حەقیقەتی رەهایە).

سەرەڕای شیاویی پەسەندبوونی ئەو لێکدانەوەیەی کە یەکەمین سەروتاری "ژنان و فیلم" دەیخاتەڕوو، بەڵام پرسیارگەلێکی گرنگ لەو پێوەندیەدا گەڵاڵە دەکرێت.

- چ ئامرازگەلێکی لێکدانەوەیی باشتر لە خزمەتی ئامانجەکانی سیاسی بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکەدا دەبێت؟
- ئایا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەکرێ لە روانگەکانی بەدەر لە فمینیسم یان پێش فمینیستی کەڵک وەربگیردرێ؟
- پێوەندی نێوان چەشنە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت کە باس کرا، و پێوەندی نێوان چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئاڵ و گۆڕیی کە بە دیمەنی دەکێشنەوە لە چی دایە؟

- بە تایبەت ئەمەی کە پێوەندی روونی نێوان دیمەنەکان، پێشاندانەوەکان یان پێکهاتەکانی دیتنیسەرکوتکەر و نایەکسانیەکانی دنیایی کە ژنان (هەروەها کە کەسە سەرکوتبووەکانی دیکە) لە وێنەی بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەزموونی دەکەن چییە؟

- لە کۆتاییدا، دیتن چ پێوەندیەکی لەگەڵ سێکسوالیتە، توانا و پیاوەتی - ژنانەییدا هەیە؟

- بۆچی بڵاو بوونەوەی دیمەنەکانی جەستەی ژنان،خۆی وەک جۆرێک لە سەرکوت دێتە بەرچاو؟

بەڵام ئێستا دوای زۆرتر لە ٣٥ ساڵ، ئێمە بە پێچەوانەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان و فیلم، لە نێوان تیوری داڕێژەری فیلم و چالاکی سیاسی، لە نێوان تیوری داڕێژەر و ژنی ئاساییدا، لە نێوان ژنان و کەسە سەرکوتبووەکانی دیکەدا، لە نێوان تیوریسیەن - رەخنەگری فمینیست و فیلمسازی فمینیستدا، ناتوانین پێوەندیەکی راستەوخۆ ببینین یان ساتێکی ئارمانی بهێنینە پێش چاو کە لەودا "دیمەنی ژنان" رەنگدانەوەی راستیەکانی ژیانی ژنان بێت : پێشاندانەوە سینەماییەکان زۆر لەمە ئاڵۆزترن.

بەڵام پرسیارگەلێک کە لەم بارەیەوە گەڵاڵە دەکرێت، تەوەرگەلێکی موناقشەخولقێن پێک دێنن کە دەکرێ لە ساڵی ١٩٧٢ بە دواوە لە بەرهەمی فمینیستەکاندا سەبارەت بە فیلم ببینرێنەوە. ئینجا، لەو روانگەیەوە کە بەشێکی گرنگ لە پرۆژەی فمینیسم گۆڕینی دۆخی ژنان لە ئۆبژەیەکی زانستەوە بۆ سووژەیەکی بەرهەمهێنەر، و گۆڕینی زانستە، و لەو روانگەیەوە کە لە کولتووری رۆژئاواییدا دیتن رۆڵێکی گرنگ لە زانستدا دەگێڕێت، بە وتەی لاورا مالوەی : "بە درێژایی ئەم ساڵانەی دوایی سینەما مەڵبەندێکی سەرەکی بووە کە لەودا ململانێ فمینیستیەکان شەڕی لە سەر کولتوور، پێشاندانەوە و شوناس

کردووە".

بەم پێیە دڵەڕاوکێ سەرەتاییەکانی فمنیستە ئەمریکییەکان لە بازنەی پیشاندانەوە سینەماییەکان وەک دیمەنە نادروستەکان لە ژنان خڕبووەتەوە.

بابەتی شارۆن سمیت لە ژێر ناوی "دیمەنی ژنان لە فیلم دا: چەند پێشنیار بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو" لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "ژنان و فیلم" دا بڵاو بوویەوە؛ هەروەها لە "ڤینووسی پاپکۆرنی" بەرهەمی مارجۆری ڕۆزەن"، و "لە ڕێزەوە تاکوو دەست درێژی" بەرهەمی مالی هاکسێل؛ لە هەمووی ئەو بابەتانەدا لە ڕەوشت ناسی پێوانەیی کەڵک وەرگیراوە و ناوەندی هێرشەکانی ئەوان، پرسی "کلێشەی ڕۆڵی ڕەگەزایەتی"یە. ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان نەشیاو بوون و سەرکوتکەر بوونی پانتایی سنووورداری دیمەنەکانی ژنان لە فیلمدا ئاشکرا بکەن.

لەم خوێندنەوانەدا فیلمەکان پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانکارییەکان نیشان دەدەنەوە و هەروها بە پێی خەیاڵەکان و ترسەکانی بەرهەمهێنەرەکانیان(پیاوەکان) ئەم پێکهاتانە بە هەڵە نمایش دەدەن. کلێشەکانی بەرهەمی دەمارگرژیەکان و پێشداوەریەکانی بەردەنگە نێرەکان بە هێزتر دەکات، "تێگەیشتنی خود" لە ژناندا تووشی خەسار دەکات و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ژنان سنووردار دەکات.

ئەم نووسەرانە هەوڵ دەدەن کە توانایی پیشاندانەوە سینەماییەکان، بەو پێکهاتی کۆمەڵایەتیەی کە ئەم پیشاندانەوانە دەخولقێنێت و وەریدەگرێتەوە گرێ بدەنەوە، و لە سەر توانایی بەکۆمەڵی ژنان لە پێکهاتنی گۆڕاندا پێداگری دەکەن. بەم حاڵەش بێ بەش لە هەر چەشنە چوارچێوەیەکی تیوریکی پێشکەوتوون.

هەندێ جار پیشاندانەوە سینەماییەکان بەرهەمی پڕۆپاگەندەیەکی بە ئەنقەست دێنەوە بەر چاو و جاری وایش هەیە بەرهەمی خەیاڵپەروەریەکانی ناهۆشیارن.

کلێشە سینەماییەکان وەک بەرهەمی گریمانە ناهۆشیارییەکان دەستنیشان دەکرێن و تا ئەو ڕادەیە بنچێیان داکوتاوە کە بە سانایی و بە دامەزراندنی ژنانێکی زۆرتر لە پێگەکانی دەسەڵاتی پێشەی فیلمسازیشدا ناکرێ ئەو کلێشانە بگۆڕدرێن، بەم حاڵەشەوە دەکرێ بە هاندانی عەقڵانی و چاکسازی لەم کلێشانەدا،کۆتایی بە سووڕ خواردنەوەی بێ ئاکامی کاریگەرییە کەلتووریەکانی ئەم کلێشانە بهێنین.

بەڵام ئەم خوێندنەوانە خاوەنی چوارچێوەیەکی تیوریک نین کە بۆ روون کردنەوەی بەردوامیی و هێزی ئەم پیشاندانەوانە لە پێکهاتەبەندی تێگەیشتنی ژنان لە شوناس تواناییان هەبێت و لە هەمان کاتیشدا بۆ دەستنیشان کردنی ئەم پیشاندانەوانە لە وێنەی پێکهاتەیەکی کەلتووری و لە کۆتاییدا شیاوی گۆڕان تواناییان نییە.

بەڵام پێکهاتنی ئاوەها چوارچێوەیەک پێویستی بە گۆڕینی ناوەندی سەرنجەوە هەیە؛ گۆڕانی ناوەندی سەرنج لە پیشاندانەوەی نادرووستەوە (لە رێگای دیمەنە سەرکوتکەرەکانەوە) بەرەو شرۆڤەی ئەمەی کە سینەما چۆن مانا و چێژ بە شێوەیەک رێکدەخات کە ببێتە هۆی خولقاندن یان بە هێزکردنی شوناسەکانی رەگەزایەتی ئێمە. ئەم پرسە بە نۆبەی خۆی کاردانەوەگەلی وێرایی بۆ رەوتی فیلمسازی فمنیستی هەیە؛ دەبێت جگە لە خستنە رووی وێنەگەلی پۆزۆتیڤ لە ژنان ئەرکێکی گەورەتر بە ئەنجام بگەیەنێت، و ئەگەر هەوڵ دەدات پیشاندانەوە سەرەکیەکان بەرەوڕووی کێشە بکاتەوە، دەبێت رێگایەک بۆ رێکخستنی دووبارەی پێکهاتە چیرۆکین و دیدارییەکانی فیلمەکان بدۆزێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ کتێبی "یاداشت گەلێک دەربارەی سینەمای ژنان" بەرهەمی کلێر جانستۆن لە بریتانیادا چاپ کرا. جانستۆنیش لە وێنەی هاوپیشەکانی سەردەمی خۆی لە ئەمریکا، بە روونی هۆگرایەتی سیاسی خۆی ئاشکرا دەکات. ئەو دەنووسێ : "بزووتنەوەی ژنان هەر لە سەرەتادا بە بێ هیچ دوودڵییەک گرنگایەتی فیلمسازی لە تێکۆشینەکانی ژناندا قەبووڵ کرد. هەڵبەت دستنیشان کردنی هۆکاری ئەم دڵبەستە بوونە بە میدیا، زۆر دژوار نییە:

هۆکارەکەی بۆ ئاستێک دەگەڕێتەوە کە دیمەنی توندووتیژی رەگەزی و بورژوازی ئەزموون کراوە".

سەرەڕای ئەوەی کە رێدۆزەی ئەو - و فمینیستە بریتانیاییەکان- زۆر جیاوازە. جانستۆن دەنووسێت:

"ئەگەر بڕیار وایە کە رەخنەی فیلم قازانجێکی هەبێت، دەبێت تێگەیشتنێکی زۆرتر لە چۆنیەتی کارکردی فیلم بە دەستەوە بدات کە لە کۆتاییدا رووبەڕوو بوونەوەکەی بۆ فیلمسازی دەگەڕێتەوە".

ئەو بۆ بڵاوەپێدانی ئەم تێگەیشتنە لە گۆڕانکاری فیلمی ئەوروپایی و تیوری کەلتووریدا، لە پێکهاتەگەرایی و نیشانەشناسی، چەمکە مارکسیستیەکان سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا، و هەروەها لە تیوری دەروونشیکاری کەڵک وەردەگرێ.

لە ئاوەها رێدۆزێگەلێکدا بە پێچەوانەی رێدۆزی زانستی کۆمەڵناسی ئەمریکایی پێداگری لە سەر ئەوەیە کە، نابێت

پیشاندانەوە فیلمییەکان وەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە -بە واتا درووستەکەی یان گوڕینی واتاکەی- لە بەر چاو بگیردرێت. فیلمەکان دەقی سەرەکین(مەتن)؛ و بریتین لە پێکهاتە ئاڵۆزەکانی زانستی زماناسی و نیشانە دیدارییەکان کە بۆ درووست کردنی مانا تایبەتەکان ڕێکخراون؛ فیلمەکان بەس کۆمەڵەیەک لە دیمەنەکان یان کلێشەکان نین.

جانستۆن بەم شێویە بەڵگە دێنێتەوە: هەڵسەنگاندنی دیمەنە سینەماییەکانی ژنان بە پێی کەمتر یان زۆرتر ڕاستەقینەبوون یان ڕێژەی گۆڕینی واتاکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی تەوەری سەرەکی لە بەر چاو نەگیردرێ. فیلمەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنی هێما دیداریی و کەلامییەکانەوە مانا پێکهاتەبەندی دکەن. ئێمە دەبێ ئەم پێکهاتانەی نێو دەق شرۆڤە بکەین، چونکوو مانا لەم ڕێگەیەوە -و نە بە پێی دەسکاری و گۆڕانکاری ئاگاهانە— درووست دەبێ.

لە کۆدا بە پێی ئەوەی کە فیلمەکان هەڵگری ئایدۆلۆژیاکانن، دەکرێ ئایدۆلۆژیا لە وێنەی سیستەمێکی پیشاندانەوە، یان شێوازی دیتنی جیهان پێناسە بکرێت کە ئێمە پێمان وایە "سروشتی" یان "جیهانپۆش"ـە، بەڵام لە ڕاستیدا فیلم بەرهەمی پێکهاتەکانی هێز یان دەسەلاتێکی تایبەتە کە کۆمەڵگای ئێمە پێکدەهێنن. بەم پێیە هێمای "ژن" لە نێو ئایدۆلۆژیای پیاوسالارانە، یان دووچاوەکی ڕەگەزیدا بە واتای خۆی دەگات. واتاکەی لەم پێکهاتە و مانایانەوە کە درووستی دەکات سەرچاوە دەگرێت. بەم پێیە هەڵسەنگاندنی ئەو کلێشانەی کە لە ژنان لە فیلمەکاندا دەخرێتە ڕوو، لەگەڵ ڕاستیەکانی ژیانی ژناندا ئاکامێکی نییە: ئەم ڕاستیە لە نێو پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژیکی لێکچوودا بوونی هەیە.

ئێمە دەبێ چۆنیەتی کارکردی هێمای " ژن " لە نێو دقی فیلمێکی تایبەتدا شرۆڤە بکەین؛ واتە دەبێ بزانین هەڵگری چ واتاگەلێک،حەزگەلێک یان هەڵگری چ خەیاڵپەروەریەکە. بەس لە ڕێگای ئاوەها ئاشکرایەتیەکی ڕەخنەییەوەیە کە دەتوانین ڕەوتی گۆڕان دەست پێبکەین.

وتاری چێژی دیداری و سینەمای گێڕانەوەیی(چیرۆکی) بەرهەمی لۆرا مالوی کە دوو ساڵ پێش لە چاپی کتێبی "یاداشت گەلێک دەربارەی سینەمای ژن"، بڵاو کرایەوە،لەو وتارانەیە کە لە تیوریی فیلمی فمینسیتیدا وەک سەرچاوەیەک زۆر ئاماژەی پێکراوە.


مالۆی لەم وتارەدا، لێکدانەوەی خۆی (واتە چۆن سینەما لە وێنەی دەزگایەک، پێگەیەک بۆ بینەرانی فیلم درووست دەکات) بە خوێندنەوەی جانستۆن بۆ ژنان لە وێنەی هێما زیاد دەکات، و بۆ ڕوون کردنەوەی ئاوەها پێدانی پێگەیەک، لە تیوری دەروونشیکاری کەڵک وەردەگرێت.

ئەو بەم لێکدانەوەیە بووە هۆی گۆڕانێکی زۆرتر لە ناوەندی لێکدانەوەییدا، گۆڕان لە لێکدانەوەی تایبەتیی دەقەوە بەرەو شرۆڤەی پێکهاتەکانی هاوشوناسی (هاوسۆزی) و چێژی دیداری کە لە سینەمادا بەدی دەکرێت: بە واتایەکی دیکە بەرەو پێوەندی نێوان بینەر - پەردەی سینەما. لە سەرەتای ٧٠ کاندا ئۆگرایەتی ماڵۆی بۆ تیوری دەروونشیکاری چەندین تیوریسیەنی فیلمی فمینیستی(فەڕەنسی) دەبیندرێت.

کریستین مێتز و ژان لویی بائۆدری، کارکردی "دەزگای سینەمایی"یان لە سەر بینەر لەگەڵ کارکردی خەون هەڵسەنگاندووە.ژان لویی بائۆدری لە نامیلکەی "ئاپاراتوس"دا (دەزگا) دەنووسێت "بە لەبەرچاو گرتنی تاریکی هۆڵی سینەما، ناچالاکی ڕێژەیی بارودۆخ، نەبوونی جووڵەی داسەپاو بە سەر سووژەدا، و کاریگەریگەلێک کە لە دیهاویژی دیمەنەکانەوە(دیمەنە جووڵاوەکان) سەرچاوە دەگرێت، دیتنی فیلم وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ دیتنی خەوندا هەیە".

بەڵام سەبارەت بە خەون و وەهمەکان، سینەما تێگەیشتنگەلێکی بەهێز بەڵام ناراستەقینە (دەنگ،دیمەن، جووڵە) بە ئێمە پیشان دەدات، و دێتە نێو حەز و خەیاڵپەروەریەکانی ناهۆشیارەوە و دەبێتە لەمپەرێک لە بەرامبەر دەستێوەردانی "بنەمای راستەقینە"دا، ئەو بنەما راستەقینەیەی کە دەبێتە هۆی سەرکوتی حەز و خەیاڵ پەروەریەکانی ناهۆشیارەوە.

٣ی فێبریوێری ٢٠١٢




(بەشی دووهەم)

کریستین مێتز بۆ نیشاندانی خەیاڵی بوونی سینەما، دەنووسێت هاتنی بینەران بۆ مەڵبەندی حەز و خولیاکان لە ڕێگای هاوشوناسی لەگەڵ ڕوانینی بە هێزی کامێرادا ڕوو دەدات : "لە سینەمادا ئەوە بەردەوام ئەویتریکە کە لە سەر پەردەی

سینەمادایە. من لێرەم تاکوو بۆ ئەو بڕوانم؛ من هیچ ڕۆڵێکم لە پێشتهاتی وەرگیراودا (تێگەیشتن) نییە بە پێچەوانەوە بە تەواو مانا وەرگرم".

خوێندنەوەی مێتز لە "ڕوانینی بە تەواو مانا وەرگر"ی بینەری فیلمەوە بۆ ئەویتر، لەگەڵ ڕەخنەگرانی فمینیستدا هاوئاهەنگیەکی تایبەتی هەیە، بۆ وێنە خوێندنەوەیەک کە سیمۆن دۆبوار لە کتێبی "ڕەگەزی دووهەم"دا دەیخاتە ڕوو؛ "تاک وەک ژن لە دایک نابێت، بەڵکوو لە پرۆسەیەکدا دەبێتە ژن" لێرەدا پێداگری لە سەر پێکهاتی کەلتووری ژن لە وێنەی ئەویترێک دەکات؛ هەر ئەم خوێندنەوەیە بووە بناخەدارێژەی بەشێکی زۆر لە ڕوانگە فمنیستیەکان لە سەرەتای ٧٠ کاندا.

بائۆدری و مێتز پێیان بینەری بەرباسیان بەس پیاو لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام ئەم "پیاوانە سازی"یە وێڕایی و لێکنەدراو دەمایەوە. بەڵام مالۆی کاتێک لە تیوری دەروونشیکاری کەڵک وەردەگرێت، گرنگایەتیەکی تایبەت دەدات بە پرسی جیاوازی ڕەگەزی. ئەو لە نووسراوەکانیدا هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە "چۆن ناهۆشیاری کۆمەڵگای پیاوسالارانە فۆرمی فیلمی پێکهاتە بەندی کردووە".

ئەو لە وێنەی جانستۆن لە سەر ئەو بڕوایە "هێمای ژن" لە فیلمدا لە لایەن کەلتووری پیاوسالارانەوە بۆ ئەم کەلتووره خولقاوە، و بەم پێیە ئەو توانایە بە پیاوەکان دەبەخشێت تاکوو "خەیاڵپەروەری و بیرۆکە وەسواسییەکانی خۆیان بە داسەپاندن بە سەر دیمەنی کوژاوەی ژناندا زیندوو ڕاگرن".

چێژە سینەماییەکانی بریتی لە چاوچڵێسی، فتیشیزم و گەڕانەوە بۆ چێژە نارسیستیەکانی قۆناغی ئاوێنەی ساوایی مرۆڤ. هەروەها کە ژاک لاکان ڕوونی دەکاتەوە، لەم قۆناغەدا منداڵ بە هاوشوناسی لەگەڵ ئاوێنەیەکی تەواوتری خۆیدا (وێنەیەک کە لە ڕوانگەی مالۆوی،لە فیلمەکاندا بە هۆی کەسایەتی پاڵەوانەوە دەخرێتە ڕوو) خۆی لە وێنەی تاکێکی تەواو مانا و بە هێز دێتە بەرچاو. بەڵام ئەمانە چێژگەلێکن کە بەس بۆ بینەری نێر لە بەر چاو گیراون. ژنان بە جەستەگەلی ئێرۆتیزە و زۆر جار پارچە پارچە کراو، ئۆبژەی واق بووی کامێران، نەک سووژەی کامێرا. مالۆی لە سەر ئەو بڕوایە کە ئەم لێکپچڕاویەی نێوان پیاوی چالاک و ژنی ناچالاک پێکهاتەی گێڕانەوەی فیلمیش پێک دەهێنێت.

ئەمە پاڵەوانی فیلمە -کە بە کۆنترۆڵ کردنی ڕووداوەکان، ژن و واق بوویی ئیرۆتیکی کامێرا- چیرۆکەکە بەرەو پێش دەبات.

ژن دیمەنێکی ئێرۆتیکە و نەک نابێتە هۆی بەرەو پێش چوونی ڕەوتی گێڕانەوە، بەڵکوو ئەو رەوتەش دەشێوێنێت. بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم کێشەدا دەبێت چێژە سینەماییەکان بڕووخێنرێت، و کۆتایی بە دیمەنە سەرکوتکەرەکان بهێنرێت و"زمانێکی شەهوەتی" نوێ بخولقێت. بەم پێیە ماڵوەی لە وتاری ساڵی ١٩٧٥دا جیاوازی رەگەزی لە وێنەی ناوەندی لێکدانەوەیی خۆی لەبەرچاو گرت.

سەرەڕای هەبوونی قسە و باس سەبارەت بەوەی کە ژنان ئوبژەی (نەک سووژە) واق بوونن، هیچ شتێک سەبارەت بە ژنانی بینەر نەگوتراوە.

بە درێژایی ٨٠ کان "مێری ئان دۆ ئان" لە هەوڵی وێکخستنێک بوو لە نێوان بەکارهێنەریی تیوری دەروونشیکاری ماڵوەی و خوێندنەوەیەک بۆ ئەم کەسایەتییە سێبەرئاسایە(بینەری ژن)، بە تایبەتی بە لێکدانەوە بۆ چێژەکانی دیتن؛ کە لە رێگەی ژانرێکەوە کە ئاوڕ لە ژن دەداتەوە دەخرێتە روو (واتە "فیلمی ژنان" لە دەیەی ١٩٤٠).

دۆ ئان لە سەر ئەو بڕوایە ئەو فیلمانەی کە رووی قسەیان لە ژنانە، وەک ئەو فیلمانەی کە بینەری پیاویان هەیە ناتوانن لە مکانیزمێکی دەروونی وێکچوو (چاو چڵێسی،فتیشیسم، هاوشوناسی نارسیستی) کەڵک وەرگرن، چونکوو بە پێی وتەی فرۆید ئەمانە مکانیزمگەلێکن کە دەروونی پیاوانە بەیارمەتی ئەوان لە بەرامبەر جیاوازی ژندا (خەساندن و لە پیاوەتی کەوتنی پیاو) لە خۆی بەرگری دەکات.

بەم پێیە ئەم فیلمانە لە پێگەی دەسەڵاتەوە کە تایبەتمەندی گۆشە نیگای پیاوانەیە، و بە جێگای مەودایەکی ئێرۆتیزە، هاوشوناسییەکی لە رادەبەدەر مازوخیستی لەگەڵ دیمەنی سینەمایی دەدەنە بینەرەکانیان.

جیاوازی نێوان بینەر و ئوبژە نامێنێت: بە پێچەوانەی بینەری پیاو، نەک وێنەیەکی ئێرۆتیزە لە وێنەی ئوبژەی واق بوو، بەڵکوو دەرفەتی هاوشوناسی لەگەڵ خۆیدا وەکوو دیمەن، (ئوبژەی شەهوەت یان ئازار و رەنج) لە بەردەم ژندا دادەنرێت.

لەوانەیە لە سەرەتای فیلمدا ژن کەسایەتی سەرەکی و هۆکارێکی چالاک بێت، بەڵام لە درێژەدا دەبێت بە ئوبژەیەکی ناچالاک؛ لەوانەیە فیلم بە دەنگێک لە سەر دیمەنی ئەودا دەست پێبکات بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەنگ وەلا دەنرێت؛ ئەوان دەرفەتی هاوشوناسی لەگەڵ روانینی کەسایەتی ژن دەدەن بە ئێمە، تاکوو نەک ئێرۆتیک بوون بەڵکوو تایبەتمەندی

ترس و دڵەڕاوکێ بەو ببەخشن.

لە فیلمی ڕێبێکا لە دەرهێنانی هیچکاک (١٩٤٠) لە سەرەتادا پاڵەوانی فیلم ژنێکی بێ ناوە، دەنگ لە سەر دیمەنی پچڕ پچڕ و ڕوانینی پشکنینی و نائارام؛ نموونەیەکی باش بۆ ئەم پرسەیە.

کاتێک لە دیمەنی باڵماسەکەدا کەسایەتی سەرەکی تێدەکۆشێ شوناسی خۆی ئاشکرا بکات بەس لە ڕێگای شوناسی پێشووی خۆی واتە ڕێبێکا، و بە نیشاندانی خۆی وەک ئوبژەی واق بووی هاوسەرەکەی - و ئێمە - دەتوانێت ئاوەها کارێک ئەنجام بدات. کاتێک جلێکی وەهای لە بەردایە کە وەک جلەکانی پێشووی ڕێبێکایە و لە قادرمەکانەوە دێتە خوارەوە، دەبێت بە ئوبژەی شانۆ، و لە ئێمە وەک بینەران چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ ئەم ئوبژاندنە (بابەتاندن) و هەستی خۆبەکەمزانینێک کە دوای ئەوە گیرۆدەمان دەبێت هاوشوناسی بکەین.

سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە ئەم شیکردنەوانە -لە وێنەی تیوریدارێژەری دەربارەی چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە فیلم و مکانیزمە ناهۆشیارەکانی هاوشوناسی بۆ سەقامگیری و پەسەندکردنی شوناسگەلی ڕەگەزی- جێ متمانە بن. بەڵام کێشە تایبەتییەکانی خۆیان هەیە. بۆ وێنە ئەگەر فیلمەکان بۆ خولقاندنی هەستی هاوشوناسی بینەران لە پێکهاتە ناهۆشیارەکان کەڵک وەردەگرن، چۆن دەتوانین گۆڕانگەلێک درووست بکەین؟

"بی روبی ریچ" ڕەخنەگری ئەمریکایی فیلم، ئەم پرسە بە شێوەیەکی کورت ئاوەها لێکدەداتەوە:

"بە وتەی ماڵوەی لە نێوان بەردەنگەکاندا -کە نێر لە بەر چاو دەگیرێن- ژنان نابینرێن، لە ڕوانگەی جانستۆنەوە ژن تەنانەت لە سەر پەردەی سینەماشدا نەبینراو و شاردراوەیە. ژن بەس جێگرێک بۆ ئەندامی زاو و زێی پیاوانە، نیشانەیەک بۆ چشتێکی دیکەیە و...".

ئێوە وەک ژنێک کە دەڕۆنە نێو هۆڵی سینەما، لەگەڵ پێکهاتەیەکدا ڕووبەڕوون کە بە تەواو مانا بە پێی شاردراوە بوونی ئێوە نیشانەی(ڕەمز) بۆ دانراوە، سەرەڕای ئەوەی کە لەوێدا دانیشتوون و نیشانەگەلی تایبەت لە ژیانی دەرەوەی سینەماتان لەگەڵ خۆتان هێناوە... نیشانەگەلی سینەمایی تا ڕادەیەک نەبوونی ئێمەیان پێکهاتە بەندی کردووە کە بەس هەڵبژاردنی ڕێگەپێدراو هاوشوناسی کردن لەگەڵ مارلین مۆنرۆ یان لەگەڵ پیاوێکدایە کە لە پشتی منەوە دانیشتووە و بەردەوام ئەژنۆکانی دەسوێتە کورسیەکەی من.

کە واتە چۆن دەکرێ پێکهاتەیەک دەرک بکەین کە سەرەڕای هەبونمان پێداگری لە سەر نەبوونمان دەکات؟ چ شتێک لە فیلمێکدایە کە بینەری ژن لەگەڵیدا هاوشوناسی دەکات؟

ئەو پێی وایە لەم خوێندنەوەدا ژنان هیچ چەشنە هەبوون، ئەزموونێکی تایبەت یان دەرفەتی بەشدارییەکی چالاکیان نییە. لە کاتێکدا کە "ریچ" و دیتران ئاوەها لێکیدەدەنەوە کە بینەری ژن تاکێکی کۆمەڵگایە و لە هەمان کاتدا بینەرێک کە لە روانگەی سینەماییەوە ئامادەیە؛ ئەو ناچالاکانە پێکهاتەی ئایدۆلۆژیکی دەق وەرناگرێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی چالاک لەگەڵیاندا دەکەوێتە ململانێ و تەنانەت زۆرجار بە پێچەوانەی داب و نەریت، خوێندنەوەکانی پێک دەهێنێت.

ئینجاکە، ئەم بینەرە شوناسێکی تاک - ژن - نییە، تەنانەت ئەگەر دەق ئاوەها چاو لەو بکات. بەڵکوو شوناسەکانی ئێمە وەک ژنان، نەک بە پێی تاکە لێکپچڕاو جیاوازی رەگەزیی، بەڵکوو لەراستای جیاوازیە جۆراوجۆرەکاندا (نەژادی، چینایەتی، زمانی، دۆخ و هتد) پێک دێت.

وتنی ئەوەی کە ئێمە هەمووومان وەک مێینەیەک دێینە بەرچاو، بەو مانا نییە کە هەمووومان پێوەندیەکی یەکسانمان لەگەڵ دیمەنی ئەم هاتنە بەرچاویەدا هەیە. بەم پێیە ئێمە پێویستمان بە زمانێکی تیوریک هەیە کە هەمووی ئەم ناتەباییانە لە خۆبگرێت و لە هەمان کاتدا نەکەوێتە داوی خۆش بینی پراگماتیستەکان یان رەش بینی تیوریک.

لە دەیەی ١٩٨٠دا لە بەرامبەر قەیرانێکدا کە رووبەڕووی بەکارهێنەریی واتا دەروونشیکاریەکان لە تیوری فیلمی فمنیستیدا ببوو، چەندین کاردانەوە هاتە ئاراوە. هەندێ کەس وێڕای وەفادار بوون بە چوارچێوەی رەوانکۆڵانە، لە هەوڵی تێفکرینەوە بۆ ئەو دۆخە بوون.

بەم پێیە لیکۆڵینەوەی تایبەتی فرۆید بۆ خولیا و خەیاڵپەروەری دیسانەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ کرا، تاکوو ببێتە بنەمایەکی تیوریک - نەک بۆ هێزی سینەما لە راستای سەقامگیرکردنی بینەرانی لە نێو پێکهاتەکانی جیاوازی رەگەزیدا - بەڵکوو بۆ گۆشە نیگاکانی جیاواز و بگۆڕ، کە سینەما بۆ بینەرە خەیاڵپەروەرەکانی دەستەبەری دەکات. لیندا ویلیامز لە خوێندنەوەی خۆیدا (١٩٩١) لە سەر ئەوەی کە بە "ژانرە جەستەییەکان" یان "ژانرە خەیاڵپەروەریە جینسییەکان" (پۆرنۆگرافی، ترس و میلۆدرام) ناوەزەدی دەکات، ئاشکرای کرد سەرەڕای ئەوەی ئەم ژانرانە هەموویان تووشی زێدەڕۆیی بوون (لەو روانگەیەوە کە: بەردەوام بە شێوەی نەریتیی، جەستەی ژنان وەک جێگای سەرنجی چێژ، ترس و ئازار بووە) بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەمیشە چاوەڕوان دەکرا، ئەو روانگانەی کە دەیخەنە روو تا ئەو رادەیە هاوپێوەند لەگەڵ

رەگەزایەتی و رەگەزایەتی - نەگۆڕدا نییە.

بەڵکوو تایبەتمەندی ئەوان هاتووچۆیەکە لە نێوان پێگەکانی هاوشوناسی، هاتووچۆیەک لە نێوان دوو جەمسەری سادیسم و مازووخیسم، و هاتووچۆیەک لە نێوان نەبوونی دەسەڵات و دەسەڵاتدا. نە بینەرانی ژن لە پێگەی هاوشوناسی لەگەڵ جەستەی مێینەدا لە ئازار و مەینەتیدا سەقامگیر بوون، و نە بینەرانی پیاو بە دۆخی سادیستی کە نیشاندەری واتای "واق بووی پیاوانە"یە گرێدراون.

ئەو دەڵێت: بۆ هەر دووکیان، وێکخراوێک لە ناچالاکی و چالاکی، و هاتووچۆیەکی دوو رەگەزی لە نێوان دوو جەمسەری نێر و مێدا بوونی هەیە.

کاردانەوەکانی دیکە بریتی بوو لە، دوور کەوتنەوە لە دەروونشیکاری سینەمایی و رۆشتن بەرەو تێکەڵ بوون لەگەڵ روانگە نوێیەکانی خوێندنەوە کەلتووریەکانی بریتانیایی.

لە ساڵی ١٩٧٣دا؛ "ستوارت هاڵ" کە لەو سەردەمەدا بەڕێوەبەری سەنتەری خوێندنەوە کەلتووریەکانی سەردەم (CCCS) لە زانکۆی بێرمینگام دا بوو، لە وتارێکدا ئاوەهای نووسی: "ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو رەوتەی کە تی ڤی یان سینەما لەو رێگەیەوە مانا دەخولقێنن، دەرک بکەین، پێویستمان بە مۆدێلێک هەیە کە نەک بەس مانا هەڵکۆڵراوەکان لە دەقەکاندا یان کاریگەرییە ئایۆلۆژیکی و رەفتارییەکانی ئەوان، بەڵکوو تەواوی رەوتی پێوەندییەکە روون بکاتەوە.

لە مۆدێلەکاندا ئەم رەوتە لە رێگای سێ کاتی هاوپێوەند بەڵام جیا لەیەکەوە کار دەکەن. سەرەتا کاتی بەرهەمهێنان؛ دووهەم کاتی دەق و سێهەم کاتی دیتن".

هەر کام لەو کاتانە دەبنە شوێنی ململانێ یان قسە و باس لە سەر مانا؛ ئەو مانایانەی کە لەلایەن بەرهەمهێنەرانی دەقەوە رەمز و نیشانەیان بۆ دابین کراوە؛ ماناکانی ئاوێتە بوو لەگەڵ دەقدا؛ و ئەو مانایانەی

کە لە لایەن بینەرەوە رەمزەکانیان شکێندراوە.

ئەگەرچی "هاڵ" پێی وابوو کە کارکردی ئەم ململانێیە زۆرترلە ئاستی چینەکاندایە، بەڵام بەخێرایی لەو مودێلەی ئەو بۆ لێکدانەوە فمینیستیەکان کەڵک وەرگیرا.

ئەم مۆدێلە نیشاندەری ئەوەیە کە ماناکانی نێو دەق و پێکهاتە ئایدۆلۆژیکەکان کە ئەم مانایانە ئاماژە بەوان دەکەن هیچیان بێ قسە و باس نین.

هەر ئەوە بەسە کە بەرهەمهێنانی فیلمگەلێکی زۆر جیاواز وەک "ژنی جوان" و "تەلما و لۆییز" بە مەودای یەکساڵ لە بەر چاو بگرین،بۆ ئەوەی بزانین ئەو مەڵبەندە ئایدۆلۆژیکەی کە ئەم دوو فیلمە لەودا بڵاو دەبنەوە، مەڵبەندێکی ئاڵۆز و باس خولقێن و جیاوازە.

کریستیانن گۆڵد هیل دەڵێت دەتوانین رەت کردنەوەی ئەم ململانێیە - لەنێو ماناکان، چوارچێوە باوەڕپێکراوەکان (سەرچاوە) یان هەڵوێستە ئایدۆلۆژیکیەکانی لایەنی بەرامبەر - لە نێو فیلمیشدا بدۆزینەوە.

ئەو لە سەر ئەو بڕوایە تێکڕای دەقە دڵخوازەکان بەس یەک روانگە بۆ بەردەنگ، نیشان نادەن.

٢ی مارچی ٢٠١٢



**بەشی سێهەم (کۆتایی)**

هەر ئەوە بەسە کە بەرهەمهێنانی فیلمگەلێکی زۆر جیاواز وەک "ژنی جوان" و "تەلما و لۆییز" بە مەودای یەکساڵ لە بەر چاو بگرین،بۆ ئەوەی بزانین ئەو مەڵبەندە ئایدۆلۆژیکەی کە ئەم دوو فیلمە لەودا بڵاو دەبنەوە، مەڵبەندێکی ئاڵۆز و باس خولقێن و جیاوازە.

کریستیانن گۆڵد هیل دەڵێت دەتوانین رەت کردنەوەی ئەم ململانێیە - لەنێو ماناکان، چوارچێوە باوەڕپێکراوەکان (سەرچاوە) یان هەڵوێستە ئایدۆلۆژیکیەکانی لایەنی بەرامبەر - لە نێو فیلمیشدا بدۆزینەوە.

ئەو لە سەر ئەو بڕوایە تێکڕای دەقە دڵخوازەکان بەس یەک روانگە بۆ بەردەنگ، نیشان نادەن.

لەوانەیە پیشاندانەوەکانی ئەوان ماناکانی خۆیان لە پێکهاتە ئایدۆلۆژیکی و دەقی‌یەکانەوە وەربگرێت - کە ئەم دەقانە لە نێو ئەواندایە - بەڵام ئەم پیشاندانەوانە دەگەڕێنەوە بۆ راستیە کۆمەڵایەتییەکان کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی،کۆمەڵایەتی یان ئایدۆلۆژیکی خۆی ناسەپێنێت، بەڵکوو بەرەورووی کێشە و نارەزایەتی دەبێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەم روانگەیەش قەبووڵ بکەین دەتوانین وەک رەوانکۆڵانی سینەمایی لە سەر ئەو رایە بین کە ئێمە لە وێنەی بینەرانی فیلم لە رێگەی هاوشوناسی‌یە سینەماییەکانەوە تێگەیشتنمان لە شوناس پێک دەهێنین و سەقامگیری دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین لەم رەوتەیشدا، بڕوامان بە هۆکارگەلێکی زۆرتر هەبێت.ئەگەر دەق گۆشە نیگایەکی تاقانە نەدات بەدەستەوە (لەم روانگەیەوە دەرک بکرێت و ببێتە هۆی چێژ) دەکرێ بۆ خوێندنەوە نوێیەکان، بۆ بەرهەمهێنانی وردە شوناسەکان و شوناسە پچڕپچڕەکان، یان بۆ سیاسەتە فمینیستیەکانی خوێندنەوە، کەڵکی لێ وەربگیردرێت.

ئەم دوایین خاڵە بوەتە هۆی ئەوەی بەشێک لە نووسەرە فمینیستەکان، درێژە بە لێکدانەوەی دەقە فیلمیکەکان نەدەن، و ئاوڕ لە شرۆڤەی ژن وەک بینەری فیلم بدەنەوە (بەو مانایە: ژن وەک بەردەنگی سینەما، نەک وەک بینەری دەق).

هەڵبەت لە هاندەرەکانی دیکەی ئەم رەوتە دەرکی روو لە زیاد بووی ناکاریگەریی تیوری فیلمی فیمینیستی لە سەر بنەمای دەروونشیکاری بووە بۆ ئاوڕدانەوە لە دوو گرووپ لە بینەرانی ژن کە چێژ و هاوشوناسی‌یە سینەماییەکانی ئەوان لە چوارچێوەی ئەم تیوریەدا، لەبنەڕەتدا دەرک نەکراو دەهاتە بەرچاو.(ژنانی رەش پێست و هەمۆسکسواڵەکان)

هەر وەها کە جین گینز لە "سەرپشکییەکانی سپی و پێوەندیەکانی دیتن: رەگەزایەتی و نەژاد لە تیوری فیلمی فمینیستی دا" (١٩٨٨) ئاماژە دەکات، رووبەڕوو بوونەوەی نێر - مێ کە ئاوەها رۆڵێکی سەرەکی لە تیوری فیلمی فمینیستی‌دا هەیە "پێکهاتێکی بەهێزە و هەندێ جاریش تێکدەرە". بۆ وێنە رووبەڕوو بوونەوەی ژن و پیاو دەتوانێ تیوریسیەن لە هەمبەر ناکارامەیی روانگەکانی فمینیستی بە بنەمای "واق بوونی پیاوانە" لە واتا درووست کردن بۆ گۆشە نیگای هاوڕەگەزبازێک تووشی کێشە بکات.

یان کاتێک کە فمینیستە سپی پێستەکان بۆ روون کردنەوەی دۆخی خۆیان لە نێو پێکهاتەی پیاو سالارانەدا لە وێنەی ئەوی ترێک، لە وەسفی فرۆید بۆ ژن وەک "کیشوەر(قوڕنە)ی تاریک" کەڵک وەردەگرن ناهێڵێت تیوریسیەن تێبگات کە چی روو دەدات.

هەروەها کە "لۆلا یانگ" لە کتێبی "ترس لە تاریکی: رەگەزایەتی و سێکسوالیتە لە سینەمادا" (١٩٩٦) دەنووسێت:

"ئەم پێداگریە زیادە لە حەدە لە سەر نیشاندەری رەگەزایەتی (کیشوەری تاریک) بوەتە هۆی وەلانانی واتا نەژادیەکان و واتا کۆیلەییەکان. هەر بۆیە ئەم نەژادیترین خوازە جینسیانە بوەتە دڵەڕاوکێکانی ژنانی سپی پێست بووە".

فمینیستە رەش پێستەکان زۆرجار، نەژاد (نەک رەگەز)، بە بنەمای سەرەکی پێکهاتە کردنی سەرکوت دەزانن؛ بەم پێیە ژنانی سپی پێست نەک هەر دۆخێکی هاوبەشیان نییە، بەڵکوو لەوانەیە لە وێنەی سەرکوتکەر لە بەرچاو بگیردرێن و پیاوانی رەش پێست بە هۆی هەبوونی پێشینەی کۆیلەبوون لە درێژایی کۆیلەبوونی هاوبەشدا وەک کویلە پێناسە دەکرێن.

ئینجاکە، لە کەلتووری رۆژئاوادا، فمینیسم وەک فمینیسمی سپی پێست پێناسە کراوە؛ هەر بۆیە لە کاتێکدا کە دڵەڕاوکێی فمینیستە سپی پێستەکان، دابەزاندنی پێگەی ژنان تا رادەی دیمەن بووە؛ بۆ فمینیستە رەش پێستەکان پرسی نادیار بوونی ژنی رەش پێست لە نێو بابەتی "ژن"دا گرنگ و جێی باسە.

ئەگەر لە فیلمدا ژنی سپی پێست رۆڵی رێ نیشاندەری حەزە پیاوانەکان بووە، ژنی رەش - ئەگەر لە فیلمدا رۆڵێکی هەبێت

- کارکردێکی تەواو جیاوازی هەیە. زۆرجار یان نیشاندەری سێکسواڵیتەی ژنانەیە(جەستەی رەش وەک جەسەیەکی جینسی) یان نیشاندەری دایکانە بوونە (جەستەی ژنی رەش وەک جەستەیەک کە توانای سک و زای هەیە).

لە شوێنێکی دیکەدا - وەک مێژووی کۆیلایەتی - وا دیارە ژنی رەش پێست لە وێنەی ژنێک کە لە دەرەوەی بازنەی ژناندایە، لە سیمای کەسێکدا کە لە راستیدا ژن نییە نیشانەی بۆ دانراوە.

ئێستا ئەگەر دۆخی ژنی رەش پێستی بینەر لە بەر چاو بگرین، تیوریدارێژی ئێمە دەبێت سەبارەت بە پێکهاتەی هاوشوناسیی روانینی سینەمایی دەبێت بگۆڕدرێ.

"بێل هۆکس" - فمینیستی رەش پێست - ئەم پرسە ئاوەها لێکدەداتەوە کە ئەگەر رەوتی هاوشوناسی لە سەر بنەمای پێوەندی وەهمی و خەیاڵی مەودای نێوان خود و دیمەنی سینەماییدا بێت، بەم پێیە مەودای نێوان "ژنی رەش پێستی بینەر" و "دیمەنی ئارمانی ژنی سپی پێست لە ژنانە بوون" بەس دەکرێ لە رێگەی "روانینی مازوخیستی قوربانی خولقێن"یەوە گرێ

بدەین.

بەڵام بە بڕوای ئەو ژنی رەش پێست لە بەرامبەر ئەم رەوتەدا زۆرتر خۆڕاگر دەبێت و لە دەرەوەی پێکهاتەکانی چێژە دیدارییەکانی سینەماییدا رادەوەستێت(پێکهاتەکانی چێژە دیدارییەکان کە "لۆرا ماڵوەی" یان "ماری ئان دو ئان" گەڵاڵەی دەکات)، و لە بەرامبەردا دەبێتە خاوەن روانگەیەکی رەخنەیی یان نەیارانە.

بەم پێیە لە روانگەی فمینیستە رەش پێستەکان وەک بێل هۆکس، دەبێت بۆ توانای "واق بوون" پێکهاتەیەکی دیکە و هەروەها دەروونشیکارانە لە بەرچاو بگیرێت.

ئەگەر سیاسەتی کۆیلایەتی مافی روانینی لە کۆیلە دەسەندەوە، بەم پێیە ماوەیەکی زۆرە روانینی رەخنەیی یان نەیارانە، جۆرێک خۆڕاگری و دەربڕینی هۆکاریی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا بووە.

بۆ پیاوانی رەش پێست ئەم پرسە لە کەش و هەوای تاریکی سینەمادا، لەوانەیە بە مانای هەبوونی دەسەڵاتێکی نێرینەیی خەیاڵی بێت کە لە کۆمەڵگای راسیستیدا(نەژاد پەرەستی) لەوان زەوت کراوە.

بەڵام بینەری ژنی رەش پێست دەتوانێ بە خۆپارێزی کردن لە هاوشوناسی لەگەڵ "واق بوونی نێرینەیی هێڵی سەرەکی شەهوەت و خاوەنداریەتی" مەودایەکی رەخنەیی بخولقێنێت کە لەودا واتای "ژنان وەک دیمەن، پیاوان وەک هەڵگری روانین"ی ماڵوەی، پێکهاتەکانی بشکێندرێن و وێنە نگەتیڤەکانی ژنانی رەش پێست چاکسازیان تێدا بکرێت و راست بکرێنەوە.

بەم پێیە بە وتەی لۆرا ماڵوەی بە درێژایی سی ساڵی رابردوو، سینەما مەڵبەندێکی سەرەکی بووە کە لەودا ململانێ فمینیستیەکان سەبارەت بە کەلتوور، پیشاندراوەتەو و تێیدا شوناس گەڵاڵە کراوە.

بەڵام رەوتی بەشداری کردن لە ئاستی فیلمسازیدا کە نووسەرانی ژن و فیلم لایان گرنگ بوو،دەبێتە چی؟ هەروەها کە پێڕستی تۆمارکردنی رووداوەکانی لێرەدا - کە لە وتاری "فیلمی ژن" بەرهەمی ماری ئان دوئان دا نووسراوە - پیشانی دەدات، گەشە سەرەتاییەکان لە پانتایی رەخنەی فیلمی فمینیستی و فیلمسازی فمینیستیدا بە شێوەیەکی هاوتەریب روویان داوە:

١٩٧١- شانۆی وەک ژن گەورە بوون، جینی جینی، سێ ژیان و فیلمی ژنان؛ یەکەمین نەوەی فیلمی دیکۆمێنتی فمینیستی.

١٩٧٢- یەکەمین فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ژنانی نیۆیۆرک،لە فستیڤاڵی فیلمی ئیدینبۆرگدا؛ چاپ و پەخشی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ژنان و فیلم؛ چاپی ژمارەکانی فایلی تایبەت بە ژنان لە بڵاوکراوەکانی وەرزنامەی کتێبخانەی فیلم و هتد چاپی پێرستێک لە دەرهێنەرە ژنەکان لە "روانگەی فیلمدا".

١٩٧٣- فستیڤاڵی ژنان و فیلمی تۆرنتۆ، فستیڤاڵی فیلمی ژنانی واشینگتۆن، وەرزی سینەمای ژنان لە یانەی سینەمای نەتەوەیی لە لەندەن و کۆنفرانسی فیلمی بوفالۆ. پەخشی کتێبی ڤێنوسی پاپکۆرن بەرهەمی مارجۆری رۆزەن و یاداشتگەلێک لە سەر سینەمای ژنان بەرهەمی کلێر جانستۆن.

١٩٧٤- فستیڤاڵەکانی فیلمی شیکاگۆ بە دەهێنەری ژنان. پەخشی یەکەمین ژمارەی **Jump Cut** (کە هەر سێ مانگ جارێک بە پێداگری لە سەر روانگە فمینیستیەکان بڵاو دەکرایەوە).

پەخشی دوو کتێب سەبارەت بە وێنەی ژنان لە فیلمدا؛ "لە رێزەوە تاکوو دەستدرێژی" بەهەرمی مالی هاکسێل و "ژنان و رەگەزی ئەوان" لە فیلمی نوێدا بەرهەمی جوان ملێن.

دەکرێ بەم تۆماری رووداوانە ئەو خاڵانەی خوارەوەش زێدە بکەین:

فیلمی دیکۆمێنتی سێ ژیان (١٩٧١) لە لایەن کیت ملیت نووسەری "سیاسەتی رەگەزی"یەوە بەرهەمهێنرا، و فیلمەکانی لاورا ماڵوەی لە ژێر ناوەکانی : پێنسیلە؛ شاژنی ئامازۆنەکان (١٩٧٤) و مەتەڵۆکی زەندەقبەر (١٩٧٤) کە پێداگریان لە سەر باسەکانی تیوریک و گەلاڵە کراوی ماڵوەی دەکرد.

گەرچی تا کوو دەیەی ٩٠، ئەم پێوەندییە دوولایەنەیە نەما، لە ساڵی ١٩٨٩دا لاورا ماڵوەی دەنووسێت: لە کۆتایی دەیەی ٨٠دا تیوری فیلمی فمینیستی پێوەندی خۆی لەگەڵ فیلمسازی فمینیستی لە دەستدا،کە تا ئەو کات رۆڵێکی ئارمانی لە فیلمسازی فمینیستیدا دەگێڕا.

پێوەست بوونی فیلمسازی فمینیستی بە رەوتی زاڵی بەرهەمهێنانی فیلمی گێڕانەوەیی (چیرۆکین) جەختی لە سەر ئەو

جیابوونەوەیە کرد.

میشلە سیترۆن کە لە دەیەی ٧٠دا بەرهەمەکانی بەشێکی گرنگیان لە فیلمسازی فمینیستی سەربەخۆدا پێک دەهێنا، ڕۆشتنی خۆی بەرەو ئەم ئاقارە و هەستی دردۆنگی و دوودڵ بوونی خۆی سەبارەت بەمە وەسف دەکرد؛ ماڵوە دەنووسێت: "ئەو دەیویست فیلمگەلێک درووست بکات کە باس لە ئەزموونەکانی ژنان بکات و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەستی بە گرنگایەتی زمانێکی فیلمکی نوێ دەکرد". بەڵام هاوکات سەبارەت بە بەرنرخ بوونی فیلمەکانی دوو دڵ بوو.

بە بڕوای ماڵوەی، فیلمگەلێک کە لە دەیەی ٧٠دا بەرهەمهێنران "لە ڕوانگەی تیوریەوە سەرنجڕاکێش و لە ڕوانگەی سیاسیەوە درووست بوون، بەڵام یەکجۆر و بە بێئاڵ و گۆڕ و ماندووکەر بوون، ئەوان چێژی فیکری دەبەخشن، بەڵام زۆربەیان هیچ چێژێکی هەستیان تێدا نییە.

بەڵام سیترۆن پێی وایە، هاتنە نێو ڕەوتی زاڵ، مەترسیەکانی تایبەتی خۆی هەیە : فیلمسازی فمینیست کۆنترۆڵ لەگەڵ هێز و توانادا دەگۆڕێتەوە. بەڵام هێز و توانا بە مانای "هەبوونی دەرفەت بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەردەنگی زۆرتر، و شیمانەی کەڵک وەرگرتن لە کەلتووری ڕەوتی زاڵ بۆ ڕەخنە و ئاڵ و گۆڕکردنی، و ئازادی لە پێناسەکردندا و تاقی کردنەوەی سنوورەکانی خودی تاک وەک فیلمساز"ـە. و جگە لەوەش هێز و توانا بە مانای وێل کردنی ڕێدۆزێکی زیادە لە حەد پەروەردەیی لە بەرژەوەندی دەرگیر بوون لەگەڵ "ئاتەباییەکان، پارادۆکسەکان و مسۆگەرنەبوونی" فیلمی گێڕانەوەیی ڕەوتی زاڵدایە.

سەرەڕای ئەوە ئەگەر فلیمەکانی ئەم دواییانەی سالی پاتێر (ئۆرلیاند) یان جین کەمپیۆن (پیانۆ ١٩٩٣) چاو لێ بکەین کە ئاوەها ڕەوتێکیان دەست پێکرد، بە زەحمەت دەتوانین بڵێین کە ئەم فیلمانە دڵەڕاوکێیەکی وێکچوو لەگەڵ ئەو ڕۆڵی سەرەکییەی کە تیوری فمینیستی هەیەتی، ناخەنە روو : پێوەندی ژنان لەگەڵ زماندا، لەگەڵ مێژووە گشتی و تایبەتیەکاندا؛ جیاوازیە ڕەگەزیەکان و پێوەندی لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی دیکەدا؛ بێ دەرەتانی و شیمانەکانی شەهوەت، پێوەندی نێوان ژنان - بەتایبەت پێوەندی نێوان دایک و کچ.

ئەم فیلمانە هاوکات بە شێوەیەکی وێرانکەر و ژێروژوورکەر، ئاوڕ لە تایبەتمەندیە بڕیاریەکانی فیلمی گشتی دەدەنەوە. بەم پێیە لەوانەیە ئەم جیاییە، هاوکات کەخەسارمەندە نیشانەی سەرکەوتنیش بێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین کاریگەری فمینیسم - سەرەڕای ناڕوون بوون- دەکرێ لە فیلمەکانی ڕەوتی زاڵ بە سەر دەرهێنەرە پیاوەکاندا، لە ژنانە بوونی ژانرە گشتیەکان و گەڕانەوەی "دیمەنی ژنان" بە درێژایی ٨٠ و ٩٠ کاندا ببینین.هەروەها کە "پەم کۆک" لە کتێبی " گوزەر لە سنوورەکاندا: ژنان و فیلم لە پێکهاتدا" دەنووسێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئاڵ وگۆڕانە هەوڵ بۆ بە سەرمایەکردن و کۆنترۆڵی فمینیسمن، بە جۆرێک بە فەرمی ناساندنی هێزی کەلتووری فمینیسم - کە ئاوەها رۆڵێکی گرنگی لە فمینیسمدا بووە - و سیاسەتی گومانیشن.

**سەرچاوە**:

بۆ فارسی: مەریەم ئاقازادە

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٧٧، ٧٨ و ٧٩ ی ئاسۆی رۆژهەڵاتدا چاپ کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٢

---

# لقە سەرەکیەکانی چەمکی فێمێنیسم



ئامادەکردنی: عەممار گوڵی

یەکەم جار وشەی فێمێنیسم لە زاری چارلز فوورەیەی سۆسیالیستی فەرانسیەوە بۆ داکۆکی کردن لە مافی ژنان کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زائینی و لە شەپۆلی یەکەمی فێمێنیسم و تێکۆشان بۆ وەرگرتنی مافی دەنگ دان، هەژمارێکی زۆری ژنان خۆیان بە فێمێنیست ناوزەد کرد. وشەیک کە لە سەرەتاکانی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ زائینی و پەرەسەندنی شەپۆلی دووهەمی فێمێنیسم، خۆی لە ئەدەبیات، سیاسەت، هونەر، مێژوو، زانستە ئابووریەکان، ماف، ئانترۆپۆلۆژی(مرۆڤ ناسی) و کۆمەڵ ناسی بە جێ کرد. بە شێوازێکیتر فمێنیسم دەیەوێت هەموو چەمکەکان بداتە بەر رخنە.

بۆ جوابدانەوەی پرسیاری "واتای فێمێنیسم چییە؟"، ناکرێت جوابێکی گشتی و هەمەلایەنە بدەینەوە. گرووپێک وەک تەڤگەرێک بۆ داکۆکی کردن و بەدیهێنانی مافی ژنان پێناسەی دەکەن، گرووپێکیتر ئەم چەمکە وەکوو رێگاییێک بۆ لە ناو بردنی ئەو زۆڵم و ستەمانەی کە دژ بە ژن دەکرێت و لە ناو بردنی کۆمەڵگاییێک کە رەگەزی نێر سەردەستە و ژن لێ دەچەوسێتەوە، و گرووپێکیتر دەڵێن کە فێمێنیسم ئایدۆلۆژیاییێکە کە ئارمانجی تەنیا یەکسانی بۆ ژن و مێرد نیە بەڵکوو گۆڕینی تەواوی ئەو بنچینانەیە کە کۆمەڵگای لە سەر بۆنیاد نراوە. لە کەناری هەموو ئەو پێناسانە کە دەکرێت بۆ فێمێنیسم، هەموو فێمێنیستەکان لە سەر ئەمە یەک دەنگن کە ژن لە بەر رەگەزەکەی دەچەوسێتەوە.

ئەو پێناسانەی کە فێمێنیستەکان بۆ فێمێنیسمیان کردووە لە ژێر کاریگەری پەروەردە، ئایدۆلۆژیا و ئەو چینەیە کە

تاکەکانی لێیەوە هاتوون. فێمێنیستە لیبراڵەکان پێداگری لە سەر یەکسانی لە بوارە گشتیەکان دەکەن، فێمێنیستە مارکسیستەکان سیستەمی سەرمایەداری وەک یەکەم هۆی درووست بوونی نایەکسانی دەسنیشان دەکەن، فێمێنیستە رادیکاڵەکان پیاوسالاری لە بوارە گشتی و تایبەتەکان دەبەنە ژێر پرسیارەوە و لە بیری دەروون شیکاری بۆ تەفسیری نا یەکسانیەکان سوود دەبەن و فێمێنیستە سۆسیالیستەکانیش پیاوسالاری و سەرمایەداری پیکەوە دەدەنە بەر رخنە و رێکار نیشان دەدەن.

فێمینیسمی رەش، ئێکۆ فێمێنیسم، فێمێنیسمی پاش کۆلۆنیالیسم، پۆست فێمێنیسم و چەند نموونەیکیتر لە چەمکە سەرەکیەکانی فیینیسمن. لێرەدا هەوڵ ئەدەین پێناسەیکی کورت بۆ چەمکە جۆراوجۆرەکانی فێمێنیسم بکەین.

### لیبرراڵ فێمێنیسم (Liberal feminism)

ئەم چەمکە لە فێمێنیسم یکێک لە هەرە بە ناوبانگترین لەقەکانی فێمێنیسمە. رێبازێکی هەرە هێور، نەرم و رەسمی لە نێو لەقەکانیتری ئەم چەمکەدا، کە دەیەوێت پێگەی ژن بە ئەساس گرتنی:

١- مافی یەکسان

٢- لا بردنی هەموو کۆسپە دەسکردەکان بۆ بەشداری کردنی ژن لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا کە سەرتر لە بنەماڵەو خێڵە.

لیبراڵ فێمێنیسم، لە داڕشتنی هۆکارەکانی نا یەکسانی رەگەزی ئاماژە بە دابەش کردنی کاری رەگەزی، دانانی فەرق لە دامەوو دەزگا گشتیەکان و تایبەتەکان (کە بە شێوەیک رەگەزی نێر لە ریزبەندی یەکەم و رەگەزی مێ لە ریزبەندی دووهەمدا جێ دەگرێ)، و پرۆسەی بە کۆمەڵگایی کردنی منداڵان بە شێوازێک کە بتوانن لە تەمەنی پاش جەوانی نەخشێک بە گوێرەی رەگەزی خۆی بگرێتە ئەستۆ؛ فمێنیستە لیبراڵەکان ئەم ئارمانجانە لە بەر خۆیان دادەنن.

بە گوێرەی لیبراڵ فێمێنیستەکان، سیستمی لیبراڵیستی بەو رێکخراوانە و مێکانیزم و مافانەی کە لە خۆیدا جێگیری کردووە زۆرتر لە هەر کۆمەڵگا و سیستمێکیتر دەتوانێت مافی تاکەکان لە ناو خۆیدا مسەوگەر بکات؛ بەڵام لەم سیستمەش هەلی یەکسان بۆ هەردوو رەگەزەکە بە رەگەزپەرستی و هەڵاواردنی رەگەزی کاڵ دەبێتەوە. هەڵاواردنی رەگەزی وەکوو رەگەزپەرستی مرۆڤەکان لە نێو قالبێکی وشکدا سجن دەکات و کۆمەڵگا لە گەشەی بەهرەی تاکەکانی بێ بەش دەکات، لەو شوێنەوە کە ژنان بە کەم دا دەنێت لە گەشەی بەها بەنرخە فەرهەنگیەکان بەرگری دەکات.

لیبرڵەکان بڕوایان وایە کە دەتوانرێت بە زۆربەی مرۆڤەکان لە ڕێگەی پەروەردەوە، ڕخنەی فێمێنیستیەکان لە هەلاواردنی کۆمەلایەتی تێگەیاند. بەرنامەکانی فێمێنیستە لیبراڵەکان بۆ لە ناو بردنی هەلاواردنی ڕەگەزی بریتیە لە:

١- هەڵمەتی بە کار هێنانی هەموو ئەو ئیمکانیەتە سیاسی و یاساییانەی کە ئێستا لە بەر دەستن بۆ نەهێشتنی ئەم حاڵەتە و درووس کردنی گۆڕان.
٢- پەرەپێدان و درووس کردنی دەرفەتوو هەلی یەکسان.
٣- ڕاست کردنەوەی بۆنیانی بنەماڵە، مەکتەب و ڕاگەیاندنە گشتیەکان.

بە شێوەکی گشتی ئەم لقە لە فێمێنیسم دەیەوێت لە ڕێگای چاکسازیەوە کۆمەڵگا بگۆڕێت نە لە ڕێگای شۆڕشەوە.

## مارکسیست فێمێنیست (Marxist feminism)

بنەما تیۆریەکانی مارکسیست فێمێنیسم سەرچاوە لە بیروڕای مارکس و ئێنگێلس دەگرێت. پرتووکی "سەچاوەکانی ماڵبات، کەرتی تایبەت و دەوڵەت"ی ئێنگێلس، سەرچاوە کلاسیکەکەی مارکسیست فێمێنیستەکانە. زۆربەی داتا ئانترۆپۆلۆژیکەکانی ئەم چەمکە لە سەر ئەساسی تێڕوانینەکانی مۆرگان دارێژراوە. کەسانێک وەکوو ئاگۆست بێل، کلارا زێتکین، ئەلێکساندرا کۆلنتای، ئیڤلین رید و لیز واگێڵ لە هەر کەسانی دیارن لە دارشتنی بنەماکانی مارکسیست فێمێنیسم.

ئەم لایەنە لەچەمکی فێمێنیسم لەسەر ئەساسی فۆرمی تێڕوانینە مارسیستیەکان دەس بەوردبوونەوە لە هۆکارەکانی لە ژێر ستەم بوونی ژنان دەکات و شرۆڤەی ئەوە دەکات کە، بۆ نەمانی ئەم حاڵەتە دەبێت چۆن تێکۆشان بکرێت. لایەنگرانی چەمکی مارکسیست فێمێنیست لەو بڕوایەدان کە ستەمێک کە بەسەر ژندا دادەسەپێت لە کەرتی تایبەت، دابەش کردنی ڕەگەزی کار و لە دواییشدا سیستمی پیاوسالارانەی زاڵ بەسەر بنەماڵەدا سەرچاوە دەگرێت. لە لایێکیترەوە ، سیستەمی سەرمایەداری وەکوو تاوانباری سەرەکی بۆ دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە دەزانن. بە جۆرێکیتر دوژمنی سەرەکی مارکسیست فێمێنیستەکان، سیستەمی چینایەتیە؛ - "ئابووری" - کە ژنان لەهەلوو مەرجی ژێردەسەدا جێگیر کردووە. ئستراتێژی ئەم لایەنە بۆ گۆڕینی هەلوومەرجەکە و نەمانی نایەکسانی ڕەگەزی، تێکۆشان بۆ شۆڕشێکی سوسیالیستی و بنیادنانی کۆمەڵگایکی کۆمۆنیستیە کە لەو پێناوە و بە ئەساس گرتنی ئەم بەرنامەیە ژنان بگەنە ئاستی بەرانبەر بە پیاوان.

بەم شێوەیە تەڤگەری فێمێنیستی دەبێت ژنانی کرێکار ئەساس وەربگرێت و تێکۆشانی سەرەکی خۆی تێکۆشانی چینایەتی

بزانێت. گۆڕەپانی سەرەکی چالاکی مارکسیست فێمێنیستەکان کۆڕەپانە گشتیەکانە و زۆرتر تەکەز لە سەر رزگار کردنی چینە ژێردەستەکان دەکەن. ئەم لایەنە هەوڵ دەدات تا ژنانی کرێکار بگەیەنێتە ئاستێک تا بتوانن پەیوەستیان بکات بەو هێزانەی کە خوازیاری شۆڕشی سوسیالیستین.

## رادیکاڵ فێمێنیسم (Radical feminism)

یکێک لە سەرەکی ترین جیاوازیەکانی رادیکاڵ فێمێنیسم لەگەڵ ئەو لایەنانە کە تا ئێستا باسمان کرد ئەوەیە کە، ئەم لایەنە لە چەمکی فێمێنیسم، لە چەمکەکانیتر سەرچاوەی نەگرتووە، ئەو چەمکانەی کە فێمێنیستە رادیکاڵەکان بە "مێردانە" لە قەڵەمی دەدەن. فێمێنیسمی رادیکاڵ بە ژنانە بوون نرخێکی بەرز دەبەخشێت و ژنان وەکوو چینێکی ژێر دەستی مێرد دەبینێت. شایەد بتوانی بێژی کە گەورەترین چەمکێک کە ئەم لایەنە ناوی لێ دەبات "ستەمی رەگەزی" بێت، وەکوو کۆنترین و سەختترین شێوازی نابەرانبەری، ستەمێک کە دتوانرێت بگۆترێت تەنیا لە بەر ژن بوون بە سەر ژن دا داسەپاوە. هەڵبەت فێمێنیستە رادیکاڵەکان بەمەوە نەوەستاون و زۆرتر لەمە رۆیشتنە پێشەوە و تەواوی شێوازەکانی سەرکۆتکردنی ژن لە سەرتر بوون و دەسەڵاتی مێرد دەبینن.

ئەم لایەنە سەرەڕای ئەوەی کە یەکبوونێک لە شێوازەکانی بیرکردنەوە و تێکۆشاندا لەگەڵ لایەنە مارکسیستەکان و سۆسیالیستەکان هەیەتی، لە رخنەگرانی هەرە جدی ئەم لایەنانە بە حیساب دێت.ئەمان بە جێگەی " کار و بەرهەم هێنان"، تەکەز لە ئیحساسی رەگەزی و قەبووڵ کرانی ژن لە کۆمەڵگادا دەکەن و رایدەگەینن کە هەر ژنێک جیا لە چین، رەگەز و تەمەن و هتد قزانجی یەکسانی لەگەڵ ژنانی دیکە هەیە. بەردەوام بوونی مەنتقی ئەم فیکرە، پێگەیشتن بە دوژمن بوونی پیاو و جیابوونەوەی رەگەزی لەگەڵ خۆی دێنێتە ئاراوە، شێوازێک کە خۆی دەگاتە ئاستێک کە لەگەڵ رەگەزی بەرانبەر بوون دەخاتە ژێر رخنەوە.
رادیکاڵەکان ئەگەرچی دەسەڵاتی پیاوسالارانە وەکوو بەرهەمێکی زاتی نابینن، بەڵکوو وەکوو هەیکەلەیکی کۆمەڵایەتی دەبیینن، بەڵام لەوێوە کە ستەمی رەگەزی لکێنراو بە قووڵایی کۆمەڵگاوە دەبینن لە مۆدێلی شۆڕش بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی پشتیوانی دەکەن.

## فێمێنیسمی دەروون شیکارانە (Psychoanalytic feminism)

دەستەواژەی دەروون شیکاری لە بیردۆزیەکانی فرۆیدەوە کە لە سێ وتاری خۆی لە سەر تیئۆری سێکس نووسیبووی

وەرگیراوە و گەشەی ژنانەبوونی لە سەر ئەساسی کاڵیان بردنی ژن بە نێرانە بوونی پیاو لە کچدا، و لە مەردایەتیدا لە سەر ئەساسی کۆمپلێکسی ئۆدیپ وەکوو دایک ناوزەد کرد. بەو رخنانەی فێمێنیستەکان، بە تایبەت شەپۆلی دووهەم لە فرۆیدیان گرت و تێروانینەکانی ئەویان بە بەری رەگەزی ناوزەدیان کرد، و تئیۆریگەلێکی دەروون شیکاری درووست بوون کە بە تئیۆریە رەگەزیەکان ناویان زراند.

فێمێنیستەکان لە تئیۆریە دەروون شیکاریەکانی فرۆید کەڵکیان وەرگرت و ئەمەیان پێ شرۆڤە کرد کە پەروەردەی منداڵی تا چەند دەتوانێت تەئسیر لە سەر مرۆڤ بکات و لە سەردەمانی گەورەبوونیدا سەر بکاتەوە. نانسی چۆدۆرۆف، کارۆل گلیکان، کیت میلت و ژولیت میچێل لە فێمێنیستە دەروون شیکارەکانن. بۆ نموونە چۆدۆرۆف بە رۆلی دایک لە لەئامێز گرتنی منداڵ و درووست بوونی کەسیەتی جنسی منداڵ لە لایەن دایکەوە ئاماژە دەکات و دەڵێت بۆ کوڕان زووتر سەربەخۆ دەبن و کچان زۆرتر بەرەو پەیوەندی گرتن لە رێگای هەست و عاتێفەیانەوە دەڕۆن.

ژاک لاکان یەکێکیتر لە شرۆڤەکەرانی فرۆید و لە کەسایەتیە کاریگەرەکانە لە سەر فێمێنیسمی دەروون شیکار، کە نەبوونی ئەندامی جووت بوونی پیاوانە بە هێمای فەرهەنگی دەزانێت و لە لێکدانەوە بایۆلۆژیکاڵەکانی فرۆید دوور دەکەوێتەو. لە هەمان کاتدا لە سەر خۆناساندنەوەی رەگەزی و فێربوونی زمان تەکەز دەکاتەوە. ئیریگاری، یەکێک لە قوتابییەکان و رخنەگرانی لاکانە و لەگەڵ هێلێن سیکسۆ لە دامەزرێنەرانی رێبازی "نووسینی ژنانە" دەژمێردرێت. رێبازێک کە دەیەوێت لە پێگەی لەشی ژنانەوە بنووسێت و پەرەی پی بدات.

## فێمێنیسمی سووسیالیستی(Socialist feminism)

لە میانەی شەڕی فیکری لە نێوان فێمێنیستە رادیکاڵەکان و کۆمۆنیستەکان لە سەر ئەوەی کە هۆکاری ژێر دەست بوونی ژن و چۆنیەتی گۆڕینی ئەم دۆخە لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ چەمکێکی نوێ بە ناوی فێمێنیستی سوسیالیستی سەری هەڵدا. ژوولیت میشل، هایدی هارتمن و ئالیسۆن جگێر لە دامەزرێنەرانی ئەم رێبازە نوێیە لە چەمکی فێمێنیسمدا ناوزەد دەکرێن. وتاری "جووت بوونی سەرنەکەوتووی فێمێنیسم و مارکسیسم"، لە وتارە هەرە بە ناوبانگەکانی هایدی هارتمەن و ئەم رێبازە لە قەڵەم دەدرێت.

مەسەلەی سەرەکی فێمێنیستە سووسیالیستەکان شرۆڤە کردنی چۆنیەتی تێکەڵ بوونی سیستەمی سەرمایەداری و پیاوسالاریە. بە شێوازێکیتر، لایەنگرانی ئەم رێبازە لەو بڕوایەدان کە بۆ شرۆڤە کردنی دۆخی ژنان و هاوکات دانانی بەرنامەیێک و

ئیستراتژییێک بۆ تێکۆشان لە ڕێ گۆڕینی ئەم دۆخە نابێت تەنیا بە ڕوانگەیکی یەک لایەنەوە چاوی لێ بکرێت (تەنیا وەکوو چینێک لە لایەن مارکسیستەکان و وەکوو دەروونیاتێک لە لایەن دەروون شیکارەکان و هێندێک لە رادیکاڵەکان)؛ بەڵکوو دەبێت کۆمەڵێک لە هۆکارەکان و دەر ئەنجامەکان لە ژێر دەست بوونی ژندا تاوتوێ بکرێت.

لەم ڕوویەوە، فێمێنیستە سووسیالیستەکان، لەو بڕوایەدان کە بۆ گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگاییێکی یەکسان دەبێت دژ بە هەردوو چەمکی سەرمایەداری و پیاوسالاری تێکۆشان بکرێت.بەم جۆرە فەزای پێک هێنان و تێکۆشان سنووردار بە کارگەکانەوە نامێنێت، بەڵکوو دەڕواتە ناو کۆمەڵێ لە شوێنە تایبەت و گشتیەکان کە ژنان لەوێدا تووشی چاوساندنەوە دەبن.

## فێمێنیسمی ڕەش(Black feminism)

برووسکەی بردنە ژێر پرسیاری، "گشتی بوونی چەمکی ژن" لە فێمێنیسم بە تێکۆشانی ژنانی ڕەش پێستەوە لێدرا. تەڤگەری فێمێنیسمی ڕەش لە سەردەمانی تێکۆشان لە دژی نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و ڕەنگی دژ بە ئاپارتاید لە ئامریکا بنیاد نرا کە لە گەورە داهێنەرەکانی ئەم ڕێبازە لە چەمکی فێمێنیسم دەتوانرێت بە پۆل هۆکس ئاماژە بکرێت. لە ڕاستیدا فێمێنیستە ڕەشەکان لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێت ئەمە تیئۆریزە بکرێت کە سەرکوت چەند شێوازی هەیە و دەبێت گشتگیر بوونی لە سەر ژنان بدرێتە بەر ڕخنە. ئایدیای ئەم ڕێبازە لە فکری فێمێنیستە سووسیالیستەکانەوە دەهات کە بڕوایان بە ناوەڕۆکی دوولایەنەی چینایەتی- ڕەگەزی بوو و فێمێنیستە ڕەشەکانیچ بە تەکەز کردن لە سەر ڕەگەز وەکوو یکێک لە هەرە گەورەترین سیمبۆلەکانی سەرکوت، ئەم شێوازەیان داهێنا ناو ئەم چەمکە چەند لایەنەوە.

## فێمێنیسمی پاش بنەماخوازی(Post-structuralism)

لە ژێر کاریگەری چەمکگەلی بنەماخوازی و پۆست مۆددێرنیسم کە لە لایەن فەیلەسووفانێک وەکوو میشێل فۆکۆ و دریدا و لیوتار کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە گۆتارەکانی دەیەی ١٩٨٠ بوو،تێکەڵێیک بە ناوی پۆست مۆدێرن یان پاش بنەماخوازی پێک هات. لە ڕاستیدا، فێمێنیسسم پاش بنەماخوازی لە ڕێگای فۆکۆوە گرێ دەدرا بە چەمکەکانیتری (فرۆید، باتای، و لاکان)وە. فێمێنیستە ڕەشەکان برووسکەی ئەوەیان لێ دابوو کە لە گشتگیر بینی کێشەی ژن دەتوانرێت شک بکرێت. هەر چەن جواوی ئەوان بەو مەسەلەیە زێدە کردنی لایەنێک بە ناوی ڕەگەز لە سەر چەند لایەنە بوونی سەرکوت بوو، بەڵام بەم کێشەیە دەتوانرێت بەم شێوازەش جواب بدەیتەوە کە چەمکێک بە ناوی ژن گشتگیر نییەو فێمێنیستەکان بە قەبووڵ کردنی ئەم گشتگیر بوونە تووشی هەڵەیکی گەورە بوونە. ئەم تێڕوانینە لەگەڵ تێڕوانینی پۆست مۆدێرن لە سەر چەمکەکان

گۆنجاوە؛ لە ئەنجامدا پێکهاتنی ئەم تێکەڵ کردنەی (فێمێنیسم لەگەڵ پۆست مۆدێرنیسم) وا دیار بوو کە بەری پێ نەدەگیرا. هەر شێوازێک لە چەمکێ کە لە زهنیەتی گشتگیرکەر (یکێک لە واتا بنەڕەتیەکانی مۆدێرنیتە) وەرگیراوە رەد دەکاتەوە. کەواتە ناتوانێت قەبووڵکەری واتای ژن و مێر، و جیاکەری دوو رەگەزەکە بێت و بە پۆست مۆدێرن بوونی بە شێوازێک دەتوانێ فێمێنیستیش بێت. ئەم خاڵە شایانی گرنگی پێدانە، کە هەرچەند جیاییێکی زۆر لە نێوان پۆست مۆدێرنیتەو پاش بنەماخوازی دەبینرێت، لە بەر نزیکی و یەک بوونیان لە زۆر مژاردا و خڕبوونەوەی ئەم بابەتە لە سەر فێمێنیسم، لەم وتارەدا ئەم دوو چەمکە هاوتا و لە چەمکێکی گشتگیردا فێمێنیسمی پاش بنەماخوازی - پاش مۆدێرن درا بەر باس.

## فێمێنیسمی پاش داگیرکەری (Postcolonial)

فێمێنیسمی پۆست کۆلۆنیالی سەرچاوەکەی لە پۆست مۆدێرن و پاش بنەماخوازی و تێکۆشانی گەلانی رۆژهەڵاتی دژ بە داگیرکەر گەشەی کرد. ئەم رێبازە لە چەمکی فێمێنیسم زۆر لە فێمێنیسمی رەش دەچێت بەم جیاوازیە کە کۆمەڵگای پەراوێز خراو کە پێناسەی ژن لە بەرچاو ناگرێت، بە جێ ئەوەی کە لە نێو ئەو کۆمەڵگایە بێت لە نیشتمانێکیترە. ئالیس واکێر لەو بیردۆزانەیە کە لێکۆڵینەکانی کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان، چ ئەوانەی رەشن و چ ئەوانەی کە داگیرکراون لە خۆ دەگرێت بە شێوەیک وەکوو پەیوەندیدەری فێمێنیسمی رەش و پاش بنەماخواخی ناوی لێ دەبرێت. لە لایکیترەوە بیردۆزانی وەکوو فرانس فانون و ئێدوارد سەعید لە کۆمەڵگا ئازادکراوەکان لە دەستی داگیرکەر، خەریکی رخنە گرتن لە نەتەوەپارێزی رۆژئاوا بوون. لە کۆتایی دا کەسانێک وەکوو گاتاری، ئێسپیواک و رێی چاو لەم فەزایەدا تێوەگلان بە بەرهەم هێنانی بیری فێمێنیسمی پاش کۆلۆنیالی بوون کە لە راستیدا هێنانە ناوەوەی دۆزی ژنان بۆ ناو نەتەوەگەرایی رۆژئاوایی بوو. وەکوو دۆخی رەشەکان، لە بەرچاو نەگرتنی دۆخی تایبەت بەو کۆمەڵگانە لە پێناسە کردنی فێمێنیسم ئاسەواری نەخوازراوی لە مەیدانی بیری فێمێنیستی لەو کۆمەڵگایانەدا درووست کرد. بۆ نموونە دەتوانین بە مەسەلەی حیجاب ئاماژە بکەین. فێمێنیستە رۆژئاوایەکان لە سەرەتاوە ئەم چەمکەیان بە سەرکوتی ژنانەوە گرێدا و هەوڵیان دا لابردنی حیجاب لە بەستە مۆدێرنیستانەکەی داگیرکەران کە وەکوو پێشکەوتوویی ناویان دەبرد بخەنە ناو ئەو وڵاتانەوە کە داگیرکراون. ئەم هەڵەیە بوو بە هۆی ئەوە کە تێکۆشانی دژ بە داگیرکەر لەم وڵاتانە گرێ بخوات بە حیجابی ژنانەوە. لە راستیدا کاردانەوەی ئەم کۆمەڵگایانە لە بەرانبەر بە هێنانە ناوەوەی فەرهەنگی بێگانە لە ژێر ناوی مۆدێرنیزاسیۆن بە داخەوە بە تەکەز کردن لە سەر چەمکی حیجاب - کە شێوازێک لە سەرکوتی ژنانە - هاوڕا بووە. یکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکوت کردن بە هەڵەدا رۆیشتنی فێمێنیستە رۆژئاوایەکان لە پەیوەندیدانی نا موبارەکی مەسەلەی حیجاب و پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنە.

## پاش فێمێنیسم(Post-feminism)

خراپ نییە لە کۆتایشدا ئاماژەیێک بە پۆست فێمێنیستەکان بکەین. ئەم ڕێبازە وەکوو فێمێنیستە پۆست مۆدێرنەکان دەست دەنێتە سەر واتای گشتگیری ژن بەم جیاوازیەوە کە تەنیا ڕخنە ناگرن و نەتەنیا ئیسرار لە سەر واتای گشتگیری ژن بە هەڵە دەزانن بەڵکوو بە زیانیشی لە قەڵەم دەدەن و بڕوایان وایە کە بە پێناسە کردنی فێمێنیسم، خۆ بە خۆ خشتی یەکەمی ڕەوایەتی ستەم لە سەر بەشێک لەو کۆمەڵگایە دادەنین کە خۆمان لاف لێدەری بەرگری لەوین: واتە جیاکردنەوەی چەمکی ژن و مێرد. لە سەر ئەساسی ئەم بۆچوونە پاشفێمێنیستیانە ئەوان خۆیان بە ڕاشکاوی دژبەری فێمێنیسم دەزانن و لە قەڵەم دەدەن.

لە کۆتاییدا جێگای هەیە کە چاوێک بە سەر بیری کۆئێردا بخشێنین کە لاف لێدەری تارمایی بوونی ڕەگەزە. ئەم بیردۆزیە لە سەر بوونی ئەنواعی جیاوازی لەش و ڕۆحیات (وەکوو لەشی ژنانە و ڕۆحی پیاوانە، لەشی پیاوانە و ڕۆحی ژنانە) تەکەز دەکات کە وەهمی دەبێت و سەرچاوە لە فێمێنیسمی دەروون ناسی و گوتاری پۆست مۆدێرن دەگرێت و شاهدێکە لە سەر ئایدیای فێمێنیستە پۆست مۆدێرنەکان و پۆست فێمێنیسستەکان. هەڵبەت یەک کەڵکیتر لە پۆست فێمێنیسم دەگیردرێت. لەم چەشنەدا پۆست فێمێنیسم هاوتایە لەگەڵ کۆمەڵگایێک کە بە یەکسانی ڕەگەزی گەیشتووە و هێندێک لاف لێدەدەن کە لانی کەمی لە کۆمەڵگای ئەوان وایە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٢

---

# فێمێنیست، فیمێڵ، فێمێنین






**تۆریل مۆیی**

**و: سەلاح بایەزیدی**

دەبێ مانای وشەی «فێمێنیست» لە روانگەی «رەخنەی ئەدەبی» فێمێنیستەکان چی بێت؟ لە ماوەی دە ساڵی رابردوو، فێمێنیستەکان کۆمەڵێک دەستەواژەی وەکوو «فێمێنیست»،»فیمێڵ» و»فێمێنین» یان لە بوارەکانی جیاوازدا بە کارهێناوە. خاڵی سەرەکی ئەم نووسراوەیە ئەوەیە، کە لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بتوانین جیاوازییەکانی ئەم دەستەواژانەی سەرەوە لەگەڵ بنەماکانی سیاسی و تیۆری بیرۆکەی رەخنەگرانەی فێمێنیستەکانی هاوچەرخ لێکبدەینەوە. لەسەرەتاوە، من پێشنیاز دەکەم کە ئێمە جیاوازی دابنێین لەنێوان «فێمێنیزم» وەکوو هەڵوێستێکی سیاسی، «فیمێڵ نیس» وەکوو دۆزێکی زیندەوەریی، هەروەها «فێمێنیتی» وەکوو پێناسەیەکی دیاریکراوی کولتووری.

## «فێمێنیست:»

هەردوو وشەی «فێمێنیست» و «فێمێنیزم» لە قۆناغەکانی سەرەتایی بزووتنەوەی ژناندا وەکووو بیرۆکەیەکی سیاسی لە ئاخری شەستەکاندا سەریان هەڵداوە. رەخنەی فێمێنیستی وەکوو وتارێکی سیاسی دەچێت کە بەکەڵک وەرگرتن لە بنەماکانی تیۆرێکی رەخنەگرانە خۆی بۆ بەربەرەکانێ لە دژی کولتووری پیاوەمەزنی و رەگەزپەرستی جەندەری تەرخانکردووە، لە هەمانکاتدا نابێت وەکوو رەخنەیەکی ساکاری ئەدەبی لێکی دەینەوە، ئەگەر هاتوو لە ئەوەشدا سەرنەکەوتین هەر هیچ

نەبێت وەکوو روانگەیەکی رەخنەگرانەی نوێ کە توانیویەتی سنووری خەیاڵاتێکی لە ئەژمار نەهاتوو ببەزێنێت، سەیری بکەین. ئەوە بەشێک لە ڕوانگەی من بوون کە لەگەڵ تێڕوانینەکانی ئەو ناکۆکیان نییە، بە واتایەک «فێمێنیست» کەسێکە کە لە بەکارهێنانی هەر چەشنە تیۆرییەک یان شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە ئازاد بێت. جێی ئاماژە پێکردنە کە لەناو فێمێنیستەکاندا جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی هەیە. من لێرەدا داوای ئەوە ناکەم کە هەوڵەکانمان وەگەڕخەین بۆ یەکگرتنەوەی ئەم بیروباوەڕە جیاوازانە، تەنیا ئەوەم پێ باشە بیرۆکەی فێمێنیستی لە تیۆری و رەخنەگرتندا ئازاد بێت و لە توێژینەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا و چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەماکانی رەگەزی و دامەزراوەکانی، هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێت. هەر وەکوو چۆن «کیت میلێت» ئەو شێوە کارکردنەی لە نووسراوەکەی خۆی بەناوی «سیاسەتی رەگەزی» خستۆتە روو.

لە روانگەی «میلێت»، سیاسەت لەسەر بنەمای هێز پێکهاتووە و ئەرکی فێمێنیستی رەخنەگەر ئاشکراکردنی ئەو رێگایانە کە رەگەزی نێرینە توانیویەتی خۆی بەسەر مێینەدا داسەپێنێت کە پێکهاتوون لە هەردوو شێوازی بیرکردنەوەیەکی ساکار و بەهرەوەر، کەواتە بەلەبەر چاوگرتنی ئاڵۆزی و بەربڵاوی بیرۆکەیی و کولتووری، توانیویەتی بنەماکانی چەمکی دەسەڵاتمان بۆ بخاتە روو. بە کەڵک وەرگرتن لە روانگەی «میلێت»، فێمێنیستەکان هاوشێوەی مارکسیەکان هەوڵی ئەوەیان داوە کە شێوازەکانی رەخنەگرتن لەسەر بنەماکانی چەمکی سیاسەت دابمەزرێننەوە، هەر ئەوەش وای لێکردووە کە شێوازی فێمێنیستی رەخنەگر بچێتە خانەی توێژینەوەکانی ئەدەبی.

لە جێی خۆیدا، ئەم شێوە بیرکردنەوە، فێمێنیستەکانی هاوشێوەی هێزە توندڕەوەکان دەرخستووە، کە هەرچۆنێک بێت هەوڵی بچووک کردنەوەیان دراوە تا لە کەنارەکانی دامەزراوە ئەکادێمییەکان دووریان خەنەوە، یان لە باشترین حاڵەت وەکوو هێزێکی سیاسیی بێلایەن لەلای هاوڕێکانیان پێشانیان بدەن، ئەگەر ئەوەشیان بۆ رێکنەکەوت، وەکوو رەخنەگرێکی کولتووری بیاناسێنن.

هاوشێوەی سۆسیالیستەکان، فێمێنیستەکان دەستیان کراوەیە لە هەڵبژاردنی شێوازی جیاواز لە تیۆری و رەخنەی ئەدەبی، تا بتوانن بە هەر شێوەیەک بێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکەن. وشەی سەرەکیی لێرەدا، شێوازی خۆگونجاندنە بە جۆرێک کە بتوانین لە حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی دیکە سەرکەوتوانە دەرباز ببین. بە لەبەر چاوگرتنی سووربوونی فێمێنیستەکان لەسەر لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ بنەماکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگا و مێژووی دوردرێژی دەسەڵاتی پیاوەمزنی، ئەوان دەبێت هەوڵی ئەوە بدەن کە پشتیوانی هێزەکانی دیکەی کۆمەڵگا مسۆگەر بکەن، هەر بۆیە بە پێی ئەو بیرکردنەوە »فێمێنیست» و «فیمێل» بەتەنیایی و دوور لە چین و توێژەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا ناتوانن مانایەکی سیاسی بە بیرۆکەکانی خۆیان

ببەخشن. بەپێی ئەم بیرۆکەیە، فێمێنیست وەکوو هەموو بیروبۆچوونەکانی دیکە لە ژێر زەبری کاریگەری روانگەی پیاوەزنی پاکی و خاوێنی خۆی لەدەستداوە. لێرەدا دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین «ماری والستوون کرافت»کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەڕەنسا کە ئەوەش لە جێی خۆیدا بە بەشێک لە سەرکەوتنەکانی بیرۆکەی پیاوەزنی لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها «سیمۆن دووبوار» بەهەمان شێوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیرۆکەی «سارتر»، کاتێک کتێبی «رەگەزی دووهەم»ی نووسیبوو. هاوکات پێویست بەوەش ناکات هەوڵەکانی «جان ستوارت میل» لە پێناو شیکردنی چەوساندنەوەی ژنان لەبەرچاو نەگرین، لەبەر ئەوە ئەو پیاوێکی لیبراڵ بوو. لێرەدا کێشە لەسەر بنەماکانی بیرۆکەیەک نییە، بەڵکو لەسەر شێوازی بەکارهێنانێتی و ئەوەی کە چ دەرەنجامێکی لێدەکەوێتەوە، بە واتایەک ئەوە زۆر گرنگ نییە کە داهێنەری ئەم بیرۆکەیە ژنە یان پیاو بە پێچەوانە ئەوەی کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت کاریگەری ئەم بیرۆکەیە لە پێناسەکردنی «رەگەزپەرستی جەندەری.»

لەم چوارچێوەیەدا، نەبوونی پسپۆرانی پلە بەرزی ژن لەناوەندەکانی رۆشنبیری، نابێت تووشی خەمۆکی و دڵەراوکێمان بکات، ئەوەی کە دەبێ لای ئێمە گرنگ بێت، هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی بیرۆکەی فێمێنیستی، هەروەها پێداگرتن لەسەر ئەم راستییە، گواستنەوەی بیرۆکەی زانایان و نووسەران و کەڵک وەرگرتن لەناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان، شتێکی نوێ نییە لە مێژوودا، پێم وانییە کەسی واشبێت گرنگی زۆرتر بە روانگەی کەسانێک بدات کە تێکەڵاوی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی پێکنەهێناوە.

زۆر جاریش فێمێنیستەکان تانەی ئەوەیان لە رۆشنبیرانی پیاو داوە، کە بیروبۆچونی (فیمێل «ژن») یان بۆخۆیان دزیوە، هەر لەم پەیوەندییەدا «دال سپیندر» کتێبێکی نووسیوە بەناوی «بیرۆکەی ژنان و شێوازی رووبەڕوو بوونەوەی پیاوەکان لەگەڵیاندا.»

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، تۆ بڵێی ئێمە بتوانین تانە لە پیاوەکان بدەین، بیروبۆچونەکانی رەگەزی ژنیان بۆخۆیان بردووە، و هاوکات ئەم بیرۆکەیەش بڵاوبکەینەوە کە فێمێنیست دەبێت لە کۆمەڵێک روانگەی جۆراوجۆر کەڵک وەربگرێت. لەلایەکی دیکەوە، «سپیندر» کە کتێبەکەی باس لە ناپاکی ئەکادێمییەکی پیاوەکان دەکات کە چۆن بیرۆکەی ژنان بۆ خۆیان دەدزن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەن، هەموو ئەم هەوڵانەی رەگەزی نێرینە دەخرێتە خانەی هەوڵێکی بەربڵاوی پیاوەزنانە بۆ بێدەنگی هەرچی زۆرتری چینی ژنان.

بەڵام هاوکات فێمێنیستەکان بە ئاشکرایی پێداگری لەم روانگە دەکەن کە دەبێت سەربەست بن لە بەکارهێنانی هەموو ئەم

بیرۆکە و نووسراوانەی کە دەتوانێت یارمەتیدەریان بێت، بە واتایەک نابێت ببێتە جێی گومان و پرسیار، کاتێک ویستیان کۆمەڵێک تیۆری جیاواز کە بەکەڵکیان دێت بەکاربێنن، زۆرینەی فێمێنیستەکان دژی ئەو روانگە وەستاون کە بیرۆکەی تاک بەس خۆی مافی بەکارهێنانی هەیە و دەبێت وەک مافێکی تایبەت سەیر بکرێت، گەرچی من لەگەڵ ئەو بیروبۆچونەوەی سەروەم، بەڵام ئەوە دەبێت بە گرنگ سەیر بکرێت کاتێک رەخنەگرەکان لێکدانەوە لەسەر سەروەریی بیرۆکەی تاک دەکەن کە تەنیا مافی بەکارهێنانی خۆی تێدا پاراستووە، هەموو ئەم شێوە بیرکردنەوانە رێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بیروبۆچونی بیرمەندەکان وەک سامانی خۆیان لەقەڵەم بدرێت و کۆمەڵگا مافی کەڵک لێوەرگرتنی نەبێت.

ئەو رەخنەگرانەی لەژێر کاریگەری بیرۆکەی سیاسیدان پێیان وایە کە فێمێنیستەکان لەهەوڵی ئەوەدان زۆر بە ئاشکرایی باس لە چوارچێوەی بیرۆکەی سیاسی خۆیان بکەن، ئەوەش بۆ ئەوە لەبەرچاو گیراوە تا بەرپەرچی ئەم کۆمەڵە هەوڵانە بداتەوە کە لەلایەن دەسەڵاتی پیاوەمەزنییەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی وای دەربخەن کە ئەوان بێلایەنی سیاسی خۆیان وەک رۆشنبیرێک پاراستووە.

کێشەی سەرەکیی روانگەی «سپیندر» ئەوەیە کە ئەو ژنان وەکوو قوربانییەکی دەستی پیلانە شاراوەکانی رەگەزی نێرینە لەقەڵەم دەدات کە هیچ کات دەرچوونیان نابێت. هاوکات ئەوەش راستە کە بەشێکی زۆر لە ژنان لەلایەنی رۆشنبیری، لایەنی هەست و سۆز و هەروەها لایەنی جەستەیی بەدەست پیاواندا چەوساونەتەوە، ئەوەش بەڵام لەبەرامبەر ئەم راستییانەدا نابێت لەبیر بکەین کە بەشێکی زۆر لە ژنان توانیویانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی پیاومەزنانە راوەستن و خۆیان تەسلیم نەکەن.

پێداگری لەسەر مافەکانمان، بەهەر شێوەیەک کە پێویست بێت، هاوکات بەکارهێنانی بیرۆکەی کەسانی دیکەش دەتوانێت یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆ ئەوەی کە بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆمان بگەین، ئەوەش لەجێی خۆیدا دەتوانێت رێگر بێت لەخۆ بەدەستدانی ئەو کۆمەڵە ژنە کە لەگۆڕەپانی رۆشنبیری و کولتووری چالاکانە تێدەکۆشن. وەک نموونەیەک لە ئاڵوگۆڕی کولتووری، دەتوانین چالاکی ئەو ژنانە لەبەرچاوبگرین کە توانیویانە بەکەڵک وەرگرتن لە تیۆری «شیکردنەوەی دەروونی» «فرۆید» و گواستنەوەی وەک بەشێک لە تیۆری فێمێنیستی کە بتوانێت لێکدانەوەی خۆی هەبێت لەسەر»جیاوای رەگەزیی و شرۆڤەکردنی جێگەی جەندەر لە بنەماکانی کۆمەڵگای پیاو مەزنانە«دا. لەم پەیوەندییەدا، «هێلێن سیکوز» و «لوک ئیرگارای» سەرکەوتووانە توانیویانە فەلسەفەی «جاکویس دیریدا» بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر بیرۆکەی فێمێنیزم بەکاربێنن، هەروەها «ساندرا گیلبێرت» و «سووزان گوبار» توانیویانە بە دووبارە نووسینەوەی تیۆرییەکانی «هارولد بلووم» سەرکەوتنی زۆرتر بۆ بیرۆکەی فێمێنیستی تۆمار بکەن.

**«فیمێڵ»** :

رەخنەی فێمێنیستی وەک بیرۆکەیەکی سیاسی بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە دژایەتی بکات لەگەڵ هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوەی رەگەزی مێینە کە لەلایەن بیرۆکەی پیاوەمەزنانە و رەگەزپەرستی جەندەری بەڕێوەدەچێت، ئەوەش لەجێی خۆیدا، ئەم راستیە دەسەلمێنێت کە »ژن بوون» بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی روانگەی فێمێنیستیان لێبکەین.

جێی ئاماژەیە، وەکوو توێژینەوەیەکی سیاسی، روانگەی رەخنەگرانەی فێمێنیستەکان دەتوانێت بەکەڵک وەرگرتن لە رەخنەی دەرەکی بیرۆکەکانی دیکە، ناوەڕۆکی خۆی دەوڵەمەندتر بکات. لە راستیدا، ئەوەش دەبێت ئاماژەی پێبکرێت، هەموو ئەو کتێبانەی کە ژنە نووسەرکەکان لەسەر بابەتی پەیوەست بە لێکدانەوە لەسەر نووسینی ژنانی دیکە نووسیویانە، وەک نموونەیەکی دژ بە بیرۆکەی پیاو مەزنانە هەژمارناکرێت.

ئەم شێوە لێکدانەوە، زۆرتر لە نووسینەکانی بەر لە شەستەکان بەدی دەکرێن، کە لەسەر ژنانی نووسەر نووسراون و بەشی زۆریشیان لەژێر کاریگەری کولتووری زاڵی پیاوەمەزنانەدا بوون. بۆیە نەریتی «فیمێڵ» لە هەردوو بەشی ئەدەبی و رەخنەگرتن پێویستی بەوە نییە کە سوود لە روانگەیەکی «فێمێنیستی» وەربگرن. «روزالیند کوارد» لە وتارێکی خۆیدا، بەناوی «تۆ بڵێی رۆمانی ژنەکان وەکوو رۆمانێکی فێمێنیستی هەژمار بکرێت»؟، باس لەو راستییە دەکات کە جیاوازییەک هەیە لە نێوان نووسینی فێمێنیستی لەگەڵ نووسینی «فیمێڵ»، ئەوەش خۆی لەهەموو ئاستەکانی بزووتنەوەی ژنان، بڵاوکراوەکانی سەر بە ژنان و هەروەها میدیاکاندا دەبینێتەوە. بە وتەی «روزالیند کوارد» نووسینەکانی ئەو ژنانەی کە بە گوتەی خۆیان بێ لایەنی خۆیان پاراستووە لە کێشەی جەندەریدا، ناتوانێت وەک بەشێک لە بیرۆکەی فێمێنیزم لەقەڵەم بدرێت. هەردوو نووسەر، «میلز» و «بوون» بۆ ژنانیان نووسیوە هەر لەلایەن ژنانیشەوە بابەتەکانیان دەخوێندرێتەوەو بە وتەیەک هەموو نووسینەکانیان لەخزمەت بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی ژناندا بووە. تەوەری سەرەکی رۆمانەکانیان بریتین لە بابەتی وەکوو رەگەزپەرستی جەندەری و ملکەچبوونی چینایەتی کە زۆر بە زەقی شیدەکرێنەوە.

جێی ئاماژەیە، بەشی هەرە زۆری ئەم نووسینانە لە روانگەی لێکدانەوەوە تووشی ئاڵۆزی بیروباوەڕ بوونەتەوە، بە تایبەت لەکاتێکدا باس لە دوو دەستەواژەی جیاواز وەکوو «فێمێنیست» و «فیمێڵ» دەکەن، هەروەها زۆرتر نووسینەکانیان لە حەزو ئارەزووەکانی خۆیان دەچێت کە وەپاڵی ئەم دوو بیرۆکە جیاوازەیانداوە.وەکوو نموونەیەک بۆ ئەم وتە، زۆر جار پێیان وایە ئەزموونەکانی ژنان دەبێت وەک دیاردەیەکی فێمێنیستی لەقەڵەم بدرێت. بەهەر حاڵ ئەم روانگەیە دوو حاڵەتی

سەرچاوە
Serchawe

لێدەکەوێتەوە: لەلایەک ئەزموونی ئەم ژنانە وەک بەشێک لە خەباتی فێمێنیستی لەقەڵەم دەدرێت،... چونکە بە ئاشکرا هێمای دژ بە پیاوەمەزنانەی تێدایە، لەلایەکی دیکەوە زۆرجار ئەزموونی ئەم ژنانە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەو پەرتەوازەبوونیان لە بزووتنەوەی فێمێنیستی. هەردوو نووسەر «میلز» و «بوون»، پێیان وایە خۆشەویستی ژنانە یان سەرسام بوونی «ئینیتا برایانت» لە پەیوەندی سێکسیدا، گرنگیدان بە ئەرکی دایکایەتی ناخرێنە خانەی ئەو نووسراوانەی کە لە پێناو رزگاری ژنان دا ئامادە کراون.

پێناسەکردنی ئەزموونی ژنانە وەکوو بەشێک لە سیاسیەتی فێمێنیستی، هەڵەیەک بوو کە لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژنان دا کرا. خاڵی سەرەکی ئەوەیە، بەرزبوونەوەی ئاستی وریایی ژنان کە خۆی لە بیرۆکەی گرنگی پێدان بە ئەزموونی تاکەکان دا دەبینێتەوە، ناتوانێت وەک بەشێک لە ئەزموونی سیاسی لەقەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوە هەر ئەزمونێک بەشێوازی جۆراوجۆر لێکدانەوەی لەسەر دەکرێت. ئەوە ئێستا بەئاشکرایی بە دیارکەوتووە، کە زۆربەی فێمێنیستەکان بوونی ئەم ناکۆکیانەی کە لەسەرەوە باسیان لێوەکرا بە هەند وەربگرن. «روزا لیند کوارد» جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرزبوونەوەی ئاستی وریایی بە ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی ژنان ئەژمار ناکرێت. ئەم بۆچوونانە وای لێکردووە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وریایی، پەیوەندی ئۆرگانیکی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی فێمێنیستی لەدەست بدات، ئەو تاقمە بچوکانەی دیکەش زۆرتر وەکوو گروپێکی هەڵمەتی سیاسی یان گروپێکی ئەکادیمی لە گۆڕەپانی بزوتنەوەی فێمێنیستی دا بمێننەوە.

بڕوا کردن بەم  بیرۆکەیە کە ئەزموونی ژنانە دەتوانێت ئاستی لێکدانەوەی فێمێنیستی بەرزبکاتەوە لە روانگەی سیاسیدا ساویلکە بوون و لە روانگەی تیۆریدا بێ ئاگایی پیشان دەدات. بەواتایەک بوونی ئەزموونی هاوبەش لە نێو تاکەکاندا بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی کە بتوانێت هەمووان لەخۆدا بگرێت دەستەبەر بکات: وەکوو نموونە بە دەیان ملیۆن سەرباز لەبەرەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، تووشی نەهامەتی و ژیانێکی یەکجار سەخت و دژوار هاتوون، بەڵام هەموویان هەروەکوو یەک مرۆڤی ئاشتیخواز، سۆسیالیست یان شەڕخوازیان لێدەرنەکەوت. بەڵام بەداخەوە، ئەزموونی منداڵبوون یا پریۆدی مانگانەی ژنان، وەکوو ئەزموونێکی هاوبەش لەنێو ژناندا بەدی ناکرێت، هەروەها ئەزمونێکیش نییە کە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی هیوا بەخۆبوون لە پێناو رزگاری سیاسیدا، ئەگینا ئەگەر بێت و وابوایە، ژنان دەیانتوانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەم دونیایەدا پێکبهێنن. هەر چەندە ئەزموونی ژنانە لەژێر کاریگەری بیرۆکەی پیاوەمەزنانەدایە، بەڵام بزووتنەوەی «فێمێنیزم» وەکوو تیۆرییەکی سیاسی ناتوانێت خۆی تا ئاستی ئەزموونێک یان تاقیکردنەوەیەک بچووک بکاتەوە. لەروانگەی مارکسیەکان، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە لەنێوان تیۆری و کردەوەدا، ئەوەش لە جێگەی خۆیدا دەتوانێت لەسەر پەیوەندی نێوان ئەزمونی ژنانە »فیمێڵ» و سیاسەتی فێمێنیستیدا تاقی بکرێتەوە. ئاماژە دان بەم راستییە، کۆمەڵێکی زۆر لە رەخنەگرانی فێمێنیست لەسەر نووسەرانی «فیمێڵ»یان نووسیوە، کە دەکرێت وەکوو

هەڵبژاردنێکی سیاسی هەستیار لەبەرچاو بگیرێت، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی وەکوو رەخنەیەکی فێمێنیستی لەقەڵەم بدرێت. ئەگەرچی ئەوە ئامانجی سەرەکی روانگەی سیاسی فێمێنیستەکان نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت وەکوو بەڵگەیەک بۆ یەکگرتنەوەی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە ئەژمار بکرێت.

لەدەستپێکی ئەم شێوە نوسینانە، «کیت میلیت» لە کتێبی خۆی بەناوی «سیاسەتی جەندەری»، ئەوەی خستۆتە روو کە چەند نووسەرێکی پیاو وەکوو «نورمان مایلر»، «هنری میلر»و «د.ە.لورنس»، بنەمای فیکریان لەسەر بیرۆکەی رەگەزپەرستی جەندەری دامەزراوە، هەروەها «ماری ئەلمان» لە کتێبی خۆی بەناوی «بیرکردنەوە لەسەر ژنان» بەشێوەیەکی سەرنجراکێش، باس لە رەگەزپەرستی جەندەری دەکات کە بووەتە نەریتێک لەناو رەخنەی ئەدەبی پیاوەکاندا، بەهەمان شێوە »پینی یومیلا» لە کتێبی خۆی بەناوی «توماس هاردی و ژنان»، لێکدانەوەیەک لەسەر بیرۆکەی رەگەزپەرستی جەندەری نووسەرێکی پیاو بەناوی «توماس هاردی» دەکات.

لە کۆتاییدا لە باس کردنی جیاوازی نێوان «فێمێنیست» و «فیمێل» ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئاخۆ پیاوەکان دەتوانن وەکوو فێمێنیست یان رەخنەگرێکی فێمێنیست خۆیان دەرخەن؟، ئەگەر فێمێنیستەکان پێویست نەکات، بەردەوام و بەشێوەیەکی تایبەت لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی ژنانی نووسەردا بکەن، ئەوەش لەجێگای خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێویست نەکات ئەو ئەرکە تەنیا لەسەر شانی ژناندا بهێڵنەوە. بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین کە پیاوەکان دەتوانن دەوری فێمێنیست بوون ببینن، بەڵام ناتوانن خۆیان بە ژن لە قەڵەم بدەن، بۆ نموونە سپی پێستەکان دەتوانن وەکوو بەشێک لە بزووتنەوەی دژ بە رەگەزپەرستی لە قەڵەم بدرێن، بەڵام ناتوانن خۆیان بکەن بە رەش پێست.

لەکۆمەڵگای پیاوەزنییدا، پیاوەکان بەردەوام ریزی خۆیان لە ژناندا جیادەکەنەوە، هەروەها ستراتیجی جیاواز لە سیاسەتکردن پەیڕەو دەکەن. لە کردەوەدا، ئەو پیاوانەی وەکوو رەخنەگری فێمێنیست خۆیان دەردەخەن، دەبێت ئەو پرسیارە سەرەکییە لەخۆیان بکەن، کە بە بەشداربوونیان وەکوو فێمێنیستێک لە گۆڕەپانی کولتووری و رۆشنبیرانی ژناندا، دەتوانن چ کاریگەرییەکیان هەبێت و ئاخۆ کولتووری پیاوەزنییان چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێت؟

## فێمێنین:

ئەگەر ئاڵۆزی مانای «فیمێڵ» لەگەڵ «فێمێنیست» تووشی دڵەڕاوکێمان بکات و ئەوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ دەرەنجامی وەکوو هەرەسهێنانی «فێمێنین»ی لێ بکەوێتەوە. زۆرینەی فێمێنیستەکان لەکاتی بەرکارهێنانی وشەی «فێمێنین»، باس لە

حاڵەتێک دەکەن کە بە »بونیادنـانی کۆمەڵگا ناسراون« (بەهەموو شێوازەکانی خۆی پەیوەندی سێکسی و نەریتەکان کە لەلایەن بنەماکانی کولتووری کۆمەڵگای دواکەوتوو بەسەرماندا سەپاوە) و کاتێک باس لە »پیاو« و»ژن« دەکەن، تەنیا تایبەتمەندییەکانی زیندەوەریی جیاوازی رەگەزیان لەبەرچاوە. بە واتایەک «فێمێنین» وەک پرۆسەی راهێنان لەو بیرۆکەیە پیشان دەدات، لەکاتێکدا «فیمێڵ» باس لە سروشتی بوون و تایبەتمەندی زیندەوەری دەکات. «فێمێنیتی» وەک دەستکردێکی کولتووری پیشاندەدرێت، وەک ئەوە کە ژن لە دایک نەبوویێت، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی بەرەو ژنبوونی بەسەر هاتووە، ئەو بیرۆکەیە لە نووسینەکانی «سیمۆن دووبوار» زۆرتر بەرجەستە کراوە. لەم چوارچێوەیەدا، کولتووری چەوساندنەوەی پیاومەزنانەی بەدەرخستنی هەندێک پێوەری دەستکردو دروستکراو ئاوا پیشان دەدات کە «فێمێنیتری»، پێویستە بە هەموو شێوازەکانی تەنیا باس لە پرۆسەی زیندەوەری ژنان بکات، هەموو ئەم هەوڵانەش لەجێگەی خۆی بۆ ئەوەیە کە ئێمە بێینە ژێر کاریگەری ئەم بیرۆکەیە کە تەواوی ئەم پێوەرە دەستکردانەی «فێمێنتری» بەشێوەیەکی سروشتی هەژمار بکرێن.

کاتێک، ژنێک دژی ئەم بیرۆکەیە هەڵوێست وەردەگرێت بە «ناسروشتی بوون» و «نافێمێنین بوون» لە قەڵەم دەدرێن. هەروەها لە قازانجی بیرۆکەی پیاو سالارانەدایە کە ئاڵۆزی لەسەر مانای هەردوو ووشەی «فێمێنیتی» و («فێمێنیس» ژنبوون) کۆتایی پێنایێت. بە واتایەک، پیاوسالاری لە هەوڵی ئەوەدایە «فێمێنتری» وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ بیرۆکەی «فێمێنینس» یان ژنبوون پیشان بدات. بە پێچەوانەی بیرۆکەی پیاومەزنی، فێمێنیستەکان دەبێت ئەم ئاڵۆزییە لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی روانگەی فێمێنیستی دا لابەرن و بۆ هەمووان ئەوە ئاشکرا بکەن، زۆر جار کە ژنەکان بە گومانەوە بە «فیمێڵ» ئەژمار دەکرێن، لە هەمان کاتیشدا مەرجیش نییە کە ژنان وەکوو بەشێک لە «فێمێنین» لە قەڵەم بدرێن.

جێی ئاماژەیە کە لەهەر دوو روانگەی پیاومەزنی دێرین و «فێمێنیزمی» نوێدا، «فێمێنتری» لێکدانەوەی جیاوازی لێکەوتووەتەوە و لەهەردووکیانیشدا توانیویە تایبەتمەندییەکانی جێگای رەزامەندی بێت. بەڵام بۆ ئەوانەی گرنگی «فیمێڵ» لە سروشتی بوونی ژندا دەبینن. لێکدانەوەیەکی جیاواز پێشکەش دەکەن، بەقسەی ئەوان ژن هەر لەسەرەتاوە بەرەو «فێمێنیتی بوون» هەنگاوی ناوە و ئەم پرۆسەیە بە ناسروشتی نابێت لە قەڵەم بدرێت. هەر لەم چوارچێوەدا، گرنگی پێدان بە زیندەوەری خزمەت بە بیرۆکەی پیاومەزنانەی دێرین دەکات، کە پرۆسەی ژن بوون «فیمێڵنیس»، وەکوو ئەرکێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کە لە سەرتاوە بۆ «ژن» دارێژراوە هەڵدەسەنگێنێت. بەڵام لێرەدا ئێمە دەبێت وەڵامی پرسیارێکی سەرەکیش بدەینەوە، ئەویش ئەوەی، ئەگەر «فێمێنیزم» وەکوو روانگەیەکی سیاسی پێناسە بکرێت و «فیمێڵنیس بە مانای ژن بوون « وەکوو دۆزێکی زیندەوەری، ئەو کات چۆن دەتوانین پێناسەی «فێمێنتری» بکەین؟، پێناسەکردنی «فێمێنتری» وەکوو دەستکردێکی کولتووری، پێناچێت جێگای رەزامەندی زۆر کەسان بێت، لە راستیدا، کێشەی سەرەکی

ئەوەیە، کە فێمێنیستەکان بەچ شێوەیەک دەتوانن ئەم ئاڵۆزی بیروبۆچوون و گیروگرفتە لەسەر مانای «فێمێنیتی» چارەسەر بکەن، بیرۆکەی پیاوسالارانە لە روانگەی خۆی کۆمەڵێک دەستەواژەی بۆ «فێمێنین» داڕشتووە وەکوو شیرین بوون، بێ فیزی، شەرمکردن و هەندێک شتی تر. کەوا بێت فێمینیستەکان، دەبێت بیر لە داڕشتنی پێناسەیەکی نوێ «فێمێنیتی» بکەنەوە، لە روانگەی «هیلن کیوس» ئەوە ئەرکێکی زۆر ئاسان نییە و کەڵک وەرگرتن لە بیرۆکەیەکی مامناوەندی کە بتوانێت هەموان رازی بکات، ناتوانێت چارەسەری ئەم کێشەیە بێت.

ئەوەش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت کە پێناسەکردنی لەسەر بنەمای دڵخۆشکردنی هەمووان زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە دووبارە هەردوو دەستەواژەی «فێمێنیتی» و «فیمێڵنیس بە واتای ژن بوون» بکەونەوە ناو داوی بیرۆکەی پیاوەمەزنانە، هەروەها پێناسەکردنی ژنان وەکوو «ئاشتی خواز»، راست و دروستی، بەهێز بوون، لەهەمان کاتدا کە لەجێگای خۆیدا شێوازێکی نوێیە دووبارە ئەویش هەوڵێکە بۆ ئەوەی ژنان بکەونەوە ژێر رکێفی رەگەزی نێرینە، وەبیرهێنانەوەی ئەو کاتانەیە کە بۆ چەوساندنەوەی ژنان دەستەواژەی وەکوو «دایکی زەوی»یان بەکارهێناوە. لە کۆتاییدا ئەوەی شایەنی ئاماژەیە، کە بیرۆکەی پیاوەمەزنانە، بە پێچەوانەی «فێمێنیزم»، بەردەوام لەم باوەڕەدایە «فیمێڵ - فیمێڵنیس» تەنیا دەبێت لە روانگەی سروشتی پێناسە بکرێن، لە هەمان کاتدا بیرۆکەی «زیندەوەری» و بیرۆکەی «بنەما سەرەکییەکان» لە پێناسەکردنی «ژن بوون» گرنگییەکی زۆرتریان بە خو و رەوشت و ئەوەی کە وەکوو جەستەی ژن دەبینرێت داوە، بەڵام ئەم دوو بیرۆکەش وەکوو بەشێک لە پاشماوەی بیرۆکەی پیامەزنانە ئەژمار کراون.

تێبینی: ئەم بابەتە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## بزوتنەوەی ژنان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمەریکا




ن: باربارا ئیپشتاین

و: مەریەم کاوسی

وەرگێرانی لەفارسیەوە: کەذالا عەلا

لەکۆتایی ساڵانی ۱۹٦۰ تا ساڵانی ۱۹۹۰ی زاینی، جموجوڵی پڕجۆش و خرۆشی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیاردەیەکی تەواو بەرچاوبوو. ئەم بزوتنەوە ئازادیخوازییە کە لەڕووی کلتوورییەوە کاریگەر و و لەڕووی سیاسیشەوە بەهێزبوو، کۆمەڵێک ڕێکخراو و چالاکیی جۆراوجۆری میللی لەخۆدەگرت بۆ بەدەستهێنانی مافی تایبەت بە ڕەگەز کۆمەڵێک چاکسازیی تریش.

بەرجەستەترین پێکهێنەرەکانی ئەم بزوتنەوەیە بریتی بوون لە مەسەلەی ئازادی ژنان گرووپە سیاسیەکان شانبەشانی بەرنامە کلتووریەکان و بابەتەکانی تری پەیوەندیدار بە جەماوەرەوە. ژمارەیەکی زۆر پاڵنەر و نەخشەسازی بۆڕێکخستنی کارو پیشەو نەقابەکان و دامەزراوە ئیدارییەکانی دەوڵەت و ناوەندەکانی تریش لە دروستبوونی بزوتنەوەی ژناندا ڕۆڵیان هەبوو. بزوتنەوەی ژنان گۆڕانێکی زۆری بەسەر ژیانی زۆربەی ژنان و هەروەها ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا هێنا. دەرگای پیشەی جۆراوجۆر و ئەو کارانەی کە پێشتر تایبەت بوون بە پیاوان، بەڕووی ژناندا واڵابوون. بزوتنەوەی ژنان خوازیاری یەکسانی ژنان بوو لەگەڵ پیاواندا لە مەیدانی سیاسەت و وەرزش و زۆرێک لە

ناوەندەکانی تر و سەرئەنجام هاوسەنگی ڕەگەزایەتی، بەشداریکردن و ڕابەرایەتی گۆڕانی بەسەردا هات. بە بەرزکردنەوەی ناڕەزایی سیاسی بەرامبەر مەسەلەی نایەکسانی و سەرکوتکردنی ناو خێزان و پەیوەندیی کەسی، بزوتنەوەی ژنان کارێکی وای کرد باس ولێکۆڵینەوەی گشتی لەسەر بابەتگەلی وابکرێت کە پێشتر بەمەسەللەی تایبەتی دادەنراو دوور بوو لە وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی گشتی. هەروەها بزوتنەوەی ژنان بوو بەهۆی ئەوەی گۆڕان لە چۆنێتی بیرکردنەوە و قسەکردنیشدا بێتەکایەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین زۆربەی ژنانی گەنج باوەڕی تەواویان بەوە هەیە کە ئەوانیش وەکو پیاو مافی ئازادی هەڵبژاردنیان هەیە یان هیچ نەبێ دەبێت وابێت.

سەرەڕای زۆر دەستکەوتی بەرچاوی بزوتنەوەی ژنان هاتنەدیی یەکسانی ژنان وەک ئامانجێک لە زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵگای ئەمەریکادا، کەچی هێشتا یەکسانی ڕەگەزی (جەندەری) نەهاتۆتەدی. ڕاستە زۆریک لە ژنان لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن بەڵام زۆربەیان کاری کەم داهات ئەنجام دەدەن و بەشێوەیەکی گشتی داهاتی ژنان لەهی پیاوان کەمترە و ئەگەری هەژارکەوتنی ژنان زیاترە لە پیاو. هێشتا توندوتیژی بەرامبەر ژنان شتێکی باوە.

بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی منداڵ هێشتا بەشێوەیەکی گشتی لەئەستۆی ژندایە و هەرچەندە زۆربەی ژنان لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن بەڵام مەسەلەی چاودێریی منداڵ هێشتا وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یان خێزانی سەیر ناکرێ. لەساڵانی شەستەکاندا فێمینیستەکان ناڕەزاییان دەردەبری بەرامبەر نەبوونی هاوسەنگی دەسەڵات لە لەنێوان ژن و پیاودا سەبارەت بە کاروباری ناو خێزان و پەیوەندیی کەسییان، بەڵام ئەم مەسەلەیە هێشتا هەر ماوە.

لەهەموو ئەمانەش خراپتر ئەوەیە کە چیتر بزوتنەوەیەکی گشتگیری ژنان وجودی نیە. ئێستا ڕێکخراوێکی زۆر هەن کە بۆ یەکسانیی ژنان لە مەیدانە گشتی و نێوەندە تایبەتیەکاندا کاردەکەن ، کە بەتایبەتی ئەمانە دەگرنەوە وەک ڕێکخراوی میلیی ژنان و ئەوانەی تر کە لە بوارەکانی ژینگە و گرنگی دان بە تەندروستی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئەو شتانەی تر پەیوەندیان هەیە بەمەسەلەی ژنانەوە، کاردەکەن. بەڵام لەو شوێنانەی کە جاران ڕێکخراوەکانی ژنان بە بەشداریی زۆرێک لە ئەندامەکانیانەوە چالاک بوون، ئەمڕۆ تەنها دەزگا ئیدارییەکان دەبینرێن کە کارمەندی موچەخۆر بەڕێوەیان دەبەن. تیۆری فێمینستی کەلەسەردەمێکدا چوستوچالاک و کارابوو، ئێستا زۆر گوێ بە بارودۆخی ژنان نادات و بێ ڕەونەق بووە و سەرنجی خەڵک ڕاناکێشێ. ئەم بابەتە دوو پرسیار دەگرێتە خۆ: بۆچی زۆر بەکەمی قسە لەسەر لەناوچوونی بزاڤێک دەکریؚ کە سەردەمێکی کەم پێش ئێستا زۆر بەهێزبوو و توانی گۆڕانکاری زۆر بەرچاو لەسەر ئاستی کلتووری بێنێتە دی؟ هۆی پووکانەوەی بزوتنەوەکە چیە؟

## بێدەنگی لەبەرچی؟

دارمانی بزوتنەوەی ژنان هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی ڕاستڕەوەکان بۆ سەر فێمینزم و لاوازبوونی ڕێکخراوە چالاکەکانی تر. مافی هاوڵاتیان و بزوتنەوە و ڕەشپێستەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازتر و پەرتەوازەتر بووە لەوەی لە چەند دەیەی ڕابوردووی نزیکدا هەبوو. بزوتنەوەی چالاکوانانی بواری ژینگە و مافی هاوڕەگەزبازان، هاوئاهەنگی و ڕێکخراوەیی خۆیان لەدەست داوە. زۆر لە فێمینیستەکان و نوێخوازەکان، حەزناکەن باسو لێکۆڵینەوەی گشتی دەربارەی خاڵە لاوازەکانی ئەم بزوتنەوانە بکەن. ڕاستە هێرشی ڕاستڕەوەکان زیانی گەیاندووە بە هەندێ بەرنامەی فیمینستی وەکو مافی لەبارب‌ردنی کۆرپەلە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لاوازبوونی بزافی ژنان زیاتر پەیوەندی هەبووە بە نەبوونی لۆژیکی پێویست تا بە پەلاماری دەرەکی.

بەبۆچوونی من هۆکاری ڕاستەقینەی خۆلادان لەم رەخنانە و شاردنەوەیان، لەوانەیە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ڕەنگە باسکردنی کێشەکانی بزوتنەوەکە ببێتە هۆی زووتر ئاشکرابوونی ئەو هەندێ لایەنی شاراوەی بزوتنەوەکە کە ئێستا کاری تێدادەکرێ. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕەخنەکان و غیرەت بەخۆدان بەو خەیاڵەی کەس پەی بەهەبوونی هیچ کێشەیەک نابات، خەیاڵێکی ئارامبەخشە بەتایبەتی کاتێ بزوتنەوەکە لە پوکانەوەدایە. بەڵام کێشەکان بە تکوڵی لێکردن و خۆلادان لە باس و لێکۆڵینەوەیان، لەناوناچن، بەڵکو ئەگەری ئەوە زۆرترە کە ئاڵۆزتربن. تێگەیشتن لە هۆیەکانی پووکانەوەی بزوتنەوەیەک ڕەنگە نەبێتە هۆی گەشانەوەی دووبارەی وەک ئەوەی لە ڕابوردوودا هەبووە، بەڵام شتێکی پێویستە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای تازە.

خۆلادان لە وردبوونەوە لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەکانی ژنان لەوانەیە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتبێ کەڕەنگە شەپۆلی دووەمی هاوچەرخی فێمینزم لەناوبچێ و دووچاری هەمان چارەنووسی شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم ببێتەوە. یەکەم شەپۆلی بزوتنەوەی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا چالاک بوو، لەماوەی چوار دەیەی نێوان دوو شەپۆلەکەدا تەقریبەن بەتەواوی لەبیری مێژوو چووەوە. یەکەم شەپۆلی فێمینزم تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی هەبوو بە ژنانی سپی پێستی چینی ناوەڕاست و سەرەوەی کۆمەڵگاوە. جگەلەوەش یەکەم شەپۆلی فیمینزم لەماوەی سەردەمە مێژووییەکەیدا بەئاراستەی سنووردارکردنی دیدی خۆی لە جووڵەدا بوو کە ئەمەش لە بزووتنەوەکانی تر جیای دەکردەوە.

سەرچاوەی یەکەم شەپۆلی بزوتنەوەی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکان بریتی بوو لە بزوتنەوەی لایەنگرانی ئیلغاکردنەوەی کۆیلایەتی. لەساڵەکانی یەکەمدا، پەیوەندی فیمینیزم بە بزوتنەوەی دژی کۆیلایەتی و بزووتنەوەکانی تری دژی جەنگی ناوخۆی ساڵانی ڕابوردوو، بووە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی ژنان شێوەیکی توندڕەوی بگرێتەخۆی. بەڵام کاتێک کە جەنگی ناوخۆ کۆتایی هات و مافی دەنگدان بۆ کۆیلەکانی پێشوو نەک بۆ ژنان دەستەبەرکرا، زۆربەی بزوتنەوەکانی ژنان پەیوەندیان لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا بچڕاند. لە ساڵانی جەنگی ناوخۆ و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەست و سۆزی ڕەگەزپەرەستی و دژ بە پەنابەران لەنێوان چینی مامناوەندا برەوی سەند. لە دوا دەیەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بزوتنەوەی ژنان زیاتر تەنیا جەختی لەسەر بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژنان دەکردەوە. هەندێ لایەنگرانی بەناوبانگی فێمینیزم لەپێناوی ئامانجەکانیاندا کەوتنە قسەوباسی ڕەگەزپەرستی و دژایەتی کردنی پەنابەران. هەندێ لایەنی تری بزوتنەوەی ژنان، وەکو بزوتنەوەی یەکێتی بازرگانی ژنان، خۆی لە مەسەلەی ڕەگەزپەرستی بەدوورگرت و بەردەوام بوون لە دیدی ڕادیکاڵییانەیان بۆ فێمینزم. بەڵام لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، هێڵی لایەنگری جەختکردن لە بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژنان، باڵی بەسەر بزوتنەوەکەدا کێشا. کاتێک کەمافی دەنگدانی ژنان هاتەدی، یەکەم شەپۆلی فێمینزم، دەستووری هەر کارێکی تری پشتگوێ خست و دوورکەوتەوە لە بزوتنەوە پێشەنگەکان. لە بیستەکاندا کە هێزە پارێزگاریخوازەکان خاوەن دەسەڵات بوون توانیان بەئاسانی بزوتنەوەی فمێنیزم بخەنە لاوە.

کاریگەری شەپۆلی دووەمی فێمینزم لە شەپۆلی یەکەم فراوانتر و قوڵتربوو. ڕەوتی سیاسەتی ئەمەریکا هەرچۆنێک بوویێت، شتێکی ئاسان نەبووە مەسەلەی فیمینزم لە بەرنامەی کاری پاڵێوەراوەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا پشتگوێ بخرێت وەک لە ساڵانی سی و چل و پەنجاکاندا پشتگوێ دەخرا. لە سێ دەیەی ڕابوردوودا فیمینیزم بەجۆرێکی وا ژیانی ژنانی گۆڕیوە کە لەوانەیە گەڕانەوەی نەبێت. لەکاتێکدا شەپۆلی یەکەمی فیمینزم لەیەک مەسەلەدا خەست بووەوە و پووکیایەوە، شەپۆلی دووەمی فیمینیزم بەرفراوانە. شەپۆلی دووەمی فیمینیزم لەساڵاتی سەرەتادا هەندێ کەموکوڕیی هەبوو. هەرچەندە لەناو بەشداراندا هەندێ ژنی پێست ڕەنگین (غەیری سپی) لە چینی کریکار هەبوون، بەڵام زۆربەی بەشدارانی بزوتنەوەکە خویندکار و پیشەوەر بوون و بەم شێوەیەش ژنانی سپی پێست و چینی ناوەڕاست گەیشتنە ڕیزی بزوتنەوەکە. هەبوونی ژنی ڕەنگین پێست یا کریکار بەمانای ئەوە نەبوو ئەو چینانە فێمینیزمیان قەبووڵ کردووە. فیمینستەکانی شەپۆلی دووەم، بەتایبەتی لە ساڵانی پرشۆڕی سەرەتای بزوتنەوەکەدا لایان وابوو دەتوانن بەناوی هەموو ژنانەوە قسەبکەن. ئەم بۆچوونە زۆر کەم لەڕاستییەوە نزیک بوو و سروشتی بزوتنەوەکەی پشت گوێ خستبوو کە زۆربەی لایەنگرانی لە کەسانی گەنج و سپی پێست و دەرچووی زانکۆ و لە چینی ناوەڕاستی دوای جەنگی دووەم پێکهاتبوون.

بەپێچەوانەی شەپۆلی یەکەمی فێمینزمەوە، سروشت و دیدگای شەپۆلی دووەمی فیمینیزم بە تێپەربوونی کات پەرەی سەند.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا، فیمینیزمی پەیوەندیدار بە ژنانی هاورەگەزباز وەک ڕەوتێک لە ناو بزوتنەوەکەدا سەری هەڵدا. ژنانی ڕەنگین پێست دەربڕینی خۆیان لەناو بزوتنەوەکەدا دۆزییەوە و ژنانی چینی کرێکاریش کە بەشێک نەبوون لە لایەنگرانی سەرەتایی بزوتنەوەکە کە ئەوسا زیاتر پێکهاتبوو لە خوێندکاران و پیشەوەران، دەستیان کرد بە باسکردنی خواستەکانیان دەربارەی یەکسانیی مامەڵە لە شوێنی کار و نەقابەکان لە چاودێریکردنی منداڵ و مافەکانی پەیوەندیدار بە رەگەزەوە. لەکاتێکدا شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم بەتێپەربوونی کات پەیوەندی سەرەتایی خۆی لەگەڵ بزوتنەوەکانی مافی رەشپێستەکان و ڕەوتە ڕادیکاڵییەکانی تردا بچراند، شەپۆلی دووەمی فێمینیزم بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی گرێدا بە بزوتنەوە پێشەنگەکانی ترەوە، بەتایبەتی بزوتنەوەی ڕەنگین پێستەکان و هاورەگەزبازان. هەروەها شەپۆلی دووەمی فێمینیزم زیاتر هەستیار بوو بەرامبەر بە جوداکاریی نەژادی و جیاوازییە رەگەزییەکان.

## لە بزوتنەوەوە تا باوەڕ

کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکان بە سەردەمی گەشانەوەی بزوتنەوەی ژنان دادەنرێت. لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا جۆرە دیدگایەک یا ناسنامەیەکی فێمینیستی بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کرد و جۆرێک هۆشیاریی پەرشوبڵاوی فێمینستی لە هەموو لایەک بڵاوبۆوە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر گروپی چالاک و بەرنامەی کلتوری و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر هەن کە ئامانج و دیدگایان لەژێر کاریگەری فیمنیزمدایە. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان لایەنگرانی جۆراوحۆریان هەیە و مایەی سەرنجی ژنانی چینی کریکار و ڕەنگین پێستەکانن.

یەکێک لەوانە کۆنگرەی میللی ژنانە کە بایەخ بە کێشەکانی ژنانی چینی کرێکار و ڕەنگین پێستەکان دەدات. جگە لەوەش چەندین گروپی ناوچەیی بە ئامانجی هاوشێوە هەن. بۆنموونە لە ناوچەی کالیفۆرنیا گروپی دایکانی ڕۆژهەڵاتی لۆس ئەنجیلۆس ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بواری دادگادا سەبارەت بە مەسەلەکانی ژینگە. گروپی چالاکیی ژنان بۆ بەدەستهێنانی ڕەوتی نوێ (کە پێشتر بەناوی چالاکیی ژنان بۆ چەک داماڵینی ناوکی دەناسرا) گروپێکە کە لەیەک کاتدا ژنانی ڕەنگین پێست و سپی لە خۆی دەگرێ و سەبارەت بە مەسەلەکانی تەندروتسی و ژینگە چالاکی دەنوێنێ. جگە لەمانەش ڕێکخراوی زۆری تریش هەن. لەگەڵ ئەمانەشدا، کاروکێشەی جەماوەری خەڵک بەگشتی بەشێکی گرنگ نیە لە بزوتنەوەی ژنان. ئەو ڕێکخراوانەی کە لەلایەن کارمەندانەوە بەڕێوە دەبرێت بەرپرسن لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونی گشتی دەربارەی فێمینزم کە لەڕێگەی پەخشی کتێبەوە لە زانکۆکاندا هەوڵ دەدەن لایەنگرەکانیان لە چینەکانی سەرەوە سەرقاڵ بکەن. بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی هۆشیاریی فیمینیستی و بیوروکراسیی ڕێکخراوە گرنگەکانی ژنان و بایەخدانی زۆر بە فێمینیزم لە زانکۆکاندا، ئەمانە هەموو ئەنجامی قەبووڵکردنی فێمینیزمە لە ناو زۆربەی زۆری کۆمەڵگادا. بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە هەمیشە بەسوودی

بزوتنەوەکە نەبووە. هاوزەمان، فێمینیزم بووە بە دەزگا و دامەرزاوەیەک و پەراوێز خراوە.

بەڵام پراگماتیزمی فیمینیستی هێشتا کۆتایی نەهاتووەو ژمارەی ئەو ژنانەی لەچالاکی و گفتوگۆ فیمینیستییەکاندا کاردەکەن کەم نەبۆتەوە. ملیۆنان ژن لە ئەمەریکا دەربارەی مەراق و کێشەکانیان لەگەڵ یەک گفتوگۆ دەکەن و زارەوەی فێمینیزم بەکار دەهێنن. زۆر بەرنامەی ڕێکخراوی ژنپەروەری هەیە سەبارەت بە توندوتیژی ناوماڵ و مافی جەندەری و سەلامەتی ژنان. هەوڵی بەردەوامی ژنان بووەتە هۆی دامەزرانی تۆڕی نێونەتەوەیی کە لە دوای کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ژنان لە پەکین لە ساڵی ١٩٩٥ دا سەری هەڵدا. زۆر نووسەری گەنجی فیمینیست هەن کە باس لە کێشەکانی هاورەگەزەکانیان دەکەن یان لەجیاتی ئەوان قسەدەکەن.

گەشەکردنی پراگماتیزمی ژنپەروەری بەشێکە لە بەرنامەیەکی گشتیتر. ژمارەی ئەو کەسانەی کەلەناو کۆمەڵگادا خەریکی مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و تازەگەرین لە ساڵانی حەفتا زیاترە (گەرچی ڕێگەیەک نیە بۆ ژماردنی ئەو کەسانەی خەریکی ئەم کارانەن). پراگماتیزمی فیمینستی جودا لەم ڕەوتە نیە بەتایبەتی ئەگەر بەشداریکرنی ژنان لە بزوتنەوەکاتی تایبەت بە ژینگە و سەلامەتی گشتیدا شان بە شانی مەسەلەکاتی تر باس لە کێشەکانی ژنانیش بکات. ئەو ڕاستییەی کە دیدگای فیمینستی تارادەیەک بەهۆی بزوتنەوەکانی دەرەوەی بزوتنەوەی ژنان و هەندێ ڕێکخراوەوە کە پیاویشیان تێدایە، دەستنیشان دەکرێت، خۆی جۆرێک سەرکەوتنە. ژنان ڕۆڵیان هەیە لە ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەکانی تایبەت بە ژینگە و هیچ نەبێت مافی بەشداریکردنیان هەیە کە بەرامبەر بەهی پیاوە. بەلای زۆربەی ئەم بزوتنەوانەوە فیمینیزم بەشێکی گرنگە لە بۆچوونەکانیان. بەڵام ئەوە بەرنامەی ئەم چالاکیدارانە نیە کە تێگەیشتنی گشتی لە فێمینیزم بەرجەستەدەکات. ئەو ڕێکخراو و تۆڕە زانکۆییانەی کە تێگەیشتنی گشتی لە فێمینیزم بەرجەستەدەکەن ئێستا دوور کەوتوونەتەوە لەو لایەنگرانەی کە ڕۆژانێک سەرچاوەی هێزی ئەمان بوون و گرنگی پێدان و چالاکیی جارانیان نەماوە. فێمینیزم ئێستا زیاتر لەوەی بزوتنەوەیک بێت بووە بە باوەڕ (ئایدیۆلۆجی) ، باوەڕێک کە لەزۆر بەی مەسەلەکاندا ئەو بەرچاوڕوونییەی نیە کە جاران هەیبوو. هەمان قسە دەکرێ بەرامبەر بزوتنەوەکانی پێشەنگ و چەپڕەو: ئێمە ئەمرۆ زۆر مەیدانی گەورە و بەناوبانگمان هەیە کە ئەندێشە فیمینستییەکان و تازەگەرییەکانی تێدا فەرزدەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی کەممان لەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە و جۆرێک خەمۆکی و سستی باڵی بەسەر ئەندێشەی ژنپەروەری و نوێخوازەکانی کیشاوە. ئەم مەسەلەیە هەم دەرەنجام و هەمیش نیشانەی لاوازیی ڕاستڕەوەکانە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابوردوودا. هۆی ڕەوو پووکانەوە ڕۆیشتنی بزوتنەوەی ژنان شان بەشانی بزوتنەوە نوێخوازەکانی تر ئەوەبوو ئەمانە باوەڕی تەواویان بە توانای چالاکیە گشتییەکان (بەکۆمەڵ) نەبوو بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی.

## بۆچی بزوتنەوەی ژنان لاواز بوو؟

بۆچوونی زاڵ لە بزوتنەوەکانی ژنانی ساڵانی شەست و حەفتاکاندا بریتی بوو لە فێمینیزمی توندڕەو. ئەو سەردەمە لە بزوتنەوەی ژناندا دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو. یەکێک لەم بۆچوونانە خۆی بە فیمینیزمی سۆسیالیستی (هەندێ کات فیمینیزمی مارکسیستی) ناو دەبرد و چەوساندنەوی ژنانی گرێ دەدا بە جۆرەکانی تری چەوساندنەوەوە، بەتایبەتی چەوساندنەوەی نەژادی و چینایەتی و هەوڵی دەدا سیاسەتێک بگرێتە بەر کە لەیەک کاتدا ئەم مەسەلانە هەموو بگرێتەوە. بۆچوونی دووەم فیمینیزمی توندڕەو بوو. فیمنیزمی توندڕەو لایان وابوو کە چەوساندنەوەی ژنان مەسەلەیەکی بنچینەییە و جۆرەکانی تری چەوساندنەوە لەو و نەبوونی یەکسانی جەندەرییەوە سەرهەڵ دەدەن.

کەسانی توندڕەو لەهەردوو گروپەکە جەختیان لەسەر ئەوەدەکردەوە کە نایەکسانیی نێر و مێ لە بواری گشتیدا جیاناکرێتەوە لە ژیانی تایبەتی. فیمینیزمی توندڕەو خوازیاریی یەکسانی ژنان بوو لەهەردوو بوارەکەدا. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە نێوان چەوساندنەوەی ژنان و جۆرەکانی تری چەوساندنەوەدا هەبوو، فیمینستە توندڕەوەکان لەهەردوو گروپەکە لایان وابوو یەکسانی نێوان ژن و پیاو ناتوانێ لەخۆیەوە بەتەنیایی لەناو کۆمەڵگایەکدا بێتەدی، ئەگەر وانەبێ ئەوا جیادەبێتەوە لە نایەکسانی لەرووی سامان و دەسەڵاتەوە. ئامانجی فیمینیزمی توندڕەو بریتی بوو لە کۆمەڵگایەکی یەکسان بە جۆرەکانی تری بەشداری کردنیشەوە لەسەر بنچینەی یەکسانی.

لەماوەی ساڵانی شەستەکان وحەفتاکاندا، ئەم ڕەوتە توندڕەوەی ناو بزوتنەوەکە بوو کە هەموو بزوتنەوەکەی بەرەو پێش تەکان دەدا بەڵام ئەوەی زیاترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا خواستی پەیوەندی کردنی ژنان بوو بە هێزی کارەوە بە هەلومەرجێکی یەکسان وەک پیاو.  بەدی هێنانی خواستی فیمنیستە تونڕەوەکان بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگایەکی یەکسان و جۆرەکانی تری بەشداری کردن کارێکی ئاسان نەبوو. هەرچەندە ئەولەویەتەکانی باڵی ئازادیخواز و توندڕەوی بزوتنەوەی ژنان لەگەڵ یەکدا جیاواز بوون، بەڵام خواستەکانیان زۆر لەیەک جیا نەبوون. فیمینسیتە توندڕەوەکان خوازیاری یەکسانی جەندەری بوون لە شوێنی کار و زۆربەی فیمینستە ئازادیخوازەکانیش خوازیاری کۆمەڵگایەکی یەکسان بوون. نانسی ماکلین لە وتارێکدا لە گۆڤاری (لێکۆڵینەوە فیمینیستییەکان) دا لە ژمارەی بەهاری ١٩٩٩ دا پێی وایە ژنانی کرێکار سوودیان لەم سیاسەتە وەردەگرت لەپێناوی بەدیهێنانی یەکسانی لە شوێنی کاردا، ڕێگەدان بە ژنان تا ئەو کارانە بکەن کە لە کۆنەوە بەهی پیاو دانراوە، وە تێکەڵ کردنی ژنانی کارگەر لەگەڵ بزوتنەوەی ژناندا. تا ئەوکاتەی بزوتنەوەی ژنان لەبرەودا بوو و گەشەی دەکرد، خواستی بەدەستهێنانی دەرفەتی کار وەکو پیاوان و دەستەبەرکردنی یەکسانیی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی

تەواوکەری یەکتری بوون.

بەڵام دوای ئەوەی بزوتنەوەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، پێ دەچێ دەرەنجامی خواستەکانی جیاوازبووبێت لەوەی چاوەروان دەکرا. جوداکاریی پۆزەتیڤ (واتە جوداکاری بە سوودی ژنان) کە لە هەندێ لە پۆستە کاریگەرەکاندا رووی دەدا بە شێوەیەکی گشتی ژنانی سپی پێستی دەگرتەوە کە چاوەڕێی ئەم دەرفەتە بوون تا سوودی لێ وەربگرن. بەشی گەورەی ئەم مەسەلەیە بەهۆی شکستی بزوتنەوەی کارگەرییەوە بوو لە رێکخستنی ژنان و کەسانی رەنگین پێستدا. یەکێک لە هۆیەکانی رەنگدانەوەی مەسەلەی جوداکاریی پۆزەتیڤ لەگەڵ مەسەلەی چینی کۆمەلایەتی و نەژادیدا بریتی بوو لە چینبەندیی کۆمەڵگای ئەمەریکا لە ساڵانی حەفتاکان وهەشتاکان و نەوەدەکاندا کە ببوە هۆی درووستبوونی کەلێنێکی گەورەتر لەنێوان چینەکانی سەرەوەو خوارەوەدا لە رووی ئابوورییەوە. سەرکەوتنی ژنان لە بەدەستهێنانی کار بە هەقدەستی زیاتر نەیدەتوانی کەلێنی نێوان چینەکانی کەم بکاتەوە کە بەردەوام روو لە زیادی بوو. لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان بەدواوە ئاستی ژیانی کرێکاران خراپتر بووە. هەر لەسەرەتاوە ئەنجامی ترسناک لە کەمیندابوون بۆ ژنانی هەژار.

دیدگای توندرەوانەی فیمینزم بەهۆی گروپبەندی و دژایەتی ئایدیۆلۆژیکیی توندی نێوان گروپەکانەوە رووی لە هێوربوونەوەکرد. لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا، فیمینیزمی کلتوری کە ئامانجی زیاتر بریتی بوو لە خوڵقاندنی کلتوری فیمینیستی نەک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، شوێنی فیمینیزمی توندرەوی گرتەوە. کتێبەکەی ئەلیس ئاکۆل بەناوی (جەسارەتی خراپ بوون: فیمینزمی توندرەو لە ئەمەریکا ( ۱۹۷۵ - ۱۹۷٦) بە شێوەیەکی راست و ورد باس لەم گۆرانگارییانە دەکات. لیکۆڵینەوەکەی ئەم دواییەی رۆت رۆزەن دەربارەی رەگەزی ژنان بەناوی ( دنیا پارچە پارچە دەبێت: چۆن بزوتنەوەی هاوچەرخی ژنان ئەمەریکای گۆری) راپۆرتێکی جوان دەربارەی ئەم گۆرانکارییانەی بزوتنەوەی ژنان پێشکەش دەکات. عادەت ئەم جۆرە دابەشبوونە بۆ گروپ و دەستەی جیاواز لەو بزوتنەوانەدا روودەدات کە بەرەو نابودی دەرۆن، بەڵام بزوتنەوەی ژنان ئەو سەردەمە بەهێز و روو لەگەشەبوو. کێشەکە لەو کەلێنە گەورەیەوە سەری هەڵ دەدا کە لەنێوان ئەو گۆرانکاریی کۆمەڵایەتیەدا کە فیمینیستە توندرەوەکان بەتەمای بوون و ئیحتمالی بەدەست هاتنیدابوو. بزوتنەوەکە خۆی بەتەنیایی ببوو بە زەمینەیەک بۆ دروستکردنی ژنێکی نوێ، ئەگەر نەڵێین کۆمەڵگایەکی نوێ. ئەو رادە دڵسۆزییەی کە فیمینیستەکان لەیەکتری چاوەڕوانیان دەکرد سەرەنجام بوو بەهۆی نائومیدی و تۆمەتبارکردنی یەکتری.

بە بۆچوونی من هۆی لاوازبوونی فیمینیزمی توندرەو پشتگوێ خستنی جۆری تێگەیشتنی خۆیان بوو، وەک زۆر لە بزوتنەوە توندرەوەکانی تری هەمان سەردەمی لاواز کرد. لە ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا زۆر کەسانی توندرەو نەک هەر شۆرشیان وەکوو ئامانجی خۆیان هەڵبژاردبوو، بگرە لاشیان وابوو بەدی هێنانی گۆرانکارییەکی گەورە لە ئەمەریکا

شتێکی مومکینە. گروپە جیاوازەکان تێگەیشتنی جیاوازیان هەبوو دەربارەی شۆڕش. سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی فیمنیستی، ڕەشپێستی، مارکسیستی، لینینیستی و ئاژاوەگێڕی لە ئاودا هەبوون بەڵام ئەو باوەڕەش هەبوو کە جۆرێک شۆڕش دەکرێ کێشەکانی ئەم جۆرە دابەشکردنە هەمو بگرێتەوە. مەیل بە شۆڕش خۆی لەخۆیدا شتێکی خراپ نەبوو، چونکە بەڵگەی ئەوەبوو هۆشیارییەک هەیە بەرامبەر گەورەیی ئەو کێشانەی کە بزوتنەوەکە ڕووبەڕوویان بوتەوە. بەڵام ئەو تەسەوەرەی کەوا لەو ساڵانەدا دەکرا لە ئەمەریکا شۆرش بەرپا بکرێ شتێکی واقعبینانە نەبوو. جەنگی ڤێتنام قەیرانێکی گەورەی لە کۆمەڵگای ئەمەریکا دا هێنایە گۆڕێ. نارەزایی بەرامبەر بە جەنگ تێکەڵ بوو بە نارەزایی دژی ڕەگەزپەرستی و و بڵاوبوونەوەی ئازادیی پەیوەندی سێکسی، و هەندێ کەسی خستە سەرئەو باوەڕەی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ شتێکی مومکینە. لەڕاستیدا گەرچی لایەنگرانی شۆڕش بەم بیرۆکەیە دڵیان خۆش دەکرد بەڵام زیاتریان بریتی بوون لە خوێنکار و لاوانی تر کە ئەم ژمارەیەش بەس نەبوو بۆ بەدیهاتنی شۆڕش. کاتێ جەنگ کۆتایی هات، لایەنگرە زۆرەکانی بزوتنەوەی نارەزایی وازیان هێنا و ناوکە توندرەوەکەی خۆی جیاکردەوە. فیمینیزمی توندرەو زیاتر لەڕێگەی گروپە شۆڕشگێرەکانی ترەوە ژیانی خۆی درێژە پێدا کە ئەمەش زادەی هێزی بەردەوامی بزوتنەوەی ژنان و وردە وردە پێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆر فیمینیست و بیرۆکەی توندڕەوی بوو. بەڵام لەساڵانی هەشتاکاندا، فیمینیزمی توندرەو، هیچ نەبێ وەک بزوتنەوەیەکی چالاکی خاوەن بەرنامەی هاوئاهەنگ، لە سیاسەتی ئەمەریکادا بوو بە مەسەلەیەکی پەراوێزخراو.

جوداکاری پۆزەتیڤ (واتە جوداکاری بە سوودی ژنان) بوو بەهۆی دانانای بناغەیەک بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جەندەری لەشوێنی کار کە ئامانجێکە هێشتا نەهاتۆتەدی. بەڵام سەرکەوتنی ژنان لە کردنەوەی مەیدانەمانی کارکردندا بەڕووی ژناندا کاریگەرییەکی تریشی هەبوو: سنووردارکردنی بزوتنەوەکە و ئامانجەکانی. فیمینیزم تا ئەوکاتەی زیاتر لە لاوان پێکهاتبوو و پڕبوو لە بیروبۆچوونی توندڕەوی، دەیتوانی دیدگایەک پەرەپێبدات کە لە زۆر مەسەلەدا جیاوازبوو بەو چەمکانەی فیمینیستەکانی لەدەوری فیمینیزم کۆکردبۆوە. ئەمڕۆ گەرچی هەندێ دەنگی گرنگ و نوێ و گەنجتر لەئارادان، بەڵام زۆربەی زۆری بزوتنەوەی ڕێکخراوی ژنان لە ژنانێک پێکهاتووە کە هاوتەمەنی منن، ئەو نەوەیەی کە شەپۆلی دووەمی فیمینیزمیان دەست پێکرد. من مەبەستم ئەوە نیە کاتی مرۆڤ تەمەنی زیاتر دەچێتە سەرەوە، کەمتر بیروبۆچوونی توندڕەوی هەیە. بەلای منەوە ئەوەی ڕێچکەی سیاسیی خەلک دەستنیشان دەکات چەند پەیوەندی بە تەمەنەوە هەیە ئەوەندەش پەیوەندی بە سەردەم و ئەو چالاکییە سیاسییانەوە هەیە کە مرۆڤ پێوەی خەریکە. لە سەردەمێکدا کە پێدەچوو تەنانەت لاوانیش بەلای توندڕەویدا نەدەچوون، بزوتنەوەی ژنان کە تارادەیەکی زۆر لەئەستۆی ژنانی کامڵی (لەڕووی تەمەنەوە) چینی ناوەڕاستدا بوو، بەبێ هیچ کێشەیەک بە ئاراستەیەک دەرۆیشت کە لە لەخۆڕازیبوون دەچوو.

بێگومان ئەم مەسەلەیە هەموو بزوتنەوەی ژنان ناگرێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەو بزوتنەوەی ژنانەن کە لەلایەکەوە

پێکهاتوون لە ڕێکخراوی تاڕادەیەک پارێزگاری وەک ڕێکخراوی میللی ژنان و کۆمیتەی چاودێریی سیاسیی ژنان .. و لەلایەکی تریشەوە ڕێکخراوی تر کە جەسارەتێکی زیاتریان هەیە بەڵام کەمتر لەبەرچاون و زیاتر بایەخ بەکێشەکانی جەماوەری خەڵک دەدەن. ئەوەی کە ئێستا وجودی نیە، ئەو بەشەیە لە بزوتنەوەکە کە دەبێ ئەو کارانە ئەنجام بدات کە جاران فیمینیزمی توندڕەو ئەنجامی دەدا. واتە ئەوەی بێت بەشێوەیەکی گشتی باس لە پاشکۆیی ژنان بکات و ئەم مەسەلەیە لە هەموو لایەنەکانی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگادا بخاتەڕوو. فیمینیزمی ئازادیخواز باس لە چاکسازیی یەکسانیی مافەکان ناکات بەڵام بەڕاستی زۆر چالاکیی بەئەنجام گەیاندووە. ئەمڕۆ ژنانی گەنج و کچان دەرفەتگەلی وایان لەبەردەستدایە کە لەڕابوردوودا نەبووە و ئەتوانن بەهیوای شتی وابن کە بۆ نەوەکانی پێشوو تاڕادەیەکی زۆر خەیاڵی بوو. هەموو ئەم شتانەش بەشێوەیەکی بەرفراوان قەرزاری هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوی فێمینیزمی ئازادیخوازە.

هێشتا چەمک و بۆچوونی توندڕەوی لە ناو فیمینزمیدا هەیە بەڵام زیاتر لەناو زانکۆکان و ڕۆشنبیراندا دەبینرێن تا لەناو ئەوانەدا کە بزوتنەوەکە بەڕێوەدەبەن. هەندێ لە فیمینیستەکان هەوڵیان داوە ئەم کەلێنە پڕبکەنەوە، چ بەشێوەیەکی لۆژیکی و چ بەشێوەی کارکردن لە ناو بزوتنەوەکانی جەماوەری خەڵکدا. ئەو ژمارە زۆرەی ژن و لەناویشیاندا ژنانی فیمینیست کە لەناو زانکۆکاندا هەیە نیشانەی ئەوەیە زۆربەی خوێنکاران ئاشنان لەگەڵ بیروبۆچوونی فیمینیزم و نوێخوازیدا. نووسراوە فیمینیزمیی و پێشکەوتنخوازەکان کاریگەرییان زۆر بووە لەسەر جۆری بیرکردنەوەی خەڵکانێکی زۆر.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی فیمینستەکان لە زانکۆکاندا شانبەشانی کەسانی نوێخواز کە زیاتر لە زانکۆکاندا هەن، هیچ بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسییان نیە. لە مەیدانی تیۆر و تاڕادەیەکیش لیکۆڵینەوەی کلتووری، کە هەردووکیان پەوەندییەکی نزیکیان هەیە بە فیمینیزمەوە، گەڕان بەدوای پلەو پایەو ناوبانگدا بووە بەهۆی ئەوەی بەها فیمینیستی و نوێخوازییەکان وەک شتێکی گرنگ سەیربکرێن. بە پێچەوانەی ڕەخنەی فیمینیستە توندڕەوەکان لە ساڵانی شەستەکاندا لە کەسانی خاوەن پلەو پایەدار، ئەمڕۆ ئێمە کەیف لە پلە و پایەو هەندێ بەرژەوەندی وەردەگرین کە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندان و لە لوتکە نزیک دەبنەوە.

هەرچەندە بزوتنەوەی هاوچەرخی ژنان خۆی لە بیروبۆچوونی توندڕەوی و مەسەلەی یەک لایەنی کە بزوتنەوەی یەکەمی فیمینیستیی تووشی قەیران کردبوو، بەدوور دەگرێت، بەڵام هێشتا لەو ڕووەوە لە شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم دەچێ کە وردە وردە توانای ڕەخنەگرتنی لە هەلومەرجی چینەکانی ناوەڕاست و سەرەوە لەدەست داوە. شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم لە ساڵانی جەنگی ناوخۆی ڕابوردوودا بەشێک بوو لە هاوپەیمانییەکی ئازادی کۆمەڵێک بزوتنەوە کە لەناویاندا بۆچوونی ڕادیکاڵ باوبوو لەوانەش ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری پیشەسازی. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کە پێکهاتەکانی سەرمایەداریی

پیشەسازی خەریک بوون جێگیردەبوون و ململانێی چینایەتی لە پەرەسەندا بوو، فیمینیستەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەو بزوتنەوانەدا بینی کە پاڵپشتی خەڵکی نەدارو کرێکاربوون و بەشێک لە بزوتنەوەی ژنان کەوتنە ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری و چوونی پاڵ چینی کرێکار. بۆ نموونە یەکێتیی ژنانی مەسیحی ڕەخنەی لە چەوساندنەوەی کرێکاران دەگرت لەلایەن سەرمایەدارانەوە و پشتیوانیی جۆرێک سۆسیالیزمیان دەکرد بەناوی (مەسیحییەت لە کاردا). لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیوەندیی نێوان فیمینیزم و سۆسیالیزم لەناو پارتی سۆسیالٚ دا بەردەوام بوو. بەڵام پاش ماوەیەک زۆربەی فیمینستەکان وازیان لە ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری هێنا و لەجیاتی ئەوە بەرژەوەندی و بەهاکانی ژنانیان هاوتاکرد لەگەڵ بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەو کەسانەی کەسەر بە چینی سەرەوەی کۆمەڵگا بوون. شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم لە کاتێ لەناوچوونیدا چیتر هیچ بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی نەبوو سەبارەت بە سەرمایەداری و هەموو خواستە چینایەتییەکانی خۆی لەدەست دابوو.

## فیمینیزم چینی ناوەڕاستی گرتۆتەوە

فیمینزمی هاوچەرخیش وەکوو شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم، بەدرێژایی سەردەم لەناو چینی ناوەڕاستدا تەشەنەی کردووە کە تا ڕادەیەکی زۆر خۆی سەرچاوەی فیمینیزم بوو. لەو ماوەیەدا ئەم چینە خۆیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەماوەی ئەم چەند دەساڵەی ڕابوردوودا، بەهۆی کاریگەریی نیگەرانیی ئابووری و زیادبوونی نایەکسانییەوە، کەسانێکی زۆر لە چینەکانی ناوەڕاست بایەخیان داوە بە گەڕان بەدوای پێشکەوتنی تاکە کەسیی خۆیاندا. ڕادەی بەشداریکردنی کەسانێکی زۆر لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی کەسانی سەر بەچینەکانی ناوەڕاست، لاوازبووە. کارکردن بووە بە غایەلەی یەکەمی زۆربەی کەسەکان بەتایبەتی کەسانی پیشەیی و تایبەتمەند و پێدەچێ کار تەنیا پاشماوەی ناسنامە بێت کە ئیعتیباری مابێت. لەهەمان کاتدا بە نیسبەت زۆر کەسەوە شوێنی کار بووە بە شوێنی ڕکابەرایەتی زیاتر و شوێنێکی پڕ گوشار و سترێس. ئەمەش تەنیا کێشەی شوێنی کار نیە، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی کێشەیەکی کلتوورییشە. ئەم وڵاتە بەردەوام لە گۆڕاندایە بۆ وڵاتێکی تاکپەروەر، بێ سۆز و خۆپەرست. فیمینزم بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخی بەم مەسەلەیە نەداوە. ڕاستە خواستی فیمینیستی بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی هەلومەرجی کاری ژنان لەگەڵ پیاودا شتێکی گرنگ بووە هێشتاش هەر گرنگە، بەڵام ئەم خواستە هێشتا بۆ زۆرێگ لە ژنان بەدی نەهاتووە. پێدەچێ بزوتنەوەی ژنان خواستەکانی یەکسانی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی قوربانی دەسکەوتە مادییەکانی کردبێت. ئەم گۆڕانکارییەی بەها توندڕەوانە و وەرچەرخێنەرەکانی ساڵەکانی سەرەتای بزوتنەوەکە ئەوەندە لەسەرخۆ ڕووی داوە، ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە بزوتنەوەکەوە هەبووە ناتوانن بەئاسانی هەستی پێ بکەن. بەڵام ئەمە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی دیدگای ئەو ژنانەیە کە سەردەمێک بەشێک بوون لە بزوتنەوەیەکی توندڕەو بەڵام ئەمڕۆ خۆیان لە هەلومەجێکدا دەبیننەوە کە کۆمەڵێک بەهای

جیاواز لەوانەی ئەوسا بزوتنەوەکە بەرەو پێش دەبا.

لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا زۆر لە فیمینیستەکان لایان وابوو ئەگەر بێتو بتوانن ژمارەیەکی زیاتر ژن بگەیەننە زانکۆ، زانکۆکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت زیاتر ڕوخساری مرۆڤپەرەوارانە وەردەگرن و بایەخ دەدەن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر ژن لە زانکۆکاندا دەبینین بەڵام ئاخۆ زانکۆکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و باشتر بوون؟، ئەوە ڕوون نیە. لەڕاستیدا لە زۆر ڕووەوە وەزعی زانکۆکان خراپتر بووە بەتایبەتی لەڕووی داواکردنی بودجەی گشتییەوە. بەڵام هێشتا ژنان بەشێوەیەکی گشتی و فیمینیستەکان بە تایبەتی، لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون کە بتوانن کارێک بکەن زانکۆکان زیاتر مرۆڤپەروەرانە بن و کەمتر تایبەت بە نوخبەو چینێکی دیاریکراو. لەم ساڵانەی دواییدا لایەنە فیمینیستییەکانی ناو زانکۆ نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی ئەوتۆ ببینین بۆ پشتگیریی ئەم بەهایانە. لە زانکۆکاندا هەندێ سەکۆی فیمینیزم چالاکە و بە ئازادی قسەیان تێدا دەکرێ، بەشداران بە یەکسانی تەماشا دەکرێن و ئامانجیان هاوبەشە. بەڵام لە زۆر زانکۆ فیمینیستییەکاندا ئەم مەسەلەیە وجوودی نیە. لە بواری تیۆرییەوە لە گرگنگرتین بەشی فیمینیزمی زانکۆییدا ڕکابەرایەتی و گەڕان بەدوای پلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا بە بەرزترین ئامانج دادەنرێ.

ئەو گۆڕانکارییەی بەهاکان کە لە بزوتنەوەی ژناندا ڕووی داوە، بەشێکە لە ڕەوتێکی بەرفراوانتر. لەسەردەمی بەهێزبوونی پلەبەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا کە نیشانەی خواستێکی گشتی بوو بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی مادیی زیاتر، هەموو نەوەکە تامەزۆی گەیشتن بوون بە خاڵی لوتکە. فیمینیستەکانیش لەم ڕێسایە بەدەر نەبوون. ئەو بۆچوونەی کە دەوترێ فیمینزم وێڵی دەستەڵاتە، تەنیا خەیاڵێک نیە میدیاکان بڵاویان کردبێتەوە. بە پێچەوانەوە، فیمینیستەکان، لانی کەم ئەوانەی کە لە زانکۆکاندا بوون یا پیشەوەربوون، پێش ئەندامانی تری چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا ڕوویان کردە ئەم جۆرە بەهایانە. بەڵام ئەبێ ئەوەش بوترێ کە فێمینیستەکان ئەو تێگەیشتنەی ئەوسایان نەماوە کە دەربارەی جیهانێکی باشتر هەیانبوو.

فیمینزمی هاوچەرخ لە ناوجەرگەی یاخیبوونی ژنانی لاوی چینی ناوەڕاستەوە سەری هەڵدا لەدژی ژیانی ناو خێزان و بەمەبستی هەبوونی کارێک لەدەرەوەی ماڵ، کە ئەمەش لایەنێک بوو لە سیاسەتی تایبەت بە ڕەگەز لە ساڵەکانی شەست و سەرتای حەفتاکاندا. لایەنێکی تریش بریتی بوو لە یاخیبوون لەدژی کار لەناو کۆمەڵگایەکدا کە بەرەو سۆسیالیزم هەنگاوی دەنا و باڵە چەپەکەی لەلایەن پیاوانی گەنجەوە بەرەوپێش دەبرا، کەسانێک کە هەرگیز نەیانتوانی خواستەکانیان بۆ گەیشتن بە شتێکی بەنرختر بە ئاشکرایی بخەنەروو. کریستۆفەر لاش لە وتارێکدا دەڵێ ئەم ڕەخنانە ڕاستن و تەواوکەری یەکتربوون. بەلای ئەوەوە هەر یەکەم لەم بۆچوونانە لەبەرئەوە شکستیان هێنا کە نەیانتوانی گرنگیی

یەکتر قەبووڵ بکەن. هەروەها لای وایە پۆلێنکرنی ئەم ڕەخنانە نابێ تەنیا تایبەت بێت بە قەڵەمڕەوی خێزان و شوێنی کار. بەلای ئەووەوە بەشداریی یەکسانی ژن و پیاو پێویستە چ لەناو ماڵ و چ لە شوینی کار کە ئەگەر بەپێی ڕەخنەی فیمینیستی ڕێکبخرێتەوە ئەبێتە شوێنێکی مرۆڤانەتر.

بەبۆچوونی من ئێمە پێویستمان بە دەربڕینێکی ترە لە شێوەی رادیکالیزمی ساڵانی شەستەکان تا هەردوو دیدگای سۆسیالیستی و فیمینیستی لەخۆی بگرێ و بایەخ بدات بە دەسەڵاتی ڕوو لەزیادی ناوەندەکان و کاریگەریی بەها ئەسڵییەکان. ڕەنگە زۆر لە فیمینستەکان تاکپەروەری و گەڕان بەدوای سەرکەوتنی تاکەکەسیدا قەبووڵ نەکەن کە ئەمڕۆ بووە بە خاسیەتێکی بەرجەستەی کلتووری وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام من پێم وایە ئەمڕۆ زۆربەمان ئێستا لەسەر بنچینەی ئەم جۆرە بەهایە دەژین: بەهاکانمان بە ڕادەی سەرکەوتنمان لە شوێنی کارماندا هەڵدەسەنگێنین، لەم بوارەشدا ئەوەندە دوودڵی ناکەین. گومان لەوەدا نیە سەرکەوتن لە ژیاندا تا ڕادەیەکی زۆر لەڕێگەی بەدەستهێنانی سامان و پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە دێتە دی کە ئەمانەش لەڕێگەی کارەوە بەدەست دێن. لەوانەیە پێشەوەرانی چینی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گەرم لەدووی ئەم بەهایانە بن و لەوانەیە ئەم بەهایانە خەڵکی تریش بگرێتەوە. ئەم مەسەلەیەش بەهۆی کێشە و نیگەرانی ئابووری و ترسی دواکەوتن و لەدەستدانی کارەوە زیاتر زەق دەبێتەوە.

بەردەوام بوون بە کۆمەڵێکی جۆراوجۆر بەها تەنانەت بەنیسبەت کەسانی تونرەویشەوە هەر کارێکی زەحمەتە بەتایبەتی کاتێک ناوەند و پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی شوێنی کار ئەوەندە لاواز بووبن و کاتێکیش کە واهەست دەکرێت تەنیا شتێکی کە لە کۆمەڵگادا گرنگە سەرکەتنە لەکاردا. کۆبوونەوەکانی ئێمە بچووک بوونەتەوە. ئێمە ئەسەف بۆ ئەم مەسەلەیە دەخۆین بەڵام تەنیا کاردانەوەمام ئەوەیە خۆمان زیاتر سەرقاڵی کار بکەین. بە بۆچوونی من پێویستە ڕەخنە لەسەرمایەداریی چاودێری نەکراوی ڕوو لەگەشە بگرین و هەوڵ بدەین ئەلتەرناتیڤێکی تری بۆ بدۆزینەوە. ئەم سەرمایەدارییە پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتی قووڵتردەکاتەوە، نرخێکی دیاریکراو بۆ هەموو شتێک دادەنێت و هەموو بوارەکانی ژیان دەخاتە ناو گەردەلوولی خۆیەوە. ئێمە دەتوانین خواستی فیمینیزمی توندڕەو بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی و کۆمەڵگای دڵخوازی وەک شتێکی سەیرو سەمەر تەماشا بکەین، یاخود دەتوانین وەک مەرجێکی سەرەکی وەری بگرین بۆ بەرنامەیەکی رادیکاڵی هاوچەرخ.

سەرچاوە - باشگاه اندیشه

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرا تیڤی - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠١١

# فێمینیزم و پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوە



**شەهلا دەباغی**

دیالۆگێکی فکریو چەمکی لە سەر و پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیۆنالیسم تا ئێستا زۆر بە کەمی کراوە.دیالۆگێکی فکریو چەمکی لە سەر و پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیۆنالیسم تا ئێستا زۆر بە کەمی کراوە.

بەداخەوە زۆر جاریش ئەو دوو پێویستە بۆ کورد - فێمێنیسمو ناسیۆنالیسم - لەبەرامبەر یەکتر دانراون. ئایا فێمینیسم دژی پرۆسەی دەوڵەت- نەتەوەیە؟ ئایا هەڵوێستگرتنی فێمینیستەکان لە سەر گرفتەکانی کۆمەڵایەتی- سیاسی، کە لە هەمان کاتدا لایەنگری سەربەخۆیی کوردن، ناتەبایی هەیە لە گەڵ پرۆسەی دەوڵەت- نەتەوەیە؟ ئایا ناسیۆنالیسمی کوردی ناتوانێ خۆی لەگەڵ هێندێک بۆچوونی فێمینیستی پێناسە بکا؟

بەداخەوە زۆر جار ئەو چەمکەی کە بە ناو "فێمینیسم"و ئەو کەسانەی کە بە فێمینیست ناسراون بە ناحەق لە دژی بەرژەوەندێکانی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی، لکو پۆکانی جیاوازی فێمێنیزمو بۆچونە جۆراوجۆرەکانی تێئۆریک لەو بواری تێئۆریکانی، لە ناو ئەدەبیاتی کوردی دا زۆر شیەنەکراوەتەوە. تا ئێستا چەند نووسراوەیەکم بە کوردی لە سەر جۆرەکانو دابەشکردنی فێمینیسم دیوە کە زۆر بە کورتی خاڵەکانی جیاوازی نێوانیان نیشان دەدەنو تا ئێستا لە ماڵپەڕەکان، تەنیا باسێکی فکری ڕادیکاڵم لە سەر پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیونالیسم بینیوە، ئەویش وتاری شەماڵ کاوە، لە ماڵپەڕێ کوردیش پلاتفورم، لە ژێرناوی "ئایا ناوسیۆنالیزمی کورد دەتوانێ ڕوخسارێکی فێمینیستی بەخۆیەوە

بگریێ". لە بەشێکی وتارەکەدا شەماڵ کاوە زۆر بە درووستی دەنووسێ:

"پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم، پێوەندییەکی ئاڵۆز و پڕکێشەیە. لە چاوپێخشاندنێکی خێرادا کەم لایەن لە ناسیۆنالیزمدا دەبیندرێ کە بۆ فێمینیستەکان سەرنجڕاکێشە؛ ئەوەش هیچ سەیر نییە، چونکو فێمینیزمیش کەمتازۆر چەشنە هەڕەشەیەکە لە بەشێکی زۆر لە هێما و بایەخەکانی (پیاوانەی) ناسیۆنالیزم.[١] بەڵام ئایا ئەم راستییە تاڵە، بەو مانایەیە کە رێگەیەک بۆ ئاشتدانەوە و گونجاندنی فێمینیزم و ناسیۆنالیزم نییە؟ ئایا ناسیۆنالیزم لە جەوهەریدا هەمیشە دژی فێمینیزم و دەرهاوێژەری ژنان لە ناوەندی چالاکییەکانێتی یان دەکرێ ناسیۆنالیزمێک گەڵاڵە بکرێت کە بە شێوەیەک ئەم نەگونجاوی و ناکۆکیەی تێدا چارەسەر بکرێت؟ (...) بە بڕوای من ناسیۆنالیزمێکی فێمێنیستی، ئەگەر هاسانیش نەبێ، ناموومکین نییە و، رەنگبێ هەڵە نەبێ ئەگەر بڵێین کە ئێمە هیچ رێگەیەکی دیکەمان لەبەر نییە جگە لە ئامێتەکردنی ئەم دووانە. بەڵام لە هەمان پڕاگراف دا، هەر دوابەدوا، ش. کاوە دەنووسێ: چونکو لە شوێنێکی وەک کوردستان، ئەو ناکۆکییە هەرچەندیش بەهێز بێت، بارودۆخی سیاسیی وای کردووە کە هەستی ناسیۆنالیستی زۆربەی هەرە زۆری ژنەکانیش دەگرێتەوە و پێشمەرجی رزگاری ئەوانیش (پێشمەرج، نەک مەرجی رزگاری) بە شێوەیەک بە رزگاری خودی کوردستانەوە بەستراوەتەوە."

پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەستی ناسیونالیزمی کوردی زۆربەی ژنانیشی گرتووتەوە یان ئەوە کە ناوسیونالیزمی کورد لە سەر شانەکانی ژنی کورد هەڵگیراوەو تۆلەنەمای تازە پێگەیشتووی ناسیۆنالیسم بەرەنجی ژنانی کورد ئاودراوە؟ و ئەو ناسیۆنالیزمە لە پڕاکتیکدا ئاوێتەی کاری ژنانی کورد بووەو دەبێ لەمەودوا خۆی لە باری فکریشەوە ئاوێتەی بیری فێمینیستی بکا؟ ئازیزانی کوردیش‌پلاتفورم وەک کەسانێکی خاوەنی توانای فکریو وەفادار بە بیری سەروەری کورد، یەک لەوان بەڕێز شەماڵ کاوە، کە زۆر بەدرووستی هەموو هێزی خۆیان تەرخان کردووە بۆ پێکهێنانی ئۆپۆنیبیونو کاری فکری لەدەوری بیری سەروەری کورد، دەکرێ وەک نوێنەرانی بیری ناسیونالیستی پێشڕەو، ڕایکاڵو فێمینیست ببینین. بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە تەنانەت لە ناو ئێلیتی خاوەن بیریو هەستی کوردایەتی پێشڕەویش، تا ئێستاش بەداخەوەوە ڕۆڵی ژنان لە بەرەوبومهێنانی هەستی نەتەوایەتی ئەو جۆرەی کە پێویستە هەڵنەسەنگێندراوە.

لە زۆربەی حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردیدا بە شێوەیکی رەسمیو فۆرماڵ باس لە مافی یەکسانی ژنان دەکرێ بۆ وێنە لە بەشێکی بەندی خاڵی چوارەمی پلاتفۆرمی پێشنیاری بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، دا هاتووە: "لە کۆماری کوردستاندا دەبێ هەموو چەشنە جیاکارییەک لە نێوان ژنان و پیاواندا لاچێت و ژنان خاوەنی مافی یەکسانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنی و تاکی خۆیان بن لە گەڵ پیاواندا." هەر خودی ش. کاوە کە لە چالاکانی ئەو ماڵپەرو پلاتفۆرمەیە، دیسان بەدرووستی باس لەوە دەکا کە ئەو بەندە بۆتە بە بەندێکی فەرمی کە بە جددی وەرناگیرێتو دواتر دەنووسێ کە تا ئێستا کارێکی شایستە لە لایەن دۆستانی کوردیش‌پلاتفورم بۆ ئەو پێویستە گرینگە نەکراوە. لە کاتێکدا کە زۆربەی

سەرچاوە
Serchawe

پیاوانو ژنانی چالاک بۆ داکۆکیکردنی مافی یەکسانی ژنان لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، کێشەی نەتەوە بە بەشێکی جیانەکراو لە خەباتی خۆیان دەبینن و ئامادەن بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد هەر هەوڵێک بدەنو دەریغی نەکەن، ئەو پاشەگەزەیە لە لایەن زۆر کەسو گرووپ کە خۆ وەک ناسیۆنالیستو پێشرەو پێناسە دەکەن نابیندرێت. زۆربەی زۆری ژنانی کوردی فێمینیست زۆرجار بە خاتری سەرکەوتنی پرۆژەی دەڵەت- نەتەوەی کوردی هازر بە هاوکاریو تەنانەت پاشەکشەن، ئەو پاشەکشەکردنە لە لایەن زۆر دامو دەزگای سیاسی- کۆمەڵایەتی کە پیاوسالاری تێیاندا حاکمە، ئەو جۆرەی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە تەوافقو هاوکاری نابیندرێت ئەوەش لە کاتیکدایە کە گرینگی و قورسایی خستن لە سەر ڕۆڵو توانایی ژنانو کاردانەوەی رەنجیان لەسەر ناسیۆنالیسمی کورد، ئەگەر قازانجی بۆ ژنی کورد تێدابێ، سەدهێندە بۆ پیاوو ناسیۆنالیسمی کورد قازانجی هەیە. تا زەمانێک کە کیشەی ژنان نەبێتە بەندی سەرەکیو تێکەڵاوی کێشەی نەتەوەو حیزبەکان لەو ڕساتایەدا پرۆگرامی خۆیان دانەڕێژن، تا زەمانێک کە نوۆرمەکانی کۆمەڵ و ساختاری سیاسی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆری نەخرێنە بەر ڕەخنەو دەسەڵاتی فکری سیاسی جۆرێکیتر دانەڕێژرێت، باسکردن لە مافی ژنانو هەوڵدان بۆ داکۆکیکردنی ئەو مافانە، هەروا بە شێوەیەکی فەرمیو لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە.

فێمینیسمی کوردی تا ئێستا لە باری بیرو هزرو تیئۆریەوە جۆڵانەوەیەکی جەوانە، بە تایبەت لە لایەن خودی ژنانەوە کەمکاری لەسەر کراوە. بەڵام هەر ئەو بیرە جەوانە تا ئێستا توانیوێتی لە پڕاکتیکدا بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانیتر، توانایی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان نیشانبدا. کەچی ناسیۆنالیسمی کوردی هاوشان لەگەڵ ڕوانگەکانی فێمینیستی خۆی بە تیۆریەکانی فێمینیستی تەیارنەکردووە، ئەوش زۆر هۆی فکریو سیاسی لەپشتە. هویەکی هەرەسەرەکی ترسێکی بێمانا لە چەمکی فێمینیزمە. گەرچی دەبێ پێ لەسەر ئەوە داگرین کە فێمینیستەکان سەرەڕای بۆچوونی جیاواز بە گشتی داواکاری داکۆکیکردنی مافی ژنانن، بەڵام زۆر جار فێمینیستەکان بەگشتی بە دژی پیاوو دژی ناسیونالیزم حیساب دەکرێن بە بێ ئەوە کە جیاوازی فکری نێوان بووچوونەکانی جۆراوجۆری فێمینیستەکان ببیندرێت. هۆیتر نەبوونی پڕۆژەیەکی ڕەخنەگرە لە بەشێک لە ناسیۆنالیسمی پیاوانە کە لەودا ژنانو ڕۆڵو دەوری چالاکانەی سیاسی و کولتووری ژنان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە پەڕاوێزدا دەمێنێتەوە. هەر بۆیە بەشێکی گرینی کاری فێمینیستەکانی لایەنگری پڕۆژەی دەوڵەت-نەتەوە، بوونی پرۆژەیەکی فکریو خۆهەڵقوتاندن لە باسەکانی فکرییە کە ژیانی گەلی کورد دەگرێتە بۆ هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە لە ستروکتوری کۆمەڵایەتی وکەموکوریەکانی ناسیۆنالیسمە کە بندەستی ژنان بەرهەم دێنێتەوە. جولانەوەکانی نەتەوایەتی دژی کۆلۆنیالیزم هەرگیز بە بێ بەشداری ژنان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ کەچی تا ئێستا باسلەوە دەکرێ کە با هەوەڵ نەتەوە نەجاتی بێ ئینجا گرفتەکانیتر چارەسەر دەکرین. کوماری جایاواردنا لە کتێبی "فێمینیزمو ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سیهەم(١٩٨٦)" دا نارەزایەتی خۆی سەبارەت بەوە دەردەبڕێ کە خەبات بۆ ئازادی گەل گرینگترە لە ئازادی ژنان، چونکە بەڕای جایاواردنا خەبات بۆ ئازادی ژنان بەشێکی

هەرە گرینگو جیانەکراویە لە خەباتی گەلان بۆ ئازادی لە دژی کۆلۆنیالیزمو ئیستیعمار، ئەگەرچی ژنان ڕێکخراوی سەربەخۆخۆیان نەبۆبێو سازماندانی جولانەوەکانی نەتەوایەتی لە ژێردەستی پیاوان بۆبێ. جایاواردنا وایبۆدەچێ کە فێمینیزم ئیدەئۆلۆژیک نییە کە ڕۆژئاوا بەسەر ولاتانی جیهانی سیهەمی داسەپاندبێ بەلکو جولانەوەی داکۆکی لە مافی ژنان بۆ وێنە لە هیندو چین بووە. دیارە کە کاریگێری ڕۆژئاواش لە سەر ئەو ولاتانە بەرچاوە. هەروەها اوما نارایان دەڵێ کە فێمینیسمی ولاتانی جیهانی سێهەم ولامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە لەو ولاتانە هەیە. نارایان باسی ئەوە دەکا کە: "ئەو گرفتانەی کە فێمینیستەکانی هیند لەباری سیاسی لەگەڵی بەرەنگارن ئەو شتانە لەخۆدەگرێ وەک گرفتەکانی کوشتنی ژنان بە هۆی نەبوونی جییازو ئازارەکانی سەبارەت بەو گرفتە، دەستدرێژی پۆلیس بۆ ژنانی زیندانی، هەژاری، مەسایلی دەرمانیو زاو زێ، گرفتەکانی قەومیو عەشیرەیی. چالاکانی فێمینیستی هیند، فێمینیسم وەک ڕێگاچارەیەک بۆ گرفتەکانی ولاتانی جیهانی سێهەم دەبینن. باسی من ئەوەیە کە فێمینیسمی ئەو ولاتانە چاولێکەری لە "پرۆگرامی ولاتانی ڕۆژئاوایی" نییە بەلکو فێمینیسمی هیند لەڕاستیدا ولامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە لە بەرامبەر ژنانی هیند دا هەن." نارایان. (Dislocating Cultures, Identities, Traditions and Third World Feminism (1997 جیاکردنی ناسیونالیسمی کورد لە جولانەوەی ژنان مەحاڵە چونکە ناسیونالیسمی کورد لە پراکتیکدا لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، تێکەڵاوی کاری ڕۆژانەی ژنان بۆ ڕەهایی گەلی کورد بووە. ژنانی کورد لە ئازادی نەتەوەی کورددا ئازادی خۆیان دەبینن. ئێستا کە پرۆژەیەکی دەوڵەت- نەتەوە خەریکە خۆ کۆدەکاتەوە، دەبێ مەیدان بدا بۆ وەکار خستنی هێزو توانایی فکری ژنان . ئەو مەیداندانە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیسم بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی پیاوسالار لەو هێزە کەڵکوەرگرێ بەڵکو ناسیۆنالسیمی کورد دەبێ مەرجەکانی جولانەوەی ژنان قەبووڵ بکاو پێداچوونەوەی بێ لە سەر ڕابردووی خۆی. تێکەڵاوی ڕوانگەی فێمینیستی لەگەڵ پرۆسەێ دەوڵەت- نەتەوە هیچ دژایەتیو ناتەبایەتێکی نییە. ئەو دوو جولانەوەیەیە هاوکارو موکەمیلی یەکترینو بە بێ هاوکاری یەکتر ناتوانن سەرکەوتوو بن. ئێمە دەزانین کە دامو دەزگاکانی، ستروکتوری کۆمەڵایەتیو تەناەتە حیزبەکانو ئۆپۆزیسیۆن بە دەستی بیری پیاوسالاروەو مێژووی ناسیۆنالیسم لە هەموو جیهان بەدەست بیری پیاوسالاری فورمولە کراوەو لە ئێستای کورد، بۆ هاوکاری نێوان بیرو روانگەکانی فێمینیسمو ناسیونالیسم دەبێ بە بۆچوونەکانی پیاوسالاردا بچینەوەو هەڵسەنگاندنێکی تازە بێ لە سەر جۆڵانوەی کوردو ڕۆڵێ ژنان لەو جۆڵانەویەداو دەرهاوێژی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی - کۆمەڵایەتیدا. فێمینیزم ئیدیۆلۆژیک نییە.* تەنیا بۆ نەجاتی ژنان بەلکۆ تێروانینو ڕوانگەیەکە بۆ دیتنی گرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکیتر، لەوان کێشەکانی ژنانو کێشەی نەتەوەی کوردو بیری دەوڵەت- نەتەوە دەتوانێ خۆی ئاوێتەی بیری فێمینیزم بکاو هەم خۆی پێ دەوڵەمەند بکاو هەم یارمەتی جۆڵانەوەی ژنان بدا.

* فێمینیزم، پارادۆکسی چەمک، ئیدەئۆلۆژی یان ڕوانگە، ناوی وتارێکە کە لە کوردیش‌پلاتفورم دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی فێمینیستی کوردستان

## فێمینیزم ڕوانگە یان ئیدئۆلۆژی؟



شەهلا دەباغی

زۆر جار جیاوازیەکانی فکری - تێئۆریک و سنووری نێوان فێمینیستەکان ڕوون نییە و شێوانیان تێیا بەدیدەکریت یاخود بە شێوەیەکی میکانیکی جۆرەکانی فێمینیزم دابەشدەکرێن بەبێ ئەوەی لە ڕووی ئێپیستمۆلۆژی و تێئۆری معرفە - شناختەوە ئەو سنوورانە ڕوون بکرێنەوە. لە ساڵی ڕابردوودا چەند نووسراوە، شێعرو بۆچوون لە چەندین سایتدا سەبارەت بە چەمکی فێمینیزم بڵاوکران کە سەردێڕی نووسراوەکان زیاتر ئینتیزاری ئەوەی لێدەچوو کە ئەو چەمکە لە باری فکری و پراکتیکەوە بێنە بەر باس. بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە زیاتر لە لایەن خاوەن وتارەکان تا ئێستا باسی لێکراوە، فێمینیستە کوردەکانن کە هیچ نازانن و شێعری کوردییان خستتۆتە ژێر ڕەخنەی ئەدەبی یان ئەوە کە فێمینیستەکان دژی پیاون، ماڵوێرانکەرنو بەدوای دەسەڵاتدا وێڵن.

تا ئێستا هەوڵم داوە کە بۆچوونەکانی خۆم لە چەند وتاردا (دەسەلاتو جنس، هێرەمی دەسەڵاتی فکری و وەزعی ژنان لە ناو هێزەکانی سیاسیدا) لە دوو سایتی کوردیش پلاتفۆرم و سایتی دیمانەدا لە سەر بناخەی فکری و لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونی فێمینیستەکانی دەیەکانی ٩٠ی ئوروپاو ئامریکا بێنمە بەر باس کە چۆن ژن وەک گرووپێکی بێدەسەڵات لە خوارەوەی هێرەمی دەسەڵاتدایەو بەردەوام وەک جنس بەرهەم دێتەوەو نۆڕمەکانی سیستێمی پیاوسالار ژن وادارەدەکا کە لە چوارچێوەکانی دەسەڵاتدا ژنانە بژیت. دوای ساڵانی ١٩٧٠، مێتۆدێک نوێ و ئاڵوگۆڕێک لە فکر و دونیای هێندێک ئاکادێمیکاردا پێکهاتووە کە لە خۆ ڕەخنە دەگرن و زۆر جار نیگای ساڵانی پێش بۆ سەر دیاردەکان بە نیگایێکی مێتافیزیک دادەنێنو پێیان وایە کە دەبێ بۆچوونی ترمان لە سەر ڕووداوەکانو چەمکەکان هەبێو هەوڵ دەدن کە دیاردەکان لە

کۆنسێپتێک داهەڵنسەنگێندرێنو نیگایەکی مێژوویان هەیە بۆ دیاردەکان. دیارە کە ئەمە لەخۆیدا جۆرە باوەڕێکە بە پلورالیزم، دێمۆکراسی و ڕووناکبیری و بۆچونێکی فراوانتر بەڵام ئەو بۆچوونەش هەڵگری کەم و کورتییە و ئەو نیگایە ڕێگا بۆ "کۆلتور ڕێلاتێڤیسم" خۆش دەکا . "کۆلتور ڕێلاتیڤیسم" لە هەمان کاتدا کە دەبێتە هۆی ئەوە کە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بتوانن لە پال یەکترین بژین هێندێک جار جۆرە هەقانییەتێکیش دەدا بە وەپاشکەوتوترین دیاردەکان لە ژێر ناوی پلورالیزمی فکری و مافی دەربڕینی ڕا لە ناو کۆلتورە جیاوازەکاند.

نیگای مێژوویی، بە هەق زۆر جار باسەکان دێنێتە ژێر ڕخنەو پەرشپێکتیوێکی گەورەتر بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەکان نیشان دەدا بەڵام بە داخەوە ئەمیشیان هەر لە ناتەبای و کەمی ڕەنج دەبا. زۆربەی ئەو تێئۆریانە ئەگەرچی لە کۆنسێپتدا ڕووداوەکان هەلدەسەنگێنن بەڵام دیسان هەمەڵایەنە نین و نیگای مێتافیزیکی پیاوانە یان بەسەردا زاڵە. بە دوای ساڵانی ١٩٦٠ دا مێتۆدو تیۆرێکیتر کە بە فێمینیزم ناوبانگی دەرکردووە زۆربەی بیروبۆچوونەکان دێنێتە ژێر ڕەخنە. فێمینیزم تا ئێستا زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە. ئێستا فێمینیزم هەوڵ دەدا تا هەمەلایەنە، پۆزێسیۆنی تەواوی گرووپەکانی دەرەوەی دەسەڵات و ناو دەسەڵات هەڵسەنگێنێ. فێمینیستەکان پێیانوایە کە تا ئیستا لێکۆلینەوەکانی ناو دونیای ئاکادێمی یکلایەنە بە نیگایەکی پیاوسالارانە ڕووداوەکانی هەڵسەنگاندووە. بەم جۆرە فێمینیزم دەبێتە مێتۆدێک و هەروەها پەرشپێکتیوێک بۆ هەڵسانگاندنی دووبارەی چەمکەکان. تا ئێستا دەسەڵات بە شێوەی هێرەمی دابەش بووە. هێرەمی بوونی دەسەڵات بەو مانایەیە کە هێندێک، لە چین و توێژێکی تایبەت لە ئاخر پلەی هێرەم دا، وەک خاوەنی سەرەکی دەسەڵات بەڕێوەبەری کۆمەڵگا و یان لە پرۆسەی بەرەمهێنانی فکریدا سەر بوونو ئەوان چارەنووسی زۆرینەی کۆمەڵگا و یان گرووپیان دیاری کردووە.

گرینگی هێنانەگۆری بەردەوامی ئەو باسە لە کار بۆ ئاڵوگۆڕیو دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی تردایە واتە دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی پاراڵێل و هاوکات لە ناو دام و دەزگاو ئینسانەکاندا. دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا ڕێگایکە بۆ کۆمەڵگایەکی ئینسانی تا ئازادی و بەرامبەری تاکەکانو گرووپەکان دابینبکرێ. بڵاوکردنی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵو لە بەینی ئینسانەکان دا، دەبێتە هۆی پشکووتنی توانایی بیرو هۆش بە تایبەت لە ناو ژناندا کە بە درێژای مێژوو بەکەم دانراون. ژنان بە هۆی جنسیت - ژێندێروە، واتا ئەو تایبەتمەندیانەی کە کۆلتورو مێژووی پیاوانە بۆی دیاری کردوون، مەودایان پێنەدراوە کە لە باری بیرو فکرەوە گەشە بکەن و یان بیرەکانیان بۆتە سەرمایە بۆ پیاوان. کۆلتورو دەسەڵاتی پاترپارکات تەنانەت ژنانی خاوەن بیریش، بە چاوی سووک دەبینێ . ئەو دیتنە لە ناو ڕۆشنبیرانی پیاودا، بە چەشنێکی ئاڵۆزو تێکەڵاوێک لە گەڵ دووبل مۆراڵی خۆ نیشان دەدا و کاری ژنان سەد هێندە دژوار دەکا. بە هۆی ئەوە کە دونیای ئاکادێمیو بەرەمهێنانی بیر هەمیشە لە دەست پیاوان دابووە هاتنە کایەی ژنان لەم بووارەشدا، بە شێوەیٚ جۆراوجۆر

بەرپرچ دەدرێتەوە بە بێ ئەوەکە هێندێک جار ئەو پیاوانە خۆشیان بزانن ویان بەراوەردێکی ڕاستیان لە کارەکانی ژنان هەبێ.

کاری ژنانی کورد، ئاگاو یان نائاگا، لە لایەن پیاوانی بە بیرو قسە فێمینیست، بەڵام هەر لە زلکاوی پاترپارکات داماو، دێتە ژێر ڕەخنەی نارەوا. ژن لە باسو بیری ئەو پیاوانەدا، لە شێعرو چیرۆکەکانیاندا، لە کاری ئۆرگانی داو لە هەزاران شتی تردا لە سێکس سابجێکت یان کلکی پیاوان بەولاوەتر ناروات. ئەو بەرێزانە قۆڵ بۆ کاری کوردایەتی هەڵدەماڵن بەڵام کاری ژنانی دەست پێشخەر بە کەم دادەنێن و ئەوەش تەنیا بۆ بێبایەخکردنی کاری ژنان لە باری بیرەوەیە. میشێل فۆکۆ لە کتێبی مێژووی سکس قامک لە سەر ئەوە دادەنێ کە دەسەڵات لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ناو پێوەندیەکاندا، ئێعمال دەبێ. ژن لە ژیانی ڕوژانەی خۆیدا، بە هەموو جۆرێک، بە کەم دەبینرێت و دێتە ژێر پرسیارو بەم چەشنە کۆنترۆڵ دەکرێ‌و بەردەوام بە پێوانەی پیاوانە ئەرزشگوزاری دەکرێ. گرفتی ژن ئەوەیە کە بە هەزاران تالی نادیار بە تایبەت لە باری بیرەوە زیندانی دەکرێ‌و بە کەم دادەنرێت. ئەمەش شەرێکی نێوان چەند کەس نییەو ڕیشەی لە ئەو سیستێم‌و بۆچوونی پیاوەزنانە دایە کە کەم بایەخترین نوسینی پیاوان لە چاپ دەداو گۆ بۆ قسەیان ڕادەدێرن بەڵام هی ژنان دەبێ لە پردی سانسۆری پیاوانی خاوەن بیر تێپەربێت یان بە کەمو ژێرپەراوێز داندرێت.

ئێمەی ژن بە پێی تەجرەبەو ئەزموونەکانی خومان بە قسەی فۆکۆ دەگەین بەڵام خۆ لە شەری فکری دەدزینەوە. ئێمە دەزانین کە ئەو کارانەی کە پیاوان پێی سەرقالن زۆر لە هی ژنان سەیرو سەمەرەتر نین بەڵام دەترسین بە دەنگی بڵند بیانڵێین نەکا پێمان بڵێن: " خۆیان نیشان دەدەن، منداڵن ویان ناتەبان و..... " . ئێمە ئێستا بە جیدی نەهاتووینە مەیدان‌و یان ئەگەر هەنگاوێکیش هەڵدەگرین بە هۆی نەبوونی ئەزموون لە داوی شەری زەرگەری دەکەوین. ئەرکی گرینگی ژنان هاتنە ناو شەری فکرییە تا دەسەڵاتی فکری پیاوان چیدی زاڵ نەبێ‌و ئەو هێرمە فکرییە تێک بشکێ‌و بە پێوانەی ئەوان کاری ئێمە نرخی بۆ دانندرێت. ژنانی خاوەن بیر دەتوان بۆ لەناوبردنی سەرەڕۆی هاری فکری پیاوانە هەوڵ بدن و هێرەمی دەسەڵاتی فکری بشکێنن. کاتێک هێرەم دەشکێ دەسەڵات مانایەکی نامێنێ و بیری تاک بایەخی دەبێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە کە پایەی باسو تێروانینی فکری منە، لێرەدا دەخوازم کە پێوەندی نێوان ئایدئۆلۆژی‌و فێمینیزم لە ڕوانگەی خۆمەوە باس بکەم. ئایا فێمینیزم دەبێ ئیدەئۆلۆژی بێ یان ڕوانگەیەک بۆ چارەسەری گرفتەکانی سیاسی، کۆلتوری‌و کۆمەڵایەتی؟ کاتێک مارکسیستەکان باسی کۆیلەبوونی چینی کرێکارو هاتنە کایەی ژنان بۆ بازاری کاریان دەکرد بە دروستی ئەو باسەیان هێنا پێش کە نابەرامبەری ئابووری ژنان‌و پیاوان لە چەند هەزار ساڵدا هۆی سەرەکییە بۆ ژێردەستەبوونی ژن. گەرچی سەروەری ئابوری ژنان هەنگاوی هەرە گرینگە بۆ سەربەخۆیی ژنان بەڵام بە هۆی

ئیدەئۆلۆژیک بوونی بەستراوەیی مارکسیزم ئەوە لە بیردەچێ کە تەنیا هێنانەکایەی ژنان لە باری ئابووریەوە بە مانای لابردنی ستەمی جنسی و دیتنی ژن وەک جنسی دوهەم نییە واتە ئەو زووڵمەی کەوا بە هۆی جنس - سێکس لە سەرانسەری جیهان لە ژن دەکرێ. هەر بۆیە چەپەکانیش نەیانتوانیوە ئەو نۆرمانە کە ژن وەک جنسی دووهەم دەبینێ و ژن تەنیا وەک ئامرازی وەپاشخستنەوەی منداڵو سێکس چاولێدەکا، زمان و کولتوری دژبە ژن کە ژن وەک جنس دادەرێژێتەوە، بخەنە بەر باسێکی قوولی فکری چونکە چەپەکان لە بازنەی تەسکی ئیدەئۆلۆژیک واتە جۆریک لە مێتافیزیک بوون، ماونەتەوە.

کاتێک لیبێراڵەکان ئازادی تاکیان هێنابەر باس، ئەو تاکە لە ڕاستیدا هەر پیاوی دەگرتەوە و ژن هەر لە خانی جنس - سێکس دا ماوە. تا ئێستاش لە پرۆسەی مۆدێرنیتەدا، ژن هەرچی زیاتر بۆتە جنسێک بۆ بازاری جیهانی و سیستێمی بە تەماحی پیاوسالار. ئێستا کە فێمینیزم بە هەموو لقو پۆو جیاوازییە فکرییەکانەوە، یەکێک لە گەورەترین هێزەکانە بۆ گۆڕینی جیهان، دەبێ لە ئەزموونەکانی فکری پێشوو کەڵک وەرگرێ و تووشی مێتافیزیکبوون نەبێ. واتە ئەرکی ئەو فێمینیستانەی کە لە ڕوانگەی "فراجنسی" دەڕوانە گرفتەکان، جۆرە تێڕوانینێکیتر لە دوو چەمکی ئیدەئۆلۆژی و ئۆپۆزێسیون بۆ ئەوە بکرێ کێشەی ژن، تێکشکانی هێرەمی دەسەلات، خوێندنەوەیەکی تازە لە مانای دەسەلات و دابەشکردنی بە شێوەیەکی پاراڵێل، دوور لە بازنەی فکرێکی مێتافیزیکانە واتە خولدان لە ناو چەمک و بیری خۆدا، بێنینە بەر باس. ئەوە کە ئایا فێمینیستەکان لە بازنەی ئیدەئۆلۆژیدا دەمێنن یان ئەوە کە دەتوانن بەردەوام خۆ لە بازنەکانی بیر بە شێوەی ئیدەئۆلۆژی ڕەها بکەن، پرسی سەرەکی منە. فێمینیزم وەک چەمکێکی بەربڵاو کە زۆر گرووپ و بابەتی سیاسی - کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە هێندیک ئیدەو پرەنسیپ و ئامانجی سەرەکی هەیە کە خۆ لە ئیدەئۆلۆژی نزیک دەکاتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا خوێندنەوەیەکی نوێیە لە زۆر چەمک بۆ وێنە چەمکی ئینسان، دەسەلات و سێکس هتد.

فێمینیزم چەترێکە کە تێڕوانینی زۆر جیاواز لە ژێر خۆیدا جێگادەداو دەبێ بەردەوام لە ئۆپۆزیسیوندابێو تەنانەت خۆشی چ وەک چەمک و چ وەک پراکتیزە بخاتە ژێر ڕەخنە. فێمینیزم تەنیا ئیدەئۆلۆژی و تێڕوانینیک نییە بۆ کێشەی ژنان بەڵکو ڕوانگەو چەترێکی بەرینە بۆ دیتنی گرفتەکان بە جۆرێکیتر. ئەگەر فێمینیستەکان خویان لە ناو بازنەی تەنگی تەنیا باسی ژنانەدا بەهێڵنەوە ئەوە هەمان شتێکە کە سیستێم و دەسەڵاتەکان تا ئێستا ویستویانە و ژن ژنانە ماوەتەوە. فێمینیستەکانی خاوەنی بیری " سەرتر لە جنس" باوریان بە پرەنسیپ و ئامانجێک هەیە، واتە ڕەهاکردنی ژن لە ژنانەبوون بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ لە ئۆپۆزێسیۆندابن و خۆ لە دەست گەمارۆی فکریو ئاڵقەی دەسەڵاتەکان نەجات بدەن بۆ ئەوە بتوانن بەردەوام ئاڵووگۆری فکری بکەن و ساختارەکان، تەنانەت بیرەکانی خۆیان، بشکێنن تا لە ناو دیسکۆرسێکدا گیر نەکەن. ئەو گرینگە، فەلسەفەکان و بیرەکانی تر نەیانتوانی بە ئەنجامی بگەینن چونکە بۆ ئەوان نۆرم پیاو و یان ئامانج تەنیا گرووپێک بوو. پارادۆکسێک لەو باسەدا ئەوەیە: چۆن فێمینیستەکان هەم بۆ گۆڕینی سیستێمو

ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی خۆ لە بازنەی بیرو دەسەڵات بێنەدەرو هەم بتوانن لە ناو سیستێمدا کاریگەریان بۆ گۆڕانی سیستێم هەبێ.

بە پێی هیپۆتێزەکانی هەوەلی ئەو باسە دەبێ ژن - سوبێکت، ئایدئۆلۆژیە جۆراوجۆرەکان - ئۆبجێکتەکان بێنێتە ژێر لێکۆڵینەوەی خۆی. ئەو بیرەش مەبەستێکی لە پشتە کە دەخوازێ خۆ نەخاتە ناو چوارچێوەو خۆ لە کەوتنە ناوبازنەی "ئیدەئۆلۆژیکبوون" ڕزگاربکا واتە فێمینیزم وەک ئیدەئۆلۆژی نەبیندرێتو ڕوانگەیەک بێ بۆ لێکۆڵینەوەو پرسیارو سازکردنی بنەمای فکری بۆ ئاڵوگۆڕی بەردەوام نەک ئەوە کە خودی فێمینیزم ببێتە ئیدەئۆلۆژیەک کە لە ناو خۆیدا خول بدا. دیارە کە دابە شکردنی دەسەڵات بە جۆرێکیتر لە نێوان ژنانو پیاوان، نەتەوەکانی ژێردەستە و گرووپەکان لە سەر بنەمای جیاوازییەکانی نێوان ئینسانەکانو پلورالیسمی بیروکار، جۆرە زامنێکە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد، دادپەروەرو دێمۆکرات و ئەرکی ئێمە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە ستروکتورو نۆڕمی پاتریارکاتە کە لە سەر بنەمای جنس و پلەبەندییە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە فێمینیزم دەبێ جۆرێکیتر لە دیالۆگ و جۆرێکیتر لە تێڕوانین بێت کە دەتوانێ خۆشی هەڵسەنگێنێ نەک ئەوە کە ببێتە ئیدەئۆلۆژیەک کە نەتوانی غەیری خۆی چیتر ببینێ. فێمێنیستەکان دەبێ ڕێگا بۆ هەموو ئینسانەکان، نەتەوەکان و گرووپەکان بکەنەوە. ژنانی کورد بەو ئەزموونە مێژوویە کە لەمەر "چەوسانەوەیان وەک گرووپ، جنس و نەتەوە" هەیانە، دەتوانن بە تێڕوانینێکی "فراجنسی - سەرتر لە جنس"، خۆ لە دیسکورسو بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیەکان ڕەها بکەن و خوازیاری ئازادی و بەختەوەری بۆ هەموو تاک و گرووپێک و دابەشکردنی دەسەڵات بن. بۆ ئەوەش نابێ ئامانج تەنیا ڕەهایی ژنان بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: جانێویری ٢٠٠٧

## فێمینیستی کورد لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیا پیاوسازەکاندا



کازیوە ئەنامقی

خاڵێک کە فێمینیزم بەدرێژایی دامەزرانی خۆی ڕووبەڕووی بۆتەوە، یەکدەنگ نەبوونی ژنانە لەگەڵ یەکدی لەمەر دۆزی ژن لەسەر بنەمای سیاسی. هەر ئەمەش بووە بەهۆی پێکهاتنی جۆرەکانی فێمینیزم لەسەر بنەمای قوتابخانە و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانی باو. ئەم فرەچەشنییەی فێمینیزم نەک کە نەرێنی نییە، بەڵکوو دەکرێ بە ئەرێنی سەرنجی بدرێت. ئەم چەندجۆرییە نیشان لە فرەڕەهەندی مژاری ژنانە و بەم پێیەش دۆزی ژن لە هەموو لایەنەکانەوە تاوتوێ دەکرێ. شایانی ئاماژەیە لەجیهاندا کەم نین ئەو فێمینیستانەی کە خۆیان لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیکدا نابیننەوە و پێیان وایە لە هەرکام لە جۆرەکانی فێمینیزم وەک لیبێراڵ فێمینیزم، سۆشیاڵ فێمینیزم، رادیکاڵ فێمینیزم و هتد دا شتهایەک هەیە کە دەکرێ گوڵبژێریان کەیت و پێویست ناکا لە قاڵبێکی تایبەتدا بە گشت چاکە و خراپەکانەیەوە بگونجیت.

بۆ فێمینیزمی کوردی بەپێوەر کردنی هەلسووکەوتی فێمینیستەکانی وڵاتانی پیشکەوتوو هەروەها دەقاودەق بەکارهێنانی روانگەکانیان دەبێتە موهەندیسی کردنی کۆمەڵگا بەپێی ژێئۆپۆلتیکێکی نەگونجاو بۆ کۆمەڵگای کوردی، چونکا دۆخی کورد لە جیهاندا زۆر تایبەتە و هیچکام لەو فێمینیستە رۆژئاواییانە گیرۆدەی ئەزموونی سیاسی کورد نین. بۆیە زۆر پێویستە کە ژنی کورد خاوەن دەنگی تایبەتی خۆی بێت لە جیهاندا و کێشەکانی خۆی بناسێنێت و باسیان بکات و شییان بکاتەوە. هاوکات بوێرانە هەوڵ بدا بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکەی خۆی و رزگار کردنی لە نەریت و کولتووری دواکەوتوو و دژە ژن کە پڕە لە نایەکسانی زایندەیی. پێکهێنانی فێمینیزمێکی سەربەخۆ و خاوەن شووناسی تایبەت لە کوردستان، بەدەست خودی

ژنان، بە هزری خود-ڕێبەری و بە دوور لە سێبەری پیاوسالاری و بانی شووشەیی ڕێبەرایەتی پیاوانەزۆر پێویستە.

دیارە ئەمە بەو مانەیە نییە کە ژنان کیشە نەتەوەییەکانیان پشتگوێ بخەن. فێمینیزم بۆ کوردستان دەبێ فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەبێ. فەلسەفەیەکی دانەبڕاو لە کێشە گشتییەکان، چونکە کورد کێشەی کیانێکی سەربەخۆی هەیە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی. ئەمە بیرکردنەوەیەکی شیاو نییە کە بوترێ: "چونکە چارەسەری کیشەی نەتەوەیی تا ئێستا پیاوان بەرێوەیان بردوە و کەواتە نەتەوەگەرایی کێشەی ئێمە نییە". تەنانەت ئەگەر واشی دانێین، دەبێ وەک فێمینیست هەوڵی یەکسان کردنی ئەم خاڵەش بدرێ چونکە نەتەوە تایبەت نییە تەنیا بە پیاو. نەتەوەگەرایی بە شێوازێکی خۆ بە زلزانین و رق و قین لە نەتەوەکانی تر هەڵگرتن زۆر نەرێنییە. بێگومان فێمینیستی کورد قەت نابێ بکەوێتە ئەو چاڵەوە چونکا ناسیۆنالیزمی تۆخ، ژن و خاک بە کاڵای نامووسی دەزانێت و هەستی دەستبەسەر ڕاگرتنیان دەدا. هاوکات هەر کە خۆت وەک کورد، فارس، عەرەب، تورک یا هتد ناساند، بتەوێ و نەتەوێ شوناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمێکی نەرمی شوناسی لەگەڵتایە. ئینکاری ناسیۆنالیزم بە هەموو شێوازێکی، و یەکسەر بە چاوی ناسیۆنالیزمێکی تۆخ سەیر کردنی هەموو ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، دژبەرە لەگەڵ خۆت بە کورد زانین و خۆت بە کورد ناساندن. دروشمی قەدەخە بوونی ناسیۆنالیزم بە گشتی،لە راستیدا لەگەڵ دروشمی رزگاری کورد ناتەبایە مادام روونکردنەوەی ناسیۆنالیزمی تۆخی لەگەڵدا نەبێت.

بەشێک لە چالاکییەکانی فێمینیستی دەبێ ڕووی لە دەسەڵات بێت. لە کوردستان دوو دەسەڵات هەیە. دەسەڵاتی داگیرکەران و دەسەڵاتی حیزبە پیاوسالارەکان. ڕووی چالاکی فێمینیستەکان دەبێ هەم لە دەسەڵاتی داگیرکەر بێ و هەم لە دەسەڵاتی حیزبەکان. چونکا پیاوسالاری ناو کۆمەڵگای کوردی و سیاسەت و حزبی کوردی شتێکی حاشا هەڵنەگرە و ناکرێ بە هۆی ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا پشت گوێ بخرێت و بۆ کاتێکی نادیار دابندرێ.

هەروەها ئایین پیاوسازە و ئامێری دەستی پیاوسالارییە بۆ راگرتنی دەسەڵات لەدەست دەستەیەک لە پیاواندا، و چەوساندنەوەی ژنان بە گشتی. بەهەرحاڵ نکووڵی لە هەبوونی ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا ناکرێ بەڵام هەوڵ بۆ ناساندنی فێمینیزمی ئایینی هەوڵێکی بێهوودەیە. ئایین لە خۆیدا دژە ژنە و زۆر لە نەریتەکانی بە بەرژەوەندی پیاو کردۆتە یاسا وریسا. جا بۆیە لە راستیدا ئایین و فێمینیزم دوو جەمسەری دژبەر و نەگونجاون. هەرچەند لە مێژووی فێمینیزم لە وڵاتانی رۆژئاواییدا هەوڵی زۆر دراوە کە ئایین فێمینیزە بکرێت بەڵام هێشتا مافی ڕێگری لە سکپڕ بوون و مافی لەباربردنی منداڵ کێشەیەکی قووڵی ئایینی مەسیحییەت (کاتۆلیکەکان) و فێمینیزمە لە رۆژئاوادا. ئایینی ئیسلامیش پڕە لە ئایەت وحەدیسی دژ بە ژن کە نکووڵییان لێ ناکرت و هیچ تەفسیرێکیش ناتوانێ راستی چەوساندنەوەی ژنان

دا پۆشێت.

بە گشتی ئایدیۆلۆژیە باوەکانی جیهانیش پیاوسازن و لە پیاوسالاری تێکرا پاک نەکراونەتەوە. جا بۆیە تەنانەت ئایدیۆلۆژیە چەپەکانیش ئەوەندەی کە هاوار دەکەن، رزگار ناکەن. دیسان ژن لەژێر بانی شووشەیی پیاودا دەهێڵنەوە. نموونەش بۆ ئەمە لە مێژوودا و لە جیهانی هاوچەرخیشماندا زۆر زۆرە.

بە گشتی ژنی کورد پێویستە لە پێناسەی فێمینیزمی خۆیدا، خۆی لە ناسیۆنالیزمی تۆخ و لە ئایینیش بپارێزێت و هەروەها ئازایانە بانی شووشەیی ڕێبەرایەتی پیاوسالارانە لە قاڵبی ئایدیۆلۆژییە رزگاری بەخشەکاندا بناسێت و لێی رەت بێت. کورد پێویستی بە ژنانی هزری خود رێبەرە. ژنانێک کە پانتای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە کردارە ناکارامەکانی پیاوسالارانە پاک بکەنەوە و ڕەوتێکی نوێ و یەکسانیخوازانە بهێننە ئاراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی فێمینیستی کوردستان

---

# فێمینیزم و پرسی نەتەوە



**تریفە عەلی**

پرسی نەتەوە، یەکێکە لەو پرسانەی، کە تاکو ئێستاش لە گەلێک شوێنی دوونیادا گرنگی بەر چاوی خۆی هەیە، بە تایبەت بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کە لە ڕووبەرێکی جووگرافی دیاریکراودا دەژین، بەڵام نە خاوەنی سیادەی سیاسین و نە خاوەنی کەمترین پرانسیپی دیمووکراسی، مافی مرۆڤ و سێکیۆلارن. بەڵام نابێت ئەوەشمان بیربچێت، کە زۆر ڕووبەری جووگرافیمان هەن خاوەنی سیادەی سیاسی سەربەخۆی خۆیانن، بە لام لەو وڵاتانەدا مرۆڤی ئازادو کامەران ناژیین. نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە دەکرێت بڵێین زۆرن لە دوونیایی خۆرهەڵاتدا. کە سی دکتاتۆر ڕاستەو خۆ لەو جۆرە کۆمەلگایانەدا مۆنۆپۆڵی هەموو جۆرە دسەڵاتێک دەکات. ئازادیی وکەرامەتی مرۆڤەکان بەندە بە میزاج و دوونیابینی و مۆراڵی کەسی سەرۆکەوە. لێرەوە، دکتاتۆری تاکەکەسی ئازادی و ماف و بژێوی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە دیاری دەکات. مرۆڤەکان لەو کۆمەڵگایانەدا درک بەمە دەکەن، لە گەڵ ئەمەشدا، زۆر جار لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا مرۆڤەکان خۆیان لە بەهاو گرنگی ئازادی تێناگەن، لە بەر ئەوەی بە درێژایی ژیانیان ئازاد نە بوون. ئەو گەل و نەتەوانە لە ئازادی دەترسن و ناتوانن پراکتیزەی ژیانی ئازادانە بکەن، بۆ یە دەبینی لە و کۆملگایانەدا ڕاپەڕین ڕوودەدات و کەسی سەرکردەو پارتی سیاسی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام شۆڕش ڕوونادات، چوونکە ئەو ڕاپەڕینانە زیاترژیانی کۆمەڵایەتی، ئازادی مرۆڤەکان بە تایبەتیش وەزعیەتی ژنان کەلەپچە دەکات بە دیسپلینەکانی ئاین و بیری پاتریارکی.

پرسی نەتەوە هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر نەتەوایەتی بوون بە مانا هەرە بەرفراوان و قووڵەکەی نەبوویێت بە بەشێک لە

دونیـابینی، مۆڕاڵ و کـردارو ڕەفتـاری ئـێمە. جێگەی نیگەرانییە، کە دوای ئەو مـاوە درێـژە لە حـووکمکردنی کـورد بـۆ کـورد نەمان توانی نەتەویەتی بـوون بکەیـنە بەشێک لە مۆراڵ و دونیـابینی مرۆڤی کـورد، بەپێچەوانەوە کوردبـوون لەلای مرۆڤی کورد لەوماوەیەدا لە جەستەی سەرۆکو پـارتە سیاسیەکاندا کورتکرایەوە.

کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێـت دەسـتی مرۆڤـەکـانی ئەم کۆمەڵگـایە لە فرێـدانی پاشـماوەو دەبەی بەتـاڵی ئـاو بوەسـتێنیت، کوردایەتیەک، گەر نەتوانێت مرۆڤەکانی فێری گرتنەوەی بەلووعەکان بکات، کـوردایەتیەک گەر نەتـوانێـت سـاڵانە ژمـارەیەک دار لە شاخەکان بروێنێت، کوردایەتیەک گەر نەتوانیت لە بری ئەم هەموو جەنگەڵە لە کۆنکریت چەند یـاریگـاو پـارکێک بـۆ منداڵان و مرۆڤەکان دروست بکـات، کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێت ژمـارەی قووتـابیـان لە پۆلێکدا لە ٥٠ قوتـابییەوە بکـاتە ٢٠ قوتـابی، کوردایەتیەک، گەر نەتوانێت ڕێگە چارەیەک بۆ سەگوو پشیلە بەرەڵاکـانی شار بـدۆزێتەوە، کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێت نەک بە ٤ ساڵ جارێک، بەڵکو بە ٢٠ ساڵ جارێک دەمووچاوی سەرکردەکانمان بگۆڕێت، کـوردایەک گەر نەتوانێت سـامانی ئەم وڵاتە لە گیرفـانی چەنـد کەسێکەوە بگەڕێنێتەوە بـۆ سـەرجەم گیرفانەکـان، کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێت لە بیرۆکراتیەت و ڕۆتینی فەرمانگەکان کەم بکاتەوە. کوردایەتیەک گەر نەتوانێت پەنـاگەیەک بـۆ ئەو مرۆڤـانەی کە لە ڕووی ئەقڵیەوە ناتەواون دابێن بکات، کووردایەتیەک، گەر مرۆڤەکـان لە دەست پـان کردنـەوە نەجـات نەدات، کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێت ئەو هەمو گەنجانە لە بەڵای بێکاری و گیرفان بە تاڵی نەجات بدات، کوردایەتیەک، گەر نەتوانێت منداڵانی شار لە کاری بەردەستی و سووکایەتی پێکردن بپارێزێت، کوردایەتیەک گەر نەتوانیت جۆرێک لە پـاس و شێوەیەک لە شەقـام و جۆرێـک لە گۆچـان بـۆ پیـرو کەم ئەنـدامان فـراهەم بکـات، کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێـت کچـانی وڵاتەکەم لە گرفتـی هەڵاواردەی ڕەگەزی نەجـات بـدات، کـوردایەتیەک، گەر نەتوانێت ژنـانی وڵاتەکەم لە پاشکۆیەتی و سـەروەری پیـاو ڕزگـار بکات، کوردایەتیک، گەر نەتوانێت، ژنانی کۆمەڵگاکەم لە بەڵای شەرەف قووتـار بکات، کوردایەتیەک، گەرنەتوانێت مۆڕاڵی پاتریاری لە بار ببات و لەشوێنی مرۆی بوون و ڕیزو ماف بۆ مرۆڤەکان بکاتە دونیابینی کوردایەتی نیە، گەرچی سـاڵانێکی درێژە کۆمەڵگای کوردی خاوەنی سەرۆکی کوردیە، بەڵام خاوەنی مۆڕاڵ و دونیابینی کوردبون نیە.

دروست بـونی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی سیاسی لە ئێسـتادا، کە لەتوانـای دابێت مـامەڵەی جدی لە گەڵ ئەو کێشـانەدا بکـات، زۆر گـرنگە، فێمینیـزم بـوون لە ئەمـڕۆدا زۆر بەر فـرراوانە و بیرەکـانی فێمینیـزم تەنهـا دەر گیـر نـین لە گەڵ ئەو گرفتانەدا کە پیوەستن بە وەزعیەتی ژن و کارە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمڕۆ فێمینیستەکان دەرگیـرن لە گەڵ ئەو کارە دزێوانەدا کەلە کۆمەڵگادا دەگوزەرێن و دەسەڵاتی سیاسی ئـاینی پاتریـارکی ئامادەنیە چاکسـازیان تێدا بکـات، چـوونکە پاتریـارکییەت یەکێک لە ئامانجەکـانی کـۆکردنەوەی زۆرتـرین سـەرماییەی مـادییە، نەک بە کـاربردنی بـۆ خزمەتگووزارییەکـــان و باشـــترکردنی وەزعیـــیەت و ژیـــانی مرۆڤەکـــان لە کۆمەڵگـــادا. لە بەرانـــبەر دەســـەڵات و دەزگـــا

پاتریارکەکاندا، ئەمڕۆ لە کوردستان چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن و بگرە چەند پارتێکی بە ناو ئۆپۆزیسیۆن بوونیان هەیە، لە گەڵ خووڵقاندن وسازدانی سیناریۆ جۆراو جۆرەکانی ، کۆی بڕگە وبابەتی بەرنامەکانیان و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانیان پڕ دەبن لە هەواڵ وقسەو باس لە سەر ئەو کەیۆسانەی کە (chaos) کە پاتریارکیەتی ئاینی سیاسی لە کۆمەڵگادا دەیان خووڵقێنیت. سێکسستەکان و بیری سێکسیزم بۆ خووڵقاندنی دووژمنی دەرەکی ناژین، لێرەوە هەموو گوتوویێژیەک سەبارەت بە فێمینیزم و بچوکردنەوەی ژنان (Subordinate Women) لە بەرانبەر هەیمەنەی پیاواندا( Men Domination) دا و هەموو ئەو گرفتانەی تر، جەدەلێکی بێمانان، باسکردن لە فێمینیزم بوون هەم وەک فەلسەفە و هەم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی، دەبێت تەنها لە ٨ مارس و ٢٥ نۆڤێمبەردا باسیبکرێت، خانمە فێمینیستی ئەمریکی ( Bell Hooks)، پێی وایە کە دەبێت لە هەموو ئانو ساتێکدا باس لە بیری ماسکولینیتی بکرێت، چوونکە پاتریارکی فۆرمێکی یونیڤێرسالی هەیە و بە تایبەتیس لە کۆمڵگای ئاینی پاتریارکی ئێمەدا لە پشتی هەمووکردارەکانماندا و لە دوونیابینی هەمووماندا وەستاوە بە ژن و پیاوەوە.هەر هەمان خانم پێی وایە هەر بیرێک یان وتەیەک کە دەربارەی بیرەکانی فێمینیزم دەنووسرێن، لە زۆرترین شوێن، لە ناو مارکێتەکان، جێشتخانەکان، ڕێگاگشتی و سەبوەیەکان، تەلەفیزۆن وڕادیۆو ڕۆژنامەکان، خوێندنگاو سەردیوارو پاسەکان وماڵەکان، لە هەموشوێنێک بڵاوبکرێنەوە، تا هەلومەرجی ژیان و ماڵەکانمان خۆشترین ومرۆڤەکان ئاسودەترین.بەڵام پاتریارکیەت سەر قاڵی یادی پیاوانەی ساڵانەی سلێمانیی و خەریکی یادی پیاوانەی گەلاوێژن، فێمێنیزم بوون و فێمینستی سیاسی کاری ژنانە و تایبەتن بە ڕێکخراوە ماسکوولینیەکانی ژنان. بە ڕاست ئەوە من دەڵێم چی؟ ئێمە دووژمن لە بەر دەرگاکانمان وەستاوە. ئەوانە کەی گرفتن تا خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین.

گەر ئێمە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا نەمان توانیبێت هاوکاری مرۆڤەکان بکەین بۆ خۆڕزگار کردن لە ڕەقیبە ناوەکیەکان (مەبەستم هەموو ئەو کۆتوو بەندانیە کە بوونەتە بەشێک لە دونیا بێنی مرۆڤی کۆمەڵگایی ئێمە وئازادی ویەکسانی مرۆڤەکانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە)، چۆن دەتوانین ڕووبە ڕووی ڕەقیبە دیارەکانمان ببینەوە لە دەرەوە. کاتێک پیاوەکان باوەڕیان بە ئازدی ژن، منداڵ، جیاوازی ئاینی وئائدۆلۆژی نەبێت قسەکردن لە سەر ئازادکردنی نەتەوەیەک درۆیەکی گەورەیە. مرۆڤەکانی کۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی گەر نەک بەهاری عەرەبی، بەڵکو زستان و پایزو هاوینی ڕاپەڕینی عەرەبی بکەن، ناتوانن دوونیابینیەکی یونیڤەرساڵ سەبارەت بە ئازادی هەم وەک چەمک، هەم وەک کردەیکی مۆڕاڵی یاسایی پراکتیکی بۆ مرۆڤ لە کۆمڵگادا فراهەم بکەن، چونکە ئەوان تاوەکو ئێستاش بە توندی بەرگری لە دونیابینی عەرەبی ئاینی ماسکوولینیتی دەکەن، کە ئەم دوونیابینیە ئاستەنگی سەرەکی بەردەم ئازادی مرۆڤە بە گشتی وئازادی ژن بە تایبەتی. بۆ نموونە، لە میسردا لە پاڵ ئەو هەموو پلاکات و وتافانەدا، ووتافێکمان نە بینی بۆئیدانەکردنی خەتەنە لە مسر، لە کاتێکدا لە مسر٩٨% ژنان خەتەنە دەکرێن. گەر ئێمە شەڕی ئازادی لە ناو ماڵەکانی خۆماندا نەکەین،

شەڕکردن بۆ ئازادی لە دەرەوەی ماڵەکان درۆیەکی گەورەیە، چونکە لە بنەماوە نازانین بۆ چی شەڕ دەکەین. دەکرێت بڵێین پرسی نەتەوە، پرسی ئازادی بە بێ پرسی ژن و منداڵ وکۆی گرفتەکانی تری کۆمەڵگا، پرسێکن هێشتا تەواو نەبوون و لە سەرەتادان، گەرچی نەتەوەکان خاوەنی جوخرافیاوسیادەی سەربەخۆی خۆیان بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی فێمینیستی کوردستان

# پێوەندی نێوان فێمینیسم و ناسیۆنالیسم



شەهلا دەباغی

دیالۆگێکی فکریو چەمکی لە سەر و پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیۆنالیسم تا ئێستا زۆر بە کەمی کراوە. دیالۆگێکی فکریو چەمکی لە سەر و پێوەندی نێوان فێمینیسم و ناسیۆنالیسم تا ئێستا زۆر بە کەمی کراوە.

بەداخەوە زۆر جاریش ئەو دوو پێویستە بۆ کورد - فێمێنیسمو ناسیۆنالیسم - لەبەرامبەر یەکتر دانراون. ئایا فێمینیسم دژی پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەیە؟ ئایا هەڵوێستگرتنی فێمینیستەکان لە سەر گرفتەکانی کۆمەڵایەتی - سیاسی، کە لە هەمان کاتدا لایەنگری سەربەخۆیی کوردن، ناتەبایی هەیە لە گەڵ پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەیە؟ ئایا ناسیۆنالیسمی کوردی ناتوانێ خۆی لەگەڵ هێندێک بۆچوونی فێمینیستی پێناسە بکا؟

بەداخەوە زۆر جار ئەو چەمکەی کە بە ناو "فێمینیسم" و ئەو کەسانەی کە بە فێمینیست ناسراون بە ناحەق لە دژی بەرژەوەندێکانی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی، لکو پۆکانی جیاوازی فێمێنیزمو بۆچونە جۆراوجۆرەکانی تێئۆریک لەو بواری تێئۆریکانی، لە ناو ئەدەبیاتی کوردی دا زۆر شینەکراوەتەوە. تا ئێستا چەند نووسراوەیەکم بە کوردی لە سەر جۆرەکانو دابەشکردنی فێمینیسم دیوە کە زۆر بە کورتی خاڵەکانی جیاوازی نێوانیان نیشان دەدەنو تا ئێستا لە ماڵپەڕەکان، تەنیا باسێکی فکری ڕادیکاڵم لە سەر پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیوناليسم بینیوە، ئەویش وتاری شەماڵ کاوە، لە ماڵپەڕێ کوردیش‌پلاتفورم، لە ژێرناوی "ئایا ناوسیۆنالیزمی کورد دەتوانێ ڕوخسارێکی فێمینیستی

بەخۆیەوە بگرێ". لە بەشێکی وتارەکەدا شەماڵ کاوە زۆر بە درووستی دەنووسێ:

"پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم، پێوەندییەکی ئاڵۆز و پرکێشەیە. لە چاوپێخشاندنێکی خێرادا کەم لایەن لە ناسیۆنالیزمدا دەبیندرێ کە بۆ فێمینیستەکان سەرنجراکێشە؛ ئەوەش هیچ سەیر نییە، چونکو فێمینیزمیش کەم تا زۆر چەشنە هەرەشەیەکە لە بەشێکی زۆر لە هێما و بایەخەکانی پیاوانەی ناسیۆنالیزم.[1] بەڵام ئایا ئەم راستییە تاڵە، بەو مانایەیە کە رێگەیەک بۆ ئاشتدانەوە و گونجاندنی فێمینیزم و ناسیۆنالیزم نییە؟ ئایا ناسیۆنالیزم لە جەوهەریدا هەمیشە دژی فێمینیزم و دەرهاوێژەری ژنان لە ناوەندی چالاکییەکانێتی یان دەکرێ ناسیۆنالیزمێک گەڵاڵە بکرێت کە بە شێوەیەک ئەم نەگونجاوی و ناکۆکیەی تێدا چارەسەر بکرێت؟ (...) بە بڕوای من ناسیۆنالیزمێکی فێمێنیستی، ئەگەر هاسانیش نەبێ، ناموومکین نییە و، رەنگبێ هەڵە نەبێ ئەگەر بڵێین کە ئێمە هیچ رێگەیەکی دیکەمان لەبەر نییە جگە لە ئامێتەکردنی ئەم دووانە. بەڵام لە هەمان پڕاگراف دا، هەرِ دوابەدوا، ش. کاوە دەنووسێ: چونکو لە شوێنێکی وەک کوردستان، ئەو ناکۆکییە هەرچەندیش بەهێز بێت، بارودۆخی سیاسیی وای کردووە کە هەستی ناسیۆنالیستی زۆربەی هەرە زۆری ژنەکانیش دەگرێتەوە و پێشمەرجی رزگاری ئەوانیش (پێشمەرج، نەک مەرجی رزگاری) بە شێوەیەک بە رزگاری خودی کوردستانەوە بەستراوەتەوە."

پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەستی ناسیونالیزمی کوردی زۆربەی ژنانیشی گرتووتەوە یان ئەوە کە ناوسیونالیزمی کورد لە سەر شانەکانی ژنی کورد هەڵگیراوەو تۆلەنەمای تازە پێگەیشتووی ناسیۆنالیسم بەرەنجی ژنانی کورد ئاودراوە؟ و ئەو ناسیۆنالیزمە لە پڕاکتیکدا ئاوێتەی کاری ژنانی کورد بووەو دەبێ لەمەودوا خۆی لە باری فکریشەوە ئاوێتەی بیری فێمینیستی بکا؟ ئازیزانی کوردیش پلاتفورم وەک کەسانێکی خاوەنی توانای فکریو وەفادار بە بیری سەروەری کورد، یەک لەوان بەرێز شەماڵ کاوە، کە زۆر بەدرووستی هەموو هێزی خۆیان تەرخان کردووە بۆ پێکهێنانی ئۆپۆنییونو کاری فکری لەدەوری بیری سەروەری کورد، دەکرێ وەک نوێنەرانی بیری ناسیونالیستی پێشڕەو، ڕایکاڵو فێمینیست ببینین. بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە تەنانەت لە ناو ئێلیتی خاوەن بیریو هەستی کوردایەتی پێشڕەویش، تا ئێستاش بەداخەوەوە ڕۆڵی ژنان لە بەروبومهێنانی هەستی نەتەوایەتی ئەو جۆرەی کە پێویستە هەڵنەسەنگێندراوە.

لە زۆربەی حیزبو رێکخراوەکانی کوردیدا بە شێوەیکی رەسمیو فۆرماڵ باس لە مافی یەکسانی ژنان دەکرێ بۆ وێنە لە بەشێکی بەندی خاڵی چوارەمی پلاتفۆرمی پێشنیاری بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، دا هاتووە: "لە کۆماری کوردستاندا دەبێ هەموو چەشنە جیاکارییەک لە نێوان ژنان و پیاواندا لاچێت و ژنان خاوەنی مافی یەکسانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنی و تاکی خۆیان بن لە گەڵ پیاواندا." هەر خودی ش. کاوە کە لە چالاکانی ئەو ماڵپەرو

پلاتفۆرمەیە، دیسان بەدرووستی باس لەوە دەکا کە ئەو بەندە بۆتە بە بەندێکی فەرمی کە بە جددی وەرناگیرێت و دواتر دەنووسێ کە تا ئێستا کارێکی شایستە لە لایەن دۆستانی کوردیش پلاتفورم بۆ ئەو پێویستە گرینگە نەکراوە. لە کاتێکدا کە زۆربەی پیاوانو ژنانی چالاک بۆ داکۆکیکردنی مافی یەکسانی ژنان لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵایەتیدا، کێشەی نەتەوە بە بەشێکی جیانەکراو لە خەباتی خۆیان دەبینو ئامادەن بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد هەر هەوڵێک بدەنو دەریغی نەکەن، ئەو پاشەگەزەیە لە لایەن زۆر کەسو گرووپ کە خۆ وەک ناسیۆنالیستو پێشرەو پێناسە دەکەن نابیندرێت. زۆربەی زۆری ژنانی کوردی فێمینیست زۆرجار بە خاتری سەرکەوتنی پرۆژەی دەڵەت - نەتەوەی کوردی هازر بە هاوکاریو تەنانەت پاشەکشەن، ئەو پاشەکشەکردنە لە لایەن زۆر داموو دەزگای سیاسی - کۆمەڵایەتی کە پیاوسالاری تێیاندا حاکمە، ئەو جۆرەی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە تەوافقو هاوکاری نابیندرێت ئەوەش لە کاتیکدایە کە گرینگی و قورسایی خستن لە سەر ڕۆڵو توانایی ژنانو کاردانەوەی ڕەنجیان لەسەر ناسیۆنالیسمی کورد، ئەگەر قازانجی بۆ ژنی کورد تێدابێ، سەدهێندە بۆ پیاوو ناسیۆنالیسمی کورد قازانجی هەیە. تا زەمانێک کە کێشەی ژنان نەبێتە بەندی سەرەکیو تێکەڵاوی کێشەی نەتەوەو حیزبەکان لەو ڕساتایەدا پرۆگرامی خۆیان دانەڕێژن، تا زەمانێک کە نووڕمەکانی کۆمەڵ و ساختاری سیاسی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆری نەخرێنە بەر ڕەخنەو دەسەڵاتی فکری سیاسی جۆرێکیتر دانەڕێژرێت، باسکردن لە مافی ژنانو هەوڵدان بۆ داکۆکیکردنی ئەو مافانە، هەروا بە شێوەیەکی فەرمیو لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە.

فێمینیسمی کوردی تا ئێستا لە باری بیرو هزرو تێئۆریەوە جۆڵانەوەیەکی جەوانە، بە تایبەت لە لایەن خودی ژنانەوە کەمکاری لەسەر کراوە. بەڵام هەر ئەو بیرە جەوانە تا ئێستا توانیویتی لە پڕاکتیکدا بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانیتر، توانایی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان نیشانبدا. کەچی ناسیۆنالیسمی کوردی هاوشان لەگەڵ ڕوانگەکانی فێمینیستی خۆی بە تێۆریەکانی فێمینیستی تەیارنەکردووە، ئەوش زۆر هۆی فکریو سیاسی لە پشتە. هویەکی هەرەسەرەکی ترسێکی بێمانا لە چەمکی فێمینیزمە. گەرچی دەبێ پێ لەسەر ئەوە داگرین کە فێمینیستەکان سەرەڕای بۆچوونی جیاواز بە گشتی داواکاری داکۆکیکردنی مافی ژنانن، بەڵام زۆر جار فێمینیستەکان بەگشتی بە دژی پیاوو دژی ناسیونالیزم حیساب دەکرێن بە بێ ئەوە کە جێاوازی فکری نێوان بووچوونەکانی جۆراوجۆری فێمینیستەکان ببیندرێت.

هۆیتر نەبوونی پرۆژەیەکی ڕەخنەگرە لە بەشێک لە ناسیۆنالیسمی پیاوانە کە لەودا ژنانو ڕۆڵو دەوری چالاکانەی سیاسی و کولتووری ژنان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە پەڕاوێزدا دەمێنێتەوە. هەر بۆیە بەشێکی گرینی کاری فێمینیستەکانی لایەنگری پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوە، بوونی پرۆژەیەکی فکریو خۆهەڵقوتاندن لە باسەکانی فکرییە کە ژیانی گەلی کورد دەگرێتە بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە لە ستروکتوری کۆمەڵایەتی و کەم و کوریەکانی ناسیۆنالیسمە کە بندەستی ژنان

بەرهەم دێنێتەوە. جولانەوەکانی نەتەوایەتی دژی کۆلۆنیالیزم هەرگیز بە بێ بەشداری ژنان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ کەچی تا ئێستا باسلەوە دەکرێ کە با هەوڵ نەتەوە نەجاتی بێ ئینجا گرفتەکانیتر چارەسەر دەکرین. کوماری جایاواردنا لە کتێبی "فێمینیزمو ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سیهەم(١٩٨٦)" دا نارەزایەتی خۆی سەبارەت بەوە دەردەبرێ کە خەبات بۆ ئازادی گەل گرینگترە لە ئازادی ژنان، چونکە بەڕای جایاواردنا خەبات بۆ ئازادی ژنان بەشێکی هەرە گرینگو جیانەکراویە لە خەباتی گەلان بۆ ئازادی لە دژی کۆلۆنیالیزمو ئیستیعمار، ئەگەرچی ژنان ڕێکخراوی سەربەخۆخۆیان نەبۆبێو سازماندانی جولانەوەکانی نەتەوایەتی لە ژێردەستی پیاوان بۆبێ. جایاواردنا وایبۆدەچێ کە فێمینیزم ئیدەئۆلۆژیک نییە کە ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی جیهانی سیهەمی داسەپاندبێ بەلکو جوڵانەوەی داکۆکی لە مافی ژنان بۆ وێنە لە هیندو چین بووە. دیارە کە کاریگێری ڕۆژئاواش لە سەر ئەو وڵاتانە بەرچاوە. هەروەها اوما نارایان دەڵێ کە فێمینیسمی وڵاتانی جیهانی سێهەم وڵامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە لەو وڵاتانە هەیە. نارایان باسی ئەوە دەکا کە: "ئەو گرفتانەی کە فێمینیستەکانی هیند لەباری سیاسی لەگەڵی بەرەنگارن ئەو شتانە لەخۆدەگرێ وەک گرفتەکانی کوشتنی ژنان بە هۆی نەبوونی جیبیازو ئازارەکانی سەبارەت بەو گرفتە، دەستدرێژی پۆلیس بۆ ژنانی زیندانی، هەژاری، مەسایلی دەرمانیو زاو زێ، گرفتەکانی قەومیو عەشیرەیی. چالاکانی فێمینیستی هیند، فێمینیسم وەک ڕێگاچارەیەک بۆ گرفتەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەبینن. باسی من ئەوەیە کە فێمینیسمی ئەو وڵاتانە چاولێکەری لە "پرۆگرامی وڵاتانی ڕۆژئاوایی" نییە بەلکو فێمینیسمی هیند لەڕاستیدا وڵامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە لە بەرامبەر ژنانی هیند دا هەن." نارایان. Dislocating Cultures, Identities, Traditions and Third World Feminism (1997) جیاکردنی ناسیونالیسمی کورد لە جوڵانەوەی ژنان مەحاڵە چونکە ناسیونالیسمی کورد لە پراکتیکدا لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، تێکەڵاوی کاری ڕۆژانەی ژنان بۆ ڕەهایی گەلی کورد بووە. ژنانی کورد لە ئازادی نەتەوەی کورددا ئازادی خۆیان دەبینن. ئێستا کە پرۆژەیەکی دەوڵەت - نەتەوە خەریکە خۆ کۆدەکاتەوە، دەبێ مەیدان بدا بۆ وەکار خستنی هێزو توانایی فکری ژنان . ئەو مەیداندانە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیسم بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی پیاوسالار لەو هێزە کەڵکوەرگرێ بەڵکو ناسیۆنالسیمی کورد دەبێ مەرجەکانی جوڵانەوەی ژنان قەبووڵ بکاو پێداچوونەوەی بێ لە سەر ڕابردووی خۆی. تێکەڵاوی ڕوانگەی فێمینیستی لەگەڵ پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە هیچ دژایەتیو ناتەبایەتێکی نییە. ئەو دوو جوڵانەوەیەیە هاوکارو موکەمیلی یەکترینو بە بێ هاوکاری یەکتر ناتوانن سەرکەوتوو بن. ئێمە دەزانین کە داموو دەزگاکانی، ستروکتوری کۆمەڵایەتیو تەناەتە حیزبەکانو ئۆپۆزیسیۆن بە دەستی بیری پیاوسالاروەو مێژووی ناسیۆنالیسم لە هەموو جیهان بەدەست بیری پیاوسالاری فورمولە کراوەو لە ئێستای کورد، بۆ هاوکاری نێوان بیرو روانگەکانی فێمینیسم و ناسیونالیسم دەبێ بە بۆچوونەکانی پیاوسالاردا بچینەوەو هەڵسەنگاندنێکی تازە بێ لە سەر جۆڵانوەی کوردو ڕۆڵێ ژنان لەو جۆڵانەویەداو دەرهاوێژی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی— کۆمەڵایەتیدا. فێمینیزم ئیدیۆلۆژیک نییە.* تەنیا بۆ نەجاتی ژنان بەلکۆ تێروانینو ڕوانگەیەکە بۆ دیتنی گرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە

جۆرێکی‌تر، لەوان کێشەکانی ژنان‌و کێشەی نەتەوەی کوردو بیری دەوڵـەت– نەتـەوە دەتـوانێ خـۆی ئاوێتـەی بیـری فێمینیـزم بکاو هەم خۆی پێ دەوڵەمەند بکا و هەم یارمەتی جۆڵانەوەی ژنان بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی فێمینیستی کوردستان

# فۆبیای فێمینیزم لە کوردستان



**هۆزان مەحموود**

**ئەم سێ ڕەوتە سیاسیەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاردەکەن بەهێز یان لاواز، و ژنانێک کەسەر بەو ڕەوتانەن لە کارو چالاکی و گوتاریاندا ئەو خەونە پیاوانەیە ڕەنگدادەتەوە. کە تۆی ژن دەبیت چاوەڕێ بیت تا دەگەینە ئەم ئامانجە، جا دەوڵەتی نەتەوەی کورد بیت، یان خەلافەتی ئیسلامی یان سۆشیالیزم ئەوا ژنان ئێوەش ئازاد دەکرێن. واتە ئێمەی پیاوان ئازادتان دەکەین و پاداشتتان دەدەینەوە! بەڵام ژنان ئێوە سوپاسگوزاری ئێمەی پیاو بن کە لەدونیای سیاسەتی پیاوانەی خۆماندا جێمان کردونەتەوە.**

***

ژنی کورد ساڵانێکی زۆر دوچاری چەسانەوەی نەتەوایەتی و جێندەری بوە، چ وەک کورد چ وەک ژن. دیارە ئەم پرۆسەیە دوو جار ژنی لاواز کردوە. لەلایەک دەبێتە هۆی لێ سەندنەوەی دەسەڵات لێی، وەکو بە شێک، لە گروپێک ،لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی فاشیستی وەکو عێراقدا. لەلایەکی تریش وەکو ژنێک. هەروەها دووچاری جۆرێکی تریش لەچەوسانەوە بووە هەیە. ئەویش (نەبوونی شانازیە بەخودی خۆی)، سەربەخۆیی جەستەیی، دابڕان لە هەر زانست و هۆشیاری یەکی فێمینیستی، وەهەروەها بە کەم سەیرکردن و پەراوێزخستنی لەناو کۆمەڵگەدا. هەرچەندە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە ئەم ستەمە نەتەوەییە لاچوو، بەڵام دۆخی ژنان و بێ مافی و کوشتنیان هەر بەردەوامە.

سەرچاوە Serchawe

لەماوەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، پلەدوویی ژن لە ناو ماڵ، بە پێی دین، لە حیزبی سیاسی، لە شوێنی کار، وەهەروەها لە بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆی سیمایەکی هاوبەشی ژیانی هەزاران ژنی ئەم هەرێمە بووە.

زۆرجار ژنی کورد خۆی ئەم بە کەم زانین و پلەدوییە دەباتە نێوخۆی و ناوەکی دەکات. باوەڕدەهێنی کە ئەم لاوازەو ناتوانێت ئازاد بێت. هەرکات هەوڵێک بووبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژنان، جا ئەگەر لەژێر ناوی فێمینیزم، ئازادی ژن، یان پرسی ژندا بوبێت. ئەوا لە کۆمەڵگەدا دژایەتی و تەنانەت گاڵتەجارییەکی زۆر بە تەواوی ئەم هەولانە کراوە ودەکرێ. زۆرجار لەناو پارتە سیاسیەکان و زۆر جاریش لەلایەن هەندێک لە ژنان خۆیانەوە.

هەندێک جاری تریش لەلایەن پیاوان و نوخبەیەکی وەکوو نوسەر و شاعیر و هونەرمەندانی پیاوەوە. ئەوهەولانەی تا ئێستا بوون لە کوردستان بۆ ئازادی و ڕزگاری ژنان، ناکرێ بە ئاسانی لە چوارچێوەی فێمینیزمدا پۆلێنی بکەین. هۆکارەکانی ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ سەربەخۆنەبونی ژنان و هاتنەدەرەوەی ڕێکخراوی ژنان لەمنداڵدانی پارتە سیاسیەکان، کەخۆیان لە بنەڕەتدا کلەبێکی( یانە) پیاوانە بوون.

سەرتاپای پەیڕەوو پرۆگرامی ئەم حیزبانە لەلایەن پیاوەوە دانراوە. کەواتە ژنی کورد بەهێزنەکراوە وڕێگەنەدراوە لە سەر ماف وئازادی یەکانی خۆی، تەنانەت لە حیزبەکانیشدا قسەی خۆی هەبێت. دیارە زۆر دیبەیتی گرنگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا هاتۆتە بوون لەسەر پرسی ژن. وە ئێستا سەرەتایەکی باش هەیە بۆ ئەوەی هۆشیاری یەکی فێمینیستی لای تاکی کورد بە ژن و پیاوەوە دروست بکرێ. بەڵام گرنگە ئێمە تەرجومەی ئەو باس ودیباتە فیکریانەی کەهەیە لەئاستێکی نێونەتەوەیدا، لە کۆنتێکستی خۆماندا بگونجێنین وگرێکان بکەینەوە... لە کوردستان تازە هەندێک باس لەسەر فێمینیزم هەیە و هەندێک هەوڵدەدرێ بۆ ناساندنی فیکر و تیۆری فێمینیستی. لە هەمانکاتدا گرنگە لەو فۆبیایەش تێبگەین، کە بەرامبەر ئەم تێرمە هەیە. ئەم فۆبیایە بە تەنها لە کوردستاندا نی یە، بەڵکو هەر لەسەرەتای دروست بونی فێمینیزمەوە هەبوە.

فێمینیزم چ وەک بزوتنەوە و چ وەک تێرم و تیۆرە لە ئەوروپاوە سەریهەڵداوە. گرنگە تێبگەین بزوتنەوەی فێمینیستی مۆدێرن لەئەنجامی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی وپیشەسازی و سیاسیە کانی خۆرئاواوە هاتۆتە بوون. یەکەم شەپۆلی بزوتنەوەی فێمینیزمی هاوچەرخ لەگەڵ سەرەتای چاخی (ڕۆشنگەری وئەقلانیەت)ی سەدەی هەژدەهەمەوە بوو. ئەم ڕەوتە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هێنایە بوون، دیارە زۆرێک لە پیرۆزی یەکانی خستە ژێر پرسیار وگومانەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوە و پرسیارکردنە بووە هۆی ئەوەی کە بیر لە تێکشکاندنی چین وڕێگری و سنورداریە جێندەریەکان بکرێتەوە..ئەمە لە خۆیدا سوودی بوو بۆ چونە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری ژن.

جیاواز لەوەی کەسانێکی دیاری ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە دانیان بە مافی ژندا نەدەدنا. بەڵام ژنان خۆیان کەوتنە نوێنەرایەتی کردنی کێشەکانی خۆیان و خۆڕێکخستن بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان. وە هەروەها دروست کردنی هۆشیاری یەکی فێمینیستی بە دژی سێکسیزم و هەیمەنەی موتڵەقی پیاو لە ناو خانەوەدا و کۆمەڵێک بێ مافی تر.

هەربۆیەش فێمینیزم گرنگی خۆی هەبووە لە بردنەسەرەوەی ئاستی هۆشیاری ژنان و بەدەست هێنانی کۆمەڵێک ئازادی. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی و ئێستاشی لەسەر بێت فیکری فێمینیزم دژایەتی دەکرێت.

هۆشیار بونی ژن لە ئاست ماف و ئازادی وخاوەنداریتی بەسەر جەستەی خۆیدا، و بونی پێگەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆشیاریە، کەژنانی سۆشیالیست لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شەپۆلەکانی فێمینیزم لەڕۆژئاوادا بەرهەمیهێناوە. ئەم دەستکەوتانە بوونە هۆی گۆڕانێکی ڕادیکاڵ لە تێڕوانینی ژن بۆ ماف و ئازادییەکانی خۆی وەکو تاک. پرسیارێک کە دێتە ڕێمان ئێمەی ژنی کورد لە کوێی ئەم هۆشیاری یە فێمینیستیەداین؟ وە ئەم فۆبیایە چی یە کەلەدژی فێمینیزم هەیە؟

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا ژنی کورد لە باشوری کوردستان لە ٢٢ ساڵی ڕابردووەوە توانیوەیەتی ڕێکخراو بیت. زۆرێک لەم ڕێکخراوانە بە دەست پێشکەری پیاوان وتەنانەت پرۆگرامەکانیشیان لەلایەن پیاوانەوە بۆ دەنوسرا.. دوای ئەم هەموو ساڵە و کار وچالاکیەکی زۆر لەو کۆمەڵگەیەدا. بەڵام دەبینین پرسی ژنی کورد هێشتا لە نەبوونی فیکر و تیۆری فێمینیستی و هۆشیاری یەکی ژنانە دەناڵێنێ. وە جۆرێک لە چەق بەستویی فیکری و سیاسی هەست پێ دەکرێ.

دەکرێت گرفتە هگەنوکیەکانی هۆشیاری ژنانە لەم تەوەرانەدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم**: ژنانێک کە پرسی ژن دەکەنە بەشێک لە پرۆژەی نەتەوایەتی و ڕزگاری نەتەوە تێڕوانینێکی ئێجگار پیاوانەیان هەیە بۆ پرسی ژن. ئەمانە پێیان وەهایە ماف و ئازادی ژنان دەستەبەر ناکرێ و مەحاڵە، تاوەکو نەتەوەی کورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەت.

**دووهەم**: ژنانێک کە سەر بە ڕەوتە ئیسلامیەکانن، ئەمانە بە جۆرێکی تر پرسی ژن ئیسلامیزە دەکەن و پەیوەندی یەکانی جێندەر بە پێی ئایەتەکانی قورئان و حەدیس پێناسە دەکەن. واتە ژنی کورد لە دەرەوەی موسڵمان بوونیدا وەکوو خۆی بوونی نییە، دەبێت بە پێی ئەم گوتارە دینیە ژیانی کەسێتی خۆی ڕێکبخات لە پەیوەند بە پیاوەوە.

**سێهەم**: ژنانی کۆمۆنیستیش کە پێیان وایە فێمینیزم دژ بە بەرژەوەندی چینایەتی و خەباتی کرێکارانە. ژن و پیاو نابێت لەم خەباتەدا جیابن، خۆ ئەگەر چینی کرێکار شۆڕشێ کرد ئەوا مافەکانی ژنان بە شێوەیەکی ئوتۆماتیک حەل دەبن لە کۆمەڵگادا. وە مافی ژن تەنها لە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستیدا دەستەبەر دەکرێ.

ئەم سێ ڕەوتە سیاسیەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاردەکەن بەهێز یان لاواز، و ژنانێک کەسەر بەو ڕەوتانەن لە کارو چالاکی و گوتاریاندا ئەو خەونە پیاوانەیە ڕەنگدادەتەوە. کە تۆی ژن دەبێت چاوەڕێ بیت تا دەگەینە ئەم ئامانجە، جا دەوڵەتی نەتەوەی کورد بیت، یان خەلافەتی ئیسلامی یان سۆشیالیزم ئەوا ژنان ئێوەش ئازاد دەکرێن. واتە ئێمەی پیاوان ئازادتان دەکەین و پاداشتتان دەدەینەوە! بەڵام ژنان ئێوە سوپاسگوزاری ئێمەی پیاو بن کە لەدونیای سیاسەتی پیاوانەی خۆماندا جێمان کردونەتەوە.

ئەوەی گرنگەر لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە، کەژنی کوردیش بێ ستراتیژ نین لەم حیزبانەدا، ئەوانیش حەزبە چێژی پلە و پایەو بەشدار بوون لەو دەسەڵاتەی پیاواندا دەکەن. تەنانەت ئەگەر ڕۆلیان سیمبۆلیش بێت چێژ وەردەگرن. وە هەندێک جار هەر ئەم ژنانە هۆشیارانە یان نا هۆشیارانە زۆر گورزی کوشندە دەدەن لە خەباتی ژنان. لە ڕووی فیکری و تیۆری یەوە لاوازن، کۆمەڵێک کلێشەی سیاسی دەڵێن وهەندێک کارو چالاکی ڕۆتین دووبارە دەکەنەوە. ئەمانە نەیان توانیوە هۆشیاریەکی قووڵ لەلای تاکی کورد بە ژن و پیاوەوە دروستبکەن.

بیست و دووساڵ لەم جۆرە کارکردن و گوتارە کاتی بەسەرچووە، ئەوەی هەستی پێدەکرێت، بۆشاییەکە بۆ دروستکردنی هۆشیاریەکی ژنانە. دەکرێ ئەمە وەکو شەپۆلێک لە کارو چالاکی ژنانە پۆلێنبکرێت و ئیتر سەرەتای دەستپێکردنی شەپۆلێکی تر دەبینم. ئەم جارە بە کارو تیۆر و تێڕوانینی ژنان بۆ شیکاری و تیۆریزە کردنی چەوسانەوەو پلەدووی خۆیان لە کۆمەڵگەدا. دوور لە مەوعیزە و ئامۆژگاری پیاوانی ناو پارتە سیاسیەکان. هەربۆیەش ئەو فۆبیایەی کە هەیە بەرامبەر بە پرسی ئازادی ژن و فێمینیزم و تەنانەت جێندەریش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە، سەرەتایەکی تازە هەیە و کولتورە جیاکان کاری تێدادەکەن.

ژنان خۆیان لەم کێشمە کێشەدا دەبێت بزانن قازانجی گشتی یان لە کوێدایە و کام فیکر و کام کامپ هەڵبژێرن. ئەم شەپۆلە تازەیە ئەرکێتی تیۆریزەی هەموو لایەنەکانی ژیانی ژن بکات. وە دەستپێشخەر بێت بۆ دروست کردنی هۆشیاری یەکی فێمینیستی و ستراتیجی خەباتێک لەبەرامبەر بێ مافی ژناندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی فێمینیستی کوردستان

## پێوەندی نیوان فێمینیزم و ناسیونالیزم



ئەحمەد عەزیزی

### فیمینیزم باس لە چی دەکا؟

فێمینیزم باس لەو رەوتە لە چالاکی دەکا کە بۆ یەکسانی ژنان لە گەڵ پیاوان لە سەدەی رابردووەوە هەتا ئێستا لە ئارادا بووە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەوڵ و چالاکی کۆمەلایەتی، رۆشنبیری و تەنانەت سیاسی ژنان لە مێژوی مرۆڤایەتیدا تەنیا سنووردارە بەم دەورەیە و پێشتر هیچ چەشنە هەوڵدانێک بۆ داکۆکی لە ژنان لە ئارادا نەبووبێ. سنووردارکردنی باسی فێمینیزم لەم دەورەیەدا لە بەر ئەوەیە کە لە سەردەمی مودێرندا خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لە ئاستی پیاوان لە رۆژئاوا لە بنەماڵە، کۆمەل و سیاسەتدا لەم دەورەیەدا رەوتێکی بەرچاو و ئامانجدار بەخۆوە دەگرێ.

شۆرشی فەرانسە ئەگەرچی وەک سەرەتایەک بۆ زۆر گۆرانکاری سیاسی و رۆشنەگەری دادەندرێ بەڵام ئەم شۆرشە نەیتوانێ ژنان بێنیتە نێو گۆرەپانی خەبات بۆ لابردنی گوشار لە سەر خۆیان و گەیشتن بە مافەکانیان.

کاریگەریەکانی ئەم شۆرسە و بەرەوپێشچوونی کۆمەلایەتی، هۆشیاری روناکبیری و سیاسی لە سەر بارودوخی ژنان دواتر خۆی نیشان دا. پرۆسەی چالاکی ژنان لە پێناو یەکسانی لە گەڵ پیاوان لە راستیدا لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەم را دەستپێدەکا. ئەم پرۆسەیە ئەگەرچی پڕ بووە لە قۆناخی سەرهەڵدان و دامرکان، هەتا بەردەوام بووە. لەو باسانەدا کە سەبارەت بە رەوتی فێمینیستی لە رۆژئاوادا هاتوونە ئاراوە ئەم پرۆسەیە بە سێ دەورە دابەش دەکرێ.

**دەورەی یەکەم** هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پیکرا، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکا و هەتا ٦٠ کانی سەدەی رابردوو واتە سەدەی بیستەم درێژەی دەبێ. تایبەتمەندی و خواستی سەرەکی چالاکانی ئەم دەورەیە بریتیە لە دابینکردنی مافی یاسایی ژنان لە گەل پیاوان وەک مافی دەنگدان. جەوهەری ئەم خواستە ئەوەیە کە ژنیش وەک پیاو مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنە سیاسی و دیموکرتیەکاندا هەبێ. ئەم خواستە لەو کاتەدا دێتە ئاراوە کە دیمۆکراسی پەرە دەگرێ و دەسەڵات لە تاکی وەک شا و گروپی خاوەن زەویزار و سەرمایە و کلیساکانەوە بەرە بەرە دەگوێزریتەوە بەرەو پارلەمانەکان و ریگا بۆ دەنگی تاقم و توێژەکانی دیکەی کۆمەل وەک ژنان ئاوەلە دەبێ. بەشداری ژنان لە هەلبژاردنی پارلەمانی لە ئینگلستان لە ١٩١٨، لە سوئێد لە ١٩٢١و دواتر لە ولاتانی دیکە بەرێوە دەچێ.

**دەورەی دووهەم** لە چالاکی بۆ یەکسانی لە کۆتایی ٦٠ تەکانەوە هەتا ٩٠ دەکانی سەدەی رابردوو دەگرێتە خۆ. ئەم دەورەیە بەوە پیناسە دەکرێ کە ژنان لە هەولی چونەدەر لە ماڵ و هاتن بۆ نێو بازاری کار دەدەن. لە پیناو هەبوونی مەودای ئەم کارەشدا چالاکانی ژن داوای ئیمکان بۆ راگەیشتن بە منداڵ لە کاتی کاردا، وەک هەبوونی باخچەی ساوایان دێنەگۆرێ. مووچەی وەک یەک کە ئێستاش بەردەوامە لەم قۆناخەدا دەستپیدەکا.

**دەورەی سیهەم** لە کۆتایی ٩٠ەکانەوە دەستپێدەکا و هەتا ئێستا بەردەوامە. لەم دەورەیەدا رەهەندی دیکە تێکەڵ بە خواستی چالاکی بۆ یەکسانی دەکرێ. باس لە ژن وەک سوبژێکت و هەڵوێستگرتن لە ئاست کەڵکوەرگرتن لە جەستەی ژن وەک تابلۆی سەرنجراکیش لە پێناو بازرگانی پیاوان لە مێدیاو ریکلام دەبێتە خاڵێکی جێگای باسی فێمینیستەکان. لەم پرۆسەیەدا نەتەنیا مەسەلەی یەکسانی لە بواری مووچەی کار بەلکوو باری هزری و یەکسانی لە ستاتۆو کاراکتری ژن وەک پیاو لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا هاتۆتە بەرباس. یەکیک لەو مەیدانانە مەیدانی سیکس و یەکسانی لە هەڵسوکەوت لە ئاست مەسەلەی هاوجنسگەراییە. لەم قۆناخەدا کۆمەلیکی زۆر لە چالاکانی کچ و ژنانی گەنج هاتوونەتە مەیدان و تێکەڵ بە چالاکانی فێمینیستی بوون.

کەڵک وەرگرتن لە چەمکی فێمینیزم بۆ پێناسە کردنی لایەنە فکری و پرینسیپە گشتیەکانی ئەم رەوتە لە چالاکی سیاسی و رۆشەنگەری ژنان و تەنانەت پیاوانی لایەنگری ئەم رەوتەیە لە پێناو پێکهێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە گشت بوارەرەکانی ژیانی مرۆڤدا.

## چەمکی فێمینیزم و روانگەی جیاواز

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم دا هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی چالاکی ژنان بۆ وەرگرتنی مافی یاسایی باسی فکری و سیاسی لە سەر مەسەلەی مافی ژنان دیتە ئاراوە. لیبراڵەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی رەوتی فێمینیستیدا باس لە مافی ژنان و لۆژیکبوونی کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی ژنان لە بواری کار و لە نیو کۆمەلدا دەکەن. کەچی لە هەمانکاتدا داکۆکی لەوەش دەکەن کە ژنان کە بوون بە خاوەن منداڵ پیویستە کاتی سەرەکیان وەک ژنی ماڵدار لە ماڵەوە بی. دیارە لە نێو لیبراڵەکاندا بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چالاکی فیمینیستی و هەوڵدان بۆ کسانی ژن و پیاو هەیە. بە گشتی لیبرالەکان لەو بروایەدان کە خەبات بۆ یەکسانی دەشێ لە رێگای هێمنانەی یاساییەوە بەرێوە بچێ. کەچی فێمینیستە رادیکاڵەکان بە پیچەوانەوە بروایان بە خەباتێکی چڕ و توند بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژن لە گەڵ پیاودا هەیە. سوسیالیست و کۆمینیستەکانیش بەردەوام لەو بروایەدا بوون کە ریشەی نابەراری ژن و پیاو لە نابەراری رەگەزی و چینایەتیدایە. هەر بۆیە لە سەر ئەوە پێدادەگرن کە بۆ بەدی هینانی یەکسانی ژن و پیاو پێویستە جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵدا لە نێوبچێ.

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە جیاوازی بایولۆژی لە نیوان ژن و پیاودا ئەویش باسێکە کە لە نیو بەشێک لە فێمینیستەکاندا لە ئارادایە. بەشیک لە فیمینیستەکان بروایان بە جیاوازی بایولۆژی هەیە بەڵام لە هەمانکاتدا پێیان وایە جیاوازی بایولۆژی ناشێ ببێتە هۆکار بۆ ملکەچکردن لە ئاستی بابیدانانی جیاواز لە نیوان ژن و پیاودا.

لە روانگەی فێمینیستەرادیکاڵەکانەوە باس لە جیاوازی بایولۆژی لە راستیدا بۆ پاساو دانەوەی ملراکێشان بۆ هەبوونی جیاوازیە لە توانامەندی نیوان ژن و پیاودا.

بە تێروانینێکی وورد لە روانگە جیاوازەکان لەم باسانەدا دەردەکەوێ کە فێمینیزم هەتا ئێستاش نەیتوانیوە وینایەکی کونکرێت لەم تاریفە بدات و هەڵگری بنەمایەکی فکری و رێبازێکی دارژاو بێ نە تەنیا وەک ئایدۆلۆژیەک بەلکوو تەنانەت وەک زۆر دیسکورسی دیکەی سیاسی تاریفکراو. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە فیمینیزم وەک چەمکێک دژوارە گشت لایەنەکانی فکری و رەهەندە جیاوازەکانی ئەو چالاکیانە بگرێتە خۆ کە لە پیناو یەکسانی لە کۆمەڵگا جیاوازەکان لە ئارادان. گرفتی ریگا چارەو چۆنییەتی پراکتیزەکردنی ئەم دیسکورسە لە روانگەی جۆر بە جۆری ئایدۆلۆژی و سیاسیەوە ئەم دیسکورسەی ئاڵۆز کردوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پرسی یەکسانی ژن و پیاو پیوەستە بە گۆران لە هزری مرۆڤ، گۆڕان لەو سیستمە نابەرابەریە لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئاست ژنو پیاودا ریشەیەکی

قووڵ و لە مێژینەی هەیە. دابو نەریتی کە لە خزمەت نورمالیزەکردنی ئەم نابەرابەریەدا بووە کۆسپی سەر ڕێگای ئاوردانەوەیەکی هاوەدنگ و بە پەلەی بووە. چالاکی بۆ هێنانەدی یەکسانی بوارێکی بەرفروان بە پانتایی گشت جیهان دەگرێتە بەر. ئەمەش لە خۆیدا هۆکارێکی دیکەیە لە سەر ڕێگای هەبوونی تاریفیکی کونکریتی لەم چەمکە، چوونکە رادەی نابەرابەری نیوان ژن و پیاو و ئیمکانی هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەم نابەرابەریە بە پێی جیاوازیە کۆمەلایەتی و کلتور و سیاسیەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا خویندنەوەی جیاوازی لە سەر دەکرێ. لەم بارەوە گرفت و ئالۆزیەکە لە روانگەی جیاوازدایە سەبارەت بە خۆێندنەوەی هۆکارەکانی وەک ئوبژێکتبوون یان سوبژێکتبوونی ژن وەک تاکی نیو کۆمەڵ لە ئاست پیاودا، خۆێندنەوەی ووردی ئەو کۆد و نورمە کۆمەلایەتیانە کە بەردەوام بەشیک لە مرۆڤیان بە پاساوی ژنبوون لە سیستمی پاتریاڵکالیدا وەک تاکی روایەتکراو لە ملکی پیاودا راگرتووە و بەردەوام خۆیان بەرهەم هێناوەتەوە. ئابستراک بوونی ئەم چەمکە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێکی زۆر لە ژنان و پیاوانی چالاک لە بواری یەکسانی ژن و پیاودا نایانەوی خۆیان وەک فێمینیست پێناسە بکەن.

سەرەرای جیاوازی روانگەکان، هەموو فیمینیستەکان لەسەر ئەوە هاودەنگن کە ژن لە ژیر فشاری کلتوور و دەسەڵاتی پیاو سالاریدا دەژی و ئەم نابەرابەریە ناتەبایی لە تەک هەموو ئاکار، پرینسیپ و یاسا مرۆڤیەکاندا هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێ. ئەمە خاڵێکە کە هەموو فێمینیستەکان لە سەری کۆکن. ژن دەبێ لەوەی کە هەتا ئێستا لە ژیر گۆشاری عەقلیەتی پاتریارلکاڵی دا بووە بێتە دەر. کلتور و سیستمی دەسەلات لە گشت مەیدانەکان و ئەو نورمە کۆمەلایەتییانەی ژنی وەک ئوبژێکت لە ئیختیاری پیاودا پێناسە کردووە دەبێ نەمێنن. ئەمە رەوتێکە کە داوێنی هەموو کۆمەلگاکانی گرتووە یان بەرەبەرە دەیگرێ.

## فێمینیزمی کورد و رەوتی ئێستای ناسیونالیزمی کورد

لەم سالانەی دواییدا رەوتی چالاکی ژنان و فیمینیستی کورد لە پێناو یەکسانی لە گەڵ پیاوان هاوکات لە گەڵ رەوتی بزوتنەوەی کورد پەرەی سەندووە. چالاکانی ژن هەم لە تاراوگە و هەم لە نیوخۆی ولات لە نیو پرۆسەی دیموکراتیخوازی و بنیاتی کومەلگای مەدەنی رۆلی خۆی زۆر لە رابردوو بەرجەستەتر کردووە. تایبەتمەندیەکی ئەم رەوتە ئەوەیە کە چالاکی ژنان بە شیوەیەکی خۆرست و لە دەرەوەی پارتە سیاسیەکانەوە سەریهەڵداوە. لە راستیدا یەکیک لە گرفتەکانی پارتە سیاسیەکانی کورد کەم بەها دانان یان بی باوەری ئەم پارتانەیە بە رۆلی ژنان.

هۆکاری ئەمەش تیگەیشتنی کۆن و پیاوسالاراانەی ئەم پارتانەیە لە پرسی ژن و ڕیگا چارەی ئەم پرسە. کلتوری

پیاوسالاری هەم لە نێو ئەندامان و هەم لە پرۆگرام و پراکتیکتکی چالاکی سیاسی و سیستمی تەشکیلاتی ئەم ڕێکخراوە سیاسیانەدا دیاردەیەکی بەرچاوە. لە پرۆگرامی پارتە سیاسیەکانی ئێمەدا ئەوەندی باس لە ریگاوبان و ئاوەدانی کراوە ئەوەندە باس لە مەسەلەی ژنان کە نیوەی کومەل و داوێنگیری ستەمیکی نا مرۆڤانەن نەکراوە. باس لە برینداربوونی کاروانچییەکی پیاو دەکرێ و لە سەری دەنوسری کەچی پیاوانی خاوەن بریاردەر و نوسەر خۆ لە باس لە سەر ئەو هەموو تراژدیای خۆسوتاندن یان بە پەتکراوی راکیشانی کچان بە دوای ماشیندا کە لە لایەن باوک یان پیاوی دیکەی بنەماڵەوە تەنیا بە تاوانی سەرپێچی لە ئەمری پیاوسالارانە بەرێوە دەچن، خۆ دەبوێرن.

هۆکاری لاوازی فیمینیزمی کورد هەر پارتە سیاسیەکان ناگریتەوە بەلکوو لە بنەرەتدا فیمینیزمی کورد لە دەرەوەی پارتەسیاسیەکانیس نەیتوانیوە بۆخۆی خۆی پێناسە بکا. سەرەتیی بوون و پەرتەوازەیی چالاکی ژنان نەیتوانیوە وێنایەکی یەکگرتوو بە ڕەوتی فێمینیزمی کورد بدات. لە راستیدا فێمینیزمی کورد چەمکیکی تاریف نەکراو و ئابستراکتە. ئەگەر دەورەکانی فیمینزمی رۆژئاوا کە لە سەرەتای ئەم نوسراوەدا بە پیوانە بۆ رەوتی فێمینزمی کوردیش دابنێن دەکرێ بلێین کە فیمینزمی کورد هێشتا لە قۆناخی یەکەم دەرباز نەبووە. واتە هیشتا خەبات دەکا بۆ ئەوەی لە باری یاساییەوە وەک پیاو مافی یەکسانی هەبێ.

باسی ژن باسیکی جیددییە لە بزوتنەوەی کورددا. بەستەڵەکی سەر ریگای ئەم باسە لە پێوەند لە گەل رەوتی ناسیونالیزمی کورد لەوەدایە کە ئەم بزوتنەوە هەتا ئێستاشی لە گەل بی بزوتنەوەیەکی پیاوسالارانەیە. پیاو لە هەرەمی دەسەڵاتدایە، بریاردەر و سیاسەتداریژەرە، تەحلیلگەرە، بەرنامەی دەنووسێ، سۆرشگیر و قارەمانی مەیدانی عەمەلیات و هتد. یە. ژن رۆڵی بەرهەمهێنەر و هاسانکاری ئەم مەیدانەی بۆ پیاوان هەیە. بە ڕێکەوت نییە چالاکی ژنان لە پەراویزی حیزبە سیاسیەکانەوە لە دایک دەبێ. لە بەرنامەی حیزبەکاندا بە ناسیونالیست و چەپەوە ئاماژە بە پرسی ژنان و لە یەکسانی ژن و پیاو لە دوارۆژ لە کۆمەل و لە بنەمالهدا کراوە بەڵام ئەمە بە باوەر نییە و لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئەم پارتانەدا نیشان نەدراوە.

ئەو ریتۆریکەی کە سیاسەتوانانی کورد سەبارەت بە فیداکاری ژنان و ئازابوون لەوەی قارەمانیان پەروەردە کردوە بۆ بزوتنەوەی کورد لە راستیدا بۆ پاساودانەوەی راگرتنی دەسەڵاتی پیاو بووە. ئەم تاریفە بۆ ئەووەیە کە ئەم ژنانەیە توانیویانە بە باشی وەفاداری خۆیان بە پیاوانی خۆیان لە رێگای پاراستنی کلتوری باوی پیاوسالاری لە سەکردایەتی کردنی بزوتنەوەکەدا بپاریزن. بە واتایەکی دیکە ئەم ژنانە توانیویانە کلتور و نورمی کۆمەلایەتی و بنەمالەیی باو بە ناوی بەرژەوەندی بزوتنەوەی کورد و لە ژێر هستی کوردایەتیدا رابگرن. ئەگینا ئەم تاریفە هیچ دەسەڵات و ستاتۆیەکی بۆ

ئەم ژنانە نەخولقاندووە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەم ژنە قارەمانانە لە کوێی ڕەوتی چالاکی ژناندا قەراریان گرتووە؟ مەگەر ئەوە چالاکان و خوێندکارانی نیوخۆو دەرەوەی حیزبەکان نیین کە جڵەوی ڕەوتی فێمینیستیان بە دەستەوەیە؟

## ناسیونالیزمی کورد و خوێندنەوەیەکی نوێ!

ئەگەر باس لە سەرلەنوێ خوێندنەوەی چەمکە سیاسیەکان لە سەردەمی پۆست سترۆکتۆرالیزم و پۆست مودێرنیزم دەکرێ گەرەکە ئێمەش ئاوڕێکی جیددی لە نیوەرۆکی چەمکی ناسیونالیزمی بدەینەوە. تایبەتمەندیەکی سەرەکی سەردەمی ئێستا خستنە ژێر پرسیاری ئەو دیسکۆرس و چەمکە سیاسیانەیە کە هەتا ئێستا باو بوون و پەیرەو کراون. یەکێک لەم چەمکانە چەمکی ناسیونالیزمە. ئەوخۆێندنەوەی هەتا ئێستا لە نیوەرۆکی ناسیونالیزم کراوە خوێنەوەیەکی کەون و تەئسیر وەرگرتوو بووە لە ڕوانگەی مارکسیستی. مەبەست لە ڕوانگەی زاڵ لەم پێناسەکردنەدا هەوڵدان بووە بۆ ڕاگرتنی هژمونی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات. گرفت و فەقری ناسیونالیزمی کورد لەم بارەوە نەبوونی تاریفێکی شەفاف لە دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد بووە. ئێمە زۆرتر بیرمان لە گەیشتن ڕوالەتی بە دەسەڵات بووە هەتا بیرکردنەوە لە چۆنییەتی و نیوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە. بە واتایەکی دیکە کورد زۆرتر بیری لە ڕوخاندنی دەسەڵاتی مەوجوود بووە هەتا چۆنیەتی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی نوێ. غافڵ لەوە کە دەسەڵات سەندەلیەک نییە کە کەسی دانیشتووی لە سەر لابەری و کەسیکی دیکەی لە سەر دابنێی، واتە گۆڕانیکی فیزیکی بەڕێوە بچێ. ئەم گۆڕانە پێویستە نیوەرۆکیکی هەبێ. ئیمە لە هەوڵدان بۆ دەسەڵاتدا دەبێ تاریفی خۆمان لە دەسەڵات هەبێ. ئێمە دەمانەوێ سیستەمی دەسەڵات واتە ڕایەڵکەی مەوجوودی دەسەڵات بە گشت لقوپۆپەکانیەوە بگۆڕین و دەسەڵاتیکی نەتەوەیی و کوردی لە جێی دابنێین.

ئەو تیۆریە داسەپاوەی کە ناسیونالیزمی کورد ناتوانێ هەڵگری ڕەوتی خەبات بۆ یەکسانی ژنان لە گەل پیاواندا بێ کارتێکەریەکی نیگاتیڤی هەتا ئێستا لە سەر بزوتنەوەی کورد هەبووە. ئەم گویڕایەڵییە کارتیکەریەکی ئەوتۆی لە سەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد داناوە کە ئەم بزوتنەوە لە ڕابردوودا خۆ لە پرسی ژن و زۆر گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی لێ بەخاوەن نەکا. ئەم تیۆریە ئەگەر لە دەورانێکدا برەوی هەبووە یان توانیویەتی بە سەر سیاسەتوانان و ڕوناکبیرانی سیاسی کورددا داسەپێ و سیمایەکی لۆژیک بە خۆوە بگرێ دەکرێ هەنووکە بکەوێتە ژێر پرسیار.

**پێویستی ئاوڕدانەوە و تەنانەت ڕەتکردنەوەی ئەم تیۆریە دەکرێ پشتئەستور بێ بەم چەند ئارگومێنتە:**

**یەکەم**: ئەم تاریفە داسەپاوی دەورانی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیە کە هەتا ئێستاش هەر ماوەتەوە. بە تایبەت ئایدۆلۆژی مارکسیستی کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پرسی یەکسانی ژنان لە گەڵ پیاوانی لە پاوانی خۆیدا دادەنا. بیریارانی ئەم

ئایدۆلۆژیە نەیانویستووە روایەت بدەن بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد کە وەک ئالترناتیفێک لە ئاست رەوتی سوسیالیستیدا نێوەرۆکێکی چرتری کۆمەلاتی و سیاسی لە ئاجندای خۆیدا دابنێ. پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ئێستا کە گۆران بە سەر هژمونیی ئایدۆلۆژیەکان بە تایبەت ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستی و سوسیالیستیدا هاتووە و ئەم ئایولۆژیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەو ئاستەدا نییە کە وەڵامدەری خواستی فێمینیزمی کورد بێ بۆ نابێ ناسیونالیزمی کورد بە گۆڕان لە روانگە و پرۆگرامی خۆیدا ئەم پرسە بکاتە پرسی خۆی.

**دووهەم**: دیارە مەسەلەی ژن بوارێکی جیهانی هەیە بەڵام لە هەمانکاتدا لە هەر کۆمەلەگەیەکدا ئاست و تایەبەتمەندی خۆشی هەیە. ئێستا کە پرسی سەرەکی کۆمەڵگای کورد پرسی نەتەوەییە و رەوتیکی یەکسانیش لە ئارادایە هیچ لۆژیکێکی تیدانییە کە بزوتنەوەی کورد رەوتی فیمینیستی کورد ئاویتەی خۆی نەکا.

**سێهەم**: دەبێ ئەو راستە قبوولبکری کە هەبوونی رەوتی فیمینیستی کورد لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکان تا رادەیەکی زۆر نیشانەی بێ وەڵامی نیوەرۆکی بەرنامەی ئەم حیزبانە نیسبەت بە خواستەکانی یەکسانخوازیە. بۆ وەڵامدانەوە بەم رەوتە روو لە گەشەیە دەکرێ بزوتنەوەی کورد رەوتی فێمینیستی کوردیش بگریتە خۆ. ئەمە بە سودی بزوتنەوەی ناسیونالیستی دەبێ.

**چوارەم**: کۆمەلگای ئێمەی کورد کە ناسیونالیزمی کورد هەولی گۆڕینی دەدا لە چاو رابردووە ئاڵوگۆری زۆری بە سەردا هاتووە. کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەر وەک ئەزموونی باشوری کوردستان نیشانی داوە، پێویستی بە نیهادینەکردنی سیاسەت، بنیتنانی کۆمەلگای مەدەنی و پرۆسەی دیمۆکرایزەکردن هەیە. ئەم رەوتە سەرکەوتوو نابی کە ئەگەر خەبات بۆ یەکسانی لە پەراویزدا بمێنێتەوە و خواستەکانی خۆی تێدا نەبینیتەوە. دەبێ ئەو راستیەمان لە بیر نەچێ کە بەشێکی هەرە زۆر لە چالاکانی ئێستای کۆمەڵگای مەدەنی ژنانن. ناسیونالیزمی کورد کە خوازیاری دروستکردنی ئەم کۆمەڵگایەیە گەرەکە لەم چالاکانەی بواری داکۆکی لە مافی ژنان پشتیوانی بکا. چونکا ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەم وەک مرۆڤی کورد بەشیک لە هێز (نەک پشتیوان!)ی بزوتنەوەی نەتەوایەتین و لە هەمانکاتدا چالاکانی مەیدانی خەبات بۆ یەکسانیشن لە دژی دەسەڵاتی حاکمدا.

ئەگەر ناسیونالیزمی کورد بە رابەرایەتی پیاوی کورد ئەم هیزە نەخوێنێتەوە تووشی دوو هەڵەی جیددی دەبێ. یەکەم ئەوە کە خۆی لەم هیزە بێبەری دەکا و روانگەی پیاوسالارانە هێژموونی خۆی بە سەر بزوتنەوەکەدا دەپارێزێ. دووهەم لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا فیمینیزمی کورد ناچار دەبێ بەشێک لە توانای خۆی رووی لە بەربەرەکانی پیاوسالارانەی نیو

بزوتنەوەکە بێ. کەم نین ئەو هەوڵ و هەلویست و نوسراوانەی کە لە لایەن فێمینیستانی کوردەوە لەم دوایانەدا لە دژی پارتە سیاسیەکان هاتوونە ئاراوە. ئیدامەی ئەم دوو بەرەکییە دەبیتە هۆکاری پێکهاتنی کێشەیەکی گەورە لە نێوان دەسەڵاتی کوردی و بەشێکی زۆر لە جەماوەر لە بەرەی رەوتی فیمینیستیدا.

## پوختەی باسەکە

ئاوڕدانەوە لە نێوەرۆکی دیسکورس و چەمکە سیاسیەکان یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەردەمی ئێستایە. لەم پیوەندیەدا ئاوڕدانەوە لە چەمکی ناسیونالیزم بە تایبەت ناسیونالیزمی کورد لە بزوتنەوەی کورددا زۆر گرینگە. لەم ئاوڕدانەوەدا پیویستە بیر لە ئاویتەکردنی رەوتی روو لە گەشەی چالاکی ژنان و لایەنگرانی مافی یەکسانی لە گەل بزوتنەوەی کورددا بکری. گرفتی نا بەرابەری ژن و پیاو گرفتی تەنیا ژنان نییە بەلکو گرفتی پیاوان و گرفتی ناسیونالیزمی کوردیشە. ناسیونالیزمی کورد پێویستی بە دروستکردنی کۆمەلگای مەدەنی و پرۆسەی دیوکراتیزەکرن لە کۆمەڵدایە. رەوتی چالاکی ژنان لە نیو جەرگەی بنیاتنانی ئەم کۆمەلگایەدا روو لە بەرەو پێشچوونە. پارتی سیاسی کورد بۆ نیزکبوونەوە لەم رەوتە و ئاویتەکردنی بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی پێویستە ئاوڕی جیددی لەم رەوتە بداتەوە و پێشوازی لێبکا. لەم ئاوڕدانەوەدا دەبێ خۆ لەو نورم و سیستمە پیاوسالاریانە دەرباز بکا کە هەتا ئێستا بە سەر بزوتنەوەی سیاسیی کورددا زاڵ بووە. مەسەلەی ژن پیویستە بە شەفافی سەر لە نوێ لە پرۆگرامی حیزبەکاندا بنووسرێتەوە. هەوڵدان بۆ پیادەکردنی بەرنامەیەکی نوێ پێویستە بەشێک لە چالاکی رۆژانەی ئەم حیزبە سیاسییانە بێ. حیزبی سیاسی چۆن مەرجی وەک باوەڕ بە پرینسیپەکانی دیمۆکراسی و بروا بە فرە نەتەوەیی و خاڵی لەم جۆرە بۆ هاوکاری و هاوبەرەیی لە گەل حیزبی دیکە دادەنێ پێویستە هەرواش بروا بە مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو لە مامەڵە لە تەک ئەم لایەنانەدا بە مەرج دابنێ.

پرسی ژن و چیگیرکردنی یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەسەلات لە کوردستاندا لەوە ناچێ بە گەیشتنی کورد بە دەسەڵاتی نەتەوەیی بە تەواوی بە ئەنجام بگا. لە گەڵ ئەوەی کە چالاکی ژنان ناشێ لە چوارچیوەی پارتە سیاسیەکاندا قەتیس بێ دەکرێ بەشێکی گرینگ لەم خەباتە هاوتەریب لە گەڵ رەوتی نەتەوەخوازی لە تەک پارتە سیاسیەکاندا بەرێوە بچێ. بە مەرجێک چالاکی فێمینیستی و روناکبیری سیاسی داکۆکیکەر لە یەکسانی ژن و پیاوی کورد لە پارتی سیاسیدا رەخنەگر و وتەبێژی دەردەکانی خەڵک بە تایبەت پرسی ژن بێ. فیمینیزمی کورد ناچارە لە بەر رەوشی تایبەتی پرسی نەتەوەیی هاوکات لە گەڵ هەوڵدان بۆ گۆڕان لە دەسەڵاتی زاڵی پیاوسالارانە لە کۆمەڵگادا خۆ بە خاوەنی پرسی نەتەوەیی و یەکسانی لە دەسەڵاتی سیاسی و بریاردان لە نێو پارتە سیاسیەکانیشدا بزانێ.

دابینکردنی یەکسانی لە کوردستاندا بەشێکی گرینگ لە ئەرکی ناسیونالیزمی دەسەڵاتخواز و عادیلانەی کوردە. بزوتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد نابێ لە پاوانی پیاواندا بمێنێ بەلکوو پێویستە ئەم بزوتنەوەیە گۆڕەپانی واقعی هەموو چالاکانی ژن و پیاوی کورد بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

## پ: پیاو، پرسیار

## ژ: ژن، بەڵام وڵام



**دوکتۆر رۆئیا تلوعی**

**بەشی یەکەم:**

**بەرایی:**

ماوەیەکە پرسی ژن و باس لە فێمینیزم و بەتایبەت فێمینیزمی کوردی کە هێشتا بە دەست خودی ژنە کوردەکان بە تەواوی تیۆریزە نەکراوە لە سایتە کوردیەکان باو بووە و هەرکەس بە جۆرێک، حەز و ناحەز لە روانگەی خۆیەوە لێی دەدوێ. نامەوێ بڵێم ئەم باسە تازە و نوێیە، بەڵام پێم وایە دوو پرس بۆتە هۆکاری زۆرتربوونی: کۆنگرەی بە ناو ژنی کورد لە زانکۆی تاران و دیداری خاتوو مەهاباد قەرەداغی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد.

لە گەرماوگەرمی ئەم باس و خواسانەدا ئەوەی بەرچاوە رێژەی زۆرتری پیاوانە کە لە چەندین روانگەی جیاوازەوە دەدوێن، رەخنە دەگرن یان پرسیاریان هەیە. ژنانی بەشدار لەم باسەدا جارێ زۆر کەمین. کەسانێکیش بە نازناوی ژنانەوە دەنووسن و لەوە ناچێ ژن بن، بەو هۆیەی کە هیچ رەسمێک لە خۆیان نیشان نادەن و لە ناکاویش دەردەکەون و بێدەنگ دەبن و تا ئەم کاتە بەو ناوانە نووسەرمان نەبووە. سەیر ئەوەیە ئەم نازناوە ژنانە بێ رەسم و تازە دەرکەوتووانە دژ بە ژنانی چالاکیش دەنووسن!

بەهەرحاڵ ئەوەی بۆ من جێگای ڕێز و دڵخۆشییە و ڕوژاندنی باسی فێمینیزمە لای کوردان و هەوڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە سەری. ئەمە دەسەلمێنێ کە چەمکی فێمینیزم و بزاڤی ژنان خەریکە جێگای شیاوی خۆی لە کۆمەڵگای کوردیدا دەدۆزێتەوە و وای لێهاتووە کە ئیتر نکووڵی لێ ناکرێ. بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی شۆڕش ژمارە ٢٤٤ی کۆمەڵە، سێ وتاری بەنرخ هەیە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لە بزاڤی حاشاهەڵنەگری ژنان و چەمکی فێمینیزم دەکات. هەروەها کاک ناسری ڕەزازی لە وتووێژی ڕادیۆ لاوان لە سوێد باسی ئەوە دەکات کە بزاڤێکی هونەری، ئەدەبی، ڕۆشنبیری و فێمینیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئارادایە و دەبێ پشتیوانی لێ بکرێ. لە سایتە ئینتەرنێتیە کوردیەکاندا بەیاننامەی ژنان و وتارگەلی جۆراوجۆر لە سەر فێمینیزم بڵاو دەکرێتەوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش بەهەمان شێوە .

لێرەدا سەرجەم ئەو وتارانەی کە باسی بزاڤی ژنان و فێمینیزمی تێدایە، چ ئەوانەی بە لۆجیک و زانستەوە نووسراوە و چ بڕێک لەوانەی کە هێرشیان سەر فێمینیزم کردووە، چ ئاراستەی من کرابێ چ ئاراستەی خاتوو مەهاباد و چ ئاراستەی ژنانی چالاکیتر لەم بووارە دەکەمە پرسیار گەلێک بە ناوی نووسەرانی بەڕێزیەوە و وەک ژنێکی کوردی فێمینیست لە ڕوانگەی خۆمەوە وڵامی دەدەمەوە.

دەمێک بوو بابەتی «پ: پیاو، پرسیار، ژ: ژن بەڵام، وڵام» لە مێشکمدا بوو. پێم وایە لای پیاوان دنیای ژنان دنیایەکی پڕ ڕەمز و ڕازە و زۆر پرسیاریان لا ساز دەکات. لە ڕاستیدا ئەوەی پیاوان سەبارەت بە ژنان دەیزانن ئەوشتانەیە کە لە ڕوانگەی پیاوانەی خۆیانەوە لێی تێگەیشتوون. ژنان زۆر کەم بە زمانی خۆیان لە خۆیان و کێشەکانیان دواون. تەنانەت دەتوانم بڵێم ژنان لە ناخی دڵیانەوە لە ژنێتی خۆیان نەدواون. ترس لە زۆر شت بۆتە کۆسپێک بۆ ئەوەی ژن بە زمانی خۆی باسی خۆی و بیروڕاکانی بکات. من وەک یەک ژن لەو چەندین ملیۆن ژنە کوردەی جیهان دەمەوێ وڵامی پرسیارەکانی پیاوان لە ڕوانگەی خۆمەوە وەک ژنێکی کوردی فێمینیست بدەمەوە. سەرەتا پێویستە ڕاوەستم لە سەر ئەو خاڵەی کە زۆر دژم لەگەڵ ئەوەی تا ناوی ژن دێت، بیر لە جنسی ژن و سێکسی ژن بکرێتەوە؛ وەک بڵێی مرۆڤێک کە بە جنس ژنە، لەم کۆمەڵگادا کێشەی نیە مەگەر پرسی سێکس و پیاویش لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ژن تێگەیشتوە بەشی بزوێنەرە سێکسییەکەی نەبێ. ژن مرۆڤێکە کە سەرچاوەی ژیانە و ژیانی ژنیش لە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، فکری و دەروونی، مێژوویی، مرۆڤناسی، مافناسی، بایۆلۆجی و هتد، جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە.

**پرسیارگەلی وتاری «فێمینیزم و فێمینیستانی کورد» نووسینی کاک «ئاسۆ بازیزیدی»**

**پرسیار**: ڕووناکبیرانی کورد هەر وەک نەتەوەی کورد کە ساڵهایە ژێردەستە، سەیتەر بوون و ژێردەستی بە ڕوخساری

ئەندێشە و بیر و بڕواکانیانەوە دیارە. لەم بوارەدا خۆتەکاندن و هاندانی مێشک زۆر پێویست نیە؟

**وەڵام**: خۆتەکاندن و هاندانی مێشک هەم بۆ ڕووناکبیرانی کورد، چ ژن و چ پیاو و هەم بۆ ڕووناکبیرانی جیهانی سێیەم یا خود وڵاتانی باشوور (بە پێی دابەشکرانی نوێی جیهان بە باکوور و باشوور) زۆر پێویستە. ئەمەش ئەنگێزەیەکی بەهێز دەخوازێ. ئەوەی لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دراوسێیدا دەبیندرێ، نەبوون یا دەگمەن بوونی داهێنەر و خوڵقێنەر لە بوارە جیاوازەکاندایە. ئەم هەموو کۆمەڵناس، فەیلەسووف، ئەدیب و... هتدی بەناوبانگ لە جیهاندا هەن، چەندیان کورد، تورک، فارس یا عەرەبن؟ ئەم دیاردە ناحەزە هەر تایبەت بە کوردی ژێردەستە نیە و داوێنی نەتەوە خاون دەسەڵاتەکان بە سەر کوردیشدا دەگرێتەوە؛ بەڵام لە کورددا زۆرتر کاریگەر بووە؛ بۆ نموونە لەم چاخەدا «داریووش شایگان» لە بوواری بە جیهانیبوون و «عەبدولکەریم سرووش» لە بواری خوێندنەوەی نوێ لە دین لە نێو فارسەکاندا، «محەمەد ئەرکون» لە بواری خوێندنەوەی نوێ لە ئیسلام و «ئیدوارد سەعید» لە بواری ڕۆشنبیریدا و «نەوال سەعداوی» لە بواری فێمینیزمدا لە عەربەکاندا خاوەن بیروڕای خۆیان و داهێنانن. لە بواری ئەدەبی بە شێوەی ناوچەیی نە جیهانی دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە »نیما یوشیج» لە فارس و «نازوکولمەلایک» لە عەرەب و «نازم حیکمەت» لە تورکدا بکرێ. لە کورددا کوا داهێنەرێک کە لە جیهاندا بەناوبانگ بێت و وەک سەرچاوەیەک باسی لێبکرێ؟

بە شێوەی ناوچەیی دەکرێ نموونەی «گۆران» لە ئەدەبی مۆدێرن و «بەختیار عەلی» لە ڕاڤە و «شێرکۆ بێکەس» لە شیعردا بکەین؛ بەڵام هیچیان بە تەواوی جیهانی نین و بۆ هەموو دنیا ناسراو نین، وەک چون دەڵێی «ئانتۆنی گیدنز» و تەواوی دنیا بیناسێت .

ئیمڕۆ «بەهمەنی قوبادی» لە بواری سینەما توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش لە جیهاندا ناوبانگی بێت و کورد و سینەمای کوردی بناسێنێت. هەموو ئاواتی من ئەوەیە خەڵاتی ئۆسکار بەرێتەوە و ببێتە مایەی شانازی کورد. «لەیلا زانا»ش تارادەیەکی زۆر ناسراوە و بە داخەوە بە هۆی بەرژەوەندی سیاسی تورکیا خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی نەدرایە.

دیارە لە بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان کە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی نیە، فەرهەنگی فارس و تورک لە مێشکی دانیشتوانی ئەم ناوچەدا سەیتەر دەبێ. پێم وایە دەبێ هەزاران ئافەرین بڵێن بەوانەی کە لەم کەش و هەوایەدا زمانی خۆیان دەپارێزن و هەوڵ بۆ نەتەوەکەیان دەدەن .

**پرسیار**: ڕووناکبیرانی کورد دەوا و دەرمانی وڵاتانی مۆدێرن بە تایبەتی ڕۆژئاوا کە بە سەد ساڵ لە پێشترن هەڵدەگرن و

**جلوبەرگێکی کوردی لەبەر دەکەن و دەیانهەوێ دەرخواردی کۆمەڵگای نەخۆشی کوردەواری دەن؛ ئەمە زانستییە؟**

**وەڵام**: بە رای منیش کۆمەڵگای کوردی تووشی نەخۆشی دواکەوتووییە کە هەڵبەت ڤایروس و هۆکاری زۆرە. چەوساندنەوە لە لایەن دەسەڵاتداران، بێبەشی لە پیشەیی بوون، خۆخۆری و هتد وای‌کردووە کە نەمانتوانیوە خۆمان لەم نەخۆشییە رزگار کەین. داهێنەر و خوڵقێنەریشمان لە ئاستی جیهانیدا نیە. نەخوێندەواری و کەم‌خوێندەواریش لە رێژەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگادا دەبیندرێ. خەڵکانی رۆژئاوا لە مۆدێڕنیتە تێپەڕیون و بەرەو قۆناغی پۆستمۆدێڕن دەچن. ئێمە هێشتا قاچمان لە قوڕاوی نەریتەکان هەڵچەقیوە. ئایا ئەزموونەکانی ئەوان لە بەرچاو بگرین و جیهانی بیر کەینەوە و ناوچەیی کار بکەین باشتر نیە لەوەی وەک کیسەڵ بەرەو پێشکەوتن بچین و کەروێشکی مۆدێڕنیتەی رۆژئاوا هەموو لوتکەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی؟ دیارە هەل و مەرج و بڕێک تایبەتمەندی ئێمە لەوان جیاوازە؛ بۆیە بە پێی هەل و مەرجی خۆمان دەتوانین جل و بەرگی کوردی لەبەر دەسکەوتە باشەکانی شارستانییەتی رۆژئاوا بکەین و بە خاڵە پۆزەتیڤەکانی خۆشمان وەیراژێنین. ناکرێ ماڵێک لە خشت لەم جیهانە پڕ لە کۆشکەدا دروست بکەین، دەرگا و دەلاقەکانی داخەین و ناوی بنێین ماڵی کورد. دەکرێ لە چاخی بەجیهانیبووندا و گەشەی پێوەندی نێوان خەڵکی جیهان هەوڵ بدەین کولتوور و زمانی ئێمەش نەسڕێتەوە و کۆشکێک بۆ کوردستان ساز کەین کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکەشمان بێت. کاک «ئومید وەرزەندە » پەیڤی پڕۆفیسۆر «دەیڤید کریستاڵ» زماناس و مامۆستای زانکۆی لە سەر داهاتوی زمان وەرگێڕاوە. چەند خاڵی گرنگ لەم وتارەدا هەیە. دەیڤید کریستاڵ دەڵێ: «٢٥%ی خەڵکی جیهان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن. ئیستا لە جیهاندا شەش هەزار زمان هەیە کە نیوەیان، واتە سێ هەزار زمان لە مەترسی مەرگ و لەناوچوون دان و ئەگەر بەر ئەم رەوتە نەگیرێ تا دواپین کاتەکانی ئەم سەدەی کە تێیدا دەژین، ئەو زمانانە دەمرن. تا سەد ساڵی‌تر هەر دوو حەفتە زمانێک دەمرێ. مەرگی زمان واتە مەرگی دواپین وێژەر و میراتبەری زمانێک.» هەروەها دەڵێ: «ئیمڕۆ ٦٠ زمان لە جیهاندا هەیە کە تەنیا یەک وێژەری هەیە! و ٩٦%ی زمانەکانی جیهان وێژەریان ٤%ی خەڵکی جیهانە« بە رای کریستاڵ بە سێ شێوە دەکرێ رێگری لە مەرگی زمان بکرێ: یەکەم داخوازی و ویستی خەڵکێک کە بەو زمانە قسە دەکەن، دووەم خوازیاری دەوڵەت کە بەداخەوە بڕێک لە دەوڵەتەکان لە زمانی کەمینەکان دەترسن، بە تایبەت ئەو کەمینانەی کە زمان و ئەتنیکیان بە شێوازێکی پتەو تێکەڵاوی یەکترە و سێیەم راگرتنی زمان پێویستی بە پارەیە بۆ چاپەمەنی و کتێب و بڵاڤۆک و هتد. کریستاڵ، سوورە لە سەر ئەوەی کە شوناس لە ئەندێشە و لە زمان‌دایە و مرۆڤ تێکچوونی شوناسی خۆی پێ قەبووڵ ناکرێ.

ئیستا لەم هەل و مەرجەدا نەتەوەی ئێمە وەک کورد ئەرکی سەرشانیەتی زمانی خۆی کە شوناسی ئەوە بپارێزێ و لەملایشەوە لە جیهانێکدا دەژی کە مرۆڤەکان بە هۆی پێوەندییەکانیان زۆر لە یەک نزیک بوونەوە و چەمکی شارۆچکەی

جیهانی بۆتە واقیعێکی راستی جیهانی. کەواتە بۆ مانەوەمان پێویستە زمانمان لە مەرگ رزگار کەین و لەگەڵ جیهانیشدا رێککەوین و دەسکەوتە پۆزەتیڤەکانی رۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی زانستی لەگەڵ کولتوور و تایبەتمەندییەکانی خۆمان یەکخەین. ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە خاڵە نەگەتیڤەکانی خۆشمان دەبێ وەک خاڵە نەگەتیڤەکانی رۆژئاواییەکان وەسرین. برێک لە بیرمەندانی فەرەنسی دارێژەری بیرۆکەیەکی نوێ بە ناوی «بەجیهانیبوون لە روانگەیەکیتر»ن. ئەم بیرمەندانە پێیان وایە کە وڵاتانی دەوڵەمەند دەبێ پشتیوانی وڵاتانی هەژار بن و بە یارمەتی ئابووری و بە خۆش بوون لە قەرزداری وڵاتانی هەژار و یارمەتی بۆ فێرکاری و پیشەیی بوون و هتد، ئەو دەرفەتە بڕەخسێنن کە ئەمانیش بەرەو پێشکەوتن بچن و پرۆسەی بەجیهانیبوون نەبێتە هۆکاری قووڵتربوونی کەلێنی نێوان وڵاتانی باکوور و باشوور. لەم روانگەوە دیارە نەتەوەی کورد کە لە چوار وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا لە پەراوێزدایە و ئاستی دواکەوتوویی زۆرە، بێگومان پێویستی بە یارمەتی زۆر دەبێ بۆ گەشە کردن. قۆزینەوەی ئەم دەرفەتانە و کەڵک وەرگرتن لەم هەلانە بە قازانجی کوردە نەک خۆ دوور خستنەوە. ئەگەر دەمانەوێ شوناسمان بپارێزین دەبێ سەیری داهاتوو بکەین نە رابردوو.

**پرسیار**: فێمینیزم لە کۆمەڵێ لایەنی جیاواز پێک هاتووە کە نەک وەک یەک ناچن بەڵکوو لە زۆر جێدا دژی یەک رادەوەستن. فێمینیستەکانی ئێمە هەوڵ دەدەن لە شاخە جۆراوجۆرەکانی ئەم دیاردەیە تاریفێ بکەن بە کاریتە و پەیکەری ویست و خوازی خۆیان. ئەمە تا چ رادەیەک زانستیە؟

**وەڵام**: وایە فێمینیزم کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازی هەیە. چەندین جۆر فێمینیزم ناسراوە. لەگەڵ تەواوی ئەو دابەشکردنانەی کە کاک ئاسۆ ناوی بردوون و ئاماژەی بە سۆسیال فێمینیزم و مارکسیست فێمینیزمیش نەکردووە، دیسان دابەش کردن بە سێ شەپۆلیش دەبیندرێ و شەپۆل سێیەمییەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە رەنگی پێست و نەتەوە و تەمەن و چین و هتد لە سەر کێشەی ژنان کاریگەرێتی زۆری هەیە و فێمینیزمی ژنانی سپی پێستی چینی ناوەندی وڵامدەری هەموو کێشە و گرفتەکانی ژنانیتر وەک ژنانی جیهانی سێیەم و ژنانی رەش نیە. نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکی مافخوراوە و تایبەتمەندییەکی هەیە کە هیچ نەتەوەیەکیتری جیهان نیەتی و ئەوەش چوارپارچە بوونە. ئەم چوارپارچە بوونە کۆمەڵێک گرفت و کێشەی سەرەڕای کێشەکانیتر بۆ ژنان بەدیهێناوە. لە لایەکەوە ئێمە تایبەتمەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆمان هەیە. ئەگەر کێشەی ژنێکی ئەورووپی ئازادی هاوجنسگەرایی بێ، ئەوە کێشەی ئێمەی ژنی کورد نیە. لە فێمینیزمی کوردیدا ژن و نەتەوە، ژن و مافخوازی و نەتەوەی بێ دەسەڵات و هتد کێشەگەلی سەرەکین کە پێویستە رێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. لە فێمینیزمی کوردیدا خەباتی رزگاریخوازی ژن لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد جیاواز نیە. ژنی کورد دەبێ بە زمانێکی لۆجیک و زانستی ئەم کێشە تایبەتیانەی بۆ خەڵکانی جیهان شی بکاتەوە. سەرەتا پێویستە بە شێوەیەکی زانستی لە فێمینیزم تێبگەین و ئەوسا بە زانیاری و عیلم جێگای شیاوی خۆمانی تێدا وەدۆزین و فێمینیزمێکی کوردی تاریف و

پێناسە بکەین. سەرکەوتنی زانستی ئێمە لەم بوارەدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆماڵیکردنی تیۆر و ئەندێشەیەکی جیهانی. با کورد فێمینیزمیش وەک لقێکی فێمینیزم لە جیهاندا بناسرێ و بۆ خەڵکانی جیهان سەرنج راکێش بێ کە داخۆ ئەمە چیە؟ دووپاتی دەکەمەوە کورد فێمینیزم دەبێ بە شێوەیەکی زانستی و مەنتیقی دارێژەرێ و ژنانێکی کوردیش لەم بارەوە خەریکی ئیشی بێ وچانین. ماوەمان بدەنێ بەرهەمی کارەکەمان دەبینن .

**بەشی دووەم:**

## درێژەی پرسیارەکانی وتاری «فیمینیزم و فیمینیستانی کورد» نووسینی کاک «ئاسۆ بایزیدی»

**پرسیار**: ژنە رۆشنبیری کورد چ تاریفێکی بۆ فێمینیزم هەیە؟ ئایا ژن بە رەسەن دادەنێ و دژی پیاو دەوەستێ؟

**وەڵام**: بە رای من وەک زۆر لە فیمینستەکانی جیهان کە لە سەر ئەم تاریفە رێککەوتوون، فیمینیزم ئەو زانستە و ئەو بزووتنەوەیە کە پێی وایە ژن بە هۆی ژنیتی و جنسییەوە ستەمی لێدەکرێ و تووشی هەڵاواردن دەبێ و هەر بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ستەم و هەڵاواردنە دژ بە ژنان وەسرێن و مرۆڤەکان چ ژن چ پیاو لە مافی مرۆڤایەتی بەهرەیان بێت.

یەکێک لە لقەکانی فێمینیزم هەیە کە باوەڕی بەڕەسەنایەتی ژنە. من وەک فێمینیستێکی کورد باوەڕم بە رەسانەیەتی مرۆڤە. فێمینیزمی کوردی دژ بە پیاو ناوەستێ بەڵکوو دژ بە سیستەمی پیاومەزنی دەوەستێ کە ژنی کۆیلە و پیاوی توندوتیژ رادەهێنێ. پیاوی توندوتیژیش خۆی بە چەشنێک دیل و ئەسیری سیستەمی پیاومەزنیە.

**پرسیار**: ئایا ژنانی فێمینیزمی ئێمە ئاگاداری هەموو لق و پۆکانی فێمینیزم هەن؟ ئەگەر فێمینیستە کوردەکان لە سەر ئەم قۆناغە فکرییەکەم ئاگا بن، ناحەز نیە بە بێ ناسین و توێژینەوەی چەمکێ هەڵگری ئەو چەمکە بن؟

**وەڵام**: دەسەڵاتی ئایینی و توتالیتر و دیکتاتۆرەکانی ناوچە بەردەوام ریکلامیان دژ بە فێمینیزم کردووە و بەم شێوەیە ناساندوویانە کە فێمینیزم واتە بەڕەڵایی سێکسی و تێکدەری بنیاتی خێزان و هاوجنسگەرایی. بەم شێوە ژن و پیاوان لەم چەمکە ترساندووە. بۆ نموونە «ئەسەدوڵڵا بادامچیان» جێگری بەرپرسی حیزبی مۆئتەلیفە لە ئێران کە لایەنی راستی دژ بە ریفۆرمخوازانن و ساڵهایە دەسەڵاتدارن لەم وڵاتە، لە دانیشتنی ژنانی ئەم حیزبە لە شاری کرمان وتوویەتی:

«ئیستیکباری جیهانی! دەیەوێ لە رێگای فێمینیزمەوە شوناسی ژنان وەسرێ و بیانکاتە دوژمنی پیاوان و بەم شێوە دژایەتی

بنەماڵە دەکات. ژنی موسڵمان دوو ئەرکی گەورەی هەیە: یەکەم تێگەیشتن لە مەترسی لایەنگری ژن لە رۆژئاوا کە بۆتە کەرەسەیەک بۆ کۆلۆنیالیزم و دووەم، تێگەیشتن لە پێگەی ژن لە ئیسلامی نەبەوی و عەلەوی و ریکلامی ئەم رێبازانە بۆ رزگاری ژنان. رۆژئاواییەکان هەوڵ دەدەن کۆمەڵگای جیهان سێیەمی لە دەروونەوە تووشی شەڕ بکەن تا خاوەن شوناسی خۆیان نەبن و بەو شوناسەوە لە بەرانبەر ئیستیکباردا رانەوەستن. بادامچیان وتی: دەسەڵاتی ئیسلام لە ئێراندا پێگەی راستەقینەی بە ژنان داوە و بۆتە هۆکاری خۆشویستن و رەزامەندی بە ئیسلام! ژنی موسڵمانی ئیمرۆ ئەرکی سەرشانیەتی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ئامانجانەی فێمینیزمدا بکات.

هەرچی سەیری ئەو قسە دەکەم رادەمێنم لە یەکشێوە بوونی ئەو چەشنە بیرکردنەوە لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی بڕێک لە رووناکبیرنمایانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆشیان بەداخەوە بە نەتەوەیی لە قەڵەم دەدەن. (ئاماژە بە کۆنگرەی ژنی کورد)

کۆمۆنیستەکانیش، فێمینیزم بە کۆسپی سەر رێگای خەباتی پرۆلتاریا دەزانن و بڕێک لە خەڵکانی دواکەوتووی ناووڵاتیش جگە لەوەی خراپ لە فێمینیزم تێگەیشتوون و تۆمەتی بەرەڵایی و دژەپیاوی لە هەموو فێمینیستێک دەدەن، دەڵێن تا کێشەی نەتەوایەتی هەیە نابێ باسی کێشەی ژن بکرێ!!

بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەمانە بۆتە هۆکاری ترس لە چەمکی فێمینیزم و بە داخەوە زۆر لە ژنان لەبەر ئەوەی ئاوایان نەزرێ، ناوێرن شوێن فێمینیزم بکەون. بێگومان لەم هەل ومەرجەدا ئەوەی ئامادەیە بێ ترس خۆی بە فێمینیست بزانێ دەبێ لە سەری موتاڵا و خوێندنەوەی بووبێ و بە هۆی ئەوەی بەر شاڵاوی تۆمەتی لقە ناحەزەکانی فێمینیزم نەکەوێ دەبێ شارەزای هەموویان بێ. بە کورتی دەتوانم بڵێم هەڵگری فێمینیزم بوون لە وڵاتی ئێمە ئاسان نیە.

**پرسیار**: ئایا بە راست فێمینیزم تا ئەو رادەیە جوان و خاوێنە کە رووناکبیرانی کورد باسی دەکەن؟

**وەڵام**: فێمینیزم و هەر ئایدیۆلۆجیایەکی تر لە فکر و ئەندێشەی مرۆڤەوە بەدیهاتوە و دیارە کەم و کووڕی و خاڵی سەرکەوتووشی دەبێ، هەروەک کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، لیبراڵیزم، نیومارکسیزم، نیولیبراڵیزم، مۆدێرنیزم، پۆستمۆدێرنیزم و... هتد مرۆڤ بەردەوام بەم چەمکانەدا دەچێتەوە و نوێیان دەکاتەوە. لە رەوتێکی مێژووییدا ئەو دەرفەتە بۆ مرۆڤ دەخوڵقێ کە هەڵسەنگێنێ و بزانێ ئەم ئایدیۆلۆجیانە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیدا چ دەسکەوتگەلێکی بووە و چەندە سەرکەوتووە و لە چیدا لاوازە. هەر بۆیە رووناکبیرانی کوردیش دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی مێژوویی و

کۆمەڵایەتی فێمینیزم خاڵە سەرکەوتووەکان و خاڵە لاوازەکانی بەرچاو بگرن و هەوڵ بدەن هەڵەکانی دووپات نەکەنەوە.

**پرسیار**: ئایا فێمینیزم دەتوانێ خۆی لەگەڵ کولتووری نەتەوەیەک بە نێوی کورد یەک بخات؟

**وەڵام**: سەرەتا پیش وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بڵێم ئەوە کوردە کە دەبێ هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ جیهان و پێشکەوتن و دەسکەوتەکانی یەک بخات، ئەگینا دواکەتوو دەمێنێ و وردە وردە لە رەوتی بەجیهانیبووندا دەتوێتەوە و لەناو دەچێ. ئێمەی کورد دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ مرۆڤەکانیتری جیهان لە پێوەندیدا بین و ناکرێ خۆمان لە جیهان جیا کەینەوە. گرنگ ئەوەیە لەم پێوەندیەدا خۆمان و کولتوورمان گەشە بدەین و هاوکات لەگەڵ ناساندنی خۆمان بە جیهان رێگری لە توانەوە و سڕینەوەمان بکەین. چ ئیرادێکی هەیە بلیمەتی کورد بتوانێ خاوەن بیروبڕوای کاریگەر لە سەر ئایدیۆلۆجیا جیهانییەکان بێت؟ جا ئەگەر داهێنەریش بوو چ باشتر.

لە سەر ئەوەش کە ئایا فێمینیزم و کولتووری کورد رێک دەکەون یا نا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە فێمینیزم بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازە، بەڵام خاڵی سەرکەوتووی ئەوەیە کە راست دەست دەخاتە سەر بناغەییترین سەرچاوەی نابەرابەری و ئەوەش نابەرابەری ژن و پیاوە. هەروەها فێمینیزم ئەو توانایییەی هەیە کە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا باوەکانی جیهان خۆی بگونجێنێ و تەنانەت لە نەتەوە و رەگەزەکاندا بە شوێن جێگای شیاوی خۆیدا بگەڕێ. هەر بۆیەش دەتوانێ لە نەتەوەی کوردیشدا جێگای بێت و رۆشنبیرانی کوردیش بە تایبەت ژنان، فێمینیزمی کوردی پێناسە و تیۆریزە بکەن. «بێل هۆکز» بە کتێبی «مەگەر من ژن نیم» بابەتێکی نوێی لە سەر فێمینیزمی رەش وروژاند و دنیای فێمینیزمی شڵەقاند.

«کۆماری جایاواردینا» فێمینیستی هیندی باس لەوە دەکات کە فێمینیزمی ئەورووپی توانای ناسینی بناغە خۆماڵییەکانی فێمینیزمی جیهان سێیەمی نیە و هەروەها دەنگی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ سەبارەت بەوەی کە بۆ دەبێ وا بیر کەینەوە کە خەباتی نەتەوەیی گرنگترە لە خەباتی رزگاریخوازی ژن و ئەم دوانە لێک جیا کەینەوە؟ «ئۆما نارایان» باسی بزاڤی فێمینیستی هیندی دەکات و دەڵێ: «ژنانی هیندی کێشەی تایبەتی خۆیان هەیە و بزاڤی فێمینیستی هیندی دەبێ وڵامدەری ئەو کێشە تایبەتانە بێت، وەک کوژرانی ژنان بە هۆی کەم بوونی جیازی، دەستدرێژی پۆلیس بۆ ژنانی زیندانی هیندی، هەژاری، پرسی تەندروستی و کێشەنەتەوییەکان. چالاکانی سیاسی فێمینیستی هیند، فیمینیزم بە بەشێکی سەرەکی لە روانگەی سیاسی نەتەوەیی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەزانن.

«سینتیا ئۆنلۆ» باسی هەڵسووکەوتی کۆلۆنیالکەر و بە کۆلۆنیکراوەکان دەکات و پێی وایە: ژنانی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی

کۆلۆنیالیزم بە شێوەی کەرەسەی شەهوەتپەرستی و سێکسی بۆ خزمەتی پیاوانی کۆلۆنیالیست بە کار هاتوون و تەنانەت ژنان بۆ یەکگرتوویی حکوومەتە بیانییەکان لەگەڵ خەڵکی ژێرچەپۆکی کۆلۆنیالیزم بە زۆر دراون بە شوو. ژنانی تریش بە شێوەی ئاشپەز و کرێکاری ژنانی سپی پێستی خاوەن دەسەڵاتی کۆلۆنیالیست سەرکوت کراون.

بەهەرحال ئیمڕۆکە فێمینیستگەلێک هاتوونەتە گۆڕپانەکەوە و باسی جنسییەت و نەتەوە دەکەن و ڕەخنە دەگرن لەوەی کە ڕۆڵی ژن لە پرۆژەی وڵات دروست کردن بەرچاو ناگیرێ. بەتایبەت شێوازی یارمەتی ژنان بەم پرۆژە جیاوازە لە پیاوان. «نێرا یووال دەیویس» و «فلویا ئافتیاس» دەڵێن ژنان لە پرۆسەی بەدیهێنانی ئەتنیک و نەتەوەدا بە چەند شێوە بەشدارن:

١- لە پێکهێنانەوەی بەردەوامی کەمینەی نەتەوەیی
٢- بەدیهێنانی بەردەوامی سنوورە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان
٣- ڕۆڵی سەرەکی و ئەکتیڤیان هەیە لە ڕاگرتنی بایەخەکۆمەڵایەتییەکان و لەم جیلەوە بۆ ئەوجیل گواستنەوەیان
٤- ژنان نوێنەر و ئیندێکسی جیاوازییە نەتەوەییەکانن
٥- ژنان بەشدارانی چالاکی شۆڕش و خەباتە نەتەوەییەکانن

کەواتە ژنانی کوردیش ڕاگری جیلی کورد، نەتەوەی کورد، بایەخە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد، نوێنەر و نیشاندەری نەتەوەیەکی تایبەت بە نێوی کورد و هەروەها نیوەی هێزی شۆڕشگێر کورد بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەیانن. ژنانی کورد ناتوانن جیاواز لە نەتەوەکەیان بن. تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانیشیان هاوکات لەگەڵ بایەخی تایبەت، کێشەی تایبەتیشیان بۆ سازدەکات کە دەبێ ڕەچاو بکرێ. هەر بۆیە ژنی کورد لە ژن بوونیا لەگەڵ تەواوی ژنانی دنیا هاوبەشە و لە کوردبوونیا لەگەڵ تەواوی کوردەکانی دنیا بەشدارە و دەتوانێ خاوەن فێمینیزمی خۆی بێت. بۆ ئێمەی ژنی کورد بە قەت ژنی هیندی و ژنانی ڕەشپێست و ژنانی جیهان سێیەممان پێ ناکرێ؟ چیمان لە ژنانیتری جیهان کەمترە؟ بەڕای من هیچ.

**پرسیار**: وشەی فێمینیزم کەی هاتە گۆڕێ؟

**وەڵام**: دیارە فێمینیزم لە ریشەی **femen** واتە ژنەوە دێ؛ بەڵام لە ساڵی ١٨٧١ دا بۆ یەکەم جار لە دەقیَکی پزیشکی بۆ باسکردن لە نەخۆشیەکی جنسی پیاوان کە تایبەتمەندی ژنانە لە جەستەیاندا بەدی دەکرا بە کار هێنراوە. لەم

سەرچاوە
Serchawe

دواییانەشدا کە وشەی فێمینیزم بە گشتی بۆ بزووتنەوە مافخوازەکانی ژنان بە کار دەبرێ، هێشتا بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەی ژنان و... هتد بگرێتەوە یان نا، جێگای پرسیار و باس و خواسە.

**پرسیار**: رووناکبیری کورد مەبەستی لە کام لایەنی فێمنیزمە؟

**وەڵام**: بێگومان من ناتوانم لە لایەن هەمووانەوە قسە بکەم و تەنیا رای خۆم دەردەبڕم. من لەگەڵ ئەوەی دووەمی فێمینیزم واتە شەپۆلی سێیەم دەگونجێم و پێم وایە کێشە نەتەوەییەکانی کورد لە سەر کێشە جنسییەتییەکانی ژنانی کورد راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرە. لە لیبراڵ و سۆسیال و مارکسیست و رادیکاڵ فیمینیزمیش ئەو گوڵانەی هەڵدەبژێرم کە بە منی کورد زیاتر بخوات و ئەوانەی بە دڕکی دەزانم نامەوێن؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە وەک فێمینیستێکی کورد دژ بە سیستەمی پیاو مەزنیم، نەک دژ بە پیاو. لە ئاڵمان رادیکاڵ فێمینیستێک وتی: دەبێ جیهان لە پیاو وەسڕین. وتم: ئەی من عاشقی کێ بم؟ بۆوەی من نۆرماڵم. کوڕەکەم، مێردەکەم، باوک و براکانم خۆش دەوێن. ژیان بە وانیشەوە خۆشە. فێمینیستێکی کورد دژی کۆیلەتی جنسێک و رەگەزێک و نەتەوەیەکیترە.

**پرسیار**: پێت وا نیە هەموو پارت و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەر لە کۆنەوە گرنگی تایبەتیان داوە بە ژن و کاروباری ژنان؟

**وەڵام**: تا گرنگی دان بە کار و باری ژنان لە چ رەهەندێکەوە سەیر کەین؟ ئەگەر ئەم گرنگیدانە راستەقینە بوایە ئێستا لە ئاستی سکرتاریەت و نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سیاسی و هتد دەبوا ژنانیشمان بدیبایە. قسە تا کردەوە زۆر جیاوازە. کێشەی ژن بە لقێکی بێدەسەڵات بە ناوی ژنانەوە چارەسەر ناکرێ. هێشتنەوەی ژنان لە ئاشپەزخانەکان و ناردنی پیاوان بۆ ئەورووپا بۆ خوێندن و پەروەردەبوون و نەهاتنەوە، کێشەی ژن چارەسەر ناکات. مەبەستم هەموو حیزبەکانە.

من لای نەتەوەی دەسەڵاتدار بە سەر کورددا بەردەوام خاڵە سەرکەوتووەکانمان دەبژێرم، بۆوەی پێم وایە ئەوان ناسیۆنالیزمێکی تۆخیان هەیە و لەو روانگەوە پێیان خۆشە بەردەوام لاوازی و کەم و کوورییەکانی ئێمە ببینن و بە چاوماندا بکوتنەوە و بە سووک سەیرمان کەن و پێمان بڵێن ئێمە دواکەوتووتر لەوەین کە بتوانین خاوەن دەوڵەت بین. هەر بۆیە پێویستە بزانن تواناییەکانی ئێمە چیە و لە چ رەهەندگەلێکەوە سەرکەوتووین. لە هەمان کاتدا لە ناو خۆماندا باشترە بزانین دڵخۆش کردن بە کارگەلێکی رووکەش قەت ناتوانی کاریگەر بێت. لە ناوخۆ دەبێ چاو لە راستیەکان نەقوونجێنین و رەخنە بگرین و هەوڵ بدەین قەرەبووی هەڵەکانمان بکەینەوە. ئێمە شتی سەرکەوتوومان هەیە، بەڵام هەڵە

شمان هەیە.

حیزبە کوردیەکان لە ناخی کۆمەڵگاوە هەستاون و دوژمنانمان حەز بکەن و حەز نەکەن ئەم حیزبانە بە هەرحاڵ پێگەی خەڵکییان هەیە و لە دۆخی گونجاودا خەڵک ئەو لایەنگرییە نیشان دەدەن. کەواتە رەخساندنی دەرفەتی بەشداری و چالاکی بۆ ژنان تەنانەت ئەگەر بە پەیرِەوی سیاسەتی هەڵاوردنی پۆزەتیڤ بە بەرژەوەندی ژنانیش بووبێ، دەتوانێ لە گۆڕانکاری بارودۆخی ژناندا کاریگەر بێت و هەروەها لە کۆمەڵگاشدا دەنگ بداتەوە. هەروا کە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بارودۆخی ژناندا دەتوانن لە ئاستی حیزبەکانیشدا رەنگ بدەنەوە.

**پرسیار**: قازی نەمر ئەو کاتەی مینا خانمی هان دەدا بێتە مەیدانی چالاکی، بیری لەوەی دەکردەوە رۆژێ کەسێ کوششەکانی وان دەباتە نێو خەرمانی فێمینیزم؟

**وەڵام**: هەر رووداوێکی مێژوویی دەبێ بە پێی هەلومەرجی کاتی خۆی هەڵسەنگێنین. نووسینەوەی مێژوو و هەڵسەنگاندنی رووداوەکان بە پێوەری هەلومەرجی زەمەنی هاوچەرخ هەڵەیەکی گەورەیە. مێژوو بە دەست پیاوان نووسراوە؛ ژنی تێدا نابیندرێ یان ئەگەر هەیە بە چاوێکی پیاوانە وەسف دەکرێ و لە روانگەی پەسندی ئەوانەوەیە.

دیارە لە کاتی کۆماری کوردستاندا فێمینیزم بووە، بەڵام لەو کاتەدا چەندە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پەرەی سەندبوو؟ ئایا بە راستی قازی نەمر تەنانەت وشەی فێمینیستی بیستبوو؟ هەل و مەرجی ئەو کاتە کاریگەرێتی زۆری لە شۆڕشی سووری سۆڤیەت گرتبوو. کۆمۆنیزم زاڵ بوو. کۆمۆنیستەکان تا ئیمڕۆش دژ بە فێمینیزم وەستاونەتەوە، بۆوەی پێیان وایە فێمینیزم کەلێنێک دەخاتە نێو چینی پرۆلتاریا و ژنانی کرێکار لە پیاوانی کرێکار جیا دەکاتەوە. ئەوان دەڵێن رزگاری ژن لە سەرکەوتنی خەباتی چینی پرۆلتاریادایە و چینایەتی نەمێنی، ژن رزگار دەبێ. هەر چەند لقی مارکسیست فێمینیستی فێمینیزمیش هەیە کە لە ئایدیای مارکسیستی بۆ راڤەی ئەو ستەمانەی کە لە ژن دەکرێ، کەڵک وەردەگرێ.

بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوە بوو ئایدیۆلۆجیا و بزاڤی فێمینیستی لە کاتی قازی نەمردا شتێکی ئاشنا نەبوو بۆ خەڵکی ئەم ناوچە، بەڵام ئەوەی گرنگە هەنگاوی «قازی محەمەد» و «مینا خانم» بووە بۆ سەرکەوتنی ژنان کە بە پێی هەلومەرجی ئەو کاتە بە راستی کارێکی گرنگ بووە. بە داخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کەم بوو. ئەگەر بمابایە و بە هەمان شێوە کە دەستی پێکرد لە سەر کاروباری ژنان بچوایە، ئیستا لەوانەیە کوردستان و دۆخی ژنی کورد لە ریزی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بوونایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ و ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٠٥

## فێمینیزم



### لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

**فێمینیزم** (بە ئینگلیزی: **feminism**) تێگڕاییێک لەو بزووتنەوە و بڕواگەلەیە کە وا مەبەستیان واتەسازی، دامەزراندن و پاراستنی مافی بەرامبەری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیە بۆ ژنان.

### قۆناغەکانی فیمینیزم

※ **قۆناغی یەکەم** لە ساڵەکانی (١٨٥٠ تا ١٩٦٠)ی زایینی، کە ناسراوە بە مێژووی سەرهەڵدانی لیبرالیزم ، کۆمۆنیزم و سوسیال فێمینیستەکان.

※ **قۆناغی دووهەم** لە ساڵەکانی (١٩٦٠) تا (١٩٩٠)ی زایینیی کە لەوێدا بیرۆکەی رادیکاڵ فێمینیستەکان سەریهەڵدا.

※ **قۆناغی سێیەم** لە ساڵەکانی (١٩٩٠)ی زایینی و هەتا ئێستاشی لە گەڵدایە، قۆناغی سەرهەڵدانی پۆستمودارنیستی فێمینیستی و هەروەها توێژینەوە کردن لە سەر دۆزینەوەی وەڵام بۆ ڕەگەز و هۆکارە زانستییەکانی درووستبوونی نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاوادا لە درێژایی مێژوو.

## ویلستۆنکرافت



**Mary Wollstonecraft cph (1759-1797)**

**خاتوو ماری ویلستۆنکرافت Mary Wollstonecraft بە کتێبی «داکۆکی لە مافی ژنان»**

**A Vindication of the Rights of Women (1792) بووە یەکەم نووسەری ژنی فێمینیست. ئامانجی ویلستۆنکرافت بریتی بوو لەوەی «جوداوازیی زایەندەکی بە تەواوی لە جڤاتی خۆماندا بسڕینەوە، مەگەر لەو بارانەدا کە خۆشەویستی ڕەفتار بگێڕێت». لای ویلستۆنکرافت ئامرازی گەیشتن بە جڤاتی زایەندیەکسان بریتییە لە بارهێنان و فێرکاریی وەک یەکی کوڕ و کیژ.**

## میلل



**John Stuart Mill (1806 - 1873)**

لە سەدەی نۆزدەیەمدا نووسەری فێمینیستی ژن و پیاو لە هەموو ڕێبازە سیاسییەکاندا هەبووە، لە لیبەڕالیزمەوە بگرە هەتا چەپ. لە نێو لیبەڕالاندا دەبێ ئاماژەی تایبەت بە میلل John Stuart Mill بکرێ.

بەرهەمەکەی میلل (The Subjection of Women (1869 ئێستایش شابەرهەمە. میلل وەها باس لە دۆخی ئەو دەمە دەکات:

«لە جڤاتی نارۆشناکدا ڕەنگی پێست، ڕەگەز، دین، یان لە وەڵاتی ژێردەستەدا سەربە نەتەوەبوون چی دەگەیەنێت، ژنبوون هەمان شت دەگەیەنێت بۆ هەموو ژنان: "هەتاهەتایە دوورخستنەوە لە هەموو پیشەیەکی بەرز"»

میلل وەک سوودخوازێک دەیویست بەڵگەی مافگەلی سیاسی ژنان لەوەدا پێشان بدات کە سوودی هەیە بۆ جڤات: جڤات سەدی پەنجای ئەو توانایەی خۆی لە کیس دەچێ کە دەشیان بۆ چاک کردنی جڤات بخرێنە کار.

## سوفراگێت Suffragette



(Elizabeth Cady Stanton (1815-1902

خەبات لە پێناوی مافی دەنگ دانی ژنان لە ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمەریکا بە خەسڵەتی لیبەڕالانەوە پیادە کرا. هەڵبەتە سوفراگێت Suffragette ـەکان: ئەندامە چالاکە دەستوەشێنەکان، ناچاربوون پەنا بەرنە بەر مێتودی پەلەمانبەدەر بۆ سەرخستنی کەمپێنەکانی خۆیان. «ستانتۆن» Elizabeth Cady Stanton تیۆریستی هەرە گرنگی بزاڤی سوفراگێت بوو، دەیگوت هۆکاری بەڵای ئەم دونیایە لەوەدایە هەتا ئێستا لە بواری سیاسەت و جڤاتدا پیاو سەردەستە:

«ڕیشاڵی پیاوانە هێزێکی ڕووخێنەرە، توندە، خۆپەرست و پەلهاوێژە. شەڕخوازە، درە، داگیرگەرە. هەم لە دونیای ماددی و هەم لە دونیای ئاکارەکیدا ناتەبایی، ناڕێکی، نەخۆشی و مەرگی لێ دەزێتەوە. ئەوەی لەم دونیایەدا پێویستە بریتی نییە لە ناوچە، زێرکان (کانیی زێڕ)، ئاسنەڕێ و زرەی پارە بەڵکوو بەرزەپەیامی نوێی ژنانەیە کە پاکی، ئاکار، دینی دروست بەرز دەنرخێنێ و پیاو بڵند دەکاتەوە ڕووەو دونیای بەرزی بیر و کردەوە».

## دیدی سۆسیالیست و کۆمیونیستان

لە بەرەی سۆسیالیست و کۆمیونیست Friedrich Engels و August Bebel (سەرۆک پارتی سۆسیال دێمۆکراتی ئەڵمانیا هەتا شەڕی جیهانی یەکەم) و Alexandra Kollontay ی شۆڕشگێڕی ڕووس بە نووسەری هەرە لەپێش دادەنرێن. هاوبەش لای ئەمانە لەوەدایە دەڵێ پێگەی وەپشت خراوی ژنان زادەی سەرمایەدارەتییە، شۆڕشی سۆسیالیستانە دەرفەت بۆ ژنان دەڕەخسێنێ بەشداری بەرهەم هێنان بن و بەوەش بنەمای ئابوورییان دەبێ بۆ هاوشانیی تەواو.

ئەنگیلز پەرە دەدا بە بیرۆکەی هەڵوەشانی خێزانی نەرێتەکی و دەڵێ، کاتێک جڤات بەرپرسایەتیی بارهێنان و خوێندنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ ئیدی خێزان هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام نەک بە مانای ئەوەی مارەبڕین نامێنێ، بەڵکوو ئەو دەمە دەبێتە یەک گرتنێکی خۆخواستانەی وەها بنەماکەی تەنها خۆشەویستی بێ.

## پاش جەنگی دووەم



Simone de Beauvoir (1908-1986)

سیمۆن دێ بۆڤوار Simone de Beauvoir یش نووسەرێکی ناوداری ئەم نەرێتەیە، بەرهەمەکەی (Le deuxième sexe (1949 بە یەکێک لە بەرهەمە بنەڕەتییەکانی فێمینیزمی مۆدێرن دادەنرێ.

سەرچاوە
Serchawe

پاشان فێمینیزم لە کۆتای ١٩٦٠کاندا سەری هەڵدا، ئەمیان پەیوەندی هەبوو بە بیرورای شۆڕشگێڕانەی خوێندکاران و چەپی نوێوە. لە ١٩٧٠ کاندا فێمینیزم خرایە قاڵبی وێنەیەکی تاڕادەیەک تایبەتی ڕادیکالیزمی نوێوە.
بەرهەمی فێمینیستانە وێنەیەکی تەواو نایەکگرتوو دەدات بە دەستەوە. وێڕای ئەوەش ئێستا دەشێ فێمینیزم ڕادیکال بە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی تەواو دابنرێ. تیۆری دارشتن هەوڵی دامەزراندنی سازمانی سیاسی بە دوادا هات. لە ئەمەریکا بە پلەی یەکەم بووە خەبات لە پێناوی Equal Rights Amendment، کە وەک پاشکۆیەک دەربارەی هاوشانی بخرێتە سەر شادەستووری ئەمەریکا. لەوە دەچێ ئەم هەوڵە هەتا ئێستا بێبەر بووبێ. ساڵی ١٩٨٣ بزاڤی ژنانی ئەورووپا لە بواری سیاسەتی پارتیایەتیدا سەرکەوتنێکی وەدەست هێنا. لە ئایسلاند لیستی ژنان Kvennalistinn، یەکەم مانداتی خۆی لە پەرلەمان Alltinget دا گرت.

## ئوتوپیا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا Elizabeth Cady Stanton ی سوفراگێت دەیگوت هەم دونیا و هەم پیاویش، تەواو چاکتر دەبن گەر پێوەری ئاکارەکیی بەرزی ژنان لە سیاسەتدا ڕەنگ بداتەوە. هەمان بڕوا لە ئوتوپیستانی فێمینیستی ئەم سەردەمەشدا هەیە. Beatrice Halsaa ی تیۆریستی نۆرویژی دەنووسێ ئوتوپیای فێمینیستانە دەبێ تەرازووی نرخاندنی ژنانە بکاتە بناخەی خۆی. وێنای ئایەندەی ئەم دەست دەدەن ببنە کۆ کردنەوەیەکی بیرۆکەکانی فێمینیستی ڕادیکال:
«سکوزا و بارهێنانی منداڵ، خۆ ئامادە کردن لە ئاست زان و مەرگدا، بونیات نانی ژیان لە دەوروبەری پرۆسەی کۆنکرێتی ژیان، بناخەی ئەم تەرازووی نرخاندنەن. نرخاندنێکی لە جوداوازیی نێوان ژن و پیاودا هەیە بوتە بناخەی ئەم تەرازووە... لە جێی ئەوەی تەرازووی نرخاندنی پیاوانە بۆ ژنان "ئاواڵە" بێ، کە ستراتیژی سیاسەتی هاوسەنگاندنە، فێمینیزم باس لەوە دەکات پێشەمی بدرێ بە تەرازووی نرخاندنی ژنانە و بە ڕووی پیاواندا ئاواڵە بێ».[1]

### پەراوێز

A Feminist Utopia, SPS 1988

### سەرچاوە:

ديکشێنێری میریێم - وێبستێر
فیمینیزم و پێناسەیەک! لەماڵپەڕی وارڤین
فێمێنیست کێیە؟




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧١٨ی کوردی = مارچی ٢٠١٩ی زایینی